تـۆمـاری سـەروەری

7

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

تـۆمـاری سـەروەری

بەرگی حەوتەم

(7)

ئەنفال و بەرگری

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

تۆماری سەروەری - بەرگی حەوتەم-
ئەنفال و بەرگری

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەڕێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێڕست – ناوەڕۆك

– ئەنفال و بەرگری
ئەنفالی یەک – دۆڵی جافایەتی
– سەربوردەی خەماوەری ئەنفالی یەک ٢٢
– چرکە ژمێری شەڕەکانی ئەنفالی یەک ٢٤
– کورتە هەواڵ ٢٤
– خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەک ٣٢
– شەڕەکانی مانگی سێ ٣٦
شەڕەکانی شارستێن – خورخورە
– دوو هەفتە پێش ئەنفالی یەک ٤٦
– ئەنفالی یەک ٤٦
– تیپی ٧٨ کاروخ ٤٩
– نامەی کاک نەوشیروان ٤٩
– بانی مشکان ٥١
– بریندار بوونی عوسمان سێدەری ٥٢
– تیپی کوڕەک – پیر بایز ٥٧
– خورخورەو یاخیان ٥٧
– زینوی خورخورە ٥٩
– ڕەهبەری سەید برایم ٦٠
– تیپی ٨٧ قەرەچووخ ٦٣
– دوا شەڕ لە زینوی ٦٤
– نوکتە و ناوساجی ٦٤
– بروسکەیەک ٦٥
– تیپی ٨٣ هەورێ ٦٥
– سێ کوچکە ٦٥

- شەهید بوونی مامۆستا زانا ٦٨
- تیپی ٨٧ قەرەچووخ ٧٠
- ئیسماعیل عەسکەری ٧٠
- چیای دابان ٧٤
- تیپی ٥٥ – گەڕەدێ ٧٥
- بەرەو پیر بایز ٧٨
- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ٧٨
- تیپی ٥٣ شێروانە ٨٠
- ئەشکەوتی گەنان ٨٢
- تیپی ٣١ ..... ٨٤
- تیپی سارا ٨٥
- تیپی ١٢ سۆران ٨٩
- گرتنی گەورە قەڵا ٩١
- گرتنی بێتەلەکەی ٩١
- پاشەکشە ٩٢
- شەڕی قۆپی سوژە ٩٣
- ڕەحمانە سوور ٩٥
- پەیوەندی کاک کۆسرەت ٩٥
- تیمی برین پێچی ٩٥
- تابلۆکانی ڕێ ٩٦
- تابلۆی یەکەم ٩٦
- تابلۆی حەوتەم ٩٧
- شەڕی گەورە قەڵا ٩٨
- بەرەو سەر قەڵا ٩٩
- شەهید بوونی سێ پێشمەرگە ١٠٠
- شکاندنی مەخزەنەکانی سێروان ١٠٠
- شەڕی سێروان ١٠١

- لە ئاوەژێ ١٠١
- بەرەو کانی توو ١٠١
- ڕێگەی مەرگ ١٠٣
- کەوتنی سەعدەدین ١٠٣
- کەوتنی دووەم ١٠٤
- کەوتنی سێیەم ١٠٤
- کفنی زەوی – بەفرە گۆڕ ١٠٥
- بیمارستانی شوهەوا ١٠٩
- مەرگی بەهێز ١١٣
- تیپی سەگرمە ١١٤
- کەرتەکەی ئەنوەر دۆلانی ١١٧
- قەرەنگوێ ١٢٠
- دیمەنێکی حەزین ١٢١
- تیپی ٩٩ بیتوێن ١٢٣
- تیپی ٥١ گەرمیان ١٢٥
- شەهید بوونی پێشمەرگەیەک ١٢٥
- گۆڕینی تیپی حەمرین ١٢٨
- پەلاماری دوژمن ١٢٨
- شەهید بوونی چەند پێشمەرگەیەک ١٢٩
- نۆ شەهید ١٣١
- شەهید بوونی محەمەد ڕازانی ١٣٢
- کۆست و کارەسات ١٣٣
- تابلۆی یەکەم ١٣٣
- تابلۆی شەشەم ١٣٦
- تیپی قەرەڕاخ- زمناکۆ ١٣٧
- تیپی حەمرین ١٣٩
- تیپی پیرەمەگرون ١٤٠

- قاورمە و نان ١٤٢
- تیپی بەڕانەتی ١٤٣
- تیپی تۆکمە ١٤٤
- تیپی پارێزگاری ١٤٤
- تیپی مەڵبەندی دوو ١٤٥
- ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی ١٤٨
- شەهیدانی بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفال ١٥١

****

ئەنفالی دوو ناوچەی قەرەداخ
- پەلامارەکانی دوژمن بۆمەڵبەندی یەک ١٥٨
- سووتاندنی دێهاتەکان ١٦١
- هێرش و پەلامار ١٦٥
- تیپی زمناکۆ ١٦٨
- سەگ و جاش ١٧٠
- بریندار بوونی ڕەعد ١٧١
- ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە ١٧٢
- چەک گواستنەوە ١٧٢
- پەلاماری دوژمن ١٧٣
- هێزی پشتگیری ١٧٤
- قەڵا قایمز ١٧٥
- تیپی ٥١ ..... ١٧٧

ئەنفالی سێی گەرمیان ١٨٠
- سەرەتای شالاوەکانی ئەنفال ١٨١
- ماتۆڕ سوار ١٨٣
- مەڵبەندی یەک ١٨٤
- قۆڵی کفری ١٨٦
- قۆڵی خورماتوو ١٨٧

- کەرتی گەرمیان ١٨٧
- قۆڵی خورماتوو – قادرکەرەم..... ١٩٠
- شەهیدانی تازەدێ ١٩١
- تیپی حەمرین..... ١٩٢
- شەڕی قەیتول..... ١٩٣
- شەڕی قەرەوەیس..... ١٩٤
- شەڕی تاڵەبان..... ١٩٧
- شەڕی زەردەو ١٩٩
- قۆڵی کەلار..... ١٩٩
- قۆڵی کەرکوک – چەمچەماڵ..... ٢٠١
- کەرتی شەش ٢٠١
- قۆلی کفری ٢٠٢
- پەلاماری بەر بلاو..... ٢٠٢
- دیمەنێکی تاڵ..... ٢٠٤
- تیپی شێروانە ٢٠٦
- شەڕی زەردەلیکاو ٢٠٧
- شەڕی سۆفی ڕەحیم..... ٢٠٨
- کشانەوە..... ٢٠٩
- شەڕی باوەکر..... ٢١٠
- ئەنفالی دوو - سێ – تیپی سەگرمە..... ٢١٤
- عەسکەر و هاوڕێکانی ٢١٧
- مەڵبەندی یەک – ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە..... ٢٢٠
- شەڕی کۆیک..... ٢٢٠
- تارمایی قورپێوان..... ٢٢١
- گەڕانەوە بۆ قۆپی..... ٢٢٤
- بەختیاری مەلا عزەت..... ٢٢٥
- قەڵای نارامسین..... ٢٢٦

- تەرمی سیخورێک ٢٢٦
- پەلاماری دوژمن ٢٢٦
- بەهادین نوری ٢٢٨
- بەزمی کۆپانەکە ٢٢٨
- شاخی نێڵ ٢٢٩
- سەگێک دوژمنی بەعس بوو ٢٢٩
- ڕۆیشتنی پێشمەرگەکانی ٢٣٠
- گلەیی گوێدرێژێک ٢٣١
- کۆڵێ ناوساجی ٢٣١
- چوونە شار ٢٣٢
- سوهاد خانەقینی ٢٣٢
- شەڕی زەڕین و دوو خڕان ٢٣٤
- چوارملان و شێخ تەویل ٢٣٤

****

ئەنفالی چوار – گۆپتە – کۆیە

زێی بچووک

- ئەنفالی چوار ٢٣٨
- پەلاماری بەرفراوانی دوژمن ٢٤٠
- لەچەمچەماڵەوە ٢٤٠
- لە تەقتەقەوە ٢٤٠
- لە (سوسێ) وە ٢٤٠
- لە کۆیە وە ٢٤٠
- لەشوانەوە ٢٤١
- تیپەکانی مەڵبەندی یەک ٢٤٢
- لە دۆڵی جافایەتی بەرەو ٢٤٤
- حیکایەتی تراژیدی ئەنفالی چوار ٢٤٩
- هەژدە ڕۆژ لە خاڵخاڵان ٢٥١

- تیپی ٢١ کەرکوک ٢٥٥
- تیپی ٢٣ سورداش ٢٥٦
- شەڕی سوسێ ٢٥٧
- شەڕی گەورەدێ ٢٥٨
- چیرۆکێکی خەمناک ٢٥٩
- ناوچەی خاڵخاڵان ٢٦٠
- تێکشکانی پەلاماری دوژمن ٢٦٢
- چەمی ڕێزان – گەڕانەوەی ژنەکان ٢٦٣
- عەلی بچکۆل ٢٦٦
- مەکۆی دزان ٢٦٦
- دوای ناردنەوەی ژنەکان ٢٦٩
- تیپی سەگرمە ٢٧٠
- دروستکردنی گۆڕیچە ٢٧٣
- تیپی زمناکۆ ٢٧٤

****

ئەنفالی پێنج- شەش – حەوت

- ئەنفالی پێنج ٢٧٨
- ئەنفالی شەش – حەوت ٢٨٠
- شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک گەیشتە بالیسان ٢٨١
- دۆڵی ئالانە شەڕی یەکەم ٢٨٦
- شەڕی دووەمی دۆڵی ئالانە ٢٨٧
- کوشتنی قائید ٢٨٩
- شەهید بوونی تەقیەدین ٢٨٩
- تیپی دوانزەی سۆران ٢٩١
- ڕەتڵی دۆڵاکۆ ٢٩٣
- تۆپخانە ڕۆکێتی تۆڵە ٢٩٤
- تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر ٢٩٥

- شەڕی قەڵاتووکان ٢٩٦
- شەڕگەی تیپی ١٢ سۆران ٢٩٧
- تیپی کاروخ ٢٩٨
- هێرشی شکاو ٢٩٨
- تۆپخانە ٢٩٩
- تۆپخانەی مەڵبەندی سێ ٣٠٠
- دووبارە هێرش ٣٠٠
- تۆپخانەی شۆڕش ٣٠١
- داستانی کێڵ کێڵ – کۆڕەک – سۆران ٣٠٢
- تۆپخانە ڕۆکێت ٣٠٣
- تۆپخانەی مەڵبەندی سێ ٣٠٤
- ڕۆکێتی تۆڵە ٣٠٤
- گەرووی مەنجەل – بێترخێن ٣٠٦
- چەکی کیمیایی ٣٠٧
- بەنی هەریر ٣٠٧
- هێرش بۆ ئاکۆیان ٣٠٨
- کێڵ کێڵ ٣٤ کاتژمێر شەڕ ٣٠٨
- خستنەخوارەوەی کۆپتەرێک ٣٠٩
- دیسان ڕۆکێتی تۆڵە ٣١٠
- کۆڕەک و سۆران ٣١٠
- دەستەی کاتیۆشا ٣١١
- شەڕگەی تیپی کاروخ ٣١٢
- خستنە خوارەوەی کۆپتەرێک ٣١٣
- گەرووی مەنجەل ٣١٣

پانتایی شەڕ و بەرگری لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا

- ڕەشکی بانە شان ٣٣٠
- بناری ئارموشە ٣٣٠

- تیپی ئاسۆس- قەڵاتووکان ٣٣٣
- شەڕی گەڕی گازێ ٣٣٣
- لە نێوان کورکی کاوێ ٣٣٤
- داستانی کەم وێنەی کێل کێل ٣٣٥
- بەرەو کێل کێل ٣٣٥
- ئاربی جی – ڕەحمان کەزیان ٣٣٨
- سەعیدی حەمە زیاد ٣٣٩
- کێل کێل – تیپی کوڕەک ٣٤٢
- ڕێکخستنەوەی کارووبار ٣٤٢
- سی و چوار کاتژمێر شەڕ ٣٤٣
- باریک سەمون ٣٤٤
- بریندار بوونی ڕەحمان کەزیان ٣٤٤
- تەرانی پیر و جەحێران ٣٤٥
- هاتنی کاک کۆسرەت ٣٤٧
- گیرانی تەرانی پیر و جەحێران ٣٤٧
- خنکاندنی ئەفسەرێک ٣٤٨
- دۆشکەکەی سەعدەدین ٣٥٠
- پاشەکشە لە کێل کێل ٣٥٠
- تیپی ١٢ سۆران ٣٥٥
- زنجیرە چیای ڕەشکی لەسەر ٣٥٥
- ڕۆکێتی تۆڵە ٣٥٦
- تۆپخانەی مەڵبەند ٣٥٦
- تیپی سەگرمە ٣٥٧
- شەڕی بەرگری لە هەندرێن ٣٥٨
- کۆرانی هەرسێ ٣٦٢
- دوو پەلامار ٣٦٣
- ڕەبیەی عاسێ ٣٦٥

- نەمانی فیشەک ٣٦٧
- شەهید بوونی سەڵاحەدین ٣٦٧
- هەندرێن – مۆرە سۆرکان ٣٧٠
- شەڕی ناو فەقیان ٣٧١
- تەرمی نەجات هەرووتی ٣٧٢
- تیپی ٨٣ هەورێ – گەرەوان ٣٧٤
- نەخۆشخانەی شۆڕش ٣٧٥
- شەڕی سەری جوانەگا ٣٧٥
- تیپی سەفین ٣٧٦
- هێرش بۆ سەری جوانەگا ٣٧٦
- ئاوی بێرمە ٣٧٧
- یەکەم شەهید ٣٧٨
- شەهید بوونی چوار پێشمەرگە ٣٧٩
- کوشتنی ئەفسەرێک و سەربازێک ٣٨٠
- کوشتنی قوات خاسەیەک ٣٨١
- تیپی ٨٦ –کەڵاو قاسم ٣٨٢
- تیپی بیتوێن – کەپکی حمەداغا ٣٨٣
- چالاکی فەقیان ٣٨٤
- تۆڵەی فاروق شەڕکانی ٣٨٧
- چەقەری بێرمێ ٣٩٠
- سەری جوانەگا – ڕەشکی لەسەر ٣٩٠
- ژن ٣٩٢
- ڕێبین سۆفی ٣٩٢
- گرتنی ڕەشکی لەسەر ٣٩٣
- هەڵوێستی کاک کۆسرەت ٣٩٥
- شەهید بوونی حاجی زرار ٣٩٦
- بروسکە و پاشەکشە ٣٩٦

- دوو وێنە ٣٩٧
- شەڕەکانی مەڵبەندی سێ – تیپی کەرکوک ٤٠٠
- شەهید بوونی چوار پێشمەرگەی حزبی شیوعی ٤٠٢
- شەڕی هەڵەموند – گەروی مەنجەڵ ٤٠٤
- شەهید بوونی عەبدوڵڵا تەها ٤٠٦
- کەوتنی کۆپتەرێک ٤٠٦
- شەهید بوونی ڕەسول مەولود – هیوا ڕەزانی ٤٠٧
- ڕۆڵی ژن ٤٠٧
- تیپەکانیتر ٤٠٨
- گەروی مەنجەل- تیپی کۆڕەکاژاو ٤٠٨
- گەروی مەنجەل – تیپی قەرەچووخ ٤٠٩
- کشانەوە- مانەوە ٤١٠
- ڕێکخستنەوەی هێزەکان ٤١١
- پێ بۆ ٤١١
- بەرەو مەڵبەندی سێ - تیپی شارباژێر ٤١٣
- بەرەو گەرەوان - تیپی مەڵبەند ٤١٤
- تیپی مەڵبەندی دوو – تیپی ٤٩ سارا ٤١٦
- بەزمی پیرە ژن ٤١٦
- ڕێگەی سەر مانگ ٤١٧
- پێنج دینارەکە ٤١٨
- شاخی پێ بۆ ٤١٨
- مانگا شین ٤٢٠
- تیپی شارباژێر لە شەڕەکانی بەرگریدا ٤٢٢
- شەڕی سورەدێ ٤٢٢
- بەرەو قەندیل ٤٢٤
- قەڵاتووکان - دیواری مەرگ ٤٢٤
- شەڕی قەرناقا و پشت ئاشان ٤٢٥

- ئەنفال – لێواری گۆڕ ٤٢٦
- ڕەواندز – ئەنفال ٤٣٠
- ئەنفالکراوانی گەرەوان ٤٣١
- لێواری گۆڕ ٤٣١
- تیپی پیرەمەگرون- گەروی مەنجەڵ ٤٣٥
- تیپی ٩٠ باواجی ٤٣٦
- تیپی مەڵبەندی سێ- چیرۆکی غەمگین ٤٣٧
مەڵبەند سێ
ئەو نامانەی بۆنی دووکەڵیان گرتووە
ئەحمەدی هەمین – قەڵای شۆڕش ٤٤٢
- گوڵان ٤٤٣
- پاراستنی نامەکان ٤٤٣
- نامەی یەک ٤٤٥
- نامەی سی وچوار ٤٧٨
****
شەڕی کونە کۆتر – تیپی قەرەداخ ٥١٦
- کەمپوت ٥١٧
- لوتکەی کەر گوێ ٥١٧
- ڕێکەوتن ٥١٧
- پەلاماری دوژمن ٥١٨
- دیسان پەلامار ٥١٩
- کەرتی یەک ٥٢٠
- شوێنی کەمینەکە ٥٢١
- سوتاندنی سەربازێک ٥٢١
- پەیکەری خەڵوز ٥٢٢
- شەهید بوونی برایم (شوان) ٥٢٢
- ئیمام شەهید بوو ٥٢٢

- شەهید بوونی فازیل سەر کۆیی ٥٢٢
- شەهیدانی تیپی قەرەداخ ٥٢٣
- کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق – ئێران ٥٢٤
بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ٥٢٤
- شەهیدانی کونە کۆتر ٥٢٥
- شەڕی کونە کۆتر تیپی ١٢ سۆران ٥٢٦
- هێلانە قەل - تیپی سەفین ٥٢٧
- تەسلیم بوونی هەباس ئاغا ٥٢٨
- شەهید بوونی ئازاد هەورامی ٥٣٠
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە شەهید بوونی هەڤاڵ ئازاد هەورامی ٥٣١
-ئەنفالی بادینان ٥٣٥
- ئەنفالی هەشت و کۆتایی (بادینان) ٥٣٦
-شەڕی سارد – چەکوچ ٥٣٩
- شەڕی سارد چەکوچ ١٩٨٩/٩/١٨ ..... ٥٤٠
- پەردەی گوێ ٥٤٣
- عەبدوڵڵا بۆر ٥٤٣
- وەستانی شەڕ ٥٤٤
- دوا پەلاماری دوژمن ٥٤٤

ئـــەنفال و بـــــەرگری

لەم بەرگەدا بەرگرییەکانی هێزی پیشمەرگە لە شالاوەکانی ئەنفالدا دەنووسینەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەرەتای شالاوەکانی ئەنفالی یەکەوە لە ناوچەکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی تاکۆتایی شالاوەکانی ئەنفال بەرگری کەموێنەیکرد بەجۆرێک ڕژێمی عێراق بۆدەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە باجی قورسو گرانیدا، هەزاران لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ڕەوانەی دۆزەخکران.

شالاوەکانی ئەنفال بەمجۆرە بوو.

ئەنفالی یەک ناوچەکانی سەرکردایەتی و دۆڵی جافایەتی.

ئەنفالی دوو ناوچەی قەرەداخ.

ئەنفالی سێ ناوچەی گەورەو فراوانی گەرمیان و جەباری.

ئەنفالی چوار ناوچەکانی گۆپتەو عەسکەر و شێخ بزێنی و بەری کۆیە، ناوچەکانی سەر زێی بچووک.

ئەنفالی پێنج، شەش، حەوت، ناوچەکانی دۆڵی ئالانە، دۆڵی ئاکۆیان، دۆڵی بلە و مەلەکان، زنجیرە چیاکانی، کۆڕەک، کێل کێل، پێبۆ، هەندرێن، هەورێ، زنجیرە چیای کاروخ – بێترخێ، کەپکی حەمەداغا، کونە کۆترو بناری قەندیل

ئەنفالی هەشت، ناوچەکانی بادینان.

ئـــــەنفالی یـــــەك
دۆڵـــــی جـــــــافەتی
یـــــەك

سـەربووردەی خـەماوەری ئـەنفالی یـەك

لە ساڵی ١٩٨٧ بەدواوە، دۆڵی جافایەتی بەردەوام لە لایەن فڕۆکەو تۆپخانەکانی ڕژێمەوە بۆردومان دەکرا، گەمارۆیەکی توند خرابووە سەر دۆڵی جافەتی و سەرگەڵو و بەرگەڵو کە بارەگای سەرکردایەتی و دەزگاکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێبوو ڕژێم سەیتەرەکانی سنوورەکەی تووندکردبوو بە جۆرێک نەیدەهێشت ئازووقەو سووتەمەنی و پێداویستی ڕۆژانە بگاتە ئەو ناوچە بەرفراوانە ڕزگارکراوەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەردەوامی بۆمبارانی فڕۆکە و تۆپبارانی تۆپخانەکانی ڕژێم دانیشتوانی ناوچەکەی بە جۆرێک هەراسانکردبوو دەرفەتێک بۆ ژیان و کاروو کاسپی جوتیارانی ناوچەکە نەمابووەوە جوتیارانی ناوچەکەو دانیشتوانی دۆڵی جافایەتی لە نێوان ماڵ و کونە ئەشکەوت و پەناو پەسێردا ببوونە دوو بنەو دوو ماڵە.

لە نیوە شەوی ١٩٨٨/٢/٢٣\٢٢دا، لە شەوێکی تەڕو توش و باوبۆران و ئەنگوستە چاودا، شەوێک کە لێزمەی باران و تەڕوتووشی و خوڕەو نیلەنیلّی جۆگەو شیوو لاپاڵ و تەوژمی نەسرەوتی باران و کڕێوە و بەفربارینێکی سەخت بوو، لەو شەوەدا گوندەکانی یاخسەمەرو هەڵەدن و سەرگەڵو و بەرگەڵوو، تێکڕای دۆڵی جافایەتی، لە گرمەو بۆڵەی تۆپخانەکانی ڕژێم و ووڕشەو نالەی ڕاجیمەو تۆپبارانی خەست و چڕ بە ئاگاهاتن.

بەمەش سەرەتای گەورەتاوانی ئەنفالی یەک و هێرشی بەربڵاوو بەرفراوان بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی بە پشتیوانی هێزی زەمینی و تانک و زرێپۆش و گەلەجاشی خۆفرۆش و خۆخۆر دەستپێکرد کە زیاتر لە ٣٠ گوندی لە خۆگرتبوو، لەو پەلامارانەدا لە قۆڵی دووکان و بنگرد و چوارتا و ماوەتەوە تێکڕای ناوچەکە گەمارۆدرا، هێزەکانی داگیرکەر بە شێوەیەکی وەحشیانە بەربوونە کوشت و بڕوو سووتاندنی باخ و کێڵگە و مەزرای گوندنشینەکانی ناوچەکەو کوێرانە هیچ کەس و ناوچەیەکیان نەدەبوارد و لە هیچ تاوانێک نەدەسڵەمینەوە، دانیشتوانی ناوچەی دۆڵی جافایەتی، لە چوارتاوە تا زێی بچووک، کە دەیان گوندی لە خۆگرتبوو شان

بە شانی هێزی پێشمەرگە بەرگری بەرچاویان لە ناوچەکانی دۆڵی جافایەتیکرد، هێرشی بەرفراوانی داگیرکەر سێ هەفتەی خایاند، پێشمەرگەو هێزی بەرگریش بست بە بست و شاخ و لوتکە و گەوەو بندارو بن بەردی دۆڵی جافەتیان بۆ داگیرکەر کردە گۆڕو نەیانهێشت سەری سەلامەت بەرنە دواوە ، بەڵام لە بەر فراوانی و سەختی و بەربڵاوی هێرشی داگیرکەردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە بەرنامەو پلانێکی تۆکمەو ڕێکخراو کشانەوە دواوەو بڕیاری پاشەکشەیاندا.

بەرگری و شەڕی فراوانی سێ هەفتەیی لە دۆڵی جافایەتی بە خوێنی دەیان پێشمەرگەو هێزی بەرگری میللی ناوچەکە تۆمارکراو بە کۆتا گەیشت، لە پێشمەرگەو هێزی بەرگری ناوچەکە بە خوێنی گەشیان، داستانی بەرگری لە دۆڵی جافایەتییان نووسییەوە، لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەنفالی بەدناوی یەکدا تێکڕای گوندەکانی دۆڵی جافایەتی کاول و وێران و خاپوورکران، بەشێکیش لە دانیشتوانی ناوچەکە کەوتنە بەر شاڵاوی ئەنفال و ڕاپێچی چاڵەکانی مەرگکران جگە لەوەی لە ڕووی ئابورییەوە زەرەرو زیانێکی گەورە بە ناوچەکە گەیشت.

چـــــرکە ژمێری شـــەڕەکانی ئـــەنفالی یـــەک ((هـــێرش و بـــەرگری پـــێشمەرگە))

هێزەکانی فەیلەقی (٥ و ١) ی سوپای داگیرکەری عێراق بە پشتوانی ٢٠ لیوای فەیلەقەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق و بە پاڵپشتی سەدان تانک و زرێپۆش و سـەدان تۆپی قـورس و دووڕهـاوێژو کاتیو شاو بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی عێراق لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی یەکدا پەلاماری دۆڵی جافەتیدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پشتگیری و خەڵکی ناوچەکە بەرگری کەم وێنەیانکردە دەیـان و سەدان پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند سەدان کەسیان لە سوپا و جاش و قوات خاسە و مەفرەزە خاسە کوشت و بریندار کرد لێرەدا جگە لە سەربووردەی ووردی ئەنفالی یەک و ڕۆچوونە ناو وردەکارییەکان و چیرۆک و کەسایەتییەکانی ناو دۆزەخی ئەنفالی یەک، لە شێوەی کورتە هەواڵدا ڕۆژمێر و دەقەژمێرو چرکەژمێری پەلاماری دوژمنو بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگە و هێرشی پێچەوانەی پێشمەرگە و بۆ سەر هێز و مۆڵگەگانی دوژمن دەخەینە ڕوو

کـــورتە هـــەواڵ

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٠ پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥١ گەرمیان بۆ سەیەکیان لەسەر ڕێگای سلێمانی_دووکان بۆ ئەو هێزەی دوژمن دانا کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ پەلاماردانی دۆڵی جافەتی

زیانی دوژمن

*کوژرانی زیاتر لە ٥٠ قوات خاسە و سەرباز

*بە دیلگرتنی ٣ سەرباز

*تێکشکاندنی دەبابەیەک و چەند ئۆتۆمبێلێک

دەسکەوت

١ هاوەنی ٦٠ ملم

١ ئارپی جی

٢ ئارپی کەی

٦ کلاشینکۆف
١ قەناس
١ ئۆتۆمبێلی گاز

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢١ هێزێکی دوژمن بەپاڵپشتی ٩ دەبابە و کۆپتەر هێرشیکردە سەر دێی قەمچوغە، پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ تیپی مەڵبەند و مەفرەزەیەکی کەرتی ٥ تیپی مەڵبەندی دوو هێزی پشتگیری قەمچوغە لێیاندان و سێ پەلاماری یەک لە دواییەکی دوژمنیان تێکشکاند زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٣٠ سەرباز و چەکدار دەستکەوت

چەندین مەخزەنی کلاشینکۆف
شریتی بی کەی سی
گوللە ئارپی جی
قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ تۆپخانەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی دوو تۆپبارانی کەتیبەی تۆپخانەی دوژمن و مۆڵگە کانیانکرد لە نزیک سەیتەرەی دووکان تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکاو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٤ هێزەکانی دوژمن هێزیان هێنایەوە دوو ڕەبییەی کۆنی سەرگردە بەران و جێگیریانکردن

کاتژمێر ٧،٣٠ دەقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٤ دوژمن پەلاماری شاخی پیرکە و قوتەی ڕابە باڵا بەرزیدا، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ گەرمیان ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و لێیاندان، دوای حەوت کاتژمێر شەڕ و بەرگری هێزە پەلامارەرەکەی دوژمنیان تێکشکاند زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٢٥ قوات خاسە بوو.

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە نەبەزەکانی تیپی پارێزگاری و ٣١ سلێمانی و مەفرەزەیەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٤-١٩٨٨/٢/٢٥ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییەی گردە بەران لە بەرانبەر گاپێڵۆن و دەستیانبەسەردا

گرت، زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٢٠ قوات خاسە بوو

دەستکەوت

-١ بی کەی سی

-٢ ئارپی جی

-٢ قەناس

-٧ کلاشینکۆف

-١ تەلەفۆن

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٥ تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو تۆپبارانی دووکان،سەربازگەی دووکـان، بـەردەمـی قەمچوغە و قولە سـەوز و هۆمـەر قـەوم و قەڵەم پاشا و جوبڵاخیانکرد تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکاو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند

شەوی ٢٥-١٩٨٨/٢/٢٦ مەفرەزەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان و ٥٥ قەرەداخ لەسەر ڕێگای سلێمانی-دووکان ڕووبەڕووی کەمینێکی دوژمن بوونەوە و تێکیانشکاند لەو شەوەدا ژمارەیەکیان لە دوژمن کوشت و بریندار کرد، قوربانی پێشمەرگەش یەک شەهید بوو

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٦ هێزەکانی دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردە سەر دۆڵی جافەتی

*کاتژمێر ٧ی بەیانی بە پاڵپشتی چەندین دەبابە و ناقیلە و تۆپی قورس لە قۆڵی هەنجیرە و قەرە سردەوە هێرشیکردە سەر ناوچەکانی سێدەر و شارستێن، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس، ٧٨ کـاروخ، ٢١ کەرکوک و هێزی پشتگیری هەموو پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند

*کاتژمێر ٩ی بەیانی هەمان ڕۆژ هێزی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە و ناقیلە و تۆپخانە لە مەلا سەفی و پاشکێشەوە چەندین جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، قارەمانەکانی تیپی ١٢ سۆران، ٩٩ بتوێن، ٨٦ دەشتی هەولێر و هێزی پشتگیری لێیانهاتنە دەست و هەموو پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند

*لە کاتژمێر ٩,٣٠ دەقیقەدا هێزی دوژمن پەلاماری گەورە قەڵا و کۆچەڕوتان

و بێدەڵانیدا، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس، ٦٣ جوتیاران، ١٢ سۆران کەرتێکی تایبەتی مەڵبەندی دوو مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی هەرێمی ٦ی حزبی سۆشیالیست، مەفرەزەیەکی لیژنەی ناوچەی پارتی (دووکان) بەرپەچی پەلامارەکەی دوژمنیانداوە لەو پەلامارەدا دوژمن توانی گەورە قەڵا بگرێت

*کاتژمێر ٨ بەیانی هەمان ڕۆژ و لە قۆڵێکیترەوە دوژمن پەلاماری هەنارانی سەرووی دۆڵە ڕووتیدا، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٥١ گەرمیان ڕووبەڕووی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوە و تا هەنارانی خواروو ڕاویاننان

*کاتژمێر ٦,٣٠ دەقیقەی ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس، ٦٣ جوتیاران و مەفرەزەیەکی پارتی هێرشیانکردە سەر گەورە قەڵا و لە ماوەی پێنج دەقیقەدا گرتیانەوە

*هەمان ڕۆژ هێزەکانی دوژمن چەندینجار پەلاماری زنجیرە شاخی پیرکەیاندا، شەڕ تا کاتژمێر ٦ ئێوارەی خایاند پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند دوژمن زیانی زۆر بوو

دەستکەوت

١ هاوەنی ٦٠ ملم

١ بی کەی سی

١ ئاڕپی جی

٨ کلاشینکۆف

٢ ئۆتۆمبێل یەکێکیان پڕ بوو لە تەقەمەنی ١ جیهازی ڕاکاڵی بچووک ژمارەیەک قناعی غاز لەگەڵ نەخشەی ناوچەکە

*کاتژمێر ٦ ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزێکی دوژمن هێرشیکردە سەر دێی هۆمەر قەوم پێشمەرگەکانی کەرتی (١-٢) ی تیپی مەڵبەندی دوو لێیاندان و شکاندیانن دوژمن زیانی زۆر بوو ٣ سەرباز بە دیلگیران

دەستکەوت

١ ئاڕپی جی

٣ کلاشینکۆف

*هەمان ڕۆژ هێزێکی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە (قوڵە پۆشین) پێشمەرگە دلێرەکان ٩ پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمنیان تێکشکاند

زیانی دوژمن زۆر بوو

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

*هەمان ڕۆژ دوژمن لە ٣ قۆڵەوە پەلاماری جاسەنە و بناری شاخەکەیدا پێشمەرگەکانی کەرتی پێنجی تیپی مەڵبەندی دوو هێزی پشتگیری سێکانیان پەلامارەکانیان تێکشکاند

*هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە پیر بایزتا شاخە ڕەش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند

دەستکەوت

١ کلاشینکۆف

١ سندوق فیشەکی دیمترۆف

چەندین مەخزەنی کلاشینکۆف

*هەمان ڕۆژ هێزەکانی دوژمن پەلاماری قەڵەم پاشایاندا، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٩ ساراو تیپی ٥٧ سەرگرمە و هێزی پشتگیری ناوچەکە پەلامارەکەیان تێکشکاند و سەربازێکیان بەدیلگرت

*هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە (دۆڵ مازەڵە) قارەمانەکانی تیپی ٤٩ سارا و ١٧ زمناکۆ پەلامارەکەیان تێکشکاند

*هەمان ڕۆژ دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری شاخی (پیرکە، کونە کۆتر) یدا پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە لێیاندان و زیاتر لە ٤٠ سەرباز و چەکداریان کوشت هاوکات پێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و تیپی ٥٣ شێروانە و تیپی ٣٩ خەنجەرە پەلامارەکانی دوژمنیان بۆ سەر شاخی کونە کۆتر تێکشکاند، هێزەکانی دوژمن لە سەرەتادا توانیان چەند شوێنێک بگرن بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و تیپی ٥٣ شێروانە هێرشیان بۆ کردن و لە ماوەی پێنج دەقیقەدا شوێنەکانیان لێسەندنەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ قوات خاسە

دەستکەوت

١ بی کەی سی

٢ ئارپی جی

٢ ئارپی کەی

٢ کلاشینکۆف

لەبەر بەفری زۆر و سەختی شوێنەکە پێشمەرگەکان لەو شوێنانەی گرتبوویانەوە کشانەوە، هێزی دوژمن لە کاتژمێر ١٢ی شەودا هاتەوە هەمان شوێن پێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و کەرتی چواری تیپی ٥٣شێروانە لە کاتژمێر سێی شەودا هێرشیان یۆ کردنەوە و سەر لە نوێ شوێنەکەیان لە دوژمن سەندەوە

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٣٠ کوژراو

دەستکەوت

٢ بی کەی سی

٤ ئارپی جی

٦ کلاشینکۆف

١ ئارپی جی

٢ جیهازی (پی ئار سی)

قوربانی پێشمەرگەش دوو شەهیدی قارەمان بوو

کاتژمێر ٤,١٥ دەقیقەی دەمە و ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٦ شەش فڕۆکەی سیخۆی دوژمن بۆردومانی دێیەکانی مەرگە، هەڵۆنە، نۆڵچکە، کانی شینکە، ئاوەژێ، چنارنە، خورخورە، یاخیان، کانی توو، دۆڵەبی، یاخسەمەر،چالاوا، هەڵەدنیان کرد لە ئەنجامدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون

١-شەهید کەمال عەبدوڵڵا
٢-شەهید غەفور
٣-شەهید ئاری نوری سالّح

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ هێزێکی دوژمن لە چەمی قوڵە جاخەوە هێرشیانکردە سەر شاخی کونە کۆتر توانیان هەندێک پێشڕەوی بکەن پێشمەرگەکانی تیپی ٣٩ خەنجەرە و ٥٣ شێروانە هێرشی پێچەوانەیان کردە سەریان و لە ماوەی نیو کاتژمێر شەڕدا هەموو شوێنە گیراوەکانیان لێسەندنەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی ٨ قوات خاسە

دەسکەوت

١ ئاڕ بی کەی

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان بوو

*کاتژمێر ٦ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە پشتی دۆڵمازەڵە و قەڵەم پاشا پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ و ١٧ زمناکۆ پەلامارەکەیان تێکشکاند

*کاتژمێر ٩ ی بەیانی هەمان ڕۆژ دوژمن بۆ جارێکیتر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە لە دۆڵمازەڵە و قەڵەم پاشا، دیسان پێشمەرگە دلێرەکانی قەرەداخ و زمناکۆ پەلامارەکەیان ووردوو خاشکرد

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٦٠ کوژراو

دەستکەوت

١ ئاڕبی جی

٤ کلاشینۆف

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە بوو

*کاتژمێر ٥,٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٢/٢٧ هێزەکانی دوژمن لە زنجیرە شاخی ئاسۆس لە (کانی لانەوە بۆ پشتی کانی هەنجیر) پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە سەر چیا، پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ جوتیاران و ٢١ کەرکوک لێیاندان و شکاندیانن دوژمن لەو پەلامارەدا چەکی کیمیایی بەکارهێنا

*رۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆبارانی چڕی قەمچوغە و سەرجادەی دووکان-سلێمانی کرد هەمان ڕۆژ لە ئەنجامی تۆپبارانی دوژمن بۆ سەر قەمچوغە پێشمەرگەیەک شەهید بوو

*هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپەکانی ٢١ کەرکوک، ٢٥ خالّخالّان، ٤٣ ئاسۆس، ٧٨ کاروخ مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ سۆران و مەفرەزەیەکی تیپی ٩٩ بتوێن لە شەوی ٢٧-١٩٨٨/٢/٢٨ هێرشیانکردە سەر ئەو شوێنانەی کە دوژمن لە ڕۆژی پێشوو لە (توکلّی بچووک)ی پشتی شارستێن گرتبوونی،لە ماوەیەکی کەمدا لە دوژمنیان سەندەوە و گرتیانەوە.

زیانی دوژمن

٦٠ کوژراو

دیل کردنی ٤ سەرباز

دەسکەوت

١ بی کەی سی

١ قەناس

٣ کلاّشینکۆف

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهیدی قارەمان بوو

خـــستنە خـــوارەوەی فـــڕۆکەیەك

کاتژمێر ١٢,٥٠ دەقیقە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٧ هەشت فڕۆکەی سیخۆ بۆردوومانی (دۆڵـی جافەیەتی و سـورداش ومەرگە)یانکرد ، چەکە دژە ئاسمانییەکانی پێشمەرگە بە ساروخی سام فڕۆکەیەکیان خستە خوارەوە .

*تیپی تایبەتی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو لە شەوی ٢٧-١٩٨٨/٢/٢٨ تۆپبارانی دەبابەکانی دوژمن لە هۆمەر قەوم و مۆڵگەیەکی دوژمنی لە کۆتەڵ کرد، گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکا.

*لە پەلامارەکانی ڕۆژانی پێشوو دوژمن توانی قوتەی قۆریچای پشتی کونە کۆتر بگرێت کە دەکەوێتە پشتی قوڵە جاخ

*شەوی ٢٧-١٩٨٨/٢/٢٨ هێزێکی تیپی ٥٩ حەمرین توانییان لە ماوەیەکی کەمدا قوتەی قۆریچایی و کونە کۆتر بگرنەوە

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٣٠ کوژراو

دەسکەوت

١ بی کەی سی

١ ئارپی جی

٣ ئارپی کەی

٣ کلاشینکۆف

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ دوژمـن پـەلامـاری شاخی (پیرکە و کونە کۆتر)یدا، پێشمەرگەکانی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و تیپی ٣٩ خەنجەرە و تیپی ٥٣ شێروانە لێیان هاتنە دەست و شکاندیانن

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٨٠ کوژراو

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

دوژمـن لەو پەلامارەیدا بۆ سەر شاخی پیرکە و کونە کۆتر چەکی کیمیایی بەکارهێنا

*هێزێکی دوژمن لە کاتژمێر ١٠ی بەیانی تا کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ هێرشیکردە سەر گەورە قەڵا، پێشمەرگەکانی کەرتی ١ تیپی تایبەتی مەڵبەندی ٣ لێیاندان و تێکیان شکاندن

زیانی دوژمن

کوژرانی ئامر سریەیەک بوو

*هەمان ڕۆژ دوژمن هێرشیکردە سەر بەردە قڵیش و دەوڵەتیار پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران و لیژنەی ناوچەی دووکانی پارتی لێیاندان و ڕاویاننان

*هەمان ڕۆژ دوژمن هێشکردە سەر بێدەلان، مەفرەزەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی حزبی سۆشیالیست لێیاندان و ڕاویاننان

*دوژمن لە بەیانی هەمان ڕۆژەوە پەلاماری دێیەکانی (مەلا سەفی و پاش کێش)یدا پێشمەگەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران و ٦٨ مامەندە و ٩٩ بتوێن لێیاندان و شکاندیانن

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

*کاتژمێر ٦,٣٠ دەقیقەی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری (دۆڵ مازەڵە)یدا پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ زمناکۆ و ٥٥ قەرەداخ لێیاندان و شکاندیانن

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٥٠ کوژراو بوو

*کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ چەکدارەکانی دوژمن پەلاماری قوتەی (خێران)یاندا لە زنجیرە چیای ئاسۆس،پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ جوتیاران،٤٤ چەکوچ، ١٢ سۆران،لێیاندان و شکاندیانن

*هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری (توکڵ)یدا پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٢٥ خاڵخاڵان لێیاندان و شکاندیانن دوژمن کوژراوی زۆری هەبووو

دەسکەوت

٢ ئاڕ بی کەی

٥ کلاشینکۆف

*کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ دوژمـن پـەلامـاری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە ڕەشکی قەرەچەتان و بناری پیرەمەگروون و زێوێ و یالانقۆر پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سـورداش و ٢٧ تۆکمە و هێزی پشتگیری لێیاندان و شکاندیانن کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقەی ئێوارە پێشمەرگەکان هێرشیانکردە سەریان و تا سەرجادە ڕاویاننان

*کاتژمێر ٥ بەیانی تا ٤ دەمە و ئێوارە دوژمن چەند جارێک پەلاماری شاخی (کونە کۆتر)یدا پێشمەرگە قارەمانەکان سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ قوات خاسە

دەستکەوت

٥ ئارڕ بی جی

٥ ئارڕ بی کەی

١٦ کلاشینکۆف

٥ جیهازی بچووک و هەندێک تەقەمەنی

لەو پەلامارەدا دوژمن توانی شوێن ڕەبییەیەک بگرێت

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

*هەر لە ڕۆژی ٢/٢٨ هێزێکی دوژمن پەلاماری دێی (گەورە دێ)یدا پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە و ی٩٠ باواجی و ی٥٥ قەرەداخ و ٥١ گەرمیان ڕووبەڕوویان بوونەوە و ٩ پەلاماری لەسەر یەکی دوژمنیان تێکشکاند، دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا

دەستکەوت

١ ئارڕ بی جی

٢ ئارڕ بی کەی

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو

*شەوی ٢٨-١٩٨٨/٢/٢٩ پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ سلێمانی ٤٧ پیرەمەگروون لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن لە پیرکە

زیانی دوژمن

زیاتر لە ١٠٠ کوژراو

قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٨ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکاتی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە شاخی دابان، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر و ٨٧ قەرەچوخ لێیاندان و شکاندیانن

*شەوی ٢٨-١٩٨٨/٢/٢٩ دوژمن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە قەمچوغە پێشمەرگە قارەمانەکان لێیاندان و شکاندیانن

*کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٩ بۆ جاری دووەم پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە قەمچوغە، پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ تیپی مەڵبەندی دوو مەفرەزەیەکی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری لێیاندان و ڕاویاننان

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٩ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی سەربازگەی دووکان و بانۆی دووکانیانکرد

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٩ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە تۆکڵی بچووک، پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لێیاندان و ڕاویاننان دوای تێکشکاندنی پەلامارەکەی دوژمن کەوتنە تۆپبارانی ناوچەکە ولە ئەنجامدا دوو پێشمەرگە شەهیدبوون

*شەوی ٢٩-١٩٨٦/٢/٣٠ پێشمەرگەکانی تیپی ٦٣ جوتیاران و تیپی مەڵبەندی دوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٧ قەرەچوخ هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن لە شەدەڵە و گورزی کاریگەریان لێوەشاندن

شـــــەڕەکانی مـــــانگی (3)ی 1988

*کاتژمێر ٦,٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە گەورە قەڵا، بێدەڵان، کوزەڕوتان و دارە بەنانی دۆڵی مەرگە شەڕ تا کاتژمێر ٢,٣٠ دەقەی دوانیوەڕۆ بەردەوام بوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس و ١٢ سۆران و ٩٩ بتوێن و تیپی مەڵبەندی ٣ و مەفرەزەیەکی پارتی و هەرێمی ٦ حزبی سۆسیالیست و هێزی پشتگیری ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و هەموو پەلامارەکانیان شکاندن

کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقەی هەمان ڕۆژ دوژمن بە هێزی گەورەتر و دەبایە وتۆپی زۆرتر و فڕۆ کە تا کاتژمێر ٧,٣٠ دەقیقەی ئێوارە پەلاماری گەورە قەڵایدایەوە

*هەمان ڕۆژ دوژمن زۆر بە چڕی تۆبارانی تۆکڵی بچووک و ناوچەی شارستێنی کرد، لەو تۆپبارانەدا پێشمەرگەیەک شەهید بوو

*هەمان ڕۆژ هێزەکانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە قەمچوغە پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ تیپی مەڵبەندی دوو هێزی پشتگیری قەمچوغە پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند

زیانی دوژمن کوژرانی ٨ چەکدار و سەرباز بوو

*هەمان ڕۆژ تۆپخانەی شۆڕش تۆبارانی دوو ڕیانی هۆمەر قەوم سورداش و دووکانیان کرد

*ڕۆژی ٢/٢٩ تا ١٩٨٨/٣/١ تۆپخانەی شۆڕش تۆبارانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە گردە بەران و کلکەی شاخی گەڕە دێ کە ڕۆژانی پێشتر هەندێک پێشڕەوییان کردبوو

*دوای تۆبارانێکی چڕ ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢ دوژمن سێ جار پەلاماری توکڵی گەورەیدا پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ خالخالان ڕووبەڕووی پەلامارەکانی دوژمن بوونەوە و تا کاتژمێر ٨ی شەو شەڕیان لەگەڵدا کردن وتێکیان شکاندن، قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو

*هەمان ڕۆژ دوژمن لە سێ قۆڵاوە پەلاماری پێشمەرگەکانیدا لە (ورچەچ)

پێشمەرگە دلێرەکان لێیاندان و شکاندیانن

*کاتژمێر ٥,١٥ دەقیقەی ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٥٧ی سەرگرمەیدا لە قوتەی میرزا بەگ، کوڕانی سەرگرمە لێیان هانتە دەست و ڕاویاننان

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

١ کلاشینکۆف

١ جیهازی بچووک

*کاتژمێر ٦ی بەیانی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٣١ سلێمانیدا لە پیرکە پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون و سلێمانی لێیان هاتنە دەست، لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت دوژمن توانی چەند شوێنێک بگرێت

*کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە قەمچوغە پێشمەرگەکان لێیانهاتنە دەست و شکاندیانن، کاتژمێر چواری ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە شاخی ئەحمەد بەگی پشتی سەر مۆرد دیسان پێشمەرگەکان لێیاندان و شکاندیانن

*هەر لە هەمان ڕۆژدا پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٣١ سلێمانی لە سێ لاوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن لە پیرکە، لە ماوەی تەنها ١٠ دەقیقەدا هەموو ئەو شوێنانەیان ڕزگار کردەوە کە دوژمن گرتبووی

زیانی دوژمن زیاتر لە ٦٠ کوژراو بوو

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣ تۆپخانەی شۆڕش بۆ ماوەی دوو کاتژمێر تۆببارانی سەربازگەی سوسێ،سەربازگەی نێوان کرژە_سوسێ،سەربازگەی موغاغ، کەتیبەی تۆپخانەی موغاغیان کرد

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز و جاش

شکاندنی ١ دەبابە

شکاندنی ١ تۆپی گەورە

سوتاندنی ٢ ئیڤا و زیاتر لە ٢٠ خێمە

*شەوی ٥-١٩٨٨/٣/٦ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و ٥٧ سەرگرمە هێرشیانکردە سەر ئەشکەوتی گەنان لە دۆڵی قەڵەم پاشا و دۆڵمازەڵە و دەستیان بەسەرداگرت

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز

دەستکەوت

٢ ئارڕ بی جی

٢ ئارڕ بی کەی

٦ کلاشینکۆف

٣ جیهازی بچووک

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٦ دوژمن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە بناری پیرەمەگرون و دێی زێوێ، پێشمەرگەکانی هەردوو تیپی ٢٣ سورداش و ٢٧ تۆکمە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و شکاندیانن

*کاتژمێر ١٢,٣٠ دەیقە ٣/٦ دووکۆپتەر بۆردومانی (زێوێ) یانکرد لە ئەنجامدا پێشمەرگەیەکی هێزی پشتگیری شەهید بوو

*هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانی سلێمانی و پیرەمەگروون و حەمرینیدا لە دۆڵە ڕووت، پێشمەرگە قارەمانەکانی هەر سێ تیپی ٤٧ پیرەمەگروون و ٥٩ حەمرین و ٣١ سلێمانی بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و شەڕ لە کاتژمێر ٦ بەیانی تا کاتژمێر ٤ ئێوارە بەردەوام بوو

دوژمن لە سەرەتادا توانی قوتەیەک بگرێت بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ سلێمانی هێرشیانکردە سەریان و لێیان سەندنەوە

زیانی دوژمن

زیاتر لە ٣٠ کوژراو بوو

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

٢ کلاشینکۆف

١ جیهازی ١٠٥

*کاتژمێر ١١,٥ دەقیقەی شەوی ٦-١٩٨٨/٣/٧ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی ١٢ دەبابە و تۆپخانە و ڕاجیمە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە زنجیرە شاخی دابان پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ قەرەچوخ بەرەنگاریان بوونەوەو سێ پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند

زیانی دوژمن ٣٠ کوژراو بوو

تۆپخانەی شۆڕش ڕۆڵی کاریگەری بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٧ تۆپخانەی شۆڕش بە چڕی تۆببارانی شاخی گۆجاڕ و گەورە دێ و گەڕە دێی کرد

*کاتژمێر ٤ بەیانی ١٩٨٨/٣/٧ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە شاخی پشتی گەڕە دێ و گەورە دێ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ کەرکوک و ٨٥ بەڕانەتی بەرەنگاریان بوونەوە

قارەمانەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی هێرشیانکردە سەر هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن و گورزی گەورەیان لێوەشاندن

زیانی دوژمن

زیاتر ١٥٠ کوژرا بوو

دەستکەوت

٣ بی کەی سی

٤ ئاڕ بی کەی

٤ کلاشینکۆف

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

*کاتژمێر ٦,٣٠ دەقیقەی بەیانی تا ٧,٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٧ دوژمن

پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە خـواروەی دێی خورخور، پێشمەرگە قارەمانەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و شکاندیانن

*کاتژمێر ٣,٣٠ دەقیقەی شەوی ١٩٨٨/٣/٨ تا کاتژمێر ٧ی بەیانی دوژمن چەندین هێرشی یەک لە دوای یەکی کردە سەر خـواروی دێی خورخورە و دەستیگرت بەسەر بەرزایی (داری زەکەریا)دا

هەمان ڕۆژ پێشمەرگە دلێرەکان هێرشیانکردە سەر داری زەکەریا و لە دەستی دوژمن دەریانهێنا و ڕزگاریانکرد

دوژمن کوژرا و بریندارى زۆربوو

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٩ دوژمن لە چوار قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەگەیدا لە قەمچوغە، پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی دوو تیپی ٢٥ خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری لێیاندان و شکاندیانن

دەستکەوت

١ ئاڕ بی کەی

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٠ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە نێوان دۆڵەبی و خۆرخورە شەڕ تا کاتژمێر ٥ی ئێوارەی خایاند لە ئەنجامدا پەلامارەکەی دوژمنیان شکاند هەمان ڕۆژ تۆپخانەی شۆڕش تۆببارانی دوژمنیانکرد لە بەردەم قەمچوغە و مەشروعی ئاوی قەشقۆڵی و سەرجادە، دوژمن زیانی زۆری لێکەوت

*هێزێکی پێشمەرگە لە شەوی ١٠-١٩٨٨/٣/١١ هێرشیانکردە سەر ئەو شوێنانەی کە لە پشتی شارستێن گیرابوون لە کاتژمێر ١ ی شەودا هەموو شوێنە بەرز و گرنگەکانیان گرتەوە

زیانی دوژمن

زیاتر لە ١٥٠ کوژراو بوو

دەستکەوت

٣ بی کەی سی

٤ ئاڕ بی کەی

١١ ئاڕ بی جی
٨ هاوەنی ٦٠ ملم
٥٠ کلاشینکۆف
*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١١ دوژمن ١٢جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە داری زەرکەریا
*شەوی ١١-١٩٨٨/٣/١٢ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە لە قوتە و بەرزاییە گیراوەکان پێشمەرگەکان بەرەنگاریان بوونەوە و زیانی زۆریان پێگەیاندن
دەستکەوت
١ بی کەی سی
١ ئاڕ بی کەی
٣ کلاشینکۆف
*هەمان شەو دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە لە قەچوغە
*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٢ هێزێکی دوژمن پەلاماری (دوڵەڕووت و قزلەر)یدا پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ سلێمانی لێیاندان و شکاندیانن
*کاتژمێر دووی شەوی ١٢-١٩٨٨/٣/١٣ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە پشتی شارستێن، پێشمەرگە نەبەزەکان لێیاندان و شکاندیانن
دەستکەوت
١ بی کەی سی
١ ئاڕ بی کەی
١ کلاشینکۆف
قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو
*کاتژمێر چواری بەیانی ١٩٨٨/٣/١٣ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە کلاوسپیانی پشتی قەرەنگۆی دوای زیانێکی گیانی زۆر دوژمن دەستیبەسەرداگرت

دوای گرتنی کلاو سپیان لە لایەن دوژمنەوە تۆپخانەی شۆڕش تۆبباڕانی کلاو سپییانی کردوو زیانی زۆری لێدان

*هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە شەڕگەی پشتی شارستێن

*هەمان ڕۆژ تۆپخانەی شۆڕش تۆبباڕانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە شەدەڵە زیانی زۆریان لێدان.

*تۆپخانەی شۆڕش تۆپباڕانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە قەشقۆڵی کە هاوکاری شەڕگەی قەمچوغەیان دەکرد.

*لە شەوی ١٣-١٩٨٨/٣/١٤ دوژمن چەندین جار پەلاماری شەڕگەی پشتی (شارستێن)یدا قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو.

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٤ تۆپخانەی شۆڕش تۆبباڕانی کاروانێکی سەربازی دوژمنیان کرد لەسەر جادەی گشتی سلێمانی_دووکان.

زیانی دوژمن

سوتاندنی ٣ ئێڤا، یەک تۆپی قورس، ٥ خێمە

*پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ پیرەمەگرون بۆسەیەکیان لە بناری شاخی گۆجاڕ دانا، هێزێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوە

زیانی دوژمن

کوژرانی ٧ سەرباز و بریندارببوونی ١٥ سەرباز و بەدیلگرتنی ٩٣ سەرباز

دەستکەوت

١ بی کەی سی

٣ ئاڕ بی جی

٢٦ کلاشینکۆف

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ هێزەکانی دوژمن دزەیانکردوو دەستیان گرت بەسەر زنجیرەی سماقەی پشتی سێدەردا

*کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆ تا کاتژمێر سێ تۆپخانەی دوژمن تۆبباڕانی دووکانی

خواروووی کرد گوللە تۆپەکان بەوردی شوێن مەبەستەکانیان پێکا

*شـەوی ١٥-١٩٨٨/٣/١٦ دوژمـن لە سێ قۆڵەوە پـەلامـاری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە چیای دابـان و هەرزنەڕێ، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ لێیاندان و تێکیانشکاندن

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاتر لە ٤٠ سەرباز و مغاویر

بەدیلگرتنی ١٤ مغاویر

دەستکەوت

٣ ئارپی بی جی

٤ دکتاریۆف

١ هاوەنی ٨١ ملم

٨ کلاشینکۆف

*دوای تۆبارانێکی چڕ لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دوژمن پەلاماری سەر زنجیرە شاخەکانی پشتی (مەولان و قۆمەرغان)یدا دوای کوژراوو بریندارێکی زۆر توانی هەندێک پێشڕەوی بکات و دوو تەپۆلکە بگرێت

*ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ دوژمن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە دۆڵەڕووت و تا تەسپی و مێوڵاکە، شەڕ لە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ تا پێنجی ئێوارەی خایاند لە ئەنجامدا دوژمن شکا

زیانی دوژمن

٢٢ کوژراو

دەستکەوت

١ بی کەی سی

١ ئارپی بی جی

١ هاوەنی ٦٠ ملم

٣ کلاشینکۆف

قوربانی پێشمەرگە سێ شەهید بوو

*شەوی ١٦-١٩٨٨/٣/١٧ دوژمن دزەیکردە نێوان دۆڵەبی و پشتی سێدەر و دەستیگرت بەسەر چەندین شوێنی ستراتیجیدا

شەڕەکانی شـــارستێن خـــوڕخـــوڕە
دوو

دوو هـــەفتە پـــێش ئـــەنفالی یـــەك

پێش ئەنجامدانی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک، رژێمی عێراق لە خوارو ناوەڕاستی عێراقەوە هێزەکانی جوولّە پێکرد بەرەو سنووری پارێزگای سلێمانی لە ناوچەکانی ئاسۆس، بنگرد، دووکان، سورداش، قولّە سەوز، قەیوان، ماوەت، کارێزە و هێزێکی گەورە و بێ شوماری لەو ناوچانە جێگیر کرد.

فەرماندەکانی سوپا چەند جارێک بە خەڵکی گوندەکان و دێهاتیەکانی سنوورەکەی ڕاگەیاندبوو خەڵک بێتە خوارەوە لە دێهاتەکان، ئەگینا هێرشی بەربڵاو دەکرێتە سەر ناوچەکانتان و ڕەحم بە کەس ناکەین، بەڵام خەڵکی کوردستان ئامادە نەبوو لە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەدا ماڵ و مووڵک و سەروو سامانی جێبهێڵێت، خەڵکی کوردستان لەو هەڕەشانە نەدەترساو خۆڕاگرتر بوو.

ڕێگەی دۆڵی شێخ محمد و گەڵاڵە و گۆمەزەڵ و هەندێک ناوچەیتر بەفر گرتبووی تەواوی ڕێگەکانی هاتووچۆو دەرباز بوونی داپۆشیبوو، بە فەرمانی شۆڕش و لە ڕێگەی کرێکارو خۆبەخشێکی زۆری ناوچەکەوە، تێکڕای ڕێگاو تولە ڕێگاو شوێنەکانی هاتووچۆکردن لە بەفر پاککرانەوەو ڕێگای خەڵکی کرایەوە، کە ئەوە دەرفەتێکی باش بوو هەم بۆ ئەو دێهاتیانەی بەرەو ئێران بەڕێکەوتن، هەم بۆ کشانەوەی هێزی پێشمەرگەش لە ئەنفالی یەکی دۆڵی جافایەتی.

ئـــەنفالی یـــەك 1988/4/23

سەرەتای پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک بوو، لە شەدەڵە شەڕێک ڕوویدا، محمد ڕازانی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جوتیاران شەهید بوو کە خەڵکی بناری قەندیل بوو، برِیار بوو تیپی ٤٣ی ئاسۆس بچنە شەدەڵە، بەڵام لە سنووری شارستێن و مەرگە و بەرزاییەکانی ئەو ناوچانە مانەوە.

سوپای عێراق لە چەند قۆڵێکەوە هێرشی دەستپێکردوو هێزەکانی جوولّە پێکرد، لە سەری قەرەسەردەوە بۆ دۆڵ مازەڵە، بەدرێژایی بەرزایی قەرەسەرد بۆ شارستێن، لە هەنجیرە و کوێرەکانی بۆ شارستێن، لەولاشەوە بۆ مەلا سەفی و مەرگەو گەورە قەڵا.

تیپی ٤٣ی ئاسۆس کرابە دوو بەشەوە بەشێکیان لە شارستێن بوون کەرتی ٣ بە فەرماندەیی زاهیر سێدەری، عوسمان سێدەری جێگری بوو کەرتی چوار بە فەرماندەیی حەمەمین کوێرەکانی و حەسەن بنگردی جێگری بوو، کەرتی ١ بە فەرماندەیی «حەمەی کاکە سوورەی لۆتەر» پێشمەرگەکانی کەرتی تیپیش بە سەرپەرشتی فەقێ عەلی کە تێکڕایان ٤٠ پێشمەرگە بوون.

هاوکات تیپی ٧٨کاروخ بە سەرپەرشتی «ڕەسوڵ مولود» بەشێک لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بە سەرپەرشتی ڕەهبەر سەید برایم بەشێک لە تیپی ٢١ی کەرکوک بە سەرپەرشتی وەستا سابیر لە شارستێن بوون.

بەشەکەیری تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە سەرپەرشتی بەکری مەلا قادر، کەمال مەرگەیی، بەکر بیوەکەیی، لە گەڵ خالیدی کاروبار لێپرسراوی ئیدارەی شەڕگەکە، مام ڕەسوڵ ڕێبەری سیاسی تیپ و محمد سوولْتان لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپ لە گەورە قەڵاو بەری مەرگە بوون.

شەڕێکی قورس لە شارستێن دەستیپێکرد، لە سێ قۆڵەوە هێرشدەکرایە سەر شاخە قەڵ، توکڵی دۆمان، توکڵی گەورە، چەند جار شاخە قەل گیرا بەڵام پێشمەرگە دەیگرتەوە، شەڕێکی سەخت و قورس و نابەرابەر بوو پێشمەرگە بەرگرییەکی بێوێنەیان کرد تا شارستێن نەکەوێتە دەستی دوژمن، سوپا هەنگاو هەنگاو دەهاتە پێش، دوای دوو هەفتە بەرگری سەخت و شەڕی بێئامان، سوپای عێراق سەرکەوتە قۆپی شارستێن و زۆری نەمابوو شارستێنی لێدەرکەوێ و بە سەریدا بڕوانێت.

عەلی بچکۆل کە سەرپەرشتی شەڕەکەیدەکرد بانگی تیپەکانی کردوو وتی: ئەگەر هیممەتێک بکەین ئەو قۆپە شاخە بگرینەوە چوونکە دوژمن بە سەر ناو دێ زاڵدەبێت، دەبێ شارستێن چۆڵ بکەین، ئەو کاتە جگە لە تیپی ٤٣ چەند تیپێکی تریشی لێبوو.

تیپەکان بەڕێکەوتن تا قۆپی شارستێن بگرنەوەو نەهێڵن دوژمن بە سەر شارستێندا زاڵ بێت، هاوشانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس تیپەکانی قەرەچوغ و سۆران و خاڵخاڵان و کاروخ و کەرکوک بەشداری شەڕی شارستێن بوون، بۆ چاو ساغی

و شارەزایی ناوچەکە پێشمەرگەکانی ٤٣ی ئاسۆس چاوساغی تیپەکانیتر بوون و پێشیان کەوتن.

شاخە قەل و بانی مشکان گیرابوو، زاهێر سێدەری فەرماندەی کەرتی ٣ لە گەڵ تیپی ٢١ی کەرکوک وەکو دەلیل و شارەزای ناوچەکە لە دەستەی هێرشدا بوو، لە ناکاو کەوتنە ناو بۆسەی دوژمن و شەڕ دەستیپێکرد شەڕێکی قورس و چارەنوسساز و دەستەو یەخە، بە جۆرێک پێشمەرگە و سەربازو جاش تێکەڵی یەکتر بوون، لە گەرمەی هێرش و پەلاماردا پێشمەرگەیەک بە زاهیر سێدەری وت کاکە هاوڕێکەت شەهید بوو کە ئاوڕی دایەوە محمد جوبلاغی گیانی سپارد بوو، دوا هەناسەی دابوو.

شەوێکی ساردوو تاریک و ئەنگوستە چاو بە ڕکەبەردەکانی ئەوێ قوتەو قوچیەکی بچووکیان لە سەر تەرمەکەی دروستکرد تا لە گەڕانەوەدا بچنەوە سەری، ئیتر لە هێرش و پەلاماردان بەردەوام بوون، سوپای داگیرکەر شکاو بەڕووی کوێرەکانیدا ڕاویان نان.

لە قۆڵێکیترەوە عوسمان شارستێنی فەرماندەی تیپی ٤٣ چاوساغ و هاوەڵی تیپەکانیتر بوو، هەڵمەتیانبردە سەر قوتەی شارستێن، زرار پێشمەرگەی تیپی ٤٣ گەڕایەوە ووتی: ئەوە دوو سەربازن بە عەرەبی قسە ئەکەن هەر دوو سەربازەکەیان کوشت و فیشەکەکانیان هێنان.

عوسمان شارستێنی لە پەنا بەردێکدا سەرقاڵی گۆڕینی مەغزەنی کلاشینکۆفەکەی بوو کە جوندیەک لولەی قەناسی خستە سەر، عوسمان شارستێنی پەلاماری لولەی قەناسەکەیداو، دوای ماوەیەک یەکتر هێنان و بردن زرارو وەستا سابیر کەرکوکی گەیشتنە سەری و جوندیەکەیان ڕەوانەی دۆزەخکرد، هەر چەند هەنگاوێک لەولاتر وەستا سابیر کەرکوکی بریندار بوو، تێکپڕژان و شەڕی دەستەو یەخە جێگەی شەڕی سەنگەرو بەرانبەری گرتبووەوە سەربازو جاش و پێشمەرگە تێکەڵ بە یەکتری بوون، بەڵام چوونکە پێشمەرگە شارەزای ناوچەکە بوون بە دەسکەوتی گەورەوە گەڕانەوە، نزیک بە پەنجا سەربازی عێراقی لەو شەڕانەدا کوژران،

عوسمان شارستێنی قەناسێکی گرتبوو، لە قۆڵێکیترەوە عبداللەی مامە حەمە کە جێگری فەرماندەی کەرت بوو بیکەیسیەکی گرتبوو، بۆ شەوی دوایی لە شەڕێکدا شەهید بوو.

لە هەمان هێرش و پەلامارو لە قۆڵێکیترەوە هەڵمەت برایە سەر کەپکە قەڵ و گیرایەوەو لە دەستی دوژمنیان دەرهێنا پێش گرتنەوەی کەپکە قەل کاک عەلی بچکۆل و کاک نەبەز نامەیەکیان بۆ عوسمان سێدەری نارد کە جێگری فەرماندەی کەرت بوو، نووسیبوویان تۆمان داناوە بۆ گرتنەوەی کەپکە قەل.

قۆپی کەپکە قەل بە سەر هەنجیرەدا دەڕوانێ، تیپەکەی ڕەسوڵ مولود لەوێ بوون زیاتر لە ٣٠ بریندارییان دابوو، ئەو دارو دەوەن و تاشە بەردانە خوێناوی لێدەچۆڕا، دارو بەردو خاک و خۆڵی سوور هەڵگەڕابوو.

تـــیپی 78ی کـــاروخ

تیپی ٧٨ی کاروخ بە سەرپەرشتی ڕەسوڵ مەولود چوونە شارستێن بۆ بەشداری لە شەڕەکانی بەرگری لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەکدا.

ڕەسوڵ قەندە، عەبدوڵڵا ئیسماعیل، عەبدوڵڵا تەها سێ فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ بەشداری شەڕی (شارستێن)یانکرد.

تیپی ٧٨ی کاروخ لە کەپکە قەلی شارستێن دامەزران سەرەتا ڕەهبەری سەید برایم لێپرسراوی هێزەکان بوو.

نـــامەی کـــاك نـــــەوشیروان

کاک نەوشیروان نامەیەکی ناردبوو نووسیبووی برادەرانی باڵەکایەتی تیپی ٧٨ی کاروخ شارەزای بەفرن با بچن ڕێی کوڕکوڕ تاقیبکەنەوە تا بزانن لە کاتی پاشەکشەدا دەتوانن لەوێوە بڕۆن.

تیپی ٧٨ی کاروخ تا گەروی کوڕکوڕ چوون بەفرەکە سەرپێ نەبوو شل بوو مرۆڤ دەکەوتە ناوی بۆیە گەڕانەوە.

تیپی کاروخ بەشداری شەڕی شارستێن بوون لە گەڵ یەکەم تەقەدا مەلا دەرویش

کەریم بریندار بوو، ماوەی (٢٥) ڕۆژ باران و شەڕو پێکدادان بوو، ڕەسوڵ مەولود هێزەکەی تیپی کاروخی کردە دوو بەش.

بەشی یەکەم عەبدوڵڵا تەهاو ڕەسوڵ قەندە

بەشی دووەم ڕەسوڵ مەولوودو عەبدوڵڵا ئیسماعیل، ٢٤ کاتژمێر جارێک یەکتریان دەگۆڕی.

شەڕ گەرم بوو تۆپخانەی دوژمن بە خەستی سەنگەرەکانی تیپی کاروخی دەکوتا مغاویر لە سەر هەنیشک دەهاتن، تیپی کاروخ پەلامارەکەی دوژمنیان شکاند.

مغاویرێک خۆی نیشاندەدا بۆ ئەوەی پێشمەرگە خۆی دەرخات و تەقەی لێبکات، عەبدوڵڵا ئیسماعیل فەرماندەی کەرت لە تیپی کاروخ پێکراو شەهید بوو تەرمەکەی کەوتە دیوی مغاویرەکان.

هەژار کانەبی لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک هێرشیانکرد هاوەنێک لێیدان هەژار بریندار بوو کەوت خستیانە ناو بەتانییەکەوەو بەڕێیانکرد.

ڕەسوڵ مەولود قارەمانی شەڕی شارستێن بوو بریندارى بە کۆڵەوە بوو بریندارەکەی دادەناو دەگەڕایەوەو تەقەی دەکرد هەڵمەتی دەبردە سەر ڕەبییە.

بەشێک لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری هاتن بە هانایانەوەو هێرشیانکردە سەر کەپکە قەل و گرتیان تەرمی شەهید عەبدوڵڵا ئیسماعیل کەوتەوە دەستی پێشمەرگە.

هێزێک بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری چوونە بناری کەپکە قەل شەوێکی ساردوو تەزیو بوو، سەرما دارو بەردیشی تەزاندبوو، هەڵکەوتەی جوگرافی کەپکە قەل وابوو لە چەند تەپۆڵکەیەک پێکهاتبوو دەیبردیتەوە کەپکە قەل.

کاتژمێر ٤ی بەیانی هێرشکرایە سەر کەپکە قەل، شەڕێکی قورس دەستیپێکرد، هەر فیشەک و گرێ ئار بی جی بوو لە هەوادا شەپۆلانی بوو، لەو شەوەدا شاخ لە شاخ و فیشەک لە فیشەک و بەلە پیتکە لە بەلە پیتکەی دەدا، هێرش و پەلامار بەردەوام بوو زیاتر لە ٢٠ گوللەی ئار بی جی تەقێنرا، ئازاد و برایمی کاشی لەو پێشمەرگانەی ئەو شەوە بوون شان بە شانی هاوڕێکانیان لە هێرش و لە هەڵمەت

و پەلامار‌دا بوون، هەر ئەو شەوە کەپکە قەل گیراو کەوتەوە دەستی پێشمەرگە.

عبدالله که شەوی پێشووتر له کەپکە قەل شەهید بوو تەرمەکەی لەوێ جێمابوو، تەرمەکەی کەوتەوە دەستی پێشمەرگە و بەڕێیانکرد، سەربازێکی دوژمن له دیوی دەستە چەپی کەپکە قەلەوە ئار بی جی یەکی تەقاندو عوسمان سێدەری بریندار بوو، بۆ چارەسەر برایە گوندی دۆڵەبی.

بـــانی مـــشکان
بـــەرانبەر کـــەپکە قـــەل

له شەڕی گرتنەوەی کەپکە قەلدا، عوسمان شارستێنی و شێخ محەمەد لۆتەری دانـران بۆ بانی مشکان له شاخەکەی ئەوبەر کەپکە قەلەوە به لاپاڵی بانووی مشکانەوە، شەڕێکی قارەمانانەیانکرد، له گەرمەی شەڕو هەڵمەتدا هاوەنێک هات عەبدوڵڵای جێگری کەرتی دوو شەهید بوو، عەبدوڵڵا ڕیشە چوارقورنەیش بریندار بوو.

گوێدرێژیان پەیداکرد، شەهیدو بریندارەکەیان گواستەوە کانی توو، دوای تەواو بوونی شەڕەکە شێخ محەمەد لۆتەری هێستریێکی پەیداکردوو چوو بە دوای عەبدوڵڵا ڕیشەدا، له ئاغەڵێکی قۆخەکانی کانی توو نانیان بۆ دانا بوو جێیانهێشتبوو، شێخ محەمەد چەند جارێک هاواریکرد عەبدوڵڵا له کوێی من شێخ محەمەدم هاتووم بە دواتا، عەبدوڵڵا نوزەیەکی لێوە هات و وتی لێرەم، شێخ محەمەد سواری هێسترەکەی کرد.

پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوک گوللە بەر سەری کەوتبوو بە پێی خاوسی، له ناو کانی تووداد دەسووڕایەوە، شێخ محەمەد پێشمەرگە کەرکوکیەکەشی سوار هێسترەکە کرد و بردنیەوە خوڕخوڕە.

له هـەواره بـەرزە پێشمەرگەکەی کەرکوکیان دایـەوە دەست تیپی کەرکوک، عەبدوڵڵاش ڕەوانەی ئێران کرا بۆ چارەسەر.

دوای تێکشکاندنی هێزەکانی ڕژێم تەرمی شەهیدەکانیان به خاک سپارد، بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ به کەپکە قەل و بانووی مشکانەوە مانەوە تا تیپی ٧٨ ی کارۆخ

بەدلیان کردن، قوتەی شارستێن گیرایەوەو پێشمەرگە ماوەی هەفتەیەک لێی مانەوە بەڵام هێرشی بەردەوامی ڕژێم بۆ سەر ناوچەکە هێزەکەی ناچار بە پاشەکشە کرد.

بـــرێندار بوونی عـــوسمان ســـێدەری

کە پارچەی ئاربیجیەکە لێیدا سەرەتا ئاسایی بوو پێشمەرگەکان لێیانپرسی باروودۆخت چۆنە ووتی هیچ نییە پارچەیەکی بچووکم بەرکەوتووە دوای کەمێک هەستیکرد زەختی دادەبەزێ، خوێن لە سەر جلەکانیەوە دەڕۆیشتە ناو پێڵاوەکانی بە لاڕانیدا خوێن دەڕژایە سەر زەوی، خوێن لە ڕانی دەچۆڕا هەستیکرد خەریکە دەکەوێت بێهێز ببوو حاجی سالّح و عەلی پورخاتوون و عومەر قەرەنگوێی چوونە بن باڵی بردیانە دواوە، برین پێچێکی لێبوو چارەسەری سەرەتایی بۆ کرد برینەکەی پاککردەوە هێندەی ئاگا لێبوو زەختی دابەزی بێهۆش بوو کە هاتەوە هۆش خۆی گوێی لێبوو وتیان بە داخـەوە محەمەد شەهید بووە ووتی کام محەمەد وتیان محەمەدی پورزا مستەفا.

بە سواری وڵاخ عوسمان سێدەریان بردە دۆڵەبی بۆ مزگەوتەکە تەرمی محەمەد لەوێ بوو، محەمەد جەستەیەکی پتەوو بەهێزی هەبوو بە دوو ووڵاخ بە نۆرە هێنابوویانە دۆڵەبی، محەمەد تەسلیمی خاککرا، عوسمان سێدەری ڕۆژانە تەداوی بۆ دەکرا مالّی مامی لە پشتی دۆڵەبی لە ئەشکەوتێکدا بوون ڕۆژانە دکتۆر دەهاتە ئەوێ بۆ چارەسەر.

شەڕ بەردەوام بوو پێشمەرگە بەرگری بێوێنەی دەکرد دوای بەرگریەکی زۆر مەرگەو شارستێن و هەواره بەرزەو خورخورەو کانی توو گیرا.

دوای گرتنی شارستێن و مەرگەو بەرزاییەکانی ناوچەکە لە دۆڵەبی گواستیانەوەو چوونە گۆمەزەڵ، کاک نەوشیروان لە گۆمەزەڵ بوو، باوکی شەهید مەحموود سێدەری چووبووە لای کاک نەوشیروان وتبووی ناوچەکە گیراوە ئێمە چیبکەین، کاک نەوشیروان وتبووی مام حاجی بە دۆڵی شێخ محەمەدا بەرەو ئێران بڕۆن، وتبووی ئەی عوسمان چیلێبکەم بریندارە، کاک نەوشیروان وتبووی عوسمان بەڕێدەکەم با بچێتە مزگەوتەکەی گۆمەزەڵ بریندارێ تریشی لێیە، کۆپتەرێکی

ئێرانی دێت هەموو بریندارەکان دەبات.

لە ناو مزگەوتەکەی گۆمەزەڵ بوون دوو سیخۆی هاتن بەڵام بۆردومانیان نەکرد، دواتر زانیان ئەو دوو فڕۆکەیە بە دوای کۆپتەرە ئێرانیەکەوە بوون بەڵام نەیانبینیبوو، زۆری پێنەچوو بە ناو دۆڵەکەدا کۆپتەرێکی ئێرانی بە نزمی هات، هێند نزم بوو لە گەڵای دارەکان دەخشا، کۆپتەرەکە لە بەردەم مزگەوتەکەدا نیشتەوە، هەر لە خەیاڵ و دیمەنی ناو فیلم دەچوو ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات ئەوە بوو کۆپتەرێک لە گۆمەزەڵ بنیشێتەوە.

دوای نیشتنەوەی کۆپتەرەکە وتیان لە ماوەی (٥) دەقیقەدا سەرکەون، بریندارەکان چوونە ناو کۆپتەرەکەوە، کۆپتەر بە دۆڵی شێخ محەمەدو سیرەمێرگدا بە نزمی دەڕۆی تا گەیشتە شاناخسێ لە بەردەم نەخۆشخانەی شاناخسێ بریندارەکانی دابەزاند، لەوێ تەداویان کردن، کە شەو داهات بە سواری پاس ڕەوانەیانکردن بۆ بانە لەوێشەوە بۆ سەقز، لە سەقز ناردیانن تەبرێز بۆ بیمارستانی ئیمام خومینی لەوێ چارەسەریان بۆ کردن، دوای چاک بوونەوە ناردیانن شوێنی حەوانەوە کە پێیان دەگووت (نقادگە)[1]

ڕۆژانە بریندار دەهاتە نەخۆشخانەکانی تەبرێز، دوای چاکبوونەوەی بریندارەکان گەڕانەوە بارەگاکانیان.

قۆڵی مەرگە کە مام ڕەسوڵ و محمد سوڵتان و خالیدی کاروبارو کەمال مەرگەیی و بەکر بیوەکەیی و بەکری مەلا قادرو بەشێک لە پێشمەرگە و کەرتەکانی تیپی ٤٣ی لێبوو شەڕی گەورە و بەرگری دیارو قارەمانانەیانکرد، دەیان هێرشی دووژمنیان تێکشکاند، بەرەنگاری گەورەی سوپای عێراقیان کردوو بە سەدانیان لێکوشتن.

ڕژێم هەر دەهاتە پێش و لە پێشڕەویدابوو، مەرگە و ئاوەژێ و بیوەکە گیران هێزەکەی شارستێن، قوتەی شارستێنیان چۆڵکرد کە پێش هەفتەیەک

[1] نقادگە شوێنی پشوودان و حەوانەوەی پێشمەرگە بریندارەکان بوو، ئەو پێشمەرگانەی بریندار بوون و لە نەخۆشخانە چارەسەریان بۆ دەکرا دەیانناردنە نقادگە بۆ پشوودان و حەوانەوە نقادگە زیاد لە هەزار پێشمەرگەی بریندار لێبوو.

گرتبوویانەوە،سوپای عێراق جارێکیتر خۆی کۆکردەوەو لە سنووری دووکان-بنگردەوە هێرشیکردەوە سەر ناوچەکەو لە دۆڵی سێدەرو مەلا سەفی و مەرگەوە بەرەو شارستێن پێشڕەوی کرد.

هێزی پێشمەرگە بەرەو «دۆڵە بی» پاشەکشەیانکرد، خەڵکی بێدیفاعی گوندەکان لە ڕێگەی دۆڵی شێخ محەمەدەوە بەرەو ئێران ڕۆیشتن و ماڵ و حاڵیان جێهێشت، بەرەو چارەنووسی نادیار.

ڕاستە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی گوندەکانی سنووری دووکان-مەرگە-بنگرد، لە دەستی ئەنفالچیەکانی بەعس ڕزگاریان بوو خۆیان گەیاندە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵام ژمارەیەکی دیارو بەرچاویش لە گوندنشینان لە ژن و منداڵ و پیاوو پیر کەوتنە بۆسەی ئەنفالەوەو ڕزگاریان نەبوو، بەرەو عەرعەرو نوگرە سەلمان ڕاپێچی چاڵەکانی مەرگ کران.

هێزی پێشمەرگە گەیشتە دۆڵێ، جەبار فەرمان داوای لێکردن بەرەو خوڕ خوڕە بەڕێکەون، دواتریش داوای لێکردن بچنە هەواڕە بەرزە، دەمەو ئێوارە گەیشتنە هەواڕە بەرزە، هێزەکەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بە سەر سێ قۆڵدا دابەش بوون، سێ قۆڵ و سێ کەمینی مەحکەمی ١٥ کەسی.

قۆڵ و کەمینی یەکەم بۆ سەر بەرزایی «کونە قاژۆکە» بە سەر بناری شاخەکەو دەوروبەریدا دەیڕوانی.

قۆڵ و کەمینی دووەم، بۆ ئەودیو گوندی هەواڕە بەرزە کە بە سەر گوندی کانی تودا زاڵ بوو.

قۆڵ و کەمینی سێیەم، بۆ خواروی هەواڕە بەرزە، کە بە سەر گوندەکانی مەلا سەفی و بیوکەدا زاڵ بوو.

عەلی ڕەشاش کە جێگری فەرماندەی کەرت بوو، کەمینی یەکەم بوو لە سەر بەرزایی «کونە قاژوکە» کاتژمێر ٦ی بەیانی هەواڵی گەیاندە پێشمەرگەکانی ناودێ و بە عوسمان شارستێنی وت، هێزەکانی دوژمن دەستیانگرتووە بە سەر «کونە قاژوکە» و داری «زەکەریا» و لە کانی توەوە بەرەو هەواڕە بەرزە لە پێشڕەویدان.

قوتەی قۆچی هــەواره بــەرزە شوێنێکی بــەرزو یاخی بــوو، مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان بۆ سەرخست، پێشمەرگە گەیشتنە سەر قوتەکە و لێیدامەزران، بەشەکەیتری هێزەکەش سەرکەوتنە سەر قوتەو بەرزایی هەواره بەرزە، بە سەر هێزێکی دوژمندا کەوتن و شەڕ دامەزرا، هێزێکی تیپی ٦٣ی جوتیاران بە فەرماندەیی مستەفای سەید قادر بە هانای هێزەکەی تیپی ٤٩ی ئاسۆسەوە چوون تا شەو داهات شەڕ بــەردەوام بوو، دواتر بەرەو خوڕخوڕە بەڕێکەوتن هێزەکان خۆیان کۆکردەوەو ڕێکخستەوە.

تیپەکانی مەڵبەندی ٢ و ٤٣ و ٢٥ و ٦٣ی جوتیاران، تیپەکانی مەڵبەندی «٣» ، ١٢ی سۆران وسەعیدی حەمە زیادو ٧٨ی کاروخ بە فەرماندەیی ڕەسوڵ مەولود و لەگەڵ عوزێر فەقیانی بە سەرپەرشتی عەلی بچکۆڵ کۆبوونەوە، بەرنامەو پلانی تۆکمەیان داناو هێرشیان کردە سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی دوژمن لە کەڵکی خوڕخوڕە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تیپەکانی مەڵبەندی یەک و دوو بە چاوساغی و شارەزایی تیپی ٤٣ی ئاسۆس هەڵمەتیانبردە سەر ڕەبییەکانی زینووی خوڕخوڕە.

شەوێکی ساردی مانگی ٣ی ساڵی ١٩٨٨ بوو، هێزەکانی داگیرکەر لە زینووی خوڕخوڕە ئاگریان کردبووەوە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دلێران بەرەو سەنگەرەکانی داگیرکەر هەڵمەتیانبرد، ڕژێم هەستی بە جموجوڵی هێزی پێشمەرگە کردبوو بە بی کەی سی تەقەی دەکرد، پێشمەرگە هێندە لە بەر لوت و لمۆزی مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمنەوە نزیکبوون، گوێیان لێبوو کە بی کەی سی یەکە لە تەقە وەستا، ئامری ڕەبییەکە بە جوندیەکەی وت: بۆ لە تەقە وەستایت، جوندیەکەش ووتی: گەورەم شریت دەگۆڕم.

زینوو لووتی خوڕخوڕە شوێنێکی بەرزو کوێستانێکی سەخت بوو، زستانی عاسی و پڕ لە بەفر بوو، زینووی خوڕخوڕە دوا شوێنی شەڕو پێکادانی ڕژێم و پێشمەرگە بوو، پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەی لێکرد تا دۆڵی شێخ محەمەد نەگیرێ تا خەڵکی گوندەکان و خێزانی پێشمەرگەو پاشماوەکانی هێزی پێشمەرگە بتوانن بەوێدا تێپەڕن.

هێرش و پەلامار بۆ سەر زینووی خورخورە دەستپێکرد، ڕەتڵی ئار بی جی ئامادەکرا بوو، لە گەڵ یەکەم ڕەتڵی ئار بی جی دا پێشمەرگە خۆیانکرد بە ڕەبیەکاندا، کە چوونە ناو ڕەبیەکانەوە مستەفای سەید قادر ووتی: ئەوە زنجیری بی کەی سی یەکەیە عوسمان شارستێنی-ش ووتی: بی کەی سی یەکەش لای منە.

لەو هەڵمەت و هێرشەدا کە بە دوو ڕەتڵ و لە یەک کاتدا لە لایەن تیپەکانی مەڵبەندی ٢ و ٣ ئەنجامدرا، دوژمن زەرەرو زیانی زۆری لێکەوت، لەو شەوەدا زیاتر لە ٤٠ سەربازی دوژمن کوژران.

بۆ بەیانی کە خۆرهەڵات تەماشای دەوروبەری خۆیانکرد دوو سەباز ڕاکشا بوون، نایلۆنیان دابوو بە خۆیاندا تفەنگەکانیان لە بن سەرو قاچیان فڕێ دابوو، هیچ خوێن و شوێنی گوللەیان پێوە نەبوو، کە دەریان هێنان سەلامەت بوون، لەو هێرشەدا حمەمین کوێرەکانی و سالحی فەقێ عەلی بریندار بوون.

تـــیپی کـــۆڕەك
چـــیای پـــیربایز- ئـــەنفالی یـــەك

سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ تیپی کۆڕەک هاتنە بەرزاییەکانی پیربایز، سەعیدی حەمە زیاد، جەلال حاجی، عوزێر فەقیانی هەر یەکە هێزێکی باشیان لە گەڵدا بوو شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ دوژمندا کرد.

بارەگای دواوەی تیپی کۆڕەک لە مێولاکە بوو دوژمن پەلاماری پیربایزیدا ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا، کامەران لە دەستەی جەلال حاجی شەهید بوو.

بەکری حاجی سەفەر فەرماندەی سەربازی شەڕگەکە بوو بروسکەیەکی بۆ تیپی کۆڕەک کرد لە سەر بڕیاری کاک نەوشیروان بکشێنەوە خێوەتەکان دەستکاری مەکەن تەقەمەنییەکان لە گەڵ خۆتان بهێنن ئەگەر نەشهات بیشارنەوە.

تیپی کۆڕەک لوتکەی پیربایزیان بەجێهێشت و چوونە لای بەکری حاجی سەفەر کاک بەکر ووتی دەبێت ئەمشەو بگەنە سەرگەڵو بەرگەڵوو ئەو سەردەمە جەلال حاجی جێگری تیپی کۆڕەک بوو سەعیدی حەمە زیاد گواستراببووەوە تیپی هەورێ بەڵام نەچوو بوو، عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت بوو.

هێزەکە چوونە بەرگەڵوو کاک کۆسرەت لە بارەگای کاک نەوشیروان بوو، بەڵگەنامەکان لە بارەگای کاک نەوشیروان دەسووتێندران.

خـــۆرخـۆرەو یـــاخیان- داری زەکـــەریا

دوای ئەوەی تیپی ١٩ی کۆڕەک چوونە بەرگەڵو ناردیانەنە خورخورەو یاخیان بە گەیشتنیان کۆبوونەوەیەکیان لە گەڵ تیپی ٧٨ی کاروخ و ١٢ی سۆران کرد.

هێزەکەی تیپی کۆڕەک، عوزێر فەقیانی، جەلال حاجی لە گەڵ سەعیدی حەمە زیاد (١٥٠) پێشمەرگەیان لە گەڵدا بوو بڕیاردرا ئەو شەوە هێرش بکەنە سەر دوژمن.

ڕەسوڵ مەولود، سەعید حەمە زیاد، عوزێر فەقیانی بوونە سێ ڕەتڵ، هەر ڕەتڵەی (٥٠) پێشمەرگەو (٥) ئاربیجی لە گەڵدا بوو، ڕەسوڵ مەولود عوزێر فەقیانی بانگکرد ووتی ئەو ئەشکەوتە پڕە لە سەرباز ئاگریان کردووەتەوەو شایی دەکەن

سەعیدی حەمە زیادیان ئاگادار کردەوە تێکڕا (١٥) ئاربیجیان نا بە ئەشکەوتەکەوەو شاخەکەیان گرت.

کاک کۆسرەت لە پشتی گۆمەزەڵ بوو چاوی لێیانبوو پەیوەندی بە سەعیدی حەمە زیادەوە کرد ووتی ئەوە چییە سەعید ووتی بە هیممەت و فەرماندەیی کاک ڕەسوڵ مەولود شاخەکەمان گرت.

(پێنج) سەرباز لە ناو نایلۆنێکدا بوون موتەلیب و عەبدولڕەحمان دوو پێشمەرگەی تیپی کۆڕەک گرتیانن (٥) هاوەنی (٦٠ ملم) یان پێبوو هەر (٥) سەربازەکە گوللە بارانکران.

شەڕوو پێکدادان لە خوڕخوڕەو یاخیان بەردەوام بوو لە هێرشێکدا بۆ داری زەکەریا موتەلیب شەهید بوو جەلال حاجی بریندار بوو.

تیپی کوڕەک تا کۆتایی شەڕەکان لەوێ مانەوە سەعیدی حەمە زیادو عوزێر فەقیانی بوونە ڕەتڵێک جەلال حاجی و قادر ئاکۆیی و ژمارەیەک پێشمەرگە بوونە ڕەتڵێک، تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر، هاشم شەمامکی و سوارەو هێزێک هاتن بۆ هاوکارییان .

هەڵۆ ئەحمەد کوردە ماوەیەک فەرماندەی سەربازی شەڕگەکە بوو فەرماندەیەکی ئازاو قارەمان بوو، دوای هەڵۆ کوردە ، عەلی بچکۆل کرایە فەرماندەی شەڕگەکە.

بڕیار بوو سەعیدی حەمە زیاد و عوزێر فەقیانی و هێزەکەیان لە داری زەکەریا بن عەلی بچکۆل هێزێک بنێرێتە سەر هەواڕە بەرزە پارێزگاری لە ئەوان بکات چوونکە هەواڕە بەرزە زاڵبوو بە سەر داری زەکەریادا.

بەیانی عوزێر فەقیانی بە دووربین لە هەواڕە بەرزەی دەڕوانی پڕ بوو لە جاش و سەرباز بانگی سەعیدی حەمە زیادی کردوو دووربینەکەی دایە دەستی ووتی سەیری هەواڕە بەرزە بکە، پێشمەرگەکان لە داری زەکەریا کشانەوەو هاتنە ناو خوڕخوڕە لە هەواڕە بەرزەوە تەقەیان لێدەکردن.

دڵشاد باویانی هات بە سەعیدی حەمە زیاد و عوزێر فەقیانی ووت چیدەکەن لێرە سەرباز چوار دەوری گرتووین.

پێشمەرگەیەکی تیپی کورەک ناوی ئازاد بوو خەڵکی دیبەگە بوو چوو بووە گۆمەزەڵ بە خۆیی و گوێدرێژێکەوە هاتەوە عوزێر فەقیانی ووتی ئازاد ئەو گوێ دریژە چییە ئازاد ووتی هێناومە کە تۆ شەهید بوویت لەو گوێدرێژەت بەستم عوزێر پێیووت هەزاری وەک تۆم لە کەری بەستووە.

هێزەکەی تیپی کورەک لە گۆرستانەکەی خورخورە کۆبوونەوە بەتانییان لە پشتی گوێدرێژەکە بار کرد تەقەیان لێدەکرا.

گۆرەپانێک بوو کۆمەڵێک گوللە ئاربیجی کەوتبوون، گوللەکانیان کۆکردەوەو بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشیانکرد، عوزێر فەقیانی گوللە ئاربیجیەکی دایە دەست ئازاد لە چوار قورنەوە تۆپێکی نەمساوی هات کەوتە ناویان ٢٨ پێشمەرگە بریندار بوون ئازاد دیبەگەیی شەهید بوو تەرمەکەیان خستە سەر گوێدرێژەکە.

شەهیدەکان:

ئازاد دیبەگەیی

مەهداوی- مەلا غەفور خەڵکی باڵەکایەتی

عوسمان ئەبوبەکر

ڕەمەزان خەڵکی باڵەکایەتی

ڕێباز

شەهیدەکان لە گۆمەزەڵ بە خاکسپێردران بریندارەکانیان لە گەڵ خۆیاندا برد زیاد لە (٨٠) دیلیان پێبوو.

زیـــنووی خـــورِ خـــورە

زنجیرە شاخی زینووی خورخورە داری زەکەریا سووپای عێراقی پێوە بوو هێزی پێشمەرگەش بە تێکڕای تیپەکانی ١٢ی سۆران، ٢٥ خاڵخاڵان، ٢١ کەرکوک، تیپی ٧٨ کاروخ و ٤٣ ئاسۆس لە ناو خورخورەو بەرزاییەکانی بوون، هێزەکە بە سەرپەرشتی عەلی بچکۆل بوو.

هێزەکە پلان و بەرنامەیاندارشت هێرش بکەنە سەر زینووی خورِ خورە، کە شەو داهات زرار شارستێنی بووە چاو ساغی تیپەکانیتر لە ڕۆژئاوای زینووی

خورخورە بە دیوی «دۆڵەبی» دا سەربازی لێبوو بیکەیسیان پێبوو.

فەقێ عەلی، زاهیر سێدەری، حەمەدەمین کوێرەکانی، عوسمان شارستێنی بە سنگەخشێ ڕۆیشتن نزیک بوونەوە لە (B.K.C) یەکە، عوسمان شارستێنی گەڕایەوە کاک ڕەهبەرو (٥٠) پێشمەرگەی هێنا لە گەڵ خۆیدا.

بیکەیسییەکە تەقەی دەکرد، زنجیری بیکەیسییەکە فیشەکی تیا نەما گوێشیان لێبوو ئامرەکە دەیووت بۆ تەقە ناکەیت سەربازەکە دەیووت فیشەکی تیا نەما.

پێشمەرگەکان ١٦ گوللە (R.B.G) یان لە سەنگەری (B.K.C) یەکەدا پێشمەرگەکان چوونە سەر سەنگەرەکە کەسی تیا نەمابوو بەڵام بیکەیسی و زنجیرو ئاربیجیەکە لەوێ جێمابوون.

لە گەرمەی هێرشدا حەمەدەمین کوێرەکانی پێکرا، فەقێ عەلی ووتی لە منیش درا، زاهیر شارستێنی سورپێکی خوارد گوللەیەک لە غازی تفەنگەکەی دابوو میلی تفەنگەکەی نەدەهاتەوە تفەنگێکی تری هەڵگرت.

هێرش بەردەوام بوو چوونە سەر سەنگەرەکان دەیان لاشە کەوتبوو تا بن داری زەکەریا گیرا شەو دوژمن گرتیەوە، سبەی شەو بۆ جارێکیتر پێشمەرگە گرتیانەوە.

ڕەهـــبەری ســـەید بـــرایم

زاهیر سێدەری (پێنج) فیشەکی نا بە سەربازێکەوە بەرینەکەوت، زاهیر لە گەڵ ڕەهبەری سەید برایم بەیەکەوە بوون گوللەیەکی قەناس زۆری نەماوە کاک ڕەهبەر بپێکێ، زاهیر ووتی کاک ڕەهبەر ئەم قەناسە دەمانکوژێ، ڕەهبەری سەید برایم بە دووربین قەناسەکەی دییەوە بە شانی ئەو بەری زەکەریاوە بوو کەسێکی بۆ دانا ووتی ئاگات لەو کونەی بێ.

پێشمەرگەکان بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە ناو دێی خورخورە، عەلی بچکۆل زۆپای گڕداربوو تەشتێ هەویریان شێلا بوو زۆپا سوور ببووەوە هەر کەسە گونکێک هەویری بچوکی پان دەکردەوەو دەینا بە زۆپاکەوە چایان بۆ دەمکردن.

ئەو پێشمەرگانەی لەم قۆڵەوە بەشدار بوون:

١/ ڕەهبەر سەید برایم فەرماندەی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان
٢/ تیپی ١٢ی سۆران
٣/ تیپی کارۆخ
٤/ خالیدی کارووبار
٥/ کەمال مەرگەیی
٦/ حەمەدەمین کوێرەکانی
٧/ شێخ محەمەد لۆتەری
٨/ بەکر بیوەکەیی
٩/ بەکر مەلا قادر
١٠/ عومەر کەلەباشی
١١/ حەسەن بنگردی
١٢/ مامە قالەی دۆڵەبی
١٣/ کەریم شارستێنی
١٤/ عوسمان شارستێنی فەرماندەی تیپی ئاسۆس
١٥/ کەمال مەرگەیی
١٦/ حسێن ڕەزا قەرەنگوێیی
١٧/ فەقێ عەلی
١٨/ عومەر قەرەنگوێیی
١٩/ ئەحمەد دۆڵ مازەڵەیی
٢٠/ ڕەسوڵ کاکە ڕەش
٢١/ عەبدوڵڵا مەرگەیی
٢٢/ بەکر شارستێنی
٢٣/ سابیر یاخیانی
٢٤/ قادر زەرونی

٢٥/ سالّح شارستێنی
٢٦/ زرارو هەمزە
٢٧/ حەمەمین شارستێنی
له گەڵ پێشمەرگەکانی تیپی خالّخالّان.

تـــیپی 87ی قـــەرچوخ
خـــۆرخورە یـــاخیان

دوای ئەوەی لە زنجیرەی دابان دابەزینە سەرگەڵو کاک کۆسرەت برووسکەی بۆکردن بچنە خورخورە- مەرگە.

پێشمەرگەکانی قەرەچوخ بەڕێکەوتن شەوێکی باراناوی بوو باران سەراپای جەستەی تەڕکردبوون باران لە تەوقی سەرەوە تا بنەپێ دادەچۆڕا هەتا گەیشتنە خورخورە باران لێیدان لەوێ ئاگریان کردەوەو خۆیان ووشک کردەوە.

دوای خۆ ووشک کردنەوە ناردیانن بۆ داری زەکەریا چوونە شوێنی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان لە بەرزاییەکانی زەکەریا دابەشبوون بۆ بەیانی تۆپبارانی خەستی سەنگەرەکانی تیپی قەرەچوخ لە داری زەکەریا دەستیپێکرد، چەند پێشمەرگەیەک چوونە خواروی زەکەریا پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی قەرەچوخ سەخت و دژوار بوو پێشمەرگەکان بەرگری سەختیان لە سەنگەرەکانیانکرد فیشەکێک لە بەردێکیدا بەرچاوی سەردار کەوت ساچمەیەک بەر سەری زانا کەوت، هاشم شەمامکی چەند ساچمەیەکی بەرکەوتبوو خوێن بە پەنا گوێیدا دەهاتە خوارەوە.

هێزێک بە فەرماندەیی سەعیدی حەمە زیادو نوری قادر باریکە جێگری تیپی قەرەچوخ هاتن بۆ پشتیوانی پێشمەرگەکانی داری زەکەریا بە نێو تۆپباران و دەستڕێژی گوللەدا بریندارەکانیان بردە نەخۆشخانەی گۆمەزەڵ.

نوری قادر باریکە جێگری تیپی قەرەچوخ لە گەڵ عەلی بچکۆل سەرپەرشتیاری شەڕگەکە بەشداری شەڕگەکە بوون.

پێشمەرگەکانی تیپی قەرەچوخ لە داری زەکەریا هاتنە خوارەوە بۆ خورخورە چوونە خانوویەک خواردنیان دروستکرد تۆپ لە خانووەکەیدان.

ڕەبییەیەکی دوژمن بە سەر شارستێندا دەیڕوانی تیپی ٧٨ی قەرەچوخ بە فەرماندەیی نوری قادر باریکە جێگری تیپی قەرەچوخ چوون بۆ لێدانی ڕەبییەکە بەرەبەیان یەکەم گوللەی ئاربیجیان لە ڕەبییەکەدا شەڕ دەستیپێکرد دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا تۆپبارانی سەخت دەستیپێکرد پێشمەرگەکان لە ناو

خورخورەوە چوون بەرەو پیری شەڕەکە شەڕێکی سەخت و بێئامان درووستبوو پێشمەرگە پاشەکشەیکرد.

دوا شـــەڕ لە زیـــنووی خـــورخورە

دوای دەست بەسەراگرتنی ڕەبییەکانی زینوی خورخورە، هێزەکانی داگیرکەر پەرش و بڵاو بوون بە ناوچەکەدا، جگە لەو ژمارە بەرچاوەی سەرباز کە لە هەڵمەتەکانی چەند شەوی ڕابردووی هێزی پێشمەرگەدا کوژرابوون ژمارەیەکی زۆریشیان هەڵاتبوون، چوونکە شارەزای ناوچەکە نەبوون و ترسی پێشمەرگەشیان لە دڵدا بوو لە دەوروبـەری ڕەبییەکانی زینووی خورخورەو ناوچەکە خۆیان حەشاردابوو.

وێنەو دیمەنی چەند سەربازێک کەوتە بەرچاو کە لە خوار بەرزاییەکانی زینووی خورخورە ڕاکشا بوون پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ چەند فیشەکێکیان پێوەنان دوای تەقاندنی چەند فیشەکێک نزیکەی ٦٠ سەربازی دوژمن لە پەنا دارو درەخت و تاشەبەردەکانی ناوچەکە دەرپەڕین و هێرشیان دەستپێکرد و زینی خورخورەیان گرتەوە.

پێشمەرگە دژە هێرشیان کردەوە سەریان و جارێکیتر زینووی خورخورەیان لە پۆستاڵی ڕەشی داگیرکەر پاککردەوە، لەو دژە شەڕەدا پێشمەرگە ئازاد ئەحمەد فـەرەج بریندار بوو، زۆربـەی هـەرە زۆری سەربازەکانیش کـوژران و زینووی خورخورە بۆ لەشکری داگیرکەران بووە ساکە گۆڕ.

نـــــوکتەو نـــــاوساجی

ئێوارەیەک کاک عەلی بچکۆڵ هەندێک ناوساجی و ماسی قوتوی بە زاهیری مەلا عەلی و فەقێ عەلیدا ناردبوو بۆ هێزەکەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، ناو ساجی و ماسییە قوتوەکانیان خستبووە سەر پشتی گوێ درێژێک، شەو لە ڕێگا لایان دابوو گوێدرێژەکەیان بەستبوەوە تەگبیریان کردبوو بەیانی بەڕێبکەون، کاتێک پێدەزانن گوێدرێژەکە ناوساجییەکانی خواردوەو قوتوە ماسیەکانیش هەر یەکەو بەلایەکدا پەرش و بڵاون.

بـــــرووسکەیـــەک

بروووسکەیەک لە سەرکردایەتی بۆ تیپی ٤٣ی ئاسۆس، وەرنـە گۆمەزەڵ و سیرەمێرگ، تا سەری کەر کەر نەگیراوە کە ڕێگای سەرگەڵو بەرگەڵو لێکدەپچڕێنێ، تیپی ٤٣ هەر لە سیرەمێرگ بوون دوای ئەوە بەڕێکەوتن بۆ شاناخسێ، ئێوارەی ٢١ی مانگ لە گەڵ کردنەوەی ئاگری نەورۆزدا گەیشتنە شاناخسێ.

ئـەوانـەی خێزاندار بـوون بـەرەو شارەکانی ئێران بەڕێکەوتن بۆ سۆراغی خێزانەکانیان ئەوانەشی سەڵت بوون لە شاناخسێ مانەوە.

بەداخەوە لە کاتی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە شارستێنەوە بۆ دۆڵەبی، پێشمەرگەیەک کـەوتـە دەسـت جـاش و سـوپـاو بـەدیل گـیـرا، بـەڵام جاشەکان پاراستبوویان.

تـــیپی 83ی هـــــەورێ

تیپی ٨٣ی هەورێ لە ئەنفالی یەکدا چوونە گەڕەدێ چەند ڕۆژێک لە گەڕەدێ مـانـەوەو دواتـر چوونە کانی هەرمێلە، تیپی هـەورێ بە نـاو قـەدی پیربایزەوە بارەگایەکی بچوکیان هەبوو.

ســێ کـــوچکە
بـــەفر، بـــــەعس، چـــــۆم

تیپی هەورێ سێ دوژمنی سەر سەختیان هەبوو:

- دوژمنی یەکەم بەعس بوو
- دوژمنی دووەم بەفرێکی ئەستووری بالاکەوتوو بوو
- دوژمنی سێیەم چەمی مالومە گەڕەدێ بوو کە لە پشتی کانی هەرمێلە تێکەڵ دەبوون و لێکیان دەدایـەوە، چەمەکە بە جۆرێک بە هاژەو لرفە بوو، بە جۆرێک هەستا بوو بواری پەڕینەوەی نەدەدا.

تیپی هەورێ لە بەردەم سێ کوچکەی بەعس، بەفر، چەمێکی بێئاماندا خۆڕاگرو دەست لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوون.

تیپی ٨٣ی هەورێ ماوەیەک لە ناوچەکە مانەوە دوژمن هێزێکی زۆری هێنا بووە دەوروبەری باڵخ، هێزی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەریان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

ئێوارەیەک هێزێکی دوژمن هاتنە بناری پیر بایز پێشمەرگە تەقەیان لێکردن هێزەکەی دوژمن لە ناو ئەشکەوتێکدا خۆیان حەشار دابوو نەیاندەتوانی بچنە سەرەوە.

سەربازێک سندوقە فیشەکێکی هێنابوو بیگەیەنێتە ئەو سەربازانەی لە ناو ئەشکەوتەکەدا مۆڵیان خواردبوو، عەزیز قادر پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ سەربازەکەی دەستگیرکردوو گەیاندییە تیپی هەورێ.

سەربازەکە دوو سەمونی لە گیرفاندا بوو دیار بوو ژەمی ئەو ڕۆژە بوو وەریگرتبوو، مامۆستا زانا لێکۆڵینەوەی لە گەڵ سەربازەکەدا دەکرد لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت جێگر فەوجەکەیان ناوی تاریقەو بریندارە دوای ماوەیەک سەربازەکەیان ڕەوانەی سەرکردایەتیکرد.

دۆخی پێشمەرگە لە ناو بەفردا ناهەموار بوو بەفرێکی گەورە باریبوو، پێشمەرگە لە سەر بەرزایی دارەکان بە پانتایی چەند داریک خێمەیان هەڵدابوو تیایدا دەخەوتن.

دارەکان کەوتبوونە ژێر بەفر دەبووایە بەفرەکە لادەن تا ڕەشایی دەردەکەوێت تا کۆلکەدارو تەڵاشی ژێر بەفرەکە دەربهێنن دارەکان ووردکەن و زۆپا گڕدەن.

لە ناو بەفری باڵا پیاوی گەڕەدێ، کانی هەرمێلە دەرفەتی خۆشتن، گۆرەوی شتن، دەموچاوشتن نەبوو، مۆرانەو ئەسپێ هەراسانی کردبوون.

سەرەتا تیپی هەورێ بە ناو قەدی پیربایزەوە بوون دواتر هاتنە گەڕەدێ و هەرمێلە هەندێک ڕۆژ چەمەکە هەڵدەستا بواری پەڕینەوەی نەدەدا دەبووایە بە گوریس بپەڕنەوەو نان بهێنن.

قادر سەر سیانی برنج و فاسۆڵیای هێنابوو هاتەوەو ووتی مردم، قادریان داپۆشی بەتانییان پێدادا قادر خۆیکرد بە مردوو، ئەحمەد هەرتەلی ووتی قادر مرد با هەڵیدەینە ناو بەفر بۆگەن نەکات، قادریان هەڵگرت هەڵیدەنە ناو بەفر قادر

هەستاو ووتی نەکەن هەڵمدەنە دەرێ بە گاڵتەوە وامکرد.

تیپی هـەورێ لە کانی هەرمێلە مانەوە، ڕۆژی ١٩٨٢/٢/٢٨ سووپای عێراق پـەلامـاری ڕۆژهـەڵاتـی گەڕەدێیدا، پێشمەرگەکانی تیپی باواجی پەلامارەکەیان تێکشکاند، سەربازێک کوژراو یەکێکیتر بریندار بوو.

دوای ئەو تێکشکانە دووبارە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی باواجیان دایەوە، تیپی باواجی لێیاندانەوە، لەو بەرپەرچدانەوەیەدا شێخ ئیسماعیل جێگیری فەرماندەی تیپی باواجی شەهید بوو کاکە شێخ فەرماندەی مەفرەزە بریندار بوو تەرمی شێخ ئیسماعیل بۆ ماوەی ٨ ڕۆژ لە بەرگەڵو شاردرایەوە.

دوای شەهید بوونی شێخ ئیسماعیل تیپی ٩٠ ی باواجی چوونە خوڕخوڕەو یاخیان لەوێ سەنگەریان گرتبوو تەقەمەنییان لە بەرگەڵو دەگواستەوە بۆ خوڕخوڕە.

دوای هەشت ڕۆژ لـە شەهید بـوونـی تـەرمـی شێخ ئیسماعیل لـە بەرگەڵو گواستراپەوەو بە گۆمەزەڵ و سەفرەو زەرون و قاسمەڕەش و قەڕناقاو پشت ئاشان و مارە دوێ، بردیانە وەرتێ و بەخاکیان سپاردەوە.

دوای پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی ٩٠ی باواجی لە گەڕەدێ، دوژمن لە باکوری ڕۆژهـەڵاتەوە بە سەر بارەگای تیپی ٨٣ی هەورێ زاڵبوو.

لەو ماوەیەدا سەعیدی حەمە زیاد لە تیپی ١٢ی سۆران گواستراببووەوە کرابووە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ، سەعیدی حەمە زیاد تیپی ٨٣ی هەورێی جێهێشت و نەگەڕایەوە کاکە جوان کرایە فەرماندەی تیپی هەورێ.

دوژمـن بە سەر بارەگای تیپی ٨٣ی هەورێدا زاڵبوو، چەمی نێوان مالومەو گەڕەدێ هەستابوو لە ئەنجامی هەر پەلامارێکی دوژمن گوماندەکرا دەیان پێشمەرگە لە چەمەکەدا بخنکێن هەر بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٩ تیپی ٨٣ی هەورێ لە چەمەکە پەڕینەوەو چوونە نێوان مالومەو چۆخماخ، شوێن بارەگاکانی پێشووی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٩ کاک کۆسرەت بروسکەیەکی بۆ تیپی هـەورێ کرد هەر ئەمشەو بگەنە سەر مۆرد، تیپی ٨٣ی هەورێ گەیشتن لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٠ تیپی

هەوریێ نێردرانە وورچەچ لە پشتی سێکانیان.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٦ هێزەکانی دوژمن پەلاماری وورچەچیاندا و مامۆستا زاناو پێشمەرگەیەکیتر بریندار بوون.

شـــەهید بوونی مـــامۆستا زانـــا

مامۆستا زانا بریندار بوو خستیانە سەر پشتی وولاخێک و هێنایانە خوارەوە، سەلاح میرگە سەری لە سەر سەری مامۆستا زانا بوو دوو فرمێسک بە چاویدا هاتنە خوارەوەو کەوتنە سەر سمێڵی، مامۆستا زانا دەمی کەفی کردبوو چاوی دەگێڕا دەتووت بۆ کەسێکی ئەزیزی بۆ دایک و باوک و خوشک چاودەگێڕێ، مامۆستا زانا دەمی کەفی هەڵدەداو شەهید بوو، تەرمی مامۆستا زانایان بردە بەرگەڵو لەوێ بەخاکیان سپارد.

ورچەچ بە سەر هێزەکانی دوژمندا زاڵ بوو، دوژمن لە بەر هەناسەی ورچەچدا بوو دەمانچە هاوێژێک دوور بوو نەیاندەتوانی لە بەر بیکەیسی پێشمەرگە سەر دەربێنن خۆیان نیشان بدەن.

سێ بەردی گەورە بە شێوەی سێگۆشە لە سەری وورچەچ بوون بەفریان لە سەر نەکەوتبوو بە کەڵکی دانیشتن دەهاتن، لە وورچەچ شوێنی خەوتن نەبوو تەنها دەیانتوانی لە سەر ئەو بەردانە پشوویەک بدەن.

دوژمن تۆپبارانی سەختی وورچەچی دەکرد تەنەکەیەک گۆشتی کوڵاو لە ناو بەردەکاندا دانرابوو تۆپێک لەو دیوی بەردەکانیدا پێشمەرگەکان لە بەردەکان دوورکەوتنەوە، تۆپی دووەم هات، تۆپی سێیەم لە تەنەکە گۆشتەکەیدا، تاقم و تفەنگ و جامانەو جلووبەرگی پێشمەرگەی هەڵدایە ئاسمان و دەکەوتنە خوارەوە.

ئەندام پێشمەرگەی تیپی هەوریێ بوو دیار نەمابوو تەوژمی تۆپەکە هەڵیدابووە کەنەکە شاخێکەوە، ئەندام سەلامەت بوو سەرکەوتەوە بۆ لای هاوڕێکانی.

ئەحمەد هەرتەلی دوو بزن و دوو کاری لە گۆمە زەڵ گرتبۆوەوە، سێ سەریدایە تیپەکەو سەرێکی بۆ ئەندام کرد بە خێر کە بە سەلامەتی دەرچوو، عەزیز داود بە پێکەنینەوە بە ئەحمەد هەرتەلی دەوت بە مالّی حەرام خێر بۆ خەڵک دەکەیت.

هێزەکەی تیپی ٨٣ی هەورێ پاشەکشەیانکردوو بەرەو گەلاڵە بەڕێکەوتن، دڵشاد لە ڕێگە پەکی کەوتبوو نەیدەتوانی بڕوات دەیووت جێمبهێڵن، هێزەکە دەڕۆیشت ئەحمەد هەرتەلی و دڵشاد مابوونەوە ئەحمەد کلاشینکۆفەکەی خۆیدایە دڵشادو فیشەکەکانی لێدەرهێناو بیکەیسییەکەی لە دڵشاد وەرگرت و بە دڵشادی ووت دەڕۆی برۆ ناڕۆی دەتکوژم، دڵشاد پێشکەوت و ئەحمەد بە دوایدا گەیشتنە گەلاڵە لەوێوە چوونە شاناخسێ لەوێشەوە بۆ سەردەشت.

لە شەڕی وورچەچ محەمەد بیکەیسی سەدان گوللەی بیکەیسی نا بە سەربازەکانی دوژمنەوە دەیانی لێخستن.

لە مانگی ١٩٨٨/٥ تیپی هەورێ گەڕانەوە سەنگەرەکانی بەرگری لە مەڵبەندی (٣) لە گەرەوان و زیخی گەرەوان.

تـــیپی 87ی قـــەرەچوخ

مانگی دووی ساڵی ١٩٨٨ تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بە فەرماندەیی نوری قادر جێگری تیپی قەرەچوخ بەرەو ناوچەکانی سەرکردایەتی هاتن ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ گەیشتنە شەدەڵە شەوێک لەوێ مانەوە، دواتر چوونە کلکەی پیرەمەگرون.

شەوی ١٩٨٨/٢/٢٦\٢٥ پەلاماری دوژمن بۆ سەر قوڵە سەوزو قوڵە پۆشینە دەستپێکرد، دوو کاتژمێر جارێک پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکاندا یەکتریان دەگۆڕی.

بەفرێکی زۆر باریبوو زستانی ئەو ساڵە سەخت بوو هێندەیتر پیرەمەگروونی سەختتر کردبوو پێشمەرگەکانی قەرەچوخ لە ناو ئەشکەوتێکدا دەمانەوە، لەوێوە دەچوونە سەنگەرەکان، لە سەنگەرەکانیشەوە دەگەڕانەوە ئەشکەوتەکە بۆ پشوویەکی پێشمەرگانە پشوویەک لە ژێر لورەی تۆپ و بەفری هەتا ئەژنۆ سەرتری پیرەمەگرونی سەر لە هەور گیر کردوو.

سەنگەرەکانی تیپی قەرەچوخ ڕووتەن و ڕووخاو بوون بەرز نەبوون لە بەر ڕەحمەتی تۆپخانەی دوژمندا بوون هەر چرکەیەک چاوەڕێ بوون تۆپێک لە سەنگەرەکانیان بدات.

پێشمەرگەکانی تیپی قەرەچوخ لە سەنگەرەکانیاندا دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ و چاویان لە سەر قەرەوڵی تفەنگ بوو کاتێک دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانیدان، شەڕ لە نێوان تیپی قەرەچوخ و دوژمندا دروستبوو پێشمەرگەکانیتری تیپی قەرەچوخ بەرەو سەنگەرەکان ڕۆیشتن، ئیسماعیل عەسکەری و چەند پێشمەرگەیەک چوون بۆ هاوکاری هاوڕێکانیان .

ئـــیسماعیل عـــەسکەری

ئیسماعیل عەسکەری تازە هاوسەرگیری کردبوو زۆر هەوڵیان لە گەڵدابوو لە بارەگای تیپ بمێنێتەوەو نەیەت لە گەڵیان بەڵام سوودی نەبوو ئیسماعیل ڕازینەبوو.

کاتێک پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی قەرەچوخ لە کلکەی پیرەمەگرون دەستیپێکرد مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئیسماعیل عەسکەری بەرەو سەنگەرەکان ڕۆیشتن، تۆپبارانی سەخت لە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو لە

ڕێگای گەیشتن بە سەنگەرەکاندا تۆپێک ئیسماعیلی بردە ئاسمان و بەریدایەوە.

ئەو ڕێگەی کە دەیبردنە ناو سەنگەرەکان دەبووایە بە گورگە لۆقە بڕۆن لە کاتی تۆپبارانداا خۆیان نەوی بکەن بەڵام ئیسماعیل خۆی نەوی نەکردوو تۆپ لە قاچیدا.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە سەخت بوو، ئیسماعیل و هاوڕێکانی چوون بۆ هاوکارییان بەڵام ئیسماعیل پێکرا لەتیفە سوور گەڕایەوە لای هاشم شەمامکی ووتی ئیسماعیل بریندارە ئێمەش نەگەیشتووینە سەنگەرەکان.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی قەرەچوخ بەردەوام بوو پێشمەرگەکانی قەرەچوخ بەرگری سەختیان دەکرد، مامۆستا سەردار سیانزە ئاربیجی بە پێوە تەقاند تۆپێک هەڵیدایە ئەو دیو سەنگەرەکەوە پەردەی گوێی زیانی پێگەیشت.

ئیسماعیل عەسکەرییان لە بەتانییەکدا بردە خوارەوە قاچی ئیسماعیل تەنها ڕەگێکی مابوو ئیسماعیل بە موشیری ووت نەمووت شەهید دەبم کوا قاچەکەم لەتیف دەستیدایە قاچی ئیسماعیل و ووتی ئەوە قاچەکەتە ئیسماعیل ووتی ئەدی چی بە هاوسەرەکەم بڵێم ئەو قسەیەی ئیسماعیل کاریگەری زۆری لە سەر هاوڕێکانی دانا.

بە پارچە پشتێنێک قاچی ئیسماعیلیان پێچا بە سەر بەفردا بردیانە خوارەوە بۆ مێرگەپان ئیسماعیل بە دەم ئازاری برینەکەیەوە هاواریدەکرد بمبەنە خوارەوە هێندەی نەبرد ئیسماعیل لە هاوار کەوت و چاوەکانی لێکنا، دوای شەهید بوونی ئیسماعیل یان لە مێرگەپان بە خاکیان سپارد.

هێزێک دەهاتن تیپی قەرەچوخ بگۆڕن دەبووایە بچن بە دوای هێزەکەدا بیانهێننە کلکەی پیرەمەگرون، ڕێبین شەمامکی هاتە خوارەوە بە دوای هێزەکەدا بە سەر بەفرەکەداو بەو شوێنەی ئیسماعیلیان پیادا بردبووە خوارەوە خوێن بە سەر بەفرەکەدا ڕژابوو پێدەچوو تووشی خوێن بەربوون بووبێت.

ڕێبین گەیشتە خوارەوە بۆ لای هێزەکە ناچار لە گەڵیان سەرکەوتەوە چوونکە سەر نەدەکەوتن لە گەڵ گەیشتنی هێزەکە بۆ کلکەی پیرەمەگرون ووتیان شەدەڵە گیرا، تێکڕا هێزەکان کلکەی پیرەمەگروونیان جێهێشت و هاتنە خوارەوە بۆ مێرگەپان.

پێشمەرگەکان ئەتووت لە ئاوت هەڵکێشاوون سەرمایانبوو لە ماڵێکدا ئاگریان کردەوەو جلەکانیان ووشک کردەوە.

بۆ بەیانییەکەی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ سەرکەوتنە سەر زنجیرە چیای دابان، بە سەر زنجیرە چیای داباندا دابەشبوون، هێزەکە کرایە سێ بەش، سێ بەش لە یەک زنجیرە شاخ هەر بەشە ماوەیەک نێوانیان بوو.

تۆپبارانی سەخت لە سەر دابان بوو بەردەوام تۆپخانەی دوژمن زنجیرەی دابان و دەوروبەری دەکوتا.

شوێنی پێشمەرگەکانی قەرەچوخ سەخت بوو چیای دابان دانە بەردی گەورە، ڕکەو ڕچەو ڕەوەزو گابەردی گەورەیە، بەفر تا ئەژنۆ بوو دابان ساردوو سڕوو بێبەزەیی پێشمەرگە بێ ئاگرو گەرم کەرەوە بوون، هەر پێشمەرگەیەک ناوساجییەکی پێبوو.

سەرمای دابان گەلە گورگی دەتەزاند چ جای پێشمەرگەی بێ ئاگرو گەرم کەرەوە، پێشمەرگە وردی لە کێوان بوو بەڵام ووردەو بەفرو دەست و پەنجەی تەزیوو دوو بابەتی جیاواز بوون.

پێشمەرگە کەسیرە ببوون لە ناو خێمەو نایلۆندا شەویان دەگەیاندە بەیان ڕۆژیان بە شەو دەسپارد، هەر پێشمەرگەیەکی ئێشککگر هەتا نۆرەی تەواو دەبوو دەست و قاچی لە جوولەو دەموو دووی لە گۆ دەکەوت.

پێشمەرگە بێخواردن، بێنان، بێچا، بێ گەرمکەرەوە بوون، سەردار عەرەبییان ناردە خوارەوە بۆ بارەگای مەڵبەند لە سەرگەڵو تا خواردنیان بۆ بهێنێ کاتێک سەردار گەڕایەوە لە جیاتی خواردن دەبە نەوتێک و چەند پێڵاوێکی لاستیکیان دابوویە بیسووتێنن ووتبوویان خواردن نییە بەیانی دەتانگۆڕین.

شەوی دووەم لە ئێوارەوە کردییە زریان، بەفر بە باوە دەباری، بەردی گەورەیان خستە ژێر خێمەکە با نەیبات بەڵام ڕەشەبا خێمەکەی هەڵگرت و بردی پێشمەرگەکان کەوتنە ژێر بەفری ئەو کوێستانە سەختە.

مەفرەزەکەی موشیر هەر ئێوارە ڕۆیشتنە خوارەوە موشیر ووتی من بەرپرسیاریەتی ئەو پێشمەرگانە هەڵناگرم هەموویان شەهید دەبن.

مووشیر چووە خوارەوە بۆ سەرگەڵوو لە دەرگایەکیدا ژووریێکی گەرم و گوڕ زۆڕپا کڵپەی دەکرد پشکۆ کەوتبوو، فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەرگای لێکردنەوە ووتی ئێوە کێن ووتیان پێشمەرگەین، فەرماندەکە ووتی بۆ جێگەی خۆتان چۆڵکردووە بێپرس، موشیر ووتی وەرە تۆ بچۆرە شوێنی ئێمە، موشیرو مەفرەزەکەی قەرەچوخ گوێیان نەدایە قسەی فەرماندەکەو تا بەیانی لێیخەوتن.

دوای ڕۆیشتنی موشیر مەفرەزەی هاشم شەمامکی لە سەر دابان مانەوە خێمەکەیان با بردی کەوتنە بەر ڕەحمەتی زریان و بەفر.

تۆپبارانی سەخت دەستیپێکردەوە پێشمەرگە لە ناو زریان و بەفردا وەنەوزیان دەدا هێندە هیلاک و ماندوو بوون.

بۆ بەیانییەکەی زریان نەما، خۆرهەڵات ئەو دابانە سپی دەچووەوە هەتاو لە سەر بەفرەکە کەوتبوو برسیەتی تینی هێنابوو.

شەریفی قورئانی هاتە سەردابان تۆپبارانی ئوردوی دوژمن بکات، تۆپخانەی شۆڕش لە دامێنی چیای دابان تۆپبارانی دوژمنیان دەکرد ئێوارەیەکی درەنگ هێزێک هاتە جێگەی تیپی قەرەچوخ، تیپی قەرەچوخ چوونە خوارەوە بۆ سەرگەڵو.

پێشمەرگەکانی قەرەچوخ لە چوونە خوارەوەدا ڕەتەڵیان دەبرد قاچیان سڕو هیلاک و شەکەت و ماندوو بوون چوونە خوارەوە بۆ سەرگەڵوو لەوێ خۆیان شت قەلێکیان دۆزییەوەو گرتیان، برنجێکیان بۆ لێناو خواردیان.

بەشێک لە تیپی قەرەچوخ لە زنجیرەی دابان مابوون نوری قادر باریکە سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد، ڕەتڵێک ڕاجیمە دای لە سەرگەڵو کڵاوەی کیمیایی هەڵگرتبوو.

دوای پشوویەک پێشمەرگەکانی قەرەچوخ خۆیان ڕێکخستەوە هێرش بکەنە سەر شەدەڵە، تاریکە شەو بوو تیپی قەرەچوخ لە گەڵ هێزەکانیتر چوونە خوارەوە بۆ ناو شەدەڵە تا ناو قەدی پشتێنەکانیان ئاوو بوو، ئاو هەستا بوو گەیشتنە نزیک شەدەڵەو ڕاوەستان نەیانتوانی بەدیوی میرگەپاندا بپەڕنەوە بەیانییەکەی سەرکەوتنە سەردابان دواتر چوونە بەری مەرگە.

تیپی ٦٣ی جووتیاران و تیپەکانیتر لە ناو شەدەڵە شەڕی گەورەیانکرد محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپی ٦٣ی جووتیاران شەهید بوو.

کاک کۆسرەت بروسکەی بۆ هێزەکە کرد بچنە بەری مەرگە، کەرتی ٤ ی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە دابان مانەوە کەرتی ٦ بەرەو بەری مەرگە بەڕێکەوتن کاک کۆسرەت تەوقەی لە گەڵ پێشمەرگەکاندا کرد هەر پێشمەرگەیە بارانگیرێک و پوتێکی ئێرانی پێدان.

چـــیای ســـەرکەشی دابـــان

چیای سەرکەشی دابان کەوتووەتە نێوان چەرماوەندو هەلاج کەمێک نزمترە لەوان، ڕێگەی نێوان سورداش و مێرگە پان و دۆڵی جافەتییە، لە سەرەتاوە ڕێگەی دابان بە کرێکارو کاری دەستی دروستکراوە بووەتە ڕێگای سەرەکی.

لە سەری دابان داربەڕوویەک هەبووە داری قۆناغیان پێووتووە دارەکە خەڵک پشوویان لێداوە خێرۆمەند کوپە ئاویان لێداناوە بۆ کاروانچی.

ڕێگاکە ببوو بە دوو بەش بە لای سەرگەڵوو – هەڵەدن، چیای دابان تایبەتمەندی خۆی هەیە ڕەشەبایەکی زۆری هەیە و درەختی لێناڕوێت بەڵام دارگوێزو دار هەرمێی بە خۆڕسک لێڕوواوەو گەورە بوون، هەرمێ ڕەشەی دابان بەناوبانگ بووە خەڵک لێی خواردون.

زنجیرەی دابان دار قەزوانی هەیە، ئاژەڵی کێوی هەبووە، لە شۆڕشی ئەیلول دابان پێشمەرگەی لێبووە، لە شۆڕشی نوێشدا بە هەمان شێوە پێشمەرگەی لێبووە.

دوای دەست بە سەردا گرتنی زنجیرە چیای دابان لە ١٩٨٥/٢/١٥ سەری دابان دۆشکەی لێبووە تا ئەنفالی یەک لە ساڵی ١٩٨٨.

تیپی 55 قەرەداخ لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا گەڕەدێ، پیربایز

حەمە قاشتی جێگری تیپی ٥٥ قەرەداخ بوو، هێزێکی تیپی قەرەداخ بە فەرماندەیی حەمە قاشتی لەگەڵ تیپەکانیتری گەرمیان بانگکرانە سەرکردایەتی دوای گەیشتنی هێزەکانی گەرمیان بۆ ناوچەکانی سەرکردایەتی بۆ ڕۆژی دوایی کاک نەوشیروان فەرماندە تیپ و جێگر تیپەکانی بانگکردە بەرگەڵو.

فەرماندەکانی مەڵبەندی یەک و دوو سێ چوونە بەرگەڵو بۆ نیوەڕکەی میوانی کاک نەوشیروان بوون، دوای نانخواردن کاک نەوشیروان کۆبوونەوەی بە فەرماندەکانکرد، کاک نەوشیروان پێیوتن بـرادەران با بەسەراحەت قسە بەکەین حکومەتی عێراقی بڕیاریداوە پەلامارمان بدات، ئێوە ئەگەر بتوانن هێزی پێشمەرگە ئەگەر بتوانن تەنها یەک مانگ بەرگری بکەن حکومەتی عێراقی بڕواناکەم سەرکەوتوبێت، ئێمە دەتوانین سەرکەوتن بەدەستبهێنین، پێتاندەکرێت یان نا، هەموو فەرماندەکان ووتیان بەڵێ بەرگریمان پێدەکرێت، کاک نەوشیروان دەستخۆشی لێکردن دوای کۆتایی هاتنی کۆبوونەوەکە هەریەکە چوونە ئەو شوێنەی بۆیان دیاریکرابوو.

تیپی ٥٥ قەرەداخ چوونە چۆخماخ شەوێک لەوێ مانەوە پشویاندا خۆیانشت و ڕیشیان تاشی بۆ ڕۆژی دوایی تیپی ٥٥ قەرەداخ چوونە زنجیرە شاخی حاجی عەرەبان لە پشتی گەڕەدێ، ئەو زنجیرەیەی دریژ دەبێتەوە بۆ گۆجار لە زنجیرەی حاجی عەرەبان کە شۆڕدەبیتەوە بەرەو باسکەلوس دێتە خوارەوە بۆ خڕی بوبی کە دیوێکی دۆڵی کانی چنار و دیوەکەیتری گەڕەدێیە.

پێشمەرگەکان سەنگەریان لێدا ئامادەبوون ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ شەڕ دەستپێکرد باسکەلوس لە نێوان پێشمەرگەکانی قەرەداخ و هێزی دوژمندا بوو.

پێشمەرگەکانی قـەرەداخ چـاودێـری نـاوچـەکـەیـانـدەکـرد هێزێکی دوژمـن هاتنە باسکەلوس کاک کۆسرەت، مـلازم عومەر، شێخ جەعفەر سەرپەرشتی شەڕگەکەیاندەکرد حەمە قاشتی پەیوەندی پێوەکردن ووتی هێزێکی حکومەتی عێراقی هاتووەتە سەر باسکەلوس و لەبەرانبەرئێمەن، دەمەو ئێوارە دوو کەرتی

پێشمەرگەیان نارده لای تیپی قەرەداخ بەو نیازەی شەو لە هێزەکەی دوژمن بدەن تا نەهێڵن بیکەنە مۆڵگەی خۆیان، کەرتێکی تیپی قەرەداخ و یەکێک لەو دوو کەرتەی ناردبوویان شەو بەیەکەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی باسکەلوس و گرتیان، هێزەکەی دوژمن تێکشکاو کۆمەڵێک چەک و هاوەن و جیهاز و تەقەمەنی کەوتە دەست پێشمەرگە.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی دوژمن تۆپبارانی سەختی گەڕەدێ و زنجیرە شاخی حاجی عەرەبانی دەستپێکرد بەڕاجیمە و تۆپ ئەو شاخ و کێوانەی دەکوڵاند دواتر بەهێزی سەربازی پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرەی حاجی عەرەبان، قارەمانەکانی قەرەداخ پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند هەفتەیەکی بەردەوام هێزی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، پێشمەرگەکانی قەرەداخ سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاندن هێزی دوژمن دەهاتنە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگە لێیاندەدان و دەشکان لەو شەڕانەدا دوژمن سەدان کەسی لێکوژرا.

هاوکات لەگەڵ پەلاماردانی دوژمن بۆسەر سەنگەرەکانی تیپی قەرەداخ لە زنجیرەی حاجی عەرەبان دوژمن لە تێکڕای قۆڵەکانیترەوە پەلاماری بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد لەو زنجیرەی حاجی عەرەبان تا گۆجارێ بەفرێکی زۆر باریبوو ٤٠ سانتیم بەفر لەو کێوانە کەوتبوو پێشمەرگە لەناو بەفردا شەویان ڕۆژ دەکردەوە هەرچەند پێشمەرگەیەک لە سەنگەرێکدا پارچەیەک نایلۆنیان دابوو بەسەرخۆیاندا دەست لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگ تا بەیان لەناو بەفری ئەو کوێستانەدا چاویان نەدەچووە خەو .

تیپی ٥٥ قەرەداخ بە فەرماندەیی حەمە قاشتی لە زنجیرەی حاجی عەرەبان هەریەک لە فەرماندە کەرتەکان کاوەی وەستا گوروون، دێوحەسەن، خەلیل سەرکانی لەگەڵدا بوو، کەرتێکی تیپی ٥١ گەرمیان بەفەرماندەیی جێگری کەرت عەلی سوور هاتنە لای پێشمەرگەکانی قەرەداخ لەوشەڕانەدا عەلی سوور بریندار بوو.

دوای ئەوەی تێکڕای پەلامارەکانی دوژمن لەبەردەم ئیرادەی پێشمەرگەدا تێکشکان هێزێکی دوژمن لە گۆجارەوە پشتیان لە هێزی پێشمەرگە گرت بەڵام

قارەمانەکانی قەراخ و گەرمیان شکستیان بە پیلانەکەی هێنا و زەرەرو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

نیوەڕۆیەک حەمە قاشتی دابەزیبووە خوارەوە بۆ ناو دێی گەڕەدێ لای بەرزانی قالەی خەڵوز دانیشتبوو زۆرینە برد خەلیل سەرکانی لەسەر شاخەوە جیهازی بۆ حەمە قاشتی کرد ووتی بریا نەچوویتایە خوارەوە ئەگەر دەرفەت هەیە سەیرێکی پشتی خۆمانبکە، حەمە قاشتی هاتە دەرەوە بە دووربین سەیری پشتی خۆیانیکرد ووتی خەلیل هیچ نابینم، خەلیل ووتی هەموویان جلی مطری سپییان لەبەردایە ٥٠٠-٦٠٠ سەرباز پشتی گرتوین.

لە زنجیرە شاخی گۆجارەوە ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ سەرباز جلی مگری سپییان کردبووە بەریان هاتبوون بۆ پشتی پێشمەرگەکانی قەرەداخ لەو پێشەوە هاتبوونە خوارەوە بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە زۆریان نەمابوو بگەنە سەنگەرەکان، حەمە قاشتی بە خەلیل سەرکانی ووت شەش پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشەوە دانێ با ڕوویان لە شەڕگە کۆنەبێت پێشمەرگەکانیتر ڕووبکەنە سەرەوە وا منیش هاتم، حەمە قاشتی لەگەڵ کەرتەکەی تیپی ٥١ گەرمیان سەرکەوتنە سەرشاخ هێزەکەی دوژمن بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان دەهاتن شاخەکە تەختاییەکی تیابوو حەمە قاشتی ووتی کە گەیشتنە تەختاییەکە لێیاندەن، کۆمەڵێک پێشمەرگەی قارەمان لە هێزەکەی دوژمنیاندا زیاد لە ٣٠ تەرمی سەربازی دوژمن کەوتنە بەرپێی پێشمەرگە هێزەکەی دوژمن شکا.

دەستکەوت چوار بی کەی سی بوو، دووربینی شەویان لەسەر بوو یەکەمجار بوو پێشمەرگەکان بی کەی سی لەو جۆرە ببینن سەربازەکانی دوژمن لە قوتەیەک گیرسانەوە پێشمەرگە هێرشیانکردە سەریان و ئەو قوتەیەشیان لێسەندنەوە کە شەو بەسەرداهات پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر هێزە پەرتەوازەکەی دوژمن بە نارنجۆک و چەکیتر لێیاندان ژمارەیەکی زۆری سەربازیان کوشت هێزەکەی دوژمن خۆیان نەگرت ئەوەی مابوو هەڵاتن ژمارەیەک بریندارییان جێمابوو لەناو بەفردا ڕەقبوونەوە بەشێکیتریش لەو سەربازانەی هەڵهاتن سەری سەلامەتیان نەبردەوە

مۆڵگەکانیان و ئەوانیش لەناو بەفردا ڕەقبوونەوە بەشێکی کەمی هێزەکەی دوژمن ڕزگاریانبوو، بەشی زۆری چەک و تەقەمەنیان کەوتە دەست پێشمەرگە دوای شکاندنی هێزەکەی دوژمن شەو هێزی پێشمەرگە لەناو ئەشکەوتێکدا مانەوە تا بەیانی، لەو شوێنەی دوژمنی لێشکا (١٥) پێشمەرگەیان دانا، پێشمەرگەکانیتریان بەسەر زنجیرە شاخەکەدا دابەشکردەوە سێ ڕۆژ دوای تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمن دووبارە هێزی دوژمن لە (خڕی بوبی بە باسکەلوسدا) سێ جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە، ئەو سێ پەلامارەش شکان و چەند سەربازێک بەدیلگیران، دوای دوو هەفتە مانەوە لە زنجیرە شاخی حاجی عەرەبانی پشتی گەڕەدێ هێزێکیتر هاتنە جێگەی پێشمەرگەکانی قەرەداخ ئەوان هاتنە خوارەوە بۆ مالومە چەند سەر ئاژەڵێکیان بۆ پێشمەرگەکان کڕی و دوو شەو لەوێ مانەوە.

بەرەو پیربایز

دوای دوو ڕۆژ پشوو پێشمەرگەکانی قەرەداخیان نارده شاخی پیربایز هەورو هەڵا و بەفروبایەکی بەهێزبوو، شاخی پیربایز هێندە قوچ و کوێستان بوو سەری لە هەوردا بوو دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە چیای پیربایز دوژمن سێجار پەلاماری سەنگەرەکانیدان هەر سێجارەکە پەلامارەکانی دوژمنیان شکاند ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرا، کۆمەڵێک سەرباز بەدیلگیران، ژمارەیەک تەرم لەژێر پێی پێشمەرگەدا بوو، دوو بی کەی سی و ژمارەیەک چەکیانگرت.

شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە

پێشمەرگەکان ژێر کاچێکیان چاککردبوو کردبوویان بە شوێنی پشوودان، بەیانییەک دوو کترییان خستبووە سەر ئاگر لەژێر کاچەکەدا خەریکی نانخواردن بوون، دوای نانخواردن چایان دەخوارد دوو تۆپ لە خواریانەوە دای لە زەوی حەمە قاشتی بانگی پێشمەرگەکانیکرد ووتی هەستن تۆپباران دەستیپێکرد، سێ پێشمەرگە لای کتری و چایەکە مابوونەوە ووتیان کاکە حەمە با سەرو چا بخۆین، حەمە قاشتی تورەبوو لێیان، ووتیان تا چاکەمان نەخۆین هەڵناستین، پێشمەرگەکان

گەیشتنە بەر دەرگای کاچەکە و تۆپێک دای لە شوێنی سێ پێشمەرگەکە هەرسێکیان لەجێدا شەهیدبوون، تەرمی سێ پێشمەرگەکەیان خستە ناو سێ بەتانی و لەنێوان مالومە و چۆخماخدا سێ گۆڕیان هەڵکەند بەخاکیان سپاردن و کە ئەم سێ نەمرەبوون:

١-شەهید کامیل عەلی محەمەد بەرزنجی

٢-شەهید فازیل جافەرانی

٣-شەهید تۆفیق نامیق نەژوێنی

پێشمەرگەکانی قەرەداخ تا کۆتایی شەڕەکان لە پیر بایز مانەوە، جیهازیان بۆ حەمە قاشتی کرد هێزەکە کۆکەرەوە و وەرە بۆ چاڵاوا دوای چوار کاتژمێر گەیشتنە چاڵاوا ئەوێش کیمیابارانکرا پێشمەرگەکان بەڕێکەوتن بەرەو سەفرە و زەرون حەمە قاشتی بریندار ببوو بانگی پێشمەرگەیەکیکرد ووتی ئەو گوێدرێژە وەستاوە بچۆ بیهێنە باسواریبم، پێشمەرگەکە گەیشتە لای گوێدرێژەکە ووتی ڕەقبۆتەوە حەمە قاشتی ووتی ئەوە نییە بەپێوە وەستاوە پێشمەرگەکە ووتی هەر بەپێوە ڕەقبۆتەوە.

دوای نۆ کاتژمێر ڕێکردن گەیشتنە سەفرە و زەرون لەوێوە بەرەو سەردەشت بەڕێکەوتن شەوێک لەسەردەشت مانەوە سەرکردایەتی داوایکرد تیپی ٥١ گەرمیان و ٥٣ شێروانە بگەڕێنەوە فریای قەرەداخ و گەرمیان بکەون لەسەر دەشتەوەوە هاتنە خڕی ناوزەنگ و زەڵێ بە خۆشناوەتیدا بۆ کۆیە تیپی ٥٥ قەرەداخ لەودیو کۆیەوە تووشی شەڕێکی نیوکاتژمێری هاتن ئۆتۆمبێلێکیان گرت و ژمارەیەک جاشیان کوشت لە کۆیە هاتنە ئەوبەر لە قەیتول تووشی شەڕبوون پێشمەرگەیەک بەناوی ژیار فەیلی شەهید بوو، دواتر لە گوڵباخەکان کۆپتەر هاتە سەریان و تەقەیان لە کۆپتەرەکانکرد.

تێکڕای شەهیدانی تیپی قەرەداخ لە ئەنفالی و گەڕانەوەدا

١-شەهید کامیل عەلی محەمەد بەرزنجی

٢-شەهید فازل جافەرانی

٣-شەهید تۆفیق نامیق نەژوێنی
٤-شەهید ژیار کوردی فەیلی بوو

تیپی 53 شێروانە
لە ئەنفالی یەکدا

ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٢ لە مەڵبەندی یەکەوە بڕووسکەیەک بۆ تیپی ٥٣ شێروانە کرا هەموویان بڕۆن بۆ بنار،تیپی شێروانە ڕۆیشتن بۆ تەپەگەڕوس لەوێوە هێزەکە ڕێکخرا، لە مریەم بەگ و تەنگیسەر و بازیانەوە ڕۆیشتن لە دەواجنەکانی ئەڵڵایی پەڕینەوە، تیپی شێروانە و بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی یەک بەیەکەوە بەرەو ناوچەکانی سەرکردایەتی بەڕێکەوتن گەیشتنە هەنارانی خواروو لەوێشەوە چوونە مزگەوتەکەی قزلەر، پێشمەرگەکانی شێروانە و مەڵبەندی یەک لە دۆڵە ڕووت مانەوە دوای سێ چوار ڕۆژ گەڕان لە دۆڵە ڕووت و دۆڵی مێرگەپان چوونە گەورەدێ، بارەگای تیپی شێروانەیان لە گەورەدێ دانا، پێنج هەزار پێشمەرگە لە ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و سەرکردایەتی کۆکرابوونەوە و بەسەر ناوچەکاندا دابەشکران، دوژمن شەوی ٢٢-١٩٨٨/٢/٢٣ لە وڵاغڵوو باڵخەوە پەلاماری دەستپێکرد، بە تۆپ و ڕاجیمە ناوچەکەی ئاگربارانکرد، بەشێک لە کەرتی چواری تیپی ٥٣ شێروانە بە فەرماندەیی ئەحمەد پاریاوڵە جێگری فەرماندەی کەرت نێردرانە سەرشاخی کونەکۆتر، بەشێکیتری کەرتەکە بە سەرپەرشتی عەلی سەید مەحموود نێردرانە قەڵەم پاشا و قەرەنگوێ.

بەشی یەکەمی کەرتی چوار لە پیرکە و مێوڵاکەوە نێردرانە کونەکۆتر بۆ پشتی خەجەلەرزۆک بۆلای تیپی ٣٩ خەنجەرە کەلالە ئەنوەر فەرماندەی هێزەکەیان بوو، کەرتی یەک و پێنج و شەشی تیپی شێروانە نێردرانە شاخی ڕابەباڵا بەرز لەوێ دامەزران، دوای دابەشکردنی هێزەکانی تیپی ٥٣ بەسەر سەنگەرەکاندا حەمەڕەش بارەگای خۆی لە گەڕە دێوە گواستەوە پیرکە بۆ سەرپەرشتی شەڕگەکان.

دوژمن بە سەختی شاخی کونەکۆتری تۆپباران دەکرد جەلال عەرەب پێشمەرگەی تیپی ٣٩ی خەنجەرە بە پارچەی تۆپ شەهید بوو، مام عەزیز ڕوغزایی بریندار بوو،

دوای شەهید بوونی جەلال عەرەب لە شاخی کونەکۆتر لالە ئەنوەر و پێشمەرگەکانی تیپی خەنجەرە لە شاخ دابەزین و چوونە بەرگەڵو بۆلای کاک نەوشیروان هێزەکەی کەرتی چواری تیپی شێروانە و ئەرسەلان فەرماندەی کەرت لە تیپی ١٧ زمناکۆ لە کونەکۆتر مانەوە، تۆپخانەکانی دوژمن بەردەوام تۆپبارانی شاخی کونەکۆتریان دەکرد، شاخێکی سەخت و بەرز لە کونەکۆتر هەبوو بەفر گرتبووی پێشمەرگەیان نەناردبووە ئەوێ بڕوایان نەدەکرد هێزی دوژمن سەرکەوێتە سەر ئەو لوتکەیە بەڵام هێزی دوژمن سەرکەوتە سەر شاخەکە و دەستیبەسەرداگرت.

حەمەڕەش هێزێکی شێروانەی نارد شاخەکەیان لە هێزەکەی دوژمن سەندەوە و ڕاویاننان، دوای دابەزینی هێزەکەی تیپی خەنجەرە پێشمەرگەکانی شێروانە سێ شەو لە کونەکۆتر مانەوە، دواتر دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی شێروانە و زمناکۆیدا لە شاخی کونەکۆتر دوای بەرگرییەکی سەخت شاخەکە کەوتە دەست دوژمن و دوو فەرماندەشەهیدبوون:

١-شەهید ئەحمەد پاریاوڵە جێگری فەرماندەی کەرتی چواری شێروانە و سەرپەرشتیاری کەرتەکە.

٢-شەهید ئەرسەلان فەرماندەی کەرت لە تیپی زمناکۆ.

دوای گرتنی شاخی کونەکۆتر لەلایەن دوژمنەوە هێزەکەی شێروانە چوونە بەرگەڵوو، شەڕ و پەلاماری دوژمن لە تێکڕای شەڕگەکانەوە بەردەوامبوو، دوژمن بەردەوام پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدەدا، لەدرێژەی پەلامارەکانی دوژمن بۆسەر سەنگەرەکانی تیپی شێروانە لە شاخی ڕابە بالابەرز دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی شێروانە شەهیدبوون:

١-شەهید حەمەمین

٢-شەهید حسین

ئەو هێزەی کەرتی چوار کەدوای گرتنی شاخی کونە کۆتر چوونە بەرگەڵو لەوێوە نێردرانە شاخی سارا -کلاوسپی پشتی قەرەنگوێ کە بەسەر دووکان و قۆڵی مەرگەدا دەڕوانێ، دوای چەند شەوێک مانەوە لە کلاوسپی بۆ بەیانییەکەی

دوژمن پەلاماری (کلاوسپی) داو دەستیبەسەرداگرت، دۆڵمازەڵە و کلاوسپی تیپی شێروانە و زمناکۆی لێبوو، نامیقی عەلی تۆفیق فەرماندەی کەرت لە تیپی زمناکۆ و چەند پێشمەرگەیەکیتر شەهیدبوون دوای گرتنی کلاوسپی لەلایەن دوژمنەوە هێزی پێشمەرگە هاتنە خوارەوە دەبابە هاتە سەر کلاوسپی.

دوای هاتنە خوارەوەیان تیپی شێروانە و زمانکۆ چوونە قۆمەرغان و مەولان دوژمن پەلامارەکانی چڕکردەوە بۆسەر شاخی ئاسۆس، بەفر و بارانی بەردەوام سەنگەری پڕ لە ئاوو بێ ئاگر پەلاماری بەردەوامی دوژمن و تۆپبارانی سەخت و فڕۆکە، ژانگرتنی سرووشت و نیڵە نیڵی ئاو و کڕێوەی دەم بەفر و باڕێزە هەموویان پێکەوە فشاری گەورەبوون لەسەر پێشمەرگە بەڵام لەو دۆخەشدا پێشمەرگە بەورەیەکی بەرزەوە بەرگری کەموێنەیانکرد، لاسەنگی هێز و نابەرانبەری هێز دەست و تفەنگی پێشمەرگەی نەلەرزاند-نەتەزاند، شەڕ بەجۆرێک گەرمبوو لە ئاسماندا گوللە لەیەکیدەداو و شەپۆلانی بوو، سێ شەوو ڕۆژی بەردەوام کلاوسپی و دۆڵمازەڵە پەلاماری بەردەوامی دوژمنی لەسەر بو ئینجا دوژمن توانی دەستیبەسەردا بگرێت.

ئەشکەوتی گەنان-شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە

پشتی ئەشکەوتی گەنان دۆڵێک بوو قوات خاسە گرتبووی، پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و ٥٧ سەگرمە هێرشیانکردە سەر دۆڵەکەی پشتی ئەشکەوتی گەنان تا لە دەست دوژمن دەربێنن، قوات خاسەی دوژمن بۆسەیان دانابوو لە کاتی هێرشی پێشمەرگە بۆسەر دۆڵەکە دوو پێشمەرگەی تیپی شێروانە شەهیدبوون.

١-شەهید سامان خەڵکی کوڵە جۆی زەنگاباد.

٢-شەهید ئەحمەد خەڵکی چاڵە ڕەشی کەلار.

تەرمی شەهید ئەحمەد بەجێما، تەرمی سامان بەبریندار ڕزگار کرا دواتر شەهید بوو، هەر لەو شەڕانەدا هێزێکی تیپی شێروانە چوون بۆ یارمەتیدانی تیپی ٢١ کەرکوک.

فڕۆکەکانی دوژمن نامەیان بەردەدایە خوارەوە و داوایاندەکرد تەسلیم بن.

شەهیدانی شێروانە لە ئەنفالی یەکدا:

١-شەهید ئەحمەد پاریاوڵە

٢-شەهید حسین

٣-شەهید حەمەمین

٤-شەهید سامان

٥-شەهید ئەحمەد

*ئەرسەلان فەرماندەی کەرت لە تیپی زمناکۆ

*جەلال عەرەب لە تیپی خەنجەرە-لە کونەکۆتر شەهیدبوو

لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا تیپی شێروانە لە دۆڵی کەرکەرەوە کشانەوە سەفرە و زەرون لەوێشەوە بۆ شانە خسێ-سەردەشت-دواتر گەڕانەوە گەرمیان.

تـــیپی 31 لە ئـــەنفالی یـــەکدا

تیپی ٣١ی سلێمانی تا دەسپێکردنی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەک بە شاخی کلکە ڕێوی و گۆجارە بچکۆلەوە مانەوە، لە گۆجارە بچکۆلە تیپی ٣١و ٥٥ی قەرەداخ ڕووبەڕووی هێرشی هێزەکانی ڕژێم بوونەوە لە ئەنفالی بەدناوی یەکدا ماوەیەک پێش دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەنفالی یەک بۆ سەر دۆڵی جافەتی و ناوچەی سەرکردایەتی تیپی ٣١ی سلێمانی بڕیاری سەرکردایەتی بۆ دەرچووبوو گواستراببووەوە بۆ مەڵبەندی یەک تا بچنەوە قەرەداغ و بناری شارەزوور کرابووە سنووری تیپەکە، چوونکە تیپی ٣١ بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ناوچەی پێنجوێن بوون، لە ڕاگواستنی گوندەکاندا ڕاگوێزرابوون بۆ ئۆردووگاکانی نەسرو باریکە تا بتوانن لەوێ چالاکیەکانیان بەردەوام بێت و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لە گەڵ خەڵکی ئۆردوگاکان دڕێژە پێبدەن، کە هێرشەکانی ئەنفال دەستیپێکرد، ڕۆیشتنی تیپی ٣١ بۆ بەری قەرەداخ و مەڵبەندی یەک دواخرا، دوای شەڕی گۆجارە بچکۆلە، تیپی ٣١ ئاڵوگۆڕی پێکراو و بەرەو دۆڵەڕووت بەڕێخران و بارەگایان چووە قزلەر، تیپی ٣١ لە دۆڵەڕووت ڕووبەڕووی هێرشی گەورەو فراوانی داگیرکەر بوونەوە دەیان هێرشی داگیرکەریان تێکشکاند و زیانی گەورەیان بە هێزەکانی جاش و سوپای عێراق گەیاند، زۆربەی ڕۆژان لە شەبەقی بەیانیەوە تا درەنگانی ڕۆژ هێزەکانی داگیرکەر هێرشی بەرفراوان و هەمەلایەنیان لە چەندین قۆڵ و ڕێگەی جیاوازەوە بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەنجام دەدا، بەڵام سەریان لە تاشە بەردە پۆڵا پۆشەکانی ئەو چیاو کێوو ڕکە بەردانەی دۆڵەڕووت دەداو بە سەری شکاوو پاشەڵی دۆڕاوەوە بەرەو مۆڵگەکانیان پاشەکشەیان دەکردوو هەڵدەهاتن.

لە تێکڕای ئەو نەبەردیانە پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ سەرکەوتوانە و بێزیان بوون، بەڵام لە ناو گوندی قزلەردا مەلا عەلی یەکێک لە فەرماندە مەفرەزەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی شەهید بوو، مەلا عەلی لە فەرماندە هەرە ئازاو جەربەزە و کەم وێنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تیپی ٣١ی سلێمانی بوو، دوا شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەی تیپی ٣١ لە گەڵ هێزەکانی داگیرکەر لە نێوان مێرگەپان و

قزڵەردا بوو، لەو دوا شەڕەدا هێزەکانی ڕژێم زیانی گیانی زۆریان بەرکەوت، لەو شەڕەدا ڕەحمان چاوشین بە سەختی بریندار بوو چەند ڕۆژێک لەوەو بەریش مەلا عەلی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٣١ شەهید بوو، لە تێکڕای ئەو نەبەردیانەدا کاک سەیوان زرگوێزی سەرپەرشتیاری تیپی ٣١ی سلێمانی بوو، پێشمەرگە هێواش هێواش لە ناوچەکە لە پاشەکشێدابوو چوونکە لە دوا ڕۆژەکانی هێرشەکانی ئەنفالی یەکدا ڕژێمی بەدناوی بەعس چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکارهێنا.

ئـــەنفالی یەك تـــیپی ســـارا

هـەواڵ گەیشتە تیپی ٤٩ی سارا کە ڕژێم هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوە لە دووکان، هەواڵ درایە سەرکردایەتی و لە جمووجوڵی هێزەکانی ڕژێم ئاگاداریان کردنەوە، کاک نەوشیروان داوایکرد بچنە سەرگەڵوو هێزێکی یەدەکی لێیە بیانبەنە سنوورەکە و خێمەو پێداویستی یان بۆ دابینبکەن.

عەزیز قەڵەم پاشا سەرپەرشتیاری تیپی ٤٩ی سارا بە هاوڕێیەتی هیوا بارۆیی فەرماندەی تیپ، بەرەو لای کاک نەوشیروان خەریکی بەڕێکەوتن بوون، کە هەواڵ گەیشت هێرش کراوەتە سەر قەڵەم پاشاو شەڕ دەستیپێکردووە، سەفەر ڕێنەکەوت، لە گەڵ هێزەکەی هیوا بارۆیی بەرەو قەڵەم پاشاو دۆڵ مازەڵە بەڕێکەوتن و لێیدامەزران، تیپی ٥٣ی شێروانە بە فەرماندەیی حەمە ڕەش و مەلا ئەحمەدی دسکەرە لە گەڵ تیپی ١٧ی زمناکۆ لە ناوچەکە بوون.

هێزێک بەرەو دۆڵ مازەڵە و هێزێک لە گەڵ عەزیز قەڵەم پاشا لە قەڵەم پاشاو هێزێک بە فەرماندەیی هیوا بارۆیی بەرەو چیای سارا، لێیدامەزران، نزیک بە نیوەڕۆ شەڕ گەیشتبووە ناو قەڵەم پاشا، دەبابە و سەربازو گەلە جاش بە پشتیوانی تۆپخانە و فڕۆکە هاتبوونە ناودێ.

هێزێکی پتەوی هێزی بەرگری سەرمۆرد لە پشتی قەڵەم پاشاوە هاتبوون، شەڕێکی کەم وێنەیان کردوو زیاتر لە ٨٠ سەربازیان بەرەو ڕووی مەرگ کردەوەو لەو تاشە بەردانە پان کرانەوە، هەر سەری قرتاوو قاچی بڕاو بوو لە نێو ڕکە بەردوو بەدار مازوارو لقە داری بە تۆپ قرتاو گیرسابوونەوە، لەو داستانەدا یەکێک

لە هەرە کۆڕە ئازاکانی هێزی بەرگری سەرمۆرد «محمد حمە ئەمین» شەهید بوو، هێزەکەی ڕژێم وەستێندراو تێکشکێنرا.

هێزی پێشمەرگە هێڵێکی بەرگری پتەویان لە دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشاو شاخە سەختەکانی ناوچەکە دروستکرد، هێڵی بەرگری پتەو لە سەری کڵاوە سپی، کەلێنی مەتەرێزان، ئەشکەوتی گەنان کە حمە ڕەشی لێیدامەزرا بوو تا وورچەچ و قەڵەم پاشا، دۆڵ مازەڵە و چیای سارا گۆڕستانی دوژمنان بوو.

هێزەکانی ڕژێم ڕۆژانە چەندین هێرشیان دەکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە فریادو قەڵەم پاشا و کڵاوە سپی و کەلێنی مەتە ڕێزان بە سەری شۆڕو لوتی شکاوەوە دەگەڕانە دواوە، لە ماوەی ١٣ ڕۆژ شەڕی بەردەوامدا هەر هێرش و پەلامار بوو تێک دەشکێنرا.

یەکەم ڕۆژی هێرشی ڕژێم بەرەو قەڵەم پاشا ماڵ و منداڵ و خێزانی پێشمەرگەو گوندەکان بەرەو «قەرەنگوێ« بە ڕێخران، لەوێشەوە بەرەو شارەکانی کوردستانی ئێران ڕێگەی ئاوارەیی و غەریبیان گرتە بەر، هێزی پێشمەرگە خواردنی جێماوی گوندەکانیان بەکاردەهێناو لە فیشەک و تەقەمەنیش کەم و کوڕی نەبوو.

ڕۆژی سیانزەیەمینی بەرگری، قورس و گران بوو، هێزێکی ڕژێم هێرشێکی بەرفراوانی لە ئەشکەوت و کڵاوی گەنانەوە لە نێوان دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشا بەرەو شاخی فریاد دەست پێکردو پێشڕەوی کرد، کاک نەوشیروان کە ژمارەی جهازەکەی ١٤ بوو بە تیپی ٤٩ی سارای ڕاگەیاند گەر وریا نەبن پشتان لێدەگیرێ، تیپی ساراش کاک نەوشیروانیان دڵنیا کردەوە کە ئەوان خەڵکی ناوچەکەن و شارەزایی بەرد بە بەردین، داوایانکرد هێزێکیان بۆ بنێرن تا ئەو هێزەی دوژمن تێکبشکێنین کە پێشڕەویان کردووە.

هێزێک بە فەرماندەیی حەمە ڕەش فەرماندەی تیپی ٥٣ی شێروانە بە هاوبەشی لە گەڵ تیپی ٤٩ی سارا لە چەند قۆڵێکەوە دژە هێرشیان کردە سەر هێزەکانی ڕژێم و پاشەکشەیان پێکردن و تێکیان شکاندن، بەڵام تیپی شیروانە ژمارەیەک شەهیدوو بریندارى هەبوو، حەوت پێشمەرگەی تیپی ٥٣ی شێروانە لە کاتی

تێکشکاندنی هێزەکانی ڕژێمدا بە یەکەوە وەستابوون و کۆمەڵیان کردبوو، تۆپێک لە ناوەڕاستیدان، سێ پێشمەرگە شەهید بوون و چوار پێشمەرگەش بریندار بوون.

بڕووسکەیەک کرا بۆ عەزیزی قەڵەم پاشا و پێیانڕاگەیاند مـولازم عومەر سەرپەرشتیاری هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە لە قەرەنگوێ چاوەڕێت دەکات، کاک عەزیز و پێشمەرگەیەک بەرەو قەرەنگوێ بەڕێکەوتن بەڵام بە سەر دارو پەردووی وێران و خاپوورکراوی قەرەنگوێدا کەوتن بارەگای تیپ وێران و خاپوور کرابوو، ناودێ بۆنی باروت و بایەقوش لە سەری دەخوێند، چۆڵ و وێران و کش و مات، تەنها مریشک و ئاژەڵی بەجێماو بەدیدەکرا.

لە بن شاخی گوندی قەرەنگوێ پێشمەرگەیەک بەدیدەکرا کە بە بریندارى جێمابوو، کاتێک لە کڵاوە سپی بریندار بوو ناردبوویانە قەرەنگوێ و لەوێ بە تەنها مابووەوە، جارجارە پێشمەرگەکانی هاوڕێی کە بە کڵاوە سپییەوە بوون سەردانیان دەکرد.

جگە لەو پێشمەرگەیە محەمەدی عدد جهازی تیپی ٤٩ی ساراش بە تەنها لە پشتی گوندی قەرەنگوێ مابووەوە، کاک عەزیز پێشمەرگەکەی دۆزیەوە جیهازو جفرەکان و نامەیەکی مولازم عومەری پێبوو کە بۆ کاک عەزیزی جێهێشتبوو، مولازم عومەر نووسیبووی:

عەزیز ئێمە خێزانداڕەکانمان ئیزنداون، تۆش دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشا چۆڵبکە، وەرە بۆ سەری هەڕووتەی قومرغان و سماقان، تۆش سەڵتەکان لە گەڵ خۆت بگێڕەوە برۆ سماقان، لە دۆڵەبی و سێدەرەوە خەڵک هاتووە بەرەو دۆڵی جافەتی.

جیهاز کرا بۆ تێکڕای هێزەکان تا بگەنە قەرەنگوێ و دۆڵ مازەڵە و قەڵەم پاشا و شوێنەکانی دیکە چۆڵبکەن، بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکان هاتنە قەرەنگوێ، بۆ لای کاک عەزیز، سەرجەم مریشک و زیندەوەری زیندوی ناوچەکە سەربڕان و پێشمەرگە کردیانە چەند ژەمێک، جگە لە فەرماندەی کەرتەکان پێشمەرگە خێزانداڕەکان ڕەوانە کران تا بگەنە خێزانەکانیان، تەنها ٢٠ پێشمەرگەی بێژن و ماڵ لە گەڵ عەزیز قەڵەم پاشا مانەوە.

هەر پێشمەرگەیەک ژەمە خواردنێکی مریشکی کوڵاوی لە گەڵ خۆی هەڵگرت و بەرەو سماقان بەڕێکەوتن، دوای دوو ڕۆژ لە سماقان لە گەڵ تیپی ٥٣ی شێروانە یەکیانگرتەوەو بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە سماقان مانەوەو یەکتریان بەدلکرد.

حاجی فەقێ سمایل کە فەرماندەی تیپ بوو مۆڵەتی لە کاک مولازم عومەر وەرگرت و بەرەو لای ماڵ و منالّی بەڕێکەوت، لەو کاتەدا موچەی پێشمەرگە هاتبوو، بۆ هەر پێشمەرگەیەک ٢٠٠ هەزاری سویسری بوو، موچەی ئەو پێشمەرگانەیان بە فەقێ سمایلدا ڕەوانە کرد، کە بەرەو لای خێزانەکانیان ڕۆیشتبوونە ئێران، دوای مانەوەی پێنج ڕۆژ لە شاخی (سماقان) پێنج ڕۆژی بەرگری قارەمانانە، جیهاز کرا هەر دوو تیپی ٤٩ی ساراو ٥٣ی شێروانە پشوو بدەن و تیپی ٢١ی کەرکوک جێگەیان بگرێتەوە.

تیپی ٢١ سەنگەرەکانیان لە تیپی ٤٩ و ٥٣ لە شاخی سماقان وەرگرت، هەر ئەو شەوە هێزەکانی ڕژێم هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هێرشی سەخت و بەربڵاوی داگیرکەرو تاریکی شەو دەرفەتی ئەوەی لە دەست پێشمەرگە دەرهێنا هێرشەکە بشکێنن، هەر چەند تیپی ٢١ی کەرکوک لە مێژووی پڕ سەروەری خۆیاندا سەدان هێرشیان تێکشکاندبوو بەڵام دواجار ڕژێم سەرکەوتە سەر شاخی سماقان و دەستیبە سەر چیاکەداگرت، تیپی ٢١ ژمارەیەک شەهیدو و بریندارییان هەبوو.

هەر ئەو شەوە هەرچی چەک و تەقەمەنی و خواردەمەنی زیادە هەبوو شاردرایەوەو تیپی ٤٩ی سارا بەرەو گۆمەزەڵ بەڕێکەوتن، لە گۆمەزەڵ حەوت پێشمەرگە لە گەڵ عەزیز قەڵەم پاشا مانەوە، مەلا بەکر، حاکم فایەق، محەمەد، محەمەدی عدد جیهاز، ئەوانیتر مۆڵەت دران. کاک کۆسرەت و شێخ عەلی حەمە صاڵح هاتنە گۆمەزەڵ، لە گەڵ هێزێکی ٤٠ کەسیدا، سەبارەت بە دۆخی ناوچەکە لە گەڵ هێزەکەی ئەوێ گفتوگۆیانکرد، تا نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی مانەوەو دواتر ڕۆیشتن، کاک کۆسرەت نامەیەکی دابووە عەزیز قەڵەم پاشا و هەڤاڵەکانی تا بیگەیەنێتە کاک مولازم عومەر.

تیپی ٤٩ش دوای ڕۆشتنی کاک کۆسرەت بەرەو دۆڵی شێخ محەمەد بەڕێکەوتن و نامەکەی کاک کۆسرەتیان گەیاندە مولازم عومەر، لەوێش بەرەو گەلاڵە و دواتریش بۆ پشوویەکی کورت و چەند ڕۆژەو بە مەبەستی دیداری ماڵ و منداڵ بەرەو شاری سەردەشتی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

تـــیپی 12ی ســـۆران

تیپی دوانزەی سۆران یەکێک لە تیپە چەلەنگ و چالاکەکانی یەکێتی بوو لە هەر کوێ یەکێتی پێویستی پێیان بوایە ئەوان لەوێ بوون.

لە گەڵ نزیکبوونەوەی شەڕەکانی سەرکردایەتی و پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (یەک) بەشێک لە کەرتەکانی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی (سەلاح شینە) لە سنوورەکانی سەرکردایەتی بوون لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی یەکدا لە بەری مەرگە و لە «قۆپی سوژە» سەنگەری بەرگریان گرتبوو.

تیپی ١٢ی سۆران تێکڕا (هەشت) کەرت بوو، چوار کەرتی لە گەڵ سەلاح شینە هاتبوونە قۆپی سوژە، چوار کەرتەکەی تریش لە ١٩٨٨/٢/١٠ لە گەڕەوان بەڕێکەوتن لە ١٩٨٨/٢/١٧ گەیشتنە مەرگە، شەڕگەکەیان بە سەردا دابەشکردن، چوار کەرت نێردرانە ئاسۆس کەرتێک لە کۆزە ڕووتان، کەرتێک لە گەورە قەڵا، کەرتێک لە پاشکێش، کەرتێک لە بەردە قڵشی بەرانبەر مەرگە.

١٩٨٨/٢/١٨ مەمەند گۆڕە شێری و سەلیم حەسەن و مەلا هیوا لە سەر بەردە قڵشی بوون گرینۆفێکیان لابوو، دەمەو ئێوارە لە سەر لوتکەی شاخەکە بەرانبەر گەورە قەڵا دانیشتبوون بینییان هێزێکی زۆر هاتنە سەر گەورە قەڵا، پێشمەرگەکان لە گفتوگۆی ئەوەدا بوون ئەوانە هێزی دوژمنن یان پێشمەرگەی تیپی (ئاسۆس) ن، ڕیزێک فیشەکی (B.K.C) یان نا بە پێشمەرگەکانی سۆرانەوە، پێشمەرگەکانی خوارەوەیان ئاگادار کردەوە گەورە قەڵا گیرا.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزێکیان لە تیپی ٦٣ی جوتیاران و ١٢ی سۆران ئامادە کرد هەڵمەت بەرنە سەر گەورە قەڵا، پێشمەرگەکانیتریش بە دۆشکەو B.K.C هاوکاریان بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٢ هێرشی سەرتاسەری دەستپێکرد لە ئاسۆسەوە تا مەرگە و شارستێن و دۆڵ مازەڵە و دابان، تا نزیک کارێزە و ناوچەی جافەتی و سەرگەڵوو بەرگەڵوو شەڕی نابەرابەر لە نێوان هێزی پێشمەرگە و داگیرکەردا دروستبوو.

دەیان فڕۆکەو چەک و جبەخانەی گەورە بەشداریانکرد، لە قۆڵی مەرگەوە عبدالجبار شەنشەل سەرپەرشتی پەلامارەکەی دەکرد.

لە کەپکە قەلی شارستێن و قۆپی شارستێن و دۆڵی سێدەر شەڕی گەورە ڕوویدا، تیپەکانی ئاسۆس و کاروخ و خاڵخاڵان و کەرکوک بەشدار بوون لە بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکانی دوژمن.

دە پێشمەرگەی هەر دوو تیپەکانی ١٢ی سۆران ٤٣ی ئاسۆس بەیانی ١٩٨٨/٣/١ چوونە لوتکەی گەورە قەڵا.

کاتژمێر ٦:٢٠ دەقیقەی بەیانی پەلاماری دوژمن دەستپێکرد، تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی سەختی گەورە قەڵایانکرد بۆمبی کیمیایی بەکارهێنا، تۆپەکان کڵاوەی کیمیاییان هەڵگرتبوو.

کاتژمێر ٩:١٥ دەقیقە جاش پەلاماری گەورە قەڵایدا دواتر جاشەکان کشانەوەو قوات خاسە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، شەڕ تا کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی ئێوارە بەردەوام بوو ئەو ڕۆژە هیچ خواردن و پێداویستییەک نەگەیشتە دەستی پێشمەرگە.

لەو شەڕەدا خاڵە حەمیدو مەلا هیوا بریندار بوون کۆزە ڕووتان گیرا، هێز لە مەرگەوە نەگەیشتە گەورە قەڵا چوونکە دەرفەتی گەیشتنی پێشمەرگە لاواز بوو لە بەر پەلامارو تۆپبارانی سەختی دوژمن.

مەلا هیوا دوو جار بریندار بوو، جاری یەکەم گوللەیەک بەر قاچیکەوت، جاری دووەم هاوەنێک لە پشتیداو بریندار بوو، محەمەد گۆڕە شێری و سەلیم حەسەن هاتن بیپێچن هاوەنێک لە بەردەمیدان، پارچە بەردێک بەر پەراسوەکانی محەمەد گۆڕە شێری کەوت سێ پەراسوی شکا هەناسەی وەستا دواتر دۆخی باشتر بوو، محەمەد گۆڕە شێری گەڕایەوە و ووتی سەلیم مەلا هیوا بپێچەو کەڵەکە بەردێکی بۆ بکە تا پارچەیتری بەرنەکەوێت.

ئەکرەمی حاجی مەحموود و سەلیم حەسەن دەیانووییست کەڵەکێک بۆ مەلا هیوا دروووست بکەن تا پارچەیتری بەرنەکەوێت مەغدید مستەفا سەرکەوتە لایان لە گەرمەی قسەدا بوون تۆپێک لە نێوانیانیدا هەڵیدان و کەوتنە زەوی پارچەیەکیتر بەر قۆڵی مەلا هیوا کەوت سەلیم و مستەفا بریندار بوون، ئەکرەم و مەغدید ڕەش ببوون لە باروتدا بەڵام پارچەیان بەرنەکەوتبوو.

گـــرتنی گەورە قـــەڵا

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١ کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقە گەورە قەڵا گیرا پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد، لە گەڵ گرتنی گەورە قەڵا بەری مەرگەش لاواز بوو.

لە ١٩٨٨/٣/٢ جاش و سووپای عێراق هاتنە سێروان و چواری مانگ لە کانی توو پاشەکشە کرا.

لەو شەڕانەدا تیپی ١٢ی سۆران (چوار) شەهیدی بەخشی:

١/ شەهید ئازاد مەغدید گەرەوەیی

٢/ شەهید ڕەشاد مەلا ڕەسوڵ

٣/ شەهید محەمەد حسێن ئاغا

٤/ شەهید کۆچەر بە تۆپ شەهید بوو

بریندارەکان گواستراندەوە سێروان، دواتر بۆ کانی توو، دەبابە و سووپا نزیک بوونەوە بڕیاری پاشەکشە درا.

گـــرتنی بـــێتەلەکەی کاك کـــۆسرەت

شـەوی پێشتر بێتەلە ڕاکاڵەکەی کاک کۆسرەت لە نـاو شـەدەڵە گیرابوو، بێتەلەوانەکە و دوو پێشمەرگە بە شاخی پیرەمەگروواندا هاتبوونە ناو شەدەڵە چوو بوونە مزگەوتەکە پڕ بوو لە جاش وایانزانیبوو پێشمەرگەن.

بێتەلەکە بە تەجهیز قودرەو موجەفیرەوە گیرا، تیپەکان ئاگادار کرانەوە هیچ بروووسکەیەک لە ڕێگەی بێتەلەوە وەرنەگرن تا جفرەکان دەگـۆڕن، بێتەلەکان ڕاگیران پەیوەندی پچڕا.

پـاشەکشە، زسـتانی سەختی کـانی تووە

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٤ یەکێک لە ڕۆژە سەخت و ناخۆش و غەمگینەکان بوو، بەفرو تەموومژ تەواوی کەڵکی کانی تووی داپۆشیبوو بریندارەکانیان بە کەڵکی کانی تووەدا گواستەوە ڕێبەندان بوو، لەو ڕێگەیەدا ٤٧ پێشمەرگە لە ناو بەفردا ڕەق بوونەوە، لە ناویاندا چوار پێشمەرگەی تیپی سۆران لە ناو بەفردا گیانیان سپاردو شەهید بوون.

١/ شەهید سەعدەدین ناسراو بە ڕێباز خەڵکی پیر هۆمەر.
٢/ شەهید خالید مستەفا قادر خەڵکی گەرەوان.
٣/ شەهید تەلعەت سەبری خەڵکی شەڕکان
٤/ شەهید سەعید کادیر

کەمال زورگانی ڕێبەری سیاسی تیپی ٦٣ی جوتیاران ڕەق بووەوە.
زیاتر لە ٨٠ هاوولاتی لە ژن و منالّ ڕەق بوونەوە.
ژمارەیەکی زۆر پاسدار هەڵدێران.

سەرمایەکی کاریگەر بوو، زوو کاریگەری لە مرۆڤ دەکرد، سەرەتا خوێن لە بن نینۆک دەهات، دواتر خوێن لە کونە لووت دەهات دواتریش خوێن لە لەش دەهات، ئەوەی خوێن لە لەشی بهاتایە ئەستەم بوو ڕزگاری بێت یەکسەر دەمردوو بەلادا دەهات لە پەنا گاشە بەردێک سەرە ڕێیەک دەبووە تابلۆیەکی حەزین تابلۆی مەرگی دەیان مرۆڤی بێئالا و وولات.

لەو ڕۆژەدا بە پێشمەرگەو هاوولاتی، تێکڕا ١٧٠ کەس ڕەق بوونەوە، ئەوە جگە لە دەیان پاسدار کە لەو شاخانە هەڵدێران و مردن.

کەڵکی کانی تـوو ئۆقیانووسێکی قـوڵ و بێبەزەیی بـوو لە گـەڵ خەڵک و پێشمەرگەدا، گەردەلوولی بەفرو زریان و خۆڵ و وردە بەردوو زیخی ئەو کێوانە دەست و پەنجەو ڕوومەتی منالّ و ژن و پیاوی لوول دەداو دەهاڕی، لە جێگەی نان، لە جێگەی ئارد، زبرە بەفری سەرجیخ کردووی کەڵکی کانی تووی دەکردە خۆرەی مەرگ.

شـــەڕی قـــۆپی ســـوژە

مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران چووە قۆپی سوژە کە دەکەوێتە سەر قۆمەرغان و بە سەر دۆڵەبی و سێدەردا دەڕوانێت.

عیزەت فەقیانی، سیامەند، سەردار، ئیسماعیل و مەحموود و پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس شەو چوونە قۆپی سوژە، عیزەت فەقیانی بیکەیسی و کلاشینکۆفی پێبوو.

تاریک و ڕوونی بەیانی جموجۆڵ پەیدا بوو سەردار لە سەنگەرێکدا بوو ژێری تاتە بەردێکی گەورە بوو پشتی نیمچە شاخ بوو، پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و ئیسماعیل مەحموود لە تەنیشتی بوون و سیامەند لەولاتر بوو.

عیزەت فەقیانی بیکەیسی بردوو (٥٠) مەتریک چووە پێش ئەوان لە بن بەردێکدا دامـەزرا جموجۆڵی هێزەکانی دوژمـن دەبیندرا، تۆپخانەی دوژمـن کەوتە کار بارەگاکانی پشتەوەیان دەکوتا پێدەچوو دوژمن ئاگادار نەبێت لەو مەفرەزەیەی قۆپی سوژە ماوەیەکی زۆر تۆپبارانی ناوچەکەیکرد.

هێزێکی دوژمـن بـەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە هـات چـوار کەسیان جلی کوردیان لە بەردا بوو ئەوانیتر سەرباز بوون، پێشمەرگەکان بڕیاریاندا هەتا نەیەنە بەر لوولەی تفەنگەکانیان تەقەیان لێنەکەن.

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن نزیک بوونەوە کەوتنە ناو بۆسەی مەفرەزەکەی تیپی سۆرانەوە پێشمەرگەکان تەقەیان لێکردن شەڕ دامـەزرا، عیزەت فەقیانەیی بە بیکەیسی دایبێژان مەیدانی شەڕ سەوز دەچووەوە لە سەربازی عێراقی کە لە مەیدانی شەڕدا کەوتبوون، پڕ بوو لە کەلاکی سەربان، لە یەکەم تەقەدا جاشەکان هەڵاتن.

پێنج پێشمەرگە ڕووبەڕووی سەدان سەربازی دوژمن بوونەوە، پێنج پێشمەرگە هەتا توانییان فیشەکدانیان لە دوژمندا خاڵی کردەوە، سەر لە نوێ فیشەکدانیان پڕ کردەوە لە فیشەک هات و هـاوارو نالەی سەربازە پێکراوەکان ئەو کێوانەی پڕ کردبوو.

دوای تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمن پێنج پێشمەرگەکەی قۆپی سوژە خۆیان ڕێکخستەوەو ئامادە بوون، هێزەکەی دوژمن قەناسیان خستە کار بە قەننناس تەقەیان لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەکرد، بۆ جاری دووەم پەلاماری سەنگەرەکانیانداییەوە هێرشی توندیان کردە سەر قۆپی سوژە.

سەردار شەڕکانی یەکێک لە پێشمەرگەکانی قۆپی سوژە پێکراو لە سەر ئەو بەردەی لێیی دامەزرا بوو کەوتە خوارەوە لە کاتی کەوتنە خوارەوەدا جارێکیتریش پێکرا، دۆخی سەردار خراپ بوو لە گەڵ بریندار بوونیدا دەترسا بکەوێتە دەست دوژمن، لە هەمان کاتدا پێشمەرگەکەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بریندار بوو.

شەڕ بەردەوام بوو عیزەت فەقیانی لە خواروی قۆپی سوژە سەنگەری گرتبوو ئیسماعیل مەحموود و سیامەند مابوونەوە تەقەیان دەکردو بەرگرییان دەکرد.

ئیسماعیل مەحموود لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی بە سەڵاح شینەوە کرد سەردار بریندارە، سەڵاح شینە ووتی ئێستا هێزتان بۆ دەنێرم، ماوەی (٢٠) دەقیقە تێپەڕ بوو هێزەکانی دوژمن نزیک بوونەوە سەڵاح شینە هێزی گەیاندە قۆپی سوژە.

حاجی زرار فەرماندەی کەرت و ئەیوبی برازای و حەسەن موخلیس و خەلیل گەیشتنە سەنگەرەکانی قۆپی سوژە، حاجی زرار سەرداری بە خەلیل سپارد گەیاندییە پشتی بارەگاکانی خۆیان.

تۆپبارانێکی سەخت بوو خەلیل هێستریکی هێنا بۆ سەردار هێسترەکە تۆپێک لێیدا و پارچە پارچە بوو، دکتۆر جەمال چارەسەری بۆ سەردار کرد بریندەکەی پێچا فتیلەی بۆ کرد لە ئێسقان گیر بوو هاواری دەچووە ئاسمان، سەرداریان نارد بەرگەڵو لەوێشەوە بۆ ئێران.

شەڕ لە ناوچەکە بەردەوام بوو پێشمەرگە بەرگری سەختیاندەکرد هێزە پەلامار دەرەکەی دوژمن گەڵای پایز بوون لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا دەوەرین، لە نێوان شاخ و لوتکە و گابەردو ڕەوەزەکانی ناوچەکە هەڵدەدێران.

شەڕێکی قورس و گران دەستیپێکرد بوو کۆچەر پێشمەرگەی دەستەی سەڵاح شینە تۆپێکی بەرکەوت و شەهید بوو ژمارەیەک پێشمەرگەش بریندار بوون.

ڕەحـــمانە ســـوور

یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شەڕە ڕەحمانە سوور بوو قوات خاسەیەک بەدەم تەقە کردنەوە پەلاماری هێنایە سەر ڕەحمانە سوور، ڕەحمان نارنجۆکێکی بۆ هاویشت و کوشتی.

پـــەیوەندی کاك کـــۆسرەت

کاک کۆسرەت لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی بە تیپی سۆرانەوە کرد هەواڵی شەڕەکەی لێپرسین ئەوانیش وەڵامیانداینەوە پەلامارێکی قورسمان لە سەرە شەهید و بریندارمان هەیە، کاک کۆسرەت ووتی خۆتان ڕابگرن هێزتان بۆ دەنێرم.

تـــیمی بـــرین پـــێچی

بەشی دواوەی شەڕگەکە تیمێکی سەرەتایی برین پێچی لێبوو هەر پێشمەرگەیەک بریندار بووایە دەیانناردە لای ئەو تیمە بۆ چارەسەر.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوای بەرگرییەکی سەخت کشانەوە سێکانیان ڕژێم سێکانیانی گرت پاشەکشەیانکرد بۆ پشتی سەرگەڵو لەوێ تۆپێکیان لە ناودا تەقیەوەو ئەم پێشمەرگانە بریندار بوون.

١/ سەلاح شینە
٢/ هەڵۆ حەسەن
٣/ هەڵمەتە ڕەش
٤/ سەردار شەڕکانی
٥/ حاجی حسێن
٦/ کەمال سیامەند
٧/ سدیق سلیمان
٨/ ئیسماعیل کاکۆ

هەر لەو شەڕانەدا هێزێکی تیپی (٥٣) ی شێروانە بە فەرماندەیی حەمە ڕەش هاتنە شەڕگەکە.

بریندارەکان لە بەرگەڵو بەرەو چاڵاوا ڕۆیشتن لە گۆمەزەڵ یەکیانگرتەوە، چەند ڕۆژێک لە گۆمەزەڵ مانەوە.

تـــابلۆکانی ڕێ

بە کوێستانی گەڵاڵەدا بریندارەکان بـەرەو ئێران بەڕێکران، بەفر ئەژنۆیەک لە زەویـدا کەوتبوو سەرماو بەستەڵەکی ناوچەکە دەسەڵاتی لە دەست مرۆڤ دەسەندەوە، لە بەردەم بەفرو زوقم و سەرمای ئەوێدا هەموو شتێ تەزیبوو هەتا مرۆڤ و ئاژەڵ و دارو بەردی ناوچەکەش بەستبووی.

تـــابلۆی یـــەکەم

مانگایەک لە ناو بەفرەکەدا وەستا بوو کە لە دوورەوە تەماشاتدەکرد مانگایەکی ئاسایی بوو بەڵام کە لێینزیک دەبوویتەوە لە ناو بەفردا ڕەق ببوو وێنەی تابلۆیەکی دەنەخشاند، مانگایەک لە بەر پەلامارو درندەیی بەعس لانەی لێتێکچوو بوو بەفر کردبووی بە تابلۆیەک بە تەوێڵی ئەنفالەوە.

تـــابلۆی دووەم

دەیان سەر ئاژەڵ مێگەلێک لە دوورەوە چاوی تەماشا دەیبردیت، مێگەلەکە بە شێوەیەک دەردەکەوتن واتدەزانی تەماشای تۆ دەکەن بەڵام کە نزیک دەبوویتەوە هەمووان بە یەکەوە ڕەق ببوون، دەیان سەر ئاژەڵ ببوونە لەوحەیەکی تراژیدی و لە سەر بەفرا وەکو تابلۆیەک نەخشابوون.

تـــابلۆی ســـێیەم

پۆلێک سەربازی عێراقی لە دوورەوە ڕەش دەچوونەوە کە لێیان دەچوویتە پێشەوە پۆلێک سەرباز بـوون ئاگریان کردبووەوە هەموویان ڕەق ببوونەوە ئاگرەکەش هەر ڕەشاییەکەی مابوو، سەربازەکان هەر یەکە بە شێوەیەک کەوتبوون، یەکێک سەیری تۆی دەکرد، ئەویتر سەیری دوورتر، یەکێکیتر سەری خستبووە سەر ئەژنۆکانی تابلۆیەکی زیندوو بوون دوور لە فڵچە و تەختە تابلۆیەک سروشت و بەفر کێشا بوونی.

تـــابلۆی چـــوارەم

وولّاخێک هەتا ناوسکی لە بەفرا بوو ئەویتری لە دەرەوە بوو وا دەهاتە بەرچاو تەماشات دەکات بەڵام کە نزیک دەبوویتەوە ڕەق ببووەوە.

تـــابلۆی پـــێنجەم

سەعدەدین گوێی لە هاواری ژنێک بوو هاواریدەکرد فریامکەون سەعدەدین بە هەر چوار دەوری خۆیدا دەگەڕا هەر دەنگ هەبوو ڕەنگ و ڕووخسار نەبوو ئەو دەنگە هەر دەهات و دەچوو.

تـــابلۆی شـــەشەم

لەو ڕێگەیە دەیان پارچە فەڕش و ڕاخەر لە سەر بەفر کەوتبوون دەتووت بۆ بۆنەیەک ڕیز کراون.

تـــابلۆی حـــەوتەم

نزیکەی ١٠٠ دیلی سەربازی تەسلیم بە پێشمەرگەیەک کرا تا بیانگوازێتەوە سنوور پێشمەرگەکە بە ناو بەفردا سەربازەکانی گواستەوە هەر سەربازێک توانای ڕۆیشتنی نەبووایە گوللەیەکی دەنا بە سەریەوە لە ناو بەفردا جێیدەهێشت.

پێشمەرگەکان گەیشتنە سنووری ئێران سووپای ئێرانیان لێدەرکەوت، نزیک بوونەوە لە سنوور مانای دوورکەوتنەوە بوو لە سووپای دڕندەی عێراق.

هەڵۆ حەسەن بریندار بوو بە سواری وڵاخێکەوە بوو بە گەیشتنی بۆ سنوور بزەیەکی کردوو ڕادیۆکەی کردەوە گۆرانییەکی عەزیز شارۆخی بوو ووتی ئێستا دڵنیام کە لە ژێر دەستی ڕژێمی عێراق چوومە دەرەوە.

بە گەیشتنیان بە سنوور بریندارەکان گواستراندەوە نەخۆشخانەکانی ئێران، دوای چارەسەر گەڕانەوە کوردستان بۆ تیپەکانیان.

شـــەڕی گـــەورە قـــەڵا
کـــۆتایی مـــانگی 1988/2

تیپی ١٢ی سۆران بوونە دوو بەش بەشێک بە فەرماندەیی کاک پۆلا ڕۆیشتن، بەشێکیش بە فەرماندەیی سەلاح شینە فەرماندەی تیپ، نێوان هەر دوو بەشەکە دە ڕۆژێک بوو.

ئەو بەشەی لە گەڵ سەلاح شینە بوو دێ بە دێ ڕۆیشتن دوای شەش ڕۆژ گەیشتنە مەرگە چوونە دۆڵی بێدەلان لەوێ جێگیر بوون، بەشی دووەمی هێزەکە بە فەرماندەیی سەلاح شینە لە ناو مەرگە بارەگایان دانا کاک پۆلا و خاڵە سیسۆ لە چیای ئاسۆس بوون.

دوای جێگیر بوونیان لە مەرگە هەواڵیان پێگەیشت دوژمن پەلاماری ناوچەکە دەدات، سەعدەدین ڕەواندزی و سەردار شەڕکانی چوونە لای خاڵە سیسۆو پۆلا لە چیای ئاسۆس شەو لەوێ مانەوە.

دەنگی پێ لە دووڕەوە دەگەیشتە گوێ دەنگیاندان ئێوە کێن ووتیان ئێمە ڕێکخستنەکانی ناو شارین هاتنە پێشەوە ماندوو شەکەت بوون هەر یەکەیان کۆلە پشتێکیان لە کۆڵ بوو لە قەرەتەپەو مەمەنداواوە هاتبوون، یەکێکیان ٣٠٠ هێلکەی کۆلاوی هێنا بوو ئەویتریان ٣٠٠ نانی لە کۆڵ نابوو، ڕێکخستنەکان ووتیان لەم هەفتەیەدا دوژمن هێرش دەکاتە سەرتان.

سەردارو سەعدەدین بۆ بەیانی لە ئاسۆس هاتنە خوارەوە خاڵە سیسۆو پۆلا هێزەکەیان گەڕاندەوە لای بەشەکەیتری تیپی سۆران لە مەرگە، هێزەکانی دوژمن لە بنگردەوە بەرەو مەرگەو بێدەلان هاتن، سەلاح شینە کەرتی (٤)ی ناردە بێدەلان.

هێزێکی حزبی سۆسیالیست لە بێدەلان بوون شوێنەکەیان جێهێشتبوو هێزەکەی تیپی سۆران پشتیان لە هێزەکەی دوژمن گرت بە ئاربیجی و بیکەیسی لێیاندان دەبابەو جاش و سەرباز بەیەکەوە ڕاونران تا ئەو شوێنەی پێشتر لێیی مۆڵیبوون.

پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی تیپی سۆران دوای شکاندنی هێزەکەی دوژمن گەڕانەوە ناو مەرگە هێزەکەی حزبی سۆسیالیست هاتنەوە بێدەلان.

بـــەرەو ســـەر قـــەڵا

هێزێکی تیپی ١٢ی سۆران بە چاوساغی پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بـەرەو گـەورە قـەڵا بەڕێکەوتن چیای گـەورە قـەڵا هەتا سـەر دەکەوێتە سەری پانتاییەکەی بچوک دەبێتەوە لەو پانتاییە بچووکەی گەورە قەڵادا پێشمەرگەکانی سۆران سەنگەریان لێداو دامەزران.

پێشمەرگەکانی تیپی سۆران پێکهاتبوون لە خاڵ سیسۆ، حاجی گەرەویی، ڕەسوڵ قادر، سەعدەدین ڕەواندزی، سەمەد ڕەواندزی، سەردار شەڕکانی، محەمەد مەلا، ئازاد، ڕەشاد، محەمەد حسێن و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر بوون.

سەرقەڵا قەڵای سەختی پێشمەرگە و زستان بوو، کەش و هەوایەکی ساردو سڕی هەبوو، کاتژمێر (٨)ی بەیانی تۆپخانەکانی دوژمن تۆپبارانی گەورە قەڵایان دەستپێکرد دوژمن بە فسفۆر لە گەورە قەڵای دەدا.

لە بـەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگە جوولەی دوژمـن دەستپێکرد جاش و سەرباز سەرکەوتنە بنارەکانی گـەورە قەڵا پێشمەرگە لە سەنگەردا دامـەزران دەستیان لە سەر بەلە پیتکەی تفەنگ بوو هەتا دوژمن نزیک دەبێتەوە هێزەکەی دوژمن نزیک بوونەوە پێشمەرگە دەستڕێژیان لێکردن هێزەکەی دوژمن هاواریان پێکەوت و هەڵاتن کوژراوو بریندارەکانیان ڕادەکێشا.

دوای شکاندنی هێزەکەی دوژمن تۆپباران دەستپێکردەوە، هێزەکەی دوژمن دووبارە پەلاماری گەورە قەڵایان دایەوە سەردار شەڕکانی بە پارچەی ئاربیجی بریندار بوو خوێن بە سەریدا دەهاتە خوار ئەمجارەش پەلامارەکەی دوژمن تێکشکا تۆپباران دەستپێکردەوە، خاڵە سیسۆ سەرداری نارده خوارەوە بۆ مەرگە لە ڕێگا سوار تراکتۆرێک بوو تا مەرگە لەوێ چارەسەریان بۆ کرد.

ئـازادو ڕەشـادو محەمەد حسێن سەرداریان گەیاندە ناو مەرگە و گەڕانەوە گـەورە قەڵا بۆ مـاوەی دوو ڕۆژیتر لە گـەورە قەڵا مانەوە دواتر لە گـەورە قەڵا دابەزین و کەرتی حاجی زرار چوونە جێگەیان.

هەواڵ گەیشت دوژمن هێزێکی گەورەی هێناوەو دەبێت هەموو پێشمەرگەکان بچنە شەڕگەکان دوای گرتنی گەورە قەڵا کەرتی (٤) تیپی ١٢ی سۆران چوونە بەرد قڵشیو (٣) پێشمەرگە لە بارەگا جێمابوون تا نان و پێداویستیان بۆ بهێنن، بۆ بەیانی دوژمن پەلاماری بەرد قڵشیویدا بەڵام شکا، پەلاماری دووەمی دەستپێکرد هێزێکی گەورەو فراوان و لە ژمارە نەهاتووی هێنا بوو، هێزەکەی تیپی سۆران و هێزەکانیتر کە لە بەرد قڵیشو بوون پاشەکشەیانکرد هاتنە گۆڕستانی مەرگە دۆشکەیەکی تیپی ٤٣ی ئاسۆسیان لە گۆڕستانی مەرگە شاردەوە.

ئەو ڕۆژەی لە بەرد قڵیشو پاشەکشەیانکردوو هاتنە خوارەوە ڕۆژێکی تەموو مژ بوو خەریک بوو بکەونە داوی دوژمن بەڵام تەمومژەکە یارمەتیدەر بوو بۆ ڕزگار بوونیان، محەمەد مەلا لە هێزەکە دابڕا بوو وون ببوو بەڵام لە هاتنە خوارەوەدا دۆزییانەوە.

شـــەهید بوونی (3) پـــێشمەرگە

سێ پێشمەرگە لە ناو بارەگای مەرگە مابوونەوە تا خـواردن و پێداویستی بگەیەننە سەنگەرەکان تۆپێک لە بارەگاکەیداو هەر سێ پێشمەرگە ئازاد مەغدید، محەمەد حسێن، ڕەشاد بریندار بوون دواتر لە ژێر کاریگەری بریندەکەیاندا هەر سێکیان شەهید بوون.

شـــکاندنی مـــەخزەنەکانی ســـێروان

هێزەکەی تیپی سـۆران لە گۆڕستانی مەرگەوە دێ بە دێ چوونە سێروان، لە سێروان چوار مەخزەنی یەکێتی لێبوو پڕبوو لە پێڵاوو قەمسەڵە مەخزەنەکان داخرابوون سەعید کادر پێشمەرگەی سەرەتاکانی شۆڕش بوو ووتی ئێستا من پێڵاوم نییە لە پێی بکەم مەخزەنەکانیش داخرابن، پێشمەرگە کەوتنە سەر دەرگای مەخزەنەکان هەموویان شکاندن هەر پێشمەرگەیەی چەند پێڵاوێکی لە گەڵ خۆی هەڵگرت، هەر پێشمەرگەیە قەمسەڵەیەکی هەڵگرت مەخزەنەکان بەتاڵ بوون لە کەلووپەل.

پـــێڵاوی ســـپۆرت

چەرمی پێڵاوەکانی قایم بـوون بۆ ئەو دەمـە باشترین جـۆری پێڵاو بوون، پێڵاوەکان لە سەریان نووسرابوو سپۆرت لە باشترین جۆری پێڵاو بوون کە بە درەنگ دەدڕان و بەرگەی زیاتر لە ساڵێکی پێشمەرگەی دەگرت.

شـــەڕی ســـێڕوان

پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران لە ناو سێروان یەکیانگرتەوە بەڵام خاڵ سیسۆ و پۆڵاو چەند پێشمەرگەیەک دابڕابوون چووبوونە ئاسۆس.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی سەڵاح شینە لە ناو سێروان مانەوە بڕیاریاندا بەرگریبکەن، بەر لە ئێوارە دوو دەبابەو دوو ناقیلە هاتنە پێش سێروان دەستیان بە تەقە کردنکرد ڕووەو سێروان، پێشمەرگەکانی تیپی سۆران لە پشتی سێروان دامەزرا بوون لە ناقیلەو دەبابەکانیانداو شکاندیانن.

لە ئـــــاوەژێ

نیوە شەوێک پێشمەرگەکانی سـۆران چوونە ئـاوەژێ پیرەژنێک بە تەنیا لە ماڵێکدا جێمابوو کە زانی پێشمەرگەن ووتی برۆن سەلاجەکە هەموو شتێکی تیادایە با نەکەوێتە دەستی جاش ماڵەکە لەو سەردەمەدا سەلاجەیان هەبوو، پیرەژنەکە ووتی حەزتان لە چییە بیخۆن، پێشتریش خاڵ عیزەت ئەشکەوتێکی دۆزیبووەوە پڕ بوو لە نان.

بـــــەرەو کانی تـــوو

شاخەوان پێشمەرگەی تیپی سۆران چووە سێروان لە کاتی شەڕەکە نەگەڕایەوە لای هاوڕێکانی بەرەو کانی توو ڕۆیشتبوو.

سەڵاح شینە فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران کە تێکڕا شەست پێشمەرگە بوون لە سێروان بڕیاریدا پاشەکشە بکەن بۆ کانی توو، مەلا هیواو مام سەلیم بریندار بوون لە کانی توو بینییانننەوە.

کانی توو مەخزەنێکی گەورەی پڕ لە کیسە خەوو پێداویستی تیا بوو، ئەویش وەکو مەخزەنەکانی سێروانی لێهات.

کانی توو چۆلێکردبوو خواردن لە سەر سفرەی ماڵەکان جێمابوو، پێشمەرگەکانی تیپی سۆران چوونە ماڵەکان بۆ نانخواردن لە ناو ماڵێکدا مەنجەلێک گۆشتی قەل بە جێمابوو دەستیانکرد بە خواردنی گۆشتی قەل و برنج هەتا توانیان خواردیان ئەوەی مایەوە خستیانە ناو نانەوەو لە گیرفانیاننا.

سەلاح شینە پێشمەرگەکانی لە کانی توو کۆکردەوەو پێیووتن من فەرمانم پێکراوە دەبێت بڕۆین و بگەڕێینەوە سەرکردایەتی، پێشمەرگەکان بەرەو چیای کۆڕ کۆڕ بەڕێکەوتن بەفرێکی وشک و ڕەق بە باوە دەباری هەتا بەرەو چیاکە هەڵدەکشان زیاتر بەفرەکە توند دەبوو ماوەی بینین کەم دەبووەوە سەلاح شینە هێزەکەی ئاگادار کردەوە بگەڕێنەوە لە ناو قەدو ناوەڕاستی کوێستانی کۆڕکۆڕدا گەڕانەوە گرێلە دەستیپێکرد.[٢]

لە کانی توو پێشمەرگەیەکی بریندار پارتی لێبوو بە پێشمەرگەکانی تیپی سۆرانی ووت حەز دەکەم لە گەڵ خۆتان بمبەن یان بمکوژن، پێشمەرگەکان ووتیان ئەوە حاڵی خۆمانە بۆ کوێت بەرین، پێشمەرگە بریندارەکەی پارتی کە بێهیوا بوو لەوەی ناتوانن لە گەڵ خۆیان ببەن ووتی نارنجۆکێکم بدەنێ.

بەفرو باران و تەڕوو تووشییەکی زۆر بوو پێشمەرگە لە سەر لوولەی زۆپای سەر بانی ماڵان خۆیان بە گڕی گەرمی لوولە زۆپاکە گەرم دەکردەوەو بەفرو بارانیش لێیدەدان.

لەو کاتەی پێشمەرگەکان بەرەو کۆڕ کۆڕ بەڕێکەوتن سەعدەدین ووردە ووردە هاوسەنگی لە دەست دەدا چەند ڕۆژ بوو خواردنی نەخواردبوو خواردن و ئاو لە گەروی نەدەچووە خوارەوە.

ژن و مێردێک منالێکیان لە باوەش بوو منداڵەکە دەگریا پیاوەکە منالەکەی لە باوەشی دایکی دەرهێنا فرێیدایە سەر بەفرەکە قەناسی ڕاکێشا بیکوژێت ژنەکە خۆی بە سەر منداڵەکەدادا بە پیاوەکەی ووت ئەگەر ئەو بکوژیت دەبێت منیش بکوژیت.

لە کاتی گەڕانەوەی هێزەکەی تیپی سۆران لە کوێستانی کۆڕ کۆڕ چەندین

---

٢ بەفرێک لە شێوەی تەرزە ڕەق بوو لە دەموچاوی پێشمەرگەی دەدا بەو بەفرە ڕەقەیان دەوت گرێلە.

وێنەی دڵتەزێن دەکەوتنە بەرچاو.

+ ژنێک منااڵێکی دابوو بە کۆڵیدا بەڵام منااڵەکە مردبوو.

+ چەندین کەس لەو کوێستانە هەڵدێران لە ناو بەفردا وون بوون و بوونە تەرم.

هێزەکەی تیپی سۆران گەڕانەوە سەر گۆلان[٣] کابینەیەکی لێبوو حەوزێکی لە سەر دروستکرابوو هەندێک گۆلی ئاویشی لێبوو لە دار دروستکرابوو بۆ ئەوەی ئاژەڵی لە سەر ئاودەن پیرەمێردێک کەوتە ناو حەوزەکە پێشمەرگەیەک بە لای پیرەمێردەکەدا ڕۆیشت تفەنگەکەی لە ناو دەستەکانی دەرهێنا بەڵام پیرەمێردەکەی دەرنەهێنا، پیرەمێردەکە تەزیبوو لە ناو حەوزەکەدا قسەی بە پێشمەرگەکە ووت، دوو پێشمەرگەیتر پیرەمێردەکەیان لە ناو حەوزەکە دەرهێنا.

پێشمەرگەکان هاتنە پشتی کانی توو سەلاح شینە لە دوو کەسی خەڵکی ئەوێی پرسی ئەو ڕێگەیە بۆ کوێ دەچێت، ووتیان ئەو ڕێیە دەبێت بە دوو ڕێ، ڕێیەکیان دەچێت بۆ شارستێن، ڕێیەکیان دەچێتەوە خورخورەو یاخیان و هەواڕە بەرزە، بە ڕێگەی سەرەوەدا برۆن چوونکە شارستێن گیراوە.

ڕێـــگەی مـــەرگ

پێشمەرگەکانی تیپی سۆران ملی ڕێگەیانگرت و بەڕێکەوتن ماوەیەک ڕۆیشتن کات بەرەو ئێوارە دەڕۆیشت پێشمەرگەیەکی زۆر لەو ڕێگەیە لە ناو بەفردا کەوتن.

کـــەوتنی ســـەعدەدین

سەعدەدین ڕەواندزی یەکەم پێشمەرگە بوو کەوت فاروق و سەردار و سەعدەدین بەیەکەوە بوون، پێش خۆرئاوا بوون بەفر بارین کۆتایی هات، سەعدەدین لە ناو بەفردا کەوتبوو سەردارو فاروق زۆر هەوڵیاندا لە گەڵ خۆیان بیبەن سەعدەدین ووتی برۆن بەجێمبهێڵن سەردارو فاروق شەڕکانی سەعدەدینیان جێهێشت.

---

٣ گۆلی ئاو لە دار دروست دەکرێت بۆ ئەوەی ئاژەڵی لە سەر ئاودەن پێیان دەوت سەر گۆلان.

کـــەوتنی دووەم
ســـەعید کـــادر

دوای کەوتنی سەعدەدین و جێهێشتنی سەعید کادر کەوت، سەردارو فاروق زۆر لە گەڵیدا خەریک بوون جووڵاندیان داوایان لێکرد هەستێ و بڕوات تا لەو بەفرەدا نەتەزێ و خوێنی خەست نەبێتەوە، سەعید کادر خوێن لە لووتی دەهاتە دەرەوە، سەعید خوێنی لووتی سڕی و ووتی کاکە جێمبهێڵن.

هێزەکە لە پێشەوە دەڕۆیشت سەردارو فاروق و سەعید کادر و سەعدەدین کۆتایی هێزەکە بوون لە دواوە مابوون، زۆر هەوڵیاندا سەعید کادر نەیتوانی بڕوات.

سەعید کادر نایلۆنێکی لول دابوو بە پەڕۆیەک لە کۆڵە پشتەکەی تووندیکردبوو ووتی ئەو نایلۆنەم پێدادەن و بڕۆن سەردارو فاروق نایلۆنەکەیان کردەوەو دایان بە سەر سەعیددا بەردیان لە ژێر بەفر دەرهێناو لە سەر ڕۆخی نایلۆنەکە دایاننا تا با نەیبات، سەعید کادر بە فاروق و سەرداری ووت ئێوە بڕۆن ئەوانیش ڕۆیشتن.

کـــەوتنی ســـێیەم
ســـەعدەدین ڕۆســـتایی (ڕێـــباز)

سەعدەدین ڕۆستایی دوو برای لە گەڵدا بوو سەردارو فاروق بە لای ئەودا تێپەڕین هانیاندا هیممەت بکات زۆریان نەماوە بەڵام (ڕێباز) توانای نەبوو بڕوات دوو براکەی لای مانەوە.

سەردارو فاروق کەمێک خێراتر ڕۆیشتن تا بگەنەوە بە سەڵاح شینە، گەیشتنە سەڵاح شینەو پێیانووت پێشمەرگە لە ناو بەفردا جێماون سەڵاح ووتی کاکە لەو هێزەی هاتووین نیوەیم بۆ دەربچێت مەمنونی خوام.

پێشمەرگەکانی سۆران بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن گەیشتنە هەواڕە بەرزە پێشمەرگەی تیپی ٧٨ی کاروخی لێبوو چوونە ناو هەواڕە بەرزە تیپی کاروخ لە ناو خانووەکانی هەواڕە بەرزەدا بارەگایان دانابوو زۆپایان گەرم کردبوو چایان دەم کردبوو هەر بارەگایە ژمارەیەک پێشمەرگەی تیپی سۆرانی بردە لای خۆی خۆیان گەرم کردەوەو نانیان خوارد.

کـــفنی زەوی، بـــەفرە گـــۆڕ
نـــوزەی ســـەعدەدین

سەعدەدین هاوسەنگی لە دەستدابوو دەستی بە تاقمەکەی دڵشاد باویانی گرتبوو قاچی دەکەوتە ناو جۆگەی ئاو ئەوان بەرەو کۆڕ کۆڕ دەڕۆیشتن ووتیان لەو ڕێگەیە بگەڕێنەوە دەچنە ڕێگەی هەواڕە بەرزە، سەعدەدین کەوتە ناو جۆگە ئاوێک سەردارو فاروق شەڕکانی هەڵیانگرتەوە، کاروانی ڕێچکە گرتووی پێشمەرگە ڕەتبوون کاروانی بێکۆتایی، سەعدەدین بە فاروق و سەرداری ووت جێم بێڵن با ئێوە جێنەمێنن.

بەفر دەباری سەعدەدین لە جێگەی خۆی دانیشت دوای پشوویەک هەستا بڕوات تەماشایکرد کەسێک لە سەر بەردێک دانرابوو نایلۆنیان بە سەردا دابوو لە چوار دەوری نایلۆنەکە بەردیان دانابوو، سەعدەدین چووە پێشەوە ووتی کاکە تۆش بەجێماوی، ووتی ئەرێ وەڵڵا، سەعدەدین تەماشایکرد سەعید کادر بوو تەنها چۆغەو شەڕواڵ و پشتێنی لە بەردا مابوو.

سەعید کادر نایلۆنەکەی لادا لە گەڵ سەعدەدین بەیەکەوە ڕۆیشتن تەماشایانکرد کەسێکیتر لە تەنیشت بەردێک ڕاوەستا بوو بە مەخزەنی کلاشینکۆفەکەی گوێزی دەشکاند، لێینزیک بوونەوە ڕێباز بوو ووتیان تۆش جێماوی ڕێباز ووتی من تاقەتی ئەو ڕاکەم نییە بە ئیسراحەت دەڕۆم.

سەعدەدین و سەعید کادر لە نێوان دوو بەرددا دانیشتن بەفرو با کەمتر دەیگرتەوە سەعدەدین پاکەتە خورمایەکی لە گیرفاندا بوو دەریهێنا بیخوات هەر چەندیکرد بۆی نەخورا، سەعید کادر ووتی خۆزگە نەمردمایە یەک جگەرەم بکێشایە، سەعدەدین ووتی جگەرەت پێنییە، سەعید ووتی پێمە بەڵام ئاگرم پێنییە سەعدەدین ووتی من ئاگرم پێیە، سەعدەدین شقارتەکەی دەرهێنا تەڕ ببوو کەڵکی هیچی نەمابوو.[٤]

ڕێباز بانگیکردن ووتی وەرنە ئێرە سەعید کادر ڕۆیشت، بەفر بەڕیز دەباری ڕێگەکانی دادەپۆشی شوێن پێیەکانی سپیدەکردەوە، سەعید کادر لە ڕۆیشتندا سێ چوار جار کەوتوو هەستایەوە.

---

٤ قسە کردنی نێوان سەعدەدین و سەعید کادر زۆر بە زەحمەت بوو لە ماوەی ٥ دەقیقەدا دوو ووشەیان بۆ نەدەوترا بەفر تەزاندبوونی.

هەستایەوە.

سەعید کـادری پێشمەرگەی تەمەنێک خەبات گیانی سپاردە ئەو کۆستانە سپیۆشە گڕ گرتووە، سەعدەدین ئومێدی نەمابوو چاوەڕێی مەرگی دەکرد چووە لای ڕێباز بڕیاریاندا یەکتر جێنەهێڵن، ڕێباز بە سەعدەدینی ووت براکانم دێن بە دوامدا دەبێ تۆش بێنن لە گەڵما.

ڕێبازو سەعدەدین هەنگاویاننا، لە هەورازو نشێودا بەردەبوونەوە دەکەوتن و هەڵدەستانەوە سەعدەدین بە ڕێبازی ووت تۆ چەکت پێیە لە پێشەوە من بکوژە دواتر خۆت بکوژە بانەکەوینە دەست دوژمن ڕێباز چەکی ڕاکێشا مەخزەنی لە سەر نەبوو لەو شوێنەی گوێزی لێشکاند بوو مەخزەنەکەی جێهێشتبوو ناچار چەکەکەیان فڕێدا.

سەعدەدین و ڕێباز چوونە ناو گۆمە ئاوێک ماوەیەک لە ناوی گۆمە ئاوەکە مانەوە دواتر هاتنە دەرەوە، گۆمەکە بەفرو شەختە بوو پێیان وابوو بچنە ناوی گەرمیان دەبێتەوە.

لە سەر ڕێگەکە فیشەک کەوتبوو ڕێباز و سەعدەدین فیشەکەکانیان دەدا بە یەکدا تا بتەقن و ئاگریان لێهەستێ و دەستیان گەرم بکەنەوە زۆریان بەرد کێشا بە فیشەکەکاندا نەتەقین.

درەنگانی شەو دەنگە دەنگێک هات گومانیانکرد جاش و سەرباز بن ڕۆیشتن، سەعدەدین لە جۆگە ئاوێک پەڕییەوە ڕێباز لە دواوە بوو دەنگەکە نزیک ببووەوە دوو پیاوو سێ ژن بوون سەعدەدین ووتی لە گەڵ خۆتان بمانبەن من کەسێکیتریشم لە گەڵە کە ئاوڕیدایەوە ڕێباز لە ناو جۆگە ئاوەکەدا کەوتبوو گیانی سپارد بوو.

دوای مـاوەیـەک دەنگە دەنگێک هـات کە نزیکبوونەوە حزبی دەعـوا بوون سەعدەدین لە گەڵیان ڕۆیشت، یەکێک لە عەرەبەکان بە سواری ووڵاخـەوە بوو سەعدەدین دەستی بە کلکی ووڵاخەکەوە گرت خۆی بە دوایدا ڕادەکێشا ووڵاخەکە سەر سمێکی برد سەعدەدین ئاگای لە خۆی نەماو کەوت کاتێک سەری بەرز کردەوە مانگە شەوێکی جوان لە سەر بەفر خەرمانەی داوە.

پەنجەکانی دەستی سەعدەدین خوێنی لێدەهات بێهۆش کەوت کاتێک بە ئاگاهاتەوە ڕۆژهەڵاتبوو تەماشای دەوروبەریکرد خانوویەک لە نزیکیبوو هەر چۆنێک بێت خۆی گەیاندە خانووەکە دەرگاکەی کرابووەوە کەسی لێنەبوو هەموو شتێکی تیا بوو، زۆپاکە پڕ دار بوو نەوت لەوێ دانرابوو شقارتەشی لێبوو هەر چەندیکرد نەیتوانی شقارتەکە داگیرسێنێ، هەندێک دۆشەکی لێبوو دای بە خۆیدا چاوەڕێیدەکرد دوژمن بێت و تەقەی لێبکات.

سەعدەدین لە ژێر جێگاکەدا بوو جەمال کەڵێتەیی و چەند پێشمەرگەیەک هاتن زۆپایان بۆ هەڵکردوو ووتیان لێرە بە دێینەوە بۆ لات.

ئەو شەوە پێشمەرگەکانی تیپی سۆران لە بارەگاکانی تیپی کاروخ مانەوە لە هەواڕە بەرزە دۆخی ئەو پێشمەرگانەیان باسکرد کە لە ناو بەفردا جێمابوون بەڵام تازە شەو بە سەردا هاتبوو شەوەکەش ساماڵ بوو.

بۆ بەیانی عیزەت فەقیانی بە سەرداری ووت با بچین بە دوای سەعدەدیندا، عیزەت و سەردار ڕۆیشتن، عیزەت فەقیانی سەرداری لە سەر گردێک جێهێشت و ووتی من دەچم دەگەڕێم عیزەت فەقیانی چووە ئەو خانووەی سەعدەدینی لێبوو دوو مریشکی سەر بڕی خواردنی بۆ دروستکرد سەعدەدین بوژایەوە، جلوو بەرگی لە بەردا نەمابوو جلیان بۆ هێناو بردیانە هەواڕە بەرزە.

سەعدەدین دۆخی تێکچوو بوو دەستەکانی ڕەش ببوو لە ناو بەفردا قاچەکانی نەدەجووڵاند سەعدەدینیان گەرم کردەوەو دۆخی باشتر بوو، سەعیدی کادرو ڕێباز بەفری ئەو کوێستانە بووە کفن و ماڵە گۆڕیان.

هێزەکەی تیپی سۆران لە هەواڕە بەرزەوە چوونە خوڕ خوڕەو یاخیان بارەگایان دانا، ووتیان کاک نەوشیروان لە گۆمە زەڵە، سەردارو عیزەت فەقیانەیی چوونە لای کاک نەوشیروان ووتیان ئەو پێشمەرگەیە دۆخی زۆر خراپەو لە بەفردا جێماوە کاک نەوشیروان ووتی دۆخی سەرکردایەتی زۆر خراپە ئێستە کۆپتەر نایەتە ئێرە بنیشێ بە گومانم لە بەرگەڵوش بنیشێ بۆیە هەوڵبدەن لە ڕێگەیەکیترەوە ڕەوانەی ئێرانی بکەن.

تیپی ١٢ی سۆران چوونە بەرگەڵو لە گەڵ خۆیاندا سەعدەدینیشیان بردە بەرگەڵو جارێکیتر تیپی ١٢ی سۆران گەڕانەوە شەڕگەکە.

وەرزێکی ساردو سڕ بوو وەرزی زستان ئەو کوێستانە بەفر دایدەپۆشێت نەک هەر مرۆڤ بەفری زستانی ئەوێ گەلە گورگیش دەتەزێنێ چ جای پێشمەرگەی کۆڵ بە کۆڵ تەنها بە بەتانییەک لە ناو سەنگەرو لە بەر ڕەحمەتی بەفردا بێ خانوو بێ پەناو نوایەک.

بەفر بەڕیز دەباری سەرما و کزەیەکی وەک تیغ لە سەرو ڕیشی پێشمەرگەی دەدا، باران و بەفر بە یەکەوە تێکهاڵا بوون، شڵێوە بوو، بەفرێکی ئەستوور لە سەر بەتانی و پێخەفی پێشمەرگە کەوتبوو.

کاک کۆسرەت لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی بە تیپی سۆرانەوە کردو ووتی دوژمن لیوایەکی حەرەس جمهوری و لیوایەکی مغاویری و فەوجێکی جاشی هێناوە تا پەلاماری سەنگەرەکانتان بدەن ئامادەو وریا بن.

بـــیمارستانی شـــوهەدا، تـــەبرێز عـــەشقی بـــەهێز یـــەك

سەردار لە بیمارستانی شوهەدا خەوێندرا، ڕۆژی یەکەم کە گەیشتە نەخۆشخانە بۆ شـەوەکـەی بردیانە ژووری نەشتەرگەری، قۆڵیان نەشتەرگەری کـردو لە گەچیانگرت دواتر بردیانە ژورێک لە سەر قەڕەوێڵەیەک پاڵیانخست، دوای ١٥ دەقیقە کچێکی جوان و سەرنجڕاکێش هاتە لای سەردار بریندەکەی بۆ پاککردەوەو ڕۆیشت، ڕۆژی دواتر کچەکە هاتەوە ئەو پەردەیەی لە نێوان سەردارو نەخۆشێکیتر بوو پەردەکەی کردەوە تا کەس نەیانبینێ.

بەهێز بە کوردییەکی تێکەڵ لە تورکی قسەی دەکرد کوردییەکەی ڕەوان نەبوو، بەهیز بە سـەرداری ووت چۆنی باشتر بوویت، بەهیز بـەردەوام بوو لە سەر قسەکانی ووتی من کوردم دایکم کوردە باوکم تورکە.

جلەکانی سەردار پیس بوون شوێنی بریندەکەیان لە سەر جلەوە هەڵدڕیبوو لە گەڵ ئەوەشدا خوێناوی بوو، بەهیز بە سەرداری ووت جلەکانت دابنێ ئەوەی پێویستە بۆت دەشۆم، ئەوەی کەڵکی نەماوە فڕییدەدەم جلی تازەشت بۆ دێنم، سەردار زۆر خۆشحاڵبوو بەو هەڵوێستەی بەهیز لە وولاتێکدا بریندار بیت و کەسێک خۆی بکاتە هاوخەمت و یارمەتیت بدات گرنگەو جێگەی دڵخۆشییە.

بەهیز نەخۆشخانەی بەجێهێشت بەیانی گەڕایەوە لای سەردار جلی ژێرەوەو کراس و بیجامەیەکی بۆ سەردار هێنابوو، سەردار جلە کۆنەکانی داکەندوو جلە تازەکانی کردە بەری.

بەهیز پەرستاری بیمارستانی شوهەدا بوو ڕۆژانـە چەند جارێک سەردانی سەرداری دەکرد لە تەندروستی دەپرسی، ڕۆژێک هاتە لای سەردار ووتی بەیانی دێم دەتبەم بۆ بازاڕ، سەردار قۆڵی لە گەچدا بوو کەمێک باشتر ببوو، بەهیز ووتی بەیانی دوای تەواو بوونی دەوام وەرە دەرەوە ئێشکگری نەخۆشخانەم ئاگادار کردووەتەوە دەتبەمەوە ماڵی خۆمان.

بۆ ڕۆژی دوایی بەهێز هاتەوە لای سەردار ووتی لە بیمارستان وەرە دەرەوە لای شوێنی وەستانی پاسەکان بووەستە دێم بە دواتدا.

سەردار چووە شوێنی وەستانی پاسەکان بەهیز بە ئۆتۆمبێلەوە هاتە بەردەمی و سەردار سەرکەوت و چوونە بازاڕ سەرەتا سەرداری بردە لای دەلاکێک سەری بۆ چاککرد دواتر بردییە فرۆشگایەک پانتۆڵ و کراسی بۆ کڕی، دواتریش چوونە دووکانی ساردەمەنی فالودەیان خوارد، خاولی و گوێزان و پێداویستی پیاوانەی بۆ کڕی و بردیە ماڵەوە.

بەهیز نایلۆنێکی هێنا لە قۆڵی سەرداری بەست کورسییەکی لە گەرماو بۆ داناو ووتی برۆ خۆت بشۆ، سەردار چووە گەرماو بە دەستێکی خۆی شت و ڕیشی تاشی ڕووخساری تەواو کرایەوە کراس و پانتۆڵی نوێی لە بەر کرد، دوای گەرماو کردن بەهیز سەرداری بردە لای دایک و باوکی و پێی ناساندن.

ماڵی بەهیز ماڵێکی گەورەو فراوان بوو هۆڵەکەیان نزیک چل مەتر چوار گۆشە بوو سەردار ئەو ماڵانەی تەنها لە فیلمەکاندا بینیبوو لە ئەفسانەکاندا بیستبووی، سورەییایەکی گەورە بە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا هەڵواسرابوو قەبارەی گەورە بوو ماڵێکی شاهانەی زەنگین و دەوڵەمەند بوون.

سەردار لای دایک و باوکی بەهیز دانیشت، بەهیز دۆخی سەرداری بۆ باسکردن باوکی بەهیز بە کوردییەکی شڕ بەخێرهاتنی سەردراری کرد سەردار ڕۆیشت دەستی ماچ بکات بەڵام ڕێگەی نەدا، باوکی بەهیز چاویلکەیەکی گەورەی لە چاو بوو بەردەوام دەیخوێندەوە دایکی بەهیز بە هەمان شێوە ڕێزی زۆری لە سەردار گرت ڕوویکردە سەردارو پێیووت باوکی بەهیز پیاوێکی زۆر بەڕێزو بەئەدەبە دووکانی گەورەی فەرشی هەیە کەسی نییە ، براو کوڕی نییە تەنها دوو کچی هەیە و تەواو.

ماڵی بەهیز نان و چێشتی زۆریان دروستکرد بوو، دوای نانخواردن ژورێکیان بۆ سەردار تەرخانکرد ژووری کچە بچوکەکەیان لە قاتی دووەم بوو، ژووری بەهیز نزیک ژورەکەی سەردار بوو دایک و باوکی بەهیز لە خوارەوە بوون.

کاتژمێر ١٢ شەو بوو سەردار لە ژووڕەکەی خۆی بوو بەهیز هاتە لای سەردار قسەی زۆریانکرد بەهیز ناڕاستەوخۆ بابەتی خۆشەویستی سەردارو زەماوەند کردنیانی دەهروژاند ئەو شەوە تا کاتژمێر ٣ی دەمەو بەیان نەخەوتن، دواتر هەر دووکیان بە دەم وەنەوزەوە چاویان چووە خەو.

بەیانی هەستان لە خەو نان و چایان خواردو خۆیان ئامادەکرد، بەهیز ڕۆیشتە بیمارستان سەرداری لە گەڵ خۆی بردەوە هەمان شوێنی وەستانی پاسەکان و دایبەزاند ووتی دوای من وەرە ژووڕەوە بۆ بیمارستان بچۆرەوە شوێنەکەی خۆت.

بۆ ڕۆژی دوایی جارێکیتر سەردار لە نەخۆشخانە چووە دەرەوە لە گەڵ بەهیز چوونە بازاڕی تەبرێز فالودەو نۆشابەو میوەیان خواردو گەڕانەوە ماڵەوە، سەردار وەکو کوڕی ماڵی لێهاتبوو دایک و باوکی بەهیز وەکو کوڕی خۆیان هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا دەکرد، کچە بچووکەکەیان بە سەرداری دەووت کاکە.

ئەو شەوەش درەنگانێک بەهیز هاتەوە ژووڕەکەی سەردار، تا درەنگ گفتوگۆیانکرد، بەهیز دەرگای دڵی بۆ سەردار کردەوەو پێیووت من عاشقی تۆ بووم دەمەوێت بیرووڕای تۆش بزانم، سەردار ووتی منیش تۆم زۆر بەدڵە زۆریشم خۆش دەوێی کچەکە بڕوای هێنا کە تا دوایی لە گەڵ سەردار بە یەکەوە دەبن.

شەوانیتر بە هەمان شێوە گوزەرا، هەتا سەردار لە بیمارستانی شوهەدا مایەوە دوای تەواو بوونی دەوام دەچووە دەرەوە لە گەڵ بەهیز دەچووە ماڵەوە.

ئەو کچەی لە ژووری تەبەڵەو فایلەکان بوو کە ڕۆژانە چارەسەریان بۆ سەردار دەنووسی دەستە خووشکی بەهیز بوو، ئەو چوونە دەرەوەکەی دەپۆشی و نەیدەهێشت بیمارستان پێیبزانێت و کێشە دروست بێت.

سەردار لە نەخۆشخانە دەرچوو چووە نیقادگا، دکتۆر خەسرەوی ڕانیە نوێنەری یەکێتی بوو لە ئێران بارەگایان لە ئوتێل ئازادی سەقز بوو، سەرپەرشتی ئەو بریندارانەی دەکرد کە لە تەبرێز بوون، دکتۆر خەسرەو هاتە لای بریندارەکان پێیووتن کێ باش بووەو دەیەوێت بڕواتەوە، سەردار ووتی من باش بووم دەڕۆمەوە، دکتۆر خەسرەو ووتی هەفتەی داهاتوو دێمەوە پسوولەی گەڕانەوەتان بۆ دێنم.

سەردار ٤٢ شەو لە تەبرێز مایەوە، لە نیقادگاش بە هەمان شێوە بەهێز دەهات بە دوایداو دەیبردەوە مالّی خۆیان.

ئەو ڕۆژەی دکتۆر خەسرەو هاتە نیقادگاو سەردار بڕیاری گەڕانەوەیدا، ئەو ڕۆژە بۆ شەوەکەی سەردار چووە مالّی بەهیز باسی گەڕانەوەیکرد بۆ کوردستان بەهیز کە گوێی لە هەواڵی گەڕانەوەی سەردار بوو ووتی بۆ کوێ دەچیتەوە سەردار ووتی بۆ کوردستان، بەهیز ڕۆیشتە ژوورەکەی و دەرگای لە سەر خۆی داخست، خووشکە بچووکەکەی و دایکی چوون بەهیز نەهاتە دەرەوە بابەتەکە ئاڵۆز بوو، دایکی بەهیز بە سەرداری ووت بۆیە زووبر بووە تۆ باسی گەڕانەوەت کرد بچۆ بڕوای پێبهێنە.

سەردار لە دەرگایدا بەهیز بە تورکی هاواریکرد وازم لێبهێنن نایەمە دەرەوە، سەردار ووتی بەهیز منم، بەهیز دەرگاکەی کردەوە لە سەر جێگەکەی پاڵیدایەوەو پشتی کردە سەردار کورسییەک لە تەنیشت شوێنی خەوتنەکەی بوو سەردار لە سەر کورسییەکە دانیشت و ووتی بەهیز بۆچی تۆڕەیت بەهیز بە تۆڕەییەوە هەستاو ووتی تۆ باسی گەڕانەوە دەکەیت من تۆم خۆش دەوێت چۆن جێم دەهێڵیت.

سەردار ووتی بەهیز من دەچمەوە کوردستان و دێمەوە من پێشمەرگەم تووشی بریندارى بووم کەسووکارم نازانن چارەنووسم چیە سەردانیان دەکەم و بارودۆخی خۆمیان بۆ باس دەکەم و دەگەڕێمەوە، بەهیز بڕوای هێنا ووتی بەڵێنم دەدەیتێ سەردار ووتی بەڵێن بێت بەهیز بە پێکەنینەوە هاتە خوارەوە بۆ لای دایک و باوکی.

دکتۆر خەسرەو گەڕایەوە نیقادگا پسوڵەی دایە ئەو پێشمەرگانەی بڕیاری گەڕانەوەیاندابوو پێیووتن لە ئێستاوە دەتوانن بگەڕێنەوە.

بەهیز سەرداری هەتا گەراج گەیاند هەتا پاسەکە کاتی ڕۆیشتنی هات سەردار لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی بەهیز دانیشتبوو قسەیان دەکرد، شۆفێری پاسەکە بانگی سەرداری کرد دەڕۆین، بەهیز شەدەیەک پارەی لە جانتاکەی دەرهێناو لە گیرفانی سەرداری نا لە ناو گەراجی پاسەکاندا بەهیز باوەشی بە سەردارا کردوو مالاّواییان لە یەکتر کرد.

سەردار هاتە ڕەزاییە لەوێوە بۆ سەقز بۆ ئوتێل ئازادی، لەوێ فاروق شەڕکانی بینی باوەشیان بە یەکدا کرد، دوای بریندار بوونی سەردار فاروق تووشی ڕیخۆڵە کوێرە ببوو گەیاندبوویانە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری بۆ کرابوو.

فاروق و سەردار چوار شەو لە سەقز مانەوە دواتر گەڕانەوە زەڵێ لەوێشەوە لە گەڵ قاچاخچی گەڕەوان گەڕانەوەو هاتنەوە بنمێردێ.

دوو
مـــەرگی بـــەهیز- ئـــازاریێکی ســـەخت

لە ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ سەردار شەڕکانی لە ڕزگارکردنی خەلیفاندا بریندار بوو قاچێکی بە گوللە شکا بۆ چارەسەر نێردرایەوە تەبرێز بۆ هەمان نەخۆشخانە (بیمارستانی شوهەدا) سەردار چاوی گێڕا بەهیز دیار نەبوو، دوای چوار ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەستە خوشکەکەی بەهیز کە لێپرسراوی فایلەکان بوو چاوی بە سەردار کەوت زۆر توڕە بوو بە تورکی هەندێک قسەی بە سەردار ووت و ڕۆیشت دوای کاتژمێرێک لە گەڵ پیاوێکدا گەڕایەوە لای سەردار ووتیان تۆ ئەو کەسەیت کە لە ساڵی ١٩٨٨ هاتیتە ئێرە، تۆ هاوڕێکەی بەهیزیت، سەردار ووتی بەڵێ ووتیان بەهیز دوای تۆ کە بێ هیوا بوو لە گەڕانەوەت خۆی سووتاند.

سەردار داوایکرد بچێتە ماڵی بەهیز دەستە خوشکەکەی بەهیز دای لە پرمەی گریان ووتی ئەو پیاوە دەتبات.

ڕۆژێک سەردار بە دارشەقەوە هەستا لە گەڵ ئەو پیاوە تەکسییەکیان گرت و چوونە ماڵی بەهز، کە ماڵی بەهیز سەرداریان بینی ووتیان بەهیز تا ئەو کاتەی خۆی سووتاند چاوەڕێی تۆ بوو تۆ هۆکاری مردنی بەهیز بوویت، سەردار داوای لێبوردنی لێکردن و گەڕایەوە نەخۆشخانە.

تـــیپی 57ی ســـەگرمە لە ئـــــەنفالی یەکدا 1988/2/22

تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی هیوا بارۆیی لە ناوچەی هەمەوەندەوە بەڕێکەوتن بەرەو سەرکردایەتی لە ماوەی دوو ڕۆژدا گەیشتنە شەدەڵە.

لە شەدەڵەوە بەڕێکەوتن بۆ بەرگەڵۆ چوونە بارەگای کاک نەوشیروان، دوای گەیشتنیان بۆ بەرگەڵۆ کاک نەوشیروان پێیووتن حکومەتی عێراق هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوە دەیەوێت ئەم ناوچەیە بگرێت ئێمەش بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگەو ئێوەو هەموو ڕەفیقەکانمان دەمانەوێت حکومەتی عێراقی لەم ناوچەیە نرخی خۆی بدات ئنجا بۆی چۆڵ دەکەین چوونکە ئەم ناوچەیە خۆتان دەزانن لە ڕووی سیاسی و سەربازی و ئیعلامی و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و لە ڕووی سومعەی شۆڕشەکەمان و هەموو ڕووەکانەوە ئەهمیەت و گرنگی زۆری هەیە، خۆشتان دەزانن دۆڵی جافەتی نە کانی نەوتی تیایە، نە کانی ئالتوون بەڵام ناکرێت ئێمە هەروا بە ئاسانی بۆ دوژمنی چۆڵبکەین لە بەر ئەوە دوو شوێنی زۆر هەستیار هەیە بۆ گرتنی سەرکردایەتی کە یەکێکیان دابان هەلاجە کاک کۆسرەت و هێزی زۆر مەحکەممان لێداناوە، شوێنێکیتر کە زۆر هەستیارە شاخی کلاو سپییە ئەم جێگەیەمان بۆ ئێوەو تیپی ١٧ی زمناکۆو بەشێک لە تیپی ٥٥ی قەراخ داناوە.

تیپی ٥٥ی قەراخ و ١٧ی زمناکۆ ناردیانینە دۆڵ مازەڵە، تیپی ٥٧ی سەگرمەش نێردرانە کلاوسپی.

تیپی ٥٥ی قەرەداخ و ١٧ی زمناکۆ لە پشت قەرەسەرد کە دێت بۆ دۆڵ مازەڵە دامەزرابوون شەڕی سەخت و کەم وێنەیان لە گەڵ دوژمندا کرد دەیان پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە لوتکەی هەرەبەرزی کلاوسپی ئەشکەوتی گەنان، کلاو ڕەش، کونە هەنجیر، کێلە شێر، زینوی فریاد بوون بەو بەریانەوە بەری ساراو ورچەچ پێشمەرگەکانی تیپی ٤٩ی سارای لێبوو بە فەرماندەیی عەزیزی حاجی سەعیدی قەڵەم پاشا.

تیپی ٥٧ی سەگرمە بە پێی هەڵکەوتەی شوێنەکەو دروستکردنی هێڵێکی بەرگری هێزەکەیان دابەشکرد.

*کلاوسپی لە زنجیرە شاخی قەرە سەردە ئەو بەرزاییەیە کە لە پشتی شاخی قەرەنگوێ بە سەر دۆڵی قەڵەم پاشاو دۆڵ مازەڵەدا دەڕوانێت.

شەوی ١٩٨٨/٢/٢٣\٢٢ کاتژمێر چواری بەیانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا بەشێک لە هێزەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە سەر شاخ بوون بەشێکیش لە قەرەنگوێ بوون.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە لوتکە و بەرزاییەکانی زینوی فریاد، کلاو ڕەش، ئەشکەوتی کەوی گەنان، سەری کونە هەنجیر و کلاو سپی سەنگەریان گرتبوو.

ئەو بەشەی تیپی ٥٧ی سەگرمە کە لە قەرەنگوێ بوون بە فەرماندەیی هیوا باڕۆیی و سالاری ڕابەر سیاسی بەرەو دۆڵی قەڵەم پاشاو بناری ورچەچ ڕۆیشتن لە ڕێگا تووشی عەزیزی حاجی سەعیدی قەڵەم پاشا بوون لە بەردەم دێی قەڵەم پاشا و پشتی قەڵەم پاشا ڕووبەڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوە هێزی پێشمەرگە شەڕی گەورەیان لە گەڵ هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمندا کردو ڕێگەیان نەدا پێشڕەوی بکەن.

ئەشکەوتی کەوی گەنان شێوەی گردۆلکەیەک بوو ڕووی ئەشکەوتەکە لە پێشمەرگە و پشتی لە دوژمن بوو لە بەردەم ئەشکەوتەکە شوێنێک هەبوو پێیاندەوت کێلە شێر کەرتی (١) و کەرتی (٤) تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی ئەردەڵان و ئاوات کەمینیان لێدانابوو کە تێکڕا (٣٠) پێشمەرگە بوون، هەر دوو کەرتەکە دلێرانە ڕوو بە ڕووی پەلاماری دوژمن بوونەوەو لە ماوەی سێ کاتژمێر شەڕی قورسدا تێکیان شکاندن.

لە بەر ئەوەی زنجیرەی قەرەسەرد بە سەر شوێنەکەدا زاڵبوو هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە کێلە شێر کشانەوەو هاتنە ئەشکەوتی کەوی گەنان.

کاتژمێر هەشتی بەیانی دوژمن پەلاماری ئەشکەوتی کەوی گەنانیدا ئەو پێشمەرگانەی لە قەڵەم پاشا بوون بە قەناس و بی کەی سی بەرگرییان لە

پێشمەرگەکانی ئەشکەوتی کەوی گەنان دەکرد هەر سەربازێک دەردەکەوت یان پێشڕەویدەکرد بە قەننـاس و بی کەی سی لێیاندەدا تا بیوەستێنن.

کەرتی (١ و٤)ی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ناو ئەشکەوتی کەوی گەنان بوون دوژمن بە دوو ئاڕاستە پەلاماریدەدا دەستەیەک لە سەربازەکانی دوژمن دەهاتنە سەر پشتی ئەشکەوتەکە دەستەیەکیش لە بەشی خواروی ئەشکەوتەکەوە دەیانوویست لە ڕکە شاخێکی خواروەوە بچنە دەرگای ئەشکەوتەکە، هەموو جارێک ئەردەڵان دوو دەستە پێشمەرگەی ئامادە دەکرد کە پێکهاتبوون لە هەشت پێشمەرگە لە ئەشکەوتەکە دەهاتنە دەرەوە چوار پێشمەرگە بۆ سەر پشتی ئەشکەوتەکە چوار پێشمەرگەش بۆ وڕکە شاخەی دەکەوتە خواروی ئەشکەوتەکە بەو هەشت پێشمەرگەیە هەموو پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند دوای شکاندنی پەلامارەکانی دوژمن یەکسەر بۆردوومانی تۆپ و ڕاجیمە بۆ سەر ئەشکەوتەکە دەستپێدەکرد، دواتر زانییان ڕەسەدی ڕاجیمەو تۆپەکان لە خەتی پێشەوەی شەڕگەکە بوو ئەو تۆپانەی دەیدا لە دەمی ئەشکەوتەکەو پشتی ئەشکەوتەکە لە گەڵ شوێنی هێزەکەی دوژمن پەنجا مەتر نێوانیان بوو ڕەسەدەکە لە گەڵ دەستەی پەلاماردەری دوژمندا بوو.

لە حەوتەمین ڕۆژی شەڕەکەدا ڕەسەدەکە کوژرا ئەفسەرێک بوو تەرمەکەشی کەوتە بەر دەستی پێشمەرگە بە جیهازی ڕاکاڵی ڕەسەدەوە جیهازەکە ڕاکاڵ بوو هیتفۆنی تایبەتی لە گەڵدا بوو دەکرایە سەرو قورگ ڕەسەدەکە بەژێکانی دەنگ و لەرینەوەی دەنگ ئاماژەی دەدا لە ڕێی هیتفۆنەوە ئاڕاستەی تۆپەکانی دەستنیشان دەکرد و هێما بۆ دەستنیشانکردنی شوێنەکان.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دوژمن هەشت جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە ئەشکەوتی کەوی گەنان هەر هەشت جارەکە تێکشکان لەو شەڕە گەورەیەدا تەنها دوو پێشمەرگە بریندار بوون دوژمن زیانی گەورەی بەرکەوت.

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن لە ئەشکەوتی کەوی گەنان هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە کشانەوە سەری کونە هەنجیر و کلاو ڕەش و شانەکانی کە بە سەر ئەشکەوتی کەوی گەناندا زاڵ بوو.

ئەو جیهازە ڕاکاڵەی کەوتە دەست پێشمەرگە، تیپی سەگرمە تەسلیمی نەقیب خەلیل (دۆسکی)یانکرد، لە تێکڕای سەنگەرەکاندا تیپی ٥٧ی سەگرمە بەرگری سەخت و کەم وێنەیانکرد لە بەرانبەر پەلامارەکانی دوژمندا.

کــەرتەکەی ئــەنوەر دۆلاێنــی

لە شەڕەکانی ئەشکەوتی کەوی گەنان، کلاوسپی، کونە هەنجیر، زینوی فریاد کەرتی (٢)ی بازیان بە فەرماندەیی ئەنوەر دۆلاێنی ڕۆلاێی دیاریان بینی دوای ئەوەی ئەشکەوتی کەوی گەنان کەوتە دەست دوژمن کەرتی (٢)ی بازیان بە فەرماندەیی ئەنوەر دۆلاێنی هێرشیان کردە سەر ئەشکەوتی کەوی گەنان و لیوای ٢٣ی دوژمن کە لیوایەکی دڕ بوون لەو هێرشەدا گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاندو زیانی زۆریان پێگەیاندن.

لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی کەرتی (٢)ی بازیان بە ناوی سامان بێسەرو شوێن بوو، سامان بە بریندارى بە جێما بێسەرو شوێن بوو، نەزاندرا شەهید بوو، یان بە بریندارى کەوتە دەست دوژمن سامان نەدۆزرایەوە، سامان خەاڵکی دێی تیمارۆکی قەراخ بوو.

ڕۆژێک هێزێکی تایبەتی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٥٧یدا ئەفسەرێک لە گەاڵ هێزەکەدا بوو لە بەیانی تا ئێوارە بە حەوت بیکەیسی و قەننناس تەقەیان لە ئەفسەرەکە دەکرد.

بەاڵم هەر بە سەر سەربازەکاندا دەگەڕا دوای ئەو هەموو تەقە لێکردنە دانەنیشت فیشەکی گڕداریان دەنا بە ناوگەاڵیەوە هەر دانەنیشت.

ئێوارەکەی کەماڵە خڕە جێگری کەرتی (٤) هاتە بەردەم هیوا بارۆیی و سالاری ڕابەر سیاسی و ووتی بینیتان ئیمامی عەلی زیندوو ببووەوە هاتبوو بۆ شەڕەکە، ئەگەر ئیمامی عەلی نییە من لە بەیانییەوە ٧٠٠ فیشەکی (بی کەی سی)م پێوەناوە ناکوژرێت بۆم، داشنانیشێت، دیارە ئیمامی عەلییە هاتووە بۆ ئەم جەبهەیە.

ڕۆژی دەیەمی شەڕەکە جەبار فەرمان، خەلیل دۆسکی سەردانی شەڕگەکەیانکرد هەموو ئەو بۆشاییەی لە ڕووی سەربازییەوە هەیانبوو لە هەندێک شیوو دۆڵ

خەلیل دۆسکی شوێنی بۆ دیاریکردن، خەلیل دۆسکی ووتی لەمەودوا دوژمن شێوەی هێرشەکانی دەگۆڕێت دزەتان بۆ دەکەن وادەکەن پشتان بگرن.

کە چوونە خوارەوە بۆ ئێوارەکەی جەبار فەرمان و خەلیل دۆسکی بروسکەیان بۆ کردن و ئاگاداریان کردنەوە کە ئەمشەو دوژمن هێرشێکی گەورە دەکاتە کلاوسپی هێرشەکە بەهێزێکی زۆر تایبەت دەکرێت.

کە شەو داهات دوژمن بۆردومانی سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەستپێکرد لە کاتژمێر دووی شەو تا پێنجی بەیانی بۆردومان بەردەوام بوو.

لە کاتژمێر پێنجی بەیانی تۆپباران وەستا، پێشمەرگە چاوەڕێبوون دوژمن پەلاماریان بدات بەڵام هیچ جوڵەیەکی دوژمن بەدینەکرا.

دنیا ڕووناک بووەوە، نە باران نە هەور نە تەم، بەیانییەکەی هێزێک لە سەری کونە هەنجیرەوە سەری دەرهێنا بە سێ ڕیز هاتنە سەرەوە پێشمەرگەکان بەدووربین تەماشایانکرد جلو بەرگیان، چەکیان، بالآیان، هەڵسوکەوتیان جیاواز بوو.

هێزەکەی دوژمن بڵندگۆیان پێبوو بە ئەڵڵاهو ئەکبەر هاتن پێیاندەدا بە زەویدا شەقەی پۆستاڵەکانیان دەگەیشتە گوێی پێشمەرگەکان، کلاو سپی بەردەڵانێکی سپی بوو قاچیان دەکێشایە بەردە سپییەکاندا ئەو ناوە پڕدەبوو لە شەقەی پۆستاڵ.

ئەو هێزە بە شێوەیەک هاتنە پێشەوە دەیانویست بڵێن هاتووین بە دەست بتانگرین، شێوەو جوڵەی هێزەکەی دوژمن ئاماژەیەکی سەربازی بوو لە ڕووی دەروونییەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی سەگرمە (٧) بی کەی سی و (٥) قەناسییان پێبوو دەستەی تیپی سەگرمە بڕیاریاندا لە دوورەوە دەست بکەن بە کوشتنیان.

هێزەکەی دوژمن کە دەهاتە پێشەوە هەر پەنجا مەترێک دەستەیەک لە سەربازەکان دادەنیشتن، ئەوانەی کە دادەنیشتن ئەو سەربازانە بوون کە بی کەی سی، قەناس، هاوەنی (٦٠) ملم پێبوو.

هێزەکەی دوژمن ئەوەندە بە ملهوڕی و بێدەربەستی هاتنە بەردەمی پێشمەرگەکان تا دە مەتری سەنگەرەکان هاتن، پێشمەرگەکانی تیپی سەگرمە لێیاندان و شکاندیانن.

فەرماندەی ئەو هێزەی دوژمن ناوی محەمەد خەڵەف بوو موسڵاوی بوو لای کەماڵە خڕە چوو بووە سەرەوە کەمال کوشتبووی.

ئەفسەرەکە لە ڕۆژی یەکەمدا داریٚکی پێبوو دەمانچەیەکی پێبوو، جانتایەکی دبلۆماسی بچووکی بەدەستەوە بوو، ئێوارە شەڕەکە گەورە بوو سێ جار هێرشیانکردە سەر کڵاوسپی هەر سێ جارەکە شکان بەڵام لە عەسری ئەو ئێوارەیەدا سەری کڵاو سپی بوو بە تەم بەشێک لە هێزەکەی دوژمن دزەیان کردبوو چوو بوونە پشتیانەوە لەوێ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی یەک و کەرتی تیپ لێیاندان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

لەو شەڕەدا ٢٧ پارچە چەک کەوتە دەست پێشمەرگە، ٤ کەس لە هێزەکەی دوژمن کەوتنە دەست پێشمەرگەو دەستگیرکران.

یەکێک لە گیراوەکان سەر لووتی بریندار بوو لێیانپرسی لووتت بە چی بریندار بووە لە وەڵامدا ووتی لە هێرشی یەکەمی بەیانیدا لە بن بەردێکدا دانیشتبووم ئامر فەوجەکەم پێیووتم هەستە، یەک چرکە دواکەوتم لە هەستانەکە بە شەق لە لوتیدام.

کەماڵە خڕە ئەفسەرەکەی کوشتبوو جانتا دبلۆماسییەکەی هێنا بۆ دەستەی تیپ و ووتی ئەفسەرێکم کوشتووە ئەوە جانتاکەیەتی.

لە ڕێگەی دەستگیرکراوەکانەوە زانییان ئەفسەرە کوژراوەکە ناوی محەمەد خەڵەفەو موسڵاوییەو ئامر فەوجە، لە نزیک ئەفسەرەکە کەسێکیتر کوژرابوو ناوی ڕەعد بوو پاسەوانی محەمەد خەڵەف بوو ئەو هێزەی دوژمن سەر بە لیوایەکی تایبەتی مغاویر بوو.

لە سەرەتای شەڕەکەوە هاوەنە شەستییەکان کە بە ورگ دەیانتەقاند فشاریان لە سەر پێشمەرگە دروست کردبوو بەڵام نەیانتوانی وردی بەرزی پێشمەرگە بنەوێنن.

لەو داستانەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون دوانزە پێشمەرگەش بریندار بوون، شەهیدەکان:

١/ شەهید حەمە بی کەی سی
٢/ شەهید سامان
٣/شەهید عوسمان ناسراو بە وەستا عوسمان

محەمەد بی کەی سی بەیانییەکەی بە پارچەی هاوەن بریندار بوو قۆڵی بەستبوو سەنگەرەکەی جێنەهێشت دواتر بە گوللەی قەناس شەهید بوو ئەو شەڕە بە جۆرێک دوژمنی تەزاند تا سێ ڕۆژ نەیانتوانی جوڵە بکەن جگە لە تۆپباران.

ڕۆژی هەژدەیەمین:

ساڵێکی پڕ باران و سارد و سەرما بوو لە کڵاو سپی دوو جار بەفر باری بەشێک لە پێشمەرگەکان بریندار بوون بەشێکیش ماندوو.

تیپی ٥٧ی سەگرمە هەژدە ڕۆژی بەردەوام لە سەنگەرەکاندا بوون نەیانهێشت دوژمن شوێنەکانیان بگرێت.

هێزی دوژمن لە شاخی سماقان و کەرکەر بە چەند کیلۆمەترێک هاتنە پێشەوە کاریگەری لە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەبوو.

قـــەرەنگـــوێ

لەو شەڕانەدا خەڵکی قەرەنگوێ خزمەتی گەورەی پێشمەرگەیانکرد چاوساخیان بۆ پێشمەرگە دەکرد زانیارییان لە سەر ناوچەکە دەدانێ ڕۆژانە خواردنی گەرمیان دەگەیاندە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کڵاو سپی، ئەشکەوتی کەوی گەنان، کڵاو ڕەش، کونە هەنجیر، زینوی فریاد، جگە لەوەش کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی قەرەنگوێ لە تیپی ٤٩ی سارا پێشمەرگە بوون.

ڕۆژی هەژدەیەمینی شەڕەکە هێزێکی گەورەی دوژمن لە حەوت لاوە پەلاماری تێکڕای سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا.

بەشێک لە تیپی سەگرمە لە سەر شاخ بوون ئەردەڵان لە گەڵ هێزەکە بوو بەیانی زوو ئەردەڵان وردە وردە پێشمەرگەکانی هەڵدەستاند بۆ پاشەکشێ، دوژمن لە کڵاوە ڕەشەوە هاتبوونە سەرەوە لە گەڵ هەڵسانی پێشمەرگەکان بوو بە شەڕ لە

دواشەوە تەقەیان لێدەکرا، دەستەیەک لە پێشمەرگەکان چوون بۆ ئەو هێزانەی لە لاشان و دواوە تەقەیان لێدەکردن لێیاندان و شکاندیانن بەرەو کلاو ڕەش ڕاویاننان بەو جۆرە ڕێگەکە پاکبووەوە.

بەیانی هەژدەیەمین ڕۆژی شەڕەکە کلاو سپی گیرا هێزەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٤٩ی سارا لە دۆڵ مازەڵەو ورچەچ پاشەکشەیانکرد و هاتنە دێی قەرەنگوێ.

خەڵکی ناوچەکە دێیەکانیان چۆڵکردبوو بەرەو کوێستانەکانی سیرەمێرگ و لەوێوە بە دۆڵی شێخ محەمەدا بۆ گەلاڵە.

دیـــمەنێکی حـــــەزین

ئەو ئێوارەیەی تیپی ٥٧ی سەگرمە چوونە ناو قەرەنگوێ دیمەنێکی ناخ هەژێن تابلۆیەکی غەمگین لە پێکوتان و نالّە و هاواری ئاژەڵەکاندا بەدیدەکرا.

ئەو ئێوارەیە هەرچی مانگاو گاو بزن و گوێرەکەو مالاتی ئەو دێیەیە هەر هەمووی هاتبوون لە بەردەم مالّی خاوەنەکانیان پێیان دەکوتا بەزەویداو باعەو بۆڕەیان دەگەیشتە ئاسمان.

ئاژەڵەکان ئاو بە چاویاندا دەهاتە خوارەوە ئەو ئاژەڵانەی بەیانیان بەرەڵڵا دەکران و ئێواران دەگەڕانەوە حەوشەکانیان و ئاغەڵەکانیان کابانی مالّەکانیان دەیاندۆشین و دەستیان بە سەرو گوانیاندا دەهێناو شیریان لێدادەدۆشی ئێستە کەس نییە دەرگایان لێبکاتەوە کەس نییە بە توێ توێ بانگیان بکات و ڕووی نازیان بداتێ، ئاخر ئەوانیش هەستی چۆڵبوونی حەوشەکانیان گەورەکانیان، ئاغەڵەکانیان ڕۆیشتنی خاوەنەکانیان ئازاری پێدەبەخشین.

ئەوان چاوەڕێی دەرگاکردنەوەی مالّەکانیان بوون دەیانوویست وەکو جاران وەکو ڕۆژان لە گەورەکانیاندا لە حەوشە مەڕەکانیاندا ئالیک بدرێن، ئاو بدرێن، پشوو بدەن و پالّکەون بەلّام نە کەس دەرگای لێکردنەوە نە کەس دلّیدانەوە، نە کەس ئاوڕیلێدانەوەو دایدۆشین.

لە هەوارەکانی سیرەمێرگەوە بەرەو دۆڵی شێخ محەمەدو کونە سەگ کە دەڕوانێت بە دیوی گەلاڵەدا بە هەزاران فەردە جل فڕێدرابوون، بە سەدان بوخچە

جلی منالان، گەورەو بچووک فڕێدرابوون، بە دەیان فەردە خواردن لەو ڕێگایە جێمابوو.

دەیان کەس لە بەفرو سەرمادا ڕەق بوونەوە بە دەیان سەر ئاژەڵ هەر چوار پەلیان لە ناو بەفردا چەقیبوون، لە تابلۆیەکی سەرسام دەچوون.

پێشمەرگە گەیشتنە دێی گەڵاڵە شەو چوونە بەرزایی ژاژۆلان ئاگرێکی گەورەیان کردەوە.

بەیانی ڕۆژی دووەمی پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە تیپی سەگرمە لە سەر چەمی بەربەرد لەو پردەی کە ئێرانییەکان دروستیانکردبوو پەڕینەوە چوونە ئەزمەک لە سەر کانی و ئاوێک لایاندا دواتر چوونە شاناخسێ.

ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٠ لە (شاناخسێ)وە چوونە سەردەشت، لەوێشەوە هەنگاو هەنگاو بە بناری قەندیلدا گەڕانەوە سنووری تیپی ٥٧ی سەگرمە.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا یانزە شەهیدیان بەخشی:

١/ شەهید حەمە بیکەیسی

٢/ شەهید ئاکۆ

٣/ شەهید ڕەمەزان

٤/ شەهید هاوڕێ

٥/ شەهید سامان

٦/ شەهید وەستا عوسمان

تـــیپی 99ی بـــیتوێن
لە گـــەرمەی ئـــەنفالی (یـــەك)دا

دوای ئـەوەی لە ١٩٨٨/٢/١٥ بروسکە کرا بۆ تیپەکان بچنە بـەری مەرگە تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی عەلی وەیس لە ١٩٨٢/٢/٢٠ بۆ بەرگریکردن لە شالاوەکانی ئەنفالی یەک بۆ سەر ناوچەکە چوونە مەلا سەفی و پاشکێش لە زنجیرەی توکڵی دۆمان دامەزران دواتر چوونە کونە ماریێ دوژمن ڕۆژانە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی (٩٩)ی بیتوێنی دەدا، تۆپخانەی دوژمن بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا، کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی پاڵپشتی هێزی پیادەی دوژمن بوون کە پێکهاتبوون لە جاش و مغاویرو قوات خاسە.

نێوانی سەنگەرەکانی تیپی بیتوێن و دوژمن تەنها چەند میلێک بوو هێزەکانی دوژمن هێندە نزیکبوون لە ناو دێی هەنجیرە بە بەرچاوی پێشمەرگەوە جولەیان دیار بوو.

تۆپی تۆپخانەو دەبابە بەردەوام سەنگەرەکانیان دەکوتاو لە بۆڵە نەدەکەوتن، مامۆستا محەمەد ڕێکخەری سیاسی کەرتی (١)ی تیپی بیتوێن لە سەر ڕۆخی سەنگەرەکەی دانیشتبوو تۆپی دەبابە لێیداو هەنجن هەنجنیکرد بە جۆرێک تەرمەکەیان کردە گوێنییەکەوە، بۆ ڕۆژی دواتر عەبدولڕەحمان شەهید بوو.

دوژمن بـەردەوام هێزو دەبابەی لە هەنجیرە کۆدەکردەوە ڕۆژێک پەلاماری پاشکێش و مەرگەیدا دەستەکەی عەلی وەیس لێیان هاتنە دەست و بە ئاربی جی لێیاندان و دەبابەکان هەڵاتن و گەڕانەوە دواوە.

کەرتی (١) بە فەرماندەیی جوتیار گەرمیانی و مەفرەزەیەکی کەرتی (٢) و مەفرەزەی تیپ لە سەنگەرەکاندا داکوترا بوون.

جوتیار فەرماندەی کەرتی (١) لە سەنگەرەکاندا فیشەکێکی بەرکەوت و بریندار بوو جوتیاریان لە کیسە خەوێکدا بردە گۆمەزەڵ و پاشەکشەیانکرد.

دوای کشانەوە لە سەنگەرەکانی کونە ماریێ لە دیوی سێروانەوە سەرکەوتن و چوونە هەواڕە بەرزە لەوێ هێزەکان ڕێکخرانەوە.

شەڕ لە خۆرخوڕەو داری زەکەریا گەرم بوو دوژمن دەستیگرت بە سەر داری زەکەریادا بۆ سەندنەوەی داری زەکەریا لە دوژمن بەشێک لە تیپی ٩٩ی بیتوێن بە هاوشانی تیپەکانیتر هێرشیانکردە سەر داری زەکەریاو لە دەست دوژمن دەریانهێنا، لەو هێرشەدا هەڵمەت حاجی قادر ڕێکخەری تیپی ٩٩ی بیتوێن شەهید بوو.

لە شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا تیپی ٩٩ی بیتوێن بەرگری کەم وێنەیانکرد، ژمارەیەک پێشمەرگە و فەرماندەی تیپی ٩٩ی بیتوێن لەو شەڕانەدا شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن.

- شەهید ئەحمەد حاجی قادر (هەڵمەت) ڕێکخەری تیپ
- شەهید محەمەد عومەر (جوتیار گەرمیانی) فەرماندەی کەرتی (١) دوای ماوەیەک مانەوەی بە بریندار شەهید بوو
- شەهید محەمەد ڕەسوڵ (مامۆستا محەمەد) ڕێکخەری کەرت
- شەهید هەمزە زرار کانی مازووی
- شەهید عەبدولڕەحمان تەها سەروچاوەیی
- شەهید محەمەد عەلی (هەڵۆ)

بریندارەکان:

- ئەحمەد سەعید (ڕێبین)
- حسێن عەلی حسێن (وەستا حسێن)
- عەلی ئەحمەد قادر (عەلی بۆسکێنی)
- حەسەن ئیبراهیم (بێستون)
- ئەحمەد موراد (ئەحمەد کەرکوکی)
- بەکر ئۆمەر (بەکر تۆپاوانی)
- سەعدی جەلال (کەلکە سماقی)

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوور تیپی ٩٩ی بیتوێن بە بناری قەندیلدا گەڕانەوە وەرتێ لەوێشەوە بۆ سکتان تیپی ٩٩ی بیتوێن لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) بەشداریانکرد، دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە ١٩٨٨/٨/٣١ چەند مەفرەزەیەکیان بە پارتیزانی لە بناری کۆسرەت و کارۆخ مانەوە.

تـــیپی 51ی گـــەرمیان
لە ئـــەنفالی یـــەکدا

تیپی ٥١ی گەرمیان وەکو زۆربـەی تیپەکانیتری مەڵبەندی یەک و دوو سێ بەشداری شەڕەکانی ئەنفالی یەکیانکرد لە ناوچەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی.

دوای ئەوەی تیپی ٥١ی گەرمیان ئاگادار کرانەوە لە قەیتول کۆبوونەوە بەشی هەرە زۆری تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی عادل شکور بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن بەشێکی کەمی تیپەکەش لە ناوچەی گەرمیان مانەوە تاوەکو ناوچەکە بە تەواوی چۆڵ نەبێت.

دوای ئەوەی بەشی هەرە زۆری تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی عادل شکور بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن کاتژمێر چواری دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٨ لە جادەی سلێمانی دووکان پەڕینەوە نزیک دێی قەمچوخە لە گەڵ هێزێکی سەربازیدا تووشی شەڕ هاتن هێزەکەی دوژمـن شکاو بـەرەو دووکـان هەڵاتن، ژمارەیەک کوژراوو بریندارییان جێما دواتر بۆ ڕزگارکردنی هێزەکەیان و بردنەوەی کوژراوو بریندارەکانیان بە پشتیوانی تانک و تۆپ و شەش کۆپتەر بەرەو مەیدانی شەڕەکە هاتنەوە شەڕ تا شەوی ئەو ڕۆژەی خایاند چەندین پەلاماری دوژمن تێکشکێندرا، ئەمجارەش ژمارەیەک کوژراوو بریندارو ئۆتۆمبیلیان جێهێشت و هەڵاتن.

شـــەهید بوونی پـــێشمەرگەیەك

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن هێزەکەی تیپی ٥١ی گەرمیان پەڕینەوە بەری سورداش بە هۆی تەقینی گوللە (ئار بی جی) یەکی خۆیان پێنج پێشمەرگە بریندار بوون و (ئەحمەد پارە پارەیی) شەهید بوو، ڕۆژی ١٩٨٨/٢/١٩ تەرمی شەهید ئەحمەدیان لە سەرگەڵو بەخاکسپارد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٠ لە دۆڵە ڕووت چوونە قزلەرو دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە، هێزی دوژمن پەلاماری دۆڵە ڕووتیدا، هێزێک بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحموود بەرەو هەنارانی سەروو بەڕێکەوتن بەشێک لە هێزەکە بەرەو هەناران و بەشێکیتر بەرەو دێی پیرکە ڕۆیشتن.

هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن گەیشتبوونە هەنارانی خواروو بەرەو هەنارانی سەروو لە پێشڕەویدا بوون و چوونە ناو هەناران.

دوای کۆبوونەوەیەکی کورت عوسمانی حاجی مەحموود هێزەکەی دابەشکرد، ڕەشید توکنی، سەباح شێخ حەمیدی، دەرویێش، مەجید دوزی، عوسمانە ڕەش لە گەڵ (بی کەی سی) یەک لە بەرزاییەک دانا، هێزێک بچێتە ناو هەنارانی سەروو تا لە هێزەکەی دوژمن بدەن (بی کەی سی)یەکەش دوژمن هەراسان بکات تا هێزەکە دەگاتە ناودێ.

ئەو پێشمەرگانەی لە گەڵ (بی کەی سی)یەکە نێردرانە بەرزاییەکە خۆیان پێنەگیراو دابەزینە ناودێ تەنها (بی کەی سی)یەکە مایەوە، پێشمەرگەکان بە ناو شیوێکدا گەیشتنە نزیک ماڵەکانی هەناران لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بەشێکی هەنارانیان لە دوژمن پاککردەوە، لە هەمان کاتدا عوسمانی حاجی مەحموود و هێزەکەیتر هاتنە ناودێ و هەناران بە تەواوی لە دوژمن پاککرایەوە، پێشمەرگەکان بە دوای جاشەکاندا هاتنە هەنارانی خواروو لەوێوە چوونە پیرکە.

قوتەو بەرزاییەکانی پیرکە جاشی لێبوو پێشمەرگەکان چوونە سەرەوەو شەڕ دروست بوو، جاشێک (بی کەی سی) پێبوو پێشمەرگەکانی هەراسان کردبوو ڕەشید توکنی و وەهاب بەرەو نزیک (بی کەی سی)یەکە ڕۆیشتن ڕەشید توکنی جاشەکەی کوشت بی کەی سی لە تەقەکەوت شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو لە ئێوارە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن لە ناو پیرکەو دەوروبەری لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکەی دوژمنیان شکاند لەو شەڕەدا زیاد لە ٥٠ سەربازو قوات خاسە کوژران، (١٠) ئۆتۆمبیلی هەمە جۆر دەستیانبە سەرداگیرا زۆربەی سەربازەکان لە ناو ئۆتۆمبیلەکاندا کوژرابوون هێزی پێشمەرگە هێندە کت و پڕ لە قاچی خستبوون فریای دابەزین نەکەوتبوون.

عوسمان بەفراو هۆمەرملی دەرگای جێب وازێکی کردەوە ئەفسەرێک خۆی هەڵدایە سەر شانی و باوەشی پێداکرد زۆراب زەفەری لێهێناو ئەفسەرەکەی کوشت، کۆڵە پشتی سەربازەکان جێمابوو پڕ بوو لە خواردن، ڕاشی تیابوو پێشمەرگە

خواردیان دوای تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمن گەڕانەوە قزلەر.

پێشمەرگەکان لە ناو مزگەوتەکەی قزلەردا پشوویان دەدا عوسمان حاجی مەحموود بروسکەیەکی بۆ عادل شکور فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان کرد داوایکردبوو هێزێک بنێرن بۆ هەنارانی سەروو چوونکە فشاریان زۆر لە سەرە، هێزێکی (٣٠) کەسی بە فەرماندەیی عادل شکور گەیشتنە هەنارانی سەروو تۆپبارانی دوژمن بەردەوام بوو دەتووت تاوە تەرزەی بەهارە تۆپخانەکانی دوژمن دەمیان لێکنەدەنا هەر بۆڵەیان بوو هەزاران گوللە تۆپ و ڕاجیمە بە دوای یەکدا دەیدا لە زەوی، هێزێکی هەزاران کەسی دوژمن پەلاماری هەنارانیان دەدا کاتێک گەیشتن مستەفا عەلی کادیری ڕێکخستن شەهید ببوو.

پەلاماری سەختی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستپێکرد سەربازەکانی لیوای (١٣٥) گەیشتبوونە نزیک پێشمەرگەکان و داوای خۆ بەدەستەوە دانیان لێدەکردن، پێشمەرگەکانی گەرمیان بە نارنجۆک وەڵامیان دانەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی گەرمیان بەرگی سەختیانکرد بەڵام هێزی دوژمن و پێشمەرگە زۆر لاسەنگ و ناهاوسەنگ بوون تۆپبارانی سەخت و پەلاماری بەردەوام پێشمەرگەیان ناچار بە پاشەکشەکرد هێزەکەی گەرمیان بەرەو قزلەر پاشەکشەیانکردوو تەرمی مستەفایان لە قزلەر بە خاکسپارد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ هێزێکی دوژمن لە جادەی سلێمانی دووکان و لە قۆڵی سورداشەوە پەلاماری بەرزاییەکانی قوڵە پوشین و قوڵە سەوزیاندا دوای بەرگری سەختی پێشمەرگە دەستیانبە سەرداگرت بەو جۆرە دوژمن بە سەر شەدەڵە و بەشێک لە دۆڵی مێرگەپاندا زاڵبوو ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٥ شەدەڵە کەوتە دەست دوژمن.

تیپی ٥١ی گەرمیان بە بروسکە ئاگادار کران بچنە چۆخماخ سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٤ بە چیای چەرماوەندا سەرکەوتن بۆ نیوەڕۆ گەیشتنە شیوێک لە نێوان چۆخماخ و مێولاکە لەوێ لایاندا دوای سەردانیان بۆ لای شێخ جەعفەرو بەکری حاجی سەفەر لە چۆخماخ لە ئێوارەدا بەرەو شاخی کونە کۆتر بەڕێکەوتن.

گـــۆڕینی تـــیپی حـــــەمرین

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن لە چیای خەجەلەرزۆک و کۆڕەنگەوە پەلاماری لوتکەی کونە کۆترو شاخە سووریدا تیپی ٥٩ی حەمرین بەرگری سەختیانکرد، هێزێکی دوژمن بە سوودوەرگرتن لە تەمو بەفرو تاریکی شەو لە خەجەلەرزۆکەوە پەلاماری شاخی سووریانداو بەشێک لە شاخەکەیان دەستبەسەردا گرت قارەمانەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین هێرشیانکردەوە سەر شاخەکەو لە دەست دوژمن دەریانهێنا لەو هێرشەدا بۆ سەر دوژمن کەلاکی (٥٠) سەربازو قوات خاسە جێمابوون.

تیپی ٥١ی گەرمیان کاتژمێر (٧)ی ئێوارەی ١٩٨٨/٢/٢٤ گەیشتنە کونە کۆترو سەنگەرەکانی لە تیپی ٥٩ی حەمرین وەرگرت و لەوێ مانەوە لە ماوەی مانەوەیاندا لە کونە کۆتر تۆپبارانی سەختیان لە سەربوو.

دوانیوەڕۆی ١٩٨٨/٢/٢٧ دوژمن دەستیگرت بە سەر پیرکەو شاخی تەڵاشدا لە پشتی کونەکۆتر شێخ جەعفەر بروسکەی بۆ عوسمانی حاجی مەحموود کردو داوایلێکردن ئێوارە دوای تاریکبوون کونە کۆتر جێبهێڵن و بێنە چۆخماخ.

پـــــەلاماری دوژمـــــن

دوانزە پێشمەرگە بە فەرماندەیی عوسمان تلیشانی لە بارەگایەکی کۆنی نێوان چۆخماخ و مێوڵاکەدا مانەوە لە پشتی دێی مێوڵاکە سەنگەریان لێداو دامەزران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٩ دوژمـن لـە دێـی سـنگرەوە بـەرەو مێوڵاکە پـەلامـاری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە ئێوارەدا هێزەکەی دوژمن شکاو گەڕایەوە سنگر.

ڕۆژی ١٣\١٩٨٨/٢/٤ هێزێکی دوژمن پەلاماری کەڵکی پیرکەو حەوشەی ئیسترانیدا کە دەکەوێتە نێوان پیرکەو قزلەرەوە هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی سەید جەوهەر هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و هەڵیانکەندن و ژمارەیەکیان لێکوشتن.

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان لە قوتەی پشتی ڕەزی باپیران لە نێوان چۆخماخ و مێوڵاکە سەنگەریان گرتبوو لە ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ دوژمن پەلاماری قوتەکەیداو دوای شەڕێکی سەخت و بەرگری کەم وێنەی پێشمەرگە دەستیبەسەرداگرت.

مەفرەزەیەکی تیپی ٥١ی گەرمیان بە ماوەیەک پێش هاتنی تیپی ٥١ی گەرمیان بۆ شەڕەکانی ئەنفالی یەک هاتبوون بۆ پاراستنی سەرکردایەتی لە سەرەتای پەلامارەکانی دوژمنەوە بۆ سەر کارێزە، گەڕەدێ، گەورەدێ، هەر دوو پێشمەرگەی قارەمان نەجات هەڕێنەیی و بورهان بەگزادە شەهید بوون عەلی سوور فەرماندەی مەفرەزەکە و کامەرانە ڕەش بە سەختی بریندار بوون.

شـــەهید بوونی چـــەند پـــێشمەرگەیەك

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٥ هێزەکانی دوژمن لە قوتەی تاتە سپی و قوڵینکە قوڕینەکەوە کە دەکەوێتە نێوان مێوڵاکەو چۆخماخ هاتبوونە پێش.

هێزێک بە فەرماندەیی ئازادە سوور فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٤) نێردران بۆ گرتنەوەی قوتەی پشتی ڕەزی باپیران.

هێزێک بە فەرماندەیی عەتا قولیجانی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٧) بۆ سەر شاخی نێوان پیرکەو قزلەر لە شەڕێکی دلێرانەدا دەستیانگرت بە سەر شاخەکەداو لە دەستی دوژمنیان دەرهێنا، لەو شەڕەدا عەتا قولیجانی شەهید بوو ئەو داستانەی بە خوێنی گەشی نووسییەوەو گیانی بەخشییە کوردستان.

ئەو هێزەی ئازادە سوور فەرماندەیان بوو دوای شەڕێکی قارەمانانە شوێنەکەیان گرتەوە لەم قۆڵەشەوە دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید فەتحوڵڵا فەرماندەی مەفرەزە

٢/ شەهید تەیب ناسراو بە ئاسۆ خانی پێشمەرگەی کەرتی (٣)

ڕۆژی ٣/١ تا ١٩٨٨/٣/١٥ کەرتی (٦) چەند جارێک سەرکەوتنە نێوان شاخەکانی مێوڵاکەو چۆخماخ و قزلەر لەو ماوەیەدا تووشی شەڕی سەخت و کەموێنە بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ چوونە قوتەی تاتە سپی نێوان پیرکە و قزلەر

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی کەرتی ٦یدا پێشمەرگەکانی کەرتی (٦) لێیان هاتنە دەست و کەلاکی زۆریان پێجێهێشتن.

دوژمن هێزی زۆری کۆکردبووەوە لە هەموو لایەکەوە پەلاماریدەدا هێزی دوژمن هێندە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک ببوونەوە دەنگیان دەگەیشتە گوێ،جەمال

شێخ حەمیدی دەنگی سەربازەکانی گوێ لێبوو هاواریکرد برادەران هەستن دەنگی عەرەبی دێت.

پێشمەرگەکان هەستان چوونە سەنگەرەکانی دیوی قزلەر سەربازەکان هەر بیست مەترێک دوور بوون لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە، پێشمەرگە لێیاندان و شەڕ دروست بوو.

پێشمەرگە بەرگری کەمۆینە و مێژوویانکرد لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن شکاو زیاد لە ٨٠ کەلاکیان جێما کە زۆربەیان قوات خاسە بوون.

دوژمـن پـەلامـاری هێنایە سـەر سەنگەرەکانی کەرتی ٥ ، کەرتی ٦ چوونە سەنگەرەکانی کەرتی ٥ و بەرگری کەم وێنەیانکرد، پێشمەرگەکانی کەرتی ٦ لە شوێنەکانی خۆیان دابەزیبوونە خوارەوە جارێکیتر هێرشیانکردەوە بۆ سەنگەرەکان و بەشێکی زۆری شاخەکەیان گرتەوە، لەو کاتەدا نامەیەکی عادل شکور فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان هات و داوایکردبوو بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشە بکەن.

تێکڕای کەرتەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد، دوژمـن زۆربـەی شوێنەکانی گرتبوو تیپی ٥١ی گەرمیان بە نـاو تۆپباران و گەمارۆی دوژمندا گەیشتنە یاخسەمەر بارەگاکانی مامجەلال و تیپی پارێزگاری بە بەرچاویانەوە ئاگری گرتبوو دەسووتا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ تیپی ٥١ی گەرمیان بە سەروی چیای ژیلوان و کەرکەردا سەرکەوتن بە کوێستانی شێخ محەمەددا چوونە شینکایەتی لەوێوە بۆ شانەخسێ.

ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢١ سوار ئۆتۆمبیلیان کردن شەو گەیشتنە سەردەشت دوای ڕۆژێک مانەوە لە سەردەشت دووبارە سواری ئۆتۆمبیلیان کردن و بردیاننە بێوران دواتر بۆ کانی زەرد لەوێ دابەشبوون بە سەر ماڵەکاندا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ هاتنە ناوزەنگ دواتر قۆناغ بە قۆناغ گەڕانەوە گەرمیان.

نۆ شەهید

لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا تیپی ٥١ی گەرمیان نۆ شەهیدیان بەخشی کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید مستەفا عەلی کادری ڕێکخستنی کۆمەڵە کەرتی (٦)
٢/ شەهید میران فەرەج فەرماندەی مەفرەزە کەرتی (٦)
٣/ شەهید فەتحوڵڵا فەرماندەی مەفرەزە کەرتی (٣)
٤/ شەهید عەتا قولیجانی فەرماندەی مەفرەزە کەرتی (٧)
٥/ شەهید نەجات هەڕێنەیی کەرتی (٢)
٦/ شەهید تەیب عومەر (ئاسۆ خانی) کەرتی (٣)
٧/ شەهید مارف سەر سپی کەرتی (٥)
٨/ شەهید ئەحمەد پارەپارەیی کەرتی (٥)
٩/ شەهید بورهان بەگزادەیی کەرتی (٢)

شـــەهید بوونی مـــحەمەد ڕازانـــی

خوشکێکی محەمەد ڕازانی هاتبووە کانی توو بۆ سەردان ١٩٨٨/٢/١٢ فڕۆکەکانی عێراق بۆمبارانی کانی تویان کردو خوشکەکەی محەمەد ڕازانـی شەهید بوو، هێشتا پرسەی خوشکەکەی دانەنرا بوو بە بروسکەیەک ڕۆیشتە سەرکردایەتی لەوێ ناردیانن سەر چیای دابان هەلاج و نزیکەی دوو هەفتە مانەوە پەلاماری سووپاو جاش بەرەو سەری دابان و شەدەڵە دەستپێکرد کاک کۆسرەت شێخ دارا سەرپەرشتی شەڕەکانی دابان و دۆڵی شەدەڵەیان دەکرد ڕژێمی عێراق دەستیگرت بە سەر شەدەڵەدا بڕیاردرا شەدەڵە لە دەستی دوژمن دەربهێنرێتەوە.

محەمەد ڕازانی و هێزەکەی تیپی ٦٣ی جوتیاران لە سەری دابانەوە دابەزینە شەدەڵە، لە شەڕی شەدەڵەدا محەمەد ڕازانـی بریندار بوو حەمید پێشمەرگەی تیپی ٦٣ شەهید بوو، محەمەد ڕازانی بریندار بوو بەڵام هەر دڵی لای شەڕەکە بوو پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە لە هەڵمەتبردن بەردەوامبن شەدەڵە لە دوژمن بسێننەوە، شەڕێکی گەورە لە شەدەڵە ڕوویدا بە جۆرێک قوات خاسە و پێشمەرگە تێکەڵ ببوون.

لە ناو ماڵێکدا ژمارەیەک قوات خاسە خۆیان پەنا دابـوو قوات خاسەیەک پەلاماری پێشمەرگەیەکیدابوو مامۆستا مەهدی تەقەی لێکردبوو قوات خاسەکەی کوشتبوو پێشمەرگەکەش بریندار بوو.

عوسمان پێنجوێنی دوای ئەوەی فیشەکی پێنامێنێ بە دەمانچەکەی تەقەی دەکرد دوای شەڕێکی قورس و گران شەهید بوو، شەماڵ سولْتانە دێی لە هەمان شەڕدا شەهید بوو.

دوای شەڕێکی قورس و گران پێشمەرگەکانی تیپی جوتیاران گەڕانەوە لای محەمەد ڕازانی دوای ماوەیەکی کەم مانەوە بە بریندارى محەمەد ڕازانیش شەهید بوو، تەرمی پیرۆزی محەمەد ڕازانیان هێنایەوە کانی توو لەوێ بە خاک سپێردرا.

کـــۆست و کـــارەسات

دوای بە خاکسپاردنی تەرمی شەهید محەمەد ڕازانی خەڵک و پێشمەرگە لە کانی توو نەمانەوە، ئەنفالی یەک گەیشتبووە دوا قۆناغی، پێشمەرگە و خێزانی پێشمەرگە و خەڵک ڕێگەی ئاوارەیی و چارەنووسی نادیاریان گرتە بەر، هێزەکانی دوژمن گەیشتبوونە بەری مەرگە.

کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ بە کەڵکی کوڕ کوڕ هەڵگەڕان ڕیزیان بەستبوو شاخێکی سەخت و بەرز بەفرێکی زۆر دەباری پێشمەرگە و ماڵ و منداڵیان ملی ڕێگەیان گرتبوو، ماڵ و منداڵ و پێشمەرگە کۆڵ بە کۆڵ و خەم لە کۆڵ و نیشتمان چۆڵ، بەفر بەڕیز دەباری تەموو خومار بوو لە ماوەی نزیک بە دوو مەتردا چاو بەر چاو نەدەکەوت منداڵی ساوا، دایکی کۆڵ بە کۆڵ، باوکی کەنفت لە ژێر کۆڵی کوێرەوەری و مێژوویەکی خوێناوی لە ژێر بەفرو زریان و ڕنودا ڕێگەی چارەنووسی نادیاریان گرتە بەر، لەو ڕێ سەخت و لێڵ و تەموو خومارەدا چەندین منداڵ گیانیان سپارد لاشەیان کەوتە سەر بەفر، نە دایک دەسەڵاتی هەبوو کۆرپەی تەزیو لە ناو بەفرا جێنەهێڵێ نە باوک وزەی تیا بوو دەستی منداڵەکەی بگرێ، نە کاروان لە سەر کەس دەوەستاو ئاوڕی لە نالەو هاواری بە جێماوان دەدایەوە، ڕۆژگارێک بوو کۆرپە بێ دایک جێدەما لەو ڕێیەدا ڕێگەی مەرگ و ماندوویەتی، چەندین منداڵ بوونە تابلۆیەکی حەزین بەو ڕێیەدا بەجێمان و هەڵواسران و هەناسەیان تەزی، بەفر بووە کفنی سپی.

تـــابلۆی یـــەکەم
کـــفنی بـــەفر

هاوڕێ محەمەد لە کانی توو بە بۆمبارانی فڕۆکە بریندار بوو منداڵێکی لە کۆڵ نابوو منداڵێکیش لە باوەشی، خێزانەکەشی منداڵێکی بە دەستەوە بوو سدیق ڕازانی گەیشتە لای هاوڕێ محەمەد منداڵەکەی لێوەرگرت و کردیە باوەش منداڵێکی تەمەن چوار مانگ پەپولەی بەهەشتی خودا لە باوەشی سدیق دابوو، بەفر سێ ڕیزە دەباری کلوە بەفرەکان دەکەوتنە سەر ڕوومەتی منداڵەکە سدیق کلوە بەفرەکانی

لە سەر ڕوومەتی لادەبرد جار جار بەفر دەموچاوی دادەپۆشی سدیق بە لەپی دەستی بەفری سەر دەموچاوی دەسڕی.

منالّەکە تەزیبوو لە ناو بەفردا نەدەنگی ما نە گریان نە جولّەیەک نە نقەیەک، چەند دەقیقەیەک بوو لە باوەشی سدیقدا گیانی سپاردبوو، جەستەیەکی سارد لە باوەشی سدیق و ئامێزی بەفردا چاوەکانی لێکنابوو، سدیق بە هاوڕێ محەمەدی وت ئەو منداڵە مردووە چی لێبکەین.

سدیق منداڵەکەی لە سەر بەفرەکە داناو بەجێهێشت، بەفر ئەو ڕۆژە تا شەوو شەویش تا بەیانی چین چین دایپۆشی، بەفر بووە کفن و زەویش بووە گۆڕی دانەپۆشراو، هەتا چاوی بینین مەودای دەدا هەتا تەومژو تارمایی ئەو ڕێگەیەی داپۆشی دایکی ئەو منالّە ساوایە ئاوڕی دەدایەوەو ئەو شاخ و کێوو دەربەندەی پڕ دەکرد لە هەناسەی تەڕبوو هەناسەی تەزیو.

تـــابلۆو دیـــمەنی دووەم
بـــەفرو مـــەرگ

بەدرێژایی ئەو ڕێگا هەورازو نشێوو پێچاو پێچ و خوارو خێچە تەرمی ئازیزان، ژن و پیاوی کەنفت، منالّی ساوا کەوتبوون نە کەس دەگەڕایەوە سەریان نە کەس ئاوڕی لە تەرمی بێنازی ئەوان دەدایەوە.

دیمەن و تابلۆی سێیەم
چەپەری تەرم

هێندە تەرم لەو ڕێگایە کەوتبوون هاوڕێ باوزی کردبووینە نواو چەپەر بە تەیمان، هاوڕێ باوزی منالّێکی گیانی سپارد بوو بۆ ئەوەی منالّەکانیتری ڕەق نەبنەوە تەرمی بەجێماوی ڕێگەی لە سەر یەکتر هەڵچنیبوو بۆ منالّەکانی کردبووە تەیمان و چەپەر بە سەنگەر تا لە سەرماو مەرگ بیانپارێزێ.

تابلۆی چوارەم
هاواری شێرکۆ

شێرکۆ کوڕی حسێن خدر بوو تەمەنی ٨ ساڵان بوو لە ناو بەفرو هەڵدێرو تاوێری ئەو ناوچە بەفر گرتووە لە دەستی باوکی پەڕیوو بە شاخێکەوە گیرسایەوە.

منالەکە، شێرکۆی منالّ هاواری دەکرد باوکە جێممەهێڵە بەڵام بەفرو هیلاکی و ماندویەتی تەمومژو سەختی ڕێگە دەرفەتی نەدا باوکی بگەڕێتەوە سەری.

شێرکۆی (٨) ساڵان لە ناو بەفرو زریان و تەمتومانی ئەو ساڵەدا، لە ژێر سەرماو لورەی باو باڕێزەی بەفر گیانی سپارد بووە خۆراکی قەل و دالّی ئەو کێوانە، نە باوک ئاوڕی لێدایەوە نە کاروانی سەرهەڵگرتوو گوێی بۆ هاوارو نالّە و هەناسەی شێرکۆ گرت بەفرو زریان و ڕەهێڵە دەرفەتی گەڕانەوەی نەدا بۆ لای شێرکۆ.

ئێستە شێرکۆ لەو شاخانە لەو ڕێگەیە بووەتە غەمگینترین تابلۆ، بووەتە هەزاران نالّەو هاوارو هەناسە، بۆ گەل و بۆ نیشتمانێک بووەتە ناسنامەو پێناسە.

هەرچی ئاهو نالّەی دایکانی سک سووتاوە لە لایەک ئەم تابلۆو دیمەنانە لە لایەک، جەرگ چۆن هەڵناقرچێ و دڵ چۆن لە سینە نایەتە دەر دەبێ کێ وەڵامی نالّە و هاواری شێرکۆی لابێ، دەبێ کێ تەرمی منالّێکی چوار مانگان لە نێو بەفردا بکاتە فیلم و دراما، حەزینترین تابلۆی وولّات، ئاهو نالّەی شێرکۆ نە وەک هەر دڵ دەهەژێنێ بەڵکو کێویش لە کێو دەدات.

تابلۆی پێنجەم
بەفری سەوزو سوور – تابلۆی ڕەنگەکان

ڕێبوارانی ئەم ڕێگەیە شەکەت و ماندووبوون، بەفر بە سەرو پرچی ئەو کاروانە سەرهەڵگرتووەدا دەباری، بەفر و تەڕوو تووشی جلەکانیانی چەند جارێ قورسترکردبوو لەبەریاندا، بۆیە بۆ ئەوەی کەمێک باری لەشیان سووک بێت پاڵتۆو جلەکانیان دادەکەندو لەسەر ڕێگە فڕێیاندەدا، بۆ بەیانی کە ڕۆژهەڵات، تەمومژ نیشتەوەو کۆتایی هات، لەسەر بەفری تازەکەوتوو جلەکان هەریەک لە ڕەنگێ

سەوز و سوور و زەردو پەمەیی و ڕەش لەسەر بەفر تێکهاڵابوون بوونە تابلۆ.

تابلۆی شەشەم

ئەوانەی بەربوونەوە لەشاخ و هەڵدێران، تا دەگیرسانەوە بەفریان تێدەهاڵا، کە ڕۆژهەڵات هێندە ئەستوربوون دەتوت کێوێکن لەبەفر.

تـــیپی 55ی قـــەرەداخ، 17ی زمـــناکۆ
لە ئـــــەنفالی یـــەکدا

کەرتی ٣ی تیپی ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی حەمە فەرەج هەورامی و وەستا غەفور جێگری کەرت.

سێ کەرتی تیپی ١٧ی زمناکۆ بە فەرماندەیی مەحموودی مامە عەزەو نامیق ئەوبەری و ئـاوات تریفەیی بـەرەو شەڕەکانی بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفال بەڕێکەوتن، مەلا ئەحمەد دسکەرەیی جێگری فەرماندەی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە گەڵ هێزەکەدا بوو هەر دوو تیپی قەرەداخ و زمناکۆ لە دۆڵمازەڵەو قەڵەمپاشا ئەرکیان پێسپێردرا بوو.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە قەڵەمپاشاو، قەرەسەرد، لە لاشانی قەڵەمپاشاوە پەلاماری دەستیپێکرد.

تیپی ٥٥ی قەرەداخ و ١٧ی زمناکۆ ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو بەرگری سەخت و کەموێنەیانکرد گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند، ژمارەیەکی زۆریـان لە دوژمن کوشت شەڕ تا کاتژمێر دەی پێشنیوەڕۆ بـەردەوام بوو لەو شەڕەدا نامیق ئاوبەری فەرماندەی کەرت لە تیپی ١٧ی زمناکۆو سەلام شەهید بوون.

دوای تێکشکانی پەلامارەکانی دوژمن تیپی قەرەداخ و زمناکۆ پاشەکشەیانکردوو چوونە سەروتر، دوو شەو دوای پاشەکشەکردنیان چوونەوە سەنگەرەکانی پێشوویان چەند گوللە (ئار بی جی) یان ڕووەو دوژمن تەقاند تا دوژمن وابزانێت سەنگەرەکانی پێشەوەیان چۆڵنەکردووە.

تیپی قـەرەداخ و زمناکۆ تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٣ لە سەنگەرەکاندا مانەوە لەو ماوەیەدا دوژمن بـەردەوام بە هێزی پیادەو تۆپخانەو چەکی کیمیایی پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا.

لەو شەڕانەدا مەلا ئەحمەد دسکەرەیی بریندار بوو وەستا غەفور گەیاندیە بەرگەڵو دوا کۆپتەری ئێرانییەکان لەوێ مابوو مەلا ئەحمەدیان خستە ناو کۆپتەرو بردیان بۆ چارەسەر.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٤ تیپی قەرەداخ و زمناکۆ چوونە قوتەی سماقان هێزی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانیاندان، تۆپبارانی سەختیان لە سەر بوو دوژمن بە تۆپی ١٧٥ ملم و نەمسایی ناوچەکەی دەکوتا، لەو پەلامارەدا کەمال ماخۆلان بریندار بوو.

دوای ئەو شەڕانە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیەکی ڕێکخراویانکرد بەرەو دۆڵی شێخ محەمەدو گەڵاڵە لەوێشەوە بۆ شانەخسێ و بەرەو سەردەشت، دواتر بە چیای سەرکەشی قەندیلدا گەڕانەوە قەرەداخ.

تـــیپی 59ی حـــەمرین

تیپی ٥٩ی حەمرین بروسکەیەکیان پێگەیشت بچنە ناوچەکانی دەوروبەری سەرکردایەتی بۆ بەرگریکردن لە پەلامارەکانی دوژمن لە ئەنفالی یەکدا.

تیپی ٥٩ی حەمرین بە دێیەکانی سنگرو مێولاکەدا تێپەڕین، بەشێک لە تیپی حەمرین لە دەوروبەری پیرکەو شاخی پیرکە بوون، چەند کەرتێکی تیپی حەمرین بە سەر شەڕگەکانی قزلەرو پیربایزدا دابەشبوون.

کەرتی (٢) تیپی ٥٩ی حەمرین چوونە شاخی کونە کۆتر، لە شاخی کونە کۆتر هێزیتری لێبوو ماجید فەیلی سەرپەرشتی شەڕگەکەی دەکرد.

کەرتی (٢) سەرکەوتنە سەر شاخی کونە کۆتر هێزی دوژمن پەلاماری شاخی کونە کۆتریدا شەڕ بە جۆرێک گەرم بوو پێشمەرگەو چەکداری دوژمن تێکەڵ ببوون تێکڕژان بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی حەمرین و دەستەکەی ماجید فەیلی پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند، لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی تیپی حەمرین شەهید بوون:

١/ شەهید حیکمەت جێگری کەرت

٢/ شەهید حەسەن

فەرەج تەپە عەرەبی بریندار بوو

حەسەن بریندار بوو، شاخی کونە کۆتر بەفرێکی زۆری لە سەر کەوتبوو بەستبووی حەسەن بە بریندارای لە سەر بەفرە بەستووەکە خلیسکاو کەوتە خوارەوە.

دوای چەند کاتژمێرێک لە پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی تیپی حەمرین کەرتی (٦)ی تیپی ٥٩ی حەمرین هێزەکەی سەر شاخی کونە کۆتریان گۆڕی.

لە لایەکیترەوە بەشێک لە هێزەکەی تیپی ٥٩ی حەمرین لە پیرکە و کەڵکی پیرکە ڕۆڵی دیاریان بینی لە وەڵامدانەوەی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر پیرکە، تیپی ٥٩ی حەمرین هاوشانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

دوای هاتنە خـوارەوەی هێزەکەی تیپی ٥٩ی حەمرین لە کونە کۆتر چوونە

کەڵکی قزلەر لە دۆڵە ڕووت چەند ڕۆژێک لەوێ بەرگرییانکردوو مانەوە.

دوای ماوەیەک مانەوە لە کەڵکی قزلەر نێردرانە چیای پیر بایز، ماوەیەکیش لە پیرەلیاس بوون، لە هەموو ئەو شاخ و لوتکانەی تیپی حەمرینی لێبوو بەرگری کەم وێنەو دلێرانەیان کرد دەیان کەسیان لە دوژمن کوشت، دواتر بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد.

تـــیپی 47ی پـــیرەمەگرون

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە شەڕەکانی بەرگری ئەنفالی یەکدا لە پیرکەو بەرزاییەکانی پشتی پیرکە شاخی کلکە ڕێوی بوون.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە سەرەتای دەستپێکردنی شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا لە دۆڵە ڕووت- قزلەر بوون، بەشێک لە هێزەکەی پیرەمەگرون لە ناو پیرکەو شاخی پشتی پیرکە بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٥ ڕژێمی عێراق بەهێزێکی گەورەو بە پشتیوانی تانک و توپ و فڕۆکە پەلاماری پیرکەو سەر شاخی پیرکەیدا، تیپی ٥٩ی حەمرین هاوشانی تیپی پیرەمەگرون لە سەر شاخی پیرکە بوون.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٥/٢/٢٥ هێزێکی زۆری جاش پەلاماری هەنارانیاندا مەفرەزەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە پیرکەوە بەرەو هەناران ڕۆیشتن بۆ لێدانی جاشەکان، دوای شەڕێکی سەخت جاشەکانیان تێکشکاند.

دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی تانک و توپ و کۆپتەر پەلاماری پیرکەیانداو هاتنە ناودێ، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە سەر شاخی پیرکە بوون لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارە هێرشی پێچەوانەیانکردە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن و گورزی کاریگەریان لێدان و شکاندیانن، تیپی ٥٩ی حەمرین لە خوار دێی پیرکەوە بوون ئەوانیش لە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن هاتنە دەست و هاوشانی تیپی پیرەمەگرون شکاندیانن.

دەستکەوتی تیپی پیرەمەگرون:

- گرتنی دەبابەیەک لە ناو پیرکە
- گرتنی سێ ئیڤا
- گرتنی جێپ قیادەیەک، جێپ قیادەکە نەخشەی هێرشەکانی ئەنفالی یەکی تیادا بوو بە دوو پێشمەرگەدا نەخشەکەیان نارد بۆ کاک نەوشیروان.

ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی دەستکەوت بوون، چەند سەربازو ملازمێک کوژران

سەڵاحی لیوا عشرین سوار ئیڤایەک بوو بیهێنێتە دواوە ئیڤاکە گرێگرت پێشمەرگەکان بە پەلە تەقەمەنییەکانی ناو ئیڤاکەیان داگرت.

دوای لێدان و شکاندنی دوژمن و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان پێشمەرگەکان هاتنەوە دارو شەخسەکەی پیرکە، تیپی ٥٩ی حەمرینیش هاتنە لای تیپی پیرەمەگرون.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە پیرکە بەردەوام بوو، بەفر ناوچەکەی سپیپۆشکردبوو وەرزێکی ساردو دەست و پەنجە تەزێن بوو.

خواردن زۆر بە کەمی دەستدەکەوت پێشمەرگەکان دەچوونە دێهاتە چۆڵکراوەکان دەرگای ماڵەکانیان دەکردەوەو نان و خواردنیان دەهێنا.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون نزیکەی (١٠) شەوو ڕۆژ لە شاخی پیرکە بەرگری سەخت و دژواریانکرد بەڵام هێزی دوژمن و پێشمەرگە لاسەنگ و نابەرابەر بوون دوای نزیکەی (١٠) ڕۆژ مانەوە لە شاخی پیرکەو بەرگری سەخت تیپی ٣١ی سلێمانی هاتنە شوێنی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، وەستا ساڵحی گاپیلۆن بۆ ماوەی چوار ڕۆژ وەکو شارەزای ناوچەکە لە گەڵ تیپی ٣١ی سلێمانی مایەوە.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەردەوام بوو دوژمن دەستیگرت بە سەر هەنارانی کۆن و قزلەرو قادراوادا، لەو شەڕانەدا پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە ناوی جەبار خەڵکی غەمزە شەهید بوو، فەرەیدون بریندار بوو.

دوای دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە لە لایەن دوژمنەوە تیپی ٤٧ چوونە شاخی کلکە ڕێوی پشتی کانیمێو خوار گەورەدێ کە لە مالومەوە بۆی سەردەکەوتن.

بەیانییەکی زوو مام زۆراب پێشمەرگەکانی هەستاندن ووتی هەستن هجوومە، تەماشایانکرد هێزێکی زۆری دوژمن لە خوارەوە بوون، پێشمەرگەکانی سەر شاخی کلکە ڕێوی بە فەرماندەیی جەلالی عەلی مام قادر دابەزینە خوارەوە لە نێوان گەڕەدێ و کانیمێو بۆسەیەکیان بۆدانان هێزەکەی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی پیرەمەگرونەوەو گورزی کاریگەریان بەرکەوت ٩٢ سەرباز گیران، گیراوەکانیان بردە مالومە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە شاخی کلکە ڕێوی مانەوە لەو ماوەیەدا چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی بڕیاری پاشەکشەیدا.

قـــاورمەونـــان

لە گەڵ بڕیاری پاشەکشەدا تۆپخانەی دوژمن بەردەوام تۆپبارانی ناوچەکەیدەکرد، لە ناو مالومەدا تۆپێک کەوتە ناو گایەلێکەوە چەند سەر مانگایەکی کوشت و بریندار کرد، پێشمەرگەکان مانگایەکیان هێناو سەریانبڕی، شێخ نەبەز دوو پێشمەرگەی نارد لە ناو مزگەوتی مالومە مەنجەلێکی گەورەیان هێنا، مەنجەلی ئاو گەرمکردن بوو بۆ مردوو شۆردن، مەنجەلەکەیان جوان شۆردەوەو گۆشتی مانگاکەیان وورد کرد کردیانە ناو مەنجەلەکەوەو کردیان بە قاورمە، هەر پێشمەرگەیەی دە دوانزە نانی هێنا بەشە قاورمەی خۆیان کردە ناو نانەکانەوەو کردیانە کۆلە پشتەکانیانەوە، لە کاتی پاشەکشەدا ئەو نان و قاورمەیە ڕۆلی باشی بینی.

تیپی پیرەمەگرون لە مالومە کشانەوە هاتنە دەراوی یاخسەمەر شەوێک لەوێ مانەوە، شەوی دووەم لە گوێزیلەوە بە بناری شاخەکەدا ڕۆیشتن چوونە چالاوا شەو لەوێ مانەوە، بەرگەلو گیرابوو، بە کەرکەردا سەرکەوتن بەرەو دۆلی شێخ محەمەدو لەوێوە بۆ شانەخسێ بە ناو خاکی ئێراندا گەڕانەوە ناوچەکانی مەلبەندی سێ.

تـــیپی 85ی بـــەڕانەتی

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی ئاسۆ مامەند بەشداری شەڕەکانی ئەنفالی یەکیانکرد لە ناوچەکانی سەرکردایەتی.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی هاتنە دەشتی کۆیەو پەڕینەوە شەدەڵەو چوونە سەرگەڵوو شێخ سمایل لە تیپی ٩٠ی باواجی لە گەڕەدێ شەهید بوو تیپی ٨٥ی بەڕانەتی چوونە جێگەی تیپی باواجی لە گەڕەدێ، دوای گەیشتنیان لە گەڕەدێ تووشی شەڕێکی سەخت بوون لە گەڵ لیوای (٥٧)ی سووپای عێراقدا، لە گەڵ پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە ناو دێی گەڕە دێوە چوونە سەر شاخ تا گەیشتنە سەر شاخ تۆپبارانی سەختیان لە سەربوو.

تیپی ٨٥ی بەڕانەتی هاوشانی تیپی ٢١ی کەرکوک بەرگری سەخت و کەم وێنەیانکرد شەڕەکە بە جۆرێک بوو پێشمەرگەو هێزی دوژمن تێکەڵ بە یەکتری ببوون دوژمن چەند جارێک پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، پێش هەر پەلامارێک تۆپبارانی سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدەکرد دواتر پەلاماریدەدا.

لە ئەنجامی تۆپبارانی سەختی دوژمندا دوو تۆپ کەوتە ناو سەنگەری پێشمەرگەکانی بەڕانەتی و چەند پێشمەرگەیەک شەهیدو بریندار بوون، لەو شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر قوات خاسە لە دوژمن کوژران و سێ پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید میکایل کۆیی فەرماندەی کەرت

٢/ شەهید هەژار جەلال شێرە

٣/ شەهید کاروان سوسێی

لە ئێوارەدا تیپی ٨٥ی بەڕانەتی پاشەکشەیانکرد لە گەڕەدێوە بەرەو مالومە بەڕێکەوتن لەوێوە چوونە بەرگەڵو لە بەردەم کەرتی سجندا شەهیدەکانیان بە خاکسپارد دواتر چوونە زنجیرە چیای دابان هەلاج و تا کۆتایی شەڕەکانی ئەنفالی یەک لەوێ مانەوە.

لە زنجیرە چیای دابان چەند جارێک دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی بەڕانەتیداو تیپی بەڕانەتی پەلامارەکانیان تێکشکاند.

لە گەڵ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لە بەرگەڵو بەڕێکەوتن چوونە سەردەشت بە زنجیرە چیای قەندیلدا هاتنەوە چیای سەفین.

تـــیپی 27 تـــۆکمە

دوژمن هێزێکی گەورەو زەبەلاح و بە پشتیوانی سەدان هەزار سەربازو تانک و تۆپ و فڕۆکە و چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی خستبووە ئامادەباشیەوە تا هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە.

کۆتایی مانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٨ لە جادەی سلێمانی دووکان چەرمەگا هێزێکی گەورەی دوژمن بە پشتیوانی تانک و تۆپ هێرشیکردە سەر سەنگەرو بارەگاکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە لە سەر شاخی ملەی گوڵەباخ و گورگەیەرو گوندی حاجی ئاوا پێشمەرگەکانی تیپی ٢٧ی تۆکمە لە ملەی گوڵەباخ و گورگەیەرو گردۆڵکەکانی بەردەم حاجی ئاوا لێیدامەزران، لە گەڵ هێرشی ڕژێمدا لێیاندان و زیانی گەورەیان لە دوژمندا، دوای شەوو ڕۆژێک بەرگری قارەمانانە، کشانەوە گوندی گەورەدێ هێزی پێشمەرگە لەو شەڕانەدا دوو برینداریان هەبوو.

گەلە جاش و سەرباز دەستیانکرد بە تاڵانی و سووتاندنی ماڵەکانی گوندی حاجیاوا، هێشتا بەشێک لە خانوەکانی گوندی حاجیاوایان سووتاندبوو کە پێشمەرگە قارەمانەکان هەمان ڕۆژو بۆ سەر لە ئێوارە گەڕانەوە گوندی حاجی ئاواو هێزەکەی دوژمنیان دەرپەڕاند، دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە گوندی حاجی ئاوا دووبارە ڕژێم بە پشتیوانی تانک و تۆپ و کۆپتەر هێرشیان کردەوە سەر ناوچەکە، دوای دوو ڕۆژو شەو شەڕی قارەمانانە دووبارە گەڕانەوە گەورەدێ وپاشەکشەیانکرد.

تـــیپی پـــاریزگاری

پرۆسەی بەدناوی ئەنفال، کاروانێکی شەڕی پڕ لە ڕق و کینەی شۆڤێنیزمی عەرەبی بوو کە لە سەر دەستی بەعسییە شۆڤێنیەکان کەوتبووە ڕێ و پێشەنگی دەیدایەوە لە بەرگەڵوو، ئەو کاروانە ڕەشە، پڕ کارەسات و خوێن و مەرگ بوو، چنگی ڕەش و پڕ لە خوێنی لە یەخەی شاخ و گردوو یاڵ، لە گەورەو بچووک، پیرو

منالّ، لە دەشت و دەرو ئاوەدانی و سەوزایی گیردەکردوو پڕیدەکردن لە زووخالّ.

ئەنفال پرۆسەی سوپایەکی دڕندە بوو بە عەقڵی سەدەکانی ناوەڕاست وێنای بەربەریەت و جینۆسایدی دەکرد بەرانبەر گەلێکی خاوەن شارستانی و پێشکەوتووی بێ خاک و مافی وەکو گەلی کورد، ئەنفال دەشتە سەوزەکانی کردە ڕەشایی، شاخ و لوتکە سەرکەشەکانی کردە تارمایی، ئەنفال هەرچی کانیاوو جۆگەو ئاوی سازگارە کوێری کردەوە، هەرچی جوانی و ڕووناکی و پاکی بوو بۆ سەحرای لمی بردەوە، هەرچی کچی هەرزەکارو چاو خومارو چاو خەزاڵ بو کردیانە دیاری بۆ دڕندە بەعسیەکان، ئەوانەی هەموو شتێ بوون مرۆڤ نەبێت، ئێستەش ئەو شاخ و گوێ هەردانە زیڕەی زنجیری دەبابە و زریکەی ژن و منالّ و هاڕەی کاتیۆشای لێنابڕێت.

دۆڵی جافەتی سێرەی تفەنگی سەرقەرەوڵی ئەنفالی یەک بوو لە شاخە سەخت و سەرکەشەکانی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری دیارو بەرچاویکرد، تیپی پارێزگاری لە سێ ڕیانی گوێزیلە، هەڵەدن، یاخسەمەر و بەرزاییەکانی یاخسەمەرو چەرماوەند، لە ئاسنگەران و شاخە ڕەش و هەردەو هەڵەتی ناوچەکە تا درێژ دەبێتەوە، زنجیرە چیای دابان، بەرگری قارەمانانەیان کردوو ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە تێکشکاندنی هێرشەکانی داگیرکەر.

کاتێکیش بڕیاری پاشەکشە درا، بە چیای کەرکەردا سەرکەوتن و لە کەل ئاوابوون ، لە گەڵ تێکڕای تیپەکانی هێزی پێشمەرگە لە چاڵاواوە بەڕێکەوتن بۆ گەڵاڵە و لەوێشەوە بۆ شاناخسێ.

تیپی پارێزگاری لە شاناخسێ وەکو بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەر چەکی کیمیایی کەوتن و بریندارياں هەبوو، بۆ چارەسەر ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کران کە زیاد لە ٢٥ پێشمەرگە بوون.

تـــیپی مـــــەڵبەندی دوو

لە سەرەتای ئەنفالدا دوو کەرتی پێشمەرگەی تیپی مەڵبەندی دوو ، کەرتی یەک بە فەرماندەیی خالید کرژەیی و کەرتی دوو بە فەرماندەیی شوان موغاغی لە هۆمەر قەوم بوون، هێزێکی گەورەو زەبەلاحی دوژمن بە پشتیوانی تانک و تۆپ

و فڕۆکە بەرەو هۆمەر قەوم پێشڕەویانکرد، کەرتەکانی یەک و دووی تیپی مەڵبەند ڕووبەڕوویان بوونەوەو تێکیان شکاندن، هەتا ناو سوورداش ڕاویان نان، حکومەت دەیویست بە هۆمەرقەومدا بێتە شەدەڵە و لەوێشەوە بەرەو دابان و سەرگەڵوو لە پێشڕەویدا بن، بەڵام لە کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی شەودا لێیاندان و ٣ دیلیان لێگرتن و تێکیان شکاندن.

هەمان شەو کەرتەکانی تیپی مەڵبەند چوونە سەرجادەی سورداش و لە هێزەکەی دوژمنیانداو گەڕانەوە هۆمەر قەوم، شوان موغاغی بەرەو ئەو بەری چەمەکە ڕۆشت، سێ پێشمەرگەش چوونە پشتی هۆمەر قەوم، باقی پێشمەرگەکانیتر لە ناو هۆمەر قەومدا دامەزران، لە هێرشی شەوی پێشوودا مامۆستا دلێر پێشمەرگەی تیپی مەڵبەند بە تۆپباران شەهید بوو.

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژیی دوایی دوژمن هێرشی دەستپێکردەوە بەڵام لە هۆمەرقەومەوە نا، ڕێگەی گۆڕی لە سپیلکەوە بە شۆفڵ و گرێدەر ڕێگەی کردەوەو بەرەو شەدەڵە هێرشیکردو گرتی، چووە پشتی پێشمەرگەکانی هۆمەرقەوم، لەو شەڕەدا شوان موغاغی فەرماندەی کەرت بریندار بوو.

پێشمەرگە کشانەوە پشتی هۆمەر قەوم و دوو شەو لەوێ مانەوەو دواتر بەرەو زنجیرە چیای دابان هەڵکشان، لە چیای دابان-هەلاج مانەوەو ٢١ ڕۆژ بەرگری قارەمانانەیانکرد، کەرتی تیپی مەڵبەند بەشێکیان بەو زنجیرە چیایەوە بوون، کەرتێکیش لە هەنگڵە گۆزە بوون .

لە زنجیرە چیای دابان جگە لە تیپی مەڵبەند بەشێک لە تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت لە بەرگریدابوون.

شێخ دارای حەفید کە ئەو سەردەمە لێپرسراوی مەڵبەندی دوو بوو داوایکرد بەشێک لە هێزەکەی تیپی مەڵبەند بچنە ئەشکەوتی ڕەوکان، دواتر داوایلێکردن بچنە سەر مەیدان بۆ نێوان قەمچوغە و سێکانیان تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بەدل بکەن، خالید کرژەیی فەرماندەی کەرتی یەک لە گەڵ ١٥ پێشمەرگە بەڕێکەوتن و تیپی خاڵخاڵانیان بەدل کرد، تۆپبارانی قورس و بەردەوام لە کۆتەڵ و دووکانەوە بواری

جوولّەیان نەئەدا، ٣ شەو لەوێ مانەوە دواتر جیهاز کرا پاشەکشە بکەن.

کەرتێکی تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی خەتابە ڕەش لە گوندی سێکانیان بوون، بەرگری دلێرانەیان کرد دەیان هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، نەیانهێشت دوژمن بێتە پێشەوە و پێشڕەوی بکات تا دوا فیشەک و هەناسە بەرگریانکرد، لەو داستانە گەورەیەدا کە زیاتر لە هەفتەیەکی خایاند تێکڕاو سەرجەمی پێشمەرگەکان بریندار بوون هەر لە خەتابە ڕەش فەرماندەی کەرت تا دەگاتە دواین پێشمەرگەی کەرتەکە، تیپی ٢٥ی خالّخالّانیش بە هەمان شێوە بریندارێکی زۆریان هەبوو.

بڕیاری پاشەکشە درا، پێشمەرگە بە پێی بەرنامەو پلانی دیاریکراو کشانەوەو لە چالّاوا یەکیانگرتەوە، بەفرێکی ئەستوور باریبوو دنیا ساردوو تەڕو تووشی بوو، پێشمەرگە هێندە ڕۆشتبوون قاچیان تێکدەهالّا، هەندێک بە پێوە وەنەوز دەیبردنەوە، هەندێکیش بۆ چەند چرکەیەک چاویان دەچووە خەو، تولە ڕێ و بەردی خزی سەر ڕێگا بە ئاگای دێنانەوە، لە چالّاوا بەرەو شاناخسێ بەڕێکەوتن، لەوێ هەواریان خست و بارەگایان دانا.

هەر چەند ڕۆژێک دوای گەیشتنیان بۆ گوندی شاناخسێ، بەر شالّاوی چەکی کیمیایی کەوتن و ژمارەیەک پێشمەرگەیان بریندار بوون.

ڕاگـــەیەندراوی مـــەکتەبی ســـیاسی (ی ن ك)

دوای بەرگری قارەمانانە و پاشەکشێی هێزی پێشمەرگە لە ئەنفالی یەک دا، مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا خەڵکی کوردستانی لەوە ئاگادار کردەوە کە دوژمن بە قیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچووکی لە گرتنی ناوچەیەکی جوگرافی بەرتەسک بەدەستهێناوە، خەڵکی کوردستانیش دڵنیا دەکاتەوە کە ئەم شەڕە خاڵی وەرچەرخان دەبێ لە جەنگی ٢٧ ساڵەی گەلی کوردو سوپای عێراق دا.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەنراوی مەکتەبی سیاسی (ی ن ک)ە:

(ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان)

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢١ تا ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨ هەموو قاتعاتی فەیلەقی یەک و فەیلەقی پێنجی جەیشی ئیحتلالی بەعس بە پشتیوانی زیاتر لە ٢٠ لیوا کە لە فەیلەقەکانی (٢، ٣، ٤، ٦، ٧) ەوە هێنرا بوون بە پاڵپشتی سەدان تانک و مودەڕەعە و ناقیلە و سەدان تۆپی قورسی (١٣٠) ملم و (١٥٢) ملم و دەیان کاتیوشای (١٢٠) ملم بە پاڵپشتی طیرانی جیشی هێزی ئاسمانی عێراق هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکانی دۆڵی جافەتی کە بەشێک لە بارەگاکانی سەرکردایەتی و مەڵبەندی دووی (ی ن ک) ی لێبوو، لە شەڕێکی جەبهەیی قورسدا کە زیاتر لە ٢٥ شەوو ڕۆژی خایاند بە درێژایی خەتێکی جەبهەیی کە (٧٠) کم زیاتر بوو، دوژمن هەموو جۆرە چەکێکی تیا بەکارهێناو سەدان تەن گازی ژەهراوی خەردەلی بە سەر جەبهەکەو ناوچەکەدا ڕشت.

لەم شەڕە کەم وێنەیەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان داستانێکی کەم وێنەی پڕ تەجروبەیان تۆمار کردوو لە سەر هەر بەردوو لوتکەیەکی نیشتمانەکەی خۆیان بەو پەڕی ئازایەتیەوە بەرانبەر جەیشی ئیحتیلالی بەعس جەنگان و بە سەدان کەلاکیان لێخستن.

ئەم شەڕە لە لایەن خودی جەللادی عێراق (صدام حسێن) ەوە ئیدارە ئەکراو لە لایەن وەزیری دیفاع (عدنان خیرالله) و ئامۆزا خوێنڕێژەکەی (عەلی حەسەن مەجید)

سەرپەرشتی ئەکرا جەیشی ئیحتیلالی بەعس لەم هێرشەدا جگە لە داگیرکردنی ئەو ناوچانە ئەیویست زەمانەو زەمینی شەڕێکی نابەرانبەر لە ژمارەو جۆری چەکدا بە سەر هێزەکانی ئێمەدا بسەپێنێ بۆ ئەوەی لە چالاکیان بخات، بۆیە سەرکردایەتی (ی ن ک) بە چاکیزانی کە خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەوەی تووشی زەرەری زۆرتر نەبن بگوێزنەوە بۆ دەرەوەی دائیرەی جەبهەکە.

لە شەوی ١٧\١٩٨٨/٣/١٨ هێزی پێشمەرگە لە هەندێ شوێنی ناوچەکە بە ڕێکوپێکی و بە سەلامەتی کشایەوەو نەیهێشت لاشەی هیچ پێشمەرگەیەکی شەهید یا تەنها یەک بریندار دەست دوژمن بکەوێت یا هیچ کەلوپەلێکی بەکەڵک تەنانەت هیچ خانوو کۆڵێتێک کە دوژمن سودی لێوەربگرێ بە ساغی بۆ دوژمن بە جێبمێنێ، لەم شەڕە کەم وێنەیەدا هێزی پێشمەرگەی قارەمان تەنها (٦٠) شەست شەهیدی داو لە ناو ئەوانەدا تەنها یەکێکیان فەرماندەی تیپ بوو، کە کاک محەمەد ڕازانی فەرماندەی تیپی (٦٣) ی جوتیاران بوو، کە لە هێرشی شەوی (٣/١) دا بۆ سەر شەدەڵە شەهید بوو، لە بەرانبەر ئەمەدا دوژمن زیاتر لە (٨٠٠٠) هەشت هەزار کەسی لە هێزە چەکدارەکانی کوژراوو بریندارە کە زیاتر لە (٤٠٠) کەسیان ئەفسەرن لەوانە قائیدی فیرقەی (٢٤) واتە قواتی (معتصم) وە ئامر هەندەسەی فیرقەی (٢٤) بە ناوی (معین) دەیان ئامر لیواو ئامر فەوج و ئامر سریە هەروەها دەیان دەبابەو ناقیلەو مودەڕەعەو سەیارەو تۆپخانە تێکشکێندران و چەندین کۆپتەر پێکراوە کە یەکێکیان لە سلێمانی و ئەوەیتریان لە ڕۆژی ٣/٧ لە چوارقورنە بە بەرچاوی خەڵکەوە کەوتە خوارەوەو سەدان سەربازو ئەفسەریان لەم لیوایانە بە ئەسیر گرت، لیوای قوات خاصەی (٦٥-٦٦) لیوای (٣٢) لیوای (٧٢) لیوای (٧٥) لیوای (١١٦) لیوای (٤٣٨) لیوای (٤٤٨) لیوای (٤٤٥) فەوجی مغاویری فیرقەی (١٠ و ٤) سێ فەوجی موستەقیل لە موالیدەکانی (١٩٤٥) سەرەڕای هەندێ جاشی خۆفرۆش، هەروەها سەدان پارچە چەکی جۆراوجۆرو دەزگای بێتەل و نەخشەو موستەمسەکاتی جیاجیا دەسکەوت بوو.

بەم بۆنەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان دەکەین ئەگەرچی دوژمن بە قیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچوکی لە گرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تەسک

بەدەستهێنا، بەڵام دڵنیایان دەکەین کە ئەم شەڕە خاڵی وەرچەرخانێک دەبێ لە جەنگی ٢٧ ساڵەی گەلی کوردو جەیشی عێراقیدا بە قازانجی گەلەکەمان و سەرەتای پاککردنەوەی یەکجارەکی خاکی کوردستان دەبێ لە هێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعسی کە ڕۆژی لە گۆڕنانی نزیکبوەتەوە.

بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و بەدەستهێنانی مافی ئازادی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٤ی مارتی ١٩٨٨

*****

سەرکردایەتی (ی ن ک) دووربین و حەکیم بوو لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی دۆخەکەدا، دەیزانی زوڵم لە ئەستوری دەپسێ و ڕژێمی عێراقیش لە قەیرانی قوڵ و خنکێنەردایە و چیتر دنیای دەرەوەو خەڵکی کوردستان و عێراق قبوڵی ئەم دۆخە ناکەن و پێچەوانەی دەکەنەوە هەر بۆیە دوای پاشەکشەی تەواوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سنوور، (ی ن ک) جگە لە هێشتنەوەی بەشێک لە پارتیزانەکان و دواتر ناردنە خوارەوەی پارتیزانەکانی پیرەمەگرون و هەولێرو گەرمیان و کەرکوک و شارباژێڕ لە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال بیرۆکەی دڕووستکردنی هێزی چەکداری لە ناو شارەکاندا لا گەڵاڵە بوو، تا هێزێکی ئامادەی چەکدار لە شارەکان هەبێت، وەک دریژە پێدەری هێزی پێشمەرگە لە ناو شاردا، ئەو هێزەش ناونرا سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) بەرنامەو پەیڕەوی سوپاکە دانراو گەیەندرایە ڕێکخستنەکانی شار، سوپای ڕزگاری کوردستان دڕووست بوو.

شەهیدانی بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا شەهیدانی شەڕەکانی سەرکردایەتی

لە شالاوەکانی ئەنفالی یەک بۆ سەر دۆڵی جافەتی و ناوچەکانی سەرکردایەتی ٧٣ فەرماندە و پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن

١-شەهید محەمەد پیرۆت مەحمود ناسراو بە محمد ڕازانی،فەرماندەی تیپی ٦٣ جوتیاران لە شەدەڵە شەهید بوو.

٢-شەهید ئیسماعیل تەها ئەمین ناسراو بە شێخ ئیسماعیل جێگری فەرماندەی تیپی ٩٠ باواجی لە گەڕە دێ شەهید بوو.

٣-شەهید عەبدوڵڵا ئیسماعیل فەرماندەی کەرتی تیپی ٧٨ کاروخ لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٤-شەهید نامیق عەلی فەرماندەی کەرتی تیپی ١٧ زمناکۆ لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٥-شەهید دلێرە سوور فەرماندەی کەرتی ٣ تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە شەدەڵە شەهید بوو.

٦-شەهید میکایل فەرماندەی کەرتی ١ تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە گەڕە دێ شەهید بوو.

٧-شەهید حیکمەت محەمەد وەهاب جێگری فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٥٩ حەمرین لە شاخی کونە کۆتر شەهید بوو.

٨-شەهید عەبدولڕەحمان ڕەشید جێگری فەرماندەی کەرتی ٢ی تیپی ٢٩ کەلکە سماق لە قوڵە پوشین شەهید بووو.

٩-شەهید هەژار سالح عەسکەر جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٢٩ کەڵکە سماق لە قوڵە پووشین شەهید بوو.

١٠-شەهید عەبدوڵڵا محەمەد حەسەن جێگری فەرماندەی کەرتی ٦ی تیپی ٤٣ ئاسۆس لە شارستێن شەهید بوو.

١١-شەهید ئەرسەلان فایەق محەمەد جێگری فەرماندەی کەرتی تیپی ٣٩ خەنجەرە لە شاخی پیرکە شەهید بوو.

١٢-شەهید مەجید محەمەد عەلی جێگری فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٢١ کەرکوک لە توکڵی شەهید بوو.

١٣-شەهید ئەحمەد عەبدوڵڕەحمان جێگری فەرماندەی کەرتی ٤ی تیپی ٥٣ شێروانە لە کونە کۆتر شەهید بوو.

١٤-شەهید کامەران عەباس ئیسماعیل فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی تیپی ١٩ کۆڕەک لە شاخی پیرکە شەهید بوو.

١٥-شەهید مام برایم کەریم فەتاح فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە توکڵی شەهید بوو.

١٦-شەهید مەلاعەلی فەرماندەی مەفرەزە تیپی ٣١ سلێمانی لە دۆڵە ڕووت شەهید بوو.

١٧-شەهید فارس عەزیز فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە شەدەڵە شەهید بوو.

١٨-شەهید سیروان حەمە فەرەج فەرماندەی مەفرەزەی تیپی ٢ مەڵبەندی دوو لە قەمچوغە شەهید بوو.

١٩-شەهید محەمەد فاتیح ناسراو بە حەمە بی کەی سی فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٥٧ سەگرمە لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٢٠-شەهید کامەران فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٥ی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە گەورە دێ شەهید بوو.

٢١-شەهید ئیسماعیل عەسکەری فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٥ی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە هەواڕە بەرزە شەهید بوو.

٢٢-شەهید مامۆستا موسحین ڕابەر سیاسی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە شەدەڵە شەهید بوو.

٢٣-شەهید مامۆستا زانا لێپرسراوی ڕێکخستنی کۆمەڵە لە تیپی ٨٣ هەورێ لە شەڕگەی شارستێن-مەرگە شەهید بوو.

٢٤-شەهید محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بە مامۆستا محەمەد ڕێکخەری تیپی ٩٩

بیتوێن لە دێی مەلا سەفی شەهید بوو.

٢٥-شەهید یاسین ڕێکخەری کەرتی ٢ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە خوڕخوڕە شەهید بوو.

٢٦-شەهید مستەفا ڕەسوڵ کەرتی ٣ی تیپی ٤٣ ئاسۆس لە توکڵی شەهید بوو.

٢٧-شەهید سەلام حەمە ئەمین کەرتی ١ی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٢٨-شەهید حەسەن عەبدوڵڵا کەرتی ٢ی تیپی ٥٩ حەمرین لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٢٩-شەهید خەلیل ئیبراهیم محەمەد کەرتی ٤ی تیپی ٥٩ی حەمرین لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٣٠-شەهید شوان کەرتی ٣ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە شەدەڵە شەهید بوو.

٣١-شەهید عەبدولڕەحمان کەرتی تیپی ٩٩ بتوێن لە توکڵی شەهید بوو.

٣٢-شەهید محەمەد قاسم کەرتی تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٣٣-شەهید جەلال عەرەب تیپی ٣٩ی خەنجەرە لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٣٤-شەهید حسین عەزیز قادر تیپی ٥٣ شێروانە لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٣٥-شەهید حەمە دەمین محەمەد مورادکەرتی ٤ تیپی ٥٣ شێروانە لە کونە کۆتر شەهید بوو.

٣٦-شەهید جەبار تۆفیق عەزیز کەرتی ٣ی تیپی ٤٧ پیرەمەگروون لە پیرکە شەهید بوو.

٣٧-شەهید ئیدریس سەعید ئەمین کەرتی ٤ی تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە توکڵی شەهید بوو.

٣٨-شەهید عوسمان ئەحمەد ناسراو بە شەماڵ تیپی ٦٣ جوتیاران لە دابان شەهید بوو.

٣٩-شەهید عوسمان عەبدولڕەحمان تیپی ٥٧ سەگرمە لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٤٠-شەهید سامان حەسەن مەحمود کەرتی ٥ی تیپی ٥٣ شێروانە لە قەڵەم پاشا شەهید بوو.

٤١-شەهید هەژار جەلال شێرە کەرتی ٣ی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە گەڕە دێ شەهید بوو.

٤٢-شەهید حەمە عەبدوڵڵا حەمەد ناسراو بە حەمە سور تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە توکڵی شەهید بوو.

٤٣-شەهید بەهرۆز کاکل ناسراو بە ئارام تیپی ٢١ کەرکوک لە خورخورە شەهید بوو.

٤٤-شەهید عەبدولموتەلیب ئەسعەد تیپی ١٩ کۆڕەک لە شارستێن شەهید بوو.

٤٥-شەهید دارا محەمەد شەفیق کەرتی ١ تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شارستێن بوو,

٤٦-شەهید تالیب مەجید تیپی ٢٥ خاڵخاڵان لە شارستێن شەهید بوو.

٤٧-شەهید مەغدید سەمەد تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ لە شارستێن شەهید بوو.

٤٨-شەهید نازم حەمید مەجید تیپی ٥١ گەرمیان لەسەر جادەی سلێمانی-دووکان شەهید بوو.

٤٩-شەهید هەڵمەت تیپی ٩٩ بتوێن لە شەڕگەی شارستێن مەرگە شەهید بوو.

٥٠-شەهید هەمزە تیپی ٩٩ بتوێن لە شەڕگەی شارستێن-مەرگە شەهید بوو

٥١-شەهید سەعید کادر تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە یاخیان شەهید بوو.

٥٢-شەهید سەعدەدین ڕۆستایی ناسراو بە ڕێباز تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٣-شەهید ئازاد مەغدید تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٤-شەهید محەمەد حسین تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٥-شەهید سەعید ئیسماعیل ناسراو بە کۆچەر تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی

هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٦-شەهید تەڵعەت ناسراو بە شاخەوان تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٧-شەهید عوسمان حەمە ئەمین تیپی ١٩ کۆڕەک لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٨-شەهید ڕەشاد تیپی ١٩ کۆڕەک لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٥٩-شەهید مەهداوی پێشمەرگەی تیپی ١٩ کۆڕەک لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٠-شەهید کامەران عەباس ئیسماعیل تیپی ١٩ کۆڕەک لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦١-شەهید ڕێباز تیپی ٧٨ کاروخ لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٢-شەهید هۆمەرە سوور پێشمەرگەی تیپی ٧٨ کاروخ لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٣-شەهید ڕەوەند تیپی مەڵبەندی ٣ لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٤-شەهید خالید تارینەیی تیپی ١٢ سۆران لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٥-شەهید دارا محەمەد شەفیق ناسراو بە شێخ دارا پێشمەرگەی تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٦-شەهید کەریم تیپی ٨٧ قەرەچوخ لە شەڕگەی هەواره بەرزە-یاخیان شەهید بوو.

٦٧-شەهید بەختیار ئیبراهیم ئیسماعیل پێشمەرگەی هێزی پشتگیری لە زێوێ شەهید بوو.

٦٨-شەهید مەحمود حەمە ئەمین پێشمەرگەی هێزی پشتگیری لە سەرمۆرد شەهید بوو.

٦٩-شەهید عەتا عەبدولکەریم کەرتی ٤ی تیپی ٥١ گەرمیان لە دۆڵە ڕووت شەهید بوو.

٧٠-شەهید طیب فاتیح ناسراو بە ئاسۆ کەرتی ٣ی تایبەتی ٥١ گەرمیان لە دۆڵە ڕووت شەهید بوو.

٧١-شەهید فەتحوڵڵا مەجید ئەحمەد فەرماندەی مەفرەزەی کەرتی ٥ی تیپی ٥١ گەرمیان لە دۆڵە ڕووت شەهید بوو.

٧٢-شەهید محەمەد ڕەسوڵ پێشمەرگەی پارتی لە دابان شەهید بوو.

جگە لەم شەهیدانە ژمارەیەک پێشمەرگەیتریش شەهیدبوون کە لەم بەشەی ئەنفالی یەکدا لەناو تیپەکانی خۆیاندا ناویان نووسراوە.

ئـــــــەنفالی دوو
نـــــاوچەی قـــــــەرەداخ
ســـــێ

ئـــەنفالی دووەم نـــاوچەی قـــەرەداغ 1988/3/22

ماوەیەکی کورت بە سەر ئەنفالی دۆڵی جافەتی و کورتتریش بە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێپەڕیبوو، ئەنفالی ناوچەی قەرەداخ دەستیپێکرد.

قەرەداخ ناوچەیەکی دڵگیرو سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە، بە زنجیرە شاخی بڕندەو خەنجەر ئاسا، سەخت و لوتکەی بڵندو پێچاوپێچی هەزار بە هەزار دەورە دراوە، ناوچەیەکی گرنگ و فراوانی شۆڕش بووە، لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا ڕۆڵی دیاری دیوە، بەشێکی زۆری بارەگاکانی (ی ن ک) لە ناوچەکە بووە، بارەگای مەڵبەندی یەک و نەخۆشخانەی شۆڕشی لێبووە، حزبی شیوعی بارەگایەک و پارتی دیموکراتی کوردستانیش بارەگایەکیان لە «جافەران» هەبووە.

دوای ئەنفالی یەک لە دۆڵی جافەتی و بەرگری سەخت و دواتریش پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، سوپای داگیرکەری عێراق ڕوویکردە ناوچەی قەرەداخ و هێرشی فڕۆکەو زەمینی دەستیپێکرد.

پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر مەڵبەندی یەک ناوچەکانی قەرەداخ – شارەزوور لە شاڵاوەکانی ئەنفالی دوو

دوای پەلامارەکانی رژێمی عێراق بۆ سەر مەڵبەندی دوو ، دۆڵی جافایەتی و ناوچەکانی سەرکردایەتی ، مەڵبەندی سێ دۆڵی بالیسان و ئالانە و خەلیفان ، پەلاماری بۆ سەر مەڵبەندی یەک و ناوچەی قەرەداخ ، شارەزوور دەستیپێکرد و لە چەندین لاوە پەلاماری ئەو ناوچانەیدا. دوای کیمیا بارانکردنی ناوچەکە بە تۆپی دوور هاوێژ ئەو گوللە تۆپانەی کلاوەی کیمیاییان هەڵگرتبوو لە شەوی ٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری مەڵبەندی یەکیدا

قۆڵی یەکەم

*سەر لەبەیانی رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە و تۆپ پەلاماری بەرزاییەکانی (گردەشێر و میریاسی) دا و هەندێک پێشرەوی کرد . پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ و حزبی شیوعی عێراق و پارتی و هێزی

پشتگیری ناوچەکە هێرشی پێچەوانەیان کردە سەر دوژمن دوای شەڕێکی قورس و چڕ هەموو ئەو شوێنانەیان گرتەوە کەدوژمن دەستبەسەردا گرتبوون .

زیانی دوژمن

کوژرانی ١١ قوات خاسە لاشەی چواریان لە بەر پێی پێشمەرگە دا بوو

دەسکەوت

٢ کلاشینکۆف

١ ئاربی کەی

کۆمەڵێک کەلوپەلی سەربازی

قۆڵی دووەم

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ هێزێکی زۆری دوژمن بە پشتیوانی چەندین دەبابە و موددەرەعە و تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری سەر شاخی گلەزەردەیدا.لەبەرکەلەوە بۆ چەخماخەکان کاتژمێر ٥,١٥ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ هێزی دوژمن پەلاماری شاخی زەردەیدا

- لەبەرکەلەوە بۆ سەر شاخی زەردە
- کاتژمێر ٨,٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن چەندین جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لەسەر شاخی زەردە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٣ شێروانە و پشتگیری ناوچەکە سەرجەم پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان عێراق و حزبی شیوعی عێراق و هێزی پشتگیری هاتن بە هانای شەڕەکەوە بەڵام بە گەیشتنیان شەڕەکە تەواو ببوو

زیانی دوژمن

کوژران و بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆر بوو

دەسکەوت

١کلاشینکۆف

کۆمەڵێک گوللە ئار بی جی

قۆڵی سێیەم

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی چەندین دەبابە و مودەرەعە و تۆپ و راجیمە لە شارەزوورەوە پەلاماری چەند ناوچەیەکیدا

*لە شارەزوورەوە بەرەو ئاوەکەڵە

کاتژمێر (٧) بەیانی هێزی دوژمن لە شارەزوورەوە پەلاماری ئاوەکەڵەیدا پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ شارەزوور و ٥٥ قەرەداخ و ٥٣ شێروانە و ٥١ گەرمیان و پارتی و هێزی پشتگیری ناوچەکە هەموو پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاندو و تا سەر جادە ڕاویاننان .

• لە شارەزوورەوە بەرەو هەردوو کۆرە هێزی دوژمن لەکاتژمێر (٧) ی بەیانیدا بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە و راجیمە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا .پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی٥١ گەرمیان ، ٥٧ سەرگرمە ،٥٥ قەرەداخ و حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق و هێزی پشتگیری پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند و تا سەر جادە ڕاویاننان دوژمن زیانی زۆری لێکەوت لاشەی (٧) کوژراویان لە مەیدانی شەڕدا جێما.

• ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن لە پشتی دێی خەراجیان و وەڵانە هەندێک پێشڕەویکردوو سەربازگەیەک و دوو ڕەبییەی تیادا جێگیر کرد.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و ٥٥ قەرەداخ و مەفرەزەیەکی حزبی سوسیالیست و پارتی و هێزی پشتگیری ناوچەکە لە کاتژمێر (٦) ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە چوار قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر سەربازگە و دوو ڕەبییەکە لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانبەسەردا گرت ، هێزەکەی دوژمن بەشێکیان لێکوژرا و ئەوانیتر هەڵاتن

زیانی دوژمن

تەقاندنەوەی زیاتر لە ١٥٠٠ سندوق گوللە تۆپ، سوتاندنی ٢٠ خێمە

دەسکەوت

٥ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف – ٦ مەخزەنی کلاشینکۆف

قۆڵی چوارەم

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری دێیەکانی (شەمە و وێلەکە ، دەربەند فەقەرە، دارە ڕەش ، فەقیرە ، ئاوەکەڵە ، ناوتاق ، باوە خۆشێن ، چەمەرگە ، کانی سارد ، گوڵان، چرچە قەڵا) یدا پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک و هێزی پشتگیری و لایەنەکانیتر بەرەنگاری هێزەکانی دوژمن بوونەوە سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند

*کاتژمێر ٩ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩ هێزەکانی دوژمن پەلاماری دێیەکانی (عەلیاوە ، سەوسێنان ، مەسۆیی ، بەرزەبان) یاندا پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک بەرەنگاری پەلامارەکانی دوژمن بوونەوە و یەک لە دوای یەک تێکیانشکاندن – دەیان لاشەیان پێجێهێشتن

ســـووتاندنی دێـــهاتەکان

لەپەلامارەکانی ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەی قەرەداخ و شارەزوور چەندین دێهاتی ناوچەکە سووتێندران و تەختی زەویکران کەئەمەش ناوەکانیانن

*باوەخۆشێن
*دێوانە
*گۆمە زەرد
*مەسۆیی
*بەلخە
*عەلیاوا
*هۆمەرقەڵا
*سەرچاوە
*دێ گوڵان
*گوڵانەکان
*بەلەکجار
*سەوسێنان

*مچەکوێر
*کەلۆش
*دووکان
*سۆڵە
*تازەدێ
*دەلوجە
*هەردوو ئەستێل
*داری زاین
*زێ ئۆمەر
*ئاوایی حەمەی کەرەم
*نەوتی
*قامیشان
*شیوی قازی
*دوو کەرۆ
*فەقیرە
*هەردوو کۆرە
*دەرەویانەکان
*گۆشان
*سەرکۆ
*جافەران
*میۆڵی
*قازانقایە
*مریەم بەگ
*هاڵدەرە
*هۆمەرامان

*گەڕەزیل
*هەڕگێنە
*برایم ئاوا
*کانی ڕۆشنایی
*سەرزەل
*تەنگیسەر
*سۆڵە
*دێلێژە
*گوڕباز
*دەربەند سووتاو
*مەحموودیە
*زێکە
*ورمزیار
*گاوانی
*داریکەلی
*هەردوو باڕۆیی
*ئاڵیبزاو
*باڵولان
*باڵاجۆ
*ژاڵە
*تیلەکۆ
*هەشەزین
*دەرونیشان
*تەپەسوور
*گۆمەزەڵی

*کانی خاکی
*فەرەڕەش
*ئەحمەد لەوەند
*قۆلە
*زنان
*هەناره
*کربچنە
*ژالە
*ڕەبات
*هەزارکانی
*داربەڕو
*قەڵاگە
*کێڵی بەردە
*بانیمۆرد
*تیمار
*زینانە
*قەڵای سەنگاو
*زەردە لیکاو
*چرچە قەڵا

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ دێی (سەوسێنان) کەوتە بەر هێرشی چەکی کیمیایی و زیاتر لە (٧٠) کەس لە خەڵکی سڤیل شەهید بوون، کە تیایدا تەنها لە ناو یەک خێزاندا لە کۆی ١٤ کەس ١٣ کەسیان شەهید بوون.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ دێی (دووکان) کەوتە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی و شەوی ١٩٨٨/٣/٢٤ دێی (جافەران) ڕووبەڕووی هێرشی چەکی کیمیایی بووەوە.

هـــێرش و پـــەلامار

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣ فیرقەی (٤٣)ی دوژمن هێرش و پەلاماری بۆ سەر شاخی (زەردە) دەستپێکرد، تۆپخانەکانی دوژمن لە چوار سەربازگەو تۆپخانەوە بە خەستی و سەختی تۆپبارانی ناوچەی قەرەداخ و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد، بە جۆرێک دارو بەردو شیوو دۆڵی قەراخ یەکپارچە ببوونە ئاگر، خاک و خۆڵی ناوچەکە هاتبوونە کوڵ، لە یەک چرکەدا دەیان تۆپ لە زەوی دەداو دەیانیش لورەو لرفە و نالەیان بوو تا دەگەیشتە زەوی.

لە هەر چوار سەربازگەی:

١/ دەشتی کانی سارد نزیک دەربەندیخان.

٢/ دەشتی کانی ساردی بانی خێڵان سەرجادەی کەلار.

٣/ سەر شاخی گوڵانی ڕۆژاوای دەربەندیخان.

٤/ دەشتی پێواز، بەردەوام لە گرمە و نالە دابوون، ناوچەکەیان دەکوتاو دەهەژاند.

لەگەڵ هێرش و پەلاماری داگیرکەر بۆ سەر شاخی (زەردە) لە چەند قۆڵێکیتریشەوە پەلاماری ناوچەکەیاندا، بەڵام قورسایی زیاتر لە سەر شاخی زەردە بوو چونکە بەرزترین شاخی دۆڵی قەرەداخ بوو، شوێنێکی گرنگ بوو، لە ڕووی سەربازییەوە گرنگی خۆی هەبوو، جگە لە ناوچەی قەرەداخ بە سەر بەشێکی گەرمیانیشدا زاڵبوو، شاخی زەردە هێندەی سەختی و سەرکەشیەکەی پان و بەرین بوو، تیپی ٥٣ی شێروانە و مەفرەزەی (شاهۆ) کە نزیکەی (٤٠) پێشمەرگە دەبوون لە (چەماخەکانی بەرکەل) بەڕووکاری جادەی کەلار دەربەندیخان دامەزرا بوون، پێشمەرگەکانی تیپی (١٧)ی زمناکۆش لە بەشی سەرەوەی شاخی زەردە سەنگەریان گرتبوو، پێشمەرگەکانی شێروانە و مەفرەزەکەی (شاهۆ) لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/٢٣) دا چەندین هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، دەیان کەلاکی جاش و سەرباز لە بەر دەستی پێشمەرگەدا بوون.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ چەند دەبابەیەک هەوڵیاندا لە دیوی گەرمیانەوە دزە بکەنە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، هێزی پێشمەرگە لێیاندان و گەڕاندیانەنەوە شاخی

گولّان، بەلّام بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکانی داگیرکەر بە پشتیوانی دەبابە لە قۆڵی گەرمیانەوە هێرشیان کردوو ئەو شوێنانەی مەبەستیان بوو دەستیانبە سەردا گرت.

ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕی چەماخەکانی بەرکەل بەشداریانکرد ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١/ صمد فەرەج لفتە (صمد هۆمەر ملی)
٢/ سەلام سادق (سەلامە ڕەش)
٣/ محەمەد ڕەشید فەیزوڵڵا (هەڤاڵ)
٤/ عەلی محەمەد (عەلی زاوتی)
٥/ محەمەد ڕەشید (حەمە شوان)
٦/ عەریف مەجید
٧/ عەتای شێخ باهیر
٨/ ئەحمەد حسێن سەمین
٩/ وەلی وەهاب
١٠/ غەفور جەبار سالّح (غەفور تەیمانە)
١١/ حەمید بەچە
١٢/ نەجم
١٣/ عەلی بەکر بایەفی
١٤/ محەمەد عومەر قادر (حاجی محەمەد)
١٥/ ئیبراهیم حەمە عەلی (ئیبراهیم قەڵەو)
١٦/ خورشید حەسەن (وەستا خورشید)
١٧/ بورهان ئەحمەد
١٨/ ئیبراهیم کاکەیی
١٩/ محەمەد خانەقینی
٢٠/ محەمەد مەجید ئەمین (حەمە دەکەی)
٢١/ عەباس ڕەشید
٢٢/ مامە ڕەشە

کاتژمێر (٨)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٤ دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدایەوە، شەڕی گەرم و نابەرابەر لە نێوان هێزەکانی داگیرکەرو هێزی پێشمەرگەدا ڕووێدا، دوژمن تۆپخانەکانی خستبووە گەڕ وەک لێزمەو خوڕەی باران تۆپ دادەباری، کۆپتەرو فڕۆکەکانی داگیرکەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکەدا باڵە فڕەیان بوو ئاگریان دەباراند، شەڕەکە هێند گەورەو نابەرابەر بوو بە جۆرێک هەر پێشمەرگەیەک دەیان جاش و سەربازی بەردەکەوت تا شەڕی لە گەڵدا بکات، دوژمن بە چەکی پێشکەوتوو هەمە جۆر هێرشی دەهێنا چەکی قورسی پێشمەرگەش تەنها بیکەیسی و ئاربیجی بوو، دوژمن هەزاران جاش و سەربازی بەردابووە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە بەرانبەردا (٣٥) پێشمەرگە بەرپەرچی هێرشەکانی داگیرکەریان دەدایەوە.

شەڕ تا ئێوارە درێژەی خایاند، لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگە شەهید بوون و (٢٠) پێشمەرگەش بریندار بوون.

شەهیدەکان:

١/ محەمەد ڕەشید ناسراو بە (حەمە شوان) کادری کۆمەڵایەتی.

٢/ عەتا شێخ باهیر

٣/ عەریف مەجید

٤/ ئەحمەد حسێن سەمین

پێنج پێشمەرگەش بریندارەکان شەڕیان دەکرد.

١/ سەمەد باقی هۆمەر ملی

٢/ عەلی زاوتی

٣/ خورشید حەسەن

٤/ والی وەهاب

٥/ محەمەد خانەقینی

لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانە دا بۆ سەر ناوچەی قەرەداخ لە ژێر سەر دێڕی ئەنفالی (٢)دا تێکڕای خەڵکی ناوچەکە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت،

بەشێکیان بەرەو دیوی گەرمیان ڕێچکەیان بەستبوو بەشێکیش بۆ سلێمانی، لە سەیتەرەی سلێمانی بەشێکیان دەستگیر کران و ڕەوانەی طواری سلێمانی کران، ئەو بەشەی لە گڵە زەردەوە چووبوونە گەرمیان ئەوانیش لە ئەنفالی (٣)دا ڕاپێچی چاڵەکانی مەرگکران.

ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداخ، قوربانی زۆری لێکەوتەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە دێیەکانی قەرەداخ وێران و کاولکران و کەوتنە بەر شاڵاوی چەکی کیمیایی.

تـــیپی 17ی زمـــــناکۆ

بەشێک لە تیپی ١٧ی زمناکۆ لە شەڕەکانی سەرکردایەتی و بەشێک لە هەڵەبجە بوون، بەشێکی کەمی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە قەرەداخ مابوونەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە لایەن تیپەوە ئاگادار کرانەوە بەرەو باوەخۆشێن و ئیمام قادرو دێیەکانی نزیک دەربەندیخان بڕۆن چوونکە دوژمن نیازی پەلاماردانی سنوورەکەی هەیە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨ بوو کەرتێکی تیپی ١٧ی زمناکۆ کە لە (١٥) پێشمەرگە پێکهاتبوون لە دێی ئیمام قادر بوون چەکداڕێک هاتە لایان و خۆی ناساندوو ووتی من چەکدارم لە فەوجی خەفیفە پێشتر پێشمەرگە بووم لە تیپی مەڵبەند حکومەتی عێراق هێزێکی لە بناری شارەزوور کۆکردووەتەوە بە نیازە پەلاماری قەرەداخ بدات ئەم زنجیرە شاخانە بگرێت، عەدالەت سەوسێنانی چەکدارەکەی بردە لای جەمیل هەورامی فەرماندەی تیپی زمناکۆ ووردەکارییان بە جەمیل هەورامی گەیاندوو گەڕانەوە لە کاتی گەڕانەوەدا دکتۆر فایەق گوڵپی هەندێک زانیاری چاپکراوی دایە عەدالەت لە سەر چۆنیەتی خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی و ووتی لە دێیەکان هەڵیواسەو بیدەرە پێشمەرگەکانیش.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ لە دێی باوەخۆشێن بوون، کاتی نانخواردن بوو لە شەوی ١٩٨٨/٣/٢٣\٢٢ لە دەربەندیخانەوە ڕەتڵێک ڕاجیمەی چلی بە سەر باوە خۆشێندا تەقی و تێپەڕی ڕاجیمەکان کڵاوەی کیمیاییان هەڵگرتبوو دای لە سێوسێنان و دووکان.

بەیانی زوو تۆپبارانی چڕ دەستیپێکرد پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوەو لە بەرزاییەکانی تەنیشت ئیمام قادر دامەزران مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە تەنیشت باوەخۆشێن دامەزرابوون.

تۆپخانەکانی دوژمن بە چڕی ناوچەکەیان دەکوتا ئاگرو دووکەڵ بەرز دەبووەوە کاتژمێر ٨ی بەیانی هێزەکانی دوژمن پەلاماریان بۆ سەر باوەخۆشێن و ئیمام قادرو ناوچەی قەرەداخ دەستپێکرد ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕ بوو لە ئیمام قادر پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆو لە خـواروی باوەخۆشێن حزبی شیوعی ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە لە ئێوارەدا دوژمن هاتە ناو ئیمام قادر.

شـــەهید بوونی حـــەمە ســـەعید

حەمە سەعید خەڵکی دێی ئیمام قادر بوو شان بە شانی هێزی پێشمەرگە شەڕیدەکرد حەمە سەعید مەخزەنێک فیشەکی پێمابوو کە بینی جاش هاتە ناو ئیمام قادر بە پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆی ووت مەخزەنێکم بدەنێ پێشمەرگەیەک مەخزەنێکی دایە حەمە سەعید چووە ناو ئیمام قادرو تەقەی لە جاشەکان کردوو چەند جاشێکی کوشت دواتر خۆشی شەهید بوو.

ئێوارەی شەڕەکە ئیمام قادرو باوەخۆشێن گیران پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ چوونە سەر شاخی ناوتاق بەو شاخەدا چوونە دێی مچەکوێر خەڵکەکەی چۆڵیکردبوو لەوێوە شۆڕبوونەوە بۆ دێی (دێوانە) دێیەکە چۆڵ بوو.

شەو چوونە بەرزاییەکانی نێوان دێوانە و باوەخۆشێن لەو بەرزاییانە دامەزران ڕۆژی دوایی مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی حەمە ڕەشید قەرەداغی هاتنە لایان ووتیان دوێنێ بۆیە نەهاتین بە هاناتانەوە سێوسێنان کیمیایی باران کراوەو شەهید و بریندارى زۆر هەیە.

سـەگ و جـاش
وەفـای سـەگێك

ئەو کاتەی جاش و سەرباز چوونە ناو ئیمام قادرو دەستیانکرد بە وێرانکردنی دێیەکە سەگێک لە گەڵ بێچووەکانیدا بوو شۆفڵێک خەریک بوو خانووەکە بڕوخێنێت سەگەکە پەلاماری دەمی شۆفڵەکەی دەدا تاوەکو نەهێڵێت خانووەکە بڕوخێنێت ئەفسەرێکی عەرەب کە بەرهەڵستکاری و وەفای سەگەکەی بینیبوو ڕوویکردبووە جاشەکان و پێیووتبوون ئەو سەگە زۆر لە ئێوە بەوەفاو شەرەفمەندترە تەماشاکەن چۆن بەرگری لەو خانووە دەکات کە خۆیی و بەچکەکانی تیایدا دەژین ئێوەش پێشڕەوی ڕووخانی دێیەکانی خۆتانن.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ و حزبی شیوعی لە بەرزاییەکانی نێوان دێوانەو باوەخۆشێن بوون نیوەڕۆ هێزەکانی دوژمن ئەو بەرزاییانەیان گرت هێزی پێشمەرگە کشانەوە دوژمن بە خەستی تۆپبارانی ناوچەکەیدەکرد پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بە پارچەی هاوەن شەهید بوو حەمە لەتیف کادیری تیپی زمناکۆ بریندار بوو لە دێی هۆمەر قەڵا هێستریێکیان بۆ حەمە لەتیف پەیدا کردوو بردیانە بەلەکجار بۆ چارەسەر لە ڕێگە لە ماڵی مام ئەسکەندەر بەتانییەکیان بۆ وەرگرت.

کاتژمێر ١٢ی شەو چوونە عەلیاوا کەسی تیا نەمابوو لە مزگەوتەکەی عەلیاوا تابووتیان هێناو حەمە لەتیفیان خستە ناو تابووتەکەوە و خستیانە سەر پشتی هێسترەکە لەوێوە چوونە بەڵخە ئەویش چۆڵ بوو بەڵام لە سەر کانی و ئاوەکەی بەڵخە خەڵکی لێبوو ڕێگەی بەلەکجاڕیان نیشاندان.

لە دەوروبەری بەلەکجاڕ ئاگر کرابووەوە پێشمەرگەی لێبوو ووتیان ئێوە کێن نەچنە ناو خانووەکانی دەوروبەری نەخۆشخانەکە چوونکە کیمیایی لێیداوە، بەڵام گوێیان نەدایە ووتیان بریندارمان پێیە چوونە نەخۆشخانەکەو حەمە لەتیفیان تەسلیم بە دکتۆر فایەق کرد.

دوو پێشمەرگە لە گەڵ حەمە لەتیف بوون دەیانووویست سەرخەوێک بشکێنن هەر دەرگایەکیان دەکردەوە خەڵکی تیابوو.

سووپای عێراق پێشڕەوی کردبوو بەرەو مەسۆیی هاتبوو، جەمیل هەورامی و تیپی ١٧ی زمناکۆ لە دێی هۆمەر قەڵا لە بناری شاخی زەردە بوو لەوێ سەنگەریان گرتبوو مەفرەزەیەک پێشمەرگەی ناردە شاخی زەردە تا پێشمەرگەکانی شاخی زەردە بگۆڕن، دوژمن دەستیگرتبوو بە سەر شاخی زەردەدا، دوای گرتنی شاخی زەردە لە لایەن داگیرکەری عێراقەوە پێشمەرگەکانی تیپی ١٧ی زمناکۆ هاتنە هۆمەر قەڵاو بەڵخە لەوێ سەنگەریان گرت و دامەزران.

هێزەکانی دوژمن هاتنە گومەتە مەفرەزەیەکی تیپی ١٧ی زمناکۆ و حزبی شیوعی چوونە دێی گومەتە لە هێزەکەی دوژمنیاندا دوو سەربازیان کوشت و چەکێک دەستکەوت بوو.

بـــرێندار بوونی ڕەعـــد

پێشمەرگەیەکی خانەقینی ناوی ڕەعد بوو لە دەرەوار بریندار بوو قاچی شکابوو کە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد دەیزانی جێدەمێنێ ووتی ئای بە داخەوە بۆ پێشمەرگەی یەکێتی جاران بە کلاشینکۆف دەبابەیان ڕاودەنا ئێستا بریندارەکانی خۆیان جێدەهێڵن.

پێشمەرگەکانی تیپی زمناکۆ بریندارەکەیان خستە سەر گوێدرێژێک و پێیانووت ڕوو بکەرە ئاوەدانییەک بەڵکو خودا تووشی پیاو چاکێکت بکات و ڕزگارت بێت لێرە جێبمێنی لە برسیەتی و تینوویەتی دەمریت.

ڕێـــکخراوی چواری کـــۆمەڵە

ناوچەی قەرەداخ هێزێکی زۆری یەکێتی لێبوو بە سەر شەڕگەکاندا دابەش بوون:

*حزبی شیوعی بارەگایان لە میراسی سەروو بوو

*بـارەگـای پارتی لە وێڵەکە بـوو، هەندێک هێزیتر لە دیـوی قـەرەداخ و ناو قۆپییەکان و جافەران بوو

*مەفرەزەیەکی پاسۆک لە نزیک زەردە بوون

شەوی ١٩٨٨/٣/٢١\٢٠ بۆ ڕۆژی نەورۆز چوار پێشمەرگەی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە چوونە قەرەداخ سالّی پێشوو شارەکە تەختی زەوی کرابوو تەنها پیرەژنێکی تیابوو پێشمەرگەکان چیلکەو داریان کۆکردەوەو ئاگری نەورۆزیان کردەوە.

کیمیایی لە سێوسێنان، بەلەکجار، تەکیە، جافەرانیدا، خەڵکێکی زۆر شەهید بوون لە چەمی سمۆر بە هەزاران کەس کەوتبوون بریندارو شەهید، ماندوو شەکەتی ڕێ.

لە ناو سێوسێناندا ئاژەڵەکان مردار ببوونەوە چۆلەکە و باڵندەکان کەوتبوونە ژێر دارتووەکان دەتووت بە لقی درەختەکانەوە وەریون، سەگەکان تۆپیبوون.

مالّی محەمەد لە کاتی نانخواردندا کیمیایی لێیدا بوون دیمەنی مالّی محەمەد خەماوەر بوو لە سەر سفرەی ئێوارە خێزانێک شەهید ببوون، کەمێک نانیان خواردبوو ئەوەیتر لە قاپەکاندا مابوون براژنی محەمەد لە حەوشەکەدا کەوتبوو برازایەکی محەمەد لە ناو بێشکەدا مردبوو.

چـــەك گـــواستنەوە

چەک و تەقەمەنییەکی زۆر لە ناو جبەخانەیەکدا بوو لە سێوسێنان، ووشیار کورێکی قژن بوو لە گەڵ پێشمەرگەکان چووە جبەخانەکە چەکەکانیان گواستەوە بۆ ئەشکەوتی بەردە گەورەکە لە پشتی ئەستێڵ دوای چەند ڕۆژێک ووشیار لە ئەستێڵ شەهید بوو، جبەخانەکە (مین)ی دەبابە، سندوقی فیشەک و چەکی تێدا بوو.

حەوت تراکتۆر چەک و پێداویستی بەتانی و پێخەفیان بردە ئەشکەوتەکەو شاردیانەوە دوای چەند ڕۆژێک کۆپتەر لە تەختاییەکدا چەک و تەقەمەنی ناو ئەشکەوتەکەیان برد.

پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە بە دووربین تەماشای نیشتنەوەی کۆپتەرەکەیان دەکرد، چەند کەسێکی بێچەک لە ناو کۆپتەرەکەوە دابەزین بۆ چاو ساغی هاتبوونە ئەشکەوتەکە یەکێک لەو کەسانە (ک) بوو تەسلیم ببووەوە شوێن ئەشکەوتەکەی ئاشکرا کردبوو کە چەک و تەقەمەنی تێدایە.

پـــەلاماری دوژمـــن

هێزی دوژمن پەلاماری ناوچەکەیدا هێزەکانی پارتی کشانەوەو ناوچەکەیان چۆڵکرد هێزی ئیسلامییەکانیش بە هەمان شێوە شوێنەکانیان چۆڵکرد چووبوونە ئەستێڵی خواروو داوای نانیان کردبوو خەڵکی ئەستێڵ دەریان کردبوون.

دوژمن لە بورجەکەی قەرەداخەوە پەلاماری بۆ سەر دێیەکانی قەراخ دەستپێکرد لە دێی میریاسی هێزەکانی یەکێتی و حزبی شیوعی ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕی گەورەیان لە گەڵدا کردن، لەو شەڕەدا شوانە محەمەد کوڕی هونەرمەند حەمە قتوو کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو شەهید بوو.

لە پشتی دێی دەربەند فەقەرە سدیق ئەستێڵی پێشمەرگەی هێزی بەرگری شەهید بوو دوژمن هێرشی گەورەیکردە سەر شاخی خەنجەرە، لە دەربەندیخانەوە دەبابەو هێزی زەمینی پەلاماری شاخی زەردەو باوەخۆشێنیدا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕی مان و نەمانیانکرد تیپەکانی مەڵبەندی (١) و (١٧)ی زمناکۆ، ٥٥ی قەرەداخ، ١٥ی شارەزوور، ٥٣ی شێروانە، بەشێکی تیپی ٥٧ی سەگرمە، ڕێکخراوی ٤ی کۆمەڵە، حزبی شیوعی، هێزی پشتگیری، مەفرەزەیەکی پاسۆک شەڕی کەم وێنەیان لە گەڵ دوژمندا کرد.

جاش کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەر بوون پێش لەشکری داگیرکەر کەوتبوون، لە بورجەکەی قەراخەوە هاتن میریاسی سەرویانگرت، پێشمەرگەکانی یەکێتی لە دژە هێرشێکدا میریاسیان لە دەست دوژمن دەرهێنایەوە، لەو دژە هێرشەدا پێشمەرگە حەوت قوات خاسەیان دەستگیرکرد پێشمەرگەیەک هەر حەوت قوات خاسەکەی کوشت.

لە قۆڵی دەربەندیخانەوە ٨ دەبابە بەشداری پەلامارەکە بوون بۆ بن بناری زەردە، جاش لە ناوتاقەوە پەلاماری مچە کوێریاندا بەڵام کەسی تیانەبوو پەلاماری سۆڵەیاندا.

لە ناو سۆڵەدا هێزی پێشمەرگە بەرگری قارەمانانەیانکرد چوار پێشمەرگەی ڕێکخراوی کۆمەڵە وەستا تۆفیق، کارزان، عەلی، تەها بریندار بوون، پێشمەرگەی قارەمان تۆفیق گامەخەڵی شەهید بوو لە تافان بە خاکیانسپارد.

هـــێزی پـــــشتگیری

نورەدین دوزی، ڕزگار مستەفایان نارده جافەران دواتر چوونە گۆشان عومەر فەتاح کۆمەڵێک پێشمەرگەی سنووری تیپی ٥٩ی حەمرینی پیدا ناردنە لای جەمیل هەورامی.

هێزی پشتگیری بەرەو شاخی زەردە بەڕێکەوتن فڕۆکەیەکی دوژمن ساروخێکی تەقاند لە ئاسماندا بوو بە دوو کەرتەوە لە چەمی سمۆر دای بەزەویدا بە درێژایی کیلۆمەترێک کردی بەگڕ دواتر زانییان بۆمبی ئەنقودییە (هێشوویی).

دوو پێشمەرگەی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە لە گەڵ ٤٩ پێشمەرگەی پشتگیری سنووری حەمرین کە خەڵکی قەیتول و مەملەحەو دێڕەشە بوون بە ڕێوە بوون بۆ شاخی زەردە.

جەمیل هەورامی لە قۆپییەکەی نێوان شاخی دالّبوو زەردەدا بوو پشتگیرییەکان گەیشتە لای کاک جەمیل و لە شاخی ملە سوورە دایانمەزراندن، بۆ ڕۆژیی دوایی (٣) دەبابە بەرەو ملە سوورە هاتن بێ ئەوەی تەقەیان لێبکەن دەبابەیەک پەکیکەوت، جاشەکان پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە ملە سوورە لە بەردەم خۆڕاگری پێشمەرگەدا تێکشکان و بەرەو بەڵخە هەڵاتن.

هەشت دەبابە لە چەمی دێوانەوە پەڕینەوە دێی کەڵۆش، جاش هاتنە دێی بەڵخە، دەبابەکان تۆپبارانی سێوسێنانیان دەکرد جاش و سووپا پەلاماری دێی (گومەتە) یاندا، عومەری قالە گوڵباخ، حەمە زیاد بەرزنجی و کۆمەڵێک پێشمەرگە جاشەکانیان شکاند.

شاخی زەردە بەردەوام پەلاماری دوژمنی لە سەر بوو لە شاخی قەڵا قایمز هێزی پێشمەرگە بەرگری کەم وێنەیانکرد.

قـــەڵا قایمز- پـــشتی کـــەڵوەش
تـــیپی تایبەتی- تـــۆپخانە

تیپی تایبەتی- تۆپخانە لە قەڵاقایمز پشتی کەڵوەش دامـەزرابـوون هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە جاش و سەرباز بە پشتیوانی تۆپخانە و دەبابە لە ئالیاوەو پشتی کەڵوەشەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، دەبابەکان بۆردومانی سەنگەرەکانیان دەکرد

کۆپتەر لە پشتی کەڵوش سەربازی دابەزاند بە سەر سەری پێشمەرگەکاندا دەسووڕایەوە پێشمەرگە بە B.K.C تەقەیان لێدەکرد.

هێزەکەی تیپی تۆپخانە- مەڵبەندی دوو جەمال حاجی مامەندی و بەختیاری مەلا عیزەت و هەڤاڵانیتر پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند.

عومەر فەتاح برووسکەی بۆ هێزەکەی تیپی تایبەت کرد ووتی پاشەکشە بکەن هێزەکە هاتنە خوارەوە تۆپبارانێکی سەختیان لە سەر بوو بەرەو قۆپییەکان ڕۆیشتن ماوەیەک لەوێ مانەوە دواتر چوونە گەرمیان لە دەربەند دەرەوارو مەسۆیی بەرگەچ و کێلەبەرزە و هەنجیرە مانەوە دواتر چوونە ئاشداخ.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩ دەبابەکان لە سێوسێنان نزیک بوونەوە لوولەی تۆپی دەبابەکان لە ناودێ بوو خانووەکانی سێوسێنان بەر گوللەی تۆپ کەوتن بۆ ڕۆژی دوایی هێزی دوژمن بە پشتیوانی دەبابە چوونە ناو سێوسێنان لە شاخی زەردە، خەنجەرە میراسی، دەنگی تۆپ نەما بەڵام تۆپبارانی چڕ لە سەر شاخی قەڵای قایمز بوو بۆ ڕۆژی دواتر لەوێش شەڕ نەما، ناوچەکە کەوتە دەست دوژمن کۆپتەرەکان کەلوپەلیان دەگواستەوە سەر شاخی قایمز.

لە بورجەکەی قـەرەداخ هێرشکرایە ناو قـەرەداخ لە شاخی زەردەوە جاش و سەرباز هاتنە ناو سوێراوەو بانی خێڵان، لەو لاشەوە قارەمان، تیمار، باخی سەرو کانی ڕۆشنایی و هەرگێنە و برایماواو سەر زەل و دێیەکانیتر.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢، (پێنج) پێشمەرگەی هێزی پشتگیری و (دوو) پێشمەرگەی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە بە ملە سوورەوە مابوون، سواد خانەقینی، ماجد فەیلی، ئەنوەری حەلاو هاتنە لایان ووتیان ئەوە چیدەکەن لێرە هەموو ناوچەکە گیراوە، هەر حەوت پێشمەرگەکە ملە سوورەیان چۆڵکردوو چوونە زەردە کە لە سەر لوتکەی بەرزی زەردەوە تەماشایانکرد قەراخ ببوو بە چراخان هەتا چاو بڕ کات دەسووتا قەراخ ببوو بە ڕەشایی.

شەوێکی تاریک بوو حەوت پێشمەرگە بەرەو دێی زەردە لیکاو ڕۆیشتن، سەڵاح شێخ لەنگە ڕییان بینی تێکەڵی یەکتر بوون لە زەردە لیکاو شوێن خەوتنیان دەست نەکەوت چوونە ناو گەورێکەوە لە زەردەوە ڕۆیشتن بۆ تەپەگەڕووس شەو درەنگ گەیشتن چوونە بارەگای قوەی بەدر سەڵاح شێخ لەنگەری و هێزێکی تیپی ٥٣ی شێروانە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان، دوو پێشمەرگەی ڕێکخراوی کۆمەڵە مانەوە چوونە تەپەگەڕووس هادی عامری لەوێبوو هێلکەو ڕۆنی بۆ دروستکردن دواتر چوونە بانی مۆردو بۆ لای عومەر فەتاح فرۆکە بە ناپاڵم لێیدا بوو، منااڵێک تاکە پێاڵوێکی لە پێدابوو بریندار بوو هەڵدەلەرزی.

هاووڵاتییەک بەرەو بانی مۆرد دەهات کۆپانی کەریدابوو بە پشتیدا، هێزەکانی دوژمن پەالماری دێیەکەیاندا بوو هاووڵاتییەکە لە ترسا کۆپانی کەری دابوو بە پشتیدا تاوەکو ڕزگاری بێت لە چاوی کۆپتەرو سەربازو جاش.

دێیەکانی قەراخ بەرەو گەرمیان دەڕۆیشتن تا ڕزگاریان بێت بەاڵم لەوێش دۆزەخی ئەنفالیان بۆ داخرا.

هێزەکەی تیپی تایبەتی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو پەڕینەوە دەشتی کۆیە لە ناوچەکانی کۆیە مانەوە، دوای ئەوەی ئەنفالی چوار دەستپێکرد پەڕینەوە سنووری مەڵبەندی (٣) لەوێشەوە بۆ قەندیل.

پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی چواری کۆمەڵە لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەیتر چوونە مەسۆیی بەرگەچ لەوێشەوە بۆ دێی زستانە.

تـــیپی 51ی گـــەرمیان

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان بە سەرپەرشتی شێخ کەریم کە پێکهاتبوون لە (٣٠) کەس لە پێشمەرگەو هێزی بەرگری بەرەو ناوچەکانی قەرەداخ کەوتنە ڕێ، کاتێک گەیشتن بەشێکی زۆر لە شوێنەکان گیرابوون، هێزەکەی گەرمیانیان ناردە هۆمەر قەڵا، شاخی زەردە تیپی ١٧ی زمناکۆی لێبوو.

دوژمن بە چەکی کیمیایی لە سێوسێنانی دابوو خەڵکی ناوچەی قەرەداخ بەشێکی بەرەو شارەکان ڕۆیشتن، ئەوانەشی دەرفەتی ڕزگاربوونیان نەبوو ئەنفالکران.

شێخ کەریم و ژمارەیەک پێشمەرگە چوونەماڵێک لە هۆمەر قەڵا نان و چای بەیانیان دانابوو فریای کۆکردنەوەی نەکەوتبوون.

پێشمەرگەکان برسییان بوو چوونە ماڵەکان نان پەیدا بکەن دەنگی بەرخ و کار دەهات هێشتا لە ناو کۆزەکەدا بوون، گایەلی دێیەکە چووبوونە خوار دێیەکە.

پێشمەرگەکانی گەرمیان تەماشایانکرد لە خوارەوە جاشەکان هاتن بۆ تاڵانی، خەریکبوون پشت لە گایەلەکە بگرن بیبەن بەرەو دەربەندیخان، پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان تەقەیانلێکردن ئەو ڕۆژە تا ئێوارە نەیانهێشت جاشەکان بێنە ناو دێیەکەوەو تاڵانیکەن.

لە گەڵ گیرانی شاخی سەگرمە و زەردەو بەری سۆڵەو پشتی سەوسێنان ناوچەکە کەوتە دەست دوژمن، تیپی ٥١ گەڕانەوە گەرمیان.

ئـــــەنفالی ســـــێ
نـــــــاوچەی گـــــــەرمیان
چـــوار

ئـــەنفالی ســـێ
2تا 1988/4/20

دوای شالاوەکانی ئەنفالی یەک و دوو لە دۆڵی جافەتی و ناوچەکانی سەرکردایەتی و قەراخ ڕۆژێمی فاشستی عێراق هێزێکی گەورەی کۆکردەوە بۆ پەلاماردانی ناوچەی بەرفراوانی گەرمیان.

ڕۆژێمی عێراق ناوچەی گەرمیانی بە هەند وەرگرتبوو ترس و سامی گەرمیانییەکان و گورزی کاریگەری پێشمەرگەکانی گەرمیان بەرانبەر دوژمنی داگیرکەر ڕقێکی بەعسیانە و فاشیانەی لای ڕژێمی عێراق دروستکردبوو بەرانبەر بە خەڵکی گەرمیان و پێشمەرگەکانی گەرمیان هەر بۆیە بڕیاریاندا بوو گەرمیان بە خاک و خۆڵیەوە بسوتێنن و داری بە سەر بەردیەوە نەهێڵن، لە هەڵسەنگاندنیاندا بۆ ئەو شالاوە دڕندانەیەو بەرگری سەختی هێزی پێشمەرگە کە چاوەڕوانکراو بوو وایان خەملاندبوو نیوەی هێزەکانیان تیابچن، لە کۆتایشدا هەموو هێزەکانیان لە سەر ئاوە سپی یەکبگرنەوەو سەرکەوتنی شالاوە دڕندانەکەیان ڕابگەیەنن.

پێشمەرگەکانی تیپەکانی گەرمیان جگە لە هەندێک دەستەو مەفرەزە کە لە گەرمیان مابوونەوە هێندە نەبوو لە شەڕەکانی سەرکردایەتی و بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالی یەک گەڕابوونەوە کە شالاوەکانی ئەنفالی سێ دەستپێکرد.

پێشمەرگە قارەمانەکانی (ی ن ک) بۆ ڕێگریکردن لە شالاوەکانی ئەنفالی سێ بەرگری کەم وێنەیانکرد سەدان کەلاکیان لە دوژمن خست بەڵام ناهاوسەنگی هێزی دوژمن و پێشمەرگە بەرگری لاواز کردوو پێشمەرگەی ناچار بە کشانەوە کرد.

لە ئەنفالی سێدا بە پانتایی گەرمیان هەزاران ژن و منداڵ و پیرو گەنج کەوتنە بەر شالاوی دڕندانەی ئەنفال و ڕاپێچی چارەنووسی نادیار کران.

شالاوەکانی ئەنفالی سێی گەرمیان ناوچەیەکی گەورەو پانتاییەکی گەورەی گرتەوە دوژمن لە چەندین لاوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەو گەرمیانیدا.

سـەرەتای شـالاوەکانی ئـەنفال

هێزێکی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی شێخ کەریم لە گەرمیان بوون باقی هێزەکەیتر لە شەڕەکانی سەرکردایەتی بوون.

لە ناو جاش فەوجەکانەوە هەواڵ گەیشتە شێخ کەریم دوژمن هێزی لە سەنگاو، قادرکەرەم، دووز، کفری، سەرقەڵا، باوەنوور، دەربەندیخان کۆکردووەتەوە بۆ پەلاماردانی گەرمیان، زنجیرە شاخی سەگرمەو شاخی ئاژداخ کەوتبوونە دەست دوژمن.

ڕژێمی عێراق هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە بۆ پەلاماردانی گەرمیان، هێزەکانی گەرمیانیش لە شەڕی سەرکردایەتی بوون، ئەوەی کە مابووەوە هێزێکی کەم بوو لە گەڵ هێزی بەرگری.

دوژمن بە نیاز بوو لە ناو داوێ و بناری گلەوە پەلامار بدات، شێخ کەریم لە ئاوباریک بوو ئامر فەوجێکی جاش جوابی بۆ شێخ کەریم نارد حکومەت لە (٨) ی مانگەوە هێرشەکانی زیاد لە ١٥ قۆڵەوە بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان دەستپێدەکات تا ١٦ی مانگ بەردەوام دەبێت ئەگەر بەرگریتان پێدەکرێت پێویستان بە چییە تا هاوکاریتان بکەم.

ڕژێمی عێراق بەرنامەی وابوو کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ هێرشەکانی دەستپێبکات، شێخ کەریم زانیبووی ئەو هێزەی تیپی ٥١ی گەرمیان کە لە شەڕەکانی سەرکردایەتی بوون لە ناوچەی شوانەوە پەڕیونەتەوە بۆ تەکیەی جەباری بەرەو قەیتول دێن.

شێخ کەریم شەو لە ئاوباریک نامەیەکی نووسی بورهان سەرسپی بە سواری ماتۆڕێک بردی بۆ عادل شکور لە نامەکەدا نووسیبووی حکومەت هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوە لە ناوچەکە بەیانی ڕۆژی ٨ی مانگ بە نیازن لە چەند لایەکەوە پەلاماری هەموو گەرمیان بدەن ئێمەش هێزێکی زۆر کەممان لە بەردەستدایە هێزەکەی حکومەتیش بێ ژمارەیە ئەزانم ئێوەش مانگێکە بەڕێوەن زۆر ماندوون ئەگەر بکرێت هیچ نەبێت ٢٠-٣٠ پێشمەرگەیەکمان بۆ بنێرن بۆ ناوچەی داوێ.

شێخ کەریم لە بناری گل بوو بە نیاز بوو بچێتە تـازە شـار، حکومەت لە قادرکەرەمەوە هێزێکی کۆکردووتەوە لەوێوە دەستپێدەکات.

شێخ کەریم، مەردان چاوشین، مەلا ئەحمەد، یاسین بچکۆل، ڕزگار، جافر لە ئاوباریک بوون، هێزی پشتگیری ناو داوێ و چەند پێشمەرگەیەک لە گەڵ کادری کۆمەڵایەتی و ڕێکخستن مابوونەوە، شێخ کەریم پێیووتن ئێوە ئاگاتان لە ناوچەی داوێ بێت، ئێمەش لە بناری گل دەبین.

مەلا جمهور و دکتۆر عەزیز ووتیان دوژمن لە ناو داوێوە لە چەند قۆڵێکەوە هاتووە شێخ کەریم و هەڤاڵەکانی وازیـان لە بناری گل هێناو چوونە ناو داوێ دوژمن لە حەوت لاوە هاتبووە پێشەوە.

• لە نەوجولەوە لە سێ لاوە بەرەو دێیەکانی لفتی ئاغاو باشتەپە و ئاوایی ڕەزاو ئاوایی نامیق هاتبوو.

لە لایەکیترەوە بەرەو شۆراوو قەڵا، لە پەلکانە، قۆریچای، کفری، سەرقەڵا بەرەو دەشتی پەتەکی داوێ هاتبوونە پێش.

ژمـارەی هێزەکەی دوژمن زۆر بوو، هێزی پێشمەرگە و بەرگری کەمبوون، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لەوێ بوو ئەحمەد چوار شاخی سەرپەرشتیدەکرد، مەفرەزەکەی حزبی شیوعیان نارده بەری لفتی ئاغاو باشتەپە شێخ کەریم، مەردان چوشین، سەید جەعفەر، یاسین بچکۆل چوونە سالەیی.

مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری بە سەرپەرشتی عەلی بیکەیسی لە چەوری دانرا.

نامەکەی شێخ کەریم گەیشتبووە عادل شکور، عوسمانی حاجی مەحموودو سەید جەوهەر لە گەڵ ٣٠ پێشمەرگە هاتنە ناوچەی داوێ، نێردرانە لفتی ئاغاو باشتەپە، شەڕ لە باشتەپە و لفتی ئاغا دەستپێکرد.

• هێزی دوژمن لە دووزەوە بەرەو شۆراوو قەڵا هاتن هێزی پێشمەرگە لە بەردەمیاندا نەبوو، شێخ کەریم چاودێری شەڕەکەی لفتی ئاغاو هێزەکەی دوزی دەکرد کە بـەرەو لای ئـەوان دەهاتن، تەماشایانکرد لە پەلکانەوە دوو فەوجی عەسکەری و جاش هاتنە پشتی چەوری، هێزەکەی دوژمن نزیکبوونەوە دەبابەو

مودەرەعەو (٥٠) ئۆتۆمبێل و ژمارەیەک شۆفلێیان لە گەڵدا بوو، پێشی هێزەکەی دوژمن گەیشتە ناو چەوری، پێشمەرگەکانی گەرمیان لە هێزەکەی دوژمنیاندا هێزی دوژمن شکا ٢٠ تەرمی جاش بەجێما.دوو ئۆتۆمبێل و ٢٠ پارچە چەک دەستکەوت بوون.

جاشەکان پەڵکانەیان تاڵانکرد بوو ئۆتۆمبیلەکان پڕ بوون لە قەل و ڕۆن و فەرش، هێزەکەی دوژمن کشایەوە بە شۆفڵ ساتریان درووستکردوو مانەوە، شەڕ لە باشتەپە و لفتی ئاغا بەردەوام بوو.

سەید جەوهەرو هێزەکەی لە باشتەپە گەمارۆدران پێشمەرگەکان تەقەیان لە سەر کردن هاوەنیان بەکارهێنا تا گەمارۆی دوژمن بشکێنن.

سەید جەوهەر و کەرتەکەی بە ناو چەمەکەدا کشانەوە لای ئاوایی مەحموود گەڕانەوە سالّەیی، کەرتەکەی عوسمانی حاجی مەحموود لە گەڵ هێزەکەی حزبی شیوعی دوژمنیان بەرەو نەوجول ڕاونا، پیکابێک، شۆفلێک، حەوت پارچە چەک دەستکەوت بوون.

کە شەو داهات عادل شکورو باقی هێزەکەیتری گەرمیان گەیشتن، هێزەکانیان دابەشکرد بە پێی ئەو دابەشکارییەی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ لە ئاوایی مەلا هۆمەر کردبوویان.

مـــاتۆڕ ســـوار

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ پێشمەرگەکانی گەرمیان لە تەپە عەرەب بوون ماتۆڕ سواریک لە ناوچەی داودەوە هەواڵی هێنا کە دوژمن هێزێکی زۆری کۆکردووەتەوەو بە نیازی پەلاماردانی گەرمیانە کە لە پانتایی گەرمیاندا تیپەکانی ٥١ی گەرمیان ٥٣ی شێروانە ٥٩ی حەمرینی لێبوو.

تیپی ٥١ی گەرمیان لە ئاوایی مەلا هۆمەر کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو هێزەکانیان بە سەر ناوچەکەدا دابەشکرد بەمجۆرە:

- کەرتی (١) بە فەرماندەیی نازم بچکۆل بۆ بناری گل و تازە شار
- کەرتی (٢) بە فەرماندەیی مامجەلال ئەمین کاکە بۆ ناوچەی سەنگاو

• کەرتی (٣) بە فەرماندەیی نازم کەرکوکی جێگر کەرت بۆ دێیەکانی تالاوو تەختە مینە
• کەرتی (٤) بە فەرماندەیی حەمە کەلاری جێگر کەرت
• کەرتی (٥) بە فەرماندەیی سەید جەوهەر بۆ سەر چەمی ئاوە سپی ناوچەی داودە چەوری و وارانی سەروو باوەکر
• کەرتی (٦) بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحموود بۆ دێیەکانی دووڕاجی و قۆریچای
• کەرتی (٧) بە فەرماندەیی حەمە چاو جوان کە فەرماندەی مەفرەزە بوو

هێزەکانی دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماریان بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و دێهاتەکانی گەرمیان دەستپێکرد.

مـــەڵبەندی یـــەک

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٣ هێزێکی دوژمن بە پاڵپشتی دەبابە و ناقیلە و تۆپ پەلاماری پێشمەرگەیدا لە دێیەکانی نەورۆز و دار بە سەرە ،پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و هێزی پشتگیری بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و شەڕ تا ئێوارە بەردەوام بوو هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن تێکشکاو زیانی زۆری لێکەوت .ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٤ دوژمن بۆبردنەوەی تەرمی کوژراوەکانی ڕۆژی پێشوو پەلاماری نەورۆزە و داربەسەرەیدایەوە ، پێشمەرگەکانی تیپی ٥٩ حەمرین ڕووبەڕوو دوژمن بوونەوە و سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند تا زەنبور ڕاوایانان .

قوربانی پێشمەرگە شەهیدێك بوو

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەی (داوێ)یدا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لێیاندان و شکاندیانن

زیانی دوژمن زیاتر لە ١٠٠ کوژراو بوو

دەسکەوت

٣ ئوتۆمبێل

١ شۆفڵ

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ دوژمن لە (٧) قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیدا

*لەسەرقەڵاوە بۆ هۆمەرمل

*لە دوز بۆ داوێ

*لە کەلار بۆ تولان و میلانەکان

*لە زەنبور بۆ قەیتول –گوڵباخ –هەڕێنە

*لە جادەی دوز – قادرکەرەم لە ئاستی کۆرمۆر بۆ ئاوایی جەلال وتازە شارو شێخ حەمید

* لەچەمچەماڵ وە بۆ قرخ و تاڵەبان

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ سەرگرمە پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەک لە چوارلاوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن تاچوارملان راویاننان ، زیانی دوژمن زیاتر لە ١٠٠ کوژراو بوو.

دەسکەوت

٦ کلاشینکۆف

١ ئار بی کەی

١ دەمانچە

١ ڕاکاڵی بچووک

١ ئوتۆمبێل

تێکشکاندنی دەبابەیەك

هەمان ڕۆژ دوژمن لە کەرکوکەوە هێرشی هێنایە سەر پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٩ حەمرین شکاندیانن

دەسکەوت

١ کلاشینکۆف

١ ئار بی جی
١ ئوتۆمبێل
ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٠ دوژمـن لە سێ قۆڵەوە پـەلامـاری دێی خاڵۆ بازیانیدا ، پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ سلێمانی بەرەنگاریان بوونەوە و چەندین کەسیان لێکوشتن قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو.
ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ پەلاماری ناوچەکانی گەرمیانیدا لە جادەکانی :
- دەربەندیخان – کەلار
- سەرقەڵا – کفری
- کفری – دوز
- دوز – قادرکەرەم
- قادرکەرەم - چەمچەماڵ
- چەمچەماڵ – سەنگاو
- سەنگاو – قادر کەرەم
ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢ دوژمن لە ١٤ قۆڵەوە پەلاماری ناوچەی گەرمیانیدایەوە ، پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک بەرەنگاری پەلامارەکانی دوژمن بوونەوە و شکاندیانن. لە قۆڵی چوارملان دوژمن بە تەواوتی شکاو ژمارەیەکی ئێجگار زۆری لێکوژرا .

دەسکەوت

٤ کلاشینکۆف ، کۆمەڵێک تەقەمەنی و شکاندنی دەبابەیەک
لە قۆڵی سۆفی ڕەحیمەوە بە هەمان شێوە تێکشکاو ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا و تەرمەکانیان جێما لە ناویاندا ئامر فەوجێکی سەربازی هەبوو .

قـــۆڵی کـــفری

هێزێکی دوژمن بە فەرماندەیی لیوا سامی سەر بە فەیلەقی یەک کە پێکهاتبوو لە فەوجەکانی پیادەی ٤١٧، ٤٤٤ بە هاوکاری فەوجە جاشەکانی (١٠٠، ١٣١، ١٩٧) لە کفری بەرەو سەر قەڵا بەرەو دێیەکانی سەید جەژنی، فەتاح هۆمەر، بەکرە شەل

پەلاماریان دەستپێکرد لەوێشەوە بۆ دێیەکانی هۆمەر مل، چوار شاخی خواروو سەروو.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ کەرتی (٤،٧) و هێزی بەرگری ناوچەکە ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە.

دوای ئـەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ دێیەکانی هۆمەرمل و هەر دوو چوار شاخی خـواروو سـەروو کەوتنە دەست دوژمـن، هێزەکانی دوژمـن لە دوو لاوە پەلامارەکانیان دڕێژە پێدا.

لە لایەکەوە پەلاماری دێیەکانی بەرەگەی سەروو بەرەگەی خواروو دووڕاجیانداو سووتاندیانن لە لایەکیترەوە بۆ دێیەکانی توکن و عەزیز قادر.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ کەرتەکانی (٤،٦،٧)ی تیپی ٥١ی گەرمیان لە عەزیز قادر ڕووبـەڕووی هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن بوونەوە دوای بەرگرییەکی سەختی پێشمەرگە هێزەکەی دوژمـن هەر دوو دێی توکن و عەزیز قادریان سووتاند دوای سووتاندنی ئەو دوو دێیانە لە دوو لاوە پەلاماری دێیەکانی قەڵاچەرمەڵە، پیرەمەوەنی، قەوالّی، هەزارکانی، بنەکەی خەپە کوێر، عەلیانی کۆن و تازە، کانی عوبێد، سەر ڕەشی، قولیجانی ئەمین قارەمان، قولیجانی سەرحەدیاندا.

قـــۆڵی خـــورماتوو

هێزەکانی دوژمن لە ناحیەی نەوجولەوە بەرەو دێیەکانی قومپەلک، نامیق، فەریق پێشڕەوییانکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ پەلاماری دێیەکانی قەڵای حەمەد بەگ، شـۆراو، مەحموود بەگ، چەوریییاندا کەرتی (٥)ی تیپی ٥١ی گەرمیان مەفرەزەیەکی کەرتی (٧) لە هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن هاتنە دەست و هێزەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

کـــەرتی (5)ی گـــەرمیان

کەرتی (٥)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان گەیشتنە نزیک چەوری کۆمەڵێک پێشمەرگەیان بەدیکرد لە چەوری دەردەچوون، پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) چوونە ناو دێی چەوری مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لێبوو.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ جەیش و جاشێکی زۆر بەرەو چەوری هاتن پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە ناو دێیەکەدا دابەشبوون، هێزی پشتگیری لە دەوری دێیەکە سەنگەریان لێدابوو بۆ بەرگریکردن ژێرزەمینیان بۆ خۆحەشاردان و خۆپاراستن لە بۆردوومانی تۆپ و فڕۆکە دروستکردبوو.

شەڕێکی سەخت لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا دروست بوو جاشێکی زۆر لە چەوری کوژران.

هێزێکی دوژمن لە نەوجولەوە پەلاماری دێیەکانی باشتەپە و لفتی ئاغایاندا، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ کەرتی (٦)ی تیپی ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی و هێزی بەرگری ناوچەکە لە لفتی ئاغا ڕووبەڕووی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوەو گورزی کاریگەریان لێوەشاندن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ کەرتی ٥ لە چەوری مانەوە کەرتی ٦ پاشەکشەیانکرد چوونە سنووری بەلەگەو هۆمەرمل و چوار شاخ.

سەید جەوهەر هێزەکەی کەرتی ٥ و حزبی شیوعی دابەشکرد بە سەر دوو بەشدا:

- کەرتی ٥ و حزبی شیوعی لە چەوری
- بەشێک بە سەرپەرشتی عەلی بیکەیسی لە لفتی ئاغا

شەڕێکی نابەرابەر لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا ڕوویدا ژمارەیەک پێشمەرگە لە لفتی ئاغا شەهیدو بریندار بوون.

- تاریق وارانی شەهید بوو
- خەلیل بریندار بوو لە بناری سەنگاو جێماو شەهید بوو ئێوارەکەی لفتی ئاغا کەوتە دەست دوژمن

پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) لە ناو چەوریدا لە سەنگەرەکاندا بوون لە (٥٥) مالّی چەوری (٥) مالّی بە پێوە مابوو بە تۆپی دەبابەو ڕاجیمە و فڕۆکە ڕوخێندرا بوون.

لە شەڕی چەوریدا پێشمەرگەیەک بریندار بوو دوای گرتنی لفتی ئاغا و زینانە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ کەرتی (٥) لە چەوری کشانەوەو چوونە وارانی سەروو

بەیانییەکەی تووشی شەڕێکی نابەرابەرو دەستەو یەخە بوون ماڵ بە ماڵ و ژوور بە ژوور لە گەڵ قوات خاسەدا دەجەنگان.

لە وارانی سەروو شەڕێکی گەورە لە نێوان دوژمن و پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) بە فەرماندەیی سەید جەوهەر و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی ئەحمەد بازۆکە ڕوویدا.

یەکەم ماڵ بە تۆپی دەبابە بە سەر پێشمەرگەدا ڕووخا، پێشمەرگەکان چوونە دووەم ماڵ، لە دووەم ماڵ قوات خاسە هاتنە ژوورەوە بوو بە شەڕی ژوور بە ژوور لەو ماڵەدا یونس بریندار بوو برینەکەی سەخت بوو دەبوایە بە سەر بانەکاندا ڕزگاریبکەن.

پێشمەرگە بە خاکەناز کەوتنە کونکردنی دیواری ماڵەکە دیواریکی قایم بوو بە خشتی گەورە هەڵچنرابوو زیاد لە کاتژمێرو نیوێک خەریک بوون تا دیوارەکەیان کونکردو دەرچوون بریندارەکەیان دەرکرد.

پێشمەرگە ماڵ بە ماڵ دیوارەکانیان کونکرد لە شاخە سووری بەرانبەر چەوری دەبابە تۆپی پێوەدەنان.

حەمە چەوری یونسی بە کۆڵەوە بوو هیلاک ببوو دەبووایە یونس لە کۆڵی داگرێت تا بتوانێت بەڕاکردن دەرچێت ماوەی ڕزگار بوونی چوار دەقە ڕاکردن بوو یونس بە پێ دەڕۆیشت حەمە چەوری ڕایدەکێشا لە ژێر ڕەهێڵەی گوللەی دوژمندا یونس ڕزگاریبوو.

سەید جەوهەرو ئەحمەد بازۆکە بڕیاریاندا هێرشبکەن وارانی سەروو بگرنەوە، عادل شکور فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان نامەیەکی بە کەریم فەتاحدا ناردبوو نووسیبووی بە زوترین کات بکشێتەوە، پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکردوو چوونە گەرمک.

سێ کۆپتەر بەردەوام بە سەر گەرمکەوە دەسووڕانەوە هێزێکی گەورەی دوژمن هاتبوونە کۆشک سەر خۆرنەوازانیان گرتبوو ئەو خەڵکەی نەیتوانیبوو بڕوات لە گەرمک مابوونەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ شەوی (١٠)ی مانگ چوونە قەوالّی ئەو هێزە زۆرەی سنوری داوێ تا گەرمک هاتن، هێزی بناری گل هاتبوونە کۆشک و کەریم باسام، هێزێکی گەورەی دوژمن لە سنووری کفری هاتبوونە هۆمەرمل و چوار شاخ و توکن بەرەو ناو زەنگنە دەهاتن.

کەرتی ٥ کشانەوە بەرەو باوەکر مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ بە فەرماندەیی مەلا سەعید لە گەڵ کەرتی ٥ لە باوەکر بوون.

هێزێکی دوژمن لە خورماتوو بۆ ناحیەی قەڵغانلوو بەرەو دێیەکانی میل ناسر، عەزیز بەگ، تەختە مینە، شالّاوو پەلاماریان دەستپێکرد.

کەرتی ٣ی تیپی ٥١ ی گەرمیان لە دێی تالّاو ڕوو بە ڕووی هێزەکەی دوژمن بوونەوەو گورزی کوشندەیان لێوەشاندن.

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە دێی تازە شار لە گەڵ هێزەکانی قۆڵی قادرکەرەم، بناری گل یەکیانگرتەوە.

قـــۆڵی خورماتوو، قـــادرکەرەم، بـــناری گل

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە لیوای تایبەتی قوات خاسەی (٦٥) و فەوجە جاشەکانی ٥٨-٢٠٠ لە خورماتوو بۆ ناحیەی قەڵغانلو لەوێوە بەرەو ناحیەی قادرکەرەم پێشڕەوییانکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ گەیشتنە دێیەکانی سەرجادەی قادرکەرەم، خورماتوو، کۆرۆمۆر، ئاوایی جەلال.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ چوونە دێی جەلال لەوێوە بۆ تازە شار، پێشمەرگەکانی کەرتی (١)ی تیپی ٥١ی گەرمیان و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی ڕووبەڕووی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوەو زیانی زۆریان لێدان.

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هێزەکەی دوژمن لە گەڵ قۆڵی قەڵغانلو- میرناسر یەکیانگرتەوەو گەمارۆی تازە شاریاندا، دوای شەڕێکی سەخت و بەرگرییەکی کەم وێنەی پێشمەرگە (٢٢) پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی شەهید بوون، تەنها پێشمەرگەیەک بە ناوی کەمال بەکر بە بریندار ی ڕزگاری بوو.

بۆ ڕۆژی دواتر لە دوو قۆڵەوە بەرەو دێیەکانی شێخ حەمید، هەر سێ کانی قادر، ئاوباریک پێشڕەوییانکرد.

شەهیدەکانی تازەدێ ئەم نەمرانە بوون

١/ شەهید نازم ڕەشید ئەحمەد (نازمە بچکۆل) فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی ٥١ی گەرمیان

٢/ شەهید شێرزاد حەسەن عەلی

٣/ شەهید فاروق ڕەشید ئەحمەد

٤/ شەهید حەمید محەمەد سالّح

٥/ شەهید جەبار عەبدولکەریم

٦/ شەهید عال مەجید عەبدولکەریم

٧/ شەهید یاسین سەعدون سەعید

٨/ شەهید غالب عەبدوڵڵا ئەمین

٩/ شەهید ئەحمەد قادر کەریم

١٠/ شەهید نیزام ئەحمەد ڕەمەزان

١١/ شەهید ئەحمەد شەمین ڕۆستەم

١٢/ شەهید نەجات فەتحوڵڵا مەحموود

١٣/ شەهید ئیحسان مەحموود سالّح

١٤/ شەهید بەهادین عەلی خەلیفە (هاوڕێ مەجید)

١٥/ شەهید فەوزی هادی عطوی (عامر عەرەب)

١٦/ شەهید ناظم مصطاف هادی عطوی (ملازم سامی)

١٧/ شەهید تاریق محەمەد ئەمین

١٨/ شەهید عەبدوڵڵا وەلی حەیدەر

١٩/ شەهید عەدنان ڕەشید غێدان

٢٠/ شەهید عەبدولڕەحیم عەلی مەحموود (ئاشتی)

٢١/ شەهید تالیب ئیبراهیم کامل (عەلی عەرەب)

٢٢/ شەهید فاروق ڕەشید ئەحمەد

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ کەرتی (٥)ی تیپی ٥١ی گەرمیان لە کەریم باسام ڕووبەڕووی هێزی دوژمـن بـوونـەوە هێزە پـەلامـاردەرەکـەی دوژمـن لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢ بەرەو دێیەکانی دارەتـوو، کۆشک، لەک قادر، سەرهەنگ، بان زووخـاڵ، باوەکر پێشڕەوییانکرد.

ڕۆژی دواتر هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن بەرەو دێیەکانی ڕەمـەزان، خانی خوارو، خانی ڕۆستەم، فەقێ مستەفا و دێیەکانیتری گەرمیان ڕۆیشتن، تێکڕای هێزە پەلامارەرەکەی دوژمن لە هەموو قۆڵەکاندا یەکیانگرتەوە.

لە لایەکیترەوە هێزەکانی دوژمـن لە خورماتوو قـادرکـەرەم بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات، ناحیەی سەنگاو خورماتوو بۆ ناحیەی قەڵغانلو قادرکەرەم بۆ دێیەکانی عەلی مستەفا، قەڵا میکایل، گەڕاوی پەلاماریان دەستپێکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ تیپی ٥٩ی حەمرین لە گەڕاوی ڕووبـەڕووی هێزی دوژمن بوونەوە، هێزی دوژمن دوای سووتاندنی ئەو دێیانە لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ گەیشتنە دێی (گوڵباخ) کە بـارەگای تیپی (٥٩)ی حەمرینی لێبوو، ڕۆژی دوایـی بـەرەو دێیەکانی قەیتول، قیرچە، هەڕێنە، تەپە عارەب، زستانە، سەر ڕووباری ئاوە سپی پێشڕەوییانکرد.

تـــیپی 59ی حـــەمرین

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ پیاوێکی ڕژێم کە دۆستی پێشمەرگە بوو نامەیەکی بۆ تیپی (٥٩)ی حەمرین نووسیبوو هێمنە ڕەش فەرماندەی تیپی ٥٩ی حەمرین لە دێی گەڕاوی نامەکەی بۆ پێشمەرگە خوێندەوە.

ئەو پیاوەی ڕژێم لە نامەکەدا نووسیبووی بانگیانکردین و پێیانووتین ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ پەلاماری ناوچەکانی گەرمیان دەدەین ناوچەکانی قادرکەرەم ، بناری گل، دووز، کفری، کەلار، سەنگاو، ناوچەکانیتر هێزەکانمان لە سەرچاوەی ئاوە سپی یەکدەگرنەوە بەڵام لە سەدا پەنجای هێزەکانمان لە دەست دەدەین ئنجا ئەم سەرکەوتنە بە دەست دەهێنین.

کەرتەکانی تیپی ٥٩ی حەمرین لە ناوچەکانی قادرکەرەم، قەیتول، جەباری، تەپەدێ، خوێڵێن، مەملەحە دابەشبوون.

شـــەڕی قـــەیتول

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ پێشمەرگەکانی کەرتی (٢)ی حەمرین لە قەیتول بوون ژنێک لە ماڵی کاک مەجید بوو جلی ڕەشی لە بەردا بوو لە ماڵەکەوە هاتەدەر ئاوڕێکیدایەوەو ووتی باوکە شاخەکە گیراوە.

پێشمەرگەکان تەماشایانکرد هێزێکی حەمرین بە سەر شاخەکەوە بوون هەندێکجار کۆدەبوون و بڵاودەبوونەوە، پێشمەرگەکانی حەمرین بەرەو شاخ بەڕێکەوتن بۆ لێدانی هێزەکەی دوژمن لە گەڵ ڕۆیشتنی پێشمەرگە بەرەو شاخەکە دەبابە هاتە ناو قەیتول، پێشمەرگەکان گەڕانەوە ناو قەیتول شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا دەستیپێکرد دەبابە لە ناو ماڵەکانی قەیتولدا بوون.

مام بابا پیاوێکی بەویقار و بە تەمەنی قەیتول بوو بە سوار ئەسپەکەیەوە بڕنەوێکی پێبوو تەقەی لە دوژمن دەکرد دەتووت پیاوی ناو داستان و ئەفسانەکانە، دەتووت ڕۆستەمی زاڵە چیرۆکی دەم ئاگردانە.

عەبدوڵڵا قەیتولی دەتووت قەڵایە بە قەڵای قەیتولدا سەردەکەوت دوژمن تەقەی لێکردوو بریندار بوو، لە ناو قەیتولدا (٣) پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید نەجمەدینی حاجی محەمەدی باخە گردەڵە

٢/ شەهید مامۆستا عەبدولواحید

٣/ شەهید سامان کەرکوکی

پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ی حەمرین بەرەو گەڕاوی پاشەکشەیانکرد لە گەڵ کەرتی ٣ی شەهیدان یەکیانگرتەوە لە ناو گەڕاویدا تووشی شەڕی سەخت بوون لە گەڵ دوژمندا بەرگری سەختیانکرد لەو بەرگرییەدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید مەلا کەریمی حەمید ئاغای زەنگاباد

٢/ شەهید ئیکرام هەرمۆڵەیی

٣/ شەهید ئەحە نازە

٤/ شەهید عەزیزی حاجی فەریق

٥/ شەهید جەلیل مام کەریم
٦/ شەهید حسێن بەکر باجەلانی
٧/ شەهید فاتیح (ئاسۆ)
٨/ شەهید برایم غوڵام

لە گەڕاوی دەبابەو پێشمەرگە تێکەڵی یەکتر بوون دوای شەڕی گەڕاوی لە گەڵ کەرتەکانیتر یەکیانگرتەوەو هێزەکەی تیپی حەمرین شەو چوونە گوڵباخ، تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە گوڵباخ بوون.

دوژمن پەلاماری گوڵباخیدا تیپی ٥٩ی حەمرین و ٥٥ی قەرەداخ ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە شەڕی گەورەیان لە گەڵدا کردن لەو شەڕەدا تیپی ٥٥ی قەرەداخ ڕۆڵی گەورەیان بینی لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون و لە گوڵباخ بەخاکسپێردران.

دوای شەڕی گوڵباخ لە مشکیبان و هەرمۆلە و مەلا هۆمەرەوە هاتنە مەسۆیی بەرگەچ لەوێوە بەرەو قۆپی قەرەداخ.

شـــەڕی قـــەرەوەیس-کـــوڵەبان

کەرتێکی تیپی ٥٩ی حەمرین بە فەرماندەیی ڕزگاری حاجی کایل لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ لە دێی قەرەوەیس نزیک بانمەقان بوون، خەڵکی دێیەکە چۆڵیانکردبوو پێشمەرگەکانی تیپی حەمرین لە ناو قەرەوەیس و دەوروبەریدا دامەزران بۆ وەڵامدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمن.

ڕزگاری حاجی کایل، دوو پێشمەرگەی بە یەک (بی کەی سی و ئار بی جی) یەوە نارد دێی کوڵەبان کە چەند کیلۆمەترێک لە قەرەوەیسەوە دوور بوو بۆ ئەوەی لە گەڵ پەلاماری دوژمندا بۆ سەر قەرەوەیس ئەوان تەقە لەو کۆپتەرانە بکەن کە دێنە سەر ئاسمانی شەڕەکە و فشار لە سەر پێشمەرگەکانی قەرەوەیس کەمبکەنەوە.

حەمە تەپەدێی (بی کەی سی) و هەزار فیشەک و عەلی تەپەلویی (ئار بی جی) و پێنج گوللە و کلاشینکۆفێکی هەڵگرت و بەرەو کوڵەبان بەڕێکەوتن، دێی کوڵەبان

چۆڵنەکرابوو ئاوەدان بوو حەمە تەپەدێی و عەلی تەپەلۆیی چوونە سەر گردێک دامەزران.

بەیانی لە گەڵ ڕۆژهەڵاتندا سێ کۆپتەر لە کەرکوکەوە بەرەو بانمەقان لە بانمەقانەوە بە ئاڕاستەی کولەبان هاتن.

کۆپتەرەکان پێشمەرگەکانی ناو قەرەوەیس و دەوروبەریان نەبینی، بەرەو کولەبان هاتن سێبەری کۆپتەرەکان بە سەر سەنگەرەکەی حەمە تەپەدێی و عەلی تەپەلویدا ڕەتبوو، کۆپتەرەکان حەمەو عەلییان بینی لە سەر کولەبان سوڕانەوە بۆیان.

پێش ئەوەی کۆپتەرەکان تەقە بکەن حەمەو عەلی بە ئار بی جی و بیکەیسی لێیاندان کۆپتەرەکان بەرەو هەمەوەند و چەمچەماڵ هەڵاتن، لە چەمچەماڵەوە سوڕانەوە لە بانمەقانەوە بە ساروخ لە سەنگەرەکەی کۆلەبانیاندا.

پــــەلاماری قـــــەرەوەیس

هاوکات لە گەڵ بۆردومانی کۆپتەر هێزی پیادەش پەلاماری پێشمەرگەکانی قەرەوەیسیاندا هەتا کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ شەڕ درێژەی کێشا، لە نیوەڕۆدا کۆپتەرەکان گەڕانەوە پەلاماری سەر قەرەوەیس وەستا.

خەڵکی کولەبان بەرەو پیری محەمەدو عەلی هاتن و لە ئامێزیانگرتن، دوانیوەڕۆ پەلاماری دوژمن بۆ سەر قەرەوەیس دەستیپێکردەوە.

لە جەنگەی شەڕدا مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی و مەفرەزەیەکی پارتی هاتنە کۆلەبان ژمارەیەک پێشمەرگەی دیکەی یەکێتی کە لە هێزەکانیان دابڕابوون هاتنە کولەبان هێزەکانی یەکێتی و پارتی و شیوعی لە کولەبان کۆبوونەوەو بەرەو ئاڕاستەی لێدانی دەبابەکانی نزیک قەرەوەیس ڕۆیشتن هێرشیانکردە سەر ئەو هێزەی پەلاماری قەرەوەیسی دەداو شەڕ لەو قۆڵەشەوە دروست بوو، شەڕو پێکادان و بەرگری سەخت و جوامێرانە تا کاتژمێر یەکی شەوی خایاند.

پێشمەرگەکان لە دێی قەرەوەیس و دەوروبــەری کشانەوە بۆ کولەبان تا بەیانییەکەی لەوێ بەرگری بکەن.

هاوشانی مەفرەزەکانی حزبی شیوعی و پارتی کە هاتبوونە لای هێزەکەی تیپی حەمرین مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست هاتنە کوڵەبان و تێکەڵ بە هێزەکان بوون.

دوای کۆبوونەوە لە کوڵەبان هێزەکان بە سەر قوتەو بەرزاییەکانی دەوروبەری کوڵەباندا دابەشکران، ئەو سەنگەرەی (بی کەی سی و ئار بی جی) یەکەی لێبوو تەسلیم بە مەفرەزەکەی سۆسیالیست کرا.

زنجیرە شاخێکی ڕووت هێزی پشتگیری سەنگەریان تیادا هەڵکەندبوو مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی حەمە تەپەدێی نێردرانە ئەو زنجیرە ڕووتەنە لە گەڵ دوو پێشمەرگەی هێزی پشتگیری کوڵەبان هێزەکانیتر لە ناو ماڵەکانی کوڵەبان و دەوروبەری دامەزران.

کاتژمێر (٧)ی بەیانی (٧) ئۆتۆمبیلی جاش هاتن بە ڕووکاری سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا وەستان هێندەینەبرد هێزێکی پیادەی دوژمن بەرەو کوڵەبان هاتن.

نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمن پردێکی بچووک هەبوو پێش ئەوەی دوژمن بگاتە لای پردەکە مەفرەزەکەی حەمە تەپەدێی و سۆسیالیست بە بی کەی سی تەقەیان لێکردن، دوای کاتژمێرێک شەڕو پێکادان هێزەکەی دوژمن شکا.

پێشمەرگەکانی ناو کوڵەبان پلانی هێرشکردنە سەر هێزە بەزیوەکەی دوژمنیان داناو هێرشیانکردە سەریان بە جۆرێک نزیک بوون پێشمەرگەو هێزی دوژمن تێکەڵاو ببوون.

دوای لێدانی دوژمن پێشمەرگەکان گەڕانەوە دواوە مەفرەزەکەی یەکێتی و سۆسیالیست بە بیکەیسی بەرگرییان لێکردن تا گەیشتنەوە ناودێ.

کاتژمێر (٩)ی بەیانی هێزێکی سەربازی و ٢٧ دەبابە هاتن سەرکەوتنە هەموو قوتە بەرزەکان، چوار کۆپتەری حەربی و حەماڵ و دوو پیلاتۆزو هەنتەرو کۆپتەرێکی قائید هاتنە سەر کوڵەبان و بۆمبارانی ناودێ، دەبابە هاتە ناو سەنگەری پێشمەرگەکان.

ڕزگاری حاجی کایل دوو پێشمەرگەی نارده خوارێ بە بیکەیسی بەرگری بکەن تا پێشمەرگەکانی ناودێ پاشەکشە بکەن.

کۆپتەر بە جۆرێک دابەزیبووە سەر زەوی بە کلاشینکۆف تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد، هاوڕێ سەید عەلی پێشمەرگەی حزبی شیوعی بە تەقەی کۆپتەرەکان بریندار بوو.

پێشمەرگەکان لە کولەبان کشانەوە بەرەو دێی هەنارەی سەروو تا لەوێوە بچنە دێی مۆردانەو جانی، کە لە جانی نزیک بوونەوە بەدووربین تەماشایانکرد هێزی دوژمن لە ناو جانیدا بوو دەبابە لە ناو ماڵەکاندا دەسووڕانەوەو دیواری خانووەکانیان دەڕووخاند، پێشمەرگەکان بەرەو خاڵۆ بازیانی کشانەوە گوێیان لە گرمەی تۆپ و کۆپتەر بوو، تیپی ٣١ی سلێمانی لە گەڵ دوژمندا تووشی شەڕ هاتبوون تا ئێوارە بەرگری سەختیان کرد بوو.

هاوکات لە شەڕی گەورەی کۆلەبان و قەرەوەیس دوژمن بەهێزی گەورەوە پەلاماری دێی تاڵەبانی زێدی مامە ڕیشەیداو پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و دەستەیەکی تیپی ٥٩ی حەمرین ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە شەڕێکی قورسی سێ کاتژمێری ڕوویدا.

شـــەڕی تـــاڵەبان

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٧ هێزێکی گەورەی جاش و سەربازی دوژمن بە پشتیوانی دەبابەو تۆپخانە پەلاماری دێی تاڵەبانیاندا.

هێزێکی تیپی ٥٧ی سەگرمە کە پێکهاتبوون لە (٢٠) پێشمەرگە بە سەرپەرشتی سالار عەبدوڵڵا ڕابەری سیاسی تیپ و بەکرەکەڕ فەرماندەی کەرت و دەستەیەکی تیپی ٥٩ی حەمرین لە دێی تاڵەبان بوون.

هێزێکی گەورەی دوژمن بە پشتیوانی تۆپخانە و دەبابەی بەڕازیلی پەلاماری تاڵەبانیاندا، تاڵەبان لە چاڵاییدا بوو (٨) دەبابە ڕووەو تاڵەبان هاتن هەر دەبابەیەک زیاتر لە (٧٠) سەربازی بەدواوە بوو، تۆپخانەی دوژمن لە چەمچەماڵ و دەبابەکان تۆپبارانێکی سەختی تاڵەبانیانکرد چەڕە دووکەڵ ئاسمانی تاڵەبانی گرتبوو، تیپی ٥٧ی سەگرمە ئێوارە بە خەڵکەکەیان ووت تاڵەبان چۆڵکەن، بەشێک لە خەڵکی تاڵەبان چووبوونە ناو ئەشکەوتەوە دوژمن دەستگیریکردن و ئەنفالیکردن.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا لە بەیانییەوە دەستیپێکرد و ماوەی سێ کاتژمێری خایاند.

تیپی سەگرمەو حەمرین بەرگری سەختیانکرد بەڵام نیوەی کۆتایی شەڕەکە تیپی سەگرمە مانەوەو دەستەکەی تیپی حەمرین پاشەکشەیانکرد.

تیپی ٥٧ی سەگرمە سێ کاتژمێر بەرگری کەم وێنەیانکرد سەربازو جاش و دەبابە گەمارۆی پێشمەرگەکانی سەگرمەیاندا، جاشێک جلی ڕەشی لە بەردا بوو هاتە نزیک پێشمەرگەکانی سەگرمەو هاواریکرد وەرن من بکوژن بەڵام لێرە بڕۆن هێزەکە گەورەو فراوانە و بەرگریتان پێناکرێت هەمووتان تیادەچن.

دوای سێ کاتژمێر شەڕو بەرگری تیپی سەگرمە پاشەکشەیانکرد، لەو شەڕەدا جەماڵە سوور پێشمەرگەی تیپی سەگرمە شەهید بوو، چوار پێشمەرگەش بریندار بوون.

بریندارەکان:

١/ ئەحمەد

٢/ سالار عەبدوڵڵا

٣/ بەکرە کەڕ

٤/ سۆران

هیوا باڕۆیی جێگری تیپی ٥٧ی سەگرمە لە قرخ بوو کە تەرمی شەهید جەمالیان لە قرخ دوورخستەوە هیوا باڕۆیی و هێزێک هاتن بۆ پشتیوانی پێشمەرگەکانی تاڵەبان، تەرمی شەهید جەمال لە تاڵەبان دوورخرایەوە بەڵام نەتوانرا ڕزگار بکرێت، تەرمەکەی جێما.

دوای پاشەکشەی تیپی سەگرمە ئاوڕیاندایەوە خەڵکی تاڵەبان سوار زیلی سەربازیکران و ئەنفالکران.

لەو شەڕەدا پێشمەرگە هەبوو ڕۆڵی خراپ و سلبی بینی لە شکاندنی وڕەی پێشمەرگە هەندێک جنێوی بێتامی بە سەرکردایەتی و سەرکردەکانداو تەسلیم بووەوە.

شـــەڕی زەردەو چـــەمکوچەڵە

کەرتێکی تیپی ٥٩ی حەمرین بە فەرماندەیی (عەسکەر) لە چەمکوچەڵە و زەردە پەلاماری دوژمنیان بۆ سەر ناوچەکە تێکشکاند.

هێزێکی گەورەی دوژمن بە پشتیوانی تۆپ و کۆپتەرو دەبابە پەلاماری زەردەو چەمکوچەڵەیاندا، کەرتێکی تیپی ٥٩ی حەمرین بە فەرماندەیی عەسکەر ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو تێکیانشکاندن، زەرەرو زیانی گەورەیان بە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن گەیاند کە لە کەرکوکەوە هاتبوون.

قـــۆڵی کـــەلار

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٩ هێزی دوژمن بە سەرپەرشتی لیوا مەنزر ئیبراهیم لە کەلارەوە بۆ تیلەکۆ، هەواڕە بەرزە، مەسۆکان، ناوە، سەرناوە، پەلاماریان دەستپێکرد.

لە کـەلارەوە بۆ پێباز لـە دوو لاوە پـەلامـاری سەنگەرەکانی پێشمەرگەو دێنشینەکانیاندا هێزی دوژمن بە سەرپەرشتی محەمەد نازم حەسەن و بە هاوکاری فەوجی (٧٥) جاش لە ناحیەی پێبازەوە بۆ دێیەکانی سۆفی ڕەحیم، عەلی وەسمان پێشڕەوییانکرد.

لە لایەکیترەوە هێزێکی دوژمـن بە سەرپەرشتی عەقید سەلمان عبدالحسێن پەلاماری پێشمەرگەیان دا، حەمە قاشتی، نەجم بۆیسانە لە شێخ تەویل بوون، دوژمن هاتە ناو شێخ تەویل دەبابەکان لە ناو شێخ تەویلدا دەسووڕانەوە، پێشمەرگەکان لە دەبابەکانیاندا جێب قیادەیەکیان گرت، سێ ئەفسەرو ئامر سریەیەک و چەند سەربازێک کوژران نەجمەی سەر شانی ئەفسەرەکانیان لێکردەوە.

شەڕێکی سەخت بوو، ماوەی سێ ڕۆژ شەڕی بەردەوام و پەلاماری بەردەوام، دەیان پەلاماری دوژمن لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی گەرمیان تێکشکان چەندین دەبابەیان بەجێهێشت، پێشمەرگەیەک بە ناوی شەهابە ڕەش شەهید بوو.

هێزی پێشمەرگە (٩) ڕۆژ بەرگرییانکرد، بە پاچ و قەمەی تفەنگ سەنگەریان لێدابوو چاڵە گەنمەکانی شێخ تەویلیان کردبوو بە سەنگەر.

تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالی سێدا لە بەکر بایف، شێخ تەویل، بێستانە، بەرگری سەختیانکرد.

لە شەڕی شێخ تەویلدا جاش بەردەوام لە چوار ملانەوە هێرشیاندەکردە سەر شێخ تەویل تیپی ٥٥ی قەرەداخ و تیپەکانیتر لە شێخ تەویل بەرگری سەختیانکرد چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

حەمە فەرەج هەورامی، خەلیل سەرکانی، کاوەی کاک ئەکرەم فەرماندە کەرتەکانی تیپی قەراخ بوون لە گەڵ حەمە قاشتی جێگری تیپی قەرەداخ لە شەڕی شێخ تەویلدا ڕۆڵی دیارو بەرچاویان بینی.

جاشەکان ویستیان دزە بکەنە شێخ تەویل لە چوار ملانەوە دوو دوو وەکو پێشمەرگە مەسافەیان وەرگرتبوو تا پشت لە پێشمەرگەکانی ناو شێخ تەویل بگرن، پێشمەرگەکان شێخ تەویلیان چۆڵکرد دوای بەرگرییەکی کەم وێنە کشانەوە.

لە شەڕی شێخ تەویلدا تیپی ٥٣ی شێروانە هاوشانی تیپەکانیتری مەڵبەندی یەک بە فەرماندەیی حەمە ڕەش شەڕی گەورەو دلێرانەیانکرد دەیان پەلاماری دوژمنیان شکاند سەدانیان لێکوشتن، ڕێگەیان نەدا دوژمن بە بێ باجی گەورە پێشڕەوی بکات.

دوژمن بە پشتیوانی فڕۆکەو چەکی قورس و تۆپی گەورەو هەزاران جاش و قوات خاسە پەلاماری شێخ تەویلی دەدا.

شێخ تەویل جەوەڵە، کەژینیە، شوێنێکی ڕووتەنە، زۆرگە، بن کاچ و بن شاخی تیایە کانیاوو ئاوی هەبوو، پێشمەرگەکان لە شاخەکاندا شەڕیان دەکرد.

دوای ئەوەی دوژمن هەموو توانای خۆی خستە گەڕ لە سەنگاوەوە پەلاماری شێخ تەویلیدا هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد چوونە دەربەند دەرەوار.

ماڵە سالەییەکان سیغیان دروستکردبوو هێزەکانی دوژمن چوونە ماڵەکان، کچێکی ئیفلیجیان هەبوو نەیانتوانی ببەن خۆیان ڕۆیشتن و کچەکەیان بەجێهێشت.

سەربازەکانی دوژمن سیغی ماڵە سالەییەکانیان سووتاند و ئاگریاندا[٥]

[٥] سیغ لە شێوەی کەپرە بە قامیش دروست دەکرێت لە کەپر فراوانترو خۆشترە.

قـۆڵی کـــەرکوك – چـــەمچەماڵ

هێزێکی دوژمـن بە سەرپەرشتی عەمید بارق الحاج حنطە فەرماندەی هێزی تایبەتی قوات خاسەی نەوتی باکورو بە هاوکاری جاشەکانی سەید جەبار، شێخ موعتەسەم، برای شێخ جەعفەری پارێزگاری سلێمانی، عەدنان ڕەفعەت گلی، قاسم ئاغای کۆیە، تەحسین شاوەیس لە جادەی کەرکوک چەمچەماڵەوە لە چەند لایەکەوە پەلاماری دێیەکانی خاڵۆ بازیانی و ناوچەکانی جەبارییاندا.

*لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٠ هێزی دوژمن بە فەرماندەیی بارق پەلاماری دێی برایم غولامیاندا لە ناوچەی قادر کەرەم و ٥١ کەسیان ئەنفالکرد.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بارق الحاج حنطە فەرماندەی هێزی تایبەتی قوات خاسە و عەلی حەسەن مەجید بە هیلیکۆپتەر دابەزینە دێی عەلی مستەفای نزیک قادر کەرەم ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی دێیەکانی سنوورەکە لەوێ کۆببوونەوەو چاوەڕێی چارەنووسی نادیاریان دەکرد، بە کامێرای ڤیدیۆ وێنەی ئەو خەڵکە لێقەوماوەیانگرت و هەمان شەو لە تەلەفزیۆنی عێراق نیشانیاندان و وەکو بەکرێگیراوی ئێران ناساندیانن.

ئەو دێنشینانە بەرەو سەحراکانی عەر عەرو نوگرەسەلمان ڕاپێچکران و بە زیندوویی خرانە چاڵەوەو بە لمی ئەو سەحرایە دایانپۆشین.

کـــەرتی (6)ی تـــیپی 51ی گـــەرمیان

دوای دابەشکردنی هێزەکان بە سەر ناوچەکانی گەرمیاندا کەرتی (٦)ی تیپی ٥١ی گەرمیان لە دێی مەلا هۆمەرەوە بەڕێکەوتن شەوو ڕۆژێک بە سواری تراکتۆرو پێڕەوی بەڕێگەوە بوون.

کاتژمێر یەکی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ گەیشتنە دێی لفتی ئاغای سەر ڕووباری ئاوە سپی لە ناوچەی داودە کە گەیشتنە ئەوێ شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاشدا گەرم بوو، کەرتی (٦)ی تیپی گەرمیان و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە دێی لفتی ئاغا بوون دوژمن هەوڵی گەمارۆدانی دێیەکەیدا جاش لە بەیانییەوە چەند جارێک پەلاماری دێیەکەیاندا بوو حەوت کەلاکی جاش لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوون.

بە گەیشتنی کەرتی (٦) ی تیپی ٥١ی گەرمیان هاوسەنگی شەڕەکە بە لای پێشمەرگەدا گۆڕاو جاشەکان شکان و هەڵاتن.

کاتژمێر (٦)ی ئێوارە کەرتی (٦)ی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزی بەرگری دێیەکانی توکن و عەزیز قادر و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی وارانییەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن و تا ناحیە کۆنەکەی نەوجول ڕاویاننان.

کەرتی ٣ی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی نازم کەرکوکی لە تاڵاو لە شەڕێکی کەم وێنەدا هێزی دوژمنیان شکاندو تا نزیک ناحیەی نەوجول ڕاویاننان لەو شەڕەدا ئەسکەندەر مەلا ئیبراهیم دوانزە ئیمامی فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٣) شەهید بوو.

قـــۆڵی کـــفری

لە قۆڵی کفرییەوە شەڕ لە دێیەکانی هۆمەر مل و چوار شاخ دەستیپێکرد کەرتی (٤ و ٧) و مەفرەزەیەکی کەرتی ٦ و هێزی بەرگری ناوچەکە شەڕی کەموێنەیان لە گەڵ هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمندا کرد.

دوانزە پێشمەرگەی کەرتی ٦ بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحموود لە دێی دووراجبیەوە چوون بۆ پشتیوانی پێشمەرگەکانی هۆمەرمل ئەو ڕۆژە چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند، لە ئێوارەدا هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن و تا نێوان دێی فەتاح هۆمەرو هۆمەر مل پاشەکشەیانپێکردن.

پـــەلاماری بـــەربلاّو

دوای زنجیرەیەک بەرگری کەم وێنە لە سەراپای گەرمیاندا توانای بەرگری لاواز بوو هێزی دوژمن بە سەدان هەزار جاش قوات خاسە، سەرباز بە پشتیوانی هەزاران تانک و تۆپ و کۆپتەرو فڕۆکەی پیلاتۆز و سیخۆی لە ئاسمان و زەوییەوە دێ بە دێ و ماڵ بە ماڵ و بن بەردو تولە ڕێی دەکوتا، هێزی پیادەی دوژمن ڕەوە کوللە بوون و هەموو شتێکیان وێرانەکردو دەسووتاند داروو بەردوو ڕەزوو باخ

و کێڵگە بەیەکەوە هەڵدەقرچان، دوژمنی بەعس بە گەلە جاشەوە تاریکی و دڕندەیی سەدەکانی کۆنیان هێنابوو شمشێری عروبەو خەنجەری خیانەتی کوردەواری بە یەکەوە ملی ئاژەڵ و سەری گوڵە گەنم و دەوارو ڕەشماڵی کوردەوارییان دەبڕی.

ئەوان شمشێری هەڵکێشراوی سەدەکانی تاوان بوون لە گەرمیاندا دەبریسکانەوە ئەوەی هاتە بەردەستیان کوشتیان سەریان بڕی، سووتاندیان هەزاران ژن و پیاوی کورد مناڵ و پیر ڕاپێچکران سەدان و هەزاران مناڵ لە بێشکەدا لە گڕوگاڵ کەوتن و نوزەیان لێبڕا.

ئەوان و کەوا سووڕە جاشە چڵکاو خۆرەکان هاتبوون ئەتکی نیشتمان بکەن گەرمیان لە ڕەشاوی جەنگ و گۆماوی خوێن هەڵکێشن، ئەوان نە هاوارو زریکەی ژن و مناڵ نە دەستی نزاو پاڕانەوەی سەر بەرماڵ، نە سووتان و هەڵقرچانی کێڵگەو مەزرا، دارو درەخت ویژدانی نەجوڵاندن ئەوان لە سەدەی بەردو سەدەی خوێن و شمشێر و سەدەی فتوحاتی ئیسلامییەوە هاتبوون دەستنوێژیان بە خوێنی ڕژاوی ژن و منااڵی گەرمیان هەڵدەگرت.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٠ لە تێکڕای قۆڵەکانەوە شەڕ بەردەوام بوو گەمارۆی دوژمن هەنگاو هەنگاو لە سەر گەرمیان تەسک دەبووەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ سووپای داگیرکەر ڕوویانکردە دێی مەحموود پەریزاد و لەوێشەوە بەرەو دێی هەنارە ڕۆیشتن خەڵکی ئەو دێیانە بەرەو لەیلان کەوتنە ڕێ لەوێ دەستگیرکران و ئەنفالکران.

لە دڕێژەی پەلامارەکانیدا هێزی دوژمن بەرەو درۆزنەی نزیک ئاوە سپی بەڕێکەوتن بارەگاکانی (ی ن ک) لە دەرەوارو بانیمۆردو حەسەن کەنۆشی سەروو خوارو تەپە عەرەب و کارێزەو دووبریاگ و هەر سێ دێی پێنج ئەنگوست و هەنجیرەو سێگومەتان و کێڵە بەرزەو دەرزیلەو قەڵاکەو داربەڕوو خاپوورو ئەنفالکران.

لە کەلارو پێبازو پونگەڵە هێزەکانی دوژمن بە پاڵپشتی سەدان تانک و زرێپۆش دێیەکانی چوار شاخ و بەلەگەی گەورەو بچووک و دووڕاجیان سووتاند.

لە قۆڵی کەلارەوە پەلاماری تیلەکۆی سەروو خواروویاندا کە بارەگای مەڵبەندی یەکی (ی ن ک) ی لێبوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ هەر دوو تیلەکۆ خاپوور کران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٣ بەراوو، گەلوو، کوڵەجۆ کەوتنە بەر پەلاماری دوژمن و وێرانکران.

دوای وێرانکردنی کوڵەجۆ هەوارەبەرزەو کونە کۆترو تەپە گەڕووس تەختی زەویکران.

لە قۆڵی سەرقەڵاو هۆمەر مل دوای دوو ڕۆژ بەرگری و کوشتنی سەدان کەس لە دوژمن و سووتاندنی دێی چوار شاخ هێزی پێشمەرگە کشانەوە دێی توکن، لەم شەڕەدا مام سلیمان تەپە سپی شەهید بوو.

لە قۆڵی قادر کەرەم بناری گل هێزی پێشمەرگە کشانەوە دێیەکانی کانی قادر، سۆفی ڕەزا، ئاو باریک، دارتوو، کۆشک، لە گەڵ پێشڕەوی هێزەکانی دوژمندا کەرتی ٦ کشانەوە دێی توکن لە گەڵ پێشمەرگەکانی کەرتی ٤ و ٧ یەکیانگرتەوە.

دیـــمەنێکی تـــاڵ

حەمە ڕەشید توکنی پێشمەرگەی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو لە مێژ بوو ماڵی خۆیانی نەدیبوو کاتێک کشانەوە توکن سەرێکی لە ماڵی دایکی هەڵهێنا بەڵام بە سەر ماڵێکی چۆڵدا کەوت، ئەو ماڵەی سااڵنێک پەنای گەرم و خانەخوێی پێشمەرگە بوو دایکی بە لوتفی شیرینی ئاوەدانیکردبووەوە، ماڵێک جمەیدەهات لە پێشمەرگە و میوان، ماڵێک پڕ لە ئامێزی گەرم، لە ناز، لە خۆشەویستی لە سۆزی گەرم لە دڵی فراوانی دایکی و لە چاوی فرمێسک تێزاوی.

ڕەشید توکنی بە نیازی دیداری دایکی گەڕایەوە ماڵەکەی، سەرەتا چووە ژووری میوانەکەیان چرایەک دیوار کۆیەک هەڵواسرابوو هێشتا دەسووتا ئەوەش نیشانەی ئەوە بوو کە زۆر نییە ئەو ماڵە پڕ موحیبەتە چۆڵکراوە.

دەستە نوێن و پێخەفی میواندارییەکەی دایکی هەر لەوێ بوون دەتووت هەر وەکو جاران چاوەڕێی میوانێک دەکەن تا دایپۆشن و شەوێک گەرمیبکەنەوە.

کتری و قۆری و پیاڵەکان لە جێگەی خۆیان دانرابوون، نۆردوویەک نان لە سەر سینییەکە بوو دەتووت دایکی چاوەڕێیە یەکێک بێت و چایەک دەمکا، نان تەڕکات و لە بەردەمی میوانێک، ڕێبوارێک، پێشمەرگەیەکدا دایبنێ.

بە قەدی دیوارەکەوە وێنەی دایک و باوک و برا هەڵواسرا بوون بە شێوەیەک چاویان لە چاوی ڕەشید نەدەتروکاند دەتووت دوا وێنەی مالاوایی و دوا دیدارە هێندە بە سۆزەوە دەیانڕوانی مرۆڤ دەیووت ئێستا نا کەمێکیتر دێنە قسەو لە چوار چێوە دێنە دەرێ و ڕەشید لە ئامێزیان دەگرن، بەدەم گریان و فرمێسکی ئەنفالەوە نەرمە گلەییەک دەکەن و پێیدەڵێن بۆ نەهاتی، درەنگ هاتی، هەر دەبووایە بهاتیتایە ئاخر باوەشێک و سۆزێک و دەستێکی مالاواییت بە ئێمە ڕانەبینی.

گلەیبێت لە سۆزی خۆت لە ئامێزی مالاوایی بێبەشوو بێکەستکردین، دەتووت وێنەکان وادەڵێن بەدەم قەتارو ئەڵڵاوەیسی گەرمیانەوە دەیلاوێنن، بۆ دواجار ماچێکیدەکەن فرمێسکی غوربەتی دەسڕن دەتووت وێنەکان ئێستاکە دێنە دەرێو لە چاوەڕوانیدا دەمرن.

ڕەشید دڵی دەکوڵا، ماتەمێک لە گیانیدا بوو هەتا ئێستاکەش هەرتەمە، هەر ماتەمە، فرمێسکێک لە چاویدا بوو هەتا ئێستاکەش هەر غەمە، ڕەشید ببووە پەیکەرێک لەو غەم و تەمە.

بە قوڕگی پڕگریانەوە مالّی خۆیانی جێهێشت و چووە مالّی حەسەنی برای لەوێ باوەشیانکردەوەو لە ئامێزی خۆشەویستیدا خەواندیان، ئامێزی کێ و ئامێزی چی ئامێزی شەش حەوت وێنەیەک بە قەدی دیوارێکەوە هەڵواسران و چاویان لە چاوی بڕیوە دەتووت پەیمان و ژیان و دابانی پەپولەی ئەو پێدەشتانە بەرەو ئاسمان هەڵفڕیون، ئاخر ئەوان چاوەڕوانبوون وەکو جاران نوقڵی ترش و شیرین بێنێت دەستبکات بە گیرفانیداو ڕەحەتەلوقمێک دەربێنێ، چاوەڕێبوون جووتێک پێڵاو گەردانەیەک، گوڵ و چاوو ملوانکەیەک بە گەردنیاندا هەڵواسێ توند توند لە باوەشی بگرن گەر مردیشن لە باوەشی ئەودا بمرن، بەڵام ئەفسووس ئەنفال هەمووی لێشێواندن، گوڵی تەمەنی ژاکاندن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١١ بڕیار بوو کەرتی (٦) لە ناو توکن دامەزرێن بۆ بەرگریکردن و وەڵامدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمن بەڵام لە بەر هەڵکەوتەی جوگرافی دێیەکە کە هەر چوار دەوری بەرزایی بوو کەوتبووە چاڵاییەوە لە توکن هاتنە دەرەوەو بەرەو دێی عەزیز قادر بەڕێکەوتن بەیانییەکەی لەوێش دەرچوون لە هەردەکانی نێوان توکن- عەزیز قادر، هەزارکانی سەنگەریانگرت.

کاتژمێر (٩)ی بەیانی ١٩٨٨/٤/١٢ هێزی دوژمن چوونە ناو دێی (توکن)و سووتاندیان، کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی بەیانی گەلەجاشێک دەیانویست بچنە عەزیز قادر پێشمەرگەکانی کەرتی (٦)لێیاندان و دەیان کەلاکیان پێجێهێشتن ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

جاشەکان عەبا ڕەشی بەر لەشکری داگیرکەر بوون لەوان دڵسۆزتر پەلاماری پێشمەرگەو دێهاتەکانیان دەدا، جاشەکان جنێویان بە پێشمەرگە دەداو دەیانووت بۆ کوێ دەچن هەر دەتانگرین ئەو جاشە خۆفرۆشانە هەرچی کاری قێزەون و نامرۆڤانە بوو بەرانبەر خەڵکی دێهاتەکان کردیان، سڵیان لە هیچ نەکردەوە.

لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا دوژمن بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە و جاش و کۆپتەر هاتە ناو عەزیز قادرو ئاگریان لە داروبەردی بەردا لەو شەڕەدا دوژمن زیانی گەورەی لێکەوت فواد حەبیب بەلەکەیی پێشمەرگەی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان شەهید بوو.

تیپی 53 شیروانە
1988/4/8 و ڕۆژانی دوایی

پێش ئەنفالی سێ بەشێک لە تیپی ٥٣ شیروانە و هێزی پشتگیری لە شاخی زەرد مابوونەوە ، بەشێکیش لە شەڕەکانی سەرکردایەتی بوون ئەو بەشەی لە شاخی زەرد مابوونەوە چەندین جاردوژمن پەلاماریدان بەڵام قارەمانەکانی شێروانە هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند.

دوای گەڕانەوەی هێزەکەی تیپی شێروانە لە شەڕەکانی سەرکردایەتی تووشی شەڕەکانی ئەنفالی سێ بوون لە گەرمیاندا ، هەردوو بەشەکەی تیپی شیروانە

یەکیانگرتەوە بەسەر چەند قۆڵێکدا دابەشبوون بەشێک لە هێزەکە بەسەر پەرشتی حەمەڕەش بۆ بەرگریکردن لە شالاوەکانی ئەنفال چوونە ناوچەی ڕوغزایی جاف کە ناوچەیەکی گەورەو فراوانی گەرمیانە هێزەکەی دوژمن لە نەوجول و جەلەولاوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیاندا ئەو هێزەی شیروانەکە حەمە ڕەش سەرپەرشتی دەکردن لە دێی زەردی ناوچەی ڕوغزایی بوون دوژمن چەندین جار پەلاماری دێی زەردیـدا بـەڵام پەلامارەکان لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی شیروانە تێکشکێندران.

دێی زەرد هەردەوهەڵەت بوو هیچ شوێنێکی سەختی نەبوو بۆ بەرگر یکردن بەڵام پێشمەرگەکانی شیروانە لەو هەردەو هەڵەتەی دێی زەردی ناوچەی ڕوغزایی بەرگری کەمووێنەیانکرد ، دێی زەرد نزیکەی ٢٥ ماڵ بوون.

بەشێک لە هێزەکانی تیپی ٥٣ شیروانە بە فەرماندەیی نەجم بۆسیانە جێگری تیپی شیروانە لە ناوچەی تیلەکۆی ڕۆغزایی بوون ئەوانیش سەنگەرێکی پتەوی بەرگری و خۆراگریبوون چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

بەشێکیتر لە هێزەکانی تیپی ٥٣ شیروانە بە فەرماندەیی برایمە سوور ، عەلی شەهید محەمەد ، برایمە ڕەش دواتر کوردۆ قاسم لە دێی سۆفی ڕەحیم سەنگەریان گرتبوو. هێزێکیتر لە شاخی زەردی نزیک دەربەندیخان بوون ، لەو قۆڵەشەوە چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند حەمەڕەش سەرپەرشتی شەڕگەکەی دەکرد لە دێی زەرد دەهاتە سۆفی ڕەحیم و گوڵمکەوەو دەگەڕایەوە ناوچەی ڕۆغزایی.

شـــــــەڕی زەردەلیکاو – ســـــــۆفی ڕەحیم

ئەنفالی گەرمیان پانتاییەکی فراوانی گرتەوە هەموو دێ و تەپۆڵکەو هەنگاوێک دەبابەو تانک و سووپا وجاش بوو ،تیپی شیروانە لە زەردە لیکاو و سۆفی ڕەحیم، لە پاشەکشەشدا لە شێخ تەویل و چوار ملان و هۆمەر مل بەرگری کەمووێنەیانکرد.

شـــــەڕی زەردەلـــــیکاو

لە دێی زەردەلیکاو لە بەیانی تا ئێوارە لە نێوان سووپا و گەلە جاش و ١٥ پێشمەرگەی تیپی شیروانە دا شەڕ بوو،١٥ پێشمەرگە بەرەنگاری تانک و تۆپ و سەرباز و جاش بوونەوە جاشەکانی دەربەندیخان هاتبوونە زەردەلیکاو تا ئێوارە کۆپتەر بە ئاسمانی شەڕەکەوە بوو، پێشمەرگەکان نەیانهێشت جاش و سەرباز پێشڕەوی بکەن.

شـــــەڕی سۆفی ڕەحـــــیم

هێزی دوژمن پەلاماری دێی سۆفی ڕەحیمدا ئەحمەد جەیران و ژمارەیەک پێشمەرگە لە سەروی سۆفی ڕەحیم کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە هێزێک بە فەرماندەیی برایمە سـورو عەلی شەهید محەمەد لـەبـەردەم دێی سۆفی ڕەحیم دامـەزران ، دوژمن بە پشتیوانی کۆپتەر و تۆپخانە و هێزێکی زۆری سەربازی پەلاماری سۆفی ڕەحیمیدا ، هێزەکەی دوژمن هاتنە سۆفی ڕەحیم و گوڵمکەوە ، پێشمەرگەکانی تیپی شیروانە بەڕەنگاریانبوونەوە و ڕێگەی پێشڕەوییان لێگرتن ، هێزە پەلامارەدرەکەی دوژمن پیکهاتبوو لە (٩) دەبابەو کۆپتەر و (٦٠) ئیڤا و هێزێکی زۆر بەڵام لەبەردەم پێشمەرگەدا وردو خاشکران پێشمەرگەکانی سۆفی ڕەحیم سەرەتا ١١ کەس بوون عەلی شەهید محەمەد ، برایمە سوور، شەهابە ڕەش، مەلا شوکر، عاسی شاکری ، مەحمود مارکس و عەلی حەمە سالّح و ژمارەیەکی تر بوون، دواتر هێزی بەرگری ناوچەکەو هێزێک بەسەرپەرشتی کوردۆ قاسم کەنزیکەی ٣٠ پێشمەرگە بوون لە پشتی سۆفی ڕەحیم و لە زەنگەکەوە هاتنە ناو دێی سۆفی ڕەحیم و بەشداری شەڕەکەیانکرد ، هێزی پێشمەرگە و پشتگیری تێکڕا بوونە (٦٠) کەس.

دێی سۆفی ڕەحیم (١٥) مالّ بوون سەر بە ناحیەی باوە نور بوو هەڵکەوتەی جوگرافی سۆفی ڕەحیم گردۆڵکەو تەپۆلکەبوو ، بەرزی هەندێ لە تەپۆلکەکان نزیکەی ٥٠-٦٠ مەتر دەبوون .

هێزێکی پێشمەرگە لە سۆفی ڕەحیم خۆیان ڕێکخستەوە ، هێزێک بە فەرماندەیی برایمە سوور نێردرایە قولّایی نێوان گوڵمکەوە و سۆفی ڕەحیم ، عەلی شەهید

محەمەد لەگەڵ هێزێک نێردرایە نێوان زەنگەکەو سۆفی ڕەحیم، هێزی دوژمن لە ماوەی شەش ڕۆژ بەرگریدا بەردەوام پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا یەکەم پەلاماری دوژمن لە یەکەم ڕۆژ دا لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی شێروانە تێکشکا ئیتر دوژمن نەیتوانی پێشڕەوی بکات، دووری نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمن ١٥٠ مەتر بوو ، ئەم مله بۆ ئەو مله نێوانیانبوو ، بەردەوام تۆپخانەی دوژمن لە باوەنورەوە تۆپبارانی سۆفی ڕەحیمی دەکرد .

سۆفی ڕەحیم سەر بە ناحیەی باوەنور بوو سنووری جوگرافی سۆفی ڕەحیم گردۆڵکەو تەپۆلکە و دەشتایی بوو لە ماوەی شەش ڕۆژ شەڕو بەرگریدا خەڵکی سۆفی ڕەحیم خواردنیان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکرد چەندین سەر ئاژەڵیان بۆ سەربڕین، یەکەم ڕۆژی شەڕەکە هەردوو پێشمەرگەی قارەمان شەهابە ڕەش و مامۆستا عەدنان شەهید بوون ، سالار لە پشتی زەنگەکەوە شەهید بوو ژمارەیەکیش بریندار بوون لەو شەڕانەدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرا بەردەوام ئیڤا و ئیسعاف تەرمیان دەگواستەوە.

هێزی دوژمن لە شەوی ٤/٩ لە نێوان گوڵمکەوە و سۆفی ڕەحیم کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەوە و گورزی کاریگەریان بەرکەوت زیاتر لە ١٩ جاش لە فەوجی ١٧٥ کوژران ئەحمەد و جەیران یەکێک لەو فەرماندانە بوو لەگەڵ کەرتەکەیدا ڕۆڵی دیاری بینی لە شەڕی سۆفی ڕەحیمدا.

کـــــشانەوە

دوای شەڕێکی جوامێرانە و بەرگرییەکی کەموێنە بڕیار درا هێزی پێشمەرگە بکشێنەوە لە کاتی پاشەکشەدا تیپی ٥٣ شێروانە لە هۆمەر مل و چوارشاخ و شێخ تەویل و گۆڕی ئەسپ تووشی شەڕی گەورە بوون گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند .دوژمن زۆر لە هۆمەر مل داخ لە دڵ بوو چەندین جار لە هۆمەر مل تووشی شکستی گەورە ببوولەو شەڕانەدا سەلاح بەسەختی بریندار بووپێشمەرگەیەک شەهید بوو

لە کاتی کشانەوەدا هێزی پێشمەرگە چوونە سنووری دەرەوار و مەسۆیی لەوێوە چوونە بناری چیای سەگرمە ، هێزی پێشمەرگە زیاتر لە ٥٠٠ ژن و منااڵ و

بریندارییان ڕزگار کرد بەشێک لە ئیسلاحی حیزبی شیوعیش لەگەڵ ئەو کاروانەدا بوون.

شەهیدەکان

لەو شەڕانەدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید و بریندار بوون

١- شەهید شەهابە ڕەش

٢- شەهید مامۆستاعەدنان مەدحەد مەبارەک

٣- شەهید سالار

٤- شەهید سلێمان خەڵکی تەپە سپی

شـــەڕی بـــاوەکر

تێکڕای هێزەکانی دوژمن لە قۆڵەکانی بناری گل و نەوجول، تالاو تەختە مینە، نەوجول چەمی داوداواو عەزیز قادر یەکیانگرتەوەو پەلاماری باوەکریاندا.

هێزەکانی دوژمن لە ناوچەی سەنگاوەوە پەلاماری دێیەکانیانداو هاتنە هەزارکانی ئەو هێزەی تیپی ٥١ی گەرمیان کە لە ناوچەکەدا مابوونەوەو نەچووبوونە شەڕەکانی سەرکردایەتی لە هەزارکانی ڕووبەڕووی هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن بوونەوە.

هێزەکەی گەرمیان لە هەنارە بنکەیان هەبوو هێزەکەی دوژمن هەنارەیان سووتاندو لەوێ مانەوە شەو هێزەکەی گەرمیان لێیاندان و پاشەکشەیان پێکردن دوژمن لەم ناوچەیە لە جوڵە کەوت.

کە هێزی دوژمن هاتە سەر ئاژداخ خەڵک ئومێدی نەما هێزی دوژمن لە سنووری داوێ پێشڕەویانکرد هێزەکەی تیپی ٥١ی گەرمیان هاتنە باوەکر بۆ سەر چەمی ئاوە سپی، دوژمن هێزی هێنایە سەر ئاژداخ ودەستیبەسەرداگرت.

هاوکات لە گەڵ مەفرەزەیەکی کەرتی ٣ بە سەرپەرشتی مەلا سەعید کە لە ناو باوەکر بوون کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی سەید جەوهەر هاتنە باوەکر.

سەید جەوهەرو حەمە چەوری (ئاربی جی) یان هەڵگرتوو چوونە خوار باوەکر، سەید جەوهەر چەند گوللە ئاربیجییەکی بەرەو ڕووی کۆپتەرەکان تەقاندو گەڕانەوە

ناو باوەکر هێندەی نەبرد دەنگی دەبابە دەهاتە گوێ کە تەماشایانکرد سەرووی دێیەکە پڕ بووە لە سەرباز هەشت کۆپتەر بەردەوام بە سەر ئاسمانی باوەکرەوە بوون چوار دەهاتوو چوار دەڕۆیشت بەردەوام بۆردومانی باوەکریاندەکرد.

هێزی دوژمن بە ڕۆخی ئاوەسپی بەدیوی قەوالێدا پەلاماری ناوچەکەیدا هێزەکانی گەرمیان ڕووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە مەفرەزەکەی کەرتی ٣ بە سەرپەرشتی مەلا سەعید لەو بەر دێی باوەکر دامەزرابوون شاخێکی بەرزی زالبوو بە سەر ئاوە سپی و هەردەکەی پشتیدا تا دەگاتە چاوشین.

کەرتی (٣) تووشی شەڕی گەورە بوون لەو دوانزە پێشمەرگەیە یانزە پێشمەرگەیان بریندار بوون لە ناویاندا مەلا سەعید و ئەکبەر سەبارو میرزای حاجی یونس، سابیری مدحەت و ئەحمەد بوون، هەموو گیانیان خوێن بوو.

کۆپتەرەکان لە ئاوایی شێخ حەمید دەنیشتنەوە تەقەمەنییان باردەکرد بە سەر پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکەدا بەتاڵیاندەکردەوە.

مەلا سەعید ئاربیکەیەکی بەدەستەوە بوو دەیویست پەنایەک بگرێت کۆپتەرێک تەقەیلێکرد و ئاربیکەکە لە دەستیکەوت.

مەلا سەعید ئاربیکەکەی هەڵگرتەوەو تەقەی لە کۆپتەرەکە کرد، کۆپتەرەکە تەقەیلێکردەوەو بریندار بوو چەند پارچەیەکی بەرکەوت، دوای بریندار بوونی ئەو پێشمەرگانەی کەرتی (٣) پاشەکشەیانکرد سەید جەوهەر مەفرەزەیەک پێشمەرگەی بە سەرپەرشتی عەلی بیکەیسی نارده جێگەیان.

سەید جەوهەر سەرکەوتە سەرەوە دوو دەبابە و ناقیلەیەک هاتبوونە نزیکیان بە ئاربیجی لێیدان، پێشمەرگە هێرشیانکردە سەریان باران و بایەکی بەهێز بوو تۆزی دەکرد ناقیلەیەک لە پەنایاندا بوو سەربازێک سەریدەرهێنا و کوشتیان ناقیلەکە کوژراوەکەی هەڵگرتەوەو تەقەی لە پێشمەرگەکانکرد هێندە نزیکبوو گوللەکان بە سەر سەری پێشمەرگەدا دەڕۆیشت پێشمەرگەکان دوای ناقیلەکان کەوتن و تا چاوشین ڕاویانانان.

هێزێکی زۆری دوژمن گەیشتنە ناو باوەکر[٦] لە گەڵ پێشمەرگەکاندا تێکەڵبوون شەڕێکی قورس دەستیپێکرد هەر پێشمەرگەیە دە گوللە کەمتریان پێمابوو حەشوەی (ئاربی جی) یەکە تەڕ بوو لە ناو لوولەی ئاربیجییەکەدا گیر بوو.

سەید جەوهەر بڕیاریدا پاشەکشە بکەن عەلی بیکەیسی لەو بەرەوە مەفرەزەکەی جێهێشت بۆئەوەی بێت بڵێ بکشێنەوە نیوەی دێیەکە هێزی دوژمنی تیایە کۆپتەر تەقەیلێکردو بریندار بوو، عەلی بە بریندارى ڕۆیشت لە بن بەردێکدا مایەوە، هەندێک پارەو نامەی پێبوو شاردیەوەو خۆی شەهید کرد تا نەکەوێتە دەست دوژمن.

کۆپتەر هێندە بە نزمی بە سەر پێشمەرگەکاندا دەهات دەیوویست بە دەست بیانگرێت لە پەنا پێشمەرگەکاندا هێزی دابەزاند.

کۆپتەرێک هاتە سەر سەری مستەفا دۆشکەکەی نایە سەری دەستڕێژی لێکرد بەڵام نەیپێکا مستەفا پانزە فیشەکی پێمابوو نای بە کۆپتەرەکەوە، پێشمەرگەکان کشانەوە دۆڵێکەوە کۆپتەرێک بە نزمی لە سەریانبوو تەماشایدەکردن هێندە نزمبوو سەرنشینەکانیان دەبینی، کۆپتەرەکە لە سەر سەری پێشمەرگەکان هێزی دابەزاند، پێشمەرگەکان لە باوەکر دەرچوون.

لەو شەڕەدا حسێن بەدیلگیرا، عەلی بیکەیسی بە بریندارى خۆی شەهید کرد دوای دە ڕۆژ شوانێک چوو بووە سەری دوای مانگێک پێشمەرگەکانی کەرتی (٥) گەڕانەوە تەرمەکەیان دۆزییەوەو بە خاکیان سپارد.

کەرتی (٦) تیپی ٥١ی گەرمیان لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٣ لە عەلیانی گەورە دەرچوون لە هەردەکانی نێوان کانی عوبێد و قولیجانی سەرحەد سەنگەریانگرت بە هەزاران جاش و قوات خاسە و سەرباز پەلاماری گەرمیانیاندا ڕۆژ بە ڕۆژ گەمارۆی سەر هێزی پێشمەرگە چڕترو تەسکتر دەبووەوە هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە هەموو لایەکەوە پەلاماریاندەدا.

- کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ هێزی دوژمن گەیشتە دێی عەلیان
- لە سەر چەمی ئاوە سپی گەیشتە دێی خان

٦ باوەکر لە سەرچەمی ئاوە سپی لە شوێنێکی چاڵدایە زنجیرەیەک بەرزایی و تەپۆڵکەی هەیە هێزەکەی گەرمیان لەو بەرزاییانە دامەزران و سەنگەریانگرت.

- لە قۆڵی قادرکەرەم و گوڵباخەوە گەیشتە دێیەکانی هەڕێنە، تەپە عەرەب
- لە قۆڵی کەلار تیلەکۆ گەیشتە دێی گامەخەڵ

کاتژمێر ٩ی بەیانی کەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان کشانەوە قولیجانی سەرحەد، تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی عادل شکورو کەرتی ٦ بە فەرماندەیی عوسمانی حاجی مەحموود لە بەرزاییەکانی کانی عوبێد و قولیجان کۆبوونەوە لە ڕێگەی بێتەلەوە مەڵبەندیان لە گۆڕانکاریەکان ئاگادار کردەوە.

دەمـەو ئێوارە هێزەکەی تیپی ٥١ی گەرمیان بـەرەو دێی مەسۆیی بەرگەچ کشانەوە لە قولیجانەوە چوونە کوردە میر خەڵکی دێیەکان بە گریان و شیوەنەوە بەرەو پیری پێشمەرگەکان هاتن لە دۆخی نالەباری خۆشیاندا خەمی پێشمەرگەیان بوو.

بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان نێردرانە شەلەیی بۆ بەرگریکردن، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٥ هێزی داگیرکەر دێی قولیجانیان سووتاند و دانیشتوانەکەیان بەرەو ملە سورەو قەڵای قۆرە توو ڕاپێچکرد کە بارەگای فیرقەی قیادەی ٢١ی لێبوو.

دوای دوو ڕۆژ لە بەرگری هێزی پێشمەرگە دوژمن گەیشتە دێی سۆفی ڕەحیم و عەلی وەسمان و ڕووخاندیانن.

دوا سەنگەرو هێڵی بەرگری پێشمەرگە لە (زەردەلیکاو) بوو دوا جار دانیشتوانی دێیەکان ناچار کران بەرەو دێی فەقێ مستەفا بکەونە ڕێ لەوێشەوە ئەنفالکران.

دوای شەڕو بەرگرییەکی کەم وێنەو گورزی گەورە لە داگیرکەر هێزی پێشمەرگە بەرەو ناوچەکانی مەڵبەندی ٣ و قەندیل کشانەوە بەشێک لە هێزەکانی تیپەکانی گەرمیان بە پارتیزانی لە گەرمیاندا مانەوە.

ئـــەنفالی دوو- ســـێ
تـــیپی 57ی ســـەگرمە

دوای بەشداریکردنیان لە شەڕەکانی ئەنفالی یەک تیپی ٥٧ی سەگرمە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

دوای ئەوەی ئێوارەی ١٩٨٨/٣/٢٠ لە شانەخسێ پەڕینەوەو چوونە سەردەشت لەوێوە چوونە ناوزەنگ، تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥١ی گەرمیان بەیەکەوە بوون هێزی دوژمن لە بەردقڵیشەوە تۆپبارانیانکردن لەو تۆپبارانەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون یەکێک لە شەهیدەکان (میران) پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو.

شەهیدەکانیان نارده دواوە بۆ ئەوەی هێزەکە لە جوڵە نەکەوێت، بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن گەیشتنە ڕەزگەو مارەدوو شەوێکی سەخت و باراناوی و ناخۆش بوو، بۆ ڕۆژی دواتر چوونە قەڵاتووکان و لەوێوە بۆ قەڕناقاو پشت ئاشان، ئێوارەی ڕۆژی سێیەم پەڕینەوە لە زارگەلییەوە چوونە (وەرتێ)، لە کەڵکی (گامێشە ڕێ) کەوتنە بۆسەی جاشەکانی قاسماغاو مەفرەزەی بەکرە شەلەوە پێشمەرگەکان جاشەکانیان تێکشکاند و چەک و تفەنگیان پێجێهێشتن، لەو شەڕەدا سالاری ڕابەر سیاسی تیپی سەگرمە بریندار بوو.

شەوێک لە وەرتێ مانەوە بۆ بەیانییەکەی سەرکەوتن چوونە کڵێتە لەوێوە شۆڕبوونەوە بۆ گەڕەوان بۆ ڕۆژی دواتر چوونە بالیسان ڕێگا بەفرو سەرماو باران بوو.

زۆربەی هێزەکانی مەڵبەندی یەک چوونە دۆڵی سماقولی و بەشی خوارەوەی کۆیە، تیپی ٥٧ی سەگرمە شارەزابوون لە هێزەکانی مەڵبەندی یەک جیابوونەوە بە چیوەو چیوەدا هاتنە سکتان، لە سکتانەوە بە هەیبەت سوڵتاندا گەیشتنە بەرانبەر گۆپتەپە هێزەکەیان لە زێ دەپەڕاندەوە بە کەڵەک، جیهازە ڕاکاڵەکەیان بەستبوو جیهازەکەی کاک نەوشیروان لە سەقزەوە بروسکەیەکی بۆکردن سەری سەعات کاک نەوشیروان قسەتان لە گەڵدا دەکات بەڵام سەری سەعات کاک نەوشیروان نەهات بروسکەیەکی ناردبوو داوایکردبوو بزانێت تیپی سەگرمە لە کوێن.

تیپی سەگرمە وەڵامی بروسکەکەی کاک نەوشیروانیان دایەوە لە سەر زێی

بچوکین بەرانبەر گۆپتەپە دەمانەوێت بپەڕینەوە گۆپتەپە.

ئەو ڕۆژەی تیپی سەگرمە دەپەڕینەوە گۆپتەپە، شالاوەکانی ئەنفالی دوو لە دەربەندی بازیانەوە بۆ مەڵبەندی یەک تا دەربەندیخان بە هەر دوو بەری شاخی قەراخ و بەراناندا دەستیپێکرد.

کاک نەوشیروان لە بروسکەکەیدا داوای لە تیپی ٥٧ی سەگرمە کردبوو هێزەکانیان بە سەربەخۆیی نەچنە سنووری مەڵبەند لە پێشەوە مەفرەزەیەک بنێرنە سنوورەکەی خۆتان بۆ ئەوەی باش هەلومەرجی ناوچەکە هەڵسەنگێنن ئەو کاتە هێزەکەتان بەرن.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە سەر ڕێنماییەکەی کاک نەوشیروان بەرەو ئۆردوگای تەکیە ڕۆیشتن چوونە دێی چیا سەوز لە چیا سەوزەوە مەفرەزەیان نارد بەری هەمەوەند بۆ شەوی دواتر پەڕینەوە چوونە هەمەوەند ناوچەکە چۆڵیکردبوو ئازوقەو خواردەمەنی لە ناو ماڵەکاندا جێمابوو، هێزەکانیان لە ناو دێیەکەدا حەشاردا نەیانهێشت زۆر جوڵە بکەن چوونکە لە دەربەندی بازیانەوە تا سەر دێی ژاڵە جاشەکانی قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس هەموو مەفرەزە خاسەکانی تەحسین شاوەیس هەموو مەفرەزە خاسەکانی چەمچەماڵ لە سەر شاخی شۆراو بوون.

دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە و قسەکردن لە گەڵ مەڵبەند ووتیان بچنە بەری زەنگنە، هێزەکەی سەگرمە بۆ شەوی دواتر پەڕینەوە چوونە دێیەکانی خوێڵێن، مەملەحە، ئاوە بۆرەکە، قرخ هێزەکانیان بە پێی کەرتەکان دابەشکرد.

ماوەی پێنج ڕۆژ لەو ناوچانە مانەوە شالاوەکانی ئەنفالی (٣) دەستیپێکرد، لە شالاوەکانی ئەنفالی (٣)دا تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ناوەندێکدا بوون لە ڕووی سەربازییەوە کۆتایی هاتبوو چوونکە بەردەمیان جادەی سەنگاو چەمچەماڵ بوو، پشتیان جادەی سەنگاو قادرکەرەم بوو، تەنیشتیان بان جەباری و جادەی قادرکەرەم ، بان مەقان بوو.

هێزەکانی دوژمن لە هەموو لایەکەوە پێشڕەوییانکرد ڕۆژی یەکەم لە نەورۆزو داربە سەردا بەشێک لە پێشمەرگەکانی کەرتی (٤)ی جەباری شەڕی گەورەیانکرد.

سەرەتای دەستپێکی شالاوەکانی ئەنفالی (٣) هێزی گەورەی دوژمن هاتە سەر تیپی سەگرمەو تێکڕای ناوچەکە تیپی ٥٧ی سەگرمە لە بەرزاییەکانی پشتی خوێڵێن و مەملەحە و ئاوەبۆرەکە و تاڵەبان تا ئێوارە بەرگرییانکرد.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە دێی تاڵەبان ماوەی چوار کاتژمێر بەرگرییانکرد لەو بەرگرییەدا جەماڵە سوور پێشمەرگەی دەستەکەی هیوا بارۆیی شەهید بوو.

دەبابەی بەڕازیلی چوار دەوری تاڵەبانیان گرتبوو پێشمەرگەکانی سەگرمە بەرەو بەرزاییەکان پاشەکشەیانکرد.

بەشێک لەو جاشانەی شان بە شانی دەبابەکان دەهاتن هاواریان لە پێشمەرگەکان کردو تکایان لێکردن هەستن و سەنگەرەکان جێبهێڵن چوونکە ئەو هێزەی کە هاتووە لە توانای پێشمەرگەدا نییە بەرگری بکات جا بۆ ئەوەی کە شەهید نەبن حەز دەکەین بڕۆن ئێوە کوردن ئێمەش کوردین تکامان وایە بڕۆن.

دوژمن لای سەروی دێی تاڵەبانیان گرتبوو دوا دەستەی پێشمەرگە زۆر بە پەلە پڕوزێ تواناییان تاڵەبان جێبهێڵن.

تیپی ٥٧ی سەگرمە ڕێگەیان بۆ خەڵکی ناوچەکە کردەوەو پێیان ووتن ئێوە ئازادن بۆ کوێ دەچن پێمان خۆشە خۆتان ڕزگار بکەن.

پێشمەرگەکانی سەگرمە خەڵکی دێیەکانی خوێڵێن، مەملەحە، دێ ڕەشە، قرخ، تاڵەبان، گۆران، ئاوە بۆرەکە و گەڕاوییەکانیان لە گەڵ خۆیاندا بردە بەری هەمەوەند لەوێوە بەڕێیانکردن بۆ ناو چەمچەماڵ و ئۆردوگاکانی دەوروپشتی چەمچەماڵ.

خەڵکی ئەو دێیانە لە سەر دەستی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە مەرگ ڕزگاریان بوو نەیانهێشت بکەونە دەست دوژمن.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە گەڵ هێزەکانیتری مەڵبەندا یەکیانگرتەوەو هاتنە بەری قەڵا سێوکەو شوان و شێخ بزێنی سنووری تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان کە دواتر شالاوەکانی ئەنفالی (٤)یش گەیشتە ئەوێ.

عـــەسکەرو هاوڕێکانی کـــۆتاییەکی غـــەمگین شـــەڕی نـــەورۆزو دار بە ســـەرە 1988/4/4-3

شێخ کەریم لە قەیتول بوو چەند پێشمەرگەیەکی لە گەڵدا بوو، مامۆستا جەلال جەوهەر لێپرسراوی ڕێکخستنی تیپی ٥١ی گەرمیان لە ناوچەکە بوو.

لە قەیتولەوە بە قەڵا میکایلدا هاتنە عەلی مستەفا، لە عەلی مستەفا ووتیان لە نەورۆزو دار بە سەرە شەڕە.

شێخ کەریم و مامۆستا جەلال بە تراکتۆرێک هاتنە پاریاوڵە نەیانتوانی فریای شەڕەکە بکەون، عەسکەرو کەرتەکەی لە ناو نەورۆزدا بوون دار بە سەرە ئەو بەری ئاوی ڕۆخانە بوو دوژمن پەلاماری نەورۆزیدا بوو، شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەو دوژمندا ڕوویدا و شێخ کەریم و پێشمەرگەکانی گەرمیان چوونە دار بە سەرە لە هێزەکەی دوژمنیاندا.

هێزی دوژمن گەیشتبوونە پشتی نەورۆز، مودەڕەعەکان گەیشتبوونە نزیک دێیەکە خەریکبوو دەستیاندەگرت بە سەر دێیەکەدا پێشمەرگە بەرگری ئازایانەیانکرد دەمەو ئێوارە هێزی دوژمن شکا، (٥) جاش دەستگیرکران

(٥) جاش کوژران

دوژمن شکا بەرەو لەیلان و زەمبوور گەڕانەوە

عەسکەر تازە ژنی هێنا بوو مالّی لە پاریاوڵە بوو شێخ کەریم و مامۆستا جەلال شەو چوونە مالّی عەسکەر، بەیانی عەسکەر ئۆتۆمبیلێکی پێدان تا بچنەوە بناری گل دوایی ئۆتۆمبیلەکەی بۆ بنێرنەوە.

شێخ کەریم و هاوڕێکانی زۆر دوور نەکەوتبوونەوە هێزی دوژمن لە زەمبورەوە بەرەو نەورۆزو دار بە سەرە هێرشی هێنایەوە.

شێخ کەریم و هاوڕێکانی گەڕانەوە لە چەمێکدا ئۆتۆمبیلەکەیان جێهێشت و چوونە دار بە سەرە، شەڕێکی قورس ڕوویدا قورسایی شەڕەکە لە سەر نەورۆز بوو دەمەو ئێوارە دوژمن شکا بەشێکی بەرەو زەمبور بەشێکی بەرەو لەیلان هەڵاتن، دوای شەڕەکە شێخ کەریم و هاوڕێکانی عەسکەریان جێهێشتوو چوونەوە ناوچەی داوێ.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨ پەلاماری دوژمن بۆ سەر گەرمیان دەستیپێکرد شێخ کەریم لە ڕێگەی حەمە ڕەشەوە پەیوەندیکرد بە عەسکەرەوە تا بزانێت لە کوێیە، عەسکەر لە وەڵامدا ووتبووی ئێمە لە ناوچەی چەم کوچەڵە و زەردەین دوژمن لە خەتی کەرکوکەوە هاتووە بەردەممان لێگرتووەو شکاندومانن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٠ شێخ کەریم چووە شوێنێکی بەرز پەیوەندی بە عەسکەرەوە کرد ووتی خەریکە ناوچەی گەرمیان سقوت دەکات ئێمە بەرەو خان و کولیجان دەڕۆین تۆش وەرە لای ئێمە، عەسکەر ووتی ئێمە دوژمنمان شکاندووە قورسە بگەینە لای ئێوە ئێمە لێرە دەمێنینەوە گەر سەغڵەت بووین دەگەڕێینەوە بەری شوان.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢-١١ شێخ کەریم و عەسکەر پەیوەندیان نەبوو، ١٢ی مانگ شێخ کەریم مەلا ئەحمەد و ڕزگاری نارد بۆ قادرکەرەم تا بزانن دەنگوباس چییە، خەڵک چی بە سەر دێت.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٣ ڕزگار و مەلا ئەحمەد گەڕانەوە ووتیان عەسکەرو کەرتەکەی تەسلیم بوونەوە، شێخ کەریم بڕوای نەکرد ووتی من تەسلیم ببمەوە عەسکەر تەسلیم نابێتەوە، بەڵام ئەوە ڕاست بوو تەسلیم ببوونەوە.

لە گەڵ عەسکەردا سەید جەوهەر عەلی مستەفا جێگری کەرت، مامۆستا سەڵاح ڕابەری سیاسی، بێستون ڕێکخەری کەرت تەسلیم بوونەوە.

عەسکەرو کەرتەکەی تەسلیم بە عەدنان جەباری مستەشار بوون، دوای تەسلیم بوون بردیاننە لەیلان، خەڵک و نزیک و دۆستەکانی عەسکەر چوو بوونە ژێر سەریەوە وتبوویان یەکێتی نەماوە، شێخ کەریم لە دوز تەسلیم بووەتەوە ئێوە تازە چیدەکەن، عەسکەرو کەرتەکەی لە ژێر فشاری ئەو پڕوپاگەندانەو کەسووکاریاندا تەسلیم بوونەوە.

عەسکەرو کەرتەکەی لە لەیلان بوون ڕژێم لە ڕێی عەدنان جەبارییەوە بە فێڵ عەسکەرو سەید جەوهەرو مامۆستا سەڵاح و مامۆستا بێستوونی بردە ئەمنی عامە بۆ لای حاجی عەبد.

عەدنان جەباری وتبووی ئەوە ئەو نێچیرانەن کە ئێمە بەدوایاندا دەگەڕێین.

لە بەغدا مۆڵەتی مانگێکیان بۆ هەر چواریان کردبوو بە مەرجێک نەچنە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک لە هەر جێگەیەک دەبن ئازادن.

مەبەستی ئەمن ئەوە بوو خەڵکی ئەوان ببینێ ئازادن نەترسن و کەسوکاریان تەسلیم بکەنەوە، عەسکەرو هاوڕێکانی هاتنەوە کەرکوک چوونە مالّی مامۆستا جەبار لە ئیسکان دوو ڕۆژ لەوێ مانەوە.

شەوێکی درەنگ عەدنان جەباری بە دوو لاندکرۆز هەر چواریانی لە مالّی مامۆستا جەبار برد هەر ئەو شەوە لە دەوروو بەری کەرکوک گوللەبارانیانکردن و کردیانن بە ژێر خاکەوە.

باقی کەرتەکەی عەسکەر لە سیمەکەی لەیلاندا بوون بەرەو چارەنووسی نادیار بردیانن و ئەنفالکران.

مـــەڵبەندی یەك ڕێکخراوی چـــواری کـــۆمەڵە 1988/4/8

ئەنفالی سێ لە ناوچەی گەرمیان دەستپێکردبوو هێزەکانی (ی ن ک) دوای بەرگریەکی زۆر پاشەکشەیانکرد دەبووایە بکشێنەوە بەرەو قەرەداخ.

عومەر فەتاح لێپرسراوی ڕێکخراوی (٤)ی کۆمەڵە بوو ڕزگار مستەفا و نورەدین دوزی بە بڕیاری عومەر فەتاح چوون بە دوای هێزێکدا، ئەو هێزەش پێکهاتبوو لە تیپەکانی ٥٥ی قەرەداخ، ١٧ زمناکۆ، تیپی تایبەت و بەشێکی حزبی شیوعی، لە شێخ تەویل و بەکر بایفەوە هێنایانن بۆ قوڵایی گەرمیان، چوونە جامڕێز لەوێشەوە بۆ زستانە.

شـــەڕی کـــۆیك

زستانە بە شوێنێکی بەرزەوە هەڵکەوتبوو دروستکرابوو هێزەکەی قەراخ و زمناکۆ کە ڕزگار و نورەدین هێنابوویانن چوونە زستانە.

ماڵێک لە زستانە پیاوێک و ژنەکەیی و حەوت کچ بوون کە پێشمەرگەکانیان بینی زۆریان پێخۆشبوو دەچنە کۆیک چوونکە ناوچەی گەرمیان زۆری گیرابوو.

دۆخەکە خراپ بوو، پێشمەرگە تەسلیم دەبوونەوە هێزەکان کەم مابوونەوە دوو پێشمەرگەی تیپی ٥٩ی حەمرین چوو بوون تەسلیم ببنەوە، لە نزیک سەنگاو خەڵکی دێیەکانیان بینیبوو جیایان دەکەنەوە لە یەکتری و سواری زیلی سەربازیان دەکەن ئەمانیش گەڕابوونەوە.

کۆمەڵێک پێشمەرگە لە زستانە بوون چوونە کۆیک جاش و سووپا هێرشی بۆ کردن، لە خوار کۆیکەوە کۆمەڵێک قەڵەم تۆز هەبوون، پێشمەرگەکان چوونە ناو قەڵەمتۆزەکانەوە، زڕەی زنجیری دەبابەکان دەگەیشتە گوێ، نورەدین دوزی ووتی با بچین پشتی لێبگرین عەلی ڕەشە جوتە ووتی پشت لە چیدەگریت ئەو هەموو دەبابەیە هاتوونەتە ناو گەرمیانەوە، دەبابە تۆزیدەکرد.

جاشەکانی تەحسین شاوەیس لە گەڵ سووپای عێراق هاتبوون دێیەکانیان سووتاند بوو، خەڵکیان دەستگیر کردبوو.

لە گەرمەی شەڕی کۆیکو پێشمەرگەکانی یەکێتی گۆرانیان بە کۆرس دەوتەوە، ئەکرەم، مەناف هەورامی، مامە قالە گۆرانیەکیان بە کۆرس دەوتەوە

کچێ وە لیو لیو بم

وە پاوانەی زیوو بم

هەموو پێشمەرگەکان بە دوای ئەواندا ببوونە کۆرس و دەیانووتەوە لەو شەڕەدا کوڕە هونەرمەندێکی خانەقینی کە لە تیپی ٥٥ی قەراخ پێشمەرگە بوو شەهید کرا هەر لە کۆیک بە خاکسپێردرا.

تـــارمایی قـــورپێوان- زســـتانە
1988/4/13

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٣ لە ڕێگەی بێتەلەوە ئاگادار کرانەوە پاشەکشە بکەن، کاتژمێر (٤)ی ئێوارە بوو باران دەباری، پێشمەرگەکان لە کۆیکەوە گەڕانەوە زستانە، دنیا خەریک بوو تاریکیدەپۆشی، کە چوونە ناو زستانە ئەو پیاوەی کە لە گەڵ ژنەکەی و حەوت کچەکەیدا بوو دەستیانکرد بە گریان دەیانووت بۆ کوێ دەچن، پیاوەکە بە پێشمەرگەکانی وت هەر یەکەی یەک کچم بەرن لە گەڵ خۆتاندا دەستیانکرد بە گریان.

پێشمەرگەکان بە دڵی پڕ لە کەیل و خەمەوە ڕۆیشتن و زستانەیان بەجێهێشت، ئەو ماڵەش دەنگی گریانیان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد قوڕیان دەپێوا.

زستانە بە شوێنێکی بەرزەوە بوو تا پێشمەرگەکان لە چاو ون بوون هەتا لە ئاوایی دەرچوون ئاوڕیان دەدایەوە بۆ زستانە، دەنگی گریانی حەوت کچی سەلارو ڕوو سووری کورد دەگەیشتە ئاسمان.

دنیا تاریکی دەپۆشی تارمایی قوڕپێوانەکە لە دوورەوە دیار بوو ڕاوەشانی دەستەکانیان کە دادەنەوینە زەوی و قوڕیان دەخستە سەر سەریان بۆ بێکەسی خۆیان دەگریان و قوڕیان دەپێوا غەمگینترین تابلۆ بوون تابلۆیەک تەنها ڕووح، ویژدان، کورد بوون دەتوانێت تێبگات و بینووسێتەوە، تابلۆی تارمایی قوڕپێوان، پێشمەرگەکان لە گەڵ هەر ئاوڕدانەوەیەک کسپەیان لێهەڵدەستا بە کوڵ دەگریان بۆ

مەرگی گەلێک، بۆ کچان و ژنانی ڕوو سووری گەرمیان.

پێشمەرگەکان لە زستانە پێپەڕین گریان و قورپێوان و هـاوارو سکالاّیان بە زستانە سپاردو هاتنە جامڕێز کەسی تیا نەبوو خەڵک لەو دەشت و هەردە خۆیان حەشار دابوو لەوێش تێپەڕین چوونە مەسۆیی بچووک شەو لەوێ مانەوە، بۆ بەیانیەکەی ١٩٨٨/٤/١٤ هەموو هێزەکان چوونە مەسۆیی بەر گەچ، قادری حاجی عەلی، عومەر فەتاح، شێخ جەعفەر، مام ڕۆستەم لەوێ بوون وتیان دەبێ پاشەکشە بکەین، خەڵکێکی زۆری گەرمیان هاتبوون هـەزاران سەر مەڕوو مالاّتیان پێبوو بەرەو قۆپی قەراخ دەڕۆیشتن.

هێزەکە کرا بە دوو بەشەوە:

هێزی یەکەم حەمە ڕەش بوو کۆمەڵێک خەڵکی گەرمیان و هێزێکی زۆری پێشمەرگەی بەو ئێوارەیە بردە چەمی ڕەزان، ژن و خوشکەکانی شەهید نازمە بچکۆلیش لە گەڵ ئەو خەڵکە بوون.

هێزی دووەم، شێخ جەعفەر، عومەر فەتاح، قادری حاجی عەلی بوون لە گەڵ هێزێکی پێشمەرگەدا بەرەو قۆپی ڕۆیشتن، لە ناو قۆپی شەویان بە سەردا هات سەرکەوتنە سەرەوە بۆ لای خێمەکانی حزبی شیوعی (٣) خێمەی لێبوو کۆمەڵێک پێشمەرگە جێگەیان بووەوە.

شەوە بارانێکی بە خوڕ بوو، دەنگی باران سەمفۆنیایەکی غەمگینی دەژەنی، سەمفۆنیایەک بۆنی مەرگ، بۆنی دۆزەخ، بۆنی نالّەو هەناسەی ژنانی ڕوو سووری کوردی دەژەنی و دەوتەوە.

ڕزگار مستەفا، نەوزاد کەریم، دکتۆر فایەق، سەفین، مەحموود سەید خەلیلی و چەند پێشمەرگەیەکیتر ئاگرێکی گەورەیان لە قۆپی قەرەداخ کردەوە.

بۆ بەیانی بڕیار بوو بڕۆن، سامی جەمال، فازیلی سەرکۆ، فەرهاد گۆشانی چوون ڕێگەکە پاک بکەنەوە تا بزانن قۆپیەکان گیراون، کاتژمێر (٣) هێزەکە ڕۆیشتن چوونە قۆپی سەرکۆ، بەیانی زوو گەیشتنە دێی هۆمەر ئامان دێیەکە سووتا بوو، لێرەوە هێزەکان جیا بوونەوە.

+ قادری حاجی عەلی چووە پشتی خاوێ.
+ حەمە جەزای هونەرمەند هێزێکی لە گەڵدا بوو چوونە پشتی دۆڵان.
+ عومەر فەتاح، شێخ جەعفەر چوونە دۆڵانەکان.

1988/4/16

هێشتا بەیانییەکی زوو بوو کاتژمێر بەرەو حەوت دەڕۆیشت دوو ناقیلە لە دێی دەرەویانەوە دەچوون بۆ دۆڵانی خواروو، پێشمەرگەکان هێستری مەڵبەندیان پێبوو هەندێک لە هێزەکەی دوژمن کە طەواری بوون دابەزین بۆ هێسترەکان، (٥) پێشمەرگەی تیپی (٥٥)ی قەراخ خەوتبوون بە دیلگیران، پێشمەرگەیەک هاتە دەست و تەقەی لە تەواریەکان کرد کە سەر بە تاقمەکەی عومەرە بچکۆل بوون، چەند جاش و تەواریەک کەوتن پێشمەرگە دیلەکانیش ڕزگاریان بوو، شەڕ دەستیپێکردوو دوو ناقیلە تەقەیاندەکرد، دوو شوێن هەبوو پێشمەرگە لێیدەرچن شوێنێکیان گردبوو خالید ماوەتی سەرکەوت فیشەکی دۆشکای مودەڕەعە دای لە سەری هەڵیدایە خوارەوە، شێخ یوسف لەوێوە سەرکەوت و ڕۆیشت، شێخ جەعفەر ووتی جاش لە دۆڵانی سەرەوە پەلامار دەدات، ڕزگار و ڕەزاقی حاجی ئەحمەد چوونە سەرەوە (١٠) مەتر لە جاشەکان دوور بوون لێیاندان و جاشەکانیان شکاند.

کـــوشتنی مام ســـــەید

مام سەید شوانی باخی سەروو بوو لە گەڵ پێشمەرگەکاندا بوو کە ناقیلەکان تەقەیانکرد تفەنگەکەی هەڵگرتبوو بەرەو ڕووی دوژمن چوو، پێشمەرگە لە دواوە لێیانداو کوشتیان چوونکە بگەیشتایەتە ناقیلەکان هەموو نەهێنی و شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان ئاشکرا دەبوو.

هێزەکەی دوژمن شکا، چوون بۆ دۆڵانی سەروو، هونەرمەند حەمە جەزاو هێزێک لەوێبوون ئەوانیش لێیاندان و شکاندیانن تێکڕا لە هەموو قۆڵەکان کۆمەڵێک جاش و تەواری کوژران، دوو کۆپتەر هاتنە سەر قۆپیەکان تەقەیان نەکرد.

کەسێک لە ناو کۆژراوەکاندا دەستی ڕاوەشاند کاتێک چوونە سەری تەواریەک بوو گرتیان و هێنایانە خوارەوە ووتی من پێشمەرگەم تازە هاتوومەتە دەرەوە وتیان لە کوێ پێشمەرگە بووی ووتی لە کەرتی دووی مامجەلال، وتیان مامجەلال ماوەیەکە لە کەرتی دوو نەماوە دواتر دانی پیادا ناو ووتی تەواریم، بریندارێکی سەخت بوو هەر لەوێدا کوشتیان.

خالید ماوەتی و حەمە ڕەئوفی برای عومەر غەریب بریندار بوون، خالید ماوەتی گوللەیەک لە سەریدا بوو حەمە ڕەئوف قۆڵی بە گوللەی دۆشکا شکا بوو.

کە شەو داهات هێزەکە ڕۆیشتن بەرەو پشتی گەڕەزیل لەوێشەوە بۆ مریەم بەگ دوای ئەوە بۆ هەڵەرە دواتر چوونە قازانقایە دێیەکە هەمووی مابوو، بۆ بەیانی زوو چوونە پشتی قازانقایە چاو ساغیان نارد کە ڕێگە پاکەنەوە ملازم بەختیارو لەتیف بە دیل گیران، جاشەکان لەتیفیان ئازاد کرد، پێشمەرگە دوو جاشیان گرتبوو جاشەکان وتبوویان برۆ ئەو دوو جاشە بەر بدە ملازم بەختیاریش ئازاد دەکەین، پێشمەرگە دوو جاشەکەیان کوشتبوو بەڵام جاشەکان ملازم بەختیاریان ئازاد کرد.

گـــەڕانەوە بۆ قـــۆپی
1988/4/17

دوای ئەوەی دەلیلەکان بە دیلگیران و ئازاد کران هێزەکە ڕێگەی خۆی گۆڕی پێشمەرگەکان گەڕانەوە قازانقایە.

ڕزگار مستەفا، محەمەد سێوسێنانی، ڕەزاق حاجی ئەحمەد، فەرهاد گۆشانی، ستاری چەمی سمۆر، برادەرانی حزبی شیوعی، بەهادین نوری، مامۆستا عەلای برای، شێخ محەمەد، شێخ عەلی، عومەر غەریب، حەمە ڕەئوفی برای، خالید ماوەتی ، دکتۆر فایەق گوڵپی بریندارەکانی تیمار کردوو هەندێک دەرمانی دانێ و وتیان بڕۆن لە قۆپی قەراخ خۆتان حەشار بدەن.

کاک عومەر فەتاح پێیوتن مەلا ئەحمەدی گەرمیان و سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی و مەحموودی مامە عەزە و برادەرانی حزبی شیوعی هەمووتان یەکدەگرنەوەو لەوێ دەمێننەوە ژیانتان پارێزراوە، بەختیاری مەلا عزەت بریندار بوو بردیان لە گەڵ خۆیان بەڵام دوو بریندارەکەی تریان نەبرد.

بـــەختیاری مـــەلا عـــزەت

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ سێوسێنان کیمیابارانکرا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕووبـەڕووی هێرشەکانی داگیرکەر بوونەوە کە سەرپاکی گەرمیان و قەراخیان تەنیبوو.

عەدنانی حەمەی مینا، سوهاد خانەقینی، ئەنوەری حەلاو، ماجید فەیلی، حەمەی ڕیحان، بەختیاری مەلا عزەت و مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی ڕووبەڕووی هێزە پەلامارەرەکەی داگیرکەر بوونەوە کە بە پاڵپشتی کۆپتەرو تۆپخانە هاتبوونە گەرمیان.

لەو شەڕەدا تۆفیق حەمەدەمین گامە خەڵی شەهید بوو عەدنانی حەمەی میناو دوو پێشمەرگەی حزبی شیوعی بریندار بوون.

لە گەرمەی شەڕو پێکاداندا لە ڕێگەی بێتەلەوە بەختیاری مەلا عزەت بانگکرایە مەڵبەند ڕایانسپارد چەک و تەقەمەنی بگەیەنێتە گەرمیان، بەشی یەکەمی چەک و تەقەمەنیەکانی گەیاندە کربچنە و تەسلیمی جەلال جەوهەری کرد، لە کاتی گواستنەوەی بەشی دووەمدا لە سەر پردەکەی کچان کەوتە کەمینەوەو بریندار بوو، بە بریندارى خۆی گەیاندە بانی مۆرد لەوێ حاکم غازی سالار و چەند پێشمەرگەیەک تیماریان کردو بەرەو دێی زاودی بەڕێیانکرد لە ١٩٨٨/٤/١٥ لە گەڵ هێزەکانیتردا لە قۆپی قەراخ یەکیانگرتەوە.

ئەو پێشمەرگانەی گەڕانەوە قۆپی کاتژمێر ٨ی بەیانی گەیشتن، لە ڕێگەی سەرکەوتنە قۆپی دەیان چەک و مەخزەن و گوللە ئاربیجیان دۆزیەوە.

یـــادەوەری فـــیراریێك
1988/4/18

بریندارەکانیان لە ناو قۆپی دانا ڕۆژانە بە ناو قۆپیەکاندا دەگەڕان ڕزگار مستەفا نیو فەردە وێنەی فیراریێکی دۆزیەوە دەفتەری یادەوەریشی لە ناودا بوو، لە دەفتەری یادەوەریەکاندا ئەو فیرارە ناوی ئەو کچانەی نووسیبوو کە پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵیاندا هەبووە، جەنابی ناوی حەڤدە کچی نووسیبوو بە ناوی سیانییەوە.

قـــەڵای نـــارامسین [7]

ئەو ئێوارەیە ڕۆیشتن چوونە قۆپی گوێزەکە لە خوار قەڵای نارامسینەوە لەوێ لایاندا لەو کاتەدا دوو پێشمەرگەی بریندارى تیپی (٥٥)ی قەراخ ڕزگار هەورامی، شێخ عەلی چەقڵاوەیان دۆزیـەوە کە لە شێخ تەویل بریندار ببوون بریندەکەیان سووک بوو ئەو شەوە لە قۆپی خەوتن، کاک سوادو کاک ماجید وایانزانیبوو ئەمانە حزبی شیوعین.

تـــەرمی ســـیخوڕێك
1988/4/19

پێشمەرگەیەک تەرمی سیخوڕێکی حزبی شیوعی دۆزیـەوە کە هەر خۆیان کوشتبوویان فڵچەی دەم و دان و (١٣) دیناری لە گیرفانی کوژراوەکە دەرهێنا بوو، مامۆستا بەهادین نوری لێی تورە بوو ووتی پێشمەرگە چۆن دەبێت دەست بکات بە گیرفانی تەرم و لاشەدا.

پـــەلاماری دوژمـــن

دارو دەوەن تازە چرۆی دەکرد گیا بەرز ببووەوە دەشت و دەر خەریک بوو سەوزی دەپۆشی، تەپو تۆزی ئەنفالی شومی دەتەکاند، گوڵ و دار خەریک بوون سەر لە خاک بهێننە دەر گوڵ بپشکوێ و شکۆفە بکات داریش گەڵا سەوز بکات، دەشت و دەر بە گوڵاڵە سورەی خوێنی شەهیدان داپۆشرێ و سوور بچێتەوە.

پێشمەرگەکان لە قۆپی خوار نارامسینەوە بوون، بەهادین نوری و عومەر غەریب وتیان هاوڕێیان بریندارەکان زوو بەرنە سەرەوە لە هەموو قۆپیەکانەوە پەلامار دراین.

---

[7] پەیکەری پاشا نارامسین لە قەرەداخە، پاشا نارامسین پاشای ئەکەدی بووە (٤٠٠) ساڵ پێش ئێستە هاتووەتە ناوچەکە، ئەو کات گوتیەکانی لێبووە، پاشای گوتیەکان هاتووەتە ناو قۆپی قەرەداخەوە، نارامسین ژنی پاشا کوردەکەی گرتووەو داوای لێکردوون خۆیان تەسلیم بکەن، لە پەیکەرەکەدا وا دەردەکەوێ ژنێک لە ژێر قاچیدایە، دەوترێت پاشا نارامسین کوڕەزای سەلجۆنی ئەکەدی بووە لە قەراخەوە تا میسر حوکمی کردووە، ئێستا بیرە ئاوەکانی ماوە، دەوترێت لە دێی ئەستێڵ خواردنیان دروست کردووە بەڕیز خەڵک وەستاوە دەستاو دەست خواردنەکەیان سەرخستووە بۆ قەڵای نارامسین.

هێزی بەدر نزیکەی (٣٥٠) کەس دەبوون لەولا قۆپیەکانەوە مابوونەوە بە نیاز بوون کۆپتەری ئێرانی بێت بیانبات، گەلە جاشێک بۆیان چوون جاشێک (٤٠٠) مەتر پێشیان کەوتبوو ناوی (ب، ڕ) بەرزنجەیی بوو، دوو هێستری پێشمەرگەکان لە پشت ڕێگاکەوە بوون هێستریکیان پرخەیکرد، هێزەکە هەمووی وەستا چوونە شوێنی پێشمەرگەکان بینیان پشکۆی لێیە، برنج مابوو، هەندێک تفەنگ جێمابوو، شوێن گیاکەش شکا بوو نیشانەی ئەوە بوو خەڵکی لێیە.

عومەر غەریب دوو پێشمەرگە بریندارەکەی تیپی (٥٥) و شێخ محەمەدی دێی تەکیەو ستار چەمی سمۆری و ڕەزاق شێخ عەلی لە گەڵ (B.K.C) یەک لە خوار جادەکەوە دانا، ڕزگار مستەفا ، عومەر غەریب حمە ڕەئوفی برای برد، مامۆستا عەلاو بەهادین نوری چوونە سەر شاخ ڕەزاق و ستاریش سەرکەوتن.

جاشەکان بە شوێن پێی پێشمەرگەکاندا هاتن خالید ماوەتی ووتی ئەگەر جێمان دێڵن خۆتان بمانکوژن وتیان چۆن شتیوا دەکەین.

کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆ بوو دەنگی عەرەب دەهاتە گوێ پێشمەرگە لێیاندان، جاشەکان ڕایانکرد زۆریان لێکوژرا، خوار شاخەکە پڕ بوو لە قوات خاسە، پێشمەرگەکان لە هەموو لایەکەوە تەقەیاندەکرد، دوای سێ چارەک جاشەکان هاتنەوە کوژراوەکانیان بەرن بەڵام نەیانتوانی.

لە خوار پێشمەرگەکانەوە دەنگی جیهاز دەهات قوات خاسەیەک خۆی بە شاخەکەوە توند کردبوو پێشمەرگەکان گوێیان لێبوو قوات خاسەکە بە جیهاز لە گەڵ فەرماندەکەی قسەی دەکرد دەیووت ئەوە جاشی گەواد ڕایانکردووە ٣٢ کوژراومان هەیە لە ناو ئەوانەدا ملازم سەعد خەیوب کوژراوە لە بەر ئەوە قواتی سەمتی و مەدفەعی بخەنە گەڕ.

دوو کۆپتەر هاتن زۆر بەرز بوون تۆپەکان لە قەراخەوە دەتەقێندران دەیدا لە شاخەکەی ئەو بەر پێشمەرگەکان، نێوانی پێشمەرگەکان و قوات خاسە هەر حەوت مەتر بوو، عومەر غەریب و شێخ محەمەد ڕوومانەیان هەڵدەدایە خوارەوە ڕزگاریش بەردی گل دەکردەوە بە سەریاندا عومەر غەریب قوات خاسەیەکی کوشت سەری دیار نەما.

دوو قوات خاسە وەستا بوون ڕزگار بۆیان چووە خوارەوە خەریک بوو تەقە لە ڕزگار بکەن بەڵام ڕزگار دەست پێشخەری کردوو تەقەی لێکردن قوات خاسە یەک جیهازی بە کۆڵەوە بوو فیشەکێکی گڕداری پێوەنا جیهازەکە تەقیەوەو قوات خاسەکەش سووتا.

هەندێک پێشمەرگەیتر لە ناوچەکە بوون کە ئەو شەڕەیان بینیبوو وتبوویان ئەوە برادەرەکانی خۆمانن بریندارەکانن شەهید بوون، چوونە دەربەندیخان خۆیان تەسلیم کردەوە.

بریندارەکانیان بردە لای کانی گوێزەکە لەوێشەوە بردیانن هەیکەلەکەی نارامسین لەوێ دایانان دواتر شوێنەکەیان گواستەوەو چوونە خوارەوە.

بـــەهادین نـــوری

پێشمەرگەکان ویستیان سەرکەونە سەرەوە بۆ سەروتر یان هەر لە قۆپیەکاندا بمێننەوە، مامۆستا بەهادین نوری ووتی بێجیاوازی فکر ئێوە بە قسەم بکەن من ژیانی ئێوە ڕزگار دەکەم، مامۆستا بەهادین نوری بردنیە خوارەوە بۆ دێی قەراخ، بۆ تەختاییەک کە پێیدەوترێت (شێریان) سەربازگەیەکی گەورەی لێبوو بە نزیکەی (٥٠٠) مەتر لە سەربازگەکەوە خۆیان حەشاردا لە پاڵ سەربازگەکەدا مانەوە، مامۆستا عەلا لە برادەرانی حزبی شیوعی دابڕا دوای حەوت ڕۆژ گەڕایەوە لایان.

مامۆستا بەهادین نوری لە ناوچەکەدا ئاردوو برنج و ڕۆنی دۆزیەوە کە لە کونە گەچەکەدا شاردبوویەوە شەوانە دەچوون ئەوەی پێویست بووایە دەیانهێنا.

بـــەزمی کـــۆپانەکە

ئەو شەوە باران زۆر باری پێشمەرگەکان لە نێوان کۆشکی خوارو تەکیەدا بوون کۆپانی گوێ دریژێکیان دۆزیەوە دوو پێشمەرگە چوونە ژێر کۆپانەکە تا باران لێیان نەدا برادەرێک هات ووتی کاکە ئەوە کۆپانی منە، وتیان چۆن هی تۆیە ووتی هی منە ئیتر ئەو برادەرە خۆی چووە ژێر کۆپانەکە، کاک ڕەزا پێشمەرگە بوو ووتی کاکە ڕاست دەکات (هی خۆیەتی لە ئەسڵا).

بریندارەکان و مامۆستا بەهادین نوری و عومەر غەریب چوونە ناو کونە گەچەکە ڕزگارو ڕەزاش چوونە ژێر کۆپانەکە.

بۆ ڕۆژی دوایی چوونە خوارەوە بۆ کۆتایی سەربازگەکە تەماشایانکرد جاش و سەرباز هێرش دەکەن بۆ قۆپیەکان، بۆ ئەو شوێنەی چەند ڕۆژێک پێشتر پێشمەرگەکانی لێبوون.

ئێوارەکەی هەندێک ئاردیان هێنا ناوساجیان دروستکرد فەرهادو ستار بەشێک لە ناو ساجیەکانیان بردوو ڕۆیشتن وتیان دەچین جیهازەکانی شێخ جەعفەر دەهێنین ئەگەر تا چوار ڕۆژی تر نەهاتینەوە شوێنی خۆتان بگۆڕن.

شـــاخی نـــێڵ

دوای چوار ڕۆژ چاوەڕوانی ئەو دوو پێشمەرگەیە نەگەڕانەوە، لە قەراخ بەدیلگیران بە هیچ شێوەیەک ناوو شوێنی پێشمەرگەکانیان ئاشکرا نەکردبوو، هەر لە ناو (قەراخ) دا هەر دووکیان گوللەبارانکران و شەهید بوون دوای ماوەیەک زانرا کە شەهید بوون، هەر بۆیە دوای چوار ڕۆژ چاوەڕوانی لە نزیک سەربازگەکەوە گواستیانەوە شاخی نێڵ.

پێشمەرگەکان دابڕان لە هەموو کەس بێتەلەکەیان پاتری تیا نەما چوونە ناوقەدی شاخەکە، هەموو ئێوارەیەک ڕزگارو ڕەزاق، یان ڕزگارو محەمەد دادەبەزینە خوارەوە کاتژمێر (١١)ی شەو دەگەڕانەوە دوو جلیکانە ئاوو هەندێک قتووی ڕۆن و برنجیان دەبردەوە سەرەوە.

ســـەگێك دوژمـــنی بـــەعس بوو

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو سەگێک لە تەکیە مابووەوە دەهاتە سەر کانیەک لە خوار شاخی نێڵ کە جاشەکان دەهاتن پێیان دەوەڕی، کە سەربازەکان دەهاتن پێیان دەوەڕی بەڵام کە پێشمەرگە دەچوونە سەر کانییەکە کلکە لەقێی بۆ دەکردن بۆنی پێوە دەکردن.

پێشمەرگەکان ڕۆژانە ناو ساجییەکی بچووکیان دەخوارد هەندێکیان دەبرد بۆ سەگەکە، ئەو سەگە هۆگری پێشمەرگەکان ببوو دوایان دەکەوت بۆنیدەکرد بە پێڵاوەکانیانەوە.

پەیوەندی پێشمەرگەکان بە دنیای دەرەوە هەر ئەو سەگە بوو ئەگینا هیچ پەیوەندییەکیان نەمابوو، سەگەکە زۆر خۆشەویست بوو لای پێشمەرگەکان بە هەڵسوکەوتی سەگەکەدا دەردەکەوت کە ئەویش دژی بەعس و داگیرکاری، سوتماکی خاکی کوردستان و چۆڵەوانی بوو.

بەهادین نوری لە شاردنەوەی خواردنەکاندا تەکنیکی بەکاردەهێنا نیو فەردە ئاردی دەدا بە کۆڵی ڕزگاردا، برنج بۆ کۆڵی ڕەزاق، ڕۆن بۆ محەمەد، لە بەر ئەوەی ئەگەر پێشمەرگەیەک تەسلیم بووەوە با ئەویتریان بمێنێ.

بریندارەکان چاکببووەنەوە بە پێی خۆیان دەڕۆیشتن بەڵام توانای چەک هەڵگرتنیان نەبوو بڕیاریاندا بڕۆن.

ڕۆیـــشتنی پـــێشمەرگەکانی (ی ن ك)

پێشمەرگەکانی یەکێتی بڕیاری ڕۆیشتنیانداو لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی جیابوونەوە، ڕزگار، محەمەد، ڕەزاق، شێخ عەلی پێشمەرگەی حزبی شیوعی، عومەر غەریب، حەمە ڕەئوف، خالید ماوانی، مالاّواییان لە هاوڕێیانی حزبی شیوعی کردو ڕۆیشتن شەو درەنگ گەیشتنە نزیک دێی گۆشان تەماشایانکرد ئۆتۆمبێلێکی جێب قیادەیان بەدیکرد گەیشتنە نێوان گۆشان و سەرکۆ سەگێکی گەورە هات بەرەو ڕوویان کلکە لەقێی بوو بۆنی پێیانەوە دەکرد کاک عومەر ووتی ئەوە یەکێکە کوژراوە بزانن کێیە.

ســـەگێکی پـــڕ وەفا

ڕزگار و ڕەزاق بە دوای سەگەکەدا ڕۆیشتن شوێنەکەی ٢٠ دەقیقە دوور بوو، کە گەیشتنە ئەوێ سەیریانکرد ئەشکەوتێکی بچووکە، سەگەکە جێگەیەکی لە بەردەم ئەشکەوتەکەدا چاککردبوو بۆ خۆی، لە ناو ئەشکەوتەکەدا بوخچەیەک جلی ژنانە، دوو فەردە گەنم، لە گەڵ بێشکەیەکی منالّی تیابوو سەگەکە بەرگری لێدەکردن، دوای بینینی ئەو دیمەنە پێشمەرگەکان ڕۆیشتن بەرەو جافەران.

گـــەیی گـــوێدرێـــژێك

پێشمەرگەکان بـەرەو جـافـەران ڕۆیشتن، گوێدرێژێک هاتە سـەر ڕێگەیان دوایانکەوت، ڕزگـار بەردێکی پیادا بۆ ئـەوەی بـڕوات گوێدرێژەکە شۆقێکی لە ڕزگارداو دای بە زەویدا، ڕزگار وتی ئێستە ئەو گوێ درێژە گلەیی دەکات و دەڵێ کوڕی باش لە خۆتان گۆڕاون وا دوژمنی ئێمەن.

پێشمەرگەکان لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون گەیشتنە لای مەکتەبەکەی جافەران سەیریانکرد ئاگرکراوەتەوە جاشی لێیە لە ناکاو زەنگ لێیدا زانیان کە کردوویانە بە سـەربازگە هاتنە خوارەوە بۆ لای جاشەکان، هـەر دەبووایە بڕۆیشتنایە، ڕەزاق ڕۆیشت عومـەر غەریب ووتی نەخێر دەگەڕێینەوە بۆ قۆپی ڕەزاق ووتی ئەگەر منیان کوشت ئێوە مەیەن.

پێشمەرگەکان پەڕینەوە بـەرەو دێی هۆمـەر ئامان سابوونێکیان دۆزیـەوە دەموچاویان شت چوونە ئەو شوێنەی تەواریەکەی لێ گوللە باران کرابوو لایەکی سەری و هەر دوو جومگەی قاچی مابوو، لەوێوە چوونە سـەر گۆڕی شەهید ئارام لە تەنگیسـەر گۆڕەکە دەستکاری نەکرابوو بەڵام تەنگیسـەر تەختی زەویکرا بوو.

لەوێوە چوونە نێوان دوو ڕەبیە لە داریکەلی ڕەزاق، محـەمـەد، ڕزگار لە پێشـەوە ڕۆیشتن بە (B.K.C) لێیاندان، ڕێگەکە گڵ بوو شوێن تایەی مەکینەیەکی لێبوو، چوونە شوێن تایەکە بەڵام بەرنەکەوتن.

کـــۆڵێ نـــاو ســـاجی

ڕزگار (٥٢) ناو ساجی پێبوو پێشتر ناوساجییەکەی عومـەر غەریبیان خواردبوو، لە عومـەر غەریب و خالید ماوەتی دابـڕان چوونە باڕۆیی لەوێشـەوە چوونە گاوانی لە ناو خانوویەکی ڕووخـاودا خەوتن بەیانی کە خۆر هـەڵات چوونە ناو قەڵەمتۆزەکانەوە تەماشایانکرد چوار دەوریان خێمە و ڕەبیەیە، لە دێی مەحموودیە سێ دەبابە وەستا بوو، ئیڤایەکی سـەربازی هات لەو لای ئەوانەوە وەستا دوو مەنجەڵ شۆربای پێبوو، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە ناو قەڵەمتۆزەکاندا مانەوە، ئێوارە ڕۆیشتنە باڵا جۆو کۆیک، لە سـەر کانییەکەی کۆیک برنجی لێبوو، شەکری لێبوو،

غازی بچووکی لێبوو، مەنجەڵەکە هەندێک پاقلەی تیا بوو خواردیان و شەکرو چاکەیان فڕێدا، لەوێ تێپەڕین چوونە سەر جادەی بازیان و پەڕینەوە، لە ناکاو میلیان لێهێنانەوەو ڕایانکرد تەقەیانلێکردن بەڵام بەرنەکەوتن، چوونە تەڕەمارو لەوێ مانەوە، کۆپتەرێک هاتە سەر دێیەکە و خۆیان پەنادا.

ڕەزاق، ڕزگار، محەمەد، بەرەو قازان ڕۆیشتن گەیشتنە سەر شاخی تۆکمە، لەوێشەوە بۆ گەورەدێ لە ڕێگە تووشی چەکدار بوون تەقەیانلێکردن.

چـــوونە شـــار

ڕەزاق، محەمەد، ڕزگار لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلێمانیەوە چوونە ناو شار، ڕەزاق و محەمەد لە ناو شار مانەوە، ڕزگار لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلێمانیەوە نێردرایەوە شاخ.

ڕێکخراوی سلێمانی سێ نامەیان دایە ڕزگار بۆ کاک کۆسرەت، عومەر غەریب، قادری حاجی عەلی، هەر سێ تفەنگەکەیان تەسلیمی ڕێکخراوی سلێمانی، هاوڕێ پەنایانکرد.

سوهاد خانەقینی

دوای بەرگرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شالاوەکانی ئەنفالی دووی ناوچەی قەرەداخ و ئەنفالی سێی گەرمیان مەڵبەندی یەک بڕیاری پاشەکشێیدا، هاوشانی مەفرەوەکانی قەرەداخ و گەرمیان سوهاد خانەقینی و چەند پێشمەرگەیەک بڕیاری مانەوەیاندا، مەلا ئەحمەدی گەرمیان و دوو پێشمەرگەش لەقۆپی قەراخ مانەوە دواتر گەڕانەوە گەرمیان و لەئەشکەوتی داری خلە بوون بەژێر ئەشکەوتەکەوە و دوا هەناسەیان بە کوردستان بەخشی.

سوهاد خانەقینی و هاوڕێکانی لەماڵە چۆڵەکانی قەرەداخ خواردنە جێماوەکانیان کۆکردەوە لە ئەشکەوتێکی پشتی تەستێڵ شاردیانەوە.

ئەو پێشمەرگانەی لە قۆپی قەراخ مانەوە :

١- سوهاد خانەقینی فەرماندەی کەرت

٢- ماجد فەیلی فەرماندەی دکەرت

٣- فواد
٤- بەرزان
٥- عەبدولڕەزاق شەریف بەبریندارى مایەوە
٦- ئازاد قەرەلوسی

مەلا ئەحمەدی گەرمیان فەرماندەی تیپ بوو لەگەڵ دوو پێشمەرگە مانەوە و دواتر گەڕانەوە گەرمیان. پاشماوەی هێزەکانی مەڵبەندی یەک بەرەو ناوچەکانی مەڵبەندی سێ و قەندیل کشانەوە.

سوهاد خانەقینی و هاوڕێکانی لەقۆپی قەراخ مانەوە خواردنە جێماوەکانیان کۆدەکردەوە بەکاریاندەهێنا. مەفرەزەکە بە بزنە ڕێی کانی دارگوێزەکەدا سەرکەوتن بۆ تاقێک شاخەکە هاتبووەوە بەسەریدا وەکو کەورگ دەیڕوانی بەسەر ناوقۆپی وجادەکەدا. هێزێکی ڕێکخراوی کۆمەڵە و مەڵبەندی یەک لەناو قوپی مابوونەوە لەگەڵ هێزێکی حزبی شیوعی بەفەرماندەیی بەهادین نوری یەکیانگرتبوەوە، دەمەو بەیان لەناو قۆپیدا جمووجۆڵ پەیدابوو هێزێکی دوژمن هاتبوونە قۆپی بەریەککەوتن و شەڕ دروست بوو، سوهاد خانەقینی و مەلا ئەحمەد و دوو هاوڕێکانیان بەکانی دارگوێزەکەدا هاتنە خوارەوە بۆ سەرجادە لە دواوە لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شپرزەیانکردن، هێزی دوژمن گەڕایەوە.

سوهاد و هاوڕێکانی گەڕانەوە سەر شاخ جیهازیان کردەوە لەگەڵ حەمە ڕەش قسەیانکرد، کەشەو داهات قۆپییەکانیان جێهێشت و بەرەو گەرمیان و بۆ لای حەمە ڕەش بەڕێکەوتن بۆ یەکماڵە. بەشێک لەهێزی گەرمیان لەیەکماڵە بەنیازی تەسلیم بوونەوە بوون، کەگەڵ حەمە ڕەش ویستیان قەناعەتیان پێبکەن تەسلیم نەبنەوە بەڵام سوودی نەبوو. پێشمەرگەیەک بەسەر گردێکەوە بوو سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی ویستیان بچن بۆ لای پێشمەرگەکە ووتی مەیەنە پێشەوە سوهاد ووتی کاکە خۆ دوژمنی یەک نین هەتا دوێنی بەیەکەوە لە مالێکدا بەیەکەوە نانمان دەخوارد ئێستە بۆ نەیەمە پێشەوە، سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی تاقم و تفەنگیان دانا و چوونە لای پێشمەرگەکە چەند خەریک بوون لەگەڵی تەسلیم نەبێتەوە سوودی نەبوو.

دواتکای حمه ڕەش و سوهاد خانەقینی و هاوڕێکانیان ئەوە بوو کە تەسلیم بوونەوە خیانەت مەکەن. سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی و هاوڕێکانیان ماوەی مانگ و نیوێک لەناوچەکە مانەوە، گەڕانەوە قەرەداخ و شارەزور و چوونە دەواجنەکەی جەلالی عەلی ئاغا و خواردنیان بۆ دروستکردن.

لەمەفرەزەکەدا

*فواد دۆخی تەندروستی خراپ بوو

*عەبدولرەزاق شەریف بریندار بوو

دواجار بڕیاریاندا بگەڕێنەوە سەرکردایەتی، هاتنە ناو شاری سلێمانی و لەڕێگەی حزبی دیموکراتەوە گەڕانەوە سورەدێ، عەبدولڕەزاق بریندا بوو پێشتر خوێندکاری قۆناخی دووی زانکۆ بوو، سوهاد خانەقینی پێیووت دەبێت بڕۆیتەوە ناو شار و درێژە بە خوێندنەکەت بدەیت، سوهاد خانەقینی و ماجید فەیلی گەڕانەوە سەرکردایەتی لەگەڵ کاک نەوشیروان کۆبوونەوە و سەرنجی خۆیان لەسەر بارودۆخەکە بە کاک نەوشیروان ووت.

شـــەڕی زەڕین و دووخـــران

زەڕین و دووخران دوو دێی قولاّیی گەرمیان، لە قولاّیی گەرمیاندا هەڵکەوتبوون، هەشت پێشمەرگە بەرەو ملە سوورە ڕۆیشتن، چوار دەبابە و دوو فەوج جاشی سووک لە گەڵ فەوجێکی سەربازی پەلاماری (زەڕین)یاندا.

هەشت پێشمەرگە بە فەرماندەیی حەمە قاشتی لە هێزەکەی دوژمنیاندا، دوو شەو و ڕۆژ هەشت پێشمەرگە نەیانهێشت هێزەکانی دوژمن بێنە ناو ئاوایی زەڕینەوە چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

چـــوار ملان و شـــێخ تـــەویل

چەندین جاش و دەبابە هاتنە بەرزاییەکانی شێخ تەویل، مام سالّح گۆڕ ئەسپی، حەمە قاشتی، نەجم بۆیسانە لە شێخ تەویل بوون، دوژمن هاتە ناو شێخ تەویل دەبابەکان لە ناو شێخ تەویلدا دەسووڕانەوە، پێشمەرگەکان لە دەبابەکانیاندا جێب

قیادەیەکیان گرت، سێ ئەفسەرو ئامر سریەیەک و چەند سەربازێک کوژران نەجمەی سەر شانی ئەفسەرەکانیان لێکردەوە.

شەڕێکی سەخت بوو، ماوەی سێ ڕۆژ شەڕی بەردەوام و پەلاماری بەردەوام، دەیان پەلاماری دوژمن لە سەر دەستی پێشمەرگەکانی گەرمیان تێکشکان چەندین دەبابەیان بەجێهێشت، پێشمەرگەیەک بە ناوی شەهابە ڕەش شەهید بوو.

ئـــــەنفالی چـــــوار
گۆڕتەپە – کۆیە – زێی بچووك
پـــێنج

ئـــەنفالی چـــوار 1988/5/3

کاتژمێر ٥:٢٥ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ شەش فڕۆکەی جەنگی ڕووەو گۆپتەپە هاتن و لە پەلامارێکی دڕندانەی کیمیایدا گۆپتەپەیان خەڵتانی خوێن و دووکەڵ و بۆنی خەردەل و سیانید کرد، کە زیاتر لە ٣٠٠ کەسی سڤیل و بێچەک شەهید بوون و سەدانیتریش بریندار بوون، نزیک بە ٨٠ شەهید لە بەردەم مزگەوتی گۆپتەپەدا بە کۆمەڵ و لە چاڵێکی هەندێک قوڵ و درێژدا سپاردەی خاککران.

شاڵاوەکانی ئەنفالی چوار سەرەتا لە کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەرەوە دەستپێکرد، دواتریش لە زیاتر لە ١٢ قۆڵەوە هێرشی بەربڵاوی سوپاو گەلە جاش و موغاویر، بە پشتیوانی سەدان تانک و زرێپۆش و فڕۆکە، لە تەکیە و سوسێ و کۆیە و تەق تەق و شوان و قەڵاسێوکەوە دەستیپێکرد.

هەر چەندە شاڵاوەکانی ئەنفالی چوار کورت خایەن و کەم خایەن بوو، بەڵام بەدەر نەبوو لە بەرگری پێشمەرگە، هێزەکانی (ی ن ک) بەرگری دلێرانەیانکرد.

بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێزەکانی داگیرکەر پەلاماری دێیەکانی دەوروبەری (زێی بچوک)یان داو لە کۆیەوە هێرشەکانیان دەستپێکرد، لە چەمچەماڵ و سوسێ و تەقتەقەوە بەشێکیان بەرەو کۆیەو بەشێکیتریان بەرەو ناوچەی شێخ بزێنی هێرشەکانیان دەستپێکرد.

هێزە پەلاماردەرەکەی ڕژێم، لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ لە چیای تەکەڵتو ڕووبەڕووی بەرگری هێزی پێشمەرگە بوەوەو زەبری کوشندەی لێدرا.

هاوکات لە چەمی ڕەزانیش هێزەکانی یەکێتی ڕووبـەڕووی جاش و سوپای داگیرکەر بوونەوە، کە لە «سوسێ»وە هێرشیان هێنابوو.

هێزێکی بیست کەسی پێشمەرگە لە سوورقاوشان گورزی کەمەرشکێنیان لە هێزە هێرشبەرەکەی داگیرکەر وەشاند، ئیتر هێواش هێواش بەرگری و مقاومەت ڕووی لە کزی و نەمان دەکرد، هێزی پێشمەرگەش بە بەرنامەو پلانی گونجاو پاشەکشەیانکرد.

لێرە بە دواوە هێزە تاڵانچیەکەی بەعس کەوتنە وێرانکردن و تاڵانکردنی دێیەکان، هەر لەڕێوە دێیەکانی عەودالان و کەلەباش و تەلانیان خاپورو تاڵانکرد، لە دێیەکانی، کڵێسە، بۆگد، دەزلو، کانی هەنجیر، گۆمەشین، ١٦٨٠ کەس بێسەروشوێنکران.

لە دێیەکانی گۆپتەپەو عەسکەرو ناوچەی شێخ بزێنی و دێیەکانی دەوروبەری زێی بچوک، دێیەکانی ئێلینجاخ، گرت خەبەر، قەسرۆک، قامیشە، جەلەمۆرد، بە هەزاران بێسەروشوێن کران.

بەمجۆرە ئەنفالی چوار کۆتایی پێهات بەڵام زۆری نەبرد پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (٥) دەستپێکرد.

پـــەلاماری بـــەرفراوانی دوژمـــن

ڕژێمی عێراق بە پاڵپشتی هەزاران جاش و سەربازو قوات خاسەو سەدان تانک و تۆپ و فڕۆکەو چەکی پێشکەوتوو لە چەند لایەکەوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدا بەمجۆرە:

لە چـــەمچەماڵـــەوە

- لە چەمچەماڵەوە بۆ دێیەکانی کانی عارەبان، تلیان، تیژە، حەمە خان
- لە چەمچەماڵەوە بۆ دێیەکانی شێخ پاڵەوان، تەوەکەڵ، ئاغجەلەر
- لە ئاغجەلەرەوە بەرەو دێیەکانی گۆپتەپە، گەڵناغاج، سەرچنار، دلاوە، عەسکەر

لە تـــەقتەقـــەوە

- لە تەقتەقەوە بۆ دێیەکانی قەرەناو، کەپنگ، قەسرۆک، گرد خەبەر
- لە تەقتەقەوە بۆ دێیەکانی شیوە سوور، تورکمان باغ، کارێزە
- لە تەقتەقەوە بەرەو دێیەکانی باخە هەنجیر، گەرمک، تەکەڵتوو
- لە تەقتەقەوە بەرەو دێیەکانی موخەڕەس، مەلا زیاد بۆ سەر زێی دووکان تا دەگاتە دێیەکانی گومەشین قزلو
- لە گۆپاڵەوە بۆ سەرچاوە، کانی بی، گەورە دێ

لە (ســـوسێ)وە

- لە (سوسێ)وە بۆ دێیەکانی شیلە خان، عەودالان، بۆ سەر زێ و دێی قۆچ بڵاخ
- لە (سوسێ)وە بۆ دێیەکانی سەرزێ، دڕەنار، چەمی سوورقاوشان
- لە دووکانەوە بۆ شاخی کەڵکەسماق دێیەکانی ئیللەڵا، کانی سوور، کڵێسە، بۆگد، کانی بی

لە کـــۆیەوە

- لە کۆیەوە بۆ بناری حاجی قەڵا، فولکەی داودە
- لە کۆیەوە بۆ دێیەکانی قەیسەری، ئاسکی کۆیە، تیمارۆک، دوندار، پێبازۆک

لە شـــوانـــەوە

- لە شوانەوە بۆ جولحان، پاپیلان، گورگان قەنار
- لە شوانەوە بەرەو دێیەکانی عەلی بەیان، شەوگێڕ، شێخ بزێنی خواروو
- لە پردێوە بۆ دێیەکانی کەڵۆزی، سەربیر، قەرەسالح، کاولە سوار

لە قەرەهەنجیرەوە بۆ دێیەکانی شوانی سەرخاسە، دەلۆ، بەمجۆرە پەلاماری بەربلاوی دوژمن بۆ سەر ئەو ناوچانە دەستیپێکرد، پێشمەرگە بەرگری سەختیان لەو ناوچانە کرد.

لەو پەلامارانەدا ڕژێمی عێراق چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی بەکارهێناو گۆپتەپەو عەسکەر کەوتنە بەر پەلاماری دڕندانەی چەکی کیمیایی و سەدان کەس شەهیدو بریندار بوون، شالاوی دڕندانەی ئەنفالی (٤) لە ١٩٨٨/٥/٣ تا ١٩٨٨/٥/٨ی خایاند.

تـــیپەکانی مـــەڵبەندی (1)
لە ئـــەنفالی (4)دا

پاشماوەی ئەو هێزانەی لە ئەنفالی ٣ی گەرمیاندا دوای بەرگرییەکی سەخت و کەم وێنە پاشەکشەیانکردبوو کە پێکهاتبوون لە سەرجەم تیپەکانی مەڵبەندی (١) جگە لە تیپی خەنجەرە هاتبوونە بەری کۆیە لەوێش ڕووبەڕووی شالاوی ئەنفالی (٤) بوونەوە تا دواجار بەرەو مەڵبەندی (٣) پاشەکشەیانکرد.

هێزەکانی مەڵبەندی (١) لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ لە بەرزایی و گردەکانی ڕۆژهەڵاتی دێیەکانی کانی بی و ئەلیاسە سوور سەنگەریان گرتبوو دوژمن هێزێکی زۆری بۆ پەلاماردانی دەشتی کۆیە کۆکردبووەوە.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی هێزەکانی دوژمن لە چەند لایەکەوە بەرەو باشووری زێی دووکان هێزێکیتر بە ئاڕاستەی ڕۆژئاواو سەنگەری پێشمەرگەکانی گەرمیان بەرەو کانی بی و ئەلیاسە سوور، هێزیکیتر بەرەو باکوورو قەزای کۆیە پەلاماریان دەستپێکرد لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارەدا گەیشتنە نزیک سەنگەرەکانی گەرمیان – مەڵبەندی (١).

کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ دوژمن لە هەموو لایەکەوە جوڵەی دەستپێکرد:

- لە باشووری زێی بچووکەوە بەرەو ناحیەی شوان، شێخ بزێنی، خاڵخاڵان، قەڵاسێوکە
- کاتژمێر نزیک (٩)ی بەیانی هێزی دوژمن لە قۆڵی بازیانەوە گەیشتنە عەسکەرو دەوروبەری
- کاتژمێر (٩)ی بەیانی هێزی دوژمن لە تەکیەی کاکە مەندەوە گەیشتە ئاغجەلەر
- هەر لە قۆڵی تەکیەی کاکەمەندەوە هێزی دوژمن کاتژمێر (٩)ی بەیانی گەیشتنە دێیەکانی تیژەو تلیان
- لە قۆڵی قەرەهەنجیر بۆ ناوچەی شوان
- کاتژمێر (١١) لە هەر دوو قۆڵی عەسکەرو ئاغجەلەر پێشڕەوییانکرد
- لە قۆڵی دێیەکانی تیژەو تلیان بەرەو دێی ئەسکەندەر بەگی و لەوێشەوە بۆ گۆپتەپە

• لە قۆڵی کەڵکە سماقەوە هێزی دوژمن بەرەو دێیەکانی کانی سوورەو بۆگ پێشڕەوییانکرد و گەیشتنە کێلە زیندان و کاولان
• کاتژمێر (١٢) هێزی دوژمن لە تیپەکانی گەرمیان- مەڵبەندی (١) نزیک بوونەوە
• لە تەقتەقەوە بەرەو ڕۆژهەڵات لە پێشڕەویدا بوون
• لە سەر لە بەیانییەوە لە دێی تەوەکەڵ و بەرزاییەکانی شەڕ دەستپێکرد
• کۆپتەرەکانی دوژمن بە سەر ئاسمانی ناوچەکەوە بوون لە ڕێی بڵندگۆوە و بە زمانی کوردی بانگەوازیان بۆ پێشمەرگە دەکردوو دەیانووت خائینان بۆ کوێ دەچن دەتانگرین و دەستتان دەبڕین
• دوژمن لە قۆڵی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (١) نزیک بووەوە هێندەی نەمابوو شەڕ دەستپێبکات لە ناو دێوە هاواریانکرد وەرنە خوارەوە بڕیاری کشانەوە دراوە پێشمەرگەکان دابەزین و چوونە دێی خرابە نزیکەی (٢٠٠) پێشمەرگە دەبون لە خرابەوە چوونە قوڵقوڵە لە نێوان خەرابەو قوڵقوڵەدا شەش کۆپتەر هاتنە سەریان بە بڵندگۆ داوای تەسلیم بوونیان لێدەکردن.

لە تەکەڵتوو شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ی قەراخ و ١٧ی زمناکۆ هێزی پەلامارەدەری دوژمن ڕوویدا ژمارەیەک پێشمەرگە لەو شەڕەدا شەهید بوون.

کاتژمێر (٤)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٥ هێزەکەی مەڵبەندی (١) لە جادەی کۆیە تەقتەق پەڕینەوە دوای ماندووبوونێکی زۆر گەیشتنە سماقولی، پاش دنیا تاریک بوون لە نزیک شیواشۆکەوە لە جادەی کۆیە دێگەڵەوە پەڕینەوە بۆ چیای باواجی.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٦ گەیشتنە سماقولی گرتک

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٧ بە چیای ئاوەگردا لە زنجیرەی سەفین چوونە (نازەنین)

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٨ لە نازەنین بەڕێکەوتن بۆ کاموسەک لەوێشەوە بۆ کونە فلوسەو بە چیای بەنی هەریردا سەرکەوتن بۆ چیوە بۆ ئێوارە چوونە شیرێ.

ئێوارەی ١٩٨٨/٥/١٠ لە (وەرتێ)وە بە دۆڵی خانەقادا پەڕینەوە

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١١ گەیشتنە قڕناقا

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٣ چوونە قەڵاتووکان و بارەگایان لەوێ دانا.

تیپی (31)ی سلێمانی
لە دۆڵـــی جـــافایەتی بەرەو خـــاڵۆ بـــازیانی

هێزێکی تیپی ٣١ی سلێمانی لە یاخسەمەرەوە بەرەو شاخی ژیلوان و دۆڵی شێخ محەمەد و لەوێشەوە بۆ شاناخسێ، ڕۆژێک پێش کیمیابارانی شاناخسێ واتە ١٩٨٨/٣/٢٢ گواستیاننەوە بۆ سەردەشت و لەوێوە ڕێوڕۆشتنێکی دوورودرێژ دەستیپێکرد، ڕۆژێک دوای جوولان و ڕۆشتنی هێزەکەی تیپی ٣١ بەرەو شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە ١٩٨٨/٣/٢٣ گوندی شاناخسێ کە بارەگای تیپی ٣٧ و بەشێک لە پێشمەرگەی ناوچەکانی تری لێبوو، کەوتە بەر شاڵاوی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی و زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگە شەهید بوون و دەیانیتر بریندار بوون.

دوای گەیشتنی هێزەکەی تیپی ٣١ی سلێمانی بۆ شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوای پشوویەکی کورت، لە ڕەزگەو مارە دوێو بەرەو بناری قەندیل و قەڕناقاو پشت ئاشان بەڕێکەوتن، لەوێشەوە بۆ ناوچەی خۆشناوەتی، لەوێشەوە ئەم کاروانە ڕێگرتووە ماندوو نەبووە، بەرەو دەشتی بەرینی کۆیە و نەسرەوتانە بۆ شوان و ناوشوان و لە نێوان قەرەهەنجیرو کەرکوکەوە بەرەو خاڵۆ بازیانی بە تەقەڵی گەورەی هەنگاو ناوچەو لوتکەو گەوەو گردی کۆڵێنجە ڕێ ڕێ و ئەو پێدەشتە گرکانەیان پێکەوە گرێ دەداو دەدووریەوە.

کاتژمێر ٣ی شەوێکی تەڕو نسرمی مانگی چوار بوو هێزەکانی تیپی ٣١ گەیشتنە خاڵۆ بازیانی، ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوک سەرجەمیان ئەنفال کرابوون، تەنها خاڵۆبازیانی مابوو، ئەو شەوەی هێزی پێشمەرگە گەیشتە خاڵۆبازیانی لە گەڵ تاریکوو ڕوونی بەیانی دەبابە گەیشتە نزیک دێ، لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکەدا سوپا و گەلە جاش لە هێرشدابوون تا دوا تروسکایی و ڕوناکی و ئاوەدانی بکوژن و خاپووری بکەن ئەوان بە نیازبوون کوردوو زمان و نیشتمانەکەی لە سەر نەخشە بسڕنەوەو ئاسەوارێک نەهێڵنەوە کە ژیان و گوزەران و ناونیشان و ڕەچەڵەکی کوردی پێبناسرێتەوە، ئەنفال هەموو شتێکی وێران و یەکسانی خاککرد، هەموو جوانییەکی لە دەشتی دەسماڵ و گردی کولێنجەڕێ ڕێ سەندەوە، چەفتەو

عەگالی هێنابوو تا بیکاتە سەری باوەگورگورو لە ملی قەندیلی هاوێ و لە لووتی هەڵگوردوو حەسارۆستی ببەستێ ، بەڵێ ئەنفال چاوی کانی و زنە و ڕووباری کوێرکردەوەو عاشقانی نیشتمانی کوشت و کوردەواری نوقمی خۆڵی بیابانکرد، ئێستاش لەو صەحراو بیابانە لە ژێر لمی ئەو سەحرایە پێڵاوی منداڵ و مێخەک بەندی کچان و ئەڵقەو نقێمی عاشقان خۆڵ و لم دایپۆشیون و چاوەڕێی گەڕانەوەن.

پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی لە سەرلەبەیانی تا ئێوارە ڕووبەڕووی جەیش و جاش و دەبابە و هێرشی گەورەو فراوانی داگیرکەر بوونەوە،هێزی بەرگری ناوچەکەش شان بە شانی پێشمەرگە ڕووبەڕووی هێرشەکەی داگیرکەر بوونەوەو لێیدامەزران، هێزی پشتگیری ناوچەکە تیپێکی ئامادەیان هەبوو مام برایم فەرماندەی تیپەکەیان بوو، پێشمەرگەیەکی بەرگری گوللەیەک دای لە سەری و دواتر شەهید بوو، پێشمەرگەیەکیتریش کە لە گوندەکە ئیجازە بوو ژن برای مامۆستا جوامێری کەرکوک بوو لەو شەڕەدا شەهید بوو، وەستا ئەحمەدی خەڵکی گوندی دارەبەنی ناوپارێز کە پێشمەرگەیەکی قارەمانی تیپی ٣١ی سلێمانی بوو لەو شەڕەدا بریندار بوو.

لە گەڵ خۆرئاوا بوون شەڕیش کۆتایی هات و وەستا، پێشمەرگە لە دەوری یەکتر کۆبوونەوە تا ڕێگەو شوێنی داهاتوو دابنێن، پێشمەرگە شارەزای ناوچەکە نەبوون، نەیاندەتوانی ڕێگەیەک بدۆزنەوە تا بیانگەیەنێتە دەرەوەی بازنەی ئابلۆقەی هێزە بەرفراوان و دەست ڕەشەکەی ئەنفال، خەڵکی خاڵۆ بازیانی زیاتر لە هەزارو ٢٠٠ کەس دەبوون کە لە ژێر هەڕەشەی ئەنفال کردندا بوون، بۆیە هێزەکەی تیپی ٣١ی سلێمانی کە مامۆستا جەمال فەرماندەیان بوو داوایان لە خەڵکی گوندەکە کرد ئەوان چاوساغیان بکەن و لە گەڵ هێزی پێشمەرگە بەڕێکەون و تەوقی ئابلۆقەی ئەنفال بشکێنن، تا نەکەونە دەست سوپای ڕەشی ئەنفال.

خەڵکی گوندی خاڵۆ بازیانی هاوشانی هێزەکەی تیپی ٣١ی سلێمانی بەڕێکەوتن بەرەو چەمی خاسەو چیمەن ، ڕێڕۆیشتن لە خاڵۆبازیانییەوە بەرەو چیمەن شەوێکی تەواوی خایاند، شەوێکی درێژی تاریک و ئەنگوستەچاو، شەوێک کە هەرگیز لە یادی

پێشمەرگە و خەڵکی خاڵۆبازیانیدا کاڵبوونەوەو بیرچوونەوەی بۆنییە، ئەو شەوە پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ کە جگە لە تاقم و تفەنگ و فیشەک، هەر پێشمەرگەیەک منالێکی کردبووە قەڵاودۆشکان و دەستی منالێکی گرتبوو، کاروانێکی کشو مات و ماندوو شەکەتی ڕێگا بەرەو چارەنووسێکی نادیار کەوتبوونە ڕێ، هەر ئێستا نا کەمێکیتر چاوەڕوانن بگەنە جێ، گوندی چیمەن چۆڵکرابوو، هێزی پێشمەرگە و خەڵکی خاڵۆبازیانی لە جادە پەڕینەوەو ڕوویانکردە گوندەکانی هەیبەو دەڵۆو ترقە و دیهاتەکانی سەرچەمی خاسەی کەرکوک و چەند ڕۆژێک لەو ناوچەیە مانەوە، خەڵکەکە لە ئەنفال ڕزگارکراو گیانیان سەلامەت بوو، خەڵکی خاڵۆبازیانی چاوساغی پێشمەرگەیان کردوو لە تەوقی ئەنفال ڕزگاریان کردن، پێشمەرگەش ماڵ و منالّی خەڵکی خاڵۆبازیانیان کردە کۆڵ و لە ڕەشەبای ئەنفال ڕزگاریانکردن ئیتر خەڵکی گوندی خاڵۆبازیانی لە هێزی پێشمەرگە جیابوونەوەو بەرەو کەرکوک و چەمچەماڵ و گوندەکانی ناوچەکە لە سۆراغی کەسوکاریان بوون، هەر کەسە و بە ئامێزی کەسووکاریان شادبوونەوەو لە چاو وون بوون.

هێزەکەی تیپی ٣١ بە قۆناغ بەرەو ئاغجەلەرو ناوچەکانی دیکە بەڕێکەوتن، بەشێک لە هێزەکە بەرەو گەورە دێ و عەسکەرو چەمی ڕێزان بە ڕێکەوتن هەندێک پێشمەرگە بۆ سۆراغ و دیداری کەسووکاریان مۆڵەتیان وەرگرتوو ملی ڕێگەیانگرت و بەرەو کۆیە کەوتنە ڕێ، ئەو پێشمەرگانەی بە مەبەستی بینینی کەسووکاریان ڕووەو کۆیە بەڕێکەوتن، بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ لە گۆپتەپە لایاندا، وەستا ئەحمەد کە لە شەڕی خاڵۆبازیانی بریندار بوو لە گەڵ پێشمەرگەیەکیتر بە ناوی دلێر لە ماڵێکی گۆپتەپە دایانناان تا پشوویەک بدەن و بحەسێنەوە، دواتر ڕەوانەیان بکەن، لە گۆپتەپەوە ١٣ پێشمەرگە بە زێی بچوکدا بەرەو ئەو بەر زێ بەڕێکەوتن، ڕێگاکان گیرابوون و دەرفەتی ڕۆشتن و پەڕینەوە بۆ کۆیە سنووردار کرابوو، بۆیە جگە لە چەند پێشمەرگەیەک ئەوانیتر ڕووەو گۆپتەپە گەڕانەوە،هەڵۆ پێنجوێنی و پێشمەرگەیەکیتر گەیشتنە گوندی کانی بی تا بگەڕێنەوە گۆپتەپە، کاتژمێر ٥:٢٥ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ بوو دەنگی فڕۆکە گەیشتە گوێ و گۆپتەپە بەر شاڵاوی

کیمیایی کەوتوو شەڵاڵی بۆنی گازی سیانید و خەردەل کرا.

دواکەڵەکی ئەو ئێوارەیەی زێی بچووک تا بیەڕێتەوە گۆپتەپە، هەڵۆ پێنجوێنی و هاوڕێکانی پێپەڕینەوە، جگە لە ناو گۆپتەپە ساروخ لە ناو ئاوی زێی بچووکی دابوو بە هەزاران ماسی کوشتبوو سەر ئاو کەوتبوون، خاوەنی ئەو کەڵەکەی پێشمەرگەکانی هەڵگرتبوو کەوتبووە کۆکردنەوەی ماسییە سەر ئاو کەوتووەکانی زێی بچووک، کە گەیشتە ئەو بەر زێ پێشمەرگە بە خاوەن کەڵەکەکەیان وت، ئەو ماسییانە کیمیاوی لێداون فڕێیاندە بە کەڵکی خواردن نایەن، بۆیان باسکرد کە کیمیاوی مرۆڤ و زیندەوەرو گیان لە بەر بەیەکەوە دەکوژێت و لە ناویان دەبات، کابرا بەرەو گۆپتەپە ڕایکردوو وتی هەموو ماڵ و منداڵم لە ناو گوندەکەیە.

پێشمەرگە تا بەرەبەیان لە بەردەم گوندەکە مانەوەو نەچوونە ناو گوند، چونکە کاریگەری کیمیاویەکە بە جۆرێک بوو هەرچی دەچوو نەدەگەڕایەوە دواوە، بەیانی زوو هەڵۆ پێنجوێنی و فارسە بچکۆڵ و جوتیارە بچکۆڵ بۆ هەواڵی وەستا ئەحمەدو دلێر چونە ناو گۆپتەپەوە، لە سەر ڕێگای سەرەکی گوند و قەراغ و پەناو پەسێری گوندەکە بریندارێکی بێشومار کەوتبوو، لە ناو گوندی گۆپتەپەدا چەند کەسێکی کەم بە زیندوویی مابوون ئەوانیش لە ژێر کاریگەری چەکی کیمیایی دا هەست و هۆشیان لە دەستدابوو.

لە ناو گوندی گۆپتەپەدا دەیان وێنەی تراژیدی و خەمهێنەرو کاریگەر دەکەوتە بەرچاو کە هەر دیمەنە تابلۆیەکی تراژیدی خەمناکی وێنا دەکردو دەنەخشان، تابلۆیەک کە نەکامێراو نە قەڵەم نە فڵچە ناتوانێ بینەخشێنێ و گوزارشتی لێبکات، ئەو وێنە غەمگینانەی گۆپتەپە هێندە حەسرەتباروو تراژیدی بوون، نە (مانی) پەیامبەری وێنەکێش نە (ڤانکۆغ و بیکاسۆ) نە قەڵەم و فڵچەی هیچ نیگارکێشێکی مێژوو ناتوانن وەکو خۆی بینەخشێنن و بیگوازنەوە نێو تابلۆکانیان.

دەیان منداڵی بێتاوان ڕووح سووک و بێگوناح لە کاتی وازی و یاری و ماڵۆچکەدا کەوتبوون و خەویان لێکەوتبوو هەر فریای هەناسەدانیش نەکەوتن، پیاوی پیرو کەنەفت و ڕیش سپی لە بەردەم مزگەوتی دێدا بە سەر گۆچانەکەیدا کەوتبوو گیانیان سپاردبوو.

ژنانی سەلاری ئەوێ لە سەر کانی ژنان کەوتبوون و گۆزەی سەر شانیان لێشکا بوو فریای ئەوە نەکەوتبوون جارێکیتر بە ئاوی سازگاری کانی دەمی ڕۆڵەکانیان تەڕ بکەن و تینوێتیان بشکێنن، جارێکیتر نەچوونەوە سەر کانی و دەستە خوشکەکانیان نەدییەوە، لە نێو حەوشەی مالاندا دەیان لاشە کەوتبوون و گیانیان سپاردبوو.

ئەو ڕێگایانەی کە دەهاتنە ناو ئاوایی وێنەی سەدان سەر ئاژەڵی لێنەخشابوو کە بەرەو دێ هاتبوونەوەو فریای ئەوە نەکەوتبوون چەپەڕی حەوشە مەڕەکە بکەنەوەو وەکو ئێوارانی دیکە لێی بمۆڵن، کەوو کۆترو مریشک و کەڵەشێرو قەل و قازو گیانلەبەری ئەو ناوچەیە بەیەکەوە خەویان لێکەوتبوو، بوونە غەمگینترین تابلۆ، تابلۆی درندەیی بەعس و وەحشیگەری سەردەمی بەعسی عێراقی فاشی ئەو دەمە.

وەستا ئەحمەد و دلێر لە ڕەوەندێکی سەرووی گوندەکە لە مالێ مامۆستا عەبدوڵڵای ئامۆزای شەهید عەلی عەسکەری بەجێمابوون، پێشمەرگەکان بۆ سۆراغی ئەوان چوونەوە ئەو مالە، دەیان وێنەو دیمەنی حەزین هاتە ناو نیگایانەوە، دیمەنی ئەو ژنانەی بە ساج نانیان کردبوو، بە سەر ئەمدیواودیوی ساجەکەدا کەوتبوون، ئەو خانمانەی لە سەر جۆگەی ئاوەکە قاپیان شتبوو جلیان شتبوو بە هەمان ڕووخسارو دیمەن لەو جۆگە ئاوە نەخشابوون بوونە دەیان تابلۆی ڕەنگ، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوو سیمای سووتاوی کیمیایی و گازی سیانید و خەردەل.

بەرەو مالەکە بەڕێکەوتن هێشتا کاریگەری کیمیاویەکە مابوو بۆیە ئەمانیش باگراوی بوون، چاوو قوڕگ و لێویان هاوساو وشک هەڵات، کە چوونە ناو مالەکەوە نە وەستا ئەحمەد لەوێ مابوو نە دلێر، تەرمێکی زۆر لەو ناوەدا کەوتبوون بەڵام وەستا ئەحمەدو دلێر لە ناو تەرمەکاندا نەبوون.

حـــیکایەتی تـــراژیدی ئـــەنفالی چوار

دەمەو ئێوارەیەکی ڕەنگاڵەیی و ڕەنگ تریفەیی بوو، شەونمی تەڕی سەر گژوگیا و ئاونگی نەرم و شلی دارو درەخت هەر خوناوی لێدەچۆڕا، هێشتا جریوەی مەلە خۆشخوانەکان و سەمای پەپولە و لەنجە و لاری دارو درەخت بە شنەی با خۆی ڕادەژەند، هێشتا بۆنی گوڵی یاڵ و هەردی پشت دێ، بۆن و بەرامەیان دەگەیشتە ناو ئاوایی، هێشتا عاشقان لە بن چاردەو ناو ئاغەڵان، نەچووبوونە ژوان، هێشتا بەرغەلی ئاوایی نەگەیشتبووە ناودێ، زایەڵەی زەنگی پێش کاروان ملی لە تولەڕێی بەرماڵان نەنابوو، هێشتا گوندی گۆپتەپەی جوان، لە باوەشی ئاسمانێکی بێگەردا بە هیوای سپێدەیەکی نوێوە، بۆ خۆر ئاوابوون دەیڕوانی کاتێک فڕۆکە مەرگ چێنەکانی بەعس خەڵتانی گازی قەدەغەکراوی کیمیاییان کرد.

کاتژمێر ٥:٢٥ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ شەش فڕۆکەی جەنگی ڕووەو گۆپتەپە هاتن و لە پەلامارێکی وەحشیانەی کیمیایدا گۆپتەپەیان خەڵتانی خوێن و دووکەڵ و بۆنی خەردەل و سیانید کرد، کە زیاتر لە ٣٠٠ کەسی سڤیل و بێدیفاع شەهید بوون و سەدان کەسیش بریندار بوون، نزیک بە ٨٠ کەس لە شەهیدەکان لە بەردەم مزگەوتی گۆپتەپەدا بە کۆمەڵ و لە چاڵێکی هەندێک قوڵ و درێژدا ئەسپاردەی خاککران.

شاڵاوەکانی ئەنفالی چوار سەرەتا لە کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەرەوە دەستیپێکرد، دواتریش لە زیاتر لە دوانزە قۆڵەوە هێرشی بەربڵاوی سوپا و گەلە جاش و مغاویر، بە پشتیوانی سەدان تانک و زرێپۆش و فڕۆکە لە تەکیە و سوسێ و کۆیە و تەق تەق و شوان و قەڵاسێوکەوە دەستیپێکرد.

هاوکات لە گەڵ هێرشەکانی سوپاو جاشدا ئاوی بەربەستی دووکان بەردرایەوە تا ڕێگە لە پەڕینەوەی گوندنشینان بگیرێت کە لە هەوڵی ڕزگاربوونی گیانی خۆیان و قوتاربوونی ماڵ و منااڵیان بوون، کە ئەوەش تاوانێکیترە لە تاوانەکانی پرۆسەی ئەنفال و جینۆسایدی کورد.

هەر چەندە شالاوەکانی ئەنفالی چوار کورت خایەن و کەم خایەن بوو، بەڵام بەدەرنەبوو لە مقاوەمەتی پێشمەرگە، هێزەکانی ی ن ک، گورزی کاریگەریان لە هێزەکانی ڕژێم وەشاند.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێزەکانی ڕژێم پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری زێی بچووکیانداو لە کۆیەوە هێرشەکانیان دەستپێکرد، لە چەمچەماڵ و سوسێ و تەق تەقەوە بەشێکیان بەرەو کۆیە و بەشێکیتریان بەرەو ناوچەی شێخ بزێنی هێرشەکانیان دەستپێکرد، هێزە پەلاماردەرەکەی ڕژێم لە ڕۆژی ٥/٤ داو لە چیای تەکەڵتو ڕووبـەڕوی مقاوەمەت و بەرگری هێزی پێشمەرگە بـووەوەو زەبری کوشندەی بەرکەوت، هاوکات لە چەمی ڕێزانیش هێزەکانی یەکێتی ڕووبەڕووی جاش و سوپای داگیرکەر بوونەوە کە لە سووسێوە هێرشیان هێنابوو، هێزی پێشمەرگە لە سورقاوشان کە ژمارەیەان ٢٠ کەس بوو، گورزی گەورەیان لە هێزە هێرشبەرەکەی ڕژێم سرەواند، ئیتر هێواش هێواش بەرگری و مقاوەمەت ڕووی لە کزی و نەمان دەکرد، هێزی پێشمەرگەش بە بەرنامە و پلانی گونجاو پاشەکشەیان کرد.

لێرە بە دواوە هێزە تالانچیەکەی بەعس کەوتە تالانکردن و وێرانکردنی گوندەکان، هەر لەڕێوە گوندەکانی عەودالان و کەلەباش و تەلانیان، خاپوور و تالانکرد، لە گوندەکانی ، کلێسە، بۆگ، دەزلو، کانی هەنجیر، گۆمەشین، ١٦٨٠ کەس بێسەرو شوێنکران، لە گوندەکانی گۆپتەپەو عەسکەرو ناوچەی شێخ بزێنی و گوندەکانی دەوروبەری زێی بچووک، گوندەکانی ئێلنجاخ، گرت خەبەر، قەسرۆک، قامیشە، جەلەمۆرد، بەهەزاران بێسەرو شوێنکران و ڕاپێچی چاڵی مەرگکران.

ئەو پۆلە پێشمەرگەیەی تیپی ٣١ جاریکیتر نەیانتوانی لە زێی بچووک بپەڕنەوە بۆیە بەرەو خاڵخاڵان ڕۆیشتن لەوێشەوە بەرەو کاریزەو شێوەسوورو ماوەی مانگێک لەوێ مانەوە ژمارەی پێشمەرگەکان ٢٧ کەس بوون، جەمال ئەبوشوارب و هـاوڕێ عەزیز و کاروانی عومەری خاڵە عەلی چوارتا و عومەر دێگەڵی و مام تەهاو هەڵۆ پێنجوێنی و ژمارەیەکیتر، مانگێک لەو ناوچەیە مانەوە زۆر بە

زەحمەت خواردن دەستدەکەوت و دەرفەتی ئاگرکردنەوەش کەم بوو، کۆپتەر بەردەوام کێوماڵی ناوچەکەی دەکردو بە شوێن پێشمەرگەدا ئەگەڕا، دواجار بەرەو سنووری شێخ بزێنی و لەوێشەوە بۆ دەشتی هەولێرو بناری باواجی و گۆمەسپان و دۆڵی سماقوڵی، یەکەم بارەگای پێشمەرگە کە پێیگەیشتن تیپی باواجی بوو، لەوێ پشوویانداو حەسانەوە لەوێشەوە گەڕانەوە سنووری مەڵبەندی سێ و توتمێ و شێخ وەسانان و کانی بەردینە، لە توتمێوە بەرەو شاخە سەختەکانی سنوورەکە، بۆ دۆڵی بلە و ملەی جوانەگا و دواتریش گەڕەوانی سەروخوار لەوێشەوە بۆ سەر شاخی کارۆخ بەرانبەر هەندرێن، ماوەی مانگێک لە کارۆخ مانەوە.

هـــەژدە ڕۆژ لە خـــاڵخاڵان

تیپی ٣١ی سلێمانی لە ئەنفالی یەکدا لە پشتی قزلەر بوون پاشەکشەیانکرد چوونە سەردەشت دواتر هێزەکانیان گەڕانەوە مەڵبەندی یەک.

وەستا کەمال، مامە سەعە، جەمال ئەبو شوارب، عەبە ڕەق فەرماندەی کەرت بوون، هێزەکەی تیپی ٣١ شەو چوونە خاڵۆ بازیانی بەری تاڵەبان گیرابوو، بۆ بەیانی سووپای عێراق پەلاماری خاڵۆ بازیانیدا شەڕ دەستپێکرد تا شەو بەردەوام بوو خەڵکی خاڵۆ بازیانییان لە گەڵ خۆیاندا هێنا هاتنە بەری گۆپتەپە لە چەمی ڕەزان شەڕێک کرا تیپی ٣١ لە یەکتری دابڕان، مامۆستا جەمال و عەبە ڕەق کەوتنە چەمی ڕەزان، جەمال ئەبو شوارب و کەرتەکەی کەوتنە چەمی خاڵخاڵان ماوەی هەژدە ڕۆژ لە چەمی خاڵخاڵاندا مانەوە.

دوای هەژدە ڕۆژ مانەوە لە چەمی خاڵخاڵاندا ویستیان شوێنەکەیان بگوازنەوە بە دەوری خۆیاندا سوڕانەوە بەیانی هاتنەوە هەمان شوێنی خۆیان لە ئەشکەوتێکدا مانەوەو شەو بە سەرداهات بزنێک جێمابوو گرتیان و هێنایانە ناو ئەشکەوتەکە سەریانبڕی داریان پێنەبوو نان و خوێیان پێنەبوو بە قامیش ئاگریان کردەوە دووکەڵ بێزاریکردن، بە قامیشەکە کەمێک گۆشتەکە گەرم دەبوو بزنەکەیان خوارد.

دەمەو ئێوارە خاوەنی بزنەکە هات ووتی ئەم بزنە هی منە جێماوە دەبێت پارەم بدەنێ لە بەر ئەوەی شوێنەکەیان ئاشکرا نەکات و تووشی کێشەیان نەکات هەر

پێشمەرگەیەو شتێک پارەیان دایە تاوەکو دوژمن نەهێنێتە سەریان.

دوای ماوەیەک سیروانی کوێخا نەجم هاتە لایان ووتی تا سێ شەویتر لێرە بمێننەوە دەگەڕێمەوە بۆلاتان ئێوەش دەپەڕێنمەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ی سلێمانی بە فەرماندەیی جەمال ئەبو شوارب چەمی خاڵخاڵانیان جێهێشت و بەرەو شیوە سوور ڕۆیشتن تا بپەڕنەوە دەشتی هەولێر بەڵام کەڵەکەکان نەمابوون هەر دارەکەی مابوو کە پێی بپەڕنەوە چووپی کەڵەکەکەیان سووتاند بوو.

عەتا پێشمەرگەیەکی تیپی ٣١ بوو لە گەڵ کەرتەکەی جەمال ئەبو شوارب ووتی ئەگەر یەکێک لە گەڵمدا بێت نزیک گۆپتەپە مەکینەیەکم دیوە شاراوەتەوە دەچین چووپەکەی دەردەهێنین و پێیدەپەڕینەوە.

بەرەو مەکینەکە ڕۆیشتن دوو چووپیان هێناو گەڕانەوە بەڵام هەوایان تیادا نەبوو لە ئێوارەوە پێشمەرگەکان بە نۆرە فویاندەکردە چووپەکە تا پڕ بێت تا شەو فویان تێکرد چوپێکیان نیوەکردبوو.

کاتژمێر دوانزەی شەو دەنگە دەنگێک پەیدا بوو وایانزانی جاشی ڕەبییەکانن هاتوونەتە خوارەوە میلی تفەنگیان لێڕاکێشان کە هاتنە پێشەوە سیروانی کوێخا نەجم و ژمارەیەک پێشمەرگە بوون.

سیروانی کوێخا نەجم ناردبووی بۆ کەرکوک چووپ و پەمپیان بۆ هێنابوو کەڵەکەکەیان چاککردوو پەڕینەوە دوو کۆپتەر هاتنە سەریان لە بەر بەیان تا تاریکی شەو خۆیان شاردەوە دوای ئەوەی دنیا تاریکی پۆشی چوونە مەڵبەندی (٣) تێکڕا (٤٠) پێشمەرگە بوون مولازم عومەر پێیووتن (٤٠) پێشمەرگە (٤٠) دەبابەت بۆ هێناوین.

تیپی ٣١ی سلێمانی کەرتی جەمال ئەبو شوارب ٤٠ شەو بە پشتی گەرەوانەوە مانەوە تا مەڵبەندی ٣ چۆڵیکرد، لە کاتی پەڕینەوە لە سوورەدێ عەزیز سیتەکی شەهید بوو.

مامۆستا جەمال فەرماندەی تیپ و بەشێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٣١ لە چەمی ڕەزان گیریان خواردبوو لە بەشەکەی تری تیپەکە دابڕابوون، ئەوانیش یەکتریان

گرتەوەو بەرەو مەڵبەندی سێ بەڕێکەوتن و لە گەڵ تیپی ٣١ لە گوندی خەتێ بارەگایان دانـاو لەوێوە چوونە بەنی هەریر، لە خەتێ جارێکیدیکە بەر چەکی کیمیایی کەوتن، نەخۆشخانەی شۆڕش کە دکتۆر زریان بەڕێوەبەری بوو لە گوندی (خەتێ) لە سەر کانی و ئاوەکە بارەگایان هەڵدابو، کانیەکی ساردوو ئاوێکی زۆری لێهەڵدەقوڵا بە گەیشتنی بریندارەکانی تیپی ٣١ هەڵۆ پێنجوێنی و جەلال سیرەمێرگی جێگری فەرماندەی کەرت و ژمارەیەک بریندارى دیکە، یەکسەر فڕێیان دانە ناو ئاوەسارەکەوە تا کیمیایەکە کاریگەری کەم بێتەوە لە سەریان، دواتر هەندێک چارەسەریان دانێ و بەرەو باش بوون ڕۆیشتن.

سنووری مەڵبەندی سێ لە دانیشتوان چۆڵکرابوو تا نەکەونە بەر شاڵاوی ئەنفال و دانیشتوانی ناوچەکە لە مەترسی دەستگیرکردن دووربخرێنەوە، زۆربەی هەرە زۆری تیپەکانیش پاشەکشەیان کردبوو بۆ سنووری مەڵبەندی سێ، تیپی ٣١ و ٢١ دوا تیپەکانی پێشمەرگە بوون کە بەرەو مەڵبەندی سێ پاشەکشەیان کرد، تیپی ٣١ چوونە بناری قەندیل، لە شاخی کونەکۆترەوە دابەزین بۆ قەڕناقاو پشت ئاشان، دوای پشودان بەرەو سـووردێ جوڵەیان پێکرا، لە سـووردێ تووشی شەڕی دەستەو یەخەو هێرش و تۆپ بارانێکی سەخت و دژوار بوون، هەزاران تۆپ و ڕاجیمە بە ئاسمان و زەوی سووردێ و بناری قەندیلدا هەر لرفەو لورەیان دەهات و وەک تاوە تەرزەی بەهاران دادەبارین، لە شەڕی سووردێدا عەزیز سیتەکی شەهید بوو کە یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣١ بوو، مامە سەعە و کاکە عەبە و ژمارەیەک فەرماندەی دیکە سەرپەرشتیاری شەڕەکە بوون کە ماوەی زیاتر لە پێنج ڕۆژی خایاند.

دوای شەڕی سووردێ و گرتنی ناوچەکە لە لایەن داگیرکەرەوە پێشمەرگە پاشەکشەیان کردوو تیپی ٣١ چوونە، تاتی دۆ، لە چیای قەندیل لە نێوان سنووری «عێراق، ئێران» دا سەنگەریان لێداو دوا شەڕو دوابەرگریان کرد، تێکڕای پرۆسەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغ کۆتایی هات کە دوا قۆناغیان ئەنفالی بادینان بوو، ئەنفالی یەک دۆڵی جافەتی و ئەنفالی دوو بەری قەراغ و ئەنفالی سێ گەرمیان و ئەنفالی

چوار سنووری زێی بچووک و گۆپتەپە و عەسکەرو بەری کۆیە و ئەنفالی (٥ و ٦ و ٧) ناوچەی دۆڵی خۆشناوەتی تا بناری قەندیل ڕۆیشتن، ڕژێم بەلاغی کۆتایی ئەنفالی دەرکرد کە ناوی لێنابوو بەیانی بەیانەکان خاتیمەی ئەنفال و لێبووردنی گشتی دەرکرد کە تەنها جەنابی مامجەلالی نەدەگرتەوە.

تیپی ٣١ی سلێمانی لەوێوە پاشەکشەیکرد بەرەو گوێزێ و بارەگاکانی بلەکێ، سەرکردایەتی یەکێتی ڕیزەکانی ڕێکخستەوەو بەتالیۆنەکانی دروستکردوو مەفرەزەی پارتیزانەکانی پێکهێناو ڕەوانەی ناوچە چۆڵەکانی دوای ئەنفالی کردنەوەو سازوو ئامادەی کردن بۆ ڕاپەڕین.

تـــیپی 21ی کـــەرکوك

ڕێکخستنەکان هەواڵیاندایە تیپی ٢١ی کەرکوک دوژمـن بە نیازە پەلاماری ناوچەی گۆپتەپە و سنووری هەولێر کۆیە بدات.

کەرتی یەک وەستا سابیر فەرماندەی بوو مەلا شاخی ڕێبەری سیاسی کەرتەکە بوو لە مزگەوتەکەی پەڵکانە کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکانیان سەبارەت بە جموجۆڵ و پەلاماری دوژمن بۆ سەر ناوچەکە خوێندەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاریاندا خەڵک بڕوات بە تایبەت ئەوانەی کە چەکیان نییە یان ژن و منداڵ و پیرن.

هێزی پێشمەرگەو پشتگیریش بمێننەوە سەنگەر لێبدەن و بەرگریبکەن، مەلا شاخی ماڵ بە ماڵ و دێ بە دێی ئاگادار کردەوە خەمی خۆیان بخۆن و لە دێیەکان دەرچن و لە زێ بپەڕنەوە.

بەیانی سەنگەریانگرت دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە (پێنج) پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

هێزی پێشمەرگە بەرگری دلێرانەیانکرد لە هەمان کاتدا پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک خەڵکی ناوچەکەیان بە کەڵەک لە زێ دەپەڕاندەوە.

پێشمەرگە (٧) کەڵەکیان کۆکردبووەوە لە حاویەی چەمی تووڵکی و پەڵکانە دایاننان، کەڵەکەکانیان کرد بە دوو بەشەوە:

١/ بەشێکیان لە پەڵکانە دانا ئاوات سەرپەرشتی دەکرد.

٢/ بەشێکیان لە حاویەی تووڵکی دانا ئاسۆ سوور سەرپەرشتیدەکرد.

هەر کە هەواڵی پەلاماری دوژمنیان پێگەیشت کەرتی یەکی تیپی ٢١ی کەرکوک (پێنج) مینی دەبابەیان لە ڕێگە سەرەکییەکان داناو لە ناو خۆڵدا شاردیانەوە.

١/ (مینێک) یان لە نێوان عەمدون و دەرماناو دانا بە گایەکدا تەقییەوە، ئەگەر بە گایەکەدا نەتەقیایەوە تراکتۆرێک پڕ لە ژن و منداڵ بەو ڕێگەیەدا دەهاتن بەواندا دەتەقییەوە، پێشمەرگە هـەر چەند هـاواریـان لە تراکتۆرەکە کرد مەیەن بەڵام نەوەستان گایەکە پێش گەیشتنی تراکتۆرەکە قاچی پێداناو بووە قوربانی ئەوان.

٢/ (مینێک)یان لە سەرکەلی عەلی بەیان دانا بە لاندکروزێکدا تەقییەوە ئەفسەرێکی ئیستخبارات و سەربازو جاشی تیابوو.

٣/ ئەو مینەی لە کەلی تولّکی نابوویانەوە بە هینۆیەکی سەربازیدا تەقییەوەو هەرچی تیابوو کوژرا تایەی هینۆکە پەڕیبووە چەمەکەی خوارەوە.

٤/ دوو مینیتریان لە کەلی قەرەسالم دانابوو نەتەقینەوەو هەڵیانگرتنەوە تا بە خەڵکدا نەتەقنەوە.

لە گەڵ تۆپباران و پەلاماری دوژمن پێشمەرگەکانی کەرکوک لە بەرە بەیانییەوە دەستیانکرد بە پەڕاندنەوەی خەڵکی دێیەکان بۆ بەری هەولێر.

پێشمەرگەکانی کەرکوک ئەو ڕۆژە تا ئێوارە بەرگرییانکرد، کە شەو داهات دوا کەڵەک مەلا شاخی و خێزانەکەی و وەستا سابیر و کەڵەکەوانەکان پەڕینەوە.

بەشێک لە هێزەکە چوونە مەڵبەندی (٣)، بەشێک لە گەڵ مەلا شاخی مانەوە لە ناوچەی هەولێر کردیانن بە سێ بەشەوە گەیاندیاننە قوشتەپە، دارەتوو، بنەسڵاوە دواتر هەندێکیان گەڕانەوە بۆ ناوچەکانی کەرکوک بە پارتیزانی مانەوە، بەشێک تەسلیم بوونەوە.

تـــــیپی 23 ســـــورداش

سوپای عێراق بەرنامەی چڕووپڕی دانابوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی بارەگاکانی سەرکردایەتی «ی ن ک» بۆ ئەو مەبەستە دەیان هەزار چەکدار و تۆپ و فڕۆکەی خستبووە خزمەت سوپای عێراقەوە، ئەنفالی یەک لە سنووری دووکان و دۆڵی جافەتی و گوندەکانی دەوروووبــەری پیرەمەگرونەوە بۆ سەرگەڵو بەرگەڵو لە پێشڕەویدا بوو.

بارەگای تیپی ٢٣ی سوورداش لە گوندی زێوێ بوو، بڕیاری گواستنەوەیان داو هێنایانە «گەبەو گولیجە» دۆخێکی تایبەت هاتە پێش، سنووورەکە بەرتەسک ببووەوە، خواردن و پێداویستی ڕۆژانە ڕووی لە کەمیدەکرد، پەیوەندی نێوان تیپی ٢٣ و سەرکردایەتی پچڕا.

زۆر نەبوو سابیر کۆکەیی کرابووە جێگری فەرماندەی تیپ، کە حکومەتی عێراقی لە بەیانێکدا لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی یەکدا ڕایگەیاند، دەستیگرتووە بە

سەر سەرکردایەتی (ی ن ک)دا لە سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی جافایەتی.

تیپی ٢٣ی سووورداش بە فەرماندەیی سابیر کۆکەیی بڕیاریاندا چالاکی بکەن و وەڵامی بە ناو بەیانەکەی بەغدا بدەنەوە.

شوێن شارۆچکەی پیرەمەگرون سەربازگەیەکی گەورە بوو پێنج هەزار سەربازی عێراقی، فەڵەستینی، یەمەنی، سعودی و دەوڵەتانی عەرەبی تیابوو، پێنج هەزار هێستریشیان هێنابوو بۆ تاڵانی، لە باکوورو باشوور و ناوەڕاستی سەربازگەکە، سێ مزگەوتیان درووستکردبوو لە گەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا لە ناو یەکێک لەو سێ مزگەوتە، تەواوی سورەتی ئەنفال خوێندرایەوە لە لایەن مامۆستایەکی ئاینی ناو سەربازگەکە.

شـــــەڕی ســـــووسێ

ژمارەیەک پێشمەرگە بە فەرماندەیی سابیر کۆکەیی هاتنە کۆکە لەوێشەوە بۆ سەر جادەی سووسێ-دووکان کە پێکهاتبوون لە «سابیر کۆکەیی، حاجی نوری، عومەر شیلە خانی، جەزای برای شەهید ئاسۆ، عەلی سەعید، جەمال حسێن، جەلال و چەند پێشمەرگەیەکیتر.

پێشمەرگەکان لە نزیک جادەکە دامەزران، ژمارەیەکی زۆر سەیارەی سەربازی هاتووچۆیان دەکرد بەڵام چاوەڕێی باشترین دەرفەت بوون.

کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ لە سەربازگەو قەڵای سوسێ وە جێبێک و ئیڤایەکی سەربازی هاتنە دەرەوەو بەرەو جادەی سلێمانی بەڕێکەوتن، پێشمەرگە لە بۆسەدا بوون بۆی، جێب قیادەکە و ئیڤاکە گەیشتنە بەردەمی پێشمەرگەو سابیر کۆکەیی ئار بی جی یەکی لە ئیڤاکەداو جێبەکەش درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

حاجی نوری هەڵیکوتایە سەر جێبەکەو ووتی دەرەجەداریکی تیایە، ئەفسەرەکە بە بریندای دوو فیشەکی بە حاجی نورییەوە نا بەڵام بەرینەکەوت، سابیر کۆکەیی ئار بی جی یەکی ترینا بەجێبەکەوەو ئەفسەرەکەی بەرەو دۆزەخ نارد.

دوای لێدان و دەستوەشاندن، کشانەوە بەرەو ناوچەکانی خۆیان، دوای ماوەیەک هەواڵ گەیشت ئەو ئەفسەرەی لە جێبەکەدا کوژراوە، خزمی صدام حسێنی سەرۆکی

لە سێدارە دراوی عێراق و سەرپەرشتیاری ئەنفالی ناوچەکە بووە.

ئەو چالاکییە کە لە ناو جەرگە و قوڵایی سەربازگە و ڕەبییە و مۆڵگەکانی ڕژێمداو لە سەردەمی ئەنفالی یەک و لوتکەی بوغرایی سوپای عێراقدا، گورزێکی گەورەو کاریگەر بوو بە سەر سووپای عێراق کەوت.

شـــەڕی گـــەورەدێ

تیپی ٢٣ی سورداش تا ئەنفالی چوار لە سەرەتای مانگی ٥ی ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەکە مانەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ هێزێکی گەورەی سووپای عێراق کە پێکهاتبوو لە سەدان قوات خاصە، بە هاوکاری سەدان تانک و تۆپ و کۆپتەر گەمارۆی گوندی گەورەدێی سنووری پیرەمەگرونیدا.

کاتژمێر ٧ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٤ شەڕ دەستیپێکرد ٢٥ دەبابە لە تەکیە، پێنج دەبابە لە زەرزی، پێنج دەبابە لە سوسێ بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی سەربازگەی سوسێ، کانیخان، تەکیە، ئاغجەلەر و دەیان کۆپتەر هێرشیان هێنایە سەر پێشمەرگە لە گەورەدێ و شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە بەڕێوەچوو، هێزێکی بێشومار لە چەرمەگاوە بەرەو شوێنی شەڕەکە هات.

کەرتەکانی عبدالله بەکرەجۆیی، کەریم باخی، عبدالله عازەبانەیی، بە سەرپەرشتی سابیر کۆکەیی شەڕی گەورەو قارەمانانە و بێوێنە، وەکو دەڵێن شەڕی مان و نەمانیانکرد، شەڕی دەستەویەخە و تێکڕژان و بەیەکدا چوون بوو، بەجۆرێک ئامری هێزەکەی داگیرکەر بە بڵندگۆ هاواریدەکرد، «سلم نفسکم مایفید جلال تالبانی»، بەڵام پێشمەرگە، ئامرو بڵندگۆکەی دەستیان خست و هەر لەجێدا بەسزایان گەیاندو کوشتیان.

شەڕی گەورەدێ تا کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆی خایاند زیاتر لە ٤٠ کەلاکی قوات خاصە لە مەیدانی شەرەکەدا کەوتبوون، لە هێزی پێشمەرگەش دوو پێشمەرگە شەهید بوون، عومەر شیلە خانەیی و کامەران سەریان بەو داستانە بەخشی.

پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ دوای شەڕێکی قارەمانانە کشانەوە بۆ ئەشکەوتی «سحرا» و تا ئێوارە لە چەمی ڕەزان خۆیان حەشاردا، دواتر لە شەوی ١٩٨٨/٥/٥\٤ بەرەو چیای پیرەمەگرون کشانەوە.

چـــــیرۆکێکی غـــــەمناك

لە ئەنفالی چوارو لە سنووری سورقاوشان، کۆپتەر هاتبووە سەر پێشمەرگە، کۆپتەرەکان هێندە نزم بوون لە دارو درەختیان ئەدا، ژنێک منالێکی پێبوو دەگریا پێشمەرگە وتبوویان مەهێڵە منالەکەت بگری سوپا نزیکە با پێمان نەزانێ، ژنەکەش دەستیخستبووە سەردەمی منالەکە تا دەنگی دەرنەیەت کاتێک سووپاو کۆپتەر دوورکەوتبوونەوە دەستی لە سەردەمی منالەکە لابردبوو، منالەکە خنکابوو دوا هەناسەی سپاردبوو.

نـــاوچەی خـــاڵخاڵان
تـــیپی (25)ی خـــاڵخاڵان

ئەنفالی ٢ی قـەرەداخ و ٣ی گەرمیان کۆتایی هاتبوو ڕژێمی عێراق هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە بۆ دەستپێکردنی قۆناغی چـواری ئەنفال کە سەرەتاکەی بە کیمیاباڕانکردنی گۆپتەپە و عەسکەر دەستپێکرد دواتر پەلاماری ناوچەکانی خاڵخاڵان و شوێنەکانیتریدا.

کەرتی (١) ی قەڵاسێوکە لە زنجیرەی شاخی دەربەندی تەکیە کە دەگاتەوە ئاغجەلەر دامەزرابوون بۆ ئەوەی بەرەنگاری هێزی پەلاماردەری دوژمن ببنەوە.

هێزەکانی عێراق پێکهاتبوون لە لیواکانی قوات خاسە و فەوجی خەفیفە و مەفرەزە خاسەو هێزە چەکدارەکانی عێراق.

پەلاماری دوژمن لە ناوچەکانی تەکیە بۆ ئاغجەلەر، دۆڵی سورداش، ناوچەی شوان و سالّەیی و ئەوبەری زێ، بە پانتایی ئەو ناوچانە پەلاماری بۆ سەر سنووری تیپەکانی ٢٥ی خاڵخاڵان، ٢٣ی سورداش، ٢١ی کەرکوک دەستپێکرد.

هێزی دوژمن پەلاماری ئاغجەلەریدا کەرتی (٥)ی تیپی خاڵخاڵان ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن بوونەوە، شەڕەکە ناهاوسەنگ و نابەرابەر بوو هێزی پێشمەرگە دوای بەرگری سەخت پاشەکشەیانکرد.

کەرتی (١)ی قـەڵا سێوکە بە بڕیارێک پاشەکشەیانکرد گـەڕانـەوە ناوچەی قوجەلەرو گەڕگەڕ ڕەهبەری سەید برایم فەرماندەی تیپی خاڵخاڵان و هێزێک چوونە گەڕگەڕو چەمی ڕەزان.

شیرازەی پەیوەندی هێزی پێشمەرگە پچڕاو لە یەک دابڕان، کەرتی (١) چوونەوە گەڕگەڕ خەڵکی ناوچەکە لە هەڵەتەکان و پەناو پەسێودا خۆیان پەنا دابوو.

زۆربەی زۆری دێیەکان تەنها دووکەڵی ڕەش بوون و بەری ئاسمانیان گرتبوو سووپای دڕندەی داگیرکەر دەستی بگەیشتایە هەر دێیەک دەیسووتاند.

ئەمبەراو بەری زێ لە ناوچەی چەمی ڕەزانەوە تا شێخ بزێنی خواروو پردێ سووتێندران و لە گەڵ خاکدا تەختکران.

کەرتی (١) قەڵاسێوکە پەڕینەوە ناوچەی قەیماسە لە شاخی کێوە چەرمەڵە مانەوە خەڵک و پێشمەرگە پەرتەوازە ببوون، ژمارەیەکی زۆر خەڵک بەر شالاوی دڕندانەی ئەنفال کەوتن، جەلەمۆرد یەکێک لەو دێیانە بوو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانەکەی ئەنفالکران.

لە شالاوەکانی ئەنفالی چواردا سیروان گۆگجەیی کرایە فەرماندەی کەرتی (١) کەرتی قەڵاسێوکە کرایە چەند مەفرەزەیەک تا بتوانن لە گەڵ بارودۆخەکەدا خۆیان بگونجێنن.

زۆربەی هێزەکانی گەرمیانیش بە سنووری خالخالاندا پەڕینەوە مەڵبەندی (٣)، مەفرەزەکانی کەرتی (١) بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە، مەفرەزەیەک لە گەڵ سیروان گۆگجەیی چوونە ماسقەلان.

دۆخی ناوچەکە ئاڵۆزو سەخت بوو دوژمن دێهاتەکانی سووتاندبوون جاش و قوات خاسە بە ناوچەکەدا دەگەڕان کۆپتەر دادەبەزینە سەر ماڵ و کەڵوەزو سەربازو جاشی دادەبەزاند.

ماڵی حاجی کەریم نزیک تەرەقە بوو چەکێکیان لە سەر خانووەکە دانابوو کۆپتەر دابەزیە سەر خانووەکەو چەکەکەی هەڵگرت.

مەفرەزەکان پەرت ببوون هیوا ڕەش و بێستوون و هاوڕێ چوون بە دوای مەفرەزەکانیتردا کۆیان بکەنەوە بە شیوە سووردا پەڕینەوە بەڵام مەفرەزەکانیان نەدۆزییەوە زۆربەی زۆریان تەسلیم ببوونەوە.

هەندێک پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە بەڵام بە ئەنفال لە قەڵەمیاندان و بەرەو چارەنووسی نادیاریان بردن.

ئەم مەفرەزەیە کە سیروان گۆگجەیی سەرپەرشتی دەکرد پەڕینەوە مەڵبەندی (٣) ماوەیەک لە کەژۆست و گەرەوان ئەرکیان پێسپێردرا، دواتر بە پارتیزانی گەڕانەوە ناوچەکانیان.

ڕەهـــبەری سەید برایم، مامۆستا عادل، عـــەلی بچکۆل لە بـــافڵەکەی چـــەمی ڕەزاندا

خەڵکی گەرمیان دەپەڕینەوە سنووری خاڵخاڵان دوژمن لە هەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیدەدا، بەشێک لە پێشمەرگەکانی خاڵخاڵان لە شاخی پشتی چنارتوو گەڕگەڕ بوون.

ڕۆژی دووەمی دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالی (٤) ڕەهبەری سەید برایم، مامۆستا عادل و هێزێک لە چەمی قۆجەلەر بوون لە سەر شاخەکە پێشمەرگەیان دانابوو تا لە جوڵەی دوژمن ئاگاداریان بکەنەوە.

بەیانی بوو پێشمەرگەکانی سەر شاخ هاواریانکرد هێز گەیشت، جاشی زێباری بە سەر شاخەکەدا زاڵبوون پێشمەرگەکان لە چەمەکەدا بوون بەڵام تەقەیان نەکرد، کە شەو داهات پێشمەرگەکان شوێنەکانیان گواستەوە ماوەیەک لە پشتی قۆجەلەرو بلوکێن و گەورەدێ و چەمی ڕەزان مانەوە.

ڕەهبەری سەید برایم فەرماندەی تیپی خاڵخاڵان مامۆستا عادلی ڕاسپارد جەولەیەک بە ناوچەکەدا بکات تا بزانن کێ ماوەو دەنگوباس چییە و چیبکەن.

مامۆستا عادل و دوو پێشمەرگە هاتنە خوارەوە بۆ لای شوان و شێخ بزێنی، گەڕانەوە بۆ لای تەکیە، شەوانە خەڵک لە تەکیەوە بە ووڵاخەوە دەهاتن پاشماوەی کەلوپەلە جێماوەکانیان باردەکردوو دەیانبردەوە، پێشمەرگەکان پرسیاریان لە خەڵکەکە دەکرد هەندێک زانیاریان دەستکەوت و گەڕانەوە لای کاک ڕەهبەر.

تـــێکشکانی پـــەلاماڕێکی دوژمـــن

ڕۆچی ١٩٨٨/٧/٦ دوژمن بەهێزێکی گەورەوە لە سێ قۆڵەوە پەلاماری ناوچەکانی سوور قاوشان و چەمی ڕەزان و کەڵەشێرەیدا، دوو قۆڵی پەلامارەکەی دوژمن لە نێوان کەڵەشێرە و کانی ئەولا بۆ پێشمەرگەکانی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان هاتنەخوارەوە پێشمەرگەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕ لە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ دەستیپکرد لە گەرمەی شەڕدا پێشمەرگەکانی تیپی ٢٣ سورداش و دەزگای پێشمەرگایەتی بە فریای پێشمەرگەکانی خاڵخاڵانەوە هاتن شەڕ تا کاتژمێر ٨ی شەوی خایاند

زیانی دوژمن

کوژرانی ٤٠-٥٠ کوژراو بریندار بوونی ژمارەیەکی زۆر

بە دیلگرتنی ٧ چەکدار

دەستکەوت

١١ کلاشینکۆف و ٤٤ مەخزەن و کۆمەڵێک فیشەک.

چـــەمی ڕەزان
پـــەلاماری دووژمن، گـــەڕانەوەی ژنـــەکان

خێمە و کەپری ماڵە پێشمەرگە لەهەواڕە سوور بوو بارەگای پێشمەرگەش لەوێ بوو ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ فڕۆکەی دووژمن بەسەر هەواڕە سووردا دەسوڕایەوە، کوڕێک ناوی وریا بوو لەعەسکەرەوە هاتە هەواڕە سوور بەعەلی بچکۆلی ووت کیمایی ڕشت، لەدووکانەوە بەتۆپی دوورهاوێژو هەڵگری کلاوەی کیمیایی هەواڕە سووریان کیمیا بارانکرد، پێشمەرگە و مالّی پێشمەرگەکان بەرەو چەمی ڕەزان بەڕێکەوتن خەڵکی عەسکەریش هاتنە چەمی ڕەزان ژن و منالّ لەناو ئەشکەوتێکدا بوون، عەلی بچکۆل کەسێکی نارد بەدوای ڕووناکی خێزانیدا کە لەئەشکەوتەکە بێتە خوارەوە نەفیە ژنێکی خەڵکی عسکەربوو داوێنی ڕووناکی گرت ووتی دادە ڕووناک توخوا جێمان مەهێڵە ڕووناک ووتی دادە نەفیە دەگەڕێمەوە لاتان.

عەلی بچکۆل لەگەڵ پیاوانی عەسکەردا کۆبووەوە تابزانن بەنیازی مانەوەن لەگەڵیاندا یان دەیانەوێت چیبکەن ئەگەر دەمێننەوە دەبێت خۆیان پەنا بدەن بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن دوژمن بێتە سەریان، پیاوانی دێی عەسکەر وتیان ئێمە تەکبیری خۆمانکردووە لەڕێگەی شێخ مەحموودی کارێزەوە تەسلیم دەبینەوە. خەڵکی عەسکەر ئەشکەوتەکەیان جێهێشت ڕووناک نەیتوانی بگەڕێتەوە لای دادە نەفیە.

پێشمەرگەو خێزانی پێشمەرگە چوونکە ئەشکەوتی گردە گڕوێ لەچەمی ڕەزان دەمی ئەشکەوتەکە تەسک بوو بەڵام لەناوەوە فراوانبوو شوێن هەڵکەوتەی ئەشکەوتەکە سەخت بوو بەگوریس خۆیان ڕادەهێڵایە خوارەوە بەردێکی گەورە

لەبەردەم ئەشکەوتەکەدابوو چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە.

حاجی کەریم خەڵکی تەلان بوو بەعەلی بچکۆلی ووت دەمەوێت بڕۆمەوە هیچ کارێکت بەمن نییە عەلی بچکۆل داوایلێکرد لەگەڵ خۆیدا ژنەکان تا سەرجادە بەرێت لەوێوە خۆیان دەڕۆن.

ژنەکان

*ڕووناک شێخ مەحموود خێزانی عەلی بچکۆل

*ناهیدە خان و دایکی هاوسەرەکەی

*حەلاوەخان

*مونیرە خان

حاجی کەریم و عەبدولڕەحمان تەلانی هادی و شێخ ڕەئوف و محەمەدی ئامۆزای ڕووناک خان لەگەڵ ژنەکاندا ڕۆیشتن، لە ئێوارەوە لە چەمی ڕەزان بەڕێکەوتن کاتژمێر شەشی بەیانی گەیشتنە شاخی تەلان، ڕێگە سەخت و ناخۆش بوومنالّی بچووکیان پێبوو ژنێکی پیریان لەگەڵدا بوو نەیدەدتوانی بڕوا دەبوایە بەپێی ئەو بڕۆن، ڕێگا زەبەند بوو بڕۆێن بوو. لەنزیکی سرد ژنێکیان تێکەڵبوو تا تەلان لەگەلیاندا بوو لەوێ لێیان جیابوەوە ژنەپیرەکەشیان لەگەڵ ئەودا ڕەوانەکرد.

بەردێکی گەورە لەولا تەلانەوە بەشاخێکەوە بوو ژێرەکەی بۆشبوو چوونە ژێر بەردەکە شەو لەوێ مانەوە تاکاتژمێر چوارو نیوی بەیانی، حاجی کەریم و عەبدولڕەحمان دیارنەمان و ژنەکانیان جێهێشت. محەمەد گوێدرێژێکی پێبوو کەلوپەلەکانی خستە سەر گوێدرێژەکە محەمەد و ئەوانیتر تا شیوی ئاشان نزیک قەشقۆڵی لەگەڵ ژنەکاندا بوون. دنیا خەریکبوو ڕووناک دەبوەوە پەڵە پیازێک لەقەراغی شیوەکە بوو، گەیشتنە ئەوێ خۆیان گۆڕی و جلی ژنانەیان لەبەر کردو چوونە ناو پەڵە پیازەکەوە. ژنەکان لەناو پەڵەپیازەکەدا بوون دنیا ڕووناک بووەوە کەسەریان هەڵبڕی دەوروبەریان ڕەبییەی سەربازببوو ژنەکان تەگبیریانکرد ئەگەر پرسیاریان لێکردن بڵێن سێ ڕۆژ لەمەوبەر لە (سوسێ) وە هاتووین بەدوای شوبراو مێردەکانماندا کە لەشەڕی فاو هەڵهاتوون تا بیانبینینەوە .سەربازی ڕەبییەکە

ژنەکانیان بەدیکرد ئەفسەرێک دابەزی و هاتەلایان پرسی لەکوێوە هاتوون، ناهیدە خەڵکی کەرکوک بوو عەرەبی دەزانی ووتی مێردوو براو کەسوکارمان لەشەڕی فاو ڕایکردووە و هاتووین بەدوای مێردو براکانماندا بیانبەینەوە ئەفسەرەکە ووتی ئێوە ژنی پێشمەرگەن ژنەکان ووتیان نەخێر بەدوای مێردو براکانماندا دەگەڕێین تابیانبەینەوە، لەکاتژمێر حەوت و نیوی بەیانی تا کاتژمێر یانزە ژنەکانیان ڕاگرت، ئەفسەرەکە داوایکرد عەلاگەکانیان هەڵڕێژن تابزانن چیتیایە. حەلاوە خان عەلاگەیەکی بەدەستەوە بوو قاتێکی جلی پێشمەرگانەی تازەی تیابوو ڕووناک عەلاگەیەکی پێبوو جلەکانی قوڕاوی خوێناوی ببوو دەکەوت و هەڵدەستایەوە جلەکانی دەرهێنا شەروالّێکی تیابوو ئەفسەرەکە ووتی ئەوە جلی موخەڕیبە ڕووناک شەڕوالّەکەی لە بەرکردەوە بە تورییەوە ووتی ئەوە جلی منە یان هی تۆ هەتا بەیانی لەپێمدابووە کەوتووم هەستاومەوە ئەفسەرەکە کە شەروالّە قوڕاوییە خوێناوییەکەی بینی ووتی لایبە کۆیکەرەوە تەماشای عەلاگەی حەلاوە خانیشی نەکرد.

ئەفسەرەکە تەکسییەکی بۆ ڕاگرتن ووتی هەرچوارتان بەم تەکسییە بڕۆنە دووکـان بـەڵام لـەوێ هەریەکەتان بەتەکسییەک بڕۆنە سلێمانی. ژنەکان سەر تەکسییەکە کەوتن چوونە دووکان هەرچواریان بە تەکسییەک چوونە سلێمانی .

مالّی باوکی ڕووناک لە بەکرەجۆ بوو لەشوێنی وەستانی پاسەکانی باخی بەختیاری دابەزی پشتی کردبووە جادەکە تەکسییەک هۆڕنێکی لێداو ووتی وەرە سەرکەوە ڕووناک سەرکەوت و چووە مالّی باوکی ژنەکانیتریش هەریەکەیان بۆ مالّی باوک و کەسووکاریان ڕۆیشتن. مالّی ڕووناک لەپەنا بەرەگایەکی جاشدابوو ئەو ئێوارەیە ڕووناک ئەوێی جێهێشتوو چووە مالّی فاتمەخان، دوای چەند ڕۆژێک بەرکری دراتـاش هات بەدوایدا و بردیە مالّی خۆیان ماوەک لەمالّی خاڵ وپور و مالّی عەبدولکەریم هەڵدنی و مالّی ئەسعەد بـوو. ڕووناک تا (١٩٨٨/٧/٢٥) لەناو شارمایەوە دواتر عەلی بچکۆل نامەیەکی بۆ ناردوو داوایلێکرد بگەڕێتەوە سەرکردایەتی بەکری دارتاش ڕووناکی تا پردی هیزۆپ هێنا، لەوێوە بۆ سورە دێ و قەندیل و گوێزێ بەڕێکەوت.

عـــەلی بـــچکۆل

ڕەهبەری سەید برایم لە ڕێگەی خەڵکەوە زانیبووی عەلی بچکۆل لە باقڵەکەی چەمی ڕەزانـە، ئەمانیش بـەرەو چەمی ڕەزان ڕۆیشتن و لە گەڵ عەلی بچکۆل یەکیانگرتەوە.

ماوەیەک لە چەمی ڕەزان مانەوە هەموو پێداویستییەکیان لابوو، مانگا و گۆلک و مااڵتی دێیەکان جێمابوون دەیانگرتن و سەریاندەبڕین، عەبدولکەریم هەڵەدنی و عەتا دەچوونە شارو پێداویستییان دەهێنا، هەتا ڕۆژنامەشیان بە دەست دەگەیشت.

چەمی ڕەزان جمەی دەهات لە پێشمەرگە ڕەهبەری سەید برایم، عەلی بچکۆل، مامۆستا جەمال هەر یەکە هێزێکیان لە گەڵدا بوو زیاتر لە (٥٠) پێشمەرگە لە چەمی ڕەزان کۆببوونەوە.

لە ڕێگەی حزبی دیموکراتەوە ڕێگەیەکیان دۆزییەوە مامۆستا جەمال و بەشێک لە هێزەکە بەرەو مەڵبەندی (٣) بەڕێکەوتن.

ڕۆژێـک مامۆستا عـادل و دوو پێشمەرگە چوونە نزیک عـەواڵن گۆلکێک ومانگایەکیان دەستکەوێت گۆلکێکی بچکۆلەیان دۆزییەوە خستیانە کەیلێکەوەو ڕۆیشتن گۆلکێکیتر بدۆزنەوە هەتا بەشیان بکات.

هێزێکی گەورەی دوژمن هاتبوونە شاخی زەرزی بۆ پشکنینی ناوچەکە، هێزەکە هێندە زۆر بوون ئەو شاخە ڕەش دەچووەوە، پێشمەرگەکان هێزەکەی دوژمنیان بینی و گەڕانەوە چەمی ڕەزان هەواڵی هاتنی هێزەکەیان گەیاندە پێشمەرگەکانی ئەوێ.

خـــواروی کـــەڵەشێرە مـــەکۆی دزان کـــونی کـــەرخۆرە

لە خواروی کەڵەشێرە دوو شوێن هەبوون گونجاو بوون بۆ مانەوە، مەکۆی دزان و کونی کەرخۆرە لە خوار ئاوایی کەڵەشێرە لە بارو الڕێ بوون بۆ مانەوە نزیک بوون لە یەکەوە نێوانێک جیای دەکردنەوە.

عەلی بچکۆل و مەفرەزەیەک چوونە کونی کەرخۆرە، کاک ڕەهبەرو هێزەکەیتر چوونە مەکۆکەوە، مەکۆکە شوێنێکی فـراوان بـوو دەتـووت تەنوری دەبابەیە

دەرگایەکی هەبوو لێیەوە دەچوویتە ژوورەوە چوار دەوری لە شورا دەچوو.

پێشمەرگەکان لە کونی کەرخۆرە و مەکۆی دزان دامەزران، بەیانی جاش بە چەمەکەدا دەهاتن پێشمەرگەکان لە پشتی چەمەکەوە بوون لەو بەرەوە کانی و ئاوێکی لێبوو ڕەقەم یەکیان[٨] پێدەگووت، جاشەکان لە سەر کانی و ئاوەکە مانەوە، تا دوانیوەڕۆ.

پێشمەرگەکان لە ناو مەکۆو کونی کەرخۆرە دامەزرابوون دنیا بێدەنگ و کش و مات بوو جاشەکان لە ڕۆیشتندا بوون پێشمەرگەیەک جوولاّیەوەو ووتی ئەوا ڕۆیشتن، جاشەکان ئاوڕیان دایەوەو بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هاتن لە لایەکیتریشەوە گەلە جاشێک دەرکەوتن.

پێشمەرگەکان بڕیاریاندا تا نەیەنە بەردەمیان تا نەکەونە ناو هەلقەی گەمارۆیانەوە تەقەیان لێنەکەن، لە گەلّ نزیکبوونەوەی جاشەکان پەنجەی سەر بەلەپێتکە ترازاو شەڕ دامەزرا ڕەهبەری سەید برایم لە بەردەم دەرگای مەکۆکە بوو مامۆستا عادل لە دواوەی بوو، لە گەلّ یەکەم دەستڕێژدا تەرمی دوو جاش کەوتنە بەردەرگای مەکۆکە.

جاشەکان سەربازێکیان لە گەلّدا بوو جیهازی پێبوو سەربازەکە کوژرا، بە کوشتنی سەربازەکە مەترسی هاتنی کۆپتەر نەما چوونکە کەس نەبوو پەیوەندی بکات و داوای هێزو کۆپتەر بکات.

هێزی پێشمەرگە لە هەر دوو مەکۆو کونی کەر خۆرەوە بەرگری دلێرانەیانکرد شەڕ تا ئێوارەی خایاند.

دەمەو خۆر ئاوا بوون پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکان هاتنە دەر هێزەکەی دوژمنیان بە تەواوی تێکشکاند.

زیانی دوژمن لەو شەڕەدا:

- کوژرانی ١١ جاش
- بەدیل گرتنی ٧ جاش

[٨] عەریف عەلی ڕەقەم یەک لە سەر ئەو کانیە مابووەوە هەر بۆیە بە ناوی ئەوەوە پێیی دەوترا ڕەقەم یەک.

دەستکەوت :

- ٢٠ پارچە چەک

چەکەکانیان لەو دەوروبەرە شاردەوە لە هێزی پێشمەرگە مەلا فەرمان بریندار بوو، دوای تەواو بوونی شەڕەکە دیلەکانیان ئازاد کرد.

مەلا فەرمانیان لە گەڵ عەتاو عەبدولکەریم هەڵەدنی لە ڕێگەی مەفرەزەی «سرکی» بازیانەوە نارده شار بۆ چارەسەر، هێزەکە پاشەکشەیانکرد بۆ قۆجەلەر لە ناو دارروو پەردووی قۆجەلەردا هەنگوین و برنج و ڕۆنیان دۆزییەوە و خواردنیان دروستکرد.

پێشمەرگەکان ئەو شەوە لە قۆجەلەر مانەوە بەیانی دوژمن گەیشتە سەریان بوو بە تەقە، پێشمەرگەکان بەرەو سەر شاخ ڕۆیشتن لە دوای خۆیانەوە پووش و پەڵاشی ڕێگەیان ئاگرتێبەردا تا ئێوارە لە شاخی پشتی قۆجەلەر مانەوە لە گەڵ تاریکبووندا گەڕانەوە شوێنی خۆیان.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە قۆجەلەر هێزەکە گەڕایەوە سەرکردایەتی تەنها پێنج پێشمەرگە بە فەرماندەیی مامۆستا عادل لە ناوچەکە مانەوە.

- مامۆستا عادل فەرماندەی مەفرەزە
- سەید حسێن
- حەمە تەیارە
- ئاراس
- جوامێر

هاتنە دەوروبەری خاڵخاڵان شوێنێک هەبوو خواردنیان شاردبووەوە، بەیانی جەژن هەستان خواردن دروستبکەن ئاراس و حەمە تەیارە ووتیان دەچین بزانین لەو دێیانە تەماتەمان دەست ناکەوێت زۆری نەبرد حەمە تەیارە بەڕاکردن گەڕایەوە ووتی ئاراس تەسلیم بووەوە.

بە ناچاری شوێنەکەیان جێهێشت لە (دەم زێ)وە چوونە ئەشکەوتێک لە شیوە سوور ئێوارەی دوایی چوونە تەکیە تالەوێوە بچنە مەڵبەندی (٣) لە ناو تەکیە

کەوتنە بۆسەی دوژمنەوەو لە یەکتریدابڕان.

شەماڵ و مامۆستا عادل کەوتنە لای یەک جوامێر و حەمە تەیارەش بەیەکەوە بوون مامۆستا عادل و شەماڵ چوونە ماڵی کوێخا حەمە شەریف لە تەکیە، حەمە تەیارەو جوامێر نەهاتنەوە شەماڵ و مامۆستا عادل مانەوە چوونە ماڵی کوێخا مەردان لە چەمچەماڵ.

چەند جارێک چوونە چنارتوو گەڕانەوە تەکیە و چەمچەماڵ تا لە ڕێگەی مەفرەزەیەکی جاشەوە گەیاندیانن چوار قوڕنە لەوێشەوە بۆ مەڵبەندی (٣).

مامۆستا عادل جارێکیتر لە گەڵ مام ڕۆستەمدا گەڕایەوە ناوچەی کەرکوک-گەرمیان، لە گەڵ هیوا ڕەش و چەند پێشمەرگەیەکیتردا یەکیانگرتەوەو تا درەنگانێک بە پارتی زانی مانەوە.

دوای نـــاردنەوەی ژنـــەکان

دوای ناردنەوی ژنەکان پێشمەرگەکان دەستیانکراوە بوو لە دۆڵەبی و پیرەمەگرون مانەوە، سێ کۆپتەر و ژمارەیک دەبابە گەمارۆی کانیمیران و دۆڵە بییاندا. پێشمەرگەکان بڕیاریاندا تەقەنەکەن و خۆیان دەرنەخەن، دوژمن بە دەبابەو تۆپی دوورهاوێژ تۆببارانی دۆڵە بیانکرد.

ڕۆژی دووەم هێزێکی مزەللی دوژمن هاتنە قەرە چەتان دەیانویست لەسەر شاخەوە دابەزن و پەلاماری پێشمەرگە بدەن، بەڵام ئەو ڕۆژە شەڕ ڕووینەدا دوای گەڕانەوی هێزەکەی دوژمن پێشمەرگەکان خۆیان ئامادەکرد بڕۆن بۆ چەمی ڕەزان هەماهەنگییان لەگەڵ وەستا بەکری دارتاش هەبوو لە ڕێکخراوی سلێمانی عەلی بچکۆل نامەیەکی بە عەبدولکەریم هەڵەدنی و عەتا بازیانیدا بۆ وەستا بەکری دراتاش نارد . ژمارەیەک ئامرسریە و مستەشار پەیوەندیان بە ڕێکخراوی سلێمانیەوە هەبوو لەڕێگەی مستەشارەکانەوە هەژدە پێشمەرگەیان گەیاندە مەڵبەندی سێ وهێزەکە بە فەرماندەی عەلی بچکۆل هاتنە پیرەمەگرون دواتر چوونە چەمی ڕەزان. مانگی ١٩٨٨/٧ دوژمن دەوری پێشمەرگەکانیگرت لەکەڵە شێرە، پێشمەرگەکان بە سەر سێ شوێندا دابەشبوون . دوای ماوەیەک گەڕانەوە سەرکردایەتی.

تـــیپی 57ی ســـەگرمە

دوای کشانەوەی تیپی (٥٧)ی سەگرمە بۆ بەری قەڵاسێوکەو شوان و شێخ بزێنی هیوا باڕۆیی جێگری تیپی ٥٧ی سەگرمە و سەرپەرشتیاری تیپەکە لە بەر چەند هۆکارێک تەسلیم بووەوە.

کەسووکاری هیوا باڕۆیی هاتبوونە دێی چیاسەوزو کوچکە نەخشینە دوو جار سەردانی هیوایان کردبوو.

ئێوارەیەک لە چیا سەوز بوون هیوا باڕۆیی مۆرەکەی تیپی سەگرمەی تەسلیمی سالار عەبدوڵڵا ڕابەری سیاسی تیپی سەگرمە کردوو ووتی تا دێی کوچکە نەخشینە دەچم هیوا ڕۆیشتوو نەگەڕایەوە لە گەڵ خزمەکانی ڕۆیشتبووە ئۆردوگای تەکیەولە ڕێگەی جەمالی غازەکە تەسلیمیان کردبووەوە، ئەو ڕۆژەی کە تەسلیمیان کردبوو ڕێگەیاندابوو بچێتەوە ناو کەسووکاری، بۆ ئێوارەی ڕۆژی دوایی ناردبوویان بە شوێنیدا و بێسەرو شوێنکرا.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە سنوورەکە مانەوە پاش چەند ڕۆژێک مەڵبەند هاتنە لایان لە گەڵ خۆیان عەدنانی حەمەی مینایان هێناو کردیانە فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، ئەنوەر دۆڵانی کرایە جێگری فەرماندەی تیپی سەگرمە، سیروان دێڕەشەیی کە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی سەگرمە گواستراپەوەو کرایە جێگری فەرماندەی تیپی ٥٩ی حەمرین.

لە ئەنفالی (٤)دا هێزی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە سنووری تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و ٢١ی کەرکوک بە سەر دێیەکانی چیا چەرمەڵە، ئەسکەندەر بەگی، هەنجیرەو بێدەر دابەشبوون.

ئەو بەیانییەی شاڵاوەکانی ئەنفالی (٤) دەستیپێکرد شێخ جەعفەر لێپرسراوی سەربازی مەڵبەند بە جیهاز قسەی لە گەڵ تیپی ٥٧ی سەگرمە کردو ڕێنماییکردن تا ئێوارە هەوڵبدەن شەڕ بکەن بەڵام قونە شەڕ بکەن شەڕێکی وا بکەن نە پێشمەرگە شەهید بێت، نە پێشمەرگە بریندار بێت نە دوژمن بە ئاسانی بتوانێت بێتە سەرتان وردە وردە پاشەکشە بکەن بەرەو مۆر خواردە.

بۆ ڕۆژی دواتر لە چەندین لاوە هێزەکانی عێراق پەلاماری ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی، شێخ بزێنی سەروو خواروو قەڵا سێوکەو سەرخاسەیدا.

لە ئەنفالی (٤)دا شەڕو بەرگری کەم کرا تەنها لە مەرە خێز نەبێت تیپی ١٧ی زمناکۆو ٥٥ی قەرەداخ بە فەرماندەیی جەمیل هەورامی شەڕی گەورەیانکرد لەو شەڕەدا ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون.

بۆ ئێوارەی ئەو ڕۆژە تیپی ٥٧ی سەگرمە چوونە مۆر خـواردەی سەروو ئێوارەکەی شێخ جەعفەر قسەی لە گەڵ کردنەوەو ووتی بچنە دێی کارێزە لەوێ کاک سیروانی کوێخا نەجم چاوەڕێی هێزەکەتان دەکات.

ئەو ئێوارەیە چوونە دێی کارێزە تیپی ٥٧ی سەگرمە، تیپی ٥٩ی حەمرین بەشێک لە تیپی ٣١ی سلێمانی بە فەرماندەیی جەمال ئەبو شوارب بەشێکی زۆری تیپی ٢١ی کەرکوک و تیپی ٢٥ی خالّخالّان لە گەڵ خەڵکی ڕێکخستن و فیراری سەربازی لە دەوری هێزی پێشمەرگە کۆبوونەوە کە زیاتر لە ٥٠٠ کەس بوون.

دوای قسە کردن لە گەڵ مەڵبەندی سێ پێشنیاریان بۆ کردن هەر ئەو شەوە هێزەکان بخەنە ڕێ بۆ شێخ بزێنی خواروو ئەوانیش مەفرەزەو هێزی تایبەت بنێرن بۆ سەر زێ بۆ سێگردکانەکان بۆ ئەوەی بە بەلەم و کەڵەک بپەڕنەوە، هێزەکەی لە کارێزە بوون نەپەڕینەوە ملازم عومەر پەیوەندی پێوەکردن و پێیووتن زانیاریمان بۆ هاتووە هەر دوو بەری زێ دوژمن گرتوویەتی لە بەر ئەوە هێزەکانتان مەجوڵێنن.

ملازم عومەر داوایکرد هەموو فەرماندەکان لە دەوری جیهازەکە کۆببنەوە، لە دوا قسەیدا ملازم عومەر بە فەرماندەکانی ووت ئێوە کادرو فەرماندەی ڕۆژە سەختەکانی یەکێتین لە بەر ئەوە داواتان لێدەکەم خۆتان و هێزەکانتان دەبێ بچنەوە سنوورەکانی خۆتان ئێوە پیاوی ڕۆژی تەنگانەن ئەو پیاوانەن هەرگیز سەرتان بۆ دوژمن نەوی نەکردووە.

سیروانی کوێخا نەجم ڕۆڵی جوامێرانەی بینی خۆیی و دەستەکەی لە ناو دێی کارێزەوە پێش هەموو هێزەکە کەوتن ڕوویانکردە هەردەی ماسقەلان، سیروانی کوێخا نەجم ئەو شەوە تا بەیانی نەخەوت، هێزەکەیان لەو دۆڵ و شیوو جێ

گەورک و حەشارگانە جێکردەوە تا لە چاوی دوژمن بە دوور بن.

کە لە کارێزە کەوتنە ڕێ دێی تورکمان باخ هێزی دوژمنی تیابوو، سیروانی کوێخا نەجم ئۆتۆمبیلێکی شلەخەجێی هەبوو کە لە کارێزە کەوتنە ڕێ ئۆتۆمبیلەکەیان لە ناو دێیەکە بەجێهێشت چوونکە پێیانوابوو دوژمن کە دەبینێت ئۆتۆمبیلەکە لە ناو دێیەکەدا ڕاگیراوە تۆزێک لە جوولّەی دوژمن کەم دەکاتەوە هەرواش دەرچوو کە بەیانی هێزەکە هاتە ناو کارێزە بەدووربین لە بەرزاییەکان چاودێرییان دەکرد هێز لە تورکمان باخەوە هاتە ناو کارێزە هێزەکە هەڵوەستەیەکیکرد نزیکەی کاتژمێرێک وەستان هەندەسەی عەسکەری هاتن کەشفی ئۆتۆمبیلەکەیانکرد ئنجا هاتنە ناودێ، ئەوەش خەڵەتاندنی دوژمنە تا لە جوڵّەی خاوکەیتەوە.

ئەو ڕۆژەی هێزەکان لە هەردەی ماسقەلان بوو بە ژمارەی ئەو خەڵکانەی لە گەڵیان بوون دەگەیشتنە ٧٠٠ کەس و ١٥٠ وولّاخ و گوێدرێژیان پێبوو کە شاردنەوەیان قورس بوو.

دوای نیوەڕۆ کۆپتەر هاتە سەریان بۆردومانێکی زۆری ئەو هەردانەیانکرد چەند وولّاخێک بەرکەوتن.

ڕۆژی دووەم لە هەردەی ماسقەلان هێزەکانیان بڵاوە پێکرد هەر تیپەو گەڕانەوە سنوورەکانی خۆیان، تیپی ٥٧ی سەگرمە گەڕانەوە سنوورەکانی خۆیان لە هەردەی ماسقەلان هەتا دێی تیژەو تلیان شارەزا نەبوون، خەلیل بێدەری ڕۆڵی گەورەی بینی مەفرەزەکەی خۆی لە گەڵ ناردن هەتا لە شیوە سوور پەڕینەوە.

هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە لە بەردەم دێی کوچکە نەخشینە ڕۆژیان لێهەڵات هێزەکەیان حەشارداو کردیان بە دوو بەشەوە، لە هەر دوو بەشەکە هەر بەشەی ١٠ پێشمەرگەیان هەڵبژارد تا ئێوارە ئێشکگری باقی هێزەکە بێت نەک پێشمەرگە لە برسایان ورەی بێتە خوارو بڕوات تەسلیم بێتەوە چوونکە هەموو بەرزاییەکان دوژمنی لێبوو، دەسەڵاتیان دابووە پێشمەرگە ئێشکگرەکان هەر پێشمەرگەیەک جوولّایەوە بیکوژن چوونکە دۆخەکە زۆر هەستیار بوو.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە کۆپتەر بە سەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕایەوە، پێشمەرگەکان بە بەرزاییەکەوە بوون هەمووی تەختە بەرد بوو لە کێلی گۆڕ دەچوو.

دروستکردنی گۆڕیچە

پێشمەرگەکانی سەگرمە بە بەرزاییەکەوە بوون هەمووی تەختە بەرد بوو لە کێلی گۆڕ دەچوو ئەو ڕۆژە بەو تەختە بەردانە گۆڕیچەیان بۆ هەموو پێشمەرگەکان دروستکرد، پێشمەرگەکان لە ناو گۆڕیچەکەدا ڕاکشان و سەریان بە تەختە بەرد داپۆشین تا لە چاوی کۆپتەر بە دوور بن.

ئەو ڕۆژە سەخت و ناخۆشە تێپەڕی ئێوارە هاتنە سەر جادەی تەکیە چەمچەماڵ لەوێوە پەڕینەوە ئەو شەوە ٢٧ پێشمەرگە تەسلیم بوونەوە.

پێشمەرگەکان چوونە چاڵگە ئازوقەو خواردنێکی زۆریان لەو هەردانە شاردبووەوە لە مەنجەڵی گەورەدا حەڵوایان دروستکرد، وشیار یەکێک لە پێشمەرگەکانی سەگرمە ئەوەندە برسیبوو نەوەستا حەڵواکە پێبگات بە چنگ ئاردی دەخوارد وشیار ڕیشی هەبوو ئاردەکە ڕیشی سپیکردبوو دوای ئەوەی حەڵواکەیان خوارد بەرەو دێیەکانی خاڵدان و چۆڵمەک بەڕێکەوتن هێزەکەیان کرد بە دوو بەشەوە لە دوو شوێن شاردیاننەوە، ئەو شوێنانە هەرگیز پێشمەرگە خۆی لێنەشاردبووەوە ئەوەش لە بەر ئەوە بوو نەوەک ئەو پێشمەرگانەی تەسلیم بوونەوە شوێنەکەیان ئاشکرا بکەن.

عەدنانی حەمەی میناو دەستەکەی لە تیپی ٥٧ی سەگرمە جیابوونەوەو چوونە گەرمیان لەوێ مانەوەو نەگەڕانەوە لای تیپی سەگرمە، هێزەکەی تیپی سەگرمە کرانە چەند مەفرەزەیەک هاتنەوە سنووری بازیان و قەراخ، ئەنوەر دۆلانی جێگر تیپ و سالاری ڕابەر سیاسی و بەشێک لە هێزەکە لە سنوورەکە مانەوە، ئەو مەفرەزانەی کە دروستکران بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە تا دواتر یەک بگرنەوە، زۆربەیان تەسلیم بوونەوە.

هێزی دوژمن ڕۆژانە کێومالّی ناوچەکەیاندەکرد تا زەفەر بە پێشمەرگەکان بهێنن بەڵام پێشمەرگەکان وریاو شارەزا بوون وا بە ئاسانی نەدەکەوتنە بەر پەلاماری دوژمن.

پاشماوەی هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە ٢٧ ڕۆژ لە قەراخ و ناوچەکە مانەوە دەچوونە بەکرەجۆو ئۆردوگاکان خواردن و پێداویستیان دەهێنا.

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە ڕێی سەرحەدی برای ئەنوەر دۆلانی نامەیەکیان بۆ ملازم عومەر نووسی تا لە ڕێگەی ڕێکخراوی سلەیمانییەوە بگاتە دەستی ، ملازم عومەریان لە ناوەڕۆکی نامەکە ئاگادار کردەوەو وەلامیان بۆ پێشمەرگەکانی سەگرمە وەرگرتەوە، شەوی چوارەم سەرحەد گەڕایەوەو وەلامی نامەکەی هێنایەوە.

مـلازم عومەر لە وەلامـی نامەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە نووسیبووی لە چ ڕێگایەکەوە خۆتان پێتان باشە وەرن بۆ مەڵبەندی سێ.

هێزەکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە کە ٢٢ پێشمەرگە مابوونەوە هاتنە سلێمانی ١١ ڕۆژ لە ناو شار مانەوە دواتر لە ڕێگەی ئەو ئامر سریانەی کە پەیوەندییان لە گەڵ ڕێکخراوی سلێمانی و تیپی ٥٧ی سەگرمە هەبوو گەیەندرانە کلاو سوران لەوێشەوە لە ڕێگەی کاک ئەحمەدی خاڵدی و کۆمەڵێک لە خزمەکانی کاک شێخ کەریم، قادری حاجی کەریمی باخی سەروو، سەلامی حاجی مستەفا، ڕەئوف چەقڕی، محەمەد تەگەرانی و کەریمی حەمە ڕەحیم و نەعمان گەیەندرانە مەڵبەندی سێ.

لە مەڵبەندی سێ کاک کۆسرەت و ملازم عومەر پێشوازییەکی گەرمیان لێکردن لە باڵیسان ملازم عومەر دەعوەتیکردن دواتر چوونە گەرەوان لە گەڵ شێخ جەعفەر مانەوە تا پاشەکشەی مەڵبەندی سێ.

لە کاتی پاشەکشەدا سالارو پێشمەرگەیەکیتر لە گوڵان لە هێزەکەیان دابڕان لە ڕێگەی عوسمان بچکۆل و حزبی دیموکراتەوە گەیەندرانە سەرکردایەتی.

تـــیپی زمـــناکۆ لە ئـــەنفالی چواردا

دۆخێکی خراپ و ناهەموار بوو ئەنفال دارو بەردوو شاخ و هەردوو بنارو زنارو یاڵ و زۆرگ و پێدەشت و باخچە و ڕووباریشی دەسووتاند و دەیکردە ڕەشایی.

بۆ ڕۆژی دوایی دوژمن دەستیگرت بە سەر گومەتە و سەوسێناندا تیپی ١٧ی زمناکۆ چوونە قۆپی حەمەی هەواس دواتر دابەزینە بناری سەنگاو لە دەرەوار بارەگای ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لێبوو لای ئەوان نانیانخوارد.

تیپی ١٧ی زمناکۆ ئەو شەوە گەڕانەوە زنجیرە چیای سەگرمە نێوان سەنگاوو قەرەداخ دواتر چوونە دێی هەزارکانی چەند ڕۆژێک لەوێ بوون هێزەکەی تیپی

١٧ی زمناکۆ کە لە شەڕەکانی سەرکردایەتی بوون گەڕانەوەو لە گەڵ هێزەکەی قەرەداخ یەکیانگرتەوە دوای چەند ڕۆژێک چوونە مەسۆیی بەرگەچ دواتر هاتنە دێی دەرەوار هێزەکە کرایە دوو بەش هێزێک بە سەرپەرشتی شێخ جەعفەر لە بناری سەنگاوەوە پەڕینەوە، بەشەکەیتر بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی لە ئەڵڵاییەوە پەڕینەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٥ پاشەکشەکرا.

لە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا تیپی ١٧ی زمناکۆ چوونە دێیەکانی هۆمەر ئامان و مریەم بەگ و قازانقایە تا ئێوارە مانەوە، ئێوارەکەی لە جادەی سلێمانی کەرکوک لە ئەڵڵاییەوە پەڕینەوە.

مانگی ڕەمەزان بوو بەرەبەیان تەپڵی پارشێو لێیدا گەیشتنە تەڕەمارو کەڵەشێرە لە عەسکەرەوە پەڕینەوە ئەو بەری ئاوەکە.

لە سەرەتای مانگی پێنج لە دەشتی کۆیە مانەوە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ لە دێی مەلا زیاد بوون ووتیان بەیانی دوژمن پەلامار دەدات تیپی ١٧ی زمناکۆو ٥٥ی قەرەداخ سەنگەریان گرت لە دێی باخەچنێر لە نێوان کۆیەو تەقتەق دامەزران هەتا هێزەکەی مەڵبەندی یەک پەڕینەوە.

کەرتێک بە فەرماندەیی مامە قالە لە بەرزاییەکانی تەکەڵتو بوون کاتژمێر ٨ی بەیانی دوژمن پەلاماری دەستپێکرد شەڕ تا کاتژمێر (١)ی دوانیوەڕۆی خایاند پێشمەرگەکانی بەرزاییەکانی تەکەڵتو شەهیدو بریندار بوون تەنها سێ پێشمەرگە ڕزگار بوون.

شەهیدەکان:

١/ شەهید مام وریا گەرمیانی
٢/ شەهید سالّح باوەخۆشێنی
٣/ شەهید عومەر مەسۆیی بەرگەچ
٤/ شەهید ئەنوەری خەلیفە خورشید
٥/ شەهید مامە قالە
٦/ شەهید ئەمیر کەرکوکی

٧/ شەهید نەوزاد- کفری
٨/ شەهید محەمەد دسکەرەیی
٩/ شەهید وەستا تایەر

کۆپتەر لە سەر تەکەڵتو هێزی دابەزاند ناوچەکە کەوتە دەست دوژمن هێزی پێشمەرگە پەڕینەوە دەشتی هەولێر چوونە شاخی باواجی لەوێشەوە بۆ دێیەکانی سماقولی دوای چەند ڕۆژێک چوونە هیران و نازەنین لەوێوە بۆ وەرتێ- بناری قەندیل زنجیرەی کونە کۆتر، ماوەی دوو مانگ لەوێ مانەوەو بەشداری شەڕەکانی کونە کۆتریان کرد.

ئـــــەنفالی پـــێنج، شـــەش، حـــــەوت
دۆڵی ئاکۆیان – کاروخ – کێڵ کێڵ
هەندرێن-کونەکۆتر
شەش

ئـــەنفالی پـــێنج (5)
15 تا 1988/5/23
(7)

دوای شالاوەکانی ئەنفالی (١،٢،٣،٤) بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و قەرەداخ و گەرمیان و قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیە، ڕژێمی بەعس پێیوابوو ئیتر هێڵی بەرگری پێشمەرگە و هێزی پشتگیری میللی لاواز بوەو توانای بەرگری نەماوەو شکۆی بەرگری شکاوە، بۆیە هێرشەکانی لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی (٥) دا بۆ سەر خۆشناوەتی و ڕەواندزو، دۆڵی هیران و سماقولی و، دۆڵی ئالانە دەستپێکرد کە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی ڕژێم ڕووبەڕووی بەرگری توندی هێزەکانی (ی ن ک) بوەوە.

ناوەڕاستی مانگی (٥) ساڵی ١٩٨٨ پەلاماری ئەنفال گەیشتە خۆشناوەتی، ڕژێم هێرشی سەخت و بەربڵاوی لە چەند قۆڵێکەوە بە پشتیوانی تانک و زرێپۆش و سوپاو گەلە جاش بەمجۆرە دەستپێکرد.

لە ڕانیەوە بەرەو دۆڵی باڵیسان و هیران و نازەنین، لە شەقڵاوەوە بۆ سەر (تەوشکەو) و لە هیزۆپ و بێستانەوە بەرەو دۆڵی ئەسحابان و سماقولیەکان، لە خەلیفانەوە بۆ ئالانەو دۆڵی مەلەکان، لە تێکڕای قۆڵەکانەوە پەلاماری خۆشناوەتی درا، بەڵام بەرگری سەختی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی «٣» ی (ی ن ک) هێرشەکەی ئەنفالی (٥)ی تێکشکاند.

تێکشکاندنی شالاوو پەلامارەکانی ئەنفالی (٥) عەلی حەسەن مەجیدی تووشی هیستریا کرد، بە جۆرێک لە کۆبوونەوەیەکیدا لە گەڵ فەرماندەکانی سوپا لە کەرکوک سەرزەنشت و جنێوبارانی ئەفسەرو دەرەجەدارانی سوپای کردبوو کە چۆن لە بەردەم بەرگری پێشمەرگەدا شکستیان خواردوە.

ڕۆژی ٢-١٩٨٨/٥/٣ فڕۆکەکانی عێراق بۆردوومانی خەستی کیمیایی دۆڵی باڵیسان و هیرانیان کرد، لە لایەکیترەوە دۆڵی مەلەکان کەوتە بەر شالاوی دڕندانەی فڕۆکە و کیمیاباران کرا.

هەمان ڕۆژ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە تەواوی ناوچەی خۆشناوەتی کەوتنە بەر هێرشی فڕۆکەو کیمیاباران کران دانیشتوانی ناوچەکە لە دەست سوپای دڕندەی

بەعس ڕزگاریان بوو خۆیان نەدا بە دەستەوە، خۆیان کەنار گیر گرت تا هێرشەکانی ئەنفال بە کۆتایی گەیشت، بەڵام دانیشتوانی دێی (بلە) دوای کیمیابارانکردن ڕەوانەی سەربازگەی (سپیلک) کران و لەوێشەوە بەرەو چارەنوسی نادیار.

بەمجۆرە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (٥) کۆتایی هات.

ئـــــــەنفالی (6-7)
7/26 تا 8/26
(8)
بەرگری گەورەی پێشمەرگە لە قەندیل

دوای هێرشی بەربڵاوی ئەنفالی (٥) بۆ سەر ناوچەی خۆشناوەتی و ڕەواندزو دۆڵی هیران و سماقوڵی و باڵیسان و شەقڵاوەو دۆڵی ئاکۆیان و مەلەکان، دوای بەرگری توندی هێزی پێشمەرگە و هێزی بەرگری ناوچەکە، دوای شەڕی گەورەی نابەرابەرو نەبەزین و خۆڕاگری پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣)ی (ی ن ک) و تێکشکاندنی هێزی بێشوماری ڕژێم، بە تانک و تۆپ و گەلە جاشەوە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی (٥) داو تارومارکردنی هێزە تاڵانچیەکەی بەعس.

ڕژێمی فاشی عێراق چەند جارێک بڕیاری لە سەر پرۆسەی ئەنفالی (٦-٧) دا بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بەڵام نەیتوانی بڕیارەکە جێبەجێبکات، ئەمەش دەرەنجامی تێکشکاندنی هێزو سوپا و گەلە جاشی ڕژێم بوو لە پرۆسەی ئەنفالی (٥)دا، کە تیایدا بە شێوەیەکی بەرفراوان چەکی قەدەغە کراوی کیمیایی بە کارهات، ئەو ڕاستیەش لە کاسێتێکی دەنگی (عەلی حەسەن مەجید) دەردەکەوێت کە سەرزەنشتی هێزە شکستخواردوەکەی دەکات لە تێکشکاندنیان لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگە لە ئەنفالی (٥) دا.

تا دواجار لە ١٩٨٨ /٨/١٨ و بە بڕیاری سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگە بەرەو قەندیل پاشەکشەیان کرد..

دوای کشانەوەی هێزەکانی مەڵبەندی (٣) بەرەو قەندیل هێزەکانی داگیرکەر بە ئاڕاستەی ئەو ناوچانە پێشڕەویانکرد کە پێشمەرگە پاشەکشەی بۆ کردبوون، بەڵام لە قەندیلی سەربەرزو لانکی شۆڕشدا ڕووبەڕووی بەرگری هێزی پێشمەرگە بوونەوەو سوپای بەعس چیتر نەیتوانی پێشڕەوی بکات.

دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بەرەو قەندیل، گەلە جاش و سوپای کوللە کەوتنە ڕووخاندن و وێرانکردنی دێیەکان بەمجۆرە قۆناغی (٦-٧) ی ئەنفالی بەدناو کۆتاییهات.

دوا قۆناغی ئەنفال پرۆسەی قێزەونی ئەنفالی (٨) بوو کە لە ١٩٨٨/٨/٢٥ دەستپێکردو لە ١٩٨٨/٩/٦ کۆتاییهات.

ئـــەنفالی 6-7

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ١٩٨٨/٨/١٨ دوا پاشەکشەیانکرد بەرەو قەندیل جگە لەو هێزانەی کە بە پارتیزانی مانەوە، تا ئەو کاتەش لە ناوچەکانی ئاکۆیان، گەرەوان، کەپکی حەمەداغا، قۆپی جوانەگا و ڕەشکی لە سەرو گەرەوان، پێبۆ لە شەڕو بەرگری پێشمەرگانەدا بوون دواتر بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد بۆ قەندیل لەوێش بەرگری سەختیانکرد تا کۆتایی.

لێرەدا تێکڕای داستانەکانی بەرگری و پەلامارەکانی دوژمن لە ژێر سەردێڕی شەڕی سێ مانگەی مەڵبەندی (٣) دەنووسینەوە.

شـــالاوەکانی ئەنفالی یەك گەیشتە دۆڵـــی بالیسان و ئالانە

هاوشانی پەلاماری دوژمن بۆ سەر دۆڵی جافایەتی و ناوچەکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە چوار چێوەی شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا رژێمی فاشستی عێراق پەلاماری دۆڵی بالیسان و ئالانەیدا ، پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) تیپەکانی ٨٣ هەورێ، ٩٣ کۆیە ، ٩١ سەفین ، ٩٩ بیتوێن ، ٨٥ بەرانەتی، ١٢ سۆران ، ١٩ کۆرەک ،٨٧ قەرەچوخ و هێزی پشتگیری ناوچەکە ڕووبەڕووی پەلامارەکانی دوژمن بوونەوە ئەوە لە کاتێکدا بوو بەشی هەرە زۆری ئەو تیپانە لە دۆڵی جافایەتی و ناوچەکانی سەرکردایەتی بوون بۆ بەرگری لەو ناوچانەی لە شالاوەکانی ئەنفالی یەکدا .

پەلاماری دوژمن
بەرگری پێشمەرگە

کاتژمێر دووی شەوی ٢٢-١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری دۆڵی بالیسانیدا

قۆڵی یەکەم
*لەهەرتەلەوە بۆ کێڵی شەربەو مۆتە

*لە مەفرەقی بێتواتە بەرە و دێی وەرێ و مێرگە سەر، هێزە پەلامارەدەرەکەی دوژمن پێکهاتبووزیاتر لە (٣٠) فەوجی خەفیفە، ٣٦ تۆپی قورس ،١٦ دەبابە ، ١٨ مودەرەعە هێزەکەی دوژمن لە ڕۆژانی ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٢/٢٨ چەندین هێرشی لەسەریەکی کردە سەر پێشمەرگە، پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندی (٣) و تیپی ٨٧ قەرەچووخ و مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی چوار و مەفرەزەیەکی مەکتەبی ڕێکخستن و بارەگای گومرگ و سەیتەرە مەفرەزەیەکی تیپی ٨٣هەورێ و پارتی و هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەنگاری پەلامارەکانی دوژمن بوونە و تێکیانشکاندن.

زیانی دوژمن

کوژانی زیاتر لە ٢٤ کەس لاشەی ١٥ کەسیان لە بەر دەستی پێشمەرگە دابوو.

دەسکەوت

١ کلاشینکۆف،.

١دەمانچە بوو

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ کاتێک هێزی دوژمن لە سووتاندنی دێی (نواوە) دەگەڕانەوە لە چیای (نووسەک) نێوان دێی وەرێ و نواوە کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی (٩٩) بێتوێن و تا سەروچاوە راویاننان لەو بۆسەیە دا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرا قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو.

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٤ دوژمن پەلاماری دێی (مەلۆک) یدا لەترسی پێشمەرگە نەیتوانی زیاتر پێشڕوی بکات پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ قەرەچوخ هێرشیانکردە سەریان و تا سەروچاوە ڕاویاننان.

قۆڵی دووەم
*لەهیزۆپ بۆ سکتان
*لەسکتان بۆ چیوە

کاتژمێر دووی شەوی ٢٢-١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن بە پشتیوانی چەندین دەبابە و ناقیلە و تۆپی دوور هاوێژ پەلاماری ناوچەکەیدا ، لە ڕۆژانی ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٢/٢٨

چەندینجار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ سەفین و ڕێکخراوی یەک و تیپی ٩٩ بێتوێن و هێزی پشتگیری ناوچەکە بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند.

*ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ سەفین و ڕێکخراوی یەک هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن لە سکتان ، دوای کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن پاشەکشەیان پێکردن.

* ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٤ پێشمەرگەکانی تیپی ٩٩ بیتوێن و هێزی پشتگیری چەندین هێرشیانکردە سەر هێزی دوژمن لە(سەردۆڵ) و شکاندیانن دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژرا و لاشەی (٤) یان لێبەجێما.

قۆڵی سێیەم
*لە شێخ مەمودیان بۆ زینەیتر

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن بە پشتیوانی چەندین تۆپ و دەبابە و موددەرەعە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە شێخ مەمودیان و زینەتیر ،پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەرانەتی و حیزبی شیوعی عێراق و هێزی پشتگیری هەموو پەلامارەکانی دوژمنیان شکاند و ڕاویاننان.

*دوای چەندین پەلاماری لەسەریەک هێزی دوژمن توانی لە ١٩٨٨/٢/٢٤ شاخی سوور بگرێت، بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی و حزبی شیوعی عێراق و هێزی پشتگیری هێرشیانکردە سەر هێزەکەی دوژمن وشاخی سووریان لێسەندنەوە و هەتا مەمودیان ڕاویاننان دوژمن زۆری لێکوژراو بریندار بوو.

قۆڵی چوارەم
• لەسەر سپیلکەوە بۆ سەر بەنی هەریر

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە بە پاڵپشتی چەندین تۆپ و دەبابە و ناقیلە لە دوو لاوە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا.

یەکەم: لەبەنی هەریرە وە بەرەو دۆڵی بالیسان

دووەم: لە بناری چیای کۆرەک بەرەو دۆڵی بالیسان پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧

قەرەچووخ ، دوو مەفرەزەی تیپی ١٩ کۆرەک ، مەفرەزەیەکی تیپی ١٢ی سۆران ، مەفرەزەیەکی مەڵبەند و هێزی پشتگیری ناوچەکە ومەفرەزەیەکی حزبی شیوعی بەرەنگاری پەلامارەکانی دوژمن بوونەوەو تا کانییە ڕەش راویاننان ، شەڕ تا کاتژمێر چواری دەمەو ئێوارە بەردەوام بوو.

قۆڵی پێنجەم
*لە خەلیفانەوە بۆ دێی ئالانە

ڕۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ دوژمن بە پاڵپشتی چەندین تۆپ و دەبابە و ناقیلە پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٩ کۆرەک و هێزی پشتگیری و حزبی شیوعی عێراق بە پشتیوانی تۆپخانەی تیپی ١٢ سۆران بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و تێکیانشکاند ، زەرەرو و زیانی زۆریان لە دوژمندا.

*ڕۆژانی ٢٣ تا ١٩٨٨/٢/٢٦ دوژمن لە خەلیفانەوە تا ئالانە چەندین جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە تێکشکێندرا .لەکاتی شکانی هێزەکەی دوژمن لە ڕۆژی١٩٨٨/٢/٢٦ لەدێی ئالانە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣) و هێزی پشتگیری ناوچەکە بۆسەیەکیان لەنێوان کوری تەنگ و ئالانە بۆ هێزە شکاوەکەی دوژمن دانا و لێیاندان .

زیانی دوژمن

*کوژرانی زیاتر لە ١١٠ سەرباز و جاش

*کوژرانی هەموو ئەفسەرەکانی مقر جوالی قواتی جحفەل الدفاع الوگنی الخامس بەم ناوانە:

١-عەمید ڕوکن حەسەن عەلی سالح(قائیدی فیرقەی ٢٣)

٢-موقەدەم عەبدوالهادی (ئەفسەری ئیستخباراتی فیرقەی ٢٣)

٣-عەقید تاریق خەلیل(ضابط ڕوکن حەرەکات)

٤-رائید سەعدوڵڵا ئەحمەد سالح(ضابط مخابەرە)

٥-کوشتنی قائید قواتی جەحفەل (الدفاع الوطنی الخامس)

٦-ملازم عەدنان (ضابط قلم قائد و مرافق قائید)
دەسکەوت
*٢جیهازی راکال بەموجەفیرە و وەحدەی تەجهیز قودرەوە
*١کلاشینکۆف و ٤ مەخزەن
*١ دەمانچە
*٢٠ نەخشەی سەربازی ناوچەکە
*٤ ئوتۆمبێلی هەمەجۆر
*هەندێک تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی
زیانی مالّی دوژمن
*تێکشکاندنی ١ دەبابە
*تێکشکاندنی ٦ ئوتۆمبێلی هەمەجۆر

دۆڵی ئالانە شەڕی یەکەم
1988/2/23

بەشێکی زۆری هێزەکانی پێشمەرگە لەشەڕەکانی ئەنفالی یەک بوون لە ناوچەکانی سەرکردایەتی سەرگەڵو، بەرگەڵو، شارستێن، دۆڵی جافەتی، بارەگای تیپی ١٩ کۆڕەک لە بناویە بوو عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی یەکەمی ناوچەکە بوو بەشێک لە تیپی کۆڕەک لە کەپکی حەمەد ئاغا بوو، عەبدوڵڵا بۆر و هێزێکی پێشمەرگە لە مزگەوتی بناویە بوون حاجی حەمە دەمینی بیۆکێ هات ووتی نازانن بەیانی قەدەمە، عەبدوڵڵا بۆر ووتی نەوەڵڵا نەمزانیوە حاجی حەمە دەمین ووتی دوژمن تۆپخانەی هێناوەتە سەر گۆڕا هێزێکی زۆری جاش و عەسکەری هاتووە بەیانی بێشک قەدەمە.

عەبدوڵڵا بۆر یەکسەر دوو پێشمەرگەی نارەدە ئەشکەفتەی هێزی پشتگیری ئامادە بکەن، دوو پێشمەرگەیتری نارد لە مەلەکان تا سەروچاوەی بارە هەمووی ئاگادار بکەن، پێشمەرگەکانی نارەدە ئەو سەنگەرانەی دیاریکرابوون.

عەبدوڵڵا بۆر هێزی پشتگیری سنووری تیپی ١٩ کۆڕەکی کۆکردەوە و ووتی وەرن سەنگەر لێبدەن لە سەرەزێ هەتا دەگاتە بەنی هەریر پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک لە سەنگەردابوون لە بناوێ .

شەوێکی ساردبوو بایەکی بە هێزی دەهات تا بەیانی پێشمەرگە لە سەرمادا نەسرەوتن.

بەیانی مام قاسم دوو پێشمەرگەی نارەدە لای عەبدوڵڵا بۆر تا بچێتە لایان بۆ گەری بلەی، عەبدوڵڵا بۆر لەگەڵ دوو پێشمەرگە عومەری برای و عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید بەرەو گەری بلە بە ڕێکەوتن هێشتا نەپەڕیبوونەوە ڕەتڵێک ڕاجیمە لە شاخەکەیدا، گەیشتنە گەری بلەی قادری حەمە زیادیش هاتبوو هێزێکی زۆر لەوێ بوون عەبدوڵڵا بۆر پێیوتن هێزەکان ئامادە بکەن هێزێک بە بناری کۆرەکدا دەنێرین، هێزێک بە بەنی هەریردا دەنێرین خۆشمان لە دۆڵایی دەچینە خوارەوە.

هێزی دوژمن گەیشتە ئالانە لە ئالانە سەرکەوت پێشمەرگەکان بەرەو هێزەکەی دوژمن بە ڕێکەوتن تەقیەدین و ڕەسوڵە کۆر لە پێشەوە بوون سەربانی ئالانە

کەوتن و گەڕانەوە ووتیان دەبابەیان لە گەڵدایە عەبدوڵڵا بۆر ووتی دەبابە چییە ئێستا لێیاندەدەین لە پێش جاش و عەسکەرییەوە هەڵدێن هێزی دوژمن هاتنە پێش، گەیشتنە ڕەبییەی گردە سوور پێشمەرگە لێیاندان دەبابە لە پێش جاش و عەسکەری هەڵدەهات هێزی دوژمن شکا تۆپبارانی ناوچەکە دەستیپێکرد لە خۆرئاوا بوندا شەڕ کۆتایی هات.

دوو پـــــێشمەرگەی ئازا

عەباس و عەبدولمتەلیب دوو پێشمەرگەی زۆر ئازابوون ئامۆزای یەکتربوون، عەبدوڵڵا بۆر حاجی کەندۆری و هەمزەی بانگرد ووتی ئاگاتان لە دوو کۆڕانە بێت شەهید دەبن زۆری نەبرد عەبدولموتەلیب لە کێڵ کێڵ شەهید بوو.

عـــــەبدوڵڵا و سیاسەت

دوای تەواو بوونی شەڕەکە عەبدوڵڵا بۆر قسەی بۆ هێزی پشتگیری ناوچەکە کردوو ووتی بۆیە ناردومە بە دوای ئێوەدا چوونکە ئەگەر نەمناردایە بەدواتاندا لەوانەیە گلەیتان بکردایە.

عەزیزی داود لە کۆبوونەوەکە بوو پێدەکەنی دوایی ووتی بەوە پێدەکەنیم ووتمان عەبدوڵڵا بۆریش فێری سیاسەت بووە.

لە شەڕی دۆڵی بلە و هەرووتیان هێزی پشتگیری ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبوو ئازایەتی و جوامێرییان نواند.

شەڕی دووەمی دۆڵی ئالانە
1988/2/26

ئەوجارەش مالّی حاجی حەمە دەمین ئاگاداریان کردن ووتیان بەیانی قەدەمە، بەڵام هێزی زیاتر و تۆپی زیاتریان هێناوە لەسەر گۆڕان دایاننناوە بەیانی بێشک قەدەمە.

عەبدوڵڵا بـۆر هێزەکانی دابـەشکرد پێشمەرگە و هێزی بـەرگری چوونە سەنگەرەکانیان تەلعەت سیانی، دکتۆر موشیر، ئەبو خەڵەف، حاکم جەواد، دکتۆر

یونس لەسەر ئەشکەوتان بوون هاوەنێکی (١٢٠) یان لابوو لە حەوشی خەندۆران لە گەروی سەرە ساریژ دایاننا بەسەر دۆڵی ئالانەدا زاڵبوو.

دۆشکە لەسەر سەرە زێیە بوو عەزیز عەبدۆو چەند پێشمەرگەیەک لەسەر دۆشکەکە بوون، شاسوار رەسوڵ بەسەرپەرشتی دەستەیەک پێشمەرگە لەوێبوو، لە ڕەشە بەرد (بی کەی سی) دانرابوو لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک، هێزی بەرگری بە فەرماندەیی عەبدولڕەحمان بناوی چوونە ناوەڕاستی بەنی هەریر تا دوژمن نەتوانێت پشت لە پێشمەرگەکان بگرێت و بەسەر دۆڵی ئالانەدا زاڵبێت.

هێزێک بە فەرماندەیی (مام قاسم بلەیی) فەرماندەی کەرت لە تیپی کوڕەک بەشێک لە هێزی بەرگری بە فەرماندەیی مام سالّح بناوی چوونە بانی ئالانە ، عەبدوڵڵا بۆر، رەسوڵ تارینەیی، ڕەمەزان سالّح، حەسەن عەریف ڕەشی، حاجی کەندۆری و چەند پێشمەرگەیەکیتر لەسەر جادە بوون هێزی دوژمن هاتنە پێش عەبدوڵڵا بۆر بە ڕەسوڵی ووت با بچینە ڕەبییەی گردە شین زووتر دەتوانین لێیاندەین رەسوڵ ووتی باشە بەڵام، برادەرانی خۆمان تەقەمان لێناکەن، دۆشکە لەسەر سەرەزێیە، ڕەشە بەرد بی کەی سی لێیە چوزانن ئێمە لەوێین عەبدوڵڵا بۆر ووتی باشە ڕاوەستن بەڵام، کەس تەقەیان لێنەکات هەتا دێنە سەر جادە نزیک ئێمە، هێزەکەی دوژمن هاتن گەیشتنە بەردەشین لەو بەرەوە بە دۆشکە و بی کەی سی لە هێزەکەی دوژمنیاندا عەبدوڵڵا بۆرو هێزەکەی جادە و جادە کەوتنە دوای هێزەکەی دوژمن تا گەیشتنە سەر ڕەبییەی گردە سوور هێزی پشتگیری لێیان گۆڕابوو تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد لەو باوەڕەدا نەبوون پێشمەرگە جادە و جادە دوای هێزی دوژمن بکەوێت ڕەسوڵە کۆر و سالار (ئار بی جی) یان پێبوو تا لە گردە سوور بدەن سوڕانەوە یەکی گوللەیەک (ئار بی جی) یان لە پشتگیرییەکاندا، پشتگیرییەکان کردیانە هات و هاوار ووتیان خۆمانین لە ژێر پردێکدا نزیکەی ٤٠ جاش و سەرباز خۆیان شاردبوەوە هەتا پێشمەرگە و هێزی بەرگری لە یەکتر ئاشکرا بوون ئەوان ڕایانکرد هێزی دوژمن شکان و هەڵهاتن لەگەڵ لێدانی هێزەکەی دوژمندا تۆپخانەی شۆڕش هاوەنێکیان تەقاند بەسەر بەنی هەریردا ڕۆیشت، هاوەنی

دووەم هاتە ناو قەدی بەنی هەریر، هاوەنی سێیەم لەسەر جادەیدا، دواتر هێزەکانی دوژمن لە کوری تەنگ کۆبونەوە هاوەنێکیان تەقاند کەوتە ناو ڕووبارەکەوە هێزی دوژمن پاشەکشەیکرد.

کـــــوشتنی قائید

تۆپخانەی شۆڕش بەردەوام هێزەکانی دوژمنی دەکوتا ئۆتۆمبێلی قائید فیرقە بووە ئامانجی تۆپخانەی شۆڕش و قائید فیرقە لەناو ئۆتۆمێلە سەربازییەکەیدا کوژرا و لاشەکەی لە کوری تەنگ جێما، جگە لە ئۆتۆمێلی قائید فیرقە چەند ئۆتۆمێلێکی دیکەی سەربازیش تێکشکان.

مەفرەزەیەک بە سەرپەرشتی مستەفا ڕماوێژی، ڕەحمان سۆفی، مام سمایل قادر، شاخەوان ڕماوێژی دابەزینە سەر جادەی کوری تەنگ، لاندکرۆزەرێک جێمابوو مستەفا ڕماوێژی سلفێکی لێدا ئیشی دەکرد جیهازی ڕاکاڵ و نەخشەی سەربازی شەڕەکە لەناو جێبەکەی قائید فیرقەدا بوو، مەنجەڵێک دۆڵمە لەناو جێبەکەدا بوو مستەشارەکان بۆیان هێنابوو لەوێ بیخوات، لاسمێڵێکی قائید فیرقە لەناو جێبەکەدا بوو.

پەلامارەکەی دوژمن لە سێ قۆڵەوە بوو، قۆڵێک لە چیای بەنی هەریر، قۆڵێک لەسەر جادەی گشتی دۆڵی ئالانە بالیسان، قۆڵێک لە خەلیفان بناری کۆڕەک.

لەو نەخشە سەربازییەی دەستی بەسەردا گیرا ئاماژە بە ئەوە درابوو هەموو هێزەکان لە بالیسان لەسەر ڕێی زینەتر یەکبگرنەوە، بە کوشتنی قائید فیرقە بەرنامەکەی دوژمن شکستی هێنا.

شـــــەهیدبوونی تەقییەدین

دوای تەواو بوونی شەڕەکە و شکست هێنانی دوژمن تۆپخانەی دوژمن وەکو پیشەی هەمیشەیی تۆبباڕانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد عەبدوڵڵا بۆر لەگەڵ پێنج پێشمەرگەدا دانیشتبوو باسی شەڕەکەیان دەکرد دوژمن لەدار ئیشکەوە هاوەن بارانیکردن چەند هاوەنێک لە دەوروبەریدان هاوەنێک کەوتە نزیکیان عەبدوڵڵا بۆر

بریندار بوو لە هۆش خۆیچوو ڕەمەزان سالّح و ڕەسوڵ قادر تارینەیی بریندار‌بوون، حەسەن ڕەشید بەردێک بەر پشتی کەوت تەقییەدین خدر لاس یەکێک لە پێشمەرگە ئازاو دلێرەکان شەهید بوو گیانی بە نیشتمان سپارد تەها حاجی خدر کەندۆری بە سەلامەتی دەرچوو تەرمی شەهید تەقییە دینیان گواستەوە، ڕەسوڵ تارینەیی توشی نەزیف ببوو ولّاخیان بۆ عەبدوڵّلا بۆر و ڕەسوڵ هێنا گەیشتنە زینی شارسێنە و ڕەتڵێک ڕاجیمە لێیدان عەبدوڵّلا بۆر لەسەر وولّاخەکە کەوتە خوارەوە حاجی خدر کەندۆری بریندارەکانی گواستنەوە خەتێ دکتۆر زریان چارەسەری بۆ کردن دۆخی عەبدوڵّلا بۆر مەترسیدار بوو ناوی بە شەهید ڕۆیشتبوو پارچەیەک دابووی لە نێوان دوو ئێسکی سەر ڕوومەتی پاشان ئاڕاستەی گۆڕیبوو ئەگەر ئاڕاستەکەی نەگۆڕیایە شەهید دەبوو، لە نەخۆشخانە حەسەن کوێستانی سەردانیکردن.

زیانی دوژمن

دەیان کوژراو و بریندار

کوشتنی قائید قیرقە

سووتاندنی ئۆتۆمبیلێک لە نێوان ئالانە و کوری تەنگ

دەستکەوت

دوو ئۆتۆمبێل

دوو بێتەل و نەخشەیەکی سەربازی

دەمانچە و کلّاشینکۆفێکی قائید فیرقە

ژمارەیەک ئۆتۆمبێل دەستی بەسەردا گیرا

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی تەقییەدین خدر لاس گەرەوەیی

بریندار بوونی چوار پێشمەرگە

تـــیپی 12ی ســـۆران 1988-

ساڵی ١٩٨٨ عەبدوڵڵا بۆر کرایە فەرماندەیی تیپی ١٢ سۆران ، بارەگای تیپی ١٢ سۆران لە گەرەوان بوو .پێکهاتەی تیپی ١٢سۆران لە دوای ١٩٨٨/٤/٤ تا کۆتایی ئەنفال بەم شێوەیە بوو

پێکهاتەی تیپەکە

تیپی ١٢ سۆران

١- عبدالله مصلح حمد امین – عبدالله بۆر فەرماندەی تیپ

٢- رێبین محمد سۆفی جێگری فەرماندەی تیپ

٣- پۆڵا رابەری سیاسی تیپ

٤- اسماعیل حەیدەری ئیدارەی تیپ

٥- قادر محمد زیاد سەرپەرشتیاری هێزی پشتگیری سنووری تیپ

٦- ئازاد ئاکۆیی دەستەی تیپ

ناوی فەرماندەی کەرتەکان

١- حاجی زرار فەرماندەی کەرت خاڵ عزەت فەقیانی جێگری کەرت

٢- خاڵ سیسۆ فەرماندەی کەرت عبدالرحمن کەزیانی جێگری کەرت

٣- حاجی حارس گەزنەیی فەرماندەی کەرت مام رەشید جێگری کەرت

٤- مام طالیب فەرماندەی کەرت حاجی عەوڵا جێگری کەرت

٥- حەسەنە گەورە فەرماندەی کەرت علی حەسەن جێگری کەرت

٦- محمد گۆرە شێری فەرماندەی کەرت

کادیرەکانی کۆمەڵە ئەمانە بوون

*تەلعەت خدر دەربەندی لێپرسراوی رێکخستنی کۆمەڵە، بەڵام لەوێ نەمابوو چووبووە تۆپخانەی شۆڕش.

*ابو خەلەف کادیری کۆمەڵایەتی ، بێباک فەقیانی جێگری.

*دکتۆر یوسف کادیری کۆمەڵە
*هەڵۆ حسن کادیری کۆمەڵە
*شاهۆ مستەفا کادیری کۆمەڵە
*بارزان کۆیی لێپرسراوی رێکخستنی شۆڕشگێران

تیپی 12 سۆران لە شەڕەکانی بەرگری لە شالاوەکانی ئەنفالدا

مانگی ١٩٨٨/٥ تیپی ١٢ سۆران بەسەرپەرشتی عەبدوڵڵا بۆر لە گەرەوان کۆبوونەوەیەکیان ساز دا بۆ بەرەنگار بوونەوەی شالاوەکانی ئەنفال و دابەشکردنی پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران بەسەر سەنگەرەکاندا. تیپی ١٢ سۆران کرایە دوو رەتلی سەرەکی هەر رەتلێک بۆ سێ بەش دابەش کرا .

رەتـــلی دۆڵی مـــەلەکان

رەتلی دۆڵی مەلەکان بەسەرپەرشتی رێبین محمد سۆفی بارەگای لە بیشی بلە دانا رەتلەکە کرایە سێ بەش ، بانی ئالانە،حەوشی خەندۆران، کێڵ کێڵ
*خاڵ سیسۆ و رەحمان کەزیان بۆ کێڵ کێڵ
*حەسەنە گەورە و عەلی حەسەن بۆ حەوشی خەندۆران
*محەمەد گۆرەشێری بۆ ئاشان و بانی ئالانە

رەتـــڵی دۆڵاکـــۆ

رەتلی دۆڵاکۆ بەسەر سێ خاڵی بەرگریدا دابەشکرا

*پشتی دێی کەڕەک و گەرەگوێز لە بناری ئارموشە

*گەرەنار

*چیای هەندرێن

*حاجی زراو و خاڵ عیزەت و حاجی حارس و حەمەدەمین عەزیز رابێ بۆ چیای هەندرێن

*مام تالیب و مام رەشید بۆ گەرەنار

بارەگای تیپی ١٢ی سۆران لە گەرەوان بوو عەبدوڵڵا بۆر و ئەو هێزەی لەگەلیدا بوون لە کەرەک بوو راستەوخۆ سەرپەرشتی هێزەکانی دەکرد، قادر حەمە زیاد فەرماندەی هێزی پشتگیری بوو لە سنووری تیپی ١٢ی سۆران نێردرانە بنە کاول کادیرەکانی ڕێکخستن و کۆمەڵایەتی هەریەک لە پۆلا، تەلعەت خدر ، ئەبوخەلەف، شاهۆ فەقیانی، بێباک فەقیانی ، هەڵۆحەسەن ، عەلی بیجانی، دکتۆر یوسف ، مامۆستا جەبار خدر، بارزان کۆیی بەسەر تۆپخانە و شەڕگەکاندا دابەشکران ،ئیسماعیل حەیدەریش ئیدارەی تیپ بوو. تێکڕای ئەم کادرە تێکۆشەرانە ڕۆڵی دیاریان بینی لە تۆپخانەی شۆڕش و ئیدارە و شەڕگەکاندا. شەڕگەکە فراوان بوو لەچیای هەندرێن بەرامبەر جوندیان – بۆ ڕەواندز و چیای کۆرەک تا دێی ئالانە و دۆڵی خەلیفان درێژ ببووەوە ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ سۆران و تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە کەلە درێژەی شەرەکاندا هاتنە ناوچەکە ڕۆڵی گرنگیان بینی لە بەرەنگاربوونەوەی پەلامارەکانی دوژمندا هێزی پێشمەرگە بەرانبەر (٤٠) فەوجی جاش و قوات خاسە و گاردی کۆماری و لیوای (٦٦) بەرگری کەم وێنەیانکرد .ڕێبین محمد سۆفی کە جێگری تیپی ١٢ سۆران بوو لەنێوان هەر دوو پلەی سەرو خوارو گەلی بیشێ بارەگای دانا ، پشتی ئالانە و بناری کۆرەک و دۆڵی بلە و مەلەکان بە ڕێبین محمد سپێردرا. کاتێک شالاوەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکە دەستیپێکرد هێزی دوژمن لە بلە و مەلەکان هێرشی ئەهێنا هەر بۆیە ڕێبین محمد سۆفی چووە کێل کێل و

چەند ڕۆژێ لەوێ مایەوە دواتر چووە جێگەی عەبدوڵڵا بۆر لە پشتی ئاکۆیان و سەعیدی حەمە زیاد هاتە کێل کێل هێزی پشتگیری بنمێردە و هێزی پشتگیری فەقیان بە فەرماندەیی مام خالید فەقیانەیی لە شاخی کێل کێل و گەرووی بیجان لە سەنگەری بەرگریدا بوون .

تـــێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر مەڵبەندی ســـێ

بە درێژایی شەڕەکانی مەڵبەندی سێ ڕژێمی فاشی عێراق دەیان هێرشی بەردەوامی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی سێ و مەڵبەندەکانیتر، هێرش و پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمنیان دەشکاندو سەدان لاشەی دوژمن لە مەیدانی شەڕدا بوونە خۆراکی قەل و داڵ.

ڕۆکێتی تۆڵە، تۆپخانەی گورجوگۆڵی شۆڕش بە سەر مۆڵگە و سەربازگەکانی دوژمندا دەینااڵند شوێن نیشانەکانی دەپێکاو بەردە بووە پوش و پەاڵشی داگیرکەر، وەرە ڕوخێن بوو بۆ دوژمن، وەرە بەخش بۆ پێشمەرگەو گەل.

چالاکی و نەبەردیەکانی مەڵبەندی سێ زۆرن، یەک و دوان و سەد نین، لێرەدا بەشی زۆری ئەو نەبەردی و چالاکیانە دەخەینەوە بەر چاو چالاکی هێزی پێشمەرگە و ڕۆکێتی تۆڵە لە مەڵبەندی سێ.

تـــۆپخانە – ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٣ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ بەراجیمەی قورس تۆپبارانی سەربازگە و مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لەم شوێنانە:

*سەربازگەی سەرمیران لەناو هاوینە هەواری قەزای شەقڵاوە

*مقەری جەیشی ناشەعبی

*دەوروبەری سەربازگەی سەرمیران کە مۆڵگەی چەکدارە خۆفرۆشەکان بوو

*گوللە راجیمەکان مۆڵگە و سەربازگەکەیان پێکا و زیانی گیانی و ماڵی زۆریان لەدوژمندا

*دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣) کاتژمێر ١١ پێشنیوەڕۆ تا کاتژمێر (٥) ڕۆژی ١٩٨٨/٥/١٧ بەراجیمە تۆپبارانی مۆڵگەی خۆفرۆشانیان کرد لە کەڵەکینی سەر چیا زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

کاتژمێر (٣)ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٤ تۆپخانەی شۆڕش بەسەختی تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیکرد لەدێی زیارەت .

کاتژمێر ٦تا٧ ئێوارە هەمان ڕۆژ جاریکیتر تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی دوژمنیکرد لە زیارەت گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکاو زیانی گیانی و مالّی زۆریان بە دوژمن گەیاند .

کاتژمێر ١٠ی شەوی ٢٤-١٩٨٨/٥/٢٥ دوای تۆپبارانێکی چڕی دوژمن پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە (٥) قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبیە و مۆڵگەکانی دوژمن لە دێی زیارەت لە ماوەی نیو کاتژمێر شەردا هەموو ئەو شوێنانەیان گرتەوە کە دوژمن پێشتر گرتبووی.

کاتژمێر ٧ تا ٧,٥ ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٥ تۆپخانەی شۆڕش لە مەڵبەندی سێ بەچڕی تۆبارانی تەجەموعی دوژمنیانکرد لە دێی زیارەت ، گوللە تۆپەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکاو بڵاوەیان بە هێزەکانی دوژمنکرد لەو تۆپبارانەدا ئوتۆمبێلێک تێکشکا.

تـــیپی 86ی دەشـــتی هەولێر

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٢ گەلە جاشێک کەوتنە بۆسەی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرەوە لە ناوچەی شەمامک، لەو بۆسەیەدا چوار جاش کوژران و کلاشینکۆفێک دەستکەوت بوو.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی (ڕەشاد) پێشمەرگەی ناوچەی شۆڕشگێڕان دەشتی هەولێر.

شـــەڕگەی قـــەڵاتووکان

کاتژمێر ٦ ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٤ دوژمـن لە سێ قۆڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە ناوچەی قەڵاتووکان .

قۆڵی یەکەم :دوژمن لە گردی ڕەمکانەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا ، پێشمەرگەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی بەرەنگاریان بوونەوە و چەندین لاشەیان بە دوژمن بە جێهێشت. دەسکەوتن یەک کلاشینکۆف بوو.

قۆڵی دووەم: دوژمن لەگردی گازی و کورکی کاوێ پەلاماری پێشمەرگەیاندا ، پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس و هەرێمی (٦) ی سوسیالیست و حیزبی شیوعی و مەفرەزەیەکی پارتی بەرەنگاریان بوونەوە و سێ پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن ، یەکێک لەکۆژراوەکانی دوژمن ضابط ڕەسەد بوو.

قۆڵی سێیەم :دوژمن لەگردی جیقنەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە دەوروبەری قەڵاتووکان پێشمەرگەکانی تیپی ٥٦ گەڵاڵە و تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک و تیپی ٥١ گەرمیان لێیان هاتنە دەست وشەڕ تاکاتژمێر (٣) دوا نیوەڕۆی خایەند هێزێکی هاوبەش لەبەرەی کوردستانی هێرشیانکردە سەر ئەو هێزانەی دوژمن کە پەلاماری قەڵاتووکانیان دابوو.

قۆڵی یەکەم : پێشمەرگەکانی تیپی ٥٦ گەڵاڵە و بزووتنەوەی ئیسلامی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی دوژمن لە گردی بێ دیوو کانی گاتوان و زنجیرەی بەرامبەر ی ڕەزگە، پێشمەرگەکان گورزی کاریگەریان لە دوژمندا و ڕاویاننان.

قۆڵی دووەم : پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی پارتی و هەرێمی (٦) ی حیزبی سۆسیالیست و مەفرەزەیەکی پارتی گەلی لە گری گازی و پشتی قەڵاتووکان و سیوەیس لەهێزەکانی دوژمنیاندا و شکاندیانن .

قۆڵی سێیەم : پێشمەرگەکانی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی پارتی و حیزبی شیوعی هێرشیانکردە سەر دوژمن لە قۆڵی ڕەزگە و ڕاویاننان.

قۆڵی چوارەم : پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ گەرمیان و تیپی تایبەتی مەڵبەندی یەک وتیپی ٥٦ گەڵاڵەی هیرشیانکردە سەر دوژمن لە دۆڵی قەڵاتووکان و ڕاویاننان.

قۆڵی پێنجەم : پێشمەرگەکانی تیپی ٥٣ی شیروانە وقەندیل لە قۆڵی ساوێنەوە هێرشیانکردە سەر دوژمن و ڕاویاننان ، بەمجۆرەی دوژمن لە ناوچەی قەڵاتووکان تێکشێندراو هەڵات قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو بەناوی عەبدوڵڵا بەلقیس پێشمەرگەی لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی پارتی.

شـــەڕگەی تـــیپی 12ی ســـۆران

هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژ و هاوەن و کاتیوشاو ناقیلە و کۆپتەر سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦لە چوار قۆڵەوە پەلاماری سنووری تیپی ١٢ی سۆرانیاندا.

قۆڵی یەکەم : هێزی دوژمن لە باسکە درێژەوە پەلاماری کەرەک و لوتکەی شاخی ئارموشەیدا کەرتی تیپ وکەرتی (٢)ی و ١٢ سۆران و مەفرەزەیەکی حزبی سوسیالیست و هێزی پشتگری ناوچەکە بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و ڕاویاننان.

قۆڵی دووەم: هێزێکی دوژمن لە سپیلکی ڕەواندزەوەپەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە بنە کاول پێشمەرگەکانی کەرتی ٢ و کەرتی ٦ ی تیپی ١٢ی سۆران بەرەنگاریان بوونەوە و زیانی زۆریان پێگەیاندن دەسکەوت یەک بار تەقەمەنی و خواردەمەنییەکی زۆر بوو.

قۆڵی سێیەم : دوژمن لە سەربازگەی کاولۆکان و جوندیانەوە پەلاماری چیای (هەندرێن) یدا پێشمەرگەکانی کەرتی (٤) تیپی ١٢ی سۆران و مەفرەزەیەکی پارتی و هێزی پشتگیری ناوچەکە لێیاندان و ڕاویاننان .

قۆڵی چوارەم: لە دارغەریبانەوە پەلاماری(زینی سەران) یاندا پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی بەرەنگاریان بوونەوە و شکاندیانن لە ئەنجامی ئەو شەرانەدا کۆپتەرێک پێکرا دوژمن کوژراو و بریندارى زۆر بوو قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بەناوی سلیمان ئەحمەد ئەندامی کۆمەڵە.

دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق لەکاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٥ بە چەکی کیمیایی بوردومانی چڕی سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆرانیکرد

لە کێڵ کێڵ لە چەند لایەکەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا ، قارەمانەکانی کەرتی (١) ی تیپی (١٢)ی سۆران و (١٩) ی کۆرەک بە هاوکاری هێزی پشتگیری بە رەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و دوای کاتژمێرێک شەڕ دوژمن توانی سەنگەرێکی پێشمەرگە بگرێت پێشمەرگە قارەمانەکان و هێزی پشتگیری هێرشی پێچەوانەیان کردەوە سەریان و ڕاویاننان لەو شەڕە دا دوژمن کوژراو و بریندارى زۆرى هەبوو قوربانی پێشمەرگەش شەهیدبوونی پێشمەرگەی هێزی پشتگیری (موتەلیب حاجی وسوو)بوو .

تـــیپی 78ی کـــارۆخ – کیلێ

شەوی ١٩٨٨/٥/٢٦\٢٥ تا ئێوارەی ٥/٢٦ هێزەکانی دوژمن زیاتر لە بیست هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی تیپی ٧٨ی کارۆخ و هێزی پشتگیری ناوچەکە، لە سەری کیلێ و وەڵزێ و زینی زار گەلی دڕەبی هەڵەموند و قۆپی عەجەم کوژ، شەڕی گەورە لە نێوان پێشمەرگەو داگیرکەر ڕوویدا، ٢٥ فەوجی سوک و لیواکانی ٦٥-٦٤ بەشدار بوون لە هێرشکردندا بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لەو شەڕەدا جگە لە کوڕانی ٧٨ی کارۆخ، هێزی پشتگیری ناوچەی وەرتێ و پێشمەرگەکانی هەرێمی ٩ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان و پێشمەرگەکانی لقی ٢ی ناوچەی باڵەکی پارتی و پێشمەرگەکانی پاسۆک بەشدار بوون، هێزی پێشمەرگەی کوردستان گورزی کاریگەریان لە هێزەکانی داگیرکەردا، لە ئەنجامی بەزین و شکانی هێزەکانی ڕژێمی داگیرکەری عێراق لە داخی زیانەکانی دێیەکانی چەوریهێن و چۆم بەڕوو خانووەکانی سووتاند.

زیانی دوژمن زیاتر لە ٢٠٠ کوژراوو سەدان بریندار بوو، بریندارەکانی ڕەوانەی شەقلاوەو هەولێر کردن.

هـــێرشی شـــکاو

ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٢٧ هێزەکانی دوژمن هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی هێزی پشتگیری و تیپی ١٢ی سۆران، هێرشەکەی دوژمن تێکشکێنرا.

تـــــۆپخانـــــه

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٧ تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) تۆپبارانی هێزە ئامادەکانی دوژمنیکرد ئەنجام بەمجۆرە بوو:

١/ کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەربازو جاش

٢/ سوتاندنی چەندین ئۆتۆمبێل

19ی کـــۆڕەك، 12ی ســـۆران

هێزە بەزیوەکەی دوژمن دوای چەندین پەلامار و هێرشی شکاو ویستی جارێکیتر بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦ بە پاڵپشتی تۆپ و کۆپتەر پەلاماری سەنگەری قارەمانەکانی کۆڕەک و سۆرانیدا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١) و تیپی ١٢ی سۆران و ١٩ی کۆڕەک و هێزی پشتگیری زۆر بە خەستی ڕووبەڕوویان بوونەوەو تا کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢٧ چەندین هێرش و پەلاماری دوژمنیان شکاندو وردو خاشکرد.

کەلاکی زیاتر لە (٥٠) قوات خاسەو جاش کەوتە بەردەستی پێشمەرگە و بریندارێکی زۆریان هەبوو.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش، شەهید بوونی (ڕەسوڵ مەعروف) سەردەستەی کەرتی تیپی ١٩ی کۆڕەک کە بووە دوانزەیەمین شەهیدی بنەماڵەکەی.

تـــۆپخانەی مـــەڵبەندی سێ

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٧ هێزە مۆڵخواردووەکانی دوژمن کەوتنە بەر تۆبارانی تۆپخانەی مەڵبەندی سێ و زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند:

١/ کوژرانی زیاد لە (٢٠) سەربازو جاش

٢/ تێکشکاندنی یەک دەبابە

٣/ سووتاندنی (٣) ئۆتۆمبێلی پڕ تەقەمەنی

دووبـــارە هـــێرش

کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٧ هێزێکی گەورەی دوژمن هێرشیکردە سەر (ڕەشکی بانە شوان) قارەمانەکانی هێزی پشتگیری و ئاکۆیان و دەستەیەکی تیپی ١٢ی سۆران هێرشەکەیان تێکشکاند.

کاتژمێر سێی شەوو بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٨ دووبارە هێرشیانکردەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ڕەشکی بانە شوان پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ی سۆران و هێزی پشتگیری لێیاندان و تێکیان شکاندن.

تـــۆپخانەی شـــۆڕش

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٨ تەجەموعات و ئالیاتەکانی دوژمن لە دارئایش کەوتنە بەر ڕەحمەتی تۆپخانەی مەڵبەندی سێ و زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

١/ کوژراوو بریندارێکی زۆر

٢/ تێکشکاندنی دەبابەیەک

٣/ تێکشکاندنی دۆشکەیەک

تـــیپی 12ی ســـۆران- 19ی کـــۆڕەك

کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٨ هێزێکی زۆری سەربازو جاشی داگیرکەر بە پاڵپشتی دوو دەبابە هێرشیکردە سەر گوندی ئاکۆیان بە نیازی سوتاندنی، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ی سۆران و هێزی پشتگیری ئاکۆیان بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوەو شەڕ تا ئێوارەی خایاند، هێزەکەی دوژمن بە لوتی شکاوەوە گەڕایەوە.

کاتژمێر شەشی ئێوارەی هەمان ڕۆژ هێزە شکاوەکەی دوژمن بە پاڵپشتی چوار دەبابە و سەدان جاش و سەرباز هێرشی هێنایەوە سەر گوندی ئاکۆیان، ئەمجارەش لە بەردەم هێزی پێشمەرگەو قارەمانەکانی پشتگیری لوتیان شکاو نزیک بە ٧٠ جاش و قوات خاسەیان لێکوژرا.

داســـتانی کێڵ کێڵ- تـــیپی کوڕەك و ســـۆران

کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٢٨ توپخانەکانی دوژمن بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیانکرد دوای کاتژمێرێک لە توببارانی، هێرشی یەک لە دوای یەکیان دەستپێکرد، پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک و سۆران و هێزی پشتگیری لێیاندان و بە کوژراوو بریندارێکی زۆرەوە ڕاویان نانەوە بۆ باوەشی ئاغاکانیان.

بۆ جاری دووەم هێزە شکاوەکەی دوژمن هێرشیان هێنایەوە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە کاتژمێر ٥ی ئێوارە تا کاتژمێر (٥)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٩ شەڕ بەردەوام بوو، هێزەکەی دوژمن زیانی زۆری لێکەوت و لوتی شکایەوەو ڕایانکردەوە مۆڵگەکانیان کە مەزەندە دەکرابە ١٠٠ کوژراو لە جاش و قوات خاسە و بریندارێکی زۆر.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو:

١/ شەهید کەریم مەولود ناسراو بە هاوڕێ پۆلا، ڕێبەری سیاسی تیپی ١٢ی سۆران خەڵکی قوشاغلو.

٢/ شەهید حسێن سدیق ناسراو بە هەڵمەت پێشمەرگەی کەرتی ٤ی تیپی ١٩ی کۆڕەک خەڵکی گوندی فەقیان.

تـــۆپخانـه – رۆکـــێت

تۆپخانەی مەڵبەندی سێ لە سنوری تیپی ٧٨ی کـاروخ لە کاتژمێر چواری ئێوارەی ١٩٨٨/١/٥/٢٩ تۆپبارانی تەجەموعاتی دوژمنیانکرد لە چیای هەڵەموند و زینۆی ئەستیرۆکان .

کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣٠ مووشەکی تۆڵەی مەڵبەندی سێ مووشەکبارانی تەجەموعی ئالیاتی دوژمنیکرد لە بەنی هەریر کە کەتیبەی ١٢٠ ملم ی لێبوو لە ئەنجامدا دوو هاوەنی ١٢٠ ملم بەعەدەدەکانیەوە تێکشکێندران هەمان ڕۆژ تۆپخانەی شـۆڕش لە کاتژمێر ٤ تا ٥ی ئـێوارە بە رۆکێتی تۆڵە تۆپبارانی تەجەموعی ئالیاتی دوژمنیکرد لە پڵنگان مووشەکەکان بە وردی شوێنی مەبەستەکانیان پێکا .

ڕۆژی ٥/٣١/ دەستەی رۆکێتی تۆڵەی مەڵبەندی سێ پردی خانەقایان موشەک بارانکرد لە ئەنجامدا (٢٠) قوات خاسە و جاش کوژران.

کاتژمێر ٨,٣٠ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ دەستەی رۆکێتی تۆڵە- مووشەک بارانی حامیەی ڕواندزیان کرد.

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمـن بۆ سـەر بەنی هەریر لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ هێزەکانی دوژمن لە کاتی ڕاکردندا کەوتنە ناوحەقلی ئەلغامەوە کە دەستەی مەڵبەندی سێ چاندبوویان لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژرانو بریندار بوون.

تـــۆپخانەی مەڵبەندی سێ تـــیپی 78ی کـــارۆخ

کاتژمێر ٢ تا ٤ی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٩ تۆپخانەی مەڵبەندی سێ تیپی کارۆخ، بە خەستی تۆپبارانی تەجەموعاتەکانی دوژمنیان کرد لە چیای هەڵەموندو زینوی ئەستێرۆکان، گوللە تۆپەکان نیشانەکانیان پێکا جگە لە کوژراوو بریندار دەبابەیەک و چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازی تێکشکێندرا.

تـــۆپخانەی مەڵبەندی سێ دەستەی کاتیوشای شـــەهید سیروان

کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٩ دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان بە خەستی کاتیۆشا بارانی کۆنە فەوجی ئاکۆیانی کرد هێزەکەی دوژمن پەرتەوازە بوو زیاتر لە ٢٠ کەس لە هێزەکەی دوژمن لە کۆنە فەوجی ئاکۆیان کوژران.

تـــۆپخانەی مـــەڵبەندی ســـێ
تـــیپی 85ی بـــەڕانەتی

کاتژمێر چوار تا حەوتی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٩ تۆپخانەی شۆڕش تیپی بەڕانەتی، تۆببارانی دەبابەکانی هێشکورو دەربەندیان کرد کە خۆیان لە ژێر زەویدا حەشاردابوو ڕۆژانە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی بۆردومان دەکرد.

تۆپەکانی بەڕانەتی شوێن مەبەستەکانیان پێکا، دەبابەکانی دوژمن لە ترسی تۆپەکانی تۆپخانەی شۆڕش شوێنەکەیان جێهێشت، هێزەکەی دوژمنیش پەرتەوازە بوون و ژمارەیەکیان لێکوژراو بریندار بوو.

ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

دەستەی ڕۆکێتی تۆڵە سەر لە بەیانی ١٩٨٨/٥/٢٩ تا ئێوارە تەجەموعاتی ئالیات و هێزی سەربازی جاشی دوژمنی لە چیای کۆڕەک ڕۆکێت بارانکرد، ئەو ئالیات و ئۆتۆمبێلانەی کە مۆڵیان تیا خواردبوو ڕایانکردو چیای کۆڕەکیان بەرەو هەریر بەجێهێشت.

دوژمن زیانی زۆری لێکەوت، بە بەرچاوی پێشمەرگەوەو بە ئیسعاف تەرمەکانیان دەگواستەوە، ڕۆکێتەکان شوێن مەبەستەکانیان پێکا لە ١/ بورجی کۆڕەک ٢/ کابینەکان ٣/ سەرجادەی کۆڕەک.

ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقە تا ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٢٩ دەستەی ڕۆکێتی تۆڵە، مۆڵگەو تەجەموعاتی ئالیات و هێزی دوژمنیان لە پلّنگان ڕۆکێت بارانکرد و شوێنەکانی دوژمنی پێکا، زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند، هێزەکەی دوژمن لە ترسی تۆپخانەی شۆڕش ئێواران تۆپە دوور هاوێژەکان و ئالیەتەکانیان دەگەڕاندەوە چوار قوڕنە.

تـــیپی 87ی قـــەرەچوخ، 78ی کـــارۆخ

کاتژمێر ٨ی شەوی ١٢٩\١٩٨٨/٥/٣٠ هێزە بەزیوەکەی دوژمن هێرشیکردە سەر چیای هەڵەموند و گەروی مەنجەڵ، تۆپ و کاتیوشاو هاوەن و کۆپتەر پاڵپشتی هێزەکەی داگیرکەر بوون.

تیپە قارەمانەکانی ٨٧ی قەرەچوخ و ٧٨ی کارۆخ ڕێیان پێگرتن و شەڕێکی کەم وێنەیان لە گەڵدا کردن هێزەکەی دوژمنیان تێکشکاند و کەلاکی زۆریان لێخستن، هێزەکەی دوژمن لە مەیدانی شەڕ دابەزی و کوژراوو بریندارێکی زۆری لێبە جێما.

ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

دەستەی ڕۆکێتی تۆڵە لە کاتژمێر ٩ی سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣٠ تەجەموعاتی هێزی سەربازی و جاشیان لە بەنی هەریر دایە بەر گڕو کڵپەی ڕۆکێت.

هێزەکانی دوژمن لە سەری بەنی هەریر کەتیبەی هاوەنی (١٢٠) ملم یان دانا بوو بۆ بۆردومانکردنی سەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگە.

ڕۆکێتەکان شوێن نیشانەکانیان پێکا:

١/ تێکشکاندنی دوو هاوەنی (١٢٠) ملم و کوشتنی عەدەدەکانی. سەنگەرەکان

٢/ هێزەکانی تریش شوێنەکانیان جێهێشت و هەڵاتن.

گـــەروی مـــەنجەڵ- بـــێترخێن

دوای تۆببارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گەروی مەنجەڵ و بێترخێن، ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣٠ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە قوات خاسە و جاش بە پاڵپشتی تۆپ و هاوەن و دەبابە و زیاتر لە ٢٥ کۆپتەری باری و جەنگی هێرشی هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

قارەمانەکانی تیپی ٧٨ی کارۆخ و ٨٧ی قەرەچوخ و تیپی مەڵبەندو دەستەی مەکتەبی ڕێکخستن لە هێزەکەی دوژمنیانداو تێکیانشکاند، کەلاکی زیاتر لە (٢٠) جاش و قوات خاسە لە مەیدانی شەڕدا کەوتن، زیاد لە (٥٠) قوات خاسەش لە ترسی پێشمەرگە لە شاخ هەڵدێران و پارچە پارچە بوون.

قوربانی هێزی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو.

١/ شەهید یاسین مام شەریف پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی ٧٨ی قەرەچوخ.

٢/ شەهید محەمەد ئیسماعیل مورادپێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ٧٨ی کارۆخ.

تـــیپی 78ی کـــارۆخ

کاتژمێر ٨ی شەوی ١٩٨٨/٥/٣١\٣٠ هێزێکی گەورەی جاش و قوات خاسە لە هەموو قۆڵێکەوە هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گەروی مەنجەڵ و چیای بێترخێن بە نیازی سەرقاڵکردنی پێشمەرگە و بردنەوەی کەلاکی کوژراوەکانیان.

بەڵام پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندو ٧٨ کارۆخ و ٧٨ی قەرەچوخ و دەستەی مەکتەبی ڕێکخستن گورزی گەورەیان لە هێزەکەی داگیرکەردا، کەلاکی تازەیان پێجێهێشتن، هێزەکەی دوژمن شکاو پاشەکشەیکرد.

تـــۆپخانەی مەڵبەند- تـــیپی کـــارۆخ

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقە تا ٤ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣٠ تۆپخانەی تیپی کارۆخ تۆببارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە زینوی ئەستیرۆکان، گوللە تۆپەکان نیشانەکانیان پێکا، هێزەکەی دوژمن بڵاوە پێکراو چەندین کەلاکیان لێجێما.

چـــەکی کـــیمیایی

دوای ئەوەی هێرشی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە ڕێی زەمینی و کۆپتەرەوە هەرەسی هێناو لە بەردەم ئیرادەی پێشمەرگەدا تێکشکا، ڕژێمی فاشیستی بەغدا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ پەنایبردە بەر چەکی کیمیایی و بە تۆپی دوور هاوێژ کیمیابارانی سەنگەرەکانی تیپی کارۆخ و قەرەچوخ و دەستەی مەکتەبی ڕێکخستنی کرد، بەڵام پێشمەرگەکان بێزیان بوون.

بـــەنی هـــەریر

کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١، هێزەکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە سەربازو جاش بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژ و کاتیوشا هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەپکی ئەحمەد ئاغا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (١)ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و تیپی ٩٣ی کۆیە و تیپی ١٩ی کۆڕەک لە هێزەکەی دوژمنیاندا و تێکیان شکاند، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشت و بریندار کردن.

تـــیپی بـــەڕانەتی

کاتژمێر (٥) ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی دەبابەو تۆپی دوورهاوێژ هێرشیانکردە سەر گوندی زیارەت پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی لێیان هاتنە دەست و لە ماوەی کاتژمێرێکدا تا دەربەندی هێشکۆرو گۆمە سپان ڕاویاننان دوژمن زیانی زۆری هەبوو.

چـــیای هـــەندرێن- 19ی کـــۆڕەك

هێزەکانی دوژمن لە ڕۆژی ٥/٢٦ تا ١٩٨٨/٥/٣١ دەیان هێرشی بە دوای یەکیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە چیای هەندرێن، دەرگەڵە، زینوی ساوان، بەڵام پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک و حزبی شیوعی و هێزی پشتگیری ساوان سەرجەم هێرشەکانیان تێکشکاندو دەیان کەلاکی قوات خاسە و جاشیان لێجێما.

هێزەکانی دوژمـن هەوڵیاندا زینی سـاوان بگرن، بـەڵام قارەمانەکانی هێزی بەرگری ساوان و پێشمەرگە نەیانهێشت هەنگاوێک بێنە پێشەوە، (١٠) کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو.

هـــێرش بۆ ئـــاکۆیان- 83ی هـــەورێ

کاتژمێر ٥:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ هێزەکانی دوژمن چەندین هێرشی یەک لە دوای یەکیان کردە سەر گوندەکانی ئاکۆیان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ و هێزی پشتگیری، پێشمەرگە قارەمانەکانی هەورێ و پشتگیری لێیان هاتنە دەست و کەلاکی زۆریان لێخستن و هێرشەکەیان تێکشکاند.

ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە کەلاکی جاش و قوات خاسە کەوتنە بەر ئاگری چەکەکانی پێشمەرگە و هەپرون بە هەپرون بوون دووبارەو بۆ جاری دووەم مار کوژ کران.

ئـــۆتۆمبێلی پـــڕ لە کـــەلاک

هێزەکانی دوژمن دەیان ئۆتۆمبێلیان بۆ گواستنەوەی بریندارەکان تەرخانکرد بوو، یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەی بریندارێ دەگواستەوە، لە کاتی بردنەوەی بریندارەکانی مەیدانی شەڕ بۆ هەولێر، لە لۆفەکانی مەسیف سەلاحەدین ئۆتۆمبێلەکە وەرگەڕاو هەپرون بە هەپرون بوو، بریندارەکانیش لە ئۆتۆمبێلەکە پەڕین.

تـــیپی کاروخ- تـــێکشکاندنی هـــێرش

کاتژمێر ٩ تا ١٠ی شـەوی ١٩٨٨/٦/١٦٣١ تۆپخانەی دوژمـن بـە سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی تۆپبارانکردو دوای تۆپباران هێرشی جاش و قوات خاسە بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هەڵەموند بۆ گەروی مەنجەڵ دەستیپێکرد، قارەمانەکانی تیپی قەرەچوخ و تیپی مەڵبەند هێرشەکەیان تێکشکاندو کەلاکێکی زۆریان لێخستن.

کـــێل کـــێل- 34 کـــاتژمێر شەڕ

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٩ی کۆڕەک و کەرتی (١)ی تیپی ١٢ی سۆران و کەرتی چواری تیپی بەڕانەتی ٣٤ کاتژمێر لە شەڕی بەردەوام و دەستەویەخەدا

بوون لە گەڵ هێزەکانی داگیرکەر لە کێڵ کێڵی هەمیشە بەرز.

سی و چوار کاتژمێر بۆردومانی کۆپتەرو تۆپباران و کاتیوشا، سی و چوار کاتژمێر هێرشی یەک لە دوای یەکی داگیرکەر تێکشکا و لە بەردەم وڕەی بەرزی پێشمەرگەدا خۆیان بۆ ڕانەگیرا.

لە شەڕی کێڵ کێڵ دا پێشمەرگەو قوات خاسە بە جۆرێک تێکەڵ ببوون شەڕی تفەنگ گۆڕا بە شەڕی ئامبازو دەستەویەخە بە جۆرێک پێشمەرگەیەک قوڕگی قوات خاسەیەکی گرت تا نەیتاساند، تا قیڕەی لێنەبڕی بەرینەدا شەڕی دەستەویەخە و قەمە، دەیان کەلاکی لە دوژمن خست، دەیان قوات خاسە خنکێندران، کەلاکی ٤٠ قوات خاسە لە بەردەم پێشمەرگەدا کەوتبوون، کەلاکی چەندین جاش و قوات خاسە بۆگەنیان کردبوو دوای سی و چوار کاتژمێر شەڕی بەردەوام دوژمن شکاو پێشمەرگەش بێزیان بوون.

خستنە خوارەوەی کۆپتەرێك

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ چەند کۆپتەرێکی جەنگی و بارهەڵگر هاتنە سەر ئاسمانی سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ و ١٢ی سۆران لە گەڵ سپیلکان، تا بەرگری لە هێزە بەزیوەکەیان بکەن.

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقە کەوتنە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە قارەمانەکانی سۆران و هەورێ و کۆپتەرێکی جەنگی پێکراو دووکەڵی ڕەشی لێهەڵساو و هەڵات، بە پەلە لە ناوچەی شەڕەکە دوورکەوتەوەو لە نزیک ڕەواندز کەوتە خوارەوەو ئاگری تێبەربوو بە بەرچاوی پێشمەرگەوە دەسووتا، کۆپتەرەکانی تریش ئاسمانی شەڕەکەیان جێهێشت و هەڵاتن.

شایەنی باسە ئەوە سێهەم کۆپتەر بوو لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣)دا بپێکرێ و هەڵدرێنە خوارەوە.

ڕۆکێتی تۆڵە

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ قائیدی عەمەلیاتی ناوچەکە بۆ کێشانی نەخشەی هێرش و بەرزکردنەوەی وڕەی هێزە بەزیوەکانیان بە کۆپتەر لە سەر بەنی هەریر دابەزی،

پێشمەرگە دلێرەکانی گەل دایانە بەر ڕۆکێتی تۆڵەو بە پەلە سوار کۆپتەرەکەی بـوەوەو ڕایکرد، هەمان کات بەنی هەریریان ڕۆکێت بارانکرد و لە دووکەڵدا نقومیانکرد.

دیـــسان ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ دەستەی ڕۆکێتی تۆڵە- مۆڵگەکانی دوژمنیان لە پڵنگان ڕۆکێت بارانکرد، دوژمن زیانی زۆری لێکەوت، تۆپێکی ١٠٣ ملم مەیدانی تێکشکێندرا.

تـــۆپخانەی مـــەڵبەندی سێ تیپی 78ی کـــارۆخ

کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ مۆڵگەو تەجەموعاتی جاش و سەربازو ئالیاتی دوژمنیان لە زینوی ئەستێرۆکان تۆپبارانکرد، هێزەکەی دوژمن پەرتەوازە بوو، چەندین جاش و سەرباز کوژران دەبابەیەک تێکشکێندراو دوو ئۆتۆمبێل سووتان.

ڕۆکـــێتی تـــۆڵە

دەستەی ڕۆکێتی تۆڵە، لە تۆڵەی بۆردومانکردنی سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە چەکی کیمیایی لە کارۆخ، ڕۆکێت بارانی تەجەموعاتی ئالیاتی دوژمنیانکرد لە پردی خانەقا و بڵاوەیان پێکرد.

زیانی دوژمن، کوژرانی زیاتر لە (٥٠) جاش و قوات خاسە، سوتاندنی دەبابەیەک، سوتاندنی سێ ئۆتۆمبێلی سەربازی پڕ لە جاش و سەرباز.

کـــۆڕەك و ســـۆران

ڕۆژانی ٦/١ و دوایی تیپەکانی سۆران و کۆڕەک و چەندین هێرشی دوژمنیان تێکشکاند، کەلاکی (١٠٠) جاش و قوات خاسە لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا کەوتبوون، دوو نەقیبی قوات خاسە، سێ مولازم ئەوەل و سانی، ئامر سریەیەک، باقی جاش و قوات خاسە.

دەســـتەی کـــاتیۆشای مـــەڵبەندی سێ

دەستەی کاتیوشای مەڵبەندی سێ لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٧ بە خەستی تەجەموعات و ئالیاتی (چاکی مامبۆ) یان لە خوار گوندی ئاکۆیان بۆردومانکرد، گوللە کاتیۆشاکان شوێن مەبەستەکانیان بە جوانی پێکا دوژمن زیانی زۆری گیانی و ماڵی لێکەوت.

کاتژمێر ٨ ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٨ دوژمن پەلاماری دێی ئاکۆیانیدا پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و هێزی پشتگیری بەرەنگاریان بوونەوە و پەلاماردەیان تێکشکاند کاتژمێر ٦ی ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوژمن بۆ جاری دووەم پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و هیزی پشتگیری ئەم پەلامارەشیان تێکشکاند، زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٧٠ سەرباز و جاش بوو دەبابەیەک وسێ ئوتومبێلی هەمەجۆریش سوتێنران هێزەکانی دوژمن لە کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقە دا پەلاماری ئاکۆیانیان دایەوە ، ئەمجارەش تێکشکاندن .

کاتژمێر ٥/٣٠ و شەوی ٣٠-١٩٨٨/٥/٣١ هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی دەیان تۆپ و ڕاجیمە و فڕۆکە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە دۆڵی ئاکۆیان ، پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ ئاکۆیان و ٨٣ هەوڕێ و هێزی پشتگیری لێیاندان و شکاندیانن و لاشەی جێماوی دەیان قوات خاسە لە ژێر پێی پێشمەرگە دا بوو.

لە ڕۆژی ٥/٢٤ تا ١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن دەیان جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە چیای هەندرێن و دەرگەڵە و زینووی سەران پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ ی کۆرەک و هێزی پشتگیری و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاندوو دەیان قوات خاسەیان لێکوشتن دەسکەوت ١٠ کلاشینکۆف بوو.

کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقە شەوی ٣١-١٩٨٨/٦/١ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە بە پاڵپشتی تۆپ و ڕاجیمە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە سنووری تیپی ١٢ ی سۆران و ١٩ ی کۆرەک پێشمەرگەکانی تیپی سۆران و ٧٨ ی کاورخ و ٨٥ ی بەرانەتی بە ڕەنگاریان بوونەوە و شکاندیانن و زیانی دوژمن کوژرانی ١٢ چەکداری زێباری و ژمارەیەک قوات خاسە

شەڕگەی تیپی 78ی کاروخ

هێزێکی گەورەی دوژمن بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە و کۆپتەر لە چەند قۆڵێکەوە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیاندا لە مەڵبەندی سێ

یەکەم: هێزێکی گەورەی دوژمن لەڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە(سەری کێلی) پێشمەرگەکانی کەرتی (٥)ی تیپی ٧٨ی کاروخ و هێزی پشتگیری کەڵێتە لێیان هاتنە دەست و سێ پەلاماری لەسەر یەکی دوژمنیان تێکشکاند، زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٣٥ جاش و سەرباز بوو لاشەی(١٣)یان لە بەر پێی پێشمەرگەدا بووکە یەکێکیان ئەفسەر بوو بە پلەی رائید . دەسکەوت یەک پۆپی ٥٧ ملم ، ٣ ئاربی جی ، ٧٢ کلاشینکۆف هەندێک کەلوپەلی سەربازی

دووەم : دوژمن پەلاماری (جاوەڵی) دا قارەمانەکانی کەرتی (١) ی تیپی ٧٨ ی کاروخ و پێشمەرگەکانی هەرێمی (٩)ی باڵەکی حزبی سوسیالیست و هێزی پشتگیری ناوچەکە لێیان هاتنە دەست و تا سەر جادەی خانەقا ڕاوێاننان ، ژمارەیەک کوژراوی دوژمن لە بەردەست پێشمەرگەدا بوو .

سێیەم : هێزێکی دوژمن پەلاماری پێشمەرگەیدا لە سولتەی وەرتێ ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی (٧٨) ی کاروخ و هێزی پشتگیری لێیاندان و سێ پەلاماری لە سەر یەکی دوژمنیان تێکشکاند قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی پارتی بوو بە ناوی مام عومەر.

چوارەم : دوژمن لە قۆڵی زینۆی سەر گەلی پەلاماری ناوچەکەیدا ، پێشمەرگەکانی پارتی و هێزی پشتگیری پەلامارەکەیان تێکشکاند قوربانی : شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی پارتی بوو.

کاتژمێر (٨) شەوی ٢٩-١٩٨٨/٥/٣٠ دوژمن بە پاڵپشتی تۆپ و راجیمە و هاوەن و فرۆکەی جەنگی پەلاماری شاخی هەڵەموندو گەرووی مەنجەڵیدا پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و ٨٧ ی قەرەچووخ بە رەنگاری دوژمن بوونەوە و تا پڵنگان راوێاننان.

کاتژمێر (٢) ی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣٠ دوای تۆپ بارانێکی چڕ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە گەرووی مەنجەڵ و چیای بێترخێ ، پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و ٨٧ ی قەرەچووخ و تیپی مەڵبەندی سێ

و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند زیانی دوژمن کوژرانی ٢٠ چەکدار و قوات خاسە ژمارەیەکیش لە شاخ هەڵدێران قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی دوو پێشمەرگە بوو بە ناوەکانی

١ – شەهید یاسین مام شەریف پێشمەرگەی کەرتی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ

٢ – شەهید محەمەد ئیسماعیل مورادپێشمەرگەی کەرتی (١) ی تیپی ٧٨ ی کاروخ

کاتژمێر (٨) ی شەوی ٣٠-١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن سەر لە نوێ بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دایەوە لە گەرووی مەنجەڵ و چیای بێنرخێ و پێشمەرگەکانی کاروخ و قەرەچووخ و مەڵبەندی سێ و مەفرەزەیەکی مەکتەبی رێکخستن پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند و زیانی زۆریان پێگەیاندن .

خـــستنه خـــواره‌وه‌ی کـــۆپته‌ڕێك

دوای ئەوەی سەرجەم پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سنووری تیپی ٧٨ کاروخ تێکشکا دوژمن پەنای بردە بەر هێزی ئاسمانی کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ زیاد لە (٢٠) کوپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و ٨٧ی قەرەچووخیاندا پێشمەرگەکان لێیان هاتنە دەست و کۆپتەرێکیان خستەخوارەوە هەمان ڕۆژ تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخیکرد بە پێی هەواڵەکانی قەزای شەقڵاوە سێ مەنشەئەی پڕ لە کوژراوی جاش و سەرباز ڕەوانەی هەولێر کرا بوون.

گەروی مەنجەڵ

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن لە چیای هەڵەموندەوە بەرەو گەرووی مەنجەڵ پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا . پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٧٨ کاروخ ، ٨٧ی قەرەچووخ ،٩٠ باوەجی و تیپی مەڵبەندی (٣) و مەفرەزەی مەکتەبی رێکخستنی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان بەرەنگاری پەلامارەکەی دوژمن بوونەوەو شکاندیانن ، دوژمن کوژراو و بریندارێکی

زۆری هەبوو قوربانی پێشمەرگە دوو شەهید بوو

١- شەهید رەسول مەولود جێگری فەرماندەی تیپی ٧٨ کاروخ و ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان وبرای شەهیدی فەرماندە ئەحمەد مەولوود.

٢- شەهید محەمەد ئەحمەد ناسراو بە هیوا ڕەزانی ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان .

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن بە تۆپی هەڵگری کلاوەی کیمیایی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی کرد (٢٠)فرۆکەش بۆردومانی ناوچەکەیان کرد .

شەوی ٣١-١٩٨٨/٦/١ دوژمن دیسان لە هەڵەموندەوە بەرەو گەرووی مەنجەڵ پەلاماری دەستپێکرد ، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ و ٧٨ ی کاروخ و تیپی مەڵبەندی (٣) لێیاندان و شکاندیانن.

بەنی هەریر

کاتژمێر ١٠:٣٠دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە کەپکی (حەمەد ئاغا) پێشمەرگە جوامێرەکانی کەرتی (١) ی تیپی ٩٣ی کۆیە تیپی ١٩ ی کۆرەک لێیاندان و ڕاوایانناان.

زیارەت

کاتژمێر (٥) ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە بە پاڵپشتی تۆپ و دەبابە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زیارەت پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەرانەتی دوای کاتژمێرێک شەڕ شکاندیانن و تا دەربەنی هیشکۆر و گۆمە سپان ڕاویاننان .

شەکرۆک

هێزێکی گەورەی دوژمن لەشەوی٢٥-١٩٨٨/٥/٢٦ پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە شەکرۆک پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٤) ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و مەفرەزەیەکی تیپ لێیاندان و تا مۆڵگەکانیان ڕاویاننان دوژمن کوژراوو بریندارێ زۆری هەبوو.

کاتژمێر (٤) ئیوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ی کۆرەک و ٨٥ بەڕانەتی هێرشیانکردە سەر مۆڵگەیەکی دوژمن لە دار ئیشک و ژمارەیەکیان لە دوژمن کوشت . لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ هێزی دوژمن بە پاڵپشتی چەندین تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە و کۆپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە کێڵ کێڵ، پێشمەرگەکانی سۆران و کۆرەک و بەڕانەتی بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و هەموو پەلامارەکانیان تێشکاند زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ١٠٠ چەکدار و قوات خاسە لەناو کوژراوەکاندا دوو نەقیب و چوار ملازم هەبوو

دەسکەوتەکان

١هاوەن ٦٠ملم و ٢٠ گوللە ٣ ئاربی جی ، ١٧ کلاشینکۆف ١ جیهازی ڕاکاڵی وسط، ١٥٠ مەخزەن ژمارەیەک قناعی غاز .

کاتژمێر (٣) ی بەیانی ١٩٨٨/٦/٢ دوژمن بە تۆپی دوور هاوێژو راجیمە و پیلاتۆس و کۆپتەر بوردوومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیانکرد لە(بەنی هەریر) دواتر لە سێ قۆڵەوە پەلاماری پێشمەرگەیاندا.پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ ی کۆرەک و ٨٥ی بەرانەتی و ٩٣ کۆیە و مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی لە هەر سێ قۆڵەوە بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و هەموو پەلامارەکەیان تێکشکاند . دوژمن کوژراوێکی زۆری لە مەیدانی شەردا جێما چەند جارێکیتر پەلامارياندایەوە بۆ بردنەوەی کوژراوەکانیان تێکشکان و سەرکەوتوو نەبوون هەر بۆیە بە ناچاری پەنایانبردە بەر تۆپی دوور هاوێژو کۆپتەر و پیلاتۆس شەڕ تا کاتژمێر (٦)ی ئێوارەی خایەند دوای کاتژمێر (٦)ی ئێوارە پێشمەرگە قارەمانەکان هێرشی پێچەوانەیانکردە سەر هێزە بەزیوەکەی دوژمن ، پێشمەرگەکانی تیپی کۆرەک هێرشیانکردە سەر ئەو هێزەی هاتبوون بۆ بردنەوەی تەرمی کوژراوەکانیان .

دوژمن زیانی گیانی زۆری لێکەوت

دەسکەوت

١رەشاشی بی کەی سی

٣ کلاشینکۆف

٢٠ مەخزەن ژمارەیەک بەڵگە نامە پێشمەرگەکانیش بێزیان بوون.

کاتژمێر (٩)ی بەیانی رۆژی ١٩٨٨/٦/٢ هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە و هاوەن پەلاماری سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەیاندا لە چیای (بێترخێن) پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و ٩٠ی باواجی لێیان هاتنە دەست و شکاندیانن. زیانی دوژمن کوژرانی زیاد لە ٥٠ قوات خاسە و ژمارەیەکی زۆریان هەڵدێران. کاتژمێر ١١:٣٠ بۆ ١٢:٥ ی نیوەڕۆی ٦/٢/ ١٩٨٨تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی دوژمنیانکرد لە چیای هەڵەموند زیانی دوژمن کوژرانی ٢٠ قوات خاسە و چەکدار.

کاتژمێر (٨) ی ئێوارە تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) بە چڕی تۆپبارانی ئاکۆیان و گەرووی زەنگەڵانیانکرد هەمان ڕۆژ جارێکیتر تۆپ بارانیانکردەوە.

کاتژمێر ٤ تا ٥:٣٠ دەقیقەی ئێوارەی ١٩٨٨/٦/٢ بە موشەکی تۆڵە موشەکبارانی هێزەکانی دوژمن کرا لە دۆڵی خانەقا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢ دوژمن بە هێزێکی زۆر بە پاڵپشتی تۆپ و راجیمە و هاوەن پەلاماری پێشمەرگەیدا لە دێی (فەقیان) پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و مەفرەزەیەکی قوەتی هەندرێنی حزبی سوسیالیست لێیاندان و شکاندیانن دوژمن بۆ جاری دووەم پەلاماری دایەوە ئەمجارەش پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و مەفرەزەیەکی حیزبی سوسیالیست لە هێزەکەی دوژمنیانداو شکاندیانن و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن زیانی دوژمن کوژرانی (٣٠) قوات خاسە بوو .

دەسکەوت

٤ کلاشینکۆف و

٢٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف

٢٠ مەخزەن لەگەڵ هەندێک بەڵگەنامە.

مەفرەزەیەکی کاتیوشای شەهید سیروان لەکاتژمێر ٧ تا ٨ ی بەیانی رۆژی ٦/٢ تۆپبارانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە دۆڵی ئاکۆیان کاتژمێر ١١ تا ١٢ نیوەڕۆ و ٥تا ٦ ئێوارە تۆپبارانیانکردەوە.

کاتژمێر ٢ شەوی ٢-١٩٨٨/٦/٣ تاکو بەیانی دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە بە پشتیوانی تۆپ ودەبابە و ڕاجیمە لەدێی ئاکۆیان وە بەرەو تاتی گەورە هات ، پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و تیپی ٨٣ی هەورێ و تیپی مەڵبەندی (٣) لێیاندان و شکاندیانن زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٥٠ قوات خاسە بوو.

شەوی ٢-١٩٨٨/٦/٣ دوژمن پەلاماری سەر سەرگەی بەنی هەریر یدا بۆ بردنەوەی تەرمی کوژراوەکان پێشمەرگەکانی تیپی ١٩ی کۆرەک و ٩٣ی کۆیە بەرەنگاریان بوونەوەو ژمارەیەکیان لێکوشتن .

دەسکەوت

١ ئار بی جی

٥ گوللە ،

١ کلاشینکۆف

٥ مەخزەن

کاتژمێر ٤,٥ دەقیقەی بەیانی ١٩٨٨/٦/٣ هێزێکی زۆری دوژمن بە پاڵپشتی هاوەن و راجیمەو تۆپ لە چیای هەڵەموندەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە گەرووی مەنجەڵ و چیای بێترخێن ، پێشمەرگەکانی کاروخ وقەرەچوغ و باواجی و تیپی مەڵبەندی (٣) بەرەنگاریان بوونەوە زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێکوشتن.

کاتژمێر ٣,١٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٣ چەند کۆپتەرێکی دوژمن هاتنە سەر ئاسمانی شەڕگەی تیپی ٧٨ی کاروخ لە چیای کاروخ، چەکە دژە ئاسمانییەکانی پێشمەرگە ئاسمانیان لێکردنە ئاگرو و کۆپتەرێکیان پێکا لەسەر چیای هەڵەموند کەوتە خوارەوە.

کاتژمێر ٣,٣٠ دەقەی هەمان ڕۆژ ژمارەیەک کۆپتەرو پیلاتۆس هاتنە سەر شاخی هەڵەموند و ناوچەکەیان بۆردومانکرد هەمان کات تۆپخانەی شۆڕش بە چڕی تۆپبارانی مۆڵگەی دوژمنیانکرد لە چیای هەڵەموند.

کاتژمێر ٦,١٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٤ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە سنووری تیپی ١٢و ١٩، کوڕە ئازاکانی مەڵبەندی (٣)و تیپی

٨٣ هـەوریّ بەرپەرچیاندانەوە و شکاندیانن قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (ئەحمەد وسو) پێشمەرگەی کەرتی (٣)ی تیپی ٨٣ هەوریّ.

دەستەی تۆپخانەی شۆڕش لە قۆڵی کاروخ کاتژمێر ٩ تا ١٠,٣٠ دەقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٤ تۆپبارانی دوژمنیانکرد لە چیای هەڵموند زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند. کاتژمێر ٧ تا ٩,٥ دەقەی شەوی ٥-١٩٨٨/٦/٦ دوژمن لە چیای هەڵەموندەوە چەند جارێک پەلاماری پێشمەرگەیدا لە گەرووی مەنجەڵ پێشمەرگەی تیپەکانی ٧٨و ٨٧ ،٩٠و مەفرەزەیەکی پاسۆک پەلامارەکەی دوژمنیان شکاند و تەرمی ٢٠ قوات خاسە لە مەیدانی شەڕدا بەجێمان تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) لە ١٩٨٨/٦/٧ بە چڕی تۆپبارانی هێزەکانی دوژمنیانکرد لە زیخی گەرەوان .

کاتژمێر (٣)ی شەوی ٧-١٩٨٨/٦/٨ دوژمن بە پاڵپشتی دەبابەو تۆپ و راجیمە لە زیخی گەرەوانەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە شاخی (پێبۆ) و دێی گەرەوان پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران و مەڵبەندی (٣) و ٨٣ ی هەوریّ و ٨٥ی بەرانەتی بەرەنگاری دوژمن بوونەوە و شکاندیانن .

هەمان شەو دوژمن لە زنجیرە چیای ڕەشکی لە سەرەوە زیاتر لە (١٠) جار پەلاماری یەک لە دواییەکی سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی (٩١)ی (سەفین)یدا لە قۆپی جوانەگا ،دوژمن زیاتر لە ١٠٠٠ گوللە تۆپ و کیمیاویی بەکارهێنا. بەڵام قارەمانەکانی تیپی سەفین سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند .

کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی ٩١ی (سەفین)یدا ئەمجارەش تیپی قارەمانی سەفین دوژمنیان تێکشکاند ولاشەی (١٥٠) کـوژراوی قوات خاسە لە مەیدانی شـەردا جێما،ە قوربانی قارەمانەکانی سەفین شەهیدبوونی سێ پێشمەرگە بوو.

١-شەهید عەبدولخالق ناسراو بە بەختیار پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی ٩١ ی سەفین.

٢-شەهید ئازاد هیرانی پێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ٩١ سەفین .

٣-شەهید ئاری ئەحمەد شەقڵاوەیی پێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ٩١ سەفین.

کاتژمێر ۹تا ۱۰ی ٦/٨ تۆپخانەی شورِش تۆپبارانی دوژمنیکرد لەزیخی گەرەوان لەئەنجامدا دەبابەیەک تێکشکا.

کاتژمێر۹ تا ۱۰,٥ دەقەی ڕۆژی ۱۹۸۸/٦/٨ کاتیۆشای مەڵبەندی (۳) تۆپبارانی دوژمنیانکرد لە (مام بۆی).

شەوی ۱۰-۱۹۸۸/٦/۱۱ دوژمن چەندین جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لەچیای(پێبۆ) هەموو پەلامارەکان لە بەردەم ئازایەتی و خوڕاگری پێشمەرگەدا تێکشکان .

کاتژمێر ۹ تا ۱ی شەوی ۱۱-۱۹۸۸/٦/۱۲ دوژمن بە تۆپی دوور هاوێژ و راجیمە و هاوەن تۆپبارانی (بانی پێبۆ) و ئەشکەوتی سوورو گەرەوان و ئەشکەوتی ئاودەلانیکرد . دوای تۆپبارانی چڕ لە کاتژمیر (۱) ی شەودا پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا ((لە ئاکۆیانەوە بەرەوچیای پێبۆ-گەرەوان- ئەشکەوتی سوور ئەشکەوتی ئاودەلان)) پێشمەرگەقارەمانەکانی تیپی ۸۳ هەوریێ و ۸٥ بەڕانەتی و ۱۲ی سۆران لێیاندان و سەرجەم پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند .زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٤۰ قوات خاسە و چەکدار بوو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون دوای ئەو شکستەیان دوژمن جارێکیتر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە پێشمەرگە ئازاکانی تیپی هەوریێ وسۆران و بەڕانەتی بەرەنگاریان بوونەوەو زیاتر لە ۲۰ چەکداریان لێکوشتن هەر هەمان شەو دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری لایەکیتری شەرگەکەیداپێشمەرگەکانی تیپی ۲۱ کەرکوک بەرەنگاریان بوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ۱۹۸۸/٦/۱۱ تۆپخانەی دوژمن تۆپبارانی چیای بێترخێن و گەرووی مەنجەڵی کرد.

لەکاتژمێر۱۲,٥ی شەو ۱۱-۱۹۸۸/٦/۱۲دوژمــن بەهێزێکی زۆری قوات خاسە وجاش لەهەڵەموندەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە چیای بێترخێن و گەرووی مەنجەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانی کاروخ و قەرەچووخ بەرەنگاریان بوونەوە و (۲۰) چەکدار و قوات خاسەیان لێکوشتن.

کاتژمێر ١١ی شەوو پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١١ پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی سەیتەرەیەکیان لەلۆفەکانی مصیف سەلاحەدین دانا و ژمارەیەک خۆفروشیان بەسزا گەیاند. کاتژمێر دووی دوای نیوەڕوی ٦/١١ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە لۆفەکانی مصیف بۆسەیەکیان دانا سۆپەرێکی سەربازی کەوتەبۆسەکەوە و گوللە بارانیانکرد.لە ئەنجامدا سێ ئەفسەر بەپلەی عەمید ڕوکن، موقەدەم روکن ، ملازم ئەوەل لەگەڵ سەربازێکدا کوژران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١١ هێزێکی دوژمن بۆ دانانەوەی ڕەبییە لەسەر چیای کێشکە هاتن ، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ بەرانەتی لێیاندان و ڕاویاننان زیانی دوژمن کوژرانی ٤ چەکدار و ژمارەیەک بریندار بوو.

کاتژمێر (٩)ی شەوی ١٣-١٩٨٨/٦/١٤ دوژمن پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانی(تیپی ٩٠ی باواجی و ٧٨ی کاروخ، پاسۆک) یدا پێشمەرگە دلێرەکانی باواجی و کاروخ و پاسۆک هێرشیانکردە سەردوو ڕەبییەی دوژمن لە چیای بێترخێن و دەستیانبەسەرداگرت، زیانی زۆریان لە دوژمندا.

کاتژمێر ١١ تا ٣,٥ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٣ دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی دوژمنیانکرد لە پردی سەرانی نێوان دێی ئاکۆیان و گەڕەوان زیانی دوژمن کوژرانی زیاتر لە٤٠ چەکدار سوتاندنی یەک دەبابە - یەک ئوتومبێل .

کاتژمێر دوو تاچواری ئێوارەی ١٩٨٨/٦/١٣ دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان چاکی مام بۆی ، زراعەی خوار ئاکۆیان ، گۆڕستانی ئاکۆیانیان تۆپبارانکرد. زیانی دوژمن کوژرانی ژمارەیەک و سووتاندنی یەک دەبابە_ لەکارخستنی دەبابەیەکیتر تەقاندنەوەی یەک ئیڤای پڕ لە تەقەمەنی سووتاندنی دوو ئوتومبێل .

کاتژمێر ٤,٣٠ تا ٦ ی ئێوارەی ٦,١٣ دوژمن هێزێکی نارد بۆ بردنەوەی دەبابە و ئوتومبێلە سووتاو و لە کارکەوتووەکانی دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی هێزەکەی دوژمنیان کردو و پاشەکشەیان پێکردن.

کاتژمێر ٦ تا ٧ ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٤ دەستەی کاتیۆشای شەهید سیروان تۆپبارانی دێی فەقیانیکرد کە تەجەموعی هێز و ئالیانی دوژمنی لێبوو.

کاتژمێر ٢ تا ٣ ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی دوژمنیانکرد لە چیای هەڵەموودو زینۆی ئەستێرۆکان زیانی دوژمن کوژرانی دوو ئەفسەر سووتاندنی دوو ئوتومبێل .

کاتژمێر ١ تا ٢ ی نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٨ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی ڕەبییە و مۆڵگەکانی دوژمنیکرد لە چیای هەڵەموود و زینۆی ئەستێرۆکان زیانی دوژمن کوژرانی ٨ سەرباز – ٦ جاش و ژمارەیەک بریندار بوون. کاتژمێر ٢ تا ٣ دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٩ تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) تۆپبارانی دوژمنیکرد لەزینۆی ئەستێرۆکان دەستەیەکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ و ٩٠ی باواجی لە کاتژمێر ٤,١٥ دەقیقە ١٩٨٨/٦/٢٠ هەڵمەتیانبردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمن لە بناری چیای بێترخێن لە ماوەیەکی کەم دا دەستیان بەسەردا گرت . زیانی دوژمن کوژراوێکی زۆر لاشەی کوژراویان لە بەر پێی پێشمەرگە دا بوو .

دەسکەوت: ١ هاوەن ٦٠ملم، ١ قەناس ، ١ کلاشینکۆف

قوربانی پێشمەرگە شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک بوو بو ناوی فواد قادر فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٧) ی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ ئەندامی کۆمەڵە.

دەستەیەک لەپێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١ هێرشیانکردە سەر دەبابەیەکی دوژمن لە زیخی گەرەوان ، پێشمەرگەکان بە ئاربیجی دەبابەکەیان تێکشکاند. دوژمن لە تۆڵەی تێکشکاندنی ئەو دەبابەیەدا کاتژمێر٧,٥ ئیوارەی هەمان ڕۆژ بۆسەیەکی بۆ دوژمن دانا بەڵام پێشمەرگەکانی سۆران زرنگ وریا بوون درکیان بە بۆسەکە کرد لە هەڵمەتێکی بروسکە ئاسا دا بۆسەکەیان تێکشکاند . زیانی دوژمن کوژرانی ٤ سەرباز و جاشێک و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر و تێکشکاندنی هاوەنێکی ٦٠ملم .

دوو پێشمەرگە ی کەرتی (٥) تیپی ٧٨ی کاروخ کاتژمێر ١١ پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٣ بوسەیەکیان لەسەر باسکەروای نزیک دەرگەڵە دانا دوو چەکداری خۆفرۆش کەوتنە بۆسەکەوە و گوللە باران کران لە ئەنجامدا یەکێکیان کوژراو

ئەویتریان هەڵات هاوکات دەستەیەکی کەرتی (٣)ی شەهیدان و هێزی پشتگیری کەڵێتەو مەفرەزەیەکی پارتی هێرشیانکردە سەر (سەری کێلی و سەری گردیل) و جاشەکانیان تا ناو دەرگەڵە ڕاونا و دەستیانگرت بەسەر ڕەبییەکانی سەری کێلی و سەری گردیلدا و ئاگریان تێبەردان دوژمن زیانی زۆری لێکەوت قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی (ئەحمەد ڕەسول سەعید) پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی ٧٨ کاروخ خەڵکی (کەڵێتە).

گەلە چەکدارێکی خۆفرۆش بە نیازی سووتاندنی دێیەکانی دۆڵی باڵەیان لە کاتژمێر ٦ ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٧/٦ پەلاماری ناوچەکەیاندا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٧٤ی باڵەک و هێزی پشتگیری باڵەیان لێیاندان و شکاندیانن کاتژمێر ٢ ی دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ جاشەکان پەلاماری ناوچەکەیان دایەوە پێشمەرگە و هێزی پشتگیری ناوچەکە ڕوو بە رووبان بوونەوە و شکاندیانن . شەر تا کاتژمێر ٦ی ئیوارەی خایەند ژمارەیەکی زۆر جاش کوژران و بریندار بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٧/١١ هێزێکی زۆری سەرباز و جاش وپستیان ماڵەکانی (وەرتێ) بسووتێنن تۆپخانەی مەڵبەندی(٣) بە چڕی تۆپ بارانی هێزەکەی دوژمنیانکرد و نەیانهێشت ماڵەکان بسوتێنن و هێزەکەی دوژمن تەنها فریای سوتاندنی ماڵێک کەوتن .

لە تۆڵەی پەلاماری دوژمن بۆ سەر وەرتێ پێشمەرگەکانی تیپی ٣٥ی کۆڕە کاژاو و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر لە شەوی ١١-١٩٨٨/٧/١٢ هێرشیانکردە سەر دوو ڕەبییەی دوژمن لە بێترخێن و دەستیانبەسەرداگرت ئەوچەکدارانەی لە ڕەبییەکاندا بوون هەڵاتن. دەسکەوت ١٠ گوللە ئاربیجی ٢٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف و کۆمەڵێک بەتانی .

کاتژمێر (٧) ی ئێوارەی ١٩٨٨/٧/٢١ پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ١ و ٣ ی تیپی ١٢ی سۆران و هێزی پشتگیری هێرشێکی خێرایانکردە سەر مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمن لە ڕەشکی لەسەر و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیانبەسەردا گرت. زیانی

دوژمن کوژرانی زیاتر لە ٢٠ سەرباز و بریندار بوونی ژمارەیەکیتر دەسکەوت ١٥ گوللە هاوەنی ٦٠ ملم ،٣٠ گوللە ئاربیجی ،٣٥٠٠ فیشەکی بی کەی سی ، ٣٠٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف .

تۆپخانەی دوژمن لە دوای نیوەڕۆی ١٩٨٨/٧/٢٣ بەسەختی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیکرد لە ڕەشکی لەسەر.

کاتژمێر ٩,٥ دەقیقەی شەوی ٢٣-١٩٨٨/٧/٢٤ دوژمن بە هێزێکی زۆری جاش و سەربازەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا ، قارەمانەکانی سۆران پەلامارەکەیان تێکشکاند .

کاتژمێر ١٢ی شەو دوژمن پەلاماری دووەمی دەست پێکرد ئەمجارەش تێکشکا ، ئنجا پەلاماری سێیەم و چوارەمی دەستپێکرد شەر تا کاتژمێر ٣,٥ دەقیقەی خایەند سەرجەم پەلامارەکانی دوژمن تێکشکا.

کاتژمێر ١٢ی شەو ٢٢-١٩٨٨/٧/٢٣ هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوون لە سەربازو جاش لە چەکوچەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە سەری سارد پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی ٦٣ جوتیاران لێیاندان هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند دوژمن کوژراو بریندارى زۆری هەبوو .

دەسکەوت

١ ئاربیجی
١ کلاشینکۆف
١جیهازی پی ئاڕ سی
کۆمەڵێک گوللە ئار بی جی
گوللە هاوەن و فیشەکی کلاشینکۆف
قناعی غاز
١٠ نارنجۆک
٤٠ خودەی سەربازی .

لە ٢٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٧ دوژمن هێزێکی زۆری لە دۆڵی خانەقا کۆکردەوە،چەندین تۆپی هەمە جۆری لەسەرانسەری دۆڵەکەدا داناو بڵاوکردەوە. ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٦ شەش فیرقەی سەربازی بە پشتیوانی دەیان کەتیبەی تۆپی قورس و دوورهاوێژ و کاتیوشا و دەیان فرۆکەی جەنگی و کۆپتەر پەلاماری چەندین ناوچەی پارێزگای هەولێر و سلێمانیدا بەمجۆرە

*لەهیزۆپەوە بۆ هیران

*لە شەقڵاوە بۆ هیران

*لەدەربەندی گۆمەسپانەوە بۆ چیای سەفین گەروەتە

*لەسەروچاوە بۆ مێرگەسوور ،نووسەک و بۆتێ

*لەچیای ماکۆک بۆ کەژۆست

*لە کێڵ کێڵ بۆ ڕەشکی لەسەر

*لەدۆڵە رەقە بۆ گەرووی مەنجەڵ

*لە خەلیفان بۆ دێی ئالانە

*لەبەنی هەریر بۆ کەپکی حەمەد ئاغا

*لەشەکرۆک بۆ شاخی سوور

لەسەرجەم قۆڵەکانەوە پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ڕووبەڕوویان بوونەوە و شەڕی گەورە و جوامێرانەیان لەگەڵداکردن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٧ تۆپخانەی شۆڕش تۆپبارانی مۆڵگە و مەشجەب و شوێن ئازووقەکانی دوژمنیانکرد هەمان ڕۆژ ڕۆکێتی تۆڵە بـەردەوام ڕۆکێت بارانی مۆڵگەکانی دوژمنیان کرد.

کاتژمێر ٤,٤٥ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ دوای تۆپبارانێکی سەختی شاخی کەرگوێ و کونە کۆتر هێزەکانی دوژمن دوو جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە پشتی سێکانیان و سەر شاخی کەرگوێ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ لێیاندان و هەردوو پەلامارەکەیان تێکشکاند .

پێش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری شاخی کەرگوێی دایەوە پێشمەرگە

دلێرەکانی تیپی ٥٥ قەرەداخ دیسان بەرەنگاریان بوونەوە و پەلامارەکەیان تێکشکاند دوژمن ژمارەیەکی زۆری لێکوژراو بریندار بوو

دەسکەوت

١بی کەی سی

١ قەناس

٢ ئاربی جی

٢ کلاشینکۆف

کاتژمێر ٦ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ دوژمن بە هێزێکی گەورە بە پاڵپشتی تۆپ و راجیمە و هاوەن و کۆپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە سووڕە دێ ، مۆڵی بچوک ، مۆڵی خواروو ، سەری ساوێن ، زینی بۆڵی ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٣١ سلێمانی ،٣٥ کوڕەکاژاو بنکەی سورێن ، هەورامان، باڵامبۆ بەرەنگاری دوژمن بوونەوەو پەلامارەکانیان تێکشکاند .

کاتژمێر ٤,٣٠ دەقیقەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ دوژمن وێستی دزە بکات بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەرگوێ، پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ ی قەرەداخ لێیاندان و زیاتر لە ٧٠ کەسیان لێکوشتن و تەرمەکانیان جێما دەسکەوت ١ بی کەی سی بوو.

کاتژمێر ٨ی بەیانی ٨/٢٨ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە پشت ئاشان و بناری سورارینگ ، پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (٣) و دەزگای پێشمەرگایەتی لێیاندان و شکاندنیان .

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩ تۆپخانەی شۆڕش لە کاتژمێر ٥ تا ٧ ی ئێوارە بە سەختی تۆبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە زینۆی.

کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٩ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە شاخی کونەکۆتر ، پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٥٥ قەرەداغ بەرەنگاری پەلامارەکانی دوژمن بوونەوە و شکاندیانن دوژمن چەند جارێکیتر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە قارەمانەکانی قەرەداخ وزمناکۆ هەموو پەلامارەکانیان تێکشکاند و سەدانیان لێکوشتن

دەسکەوت٣ بی کەی سی ،٣ قەناس ،٥ ئاربی جی قوربانی پێشمەرگە سێ شەهیدی تیپی ٥٥ قەرەداغ بوو بەم ناوانەوە

١-شەهید ئەکرەم محەمەد ئەمین فەرماندەی کەرت لە تیپی ٥٥ قەرەداغ

٣- شەهیدپشتیوان (فەتاح عبدالکریم)

٤- شەهید شوان (ئیبراهیم)

لەبەرەبانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠ تا کاتژمێر ١٢ی شەو دوژمن سێ جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە چیای کونەکۆتر ، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بەرەنگاریان بوونەوە پەلامارکەیان تێکشکاند قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی سێ پێشمەرگە بوو بەم ناوانە:

١-شەهید دارا سەید عەزیز فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٧ ی قەرەچووخ

٢-شەهید عیزەت عەزیز

٣-شەهید فارس عەبدولرەزاق

کاتژمێر ٥تا ٦ ئێوارە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ دوو مەفرەزەی تیپی مەڵبەندی (٣)و دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەند تۆپبارانی چڕی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە سەری ئەشکەوتان هێزێکی زۆری دوژمن لە کاتژمێر ٨,٣٠ تا ٩,٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ لە پشت ئاشانەوەپەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لەسەر تیلەکانی خوارو ، پێشمەرگەکانی تیپی ٢٩ی کلکە سماق و مەفرەزەیەکی مەڵبەندی یەک و دەزگای پێشمەرگایەتی لێیاندان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن دوای تێکشکاندنی هێزەکەی دوژمن دووجار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندایەوە بۆ بردنەوەی لاشەی کوژراوەکانیان پێشمەرگە قارەمانەکان دووبارە شکاندیانن .

قوربانی پێشمەرگە

١-شەهید عەبدولرحمان سالح فەرماندەی مەفرەزە خەڵکی سمایل بەگ تیپی ٢٩ کەڵکە سماق

٢-شەهید فەتاح محمد خەڵکی سمایل بەگ پێشمەرگەی تیپی ٢٩ کلکەسماق هەردووکیان ئەندامی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بوون .

کاتژمێر ١٠ تا ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ تۆپخانەکانی مەڵبەندی (٣) بە چڕی تۆپبارانی مۆڵگەکانی دوژمنیانکرد لە قەرناقاو پشت ئاشان .

شەوی ٣١-١٩٨٨/٨/١ دوژمن ٣ جار پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا لە زنجیرە شاخی کونەکۆتر پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ ی سۆران و ٨٧ قەرەچووخ بەرەنگاریان بوونەوە و شکاندیانن دوژمن کوژراو بریندارێ زۆری هەبوو قوربانی پێشمەرگە شەهیدێک بوو بە ناوی عەبدوڵڵا سەر ڕەش فەرماندەی مەفرەزە لەتیپی ١٢ی سۆران خەڵکی گەرەوان .

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ ئازاد هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) شەهید بوو

پانتایی شەڕو بەرگری
لەسەنگەرەکانی پێشمەرگەدا
وردەکاری داستان و نەبەردی
حـــــەوت

ڕەشـــکی بانە شـــان
مـــــانگی 1988/5

کە مزگەوتی ئاکۆیان تەقێندرایەوە حەسەن گەورە، محەمەد گۆڕەشێری، حاجی حارس، لە ڕەشکی بە شان شەڕێکی قورسیان لە گەڵ هێزەکانی دوژمندا کرد لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگە بریندار بوون کە ڕۆژهەلات دنیا کپ و مات و بێدەنگ بوو.

شەوێک جاش لە تیرۆ تەقەیان لە پێشمەرگە کرد، پێشمەرگەکانی ڕەشکی بانە شان چوونە فەقیان لە ناو کۆڵێتی خەڵکدا خەوتن.

کاتژمێر ٨ی بەیانی تەقە لە ناو فەقیان دروست بوو دووکەڵ لە خانووەکانی فەقیان هەستا، هێزی پێشمەرگە لە بەری زێڕینە تەقەیان لە جاشەکان کرد، عەلی حەسەن، ڕەسوڵ فەقیانی، مام زریان بریندار بوون، لە گەری گەرەوان (٧) جاش کوژران.

بـــــناری ئارموشە نـــەبەردی و بـــــەرگری

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٤ بەر لە جوڵە کردنی هێزی دوژمن ژمارەیەک فرۆکەی شەڕکەری جۆری مێک و سیخۆ چەند دێیەکی سنوری تیپی سۆرانیان کیمیا بارانکرد. ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٥ رژێمی عێراق پەلاماری پشتی کەرەک و گەرەگوێزیدا و تەقە دەستیپێکرد هێزێکی حزبی سوسیالیستی کوردستان بە سەرپەرشتی مەلا کەمال لە گەرەگوێز بوون. لە بەیانیەوە تا ئێوارە پەلاماری دوژمن بۆسەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەرەک و گەرەگوێزی بناری چیای ئارموشە بەردەوام بوو بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی سۆران بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر سەرجەم پەلامارەکانیان تێکشکاند، لوتکە شاخێکی بەرز لە سەروو هێزی تیپی ١٢ سۆران و تەنیشت هێزەکەی سۆسیالیست بوو دوژمن هەوڵیدەدا دەستی بە سەردا بگرێت ئەگەر ئەو لوتکە شاخە بکەوتایەتە دەستی دوژمن بە تەواوی بەسەر ناوچە کە دا زاڵدەبوون عەبدوڵڵا بۆر هەر زوو هەستی بەوە کردوو چەند پێشمەرگەیەکی لەگەڵ خۆیدا برد بەڵام لەبەر چری تۆپ باران جگە لەمحمد عەبدوڵڵا ئاکۆیی ئەوانیتر نەیانتوانی لەگەڵیدا سەرکەون چونکە لە خوارەوەش

هێزی دوژمن هەبوو بەر لەوەی دوژمن بگاتە لوتکەی شاخەکە عەبدوڵڵا بۆر و محمد گەیشتن لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شکاندیانن. تۆپ بارانێکی سەخت و بێئامان بوو عەبدوڵڵا بۆر حەفتاو پێنجیەکەی تەواو ببوو سەری بە سەر خۆیدا گرتبوو مەخزەنەکەی پڕ دەکردەوە شوێنی محمد کەمێک پەنا بوو تۆپێکی دوخان مەترێک لەولا عەبدوڵڵا بۆر لە زەویدا هێزی تۆپەکە محمدی فرێدایە ئەولا عەبدوڵڵا بۆری بەردایەوە ئاگر بەربووە عەبدوڵڵا بۆر محمد ووتی کوی عەبدوڵڵا بۆر ووتی باشم بەڵام نازانم ئەو ئاگرە چی بوو ، ئاگرەکەی کوژاندەوە و ووتی با سەر کەوینە سەر شاخ هەمان ڕۆژ هێزەکانی دوژمن پەلاماری بەری چیای هەندرێنیاندا هێزی پێشمەرگە و پشتگیری بەرگری باشیانکرد بەڵام بە هۆی فراوانی چیای هەندرێن و چڕی پەلامارەکانی دوژمن نەتوانرا وەکو پێویست بەرگری بکرێت ڕۆژی دواتر سوپای عێراق لە دار ئیشکەوە بەرەو شاخی کێل کێل پەلاماری دەستپێکرد بەڵام قارەمانەکانی تیپی سۆران و هێزی بەرگری پەلامارەکەیان تێکشکاند ئەگەر چی لە شوێنی عەبدوڵڵا بۆر و هێزەکەی لە بناری چیای ئارموشە دوژمن نەیتوانی پێشڕەویبکات و تێکشکا بەڵام لەبەر پێشڕەوی دوژمن لە چیای هەندرێن و بناری هەندرێن و ئەگەری پێشڕەوی کردنی دوژمن بەرەو جادەی سەرەکی دۆڵاکۆ و بۆ ڕێگە گرتن لە پەلاماری دوژمن عەبدوڵڵا بۆر و هێزەکەی دوای شەڕێکی سەخت و دژوار بەرەو گەرەنار و پشتی بانە شانی دێی ئاکۆیان هاتن هێزی دوژمن هەموو توانای مەعنەوی و مرۆیی خۆی خستبووە گەڕ ڕۆژانە تۆپخانەی دوژمن و کۆپتەر و تانک و زرێپۆشی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاگر بارانەکرد جگە لە پەلاماری هێزی پیادە و زەمینی بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەڵام لە بەرانبەردا هێزی پێشمەرگە و پشتگیری ناوچەکە بەرگری کەم وێنەیان دەکرد ،بەرگری ئەفسانەیی .

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٩ ڕێبین محمد سۆفی جێگری تیپی ١٢ سۆران دوای بەرگرییەکی قارەمانانە لە کێل کێل لەگەڵ هێزەکەی هاتنە لای عەبدوڵڵا بۆر لەپشتی بانەشان و سەعیدی حەمە زیاد چووە کێل کێل ڕێبین دوو بێتەلی کۆڵە پشتی لابوو لەبەر ئەوەی بێتەلەکەی عەبدوڵڵا بۆر لە کارکەوتبوو بێتەلێکیانی دا بە عەبدوڵڵا بۆر

لەگەڵ وەرگرتنی بڕیتەلەکە پەیوەندی بە کاک کۆسرەت وەکرد دوای هەواڵ پرسینی پێشمەرگەکان و دۆخی شەڕەکە کاک کۆسرەت بە عەبدوڵڵا بۆر ووت با کاک ڕێبین لەوێ بمێنێتەوە و خۆت وەرە بۆ زیخانی گەرەوان هێزەکان ڕێکبخەرەوە و هێڵێکی بەرگری دابنێ ، دوای ئەوەی ڕێبین سۆفی و هێزەکەی لە پشتی بانە شان جێگر بوون عەبدوڵڵا بۆر هاتە قەراتی ئاکۆیان و مەردان ، بۆ شەوەکەی دوژمن پەلاماری پشتی بانە شان و قەراتی ئاکۆیان و مەردانیدا قارەمانەکانی تیپی ١٢ سۆران لە هەردوو قۆڵەکەوە شکاندیانن و زەرورو و زیانی زۆریان لێدان . بۆ شەوی دووەم عەبدوڵڵا بۆر بەرەو گەرەوان، بە ڕێکەوت کاک کۆسرەتیش گەیشتبووە گەرەوان بە گەیشتنی بۆ گەرەوان حاجی حارسو کەرتێکی تیپی ٨٣ هەورێی بە فەرماندەیی محەمەد بی کەی سی و ڕەسول شێخۆە سانی نارەد لای کاک ڕێبین بەڵام کاک ڕێبین پێیوا بوو گەرەوان گرنگترە بۆیە هێزەکەی نارەوە لای عەبدوڵڵا بۆر.

عەبدوڵڵا بۆرو هێزەکەی لەگەڵ کاک کۆسرەت لە خوار زیخانی گەرەوان بەرانبەر ئەشکەوتی دەرەفر کەوتنە پەلاماری قوات خاسە و سەربازی دوژمن تووشی شەڕێکی قورس بوون ، عەبدوڵڵا بۆر زۆر پەرۆشی کاک کۆسرەت بووپێووت خۆت بدەرە پەنا بەردێک پێویستە خۆت بپارێزیت بەڵام کاک کۆسرەت خەمی پێشمەرگەکانی بوو ووتی جیاوازی من لەگەڵ پێشمەرگە دا چیە ، کاک کۆسرەت سەرکردەیەکی مەیدانی زۆر ئازا و چاو نەترسبوو سەرکردایەتی هەر شەڕو داستانێکی بکردایە سەرکەوتنی گەورەی تۆمار دەکرد پێشمەرگە قارەمانەکان بە سەرکردایەتی کاک کۆسرەت و فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر پەلامارەکەی دوژمنیان تێشکاند و نەیانهێشت دوژمن بێتە پێشەوە دوای کۆتایی هاتنی شەرەکە داوایان لە کاک کۆسرەت کرد بگەڕێتەوە گەرەوان ئەوجا گەرایەوە عەبدوڵڵا بۆر لای هێزەکەی مایەوە دواتر لە پێشمەرگە وهێزی پشتگیری دێیەکانی سەران و گەرەوان هێڵێکی بەرگریان لە خانۆ و زیخانی گەرەوان بۆ پێبۆ ڕەشکە ، گەلی بنمێردە قۆپی مەڕە کێویان، شاخی گاوێ ساڕێ و گەروێ ڕووتە دانا .دوای دانانی ئەو هێڵە بەرگرییە

توانیان بە تەواوی ڕێگە لە پێشڕەوی هێزەکانی دوژمن بگرن و بیوەستێنن دوای ماوەیەک لە بەرگری و شەڕی بەردەوام چەند تیپێک بۆ پشتیوانیان هاتنە سنورەکە ، دواتر شێخ جەعفەر شێخ مستەفا بە هێزێکەوە هاتە سنوورەکە و بارەگای لە گەرەبناوی پشتی گەرەوانی خواروو دانا.

تـــــیپی (43)ی ئـــــاسۆس
قـــــەڵاتووکان

تیپی (٤٣)ی ئاسۆس بارەگاکانیان بردە قەڵاتووکانی پشتی سەنگەسەر ،دواتر بارەگای تیپی ئاسۆس چووە دێی (ئەبوبەکرە)و لەبن سێبەری شاتووەکانی (ساوێن) بارەگایان هەڵدا لەو ماوەیە دا جاش و سوپای عێراق چەند جارێک پەلاماری سەنگەرەکانی ئاسۆسیاندا و تێکشکان.

پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس لە گردی (کورکی کاوێ) سەنگەریان گرتبوو، سوپای عێراقیش لە گەڕی گازێ و سیوەیس بوو ڕۆژانە دوژمن هێرشیدەکردو تێکدەشکا. تیپی ٤٣ ئاسۆس وەک هەمیشە سەنگەری قوڵ و قایم و قەڵایان هەڵکەندبوو لە بناری قەڵاتووکان سەنگەر و هەواریان بەیەکەوە هەڵکەند بوو هەڵدابوو خۆیان نان و خواردنیان دروست دەکرد بەردەوام تۆپبارانیان لەسەر بوو حەمە عەزیز پێشمەرگەی تیپی ٤٣ ئاسۆس لە کاتی نانخواردن پارچەیەک لە قورگیدا و شەهید بوو لە دێی (بناوێ) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خاکسپێردرا ئەو ڕۆژە کاک خوامێر چوار تاقی سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەو سنوورەی دەکرد.

شـــــەڕی گەڕی گـــــازێ

گەڕی گازێ شاخێکی سەخت و یاخی و بەرزو بڵند و کاریگەر و ستیراتیژی بوو ئەگەر ڕێگەی ساوێن بگیرایە هاموشۆی نێوان مەڵبەندی (٣) و سنوورەکە دەپچرا.

ڕێگەی ساوێن بە قەڕناقاو پشت ئاشاندا سەردەکەوت بەرەو قەندیل و شێخ ئایش بۆیە تیپی ٤٣ ئاسۆس لە هەڵمەتێکی شێر ئاساداو لە ماوەیەکی کورتدا چیای

گەڕی گەزێیان گرت کەنزیک پێنج پێشمەرگەی حیزبی سۆسیالیستیان لەگەڵدا بوو. ئەو ڕۆژگارە بەشێکی بەرچاو لە پێشمەرگەکان ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شارەکانی سەردەشت و بانە ، سەقز ،شنۆ جێگیر بوون یان لە ناوچەکانی خۆیان ڕووە و شاری سلێمانی و دووکان ڕۆیشتبوون یان بەر شالاوی ئەنفال کەوتبوون پێشمەرگەش وێڵی سۆراغی خێزانەکانیان بوون بەدوایاندا دەڕۆیشتن تا لە سەلامەتی و مان و نەمانیان دڵنیا بن . خەسرەو عەلی سوارە یەکێک لە پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ ئاسۆس بۆ سۆڕاغی مااڵ و منداڵی بەرەو چەمی ڕەزان ڕۆیشتن ، بەاڵم ڕۆیشتنێک کە تا ئێستەش نەگەڕایەوە بێسەر و شوێن بوو بێگۆڕو بێناونیشان.

لەنـــێوان کورکی کاوێ و قـــەاڵتووکان

هێزێکی زۆر گەورەی عێراق تێکەڵ بە سوپای ئوردنی و کوێتی و وااڵتانی عەرەبی بە جلی سەربازی ووااڵتەکانیانەوە جیاواز لە جل و بەرگی سوپای عێراق بە ئاڕاستەی تیپی ٦٣ جوتیاران پێشڕەویان کرد بۆ بناری قەندیل ، بەرەبەیانییەکی زوو بوو تیپی ٦٣ جوتیاران بێئاگا بوون لە پێشڕەوی هێزەکانی عێراق ،مەفرەزەیەکی تیپی ٤٣ ئاسۆس بە فەرماندەیی عوسمان سێدەری بەرانبەریان بوون بەاڵم جیهازیان پێنەبوو ئاگاداریان بکەن .

تیپی ٦٣ جوتیاران لەنێوان کورکی کاوێ و قەاڵتووکاندا بوون مەفرەزەکەی عوسمان سێدەری لە جاش و سووپاکەیاندا لەگەڵ دەستپێکردنی تەقە تیپی جوتیاران بە ئاگا هاتن دوژمن لە سێوەیسەوە هێرشیانکرد ، تیپی ٦٣ جوتیاران لێیاندان و سەربەرەو خواریان کرنەوە عوسمان سێدەری و مەفرەزەکەی بەدەستە ڕاستی قەاڵتووکاندا ڕۆیشتن لەناو (کورکی کاوێ)دا دار و نزارێکی چڕبوو لە ناوەڕاستی هێزەکەی دوژمنیاندا و هێزەکەی دوژمن شکا و بەرەو قەاڵتووکان هەاڵتن.

داستانی کەم وێنەی کێڵ کێڵ
شەش ڕۆژ هەڵمەت و تێکشکاندنی دوژمن

شەڕی شەش ڕۆژەی کێڵ کێڵ، وانەیەکی گرنگ بۆ ئەوانەی سااڵنێک بوو بە کێوی ورەی پێشمەرگەدا هەڵدەگژان بەاڵم هەمیشە لوتیان دەشکاو بە سەری شۆڕەوە دەچوونەوە باوەشی عروبە و شۆڤێنستە عەرەبەکان، هەروەک وانەیەکی گرنگیش بوو لە ڕیزبەندی ئەو وانانەی لە مێژوودا دەست و مەچەکی پێشمەرگە بۆ شاخ و لوتکەو قەدپاڵ و دەشت و هەردوو هەڵەت و جۆگە و دەریاچە و کانی و زنە و شۆڕەبی و شەنگەبی و دارگوێزو دارچنارە کەڵەگەتەکانی دەوتەوە وانەیەک کە:

زۆری سەرکەش ویستوویانە کورد نەهێڵن
شارو گوندی بە توپ و بۆمبا بکێڵن
هەڵدێراون لەو کێوانە
بوونەتە پەندی زەمانە

بەڵێ لە کێڵ کێڵ و لە سەر دەستی قارەمانەکانی سۆران، کۆڕەک، بەڕانەتی، هێزی بەرگری، هەڵدێران و بوونە پەندی زەمانە.

بەرەو کێڵ کێڵ

تیپی ١٢ی سۆران لە ٨ کەرت پێکهاتبوو، کەرتی یەکی تیپی (١٢)ی سۆران یەکەم و کۆتا پەالماری دوژمنیان تێکشکاند.

کەرتی یەکی تیپی ١٢ ی سۆران لە مااڵی خاڵە سیسۆ بوون لە بنمێردە، خاڵە سیسۆ، فاروق شەڕکانی، بێباک فەقیانی، پۆاڵ و ڕەسوڵ قادر لە مااڵی خاڵە سیسۆ دانیشتبوون هەواڵ گەیشت دوژمن بە نیازی پەالماردانی چیای کێڵ کێڵ و دەست بە سەرداگرتنیەتی.

+ کەرتی یەک خاڵە سیسۆ فەرماندەی بوو.
+ ڕەحمان کەزیانی جێگری کەرت بوو.
+ حەمەدەمین فەزایی فەرماندەی مەفرەزە بوو.

تێکڕای کەرتەکە ٣٠ پێشمەرگە بوون.

کەرتی یەکی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی خاڵە سیسۆ بەرەو کێل کێل بەڕێکەوتن، سەرەتا (٢٠) پێشمەرگە بوون، خالید فەقیانی فەرماندەی کەرتی هێزی پشتگیری بوو، هێزێکی پشتگیری بنمێردە لە کێل کێل بوون.

مام حسێن ئاکۆیی فەرماندەی کەرتی ئاکۆیانی هێزی پشتگیری بوو، تێکڕا (٢٥) پێشمەرگەی پشتگیری بوون.

هێزی پێشمەرگەو پشتگیری لە کێل کێل دامـەزران، هـەواڵ گەیشت بەیانی سووپای عێراق پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەدات لە کێل کێل.

خاڵە سیسۆ پێشمەرگەو پشتگیری بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکرد، سەردار شەڕکانی و زریان ڕۆستی لە سەنگەرێک دامەزراند.

زنجیرەی کێل کێل لە واروەر هەتاکو بەردە ڕەشەکانی کێل کێل پێشمەرگە دوو دوو دابەشکران، ڕەحمان کەزیانی لە سەر ترۆپکی کێل کێل بوو.

خاڵە سیسۆ لە تەنیشت ڕەحمان کەزیاندا لە سەنگەردا بوو، فاروق شەڕکانی و پۆلا لە سەنگەرێکدا بوون، ئەو شەوە هیچ ڕووینەدا ووتیان زۆر وریا بن ئەگەر هێزەکانی دوژمن ئەمشەو پەلامار نەدەن بەیانی پەلامار دەست پێدەکەن تۆپخانەکانی دوژمن لە بەیانیەوە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەستپێکرد.

تۆپخانەکانی دوژمن لە شێخ مەمودیانی دەشتی هەریر، سەر مەیدانی شەقلاوە، حامیەی ڕەواندز، قەڵای سپیلک، سەر گۆڕا ناوچەی کۆڕەک، مێرگە سۆر دامەزرابوون، بەردەم تۆپبارانی کێل کێل و سەنگەر بە سەنگەری پێشمەرگەیاندەکرد.

چوار کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوون گڕو ئاگرو ئاسنیان بە سەر پێشمەرگەو لوتکەو بنارو زناری (کێل کێل)دا دەباراند دەبابەیەک لە سەر دار ئیشک ڕووەو کێل کێل دامەزرابوو.

کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٥ لە تۆپە دار جمووجۆڵی هێزەکانی دوژمن دەستپێکرد، سەنگەرەکان یەکتریان لە جمووجۆڵی دوژمن ئاگادار کردەوە.

دوای تۆپبارانی سەخت و تاقەت پڕوکێن، ئەو کێوانە چۆن چەقیبوون، چۆن بە ناخی زەویدا داکوترا بوون ئاوا پێشمەرگەش ڕەگی قوڵی بە (کێل کێل) دا ڕۆچوو بوو.

کاتژمێر ۹:۱۰ دەقیقەی بەیانی هێزی دوژمن بە پانتایی زنجیرە چیای کێل کێل هاتن پێشمەرگە بڕیاریاندا تەقەیان لێنەکەن هەتا دەگەنە بەر لوولەی تفەنگەکانیان، تاوەکو گورزی کاریگەرو کوشندەیان لێبدەن.

هێزەکەی دوژمن گەیشتنە پەنجا مەتری سەنگەرەکانی پێشمەرگە مام هەمزەی بنمێردی چاوەڕێی نەکرد زیاتر نزیکبنەوە تەقەیلێکردن، دوای تەقەکەی مام هەمزە سەردار بە دوای یەکدا چەند گوللە ئاربیجیەکی لێدان، کۆپتەر لە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو سەردار ئاربیجیەکی پێوەنا هێزەکەی دوژمن تا بن کێل کێل هاتن بەڵام پێشمەرگەکانی بەرگری و سۆران لێیاندان و لوتیان شکاندن، ئەو کێل کێلە سیخناخ بوو لە کەلاکی دوژمن، هەر دەست و قاچ و کەللە سەری پەڕیوو پژاو بوون لە بنارەکانی کێل کێل دا کەوتبوون.

دوای شکان و هەڵاتنی هێزەکەی دوژمن دووبارە پەنایان بردەوە بەر لورە و نالّەی تۆپخانەکانیان، لە هەر چوار لاوە تۆپباران خەستتر و چڕتر دەستیپێکرد، کۆپتەر بە ئاسماندا دەسووڕایەوە گڕو ڕق و قینی بەعسیانەی دەبارانده کێل کێل دوای تۆپباران هێرش و پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستیپێکردەوە، دیسان لە بەردەم لوولەی تفەنگی پێشمەرگەدا شکان و هەڵاتن تۆپباران تا کاتژمێر (۱۱) ی شەو بەردەوام بوو، ئەو ڕۆژە هێزی پێشمەرگە بێزیان بوون تەنها هێزی پشتگیری دوو بریندارياں هەبوو.

لە کاتژمێر (۱۱)ی شەو دوژمن جارێکیتر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دایەوە لە زنجیرە چیای کێل کێل، دوای شەڕێکی گەرم و بەرگرییەکی قارەمانانە پەلامارەکەی دوژمن تێکشکێندراو هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن تارومار کران.

بۆ بەیانی ڕۆژی دووەم سەنگەرەکانی کێل کێل بێدەنگ بوون هەتا کاتژمێر (٤) ی ئێوارە تۆپەکانیش لە بۆڵەو نالّە کەوتبوون.

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن لە تۆپەدارو پشتی تۆپەدار بوون، گوللەی پێشمەرگە نەیدەگرتەوە هێزەکەیان لە تۆپەدار پەنا دەداو ئامادەیان دەکرد بۆ پەلامار.

هێزەکانی دوژمن لە کاتژمێر (٤)ی ئێوارە دەستیان بە جموجۆڵکرد، ڕۆژ

بەرەو هەڵکشان دەڕۆی کێوو دەشت و دەر خەریک بوو تاریکی دەپۆشی تۆپباران دەستپێکردەوە، تۆپبارانێکی قورس و سەخت، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو جاش و قوات خاسەدا دروووست بوو، هێزەکانی دوژمن لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک دەبوونەوە، پێشمەرگە تەقەیان لێدەکردن بێدەنگ دەبوون، دوای دە دەقیقە هێرشیان دەکردەوە.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا شەڕێکی نابەرانبەر بوو، هێزی بەرگری بەشێکیان لە گەڵ بریندارەکان کشابوونەوە دواوە، ژمارەیەکی کەمی پێشمەرگە بەرانبەر هێزی زەبەلاحی دوژمن لە جاش و قوات خاسە و تۆپخانە و کۆپتەر ناهاوسەنگییەکی بەرچاوی دروووستکردبوو.

لەو شەڕانەدا دوژمن نەیتوانی پێشڕەوی بکات لە هەموو پەلامارەکاندا لووتی شکا تەنها شوێنێک کە دوژمن دەستی بە سەرداگرت لوتکەی تەرانی پیر و جەحێران بوو کە بەشێک بوو لە زنجیرەی کێل کێل لەو شەڕانەدا، لە دووەم ڕۆژی شەڕی کێل کێل عەبدولموتەلیب کەندۆری شەهید بوو.

ئـــار بی جی- ڕەحـــمان کـــەزیان

لە سەرەتای شەڕی کێل کێل دا سەردار شەڕکانی ئاربیجیەکی لای ڕەحمان کەزیان برد، ڕەحمان کەزیان بە سەرداری ووت ئەگەر ئاربیجی دەبەیت سبەی نەیەیتەوە بڵێی گوێم کاس بووە و ئاربیجیم پێناوێژرێ، خاڵ سیسۆ ووتی بۆ باوەڕت بە سەردار نییە، ڕەحمان کەزیان ووتی باوەڕم پێیەتی بەڵام زۆر کەسم دیوە دوو گوللە دەهاوێ و دەڵێ مێشکم تەقی، سەردار ووتی دڵنیا بە وانااڵێم.

شـــەڕی فـــراوان

شەڕێکی فراوان لە ناوچەکە بەرپا ببوو نەک هەر لە چیای کێل کێل تێکڕای ناوچەکە، دۆکوڵا لە گڕوو دووکەڵ و ئاگر هەڵکێشرا بوو، قۆپ و لوتکە و زنارو بناری ناوچەکە شەڕ تەنیبووی، عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران سەرپەرشتیاری تێکڕای شەڕگەکان بوو لە گەروێ سەران تا کێل کێل.

ســـەعیدی حـــەمە زیـــاد

دەنگێک لە دوورەوە هاتە گوێ، دەنگێک غەریب نەبوو پێشمەرگەکان پێیئاشنا بوون کە هاتە سەنگەرەکان سەعیدی حەمە زیاد بوو، سەعیدی حەمە زیاد و (١٠) پێشمەرگە هاتنە کێل کێل، هاتنی فەرماندەی ئازاو بەناوبانگی هێزی پێشمەرگە سەعیدی حەمە زیاد بارتەقای بەرزایی کێل کێل وڕەی پێشمەرگەی بەرز کردەوە.

هێزەکانی دوژمـن لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیکببوونەوە تەرانی پیرو جەحێلانیان گرتبوو، هێزەکانی دوژمـن هاتبوونە ژێر هەناسەی سەنگەرەکانی کێل کێل شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو قوات خاسەدا بەردەوام بوو لە تەرانی پیرو جەحێرانەوە تەقەیان لە پێشمەرگە دەکرد لە «وارمەر» چەند پشتگیرییەکی لێبوو بەرگرییان دەکرد.

هێزی پێشمەرگە لە کێل کێل بە فەرماندەیی سەعیدی حەمە زیاد هێرشیانکردە سەر تەرانی پیرو جەحێران شـەڕی گـەورە لە نێوان هێزی پێشمەرگەو قوات خاسە لە تەرانی پیرو جەحێران ڕوویدا، تەرانی پیرو جەحێران لە دەستی دوژمن دەرهێندراوو کەوتەوە دەستی پێشمەرگە.

ئەنوەر فەقیانی پێشمەرگەی هێزی پشتگیری بوو فیشەکی هێنا بووە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە نزیک تەرانی پیرو جەحێرانەوە گوللەیەک بەر قۆڵی کەوت و بریندار بوو سەعیدی حەمە زیاد ووتی هیچ نییە، ئەنوەر ووتی وەڵڵا بووە (ژاژ) چی هیچ نییە، سەمەدی برای بێباک ئەنوەری بەڕێکردەوە.

هێزەکانی دوژمن لە تۆپەدار دۆشکەو بیکەیسیان دانابوو تا بەیانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکوتا، پێشمەرگەش وەڵامیان دەدانەوە.

ئەو پێشمەرگانەی لە گرتنی تەرانی پیرو جەحێران بەشدار بوون

١/ سەعید حەمە زیاد
٢/ سەردار شەڕکانی
٣/ کەیفی ڕەسوڵ
٤/ خالید سەرانەیی

٥/ مەغدید حەسەن
٦/ جەبار سلەیمان گەرەوەیی
٧/ زریان ڕۆستایی
٨/ حسێن سدیق
٩/ ڕەمەزان گەرەوەیی
١٠/ قادر فەقیانەیی
١١/ حەمید فەقیانەیی
١٢/ سەمەد محەمەد فەقیانەیی
١٣/ نەوزاد ئەحمەد فەقیانەیی
١٤/ جەمال فەقیانەیی

دوای گرتنی تەرانی پیرو جەحێران تۆپباران دەستپێکردەوە دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دایەوە لە تێکڕای زنجیرە چیای کێل کێل سەنگەر بە سەنگەری پێشمەرگە شەڕوو پەلاماری دوژمن بوو، لە تێکڕای پەلاماردانا تێکشکا.

سەردارو جەبار سلیمان لە سەنگەرەکانی پیرو جەحێران مانەوە تا ئێوارەی دوایی کەس نەهاتە شوێنیان، ئاوو تەقەمەنییان بۆ نەهێنان.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە سەردارو جەبار لە سەنگەردا بوون دوژمن تەقەی لێدەکردن وەڵامیان نەدەدانەوە ئێوارەی ڕۆژی سێیەم دوای تۆپبارانی سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگە دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا و تێکشکا.

کاتژمێر (٣)ی شەو سەعیدی حەمە زیاد چووە سەنگەری پیرو جەحێران سەردارو جەباری گەڕاندە دواوە ووتی با ئەو سەنگەرە کەسی تیا نەبێت چوونکە بە ڕۆژ تا ئێوارە ناتوانیت تەقە لە دوژمن بکەیت، سەنگەری پیرو جەحێرانیان چۆڵکرد، واروەر چۆڵبوو، دوو سەنگەریتر لە تەنیشت تەرانی پیرو جەحێران هەبوو چوار پێشمەرگەی بەرگرییان لێدانا.

لە ماوەی سێ ڕۆژ شەڕدا عەبدولموتەڵیب، نەجمەدین، حسێن، شەهید بوون.

هـــاتنی هـــێزەکانیتر

بەرە بەیانی شەوی سێهەم عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرت لە تیپی کۆڕەک و ئەحمەد جەمیل فەرماندەی کەرت لە تیپی بەڕانەتی لە لایەن کاک کۆسرەتەوە نێردرانە کێل کێل، نەجات هەرووتەیی، سەباح توتمەرەیی، ڕەمـەزان بەتەڵ و چەندین پێشمەرگەیتر لە گەڵ هێزەکەدا بوون هاتنی ئەو دوو کەرتەی تیپی کۆڕەک و بەڕانەتی هێندەیتر ورەی بەخشیە پێشمەرگە، دوو کەرتی دلێرو دوو فەرماندەی ئازاو بوێر و قاڵ بوو بوون لە هێزی بەرگریش خالید فەقیانەیی و چوار پێشمەرگە مابوونەوە.

ئەو ڕۆژە شەڕگە بێدەنگ بوو تا ئێوارەوە لە ئێوارەوە هێرشی گەورەو فراوان کرایە سەر زنجیرەکانی کێل کێل.

کـــێڵ کـــێڵ
تـــیپی کـــوڕەك

عوزێر فەقیانی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی کوڕەک لەگەڵ کەرتی مام شوان کە نەجات هەرووتەیی جێگری سەرپەرشتی دەکرد نێردرانە بەنی هەرێر دوژمن پەلاماری بەنی هەریریداو تێکیانشکاند.

کاک کۆسرەت نامەیەکی بۆ عوزێر فەقیانی نارد لە نامەکەدا نووسیبووی دەبێت هەر ئەمڕۆ بە هێزەوە بێیتە خوارەوە من لە کۆنە بارەگای تیپی کوڕەک چاوەڕێت دەکەم لە خوار هەڕووتە کۆنێ.

هەر دوو کەرتەکەی تیپی کوڕەک چوونە خـوارەوە بۆ لای کاک کۆسرەت، دوای بەخێرهێنان کاک کۆسرەت ووتی دەبێت ئەمشەو بچنە کێڵ کێڵ، هێزەکەی تیپی کوڕەک بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانی و نەجات هەڕووتەیی سەرکەوتنە سەر کێڵ کێڵ خواردەمەنی و تەقەمەنی زۆریـان پێبوو تیپی ١٩ی کوڕەک بەشداری کاریگەریانکرد لە تێکشکاندنی چەندین پەلاماری دوژمن.

ڕێـــکخستنەوەی کـــاروبار

سەعیدی حەمە زیاد هێزەکانی ڕێکخستەوە، ئیش و کاری دابەشکرد، ئەرکی پێسپاردن.

*سەعید حەمە زیاد سەرپەرشتی شەڕەکەی دەکرد.

*شاهۆ فەقیانی بۆ هێنانی مووچە- یارمەتی.

*بێباک، ئارام فەقیانی بۆ دابینکردنی نان و ئاوو پێداویستی شەڕگەکە.

*کارزان باتاسی، میکائیل فەقیانی بۆ هێنانی فیشەک و تەقەمەنی لە مەڵبەندی سێ.

*دکتۆر جەمال، دکتۆر وەسمان بۆ چارەسەر کردنی بریندارەکان، دواتر عەلی بیجانی چووە لایان.

فشاری گـەورەی دوژمـن لە سەر کێڵ کێڵ بـوو، چوونکە چیایەکی گرنگ و ستراتیژی بوو، پێگەی سەربازی هەبوو، ڕێگەی گەیشتن بوو بە دۆڵاکۆ و مەلەکان.

شەڕ لە تێکڕای دێیەکانی دۆڵاکۆ- دۆڵی ئاکۆیان بەردەوام بوو، عەبدوڵڵا بۆر سەرپەرشتیاری تێکڕای شەڕگەکان بوو.

سی و چوار کاتژمێر شەڕ پەلامارو تێکشکان

کێل کێل هەر گڕو دووکەڵ و دەنگی تۆپ و قریوەی دوای سەرکەوتن و قاسپەی تفەنگ بوو، تفەنگەکان دەیانقاسپان، هێزی بەرگری ڕۆڵی گرنگیان بینی لە بەرگری لە کێل کێل و ناوچەکانیتر بەڵام لە گەڵ نزیکبوونەوەی دوژمن لە ئاکۆیان پێشمەرگەکانی بەرگری ناچار بوون کێل کێل چۆڵبکەن لە پێناو ڕزگار کردنی ماڵ و منداڵیاندا تا نەکەونە دەستی دوژمن.

تۆپبارانی سەخت دەستیپێکردەوە، شاخ و دارو بەردوو زەوی دەسووتا، تۆپخانەکانی دوژمن لە گۆڕا، حامیەی ڕەواندز، مێرگە سوور، هەریرو شەقلاوە کەوتنە ناڵەو بۆڵە، لە هەر چوار لاوە تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکرد لە کێل کێل، کۆپتەرو پیلاتۆز لە سەر ئاسمانی شەڕگە بوون، لە دار ئیشک شوێنیان بۆ دەبابە چاککردبوو دۆشکەو هاوەنیان دانا بوو ڕووەو کێل کێل.

تۆپباران لە ئێوارەوە دەستیپێکرد لوولەی تۆپەکان لە کێل کێل بوون، کێل کێل زنجیرەیەکی باریکە دریژ دەبێتەوە، پانتایی گەورەی نییە، تۆپەکان لە لایەکەوە سەنگەرەکانیان نەدەپێکا بۆیە لە چوار لاوە تۆپبارانی کێل کێلیان دەکرد تاهێڵە باریکەکە ببڕن.

لوتکەیەکی بەردی کێل کێل کە دانە بەردی گەورەی داکوتراوو ڕۆچوو بوون بە ناخی کێل کێلدا، لە ژێر قورسایی گوللەی دەبابەدا ڕووخا، لاقی دوو پێشمەرگە کەوتنە بن شاخەکە بەڵام دەریانهێنانەوە.

دوای تۆپبارانی سەختی سەنگەرەکانی پێشمەرگە پەلاماری دوژمن دەستیپێکرد بەڵام چۆن پەلاماریک، پەلاماریکی سەخت، دوژمن هەرچی توانای سەربازی و بەشەری هەبوو خستبوویە گەڕ تا کێل کێل بگرێت شەڕێکی نابەرابەر لە ژمارەی پێشمەرگە و قوات خاسە و جاش، لە جۆری چەک و تەقەمەنی بەردەوام بوو، بەڵام

تێکڕای پەلامارەکانی دوژمن لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا ووردوو خاش بوون.

لە لایەکیترەوە لە هەندرێن و قەڵاتی ئاکۆیان دوژمن هاتە پێش و گەیشتە ناو دێی ئاکۆیان، کەرتی (٣)ی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حەسەنە گەورە نێردرانە لوتکەی زێڕینە.

مەفرەزەیەک، سەعدەدین، زێدۆ ئیبراهیم، بە فەرماندەیی عەزیز عەبۆ نێردرانە لوتکەی تیرۆ، هەر دوو لووتکە (زێڕینە و تیرۆ) گرنگ بوون بۆ هێزی پێشمەرگە.

دوای تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن، تۆپبارانی زنجیرەی کێل کێل و قوتە و قۆپ و کەپک و یاڵ و لاپاڵ و بست بە بست و هەنگاو بە هەنگاوی کێل کێلی دەست پێکردەوە، دوای تۆپبارانی سەخت پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دایەوە، بەڵام ئەمجارەش لوتی شکا، جارێکیتر دەستیکردەوە بە پەلامار لە هەموو سەنگەرەکان شەڕ گەرم بوو ئەمجارەش پەلامارەکەی دوژمن تێکشکێندرا.

بـــاریٚك ســـەمون

بە ناو تۆپ و ئاگری شـەڕدا زرار شەڕکانی بە باریٚک کەلوپەلەوە گەیشتە شەڕگەکە، ولاخێک باریٚک سەمون و تەماتە و پیازی لێبارکرد بوو چەند پارچەیەک جگەرەی هێنابوو بۆ سەرداری برای.

پـــەلاماری بـــەردەوام

دوژمن بەردەوام بوو لە پەلاماردان، پەلامار دوای پەلامار دەهات و لە بەردەم وردی پێشمەرگەدا تێکدەشکا، دوای تێکشکاندن دەستیدەکردەوە بە تۆپباران، دوای تۆپباران دووبارە پەلامار، کۆپتەرو تۆپخانەکانی دوژمن لە هەموو لایەکەوە خاکی (کێل کێل) یان دەکێڵا، پەلاماری دوژمن تێکشکا.

بـــرینـدار بوونی ڕەحـــمان کـــەزیان

ڕەحمان کەزیان لە لوتکە بەرزەکانی کێل کێل سەنگەرێکی لە کەڵەک هەڵچنیبوو دەیان گوللە تۆپ لە بەردەم سەنگەرەکەیدا، تا گوللە تۆپێک لە ناو سەنگەرەکەیداو ڕەحمان کەزیان بریندار بوو.

ڕێکخستنەکان هاتنە کێڵ کێڵ

دەمەو ئێوارە بوو چوار کەس هاتن دەموو چاویان پێچابوو، لە ڕێکخستنەکانی ناو شار بوون، خالید باویانی، حەتەم باویانی، قادرە ڕەش خرواتانی، خدر خرواتانی، هاتبوون بە دەم هێزی پێشمەرگەوە ئەو چوار ڕێکخستنە تێکۆشەرە دوو شەوو ڕۆژ لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا مانەوە، شەڕی مان و نەمانیانکرد قارەمان و ئازاو نەترس بوون، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە کێڵ کێڵ سەعیدی حەمە زیاد ناردنیەوە شار نەوەکو ئاشکرا بن چوونکە دوژمن مالّ و منداڵی ڕاپێچدەکردن.

دوژمن بۆ جاری دەیەم و بیستەم و پەنجایەم، تۆپبارانی سەختی دەستپێکردەوە، کۆپتەرەکان لە ئاسمانی کێڵ کێڵدا ئاگریان دەباراند بە سەر دارو بەردی ئەو زنجیرە خۆڕاگرە سەر سەختەدا، دوای تۆپباران پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە، پێشمەرگە بەرگری سەختیدەکرد دوژمن چەندین جار گەیشتە نزیک یەکێک لە سەنگەرەکان بەڵام پێشمەرگە بە ورەی بەرزەوە نەیانهێشت قوات خاسە و جاش پێی گڵاویان بخەنە ناو سەنگەرەکانەوە و کێڵ کێڵ گڵاو بکەن شەڕی بەردەوام و بەرگری سەختی پێشمەرگە لە کاتژمێر (١٠)ی شەودا پەلاماری دوژمنی تێکشکاند، تۆپەکان لە بۆڵە کەوتن، هێندەی نەبرد تۆپبارانی سەخت دەستیپێکردەوە بە جۆرێک لێواری سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکێڵا، ڕەمەزان قادر بریندار بوو پارچەو ئاگری تۆپ بەر چاوی کەوت.

تەرانی پیرو جەحێران، دەبێتە گۆڕ بۆ دوژمنان

لە درێژەی پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە زنجیرە چیای کێڵ کێڵ، پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە تەرانی پیرو جەحێران، بەرەی کێڵ کێڵ کەمتر تەقەی لە سەر بوو، پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بە جۆرێک نزیکبوو شەڕی ڕوممانەو دەستەو یەخە دەستیپێکرد.

ڕەمەزان بریندار بوو سەردار بە تفەنگەکەی خۆیی و ڕەمەزان شەڕیدەکرد، مەغدید حەسەن و عیسا فەقیانەیی سەنگەری ئەولاتر بوون، سەباح توتمەرەیی و ڕەمەزان بەتەڵ و جەبار سلێمان هاوشانی سەنگەرەکانیتر بەرگری بێوێنە و کەم وێنەیان دەکرد.

سەعیدی حەمە زیاد کە دۆخی پێشمەرگەکانی تەرانی پیرو جەحێرانی بینی هێزێکی بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانی و ئەحمەد جەمیل نارد دژە هێرش بکەنە سەر هێزەکانی دوژمن و پاش بڕیان بکەن.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پیرو جەحێران بەردەوام بوو، عوزێر فەقیانی و ئەحمەد جەمیل و پۆلێک پێشمەرگە لە دواوە لە هێزەکەی دوژمنیانداو پاش بڕیانکردن، هێزەکەی دوژمن کەوتە نێوان پێشمەرگەکانی تەرانی پیرو جەحێران و هێزەکەی ئەحمەد جەمیل و عوزێر فەقیانەییەوە بە هەر دوو لا لێیاندان و قڕیان تێخستن بە جۆرێک کەسیان سەری سەلامەتیان نەبردەوە هەموویان کوژران.

بە جۆرێک پێشمەرگە تێکڕژا بوون شەڕی دەستەو یەخە دەستیپێکرد پێشمەرگەیەک قورتمی قوات خاسەیەکی گرت و هەتا نەیتاساند هەتا نوزەی لێنەبڕی بەرینەدا.

شەو بەرەو کزی و لاوازی دەڕۆیشت خۆی دەسپارد بە بەربەیان لە گەڵ هەڵاتنی ڕۆژدا دوژمنیش ڕۆژی ئاوا بوو، شکستی گەورەیان خواردوو وانەیەکی مێژوویی دران وانەیەک تا هەتایە نەوە بۆ نەوە کێڵ بە کێڵ و بەرد بە بەردی کێڵ کێڵ بۆ لوتکەو بنارو زنارو پێدەشتەکانی وولاتی دەگێڕنەوە.

سەعیدی حەمە زیاد بڕیاریدا تەرانی پیرو جەحێران چۆڵبکەن ئێوارە بچنەوە ناوی، بەمجۆرە دوای ٣٤ کاتژمێر شەڕی بەردەوام لە کێڵ کێڵ دوژمن شکا.

لە شەڕی ٣٤ کاتژمێردا دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید پۆلا ڕێبەری سیاسی

٢/ شەهید ڕەسوڵ مەعروف (ڕەسوڵ مەعروف)

پۆلا گوللە لە دواوە لە سەریدا بوو هێشتا گیانی نەسپارد بوو بردیانە ئەشکەوتی خوارەوە دکتۆر برینەکەی بۆ پاککردەوە، پۆلا لە ژێر کاریگەری برینەکەی گیانی سپارد.

لە شەڕی ٣٤ کاتژمێریدا چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون:

١/ سالار ڕەواندزی

٢/ عیسا فەقیانەیی
٣/ بەختیار نەبی حەمە لاو
٤/ خولە بلەیی
٥/ ڕەمەزان گەرەوەیی
٦/ پێشمەرگەیەکی بەڕانەتی

هـــاتنی کـــاك کـــۆسرەت

کاک کۆسرەت و ملازم عومەر هاتبوونە سەردانی شەڕگەکانی دۆڵاکۆ، سەعید حەمە زیاد لە (کێڵ کێڵ)ەوە سەردار شەڕکانی لە گەڵ خۆی بردوو چوونە لای کاک کۆسرەت لە سەرەسێو.

کاک کۆسرەت داوایکرد هیچ کەس لە خێزانی پێشمەرگەو خەڵکی ناوچەکە لە نزیک شەڕگەکان نەمێنن تا نەکەونە دەست دوژمن، وتیشی ئەوەی دەڕواتە ئێران بڕوات ئەوەی دەگەڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی ڕژێم ئێمە ڕێگەی لێناگرین هاوکاریشیان دەکەین.

کاک کۆسرەت بە سەعیدی حەمە زیادی ووت تۆش مااڵ و منااڵت ڕزگار بکە بۆ ئێران سەعید ووتی باشە.

هەر لە سەرەسێو کاک کۆسرەت و ملازم عومەر بە سەعید حەمە زیادیان ووت دەزانین ئێوە شەهیدو بریندارى زۆرتان هەیە تیپی ٩١ی سەفین دەنێرینە ڕەشکی لە سەر جێگەتان دەگرێتەوە سەعیدی حەمە زیاد ووتی تیپی سەفین بنێرن ئێمەش هەتا بتوانین بەرگری لە کێڵ کێڵ دەکەین.

تیپی ٩١ی سەفین هاتنە ڕەشکی لە سەر ڕژێم هێرشیکردە سەریان پێشمەرگەیەکی تیپی سەفین شەهید بوو.

گـــیرانی تـــەرانی پیرو جـــەحێران

ئەو بەیانیەی دوای شەڕی (٣٤) کاتژمێری لە سەر داوای سەعیدی حەمە زیاد تەرانی پیرو جەحێران چۆڵکرا تاوەکو ئێوارە بچنەوە ناوی، ئێوارەکەی هێزەکانی

دوژمن چوونەوە ناوی و دەستیانبە سەرداگرت.

سەعیدی حەمە زیاد هێزەکانی دابەشکردەوە بە سەر زنجیرەکانی (کێل کێل)دا، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی بورهان دیبەگەیی چوونە زنجیرەیەک بە سەر دۆڵی بلە دا زاڵبوو، مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی نەجات هەڕووتە کۆنی چوونە واروەر، مەفرەزەیەکیش لە ناوەندی کێل کێل لە گەڵ سەعیدی حەمە زیاد مانەوە.

بەیانی سەردار شەڕکانی و دوو پێشمەرگە چوونە سەردانی سەنگەرەکان تەماشایانکرد قوات خاسە چوونە ناو سەنگەرەکانەوە، گەڕانەوەو سەعید حەمە زیادیان ئاگادار کردەوە، دوای ئاگادار کردنەوەی سەعیدی حەمە زیاد هێرشیانکردە سەر قوات خاسەکان لە ماوەیەکی کەمدا سەنگەرەکانیان لێسەندنەوە، ١٩ قوات خاسەی لیوای حەرەس جمهوری کوژران، ئەفسەرێک بە دیل گیرا، سەعیدی حەمە زیاد و خاڵە سیسۆ چوونە سەر ترۆپکی بەرزی کێل کێل بە BKC لە قوات خاسەکانیان دەدا.

خواروی سەنگەرەکان پڕبوون لە سەربازو قوات خاسە، لە گەڵ گرتنەوەی سەنگەرەکان، ئەو قوات خاسانەی خوارەوەیان دایە بەر ڕەحمەتی چەکەکانیان وەکو دەڵێن کونە مشکیان لێکردن بە قەیسەری، پێشمەرگەکان لە بەرزایی کێل کێل و قوات خاسەش لە دامێندا لە بەردەم لوولەی تفەنگی پێشمەرگەدا وەکو گەڵای زڕی پایز هەڵدەوەرین، لەو شەڕەدا ٧٠ قوات خاسە کوژران، دەیان و سەدان بریندار بوون، دوژمن تێکشکا، هیچ کەس بەغیلی پێنەدەبردن، ئەو هەڵدێرانەی کێل کێل بە تەرمی قوات خاسە و جاش و سەرباز داپۆشرابوون، خوێن لە دارو بەردی کێل کێل دەچۆڕا بە جۆرێک جۆگەلەی هەڵبەستبوو، دەیان چەکی هەمە جۆر کەوتنە دەست پێشمەرگە.

خـــنکاندنی ئـــەفسەرێك

مەفرەزەیەکی کەرتی دووی تیپی کۆرەک لە گەڵ مەفرەزەیەکی کەرتی ئەحمەد جەمیل لە تیپی ٨٥ بەڕانەتی لە کێلی خوارەوە دامەزرا بوون کاتژمێر (١)ی شەو لیوای ٦٥-٦٦ پەلاماری لوتکەکەیانداو گرتیان هێزی پێشمەرگە هێرشیکردە

سەریان و لوتکەکەیان لێسەندنەوە ئەفسەرێک بە ناوی مەهدی سالّح خەلّکی بەغدا دەستگیر کرا کە (٣) نیشانەی ئازایەتی پێوە بوو دوو ئەستێرەی لە سەر شان بوو فاروق شەڕکانی بە ئەفسەرەکەی ووت ولک حیوان ئەفسەرەکە پێیووتەوە عوزێر فەقیانەیی دەستی نایە بینە قاقای ئەفسەرەکە تا نوزەی لێنەبڕی تا نەیخنکاند بەرینەدا، ئەفسەرەکە خنکاو کێل کێل بووە گۆڕی.

لە ڕێگەی بێتەلەوە سەرکەوتنەکەیان بە کاک کۆسرەت ڕاگەیاند، کاک کۆسرەت دەستخۆشی لێکردن سەر لە نوێ هێزەکان دابەشکرانەوە بە زنجیرەکانی (کێل کێل)دا.

سەردار شەڕکانی و خالّە سیسۆو ڕەسوڵ قادر چوونە لوتکەی تیرۆ، عوزێر فەقیانی و ئەحمەد جەمیل لە ناوەندی کێل کێل بوون، هەر دوو کەرتەکەی تیپی کۆڕەک و بەڕانەتی ڕۆڵی گرنگیان بینی لە شەڕەکاندا.

تــەرانی پــیرو جــــەحێران

سەنگەرێک لە تەرانی پیرو جەحێران بوو بەرگری لە کێل کێل دەکرد هەر پێشمەرگەیەک کە دەچووە ئەو سەنگەرە دەبووایە ڕۆژیش لەوێ بمێنێتەوە پیسایی بکاتە ناو حەشوەی ئاربیجی نەدەبوو جوولّەو سەرەتاتکێ بکات ئەو دیوی هەلّدێر بوو، نێوانی سەنگەری پێشمەرگەو هەلّدێرەکە تەنها مەترێک بوو دوا ڕۆژی شەڕی کێل کێل عوزێر فەقیانی چووە ئەوێ، خولە و مام حەسەن، نەجمەدین و بورهان و ڕەمەزانی لە گەلّ خۆیدا برد.

عوزێر فەقیانی و خولە لە شوێنێک بوون، نەجمەدین و مام حەسەن لە شوێنێک، ڕەمەزان و بورهان لە شوێنێک، جێگەکەیان هەلّدێر بوو کاتژمێر (٢)ی شەو شۆفلّ لە دار ئیشک ئیشی دەکرد جێگەی دەبابەی چاکدەکرد.

لە نێوان عوزێر فەقیانی و نەجمەدین کەندۆری بەردێک هەبوو مام حەسەن بە بەردەکەوە بوو نەجمەدین و خولە و دوو پێشمەرگەش لە پەنایدا بوون، کاتژمێر (٢)ی شەو (٢) دەبابە دەستیان بە تۆپ تەقاندنکرد، تۆپێک دای لە داریک بە سەر بورهان و ڕەمەزاندا کەوت لە ژێر دارەکە هاتنە دەرەوە، تۆپێکیتری تەقاند لە

نێوان عوزێر فەقیانی و مام حەسەنیدا دوو تۆپێتری هاویشت بەردەکە بە سەر مام حەسەندا کەوت خولە بریندار بوو، نەجمەدین و عوزێر فەقیانی مام حەسەنیان لە ژێر بەردەکە هێنایە دەرەوە خولە بە بریندارى ڕۆیشت ئاگربارانیانکرد بەڵام دەرچوو.

جیهازەکەی عوزێر فەقیانی کەوتە ژێر بەردەکەوە کاک کۆسرەت جیهازی بۆ سەعیدی حەمە زیاد کردبوو ووتبووی جیهازی عوزێر داخراوە بۆ دەنگی نییە.

ئەو شەوە تەرانی پیرو جەحێرانیان چۆڵکرد کە تەرانی پیرو جەحێران چۆڵکرا کێڵ کێڵ چۆڵکرا.

دۆشـــکەکەی ســـەعدەدین

تیرۆ شۆێنێک بوو بۆ دۆشکە زۆر باش و لە بار بوو ڕووبەڕووی چیای کوڕەک بوو، سەعدەدین دۆشکەیەکی یەک لولەی بردە تیرۆو لەوێ دایمەزراند لە ماوەی سێ ڕۆژدا ٤٨ سندوق دۆشکەی ڕووبەڕووی دوژمن لە کوڕەک و دار ئیشک و تۆپەدار تەقاند.

سەعدەدین جگەرە کێش بوو ئاگری پێنەبوو جگەرەکەی داگیرسێنێت، جگەرەکەی لە نزیک لوولەی دۆشکەکە دادەنا و تەقەی دەکرد تا جگەرە ئاگر بگرێت بەڵام جگەرەکە دەپەڕی و وون دەبوو.

سەعدەدین دووربینێکی لابوو هەڵیوەشاند چاوی دووربینەکەی لە بەر ڕۆژ داناو جگەرەکەی پێداگیرساند.

بارووتی فیشەکی دۆشکەی دەرهێناو کردی بە سەر وردە داردا، ئاگری جگەرەکەی پێوەناو چایەکی دەمکرد، ماوەی سێ ڕۆژ نەیهێشت ئاگرەکە بکوژێتەوە نەوەک نەتوانێت ئاگر بکاتەوە، دوای چۆڵکردنی کێڵ کێڵ دۆشکەکەیان بردە ڕەشکی لە سەر.

پـــاشەکشە لە کـــێڵ کـــێڵ

دوای شەش ڕۆژ بەرگریکردن و تێکشکاندنی دوژمن لە کێڵ کێڵ لە کەشێکی ئارامدا کە سەنگەرەکان لە دەست پێشمەرگەدا بوون و هیچ فشارێکیان لە سەر نەبوو بڕیاری پاشەکشەدرا، بەرەو سەرەسێۆ بەڕێکەوتن لە کاتی پاشەکشەدا

نەجات هەڕووتی شەهید بوو.

لە شەڕی شەش ڕۆژەی (کێل کێل) هێزێکی زۆری دوژمن بەشدار بوون:

+ هێزی پیادە، سەرباز، جاش، لیوای قوات خاسە

+ (٥) کەتیبەی تۆپخانە

+ چەندین کۆپتەرو پیلاتۆز

زیانی دوژمن

١/ زیاتر لە ٢٥٠ کوژراو

٢/ سەدان بریندار

٣/ تێکشکاندنی فڕۆکەیەک

+ لە شەڕی (کێل کێل) نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگەو هێزی بەرگری بەشدار بوون.

+ ١٠٠ پارچە چەکی هەمە جۆر کەوتە دەست پێشمەرگە.

+ (٥) پێشمەرگە شەهید بوون و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

شەهیدەکان

١/ شەهید پۆلا ڕێبەری سیاسی (کەریم مەولود)

٢/ شەهید ڕەسوڵ مەعروف فەقیانی

٣/ شەهید نەجات هەڕووتە کۆنی

٤/ شەهید حسێن سدیق فەقیانی

٥/ شەهید عەبدولمتەلیب کەندۆری

بەشێک لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی شەڕی کێل کێل

١/ سەعید حەمە زیاد

٢/ خالّە سیسۆ

٣/ پۆلا

٤/ عوزێر فەقیانی

٥/ ئەحمەد جەمیل

٦/ سەرباز گڕاوی

٧/ موحسین شەیدا
٨/ نەجات هەڕووتە کۆنی
٩/ ڕەسوڵ فەقیانی
١٠/ حسێن سدیق
١١/ فاروق شەڕکانی
١٢/ نەجات کەندۆری
١٣/ کارزان باتاس
١٤/ زریان
١٥/ کەریم عەولا سەر ڕەش
١٦/ ئەنوەر ئاکۆیی
١٧/ مام عیزەت فەقیانەیی
١٨/ وەلید کەریم عەلی
١٩/ ڕەحمان کەزیانی
٢٠/ مام خدر فەقیانەیی
٢١/ بێباک فەقیانەیی
٢٢/ مەغدید حەسەن
٢٣/ زرار حەسەن فەقیانەیی
٢٤/ جبرائیل فەقیانەیی
٢٥/ ئەنوەر فەقیانەیی
٢٦/ عەزیز تان
٢٧/ موخلیس خەپارێ
٢٨/ حاجی باپیر فەقیانەیی
٢٩/ باوەکە فەقیانەیی
٣٠/ عیسا فەقیانەیی
٣١/ جەمال حەسەن فەقیانەیی

٣٢/ مام هەمزە بنمێردەیی
٣٣/ مام حسێن ئاکۆیی
٣٤/ ئەیوب حسێن ئاکۆیی
٣٥/ خالید حاجی سەرانەیی
٣٦ جەبار سلێمان گەرەوەیی
٣٧/ ڕەسوڵ گەرەوەیی
٣٨/ فەیسەڵ حاجی سالّح
٣٩/ جەباری مام قادۆی
٤٠/ دارۆ شەڕکانی
٤١/ مامۆستا ستار
٤٢/ مازن- کاروان تورکمان
٤٣/ بورهان دیبەگەیی
٤٤/ سالار لەتیف ڕەواندزی
٤٥/ ئیبراهیم حاجی ڕەشید
٤٦/ سەید ئیبراهیم
٤٧/ کەیفی ڕەسوڵ
٤٨/ سەباح توتمەرەیی
٤٩/ بێکەس کەرکوکی
٥٠/ ڕەمەزان بەتەڵ
٥١/ فاتیح دیبەگەیی
٥٢/ حاتەم بناوی
٥٣/ شەعبان بناوی
٥٤/ عیسا بناوی
٥٥/ سابیر بناوی
٥٦/ عیزەدین فەقیانەیی

٥٧/ ئەیوب خەتی
٥٨/ هەڵۆ
٥٩/ دەکتۆر وەسمان
٦٠/ دکتۆر جەمال
٦١/ زوبێر فەقیانەیی
٦٢/ حەمید فەقیانەیی
٦٣/ زریان ڕۆستایی
٦٤/ بەختیار نەبی
٦٥/ ڕەسوڵ قادر بنمێردی
٦٦/ ئەیوب مستەفا بنمێردی
٦٧/ خدرە سوور فەقیانی
٦٨/ خاڵ زوبێر بنمێردی
٦٩/ ئارام فەقیانی
٧٠/ سەمەد محەمەد فەقیانی
٧١/ جەمال هاشم
٧٢/ کەمال هاشم
٧٣/ عەبدولکەریم بنمێردی
٧٤/ مام قادر بنمێردی
٧٥/ سدیق حەسەن گەرەوەیی
٧٦/ خولە بلەیی
٧٧/ سەلیم حەسەن
٧٨/ محەمەد بەگ گەرەوەیی
٧٩/ عەباس گەرەوەیی
٨٠/ محەمەد شوشو گەرەوەیی
٨١/ ڕەمەزان قادر گەرەوەیی

٨٢/ عەبدولقادر فەقیانی
٨٣/ مەزهەر فەقیانەیی
٨٤/ جەواد فەقیانەیی
٨٥/ جەعفەر ئەسعەد ماوەرانی
٨٦/ مام ڕەسوڵ فەقیانی
٨٧/ مام کەمال فەقیانی
٨٨/ ئیبراهیم جفتۆ

تـــیپی 12ی ســـۆران

تیپی ١٢ی سۆران لە ساڵی ١٩٨٨ دا (٨) کەرتی هەبوو تێکڕای کەرتەکان بە سەر سەنگەرەکانی بەرگریدا لە دۆڵاکۆ- کێڵ کێڵ دابەش ببوون بەرگریان لە ناوچەکە دەکرد:

١/ خاڵە سیسۆ فەرماندەی کەرتی (١)
٢/ قادر مەحموود فەرماندەی کەرتی (٢)
٣/ حەسەنە گەورە فەرماندەی کەرتی (٣)
٤/ حاجی زرار فەرماندەی کەرتی (٤)
٥/ محەمەد گۆڕە شێری فەرماندەی کەرتی (٥)
٦/ مام تالیب فەرماندەی کەرتی (٦)
٧/ حاجی حارس گەزنەیی فەرماندەی کەرتی (٧)
٨/ حەسەن ڕوو بە خاڵ فەرماندەی کەرتی (٨)
تێکڕای کەرتەکان (٢٥٠) پێشمەرگە بوون.

زنـــجیرە چیای ڕەشـــکیلە ســـەر

هێزەکانی داگیرکەر لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دە هێرشیان کردە سەر سەنگەری قارەمانەکانی تیپی ٩١ی سەفین لە قۆپی جوانەگا زیاتر لە هەزار گوللە تۆپی کیمیایی و پارچەی بە سەر پێشمەرگەدا باراند.

دوای کیمیابارانی خەست لە کاتژمێر ٣ی شەوی ١٩٨٨/٦/٨١٧ هێزەکانی داگیرکەر

هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو سێ کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو، هێرشی دوژمن لە بەردەم ئیرادەی کوڕانی سەفیندا شکاو وردو خاشکرا.

لە کاتژمێر ٧:٣٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ هێرشی سێهەمیان دەستپێکرد، دووبارە لە بەردەم کوڕانی سەفیندا پەراش پەراش بوون، ١٥٠ کەلاکی قوات خاسە لە بەردەمی پێشمەرگەدا کەوتن، جوندی مخابر (حیکمەت عاصی) بە بێتەلێکی (پی ئاڕ سی) (PRC) لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوو.

قوربانی هێزی پێشمەرگەش (٣) شەهیدی قارەمان بوو:

١/ شەهید کەریم عەزیز گورگە، خەڵکی هەمزاغای قەراج، تیپی ٩١ی سەفین.

٢/ شەهید عبدالخالق ناسراو بە (بەختیار) کەرتی (٥)ی سەفین، خەڵکی کەڵەکی یاسین ئاغا.

٣/ شەهید ئاری ئەحمەد شەقڵاوەیی، کەرتی (١)ی تیپی ٩١ی سەفین.

ڕۆکـــێتی تۆڵە-قـــەزای ســـدیق

کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقە تا ٧ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ ڕۆکێتی تۆڵە، مۆڵگەو تەجەموعات و دامودەزگاکانی بەعسیان لە ناو قەزای صدیق ڕۆکێت بارانکرد بەمجۆرە:

١/ مەقەڕی فیرقەی عەسکەری قەزای صدیق.

٢/ دائیرەی ئیستخباراتی قەزای سدیق.

٣/ تەجەموعاتی عەسکەریتر.

ڕۆکێتەکانی ڕۆکێتی تۆڵە، مەشجەبێکی گەورەی تەقاندەوە، کوژراوو بریندارێ زۆریان هەبوو بەردەوام ئیسعاف کوژراوو بریندارەکانی دەگواستەوە.

تـــۆپخانەی مەڵبەند- تـــیپی ســـۆران

کاتژمێر ٣ تا ٤ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ تۆپخانەی مەڵبەندی سێ-تیپی سۆران، تەجەموعات و ئالیات و مەشاتی دوژمنیان لە سەر زیخی گەرەوان کوتا، گوللەکان شوێن مەبەستەکانیان بە چاکی پێکاو زەرەری زۆریان لە دوژمندا.

دەستەی کاتیۆشای مەڵبەندی سێ

کاتژمێر ١ تا ٢ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٩ دەستەی کاتیۆشای مەڵبەندی (٣) تەجەموعات و ئالیەتی دوژمنیان لە ئاکۆیان ڕۆکێت بارانکرد، ڕۆکێتەکان نیشانەکانیان پێکاو بووە هۆی سوتاندنی ئۆتۆمبێلێک و کوژرانی سەرنشینەکانی.

تۆپخانەی مەڵبەندی سێ

کاتژمێر ٥ تا ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٨ تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) بە خەستی تەجەموعات و ئالیات و مەشاتی دوژمنیان لە زیخی گەرەوان تۆبارانکرد، گوللە تۆپەکان لە ناو هێزەکانی دوژمندا تەقینەوە، ژمارەیەک جاش و سەرباز کوژران، دەبابەیەک تێکشکێندرا.

دوژمن لە ترسی تۆپەکانی تۆپخانەی مەڵبەندی (٣) نەیتوانی تا کاتژمێر ٩ی شەو دەبابەکە بگوازێتەوە.

تیپی (57)ی سەگرمە

دە پێشمەرگە بە فەرماندەیی ئەنوەر دۆلانی گەڕانەوە مەڵبەندی سێ و چوونە ناوچەی گەڕەوان، شێخ جەعفەر سەرپەرشتی شەڕەکەی گەڕەوانی دەکرد.

هێزەکەی تیپی (٥٧) لە گەڕەوان مانەوە، ٢٥ پێشمەرگەی دیکەی تیپی ٥٧ی سەگرمە کەوتبوونە سنووری مەڵبەندی سێ، لە گەڵ کاک ئەنوەر یەکیانگرتەوەو بەشداری شەڕەکانی مەڵبەندی سێ یان کرد و سێ مانگ لەوێ مانەوە.

ڕژێمی عێراق بە تۆپ و دەبابە و فڕۆکەو کیمیایی پەلاماری گەڕەوان و زنجیرە چیاکانی ناوچەکەیدا، پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ و هێزەکانی تر لە تیپ و مەڵبەندەکانیتر بەرپەرچی هێزەکانی دوژمنیان دەدایەوە.

دوای سێ مانگ شەڕوو بەرگری هێزەکان پاشەکشەیانکرد چوونە دۆڵی خانەقاو باڵەییان، لەوێشەوە چوونە تاتی تۆ تیپی ٥٥ و ٥٧ کرانە تیپێک لە ناو سنووری کوردستانی عێراقدا، ئەنوەر دۆلانی کرایە فەرماندەی تیپ.

شـــەڕی بـــەرگری لە هـــەندرێن

پەلامارەکانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەو دێنشینەکان بەردەوام بوو، پرۆسەی بەدناوی ئەنفال گەیشتبووە چڵە پۆپەی، زۆربەی هەرە زۆری دێیەکانی کوردستان یەکسانی زەویکران تا دەهات شەڕو پێکادان هێرش و پەلاماری دوژمن و بەرگری پێشمەرگە لە ناو دێیەکان هەڵدەکشا بۆ شاخە سەختەکان دواجار چیا سەرکەشەکانی کوردستان پشت و پەنای خەڵک و پێشمەرگە بوون.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٣ ڕژێمی دڕندەی عێراق چەند گوللە تۆپێکی بە ئاڕاستەی دێیەکانی سەران و گەرەوان لە دۆڵاکۆ تەقاند ئەو گوللە تۆپانە هەڵگری کلاوەی کیمیایی بوون، گوللە تۆپە کیمیاییەکان زیانیان نەبوو بەڵام زەنگی ئاگادار کردنەوەی پەلاماری دوژمن بوو بۆ ناوچەکە.

بۆ بەرەنگاربوونەوەو پێشگرتن بە پەلامارەکانی دوژمن تیپی ١٢ی سۆران و هێزی بەرگری ناوچەکە لە چیای سەرکەشی هەندرێن سەنگەریان لە دوژمن گرت و دامەزران.

کەرتی چواری تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حاجی زرار گەرەوەیی لە تیێ هەندرێنی خوار دارەبەنێ و کۆرانی چێرێ تا گەری هەنجیرە دامـەزران کە پێکهاتبوون لە (٩) پێشمەرگە.

١/ حاجی زرار قادر حسێن فەرماندەی کەرتی (٤)ی تیپی ١٢ی سۆران.
٢/ جەبار خدر ئەحمەد ڕێبەری سیاسی کەرت
٣/ ئەیوب خالید قادر فەرماندەی مەفرەزە
٤/ جەلال حەسەن ئەحمەد (جەلال حەسەنە لاو)
٥/ مستەفا ئەحمەد سالّح
٦/ ئیبراهیم مەتۆ (کریڤ)
٧/ حەسەن حسێن (حەسەن موخلیس)
٨/ حەسەن مەحموود حسێن
٩/ عەباس کەریم ئەحمەد

بەرگری دێی ئاکۆیان بە سەرپەرشتی حەسەن کەریم لە کۆرانێ (محەمەد مەعروفی) دامەزران.

١/ حەسەن کەریم لێپرسراو
٢/ سالّح حسن
٣/ ستار حاجی بەکر
٤/ حسن قادر (حەسەن قەدۆ)
٥/ جبرائیل حەمەدەمین (مام جبرائیل ئاکۆیی)
٦/ سەید عەلی بنە کاولی
٧/ قادر ئاکۆیی
٨/ سەمەد حاجی مەلا کۆر
٩/ ئیدریس وەهاب

هێزی پشتگیری گەرەوان لە تیپی بنە کاولی و وێزێ سۆرەدار دامەزران.

١/ ڕەسوڵ کەریم لێپرسراو
٢/ جەبار حەمەد زەینەدین (مامۆستا جەبار فەقێ ئەحمەد)
٣/ شێخ قادر زەینەڵ (مامە شێخ)
٤/ عەزیز قادر زەینەڵ (حاجی عەزیز)
٥/ ئیبراهیم قادر زەینەڵ (مام برایم)
٦/ زرار حەمەدەمین قادر زەینەڵ
٧/ نەجمەدین محەمەد حسێن
٨/ شەمسەدین حەسەن حسێن (خار شەمسە)
٩/ عەلی شەمسەدین حەسەن
١٠/ حەسەن قادر ڕەسوڵ
١١/ صدیق عەبدوڵڵا خدر
١٢/ محەمەد یونس
١٣/ محەمەد ئەبابەکر سەرانەیی

کەرتی دووی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حاجی حارس گەزنەیی لە گۆڕێ بەکرۆسک دامەزران.

١/ حاجی حارس گەزنەیی فەرماندەی کەرتی دووی تیپی ١٢ی سۆران
٢/ حەمەدەمین عەزیز ڕابیێ جێگری فەرماندەی کەرت
٣/ مامۆستا سەلمان فەیسەڵ نەجم ڕێبەری سیاسی
٤/ زرار محەمەد کەرکی
٥/ فەتاح سەعید خەتی
٦/ باپیر مستەفا خەتی
٧/ سەعید مستەفا خەتی
٨/ عەزیز شێخۆ
٩/ عوسمان حەمەدەمین عوسمان
١٠/ ڕەشید عەبدوڵڵا خەتی
١١/ جەمال مەلا ئەحمەد ڕەسوڵ
١٢/ دکتۆر عەبدوڵڵا کەرکی
١٣/ نەبی ئەحمەد مەلا ئەحمەد ڕەسوڵ
١٤/ ئەمیر سەلام خەلیل
١٥/ مەجید خالید عیسا
١٦/ مەلا خدر حسێن
١٧/ مامۆستا کاکە ڕەش ڕەواندزی
١٨/ سادق مستەفا پیر ئۆمەری
١٩/ یاسین فەیسەڵ نەجم
٢٠/ قادر باپشتی
٢١/ محەمەد حەسەن کەرکی
٢٢/ دەشتی عەزیز بایەزید

هێزێکیتری پشتگیری (بەرگری میللی) بە سەرپەرشتی قادر محەمەد زیاد فەرماندەی هێزی بەرگری دۆڵاکۆ لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی بەرگری لە سەنگەرەکانی هەندرێن بوون.

١/ قادر حەمە زیاد فەرماندە
٢/ محەمەد حەسەن گەرەوەیی
٣/ عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ (ڕەحمانە سوور)
٤/ عەبدوڵڵا سەرانەیی
٥/ خەسرەو عەلی ئەحمەد
٦/ سەعید باویانی
٧/ نەورۆز ئەمین حەیدەری
٨/ سدیق عوسمان کاولانی
٩/ قادر عوسمان کاولانی

هێزی پێشمەرگە و بەرگری لە چیای سەر سەختی هەندرێن لە سەنگەردا بوون بۆ وەڵامدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمن.

شەوی ١٩٨٨/٥/٢٤\٢٣ ڕژێمی عێراق بە بەشداری سەدان جاش و سەرباز و بە پشتیوانی تۆپخانە و کۆپتەر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە چیای سەرکەشی هەندرێن.

هێزی پێشمەرگە بە وردیەکی بەرزو بە پشتیوانی هێزی لە بن نەهاتووی گەل بە فیشەکی کەموو ئیرادەی بەرزەوە ئامادەی هەر گیانبازییەک بوون.

هێزی پێشمەرگە هاوەنێکی (٨٠) ملم یان لە سەر ئاوێ بنە کاولی دامەزراند دکتۆر یوسف و خاڵ عیزەت فەقیانی سەرپەرشتیاندەکردو بەکاریان دەهێنا.

حیزبی سۆسیالیست دۆشکەیەکی ١٢,٥ ملم یان لە نێوان سیتکەو گەری زەنگران دامەزراند بوو چەند پێشمەرگەیەکی پارتی بە کاریان دەهێنا.

چیای هەندرێن چیایەکی بەرینە هـەورازو نشێوە چیایەکە هەر دەڕۆیـت و نابڕێتەوە سـەدان ڕکە شاخ و ئەشکەوت و قەدپاڵ و لاپـاڵ و چاڵ و قۆرت و

تەختایی و قۆپ و کەپک و لوتکە و تیرە شاخ و تیغە شاخی هەیە.

پێشمەرگە و هێزی بەرگری لە سەنگەردا دامەزرابوون شەوێکی ئارام و بێدەنگ بوو دوژمن بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەهات، هەر پێشمەرگە و کەرت و مەفرەزەیەک لە سەنگەردا چاوەڕێ بوون تا دوژمن بگاتە بەر قەرەوڵی تفەنگ و بەلەپیتکە بترازێ.

هەندرێن پڕە لە باڵندە، لە درێندە، لە ئاژەڵی کێوی، لە کەوو سوێسکە، لە قاژو، لە یەکانە، لە مارو مێرو، ئیتر ئەو هەندرێنە پڕ بێشەو کێشەیە هێندە گەورەو فراوان بوو ببوو بە نواو پەنای سەدان ئاژەڵ و باڵندە.

باڵە فڕەو هەڵفڕین فڕکە فڕکی پۆلە کەوێک سەرنجی پێشمەرگەکانی ڕاکێشا کە لە سەرو ئەوانەوەجموجۆڵی دوژمن هەیە، هەڵفڕینی کەوەکان لە شەودا مانای هەبوونی جوڵەو جێ پێبوو بەڵام جێ پێی پۆستاڵی بۆرو ڕەشی داگیرکەر.

کـــۆرانی هـــەرسێ

چەند پێشمەرگەیەک چوونە کۆرانی هەرسێ نەوەکو دوژمن دزە بکات و بگاتە ئەوێ پشت لە هێزی پێشمەرگەو بەرگری بگرێت.

مامە شێخ و هەژار و عوزێر و صدیق لە کۆرانی هەرسێ دامـەزران، تاریکو ڕوونی بەیانی دوژمن پەلاماری (کۆرانی هەرسێ) ی داو شەڕ دەستپێکرد.

پێشمەرگەکانی سەنگەرەکانیتر لە چیای هەندرێن لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕو پەلاماری دوژمن بۆ کۆرانی هەرسێ، خۆیان گەیاندە لای ئەو چوار پێشمەرگەیەی شەو چووبوونە ئەوێ.

شەڕی گەورە لە نێوان پێشمەرگەو دوژمن دەستیپێکرد پێشمەرگە بە ورەی پۆلاییەوە ڕووبەڕووی پەلاماری دوژمن بوونەوە وانەی گرنگیان پێدان، شەڕ تا نیوەڕۆی خایاند.

کەرتی (٤)ی تیپی ١٢ی سـۆران لە لایەکیترەوە لە هێزە پـەلامـاردەرەکـەی دوژمنیانداو نەیانهێشت لە (بێرۆیان) پێشڕەوی بکەن، دوژمـن دەرفەتی هاتنە پێشەوەی لە دەستداو لە هەموو لایەکەوە تێکشکا.

لە قۆڵی کەرتی دووی تپی ١٢ی سۆرانیشەوە شەڕ گەرم بوو دوژمن لەو قۆڵەشەوە تێکشکا هەتا (داروبێدار) ڕاویاننان، لە تێکڕای شەڕگەکانەوە دوژمن تێکشکا.

لەو شەڕەداو لە کەرتی دووی تیپی ١٢ی سۆران پێشمەرگەی قارەمان زرار محەمەد کەرکی شەهید بوو، عەزیز محەمەد شێخۆ، عوسمان محەمەد دوو پێشمەرگەی کەرتی دوو کەوتنە دەست دوژمن.

دووبارە پەلامار

دوای تێکشکاندنی پەلاماری سەر لە بەیانی و شەڕی بەردەوام تا نزیک نیوەڕۆ کاتژمێر ١٢ی هەمان ڕۆژ دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەو بەرگری دایەوە شەڕ تا کاتژمێر (٣) درێژەی کێشا، لە تێکڕای شەڕگەکانەوە هێزەکانی دوژمن شکان.

لە دژە هێرشێکی هێزی پێشمەرگەو بەرگری بۆ سەر هێزەکانی دوژمن توانییان دارو بێدار بگرنەوە، لەو دژە هێرشەدا زیانی گەورە بەر دوژمن کەوت، دەیان کوژراوو بریندارییان لێخست.

دوای ئەوەی هێزی پێشمەرگەو بەرگری ناوچەکە شەڕی دلێرانەیانکرد، بۆ شەوەکەی چەند هێزێک سەرکەوتنە هەندرێن بۆ پشتگیری لە پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە هێزێکی گەرەوان بە فەرماندەیی محەمەد بایز.

١/ محەمەد بایز لێپرسراو
٢/ سدیق عەزیز
٣/ حەمەدەمین حەمەدئاغا
٤/ جەلال عەلی
٥/ واحید عەبدوڵڵا حاجی حەسەن
٦/ عەزیز عەبدوڵڵا

هێزێکیتری پشتگیری بە سەرپەرشتی (حسێن حەسەن سالّح) کە لە (١١) کەس پێکهاتبوو:

١/ حسێن حەسەن سالّح (فەقێ حسێن) لێپرسراو
٢/ محەمەد عەبدوڵڵا سالّح
٣/ عەلی ڕەسوڵ
٤/ حسێن مەحموود
٥/ عەبدوڵڵا سەعید
٦/ محەمەد سەلام سادق
٧/ زرار محەمەد باپیر
٨/ خەلیل مەجید حارس
٩/ عەزیز سەعید
١٠/ حەسەن حسێن حارس
١١/ جەلال سەعید ئەحمەد

هێزێکیتری پشتگیری گەرەوان کە پێکهاتبوون لە (٧) کەس

١/ سەلاحەدین عەلی مستەفا
٢/ نەجمەدین سلەیمان ئەحمەد
٣/ واحید ئیبراهیم عەلی
٤/ سەعید ئەحمەد وەسمان
٥/ حاجی عەلی ئەحمەد وەسمان
٦/ حەسەن خدر ئەحمەد
٧/ خدر قادر مستەفا

هێزی پێشمەرگەو پشتگیری لە بنە کاول هێزیان دابەشکرد بە سەر قوتەو بەرزاییەکانی هەندرێن حاجی زرارو هێزی بەرگری لەوێبوون.

ئارموشە هێرشی بۆ نەکرابوو، هێزەکانی دوژمن بەرەو شاخی ئارموشە هێرشیان هێنا، جاش بەرەو قەڵاتی شوشێ هاتن پەڕینەوە بەری هەندرێن، تەقەیان

لێنەکردن تا هاتنە بەردەمیان، بەڵام لە لایەکیترەوە تەقەیان لێکرا.

قادر حەمە زیاد بە بیکەیسی تەقەی لە جاشەکان کرد پووش و پەڵاش ئاگریگرت، جاشەکان هێرشیانکردە سەر قەراتی شوشێ لە بن قەراتی «شوشێ« دا (مین) ێکیان پیاتەقی جاشێک کوژرا جاشەکەیان کردە کۆڵ و بە سەر (مین)ێکی تردا کەوتن ژمارەیەکی تریش جاش کوژران.

بۆ ڕۆژی دوایی جاشەکان هاتنە گەرە ناری، سلیمانی وەستا ئەحمەد شەهید بوو، کەریم بریندار بوو.

شەوی ١٢٤/١٩٨٨/٥/٢٥ هێزێکی پێشمەرگە و پشتگیری لە هەندرێن دا سەنگەریان جۆش دایەوەو هێزەکانیان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکردەوە، لە زنجیرە شاخی کۆرانی هەرسێ تا خوار چەقەری سەم، باوەکری، سەنگەرو دەست و تفەنگی پێشمەرگەو بەرگری بوو.

تاریکوو لێڵی بەیانی ١٩٨٨/٥/٢٥ دوژمن بە پاڵپشتی شەش کۆپتەرو هێزێکی زۆر پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە لە چیای سەرکەشی هەندرێن دوای شەڕێکی قارەمانانەی پێشمەرگە پەلامارەکەی دوژمن تێکشکا، پێشمەرگە هەڵمەتیانبردە سەریان و تا گۆڕە کرۆسک بە دوایانەوە بوون لە تێکڕای سەنگەرەکانەوە بە پانتایی چیای هەندرێن پێشمەرگە دامەزرا بوون، هەر یەکەیان قارەمانێک، قەڵایەکی بڵند بوون لە بەرانبەر پەلاماری دوژمن بڵندتر لە هەندرێن هەموان ڕۆڵی گەورەیان بینی لە تێکشکاندنی دوژمندا.

ڕەبیەی عاسێ

پێشمەرگەو هێزی بەرگری میللی بە دوای هێزە شکاوەکەی دوژمنەوە بوون، لە ڕەبیەی عاسێ ژمارەیەک چەکداری دوژمن ڕووبەڕووی پێشمەرگە بوونەوە شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و بەرگری و چەکدارەکانی دوژمن ڕوویدا، هێزی پێشمەرگەو بەرگری لە ماوەیەکی کورتدا چەکدارەکانی دوژمنیان تێکشکاند و ڕاویاننان.

هەر لەو شەڕەدا باریک سندوقی فیشەکی دوژمن بە سەر پشتی هێستریکەوە کەوتە دەست پێشمەرگەو دەستیبە سەردا گیرا.

لەو شـەڕەدا تەرمی شەهید زریـان محەمەد کەرکیان لە ژێر دەستی دوژمن ڕزگار کرد کە لە کاتی شەهید بوونیدا کەوتبووە دەست دوژمن.

لـەم شەڕەدا سێ پێشمەرگە بریندار بوون:

١/ حەمەدەمین عەزیز

٢/ عەبدولواحید ئیبراهیم عەلی

٣/ جەلال حەسەنە لاو

لە شـەڕی کەموێنەی هەندرێندا بـەردەوام شەش کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شـەڕەکـەوە بـوون پێشمەرگە بـە BKC تەقەیان لێکردوو یەکێک لـەو شەش کۆپتەرەیان پێکا.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦ هێزەکان دابەشبوونەوە بە سەر سەنگەرەکانی چیای هەزار بە هەزاری هەندرێندا بەشێکی کەم لە هێزی بەرگری و پێشمەرگە مابوونەوە چوونکە هەر پێشمەرگەیەک شەهید یان بریندار بوونایە دەبووایە چەند پێشمەرگەیەک لە گەڵیدا برۆیشتنایە.

+ هێزێک لە گەڵ حاجی حارس و محەمەد بایز بەڕێکەوتن بۆ چەقەری سەم باوەکری.

+ هێزێک لە گەڵ ڕەسـوڵ و عەزیزو سەڵاحەدین لە خـوار کۆرانێ هەرسێ مانەوە.

+ مەلا حسێن و هێزێک، مامۆستا جەبارو مام جوبرەئیل و سەید عەلی و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە سەرووی دۆڵی سەمباوەکری بوون.

کۆپتەر لە ئاسمانی هەندرێندا ئاگر بارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدەکرد، تۆپبارانی دوژمـن بۆ سـەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و بـەرگری لە هەندرێن دەستپێکردەوە.

کـــۆرانی هـــەرسێ نـــەمانی فـــیشەك

پێشمەرگەکانی کۆرانی هەرسێ لە سەنگەرەکانیاندا بوون چەند پێشمەرگەیەکیش لە خوار کۆرانی هەرسێ دامەزرا بوون، مەخزەنی پێشمەرگەکان خاڵی بوون لە فیشەک هەر پێشمەرگەیەی چەند فیشەکێک یان مەخزەنێکی پێمابوو.

سێ چەکدار بەرەو ڕووی پێشمەرگەکان هاتن وایانزانی پێشمەرگەکانی لای حاجی حارسن بەڵام چەکدارەکان جاش بوون تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد شەڕ دروستبوو.

عەزیز عەبدوڵڵا گوللەیەک ئاربیجی پێمابوو دەستی لێکێشا بەڵام نەتەقی پێشمەرگەکانی تەقەیان لە جاشەکان کرد فیشەکیان پێنەما تەنها چەند پێشمەرگەیەک نەبێت چەند فیشەکێک لە مەخزەنەکانیاندا مابوو.

لە گەرمەی شەڕدا سەڵاحەدین بریندار بوو، محەمەد عەبابەکر گەڕایەوە سەری ئەویش بریندار بوو دوای شەڕێکی سەخت جاشەکانیان تێکشکاند.

شـــەهید بوونی ســـەڵاحەدین

سەڵاحەدین و محەمەد بریندار بوون دکتۆر عەبدوڵڵا کەرکی بریندەکەی بۆ بەستن، بریندەکەی سەڵاحەدین سەخت بوو تووشی نەزیفی داخلی ببوو بردیانە سەرووی کۆرانی هەرسێ، دوژمن دەستی بە پەلاماردان کردەوە چەند پێشمەرگەیەک کەمێک فیشەکیان پێمابوو بەرگرییان کرد تا سەڵاحەدینیان پەڕاندەوە ئەو بەری کۆرانی هەرسێ.

کاتژمێر «١٢» ی نیوەڕۆ پێشمەرگە بە تەواوی کۆرانی هەرسێ یان بەجێهێشت دوژمن هاتە کۆرانی هەرسێ دوای دەستبە سەردا گرتنی کۆرانی هەرسێ دوژمن لە پێشڕەویدا بوو (کەپکە موی) و مالّی جوبرائیل ئاکۆیی کەوتە دەست دوژمن.

لە سەنگەرەکانی کەرتی «٤» ی تیپی ١٢ی سۆران شەڕ بەردەوام بوو، لە گەڵ گرتنی کۆرانی هەرسێ و کەپکە موی ئەوانیش پاشەکشەیانکردوو چوونە گەری زەنگران.

سـەلاحـەدین دۆخـی خـراپ بـوو پێشمەرگە بـە نـۆرە هـەڵیـاندەگرت، چەند پێشمەرگەیەک ڕۆیشتن وڵاخێک پەیدا بکەن و کەسووکاری سەلاحەدین ئاگادار بکەنەوە.

سەلاحەدینیان گەیاندە گەڕۆکی بانە گەڕێ، تا ئەو کاتە دەیتوانی قسە بکات بە هاوڕێکانی دەووت جێم مەهێڵن تا نەکەومە دەستی جاش.

دکتۆر عەبدوڵڵا کاری خۆی کردبوو بریندی سەلاحەدینی بەستوو حاجی عەزیز لە دکتۆر عەبدوڵڵا تورە بوو ووتی بۆچی چارەسەری ئەو بریندارە ناکەیت خەریکە شەهید دەبێت.

دکتۆر عەبدوڵڵا بە حاجی عەزیزی وت سەلاحەدین براتە حاجی عوزیز ووتی وەکو برام وایە، دکتۆر عەبدوڵڵا حاجی عەزیزی جیا کردەوە پێیووت سەلاحەدین تووشی نەزیف بووە شادەماری پچڕاوە.

گەڕۆکی بانە گەڕێیان بەجێهێشت، سەلاحەدینیان بە بریندداری هەڵگرت دوای کەمێک ڕێڕۆیشتن سەلاحەدین شەهید بوو.

کەسووکاری شەهید سەلاحەدین گەیشتن، تەرمی سەلاحەدینیان بردەوە لە چاکی زێلەوێی بە خاکیان سپارد.

بەشێکیتر لە هێزی پێشمەرگە و بەرگری لە زینی سەران و مۆرە سۆرکان بوون، شەڕی کەم وێنە و جوامێرانەیانکرد بەرانبەر بە هێزەکانی دوژمن.

هێزەکانی زینی سەران و مۆرە سۆرکان پێکهاتبوون لە مەفرەزەیەکی تیپی سۆران، هێزی پشتگیری سەران، مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی.

مەفرەزەیەکی تیپی 12ی سۆران:

١/ ڕەحمان سەرانەیی فەرماندەی مەفرەزە
٢/ ستار موسا کادیری کۆمەڵە
٣/ مەلا خدر سەرانەیی فەرماندەی مەفرەزە
٤/ ئەحمەد فەتاح سەرانەیی
٥/ مستەفا حەسەن دەرگەڵەیی

٦/ غەفور حارس سەرانەیی

هێزی پشتگیری سەران:

١/ شێخ فاروق فەرمانده

٢/ محەمەد حاجی محەمەد

٣/ کەریم مستەفا خدر

٤/ فەقێ ئەحمەد

٥/ مستەفا حاجی تاهیر

٦/ محسین مەحموود

٧/ شێخ یونس

٨/ جەبار سەیری

٩/ عومەر حاجی عەبدوڵڵا

١٠/ محەمەد حاجی قادر

١١/ کاکە مەلا محەمەد

١٢/ شاکر عەبدوڵڵا

١٣/ زاهیر ڕەسوڵ

مەفرەزەی شیوعی:

١/ تالیب دەرگەڵەیی

٢/ خالید

٣/ هاوڕێ مستەفا

٤/ هاوڕێ حازم

٥/ هیوا ڕەشید

٦/ هوشیار سەعید ڕەزاق

٧/ قادر حاجی محەمەد

هـــــەندرێن – مـــــۆرەسۆرکان

مۆرەسۆرکان لە ڕۆژهەڵاتی هەندرێنە بەسەر سەران و هەندرێن و ماویلاند دەڕوانێت لووتکەیەکی گرنگ و ستراتیجییە ڕووسەکان کە هاتوونەتە ناوچەکە هەوڵیاندا لوتکەی مۆرەسۆرکان بگرن .

یەکەم ڕۆژی شەڕەکە پێشمەرگە لەدێی سەران بوون دوژمن بە سەختی کیمیا بارانی سەرانیکرد ئێوارەی ئەو ڕۆژە هێزەکان کۆبوونەوە هێزێکی تیپی ١٢ ی سۆران ، هێزێکی حزبی شیوعی ، هێزی پشتگیری سەران بە فەرماندەیی شێخ فاروق .

هێزی پێشمەرگە لە مزگەوتی سەران بوون بڕیار بوو بەیانییەکەی سەرکەون دوو پێشمەرگە هاتن ووتیان هێزێکی دوژمن لە گەرووی ڕەشمالان و بەستە ڕێواسێ سەرکەوتووە ڕەنگە ئێوە نەگەنە سەر لووتکەکە دوژمن پێش ئێوە بگاتە ئەوێ.

بەو شەوە سەرکەوتنە سەر زینووی سەران هێزەکەیان کردە دوو بەش، بەشێک لەو پێشمەرگانەی توانای ڕۆشتنیان باش بوو سەرکەوتنە سەر زین و لووتکەی مۆرەسۆرکان.

بەشی دووەمی هێزەکە لە زینووی سەران مانەوە ئەگەر دوژمن پەلاماری هەر شوێنێکیدا ئەمان بچن بەهانایانەوە.

بەرەبەیانی شەڕ دەستیپێکرد ڕەوە کۆپتەر بەسەر ئاسمانی شەڕەکە دەسووڕانەوە هێزی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا و شکا ، هێزەکەی دوژمن هاتە پێش ئەو هێزەی لە زینۆی سەران دانرابووکەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی پێشمەرگەکانی خوارەوە و تا نیوەڕۆ شەڕ بەردەوام بوو دوژمن زیانی گەورەی بەرکەوت شۆڕ بوونەوە بەرەو گەری دەرگەڵە هەموو هێزەکەی دوژمن لەوێ مۆڵی خواردبوو، لە لایەکیترەوە لە دێی کەڵێتە تیپی ٧٨ کاروخ دەرکەی گەرییان لێگرتن ، دوانیوەڕۆ هێزەکەی تیپی ١٢ سۆران دا گەڕان و هێرشیانکردە سەر گەری دەرگەڵە نیوەی هێزەکەی دوژمن کوژران و سیانزە قوات خاسە بەدیل گیران

دەیان چەکداری دوژمن لە شاخ فڕێدرانە خوارەوە هێزی پێشمەرگە تەنها دوو بریندارییان هەبوو.

جـــاش شەهید کردن

زۆزگ پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوو لەگەڵ مامۆستا ستار لە سەنگەرێکدا بوون تەقەیان لە جاشەکان دەکرد ، مامۆستا ستار بە زۆزگی ووت تا دەتوانی تەقە بکە زۆزگ ووتی چۆن تەقە ناکەم هەتا دوو جاش شەهید نەکەم ئەو سەنگەرە جێناهێڵم ، ئیتر ئەو جاش شەهید کردنە بوو بە نوکتە.

دوای شەڕی گەورەو بەرگری کەموێنە ئەم هێزانەش پاشەکشەیانکرد.

چیای سەرکەشی هەندرێن کەوتە دەست دوژمن پێشمەرگەو هێزی بەرگری چوونە گەری زەنگران نەخشەو پلانی بەرگری دانرا لەو شوێنانەی لە دەست پێشمەرگەدا مابوون.

شەڕگەیەکی نوێ دروستبوو، سەنگەرەکانیان دامەزراندەوە هێزەکان دابەشکران، لە قەڵاتێ ئاکۆیان و گەری زەنگران پشتێنەیەکی بەرگری فراوان لە سەرچەو قۆپی مەڕە کێویان، پێبۆ، سەر زیخینە، گەرەوان و گەری ژێرێ، سەری تاتێ و کێڵ کێلی سەران دروستکرد.

تا دوا هەناسە و دوا فیشەك جەنگان
جەنگاوەرەکانی شۆڕش

لە دوای سێ مانگ شەڕی گەورەو بێئامان و نەبەزین و تێکشکاندنی سەدان پەلامارو قوربانیدان بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد.

شـــەڕی نـــاو فـــەقیان

دوای کشانەوە لە کێڵ کێڵ عوزێر فەقیانی هاتە ڕەشکی لە سەر لە ئاکۆیان و بەنی هەریرەوە دوژمن لێیدەدان.

هێزێکی دوژمن پەلاماری فەقیانیدا سەعیدی حەمە زیاد بە عوزێر فەقیانی ووت بۆ ئێمە نامەردییە لە بەرچاوی ئێمە دێیەکەمان بسووتێ، عوزێر فەقیانی لە ڕەشکی

لە سەر چووە فەقیان، (٥) پێشمەرگە لە بەیانی تا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ لە ناو فەقیاندا شەڕی دەستەویەخەیانکرد، ژمارەیەکی زۆر لە دوژمن کوژران.

لەو شەڕەدا فاروق ئیبراهیم شەڕکانی پێشمەرگەی دلێری تیپی سۆران شەهید بوو و عوزێر فەقیانی بریندار بوو.

دۆزیـــنەوەی تەرمی نـــەجات هـــەرووتی

ساڵی ١٩٩٢ عوزێر فەقیانی کرایە فەرماندەی بەتالیۆن، لە سەر بڕیاری (ی ن ک) چووە بادینان بۆ دۆڵی نەهلە هێزی سەربازی عێراقی لێبوو، هێزەکەی عێراقیان دەرپەڕاند لە ناوچەکە.

نواز زێباری بووە دۆستی عوزێر فەقیانی ڕۆژێک کەسێکی بە عوزێر فەقیانی ناساند ناوی ئەحمەد سەعید بوو ئامر سریە بوو لە سەردەمی ڕژێمی عێراق، ئەحمەد بە عوزێری ووت دەبێت ئەمشەو میوانی من بن، عوزێر فەقیانی و ژمارەیەک پێشمەرگە شەو میوانی ئەحمەد بوون، کاتژمێر (٢)ی شەو تفەنگێک تەقی، پێشمەرگەکان هاتنە دەرەوە ئەحمەد سەعید ووتی مەترسن زاوا ئیشی خۆی جێبەجێکردووە لێرە ئەگەر زاوا بوو بە زاوا تفەنگێک دەتەقێنن ئەوە نەریتە.

پێشمەرگەکان ویستیان بخەون قادر ئاکۆیی بەتانییەکی هێنا ووتی ئەمە بەتانی ئێمەیە، پێشمەرگەکانی تیپی کوڕەک بەتانییەکانیان نیشانە کردبوو بە جگەرە سووتاندبوویانن هەر پێشمەرگەیە چەند خاڵێکی بە جگەرە لە سەر بەتانییەکەی دروست کردبوو تا لە گەڵ بەتانی هاوڕێکەی نەگۆڕێت.

عوزێر فەقیانی بە ئەحمەد سەعیدی ووت پرسیارێکت لێدەکەم ڕاست بڕۆ ئەو بەتانیانەت لە کوێ بوون ئەحمەد ووتی لە کێل کێل هێناومانن لە گەڵ ئەرشەد زێباری کە چووینە کێل کێل ئێوە لەوێ نەبوون بەتانییەکانمان هێنایەوە.

ئەحمەد ووتی کە من هاتمە کێل کێل ئامر سریە بووم هاتمە خوار بۆ ناو ڕەزێک تەرمێک لە خوار ئێمەوە کەوتبوو شەهید ببوو تەرمەکەمان لە بن بەردێک شاردەوە جامەدانەکەیمان لە داریک بەست.

عوزێر پرسی شوێنەکە پێدەزانیت ئەحمەد ووتی بەڵێ، تەرمەکە تەرمی شەهید نەجات هەڕووتی بوو.

عوزێر فەقیانی کە گەڕایەوە بە جەمال هەڕووتی ووت تەرمەکەی شەهید نەجات هەڕووتیمان دۆزیوەتەوە.

ناردیان بە دوای ئامر سریەکەدا هات و لە گەڵیان چوو بۆ کێل کێل تەرمی شەهید نەجاتیان هێنایەوەو لە هەڕووتە کۆن بە خاکیان سپاردەوە.

کە هێزی پێشمەرگە لە کێل کێل پاشەکشەیانکرد عوزێر فەقیانی و هێزەکەی تیپی کوڕەک چوونە ڕەشکی لە سەر بە نەجاتیان ووتبوو تۆش وەرە بۆ ڕەشکی لە سەر، نەجات داگەڕابوو بچێت بۆ ڕەشکی لە سەر لە بناری کێل کێل بە دیوی ڕەشکی لە سەردا پارچە تۆپێک لێیدا بوو شەهید ببوو، کە هەر نەگەیشتبووە ڕەشکی لە سەر زانیبوویان شەهید بووە.

مـــەڵبەندی سێ
تـــیپی 83ی هـــەورێ- گـــەرەوان

لە شەڕەکانی بەرگری لە مەڵبەندی سێ تیپی ٨٣ی هـەورێ لە چیای مۆتە ئەرکیان پێسپێردرا بوو دواتر هاتنە سەر ئاکۆیان، گەرەوان دەبابەکانی دوژمن هاتنە ناو ئاکۆیان.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە گەڵ تیپی مەڵبەندی (٣) چوونە زیخی گەرەوان تا ڕێگە نەدەن هێزی دوژمن بچێتە ناو گـەرەوان، دوای شەڕێکی قارەمانانە ڕێگەیان لە هێزی دوژمن گرت و نەیانهێشت بچێتە ناو گەرەوان.

لەو شەڕەدا ئەحمەد وسوو شێخ وەسانی شەهید بوو، عەبدوڵڵا باڵیسانی، ستار، هاوڕێ کاوە عەبدولڕەزاق بریندار بوون.

لە لایەکیترەوە هێزی دوژمن لە ڕەواندزەوە هاتبوو کلکەی هەندرێنی گرتبوو دەیویست بەرەو کوێستانی ساوسێوەکان بڕوات.

تا تەواو بوونی شەڕەکان تیپی ٨٣ی هەورێ لە گەرەوان بوون دوای گیرانی زیخی گەرەوان هاتنە پێش گەرەوان، دوژمن پەلاماریدان پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند ئەوە دوا شەڕی گەرەوان بوو.

لە دۆڵی ئالانە، هەرووتایەتی، کەپکی حەمەد ئاغا، دێیەکانی زێوە، سەری سەر دۆڵ، چیوە، هەرمک و سەری مۆتە پێشمەرگە ئامادەی بەرگریبوون.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە گەرەوان، زیخی گەرەوان، گوڵان و هەرتەل، دۆڵی مەلەکان، سەری جوانەگا، بەدرێژایی ئەو لوتکەو شاخ و دێیانە سەنگەریان گرتبوو، لە کۆتایی مانگی ٨ بە بڕیاری سەرکردایەتی پاشەکشەیانکرد.

ئەو سەردەمە کاکە جوان فەرماندەی تیپ بوو محەمەد بیکەیسی و عەزیز داود جێگری بوون لە کاتی پاشەکشەدا چەکدارەکانی دۆڵی شاوڕێ، ئاکۆیەتی، ڕۆڵی جوامێرانەیان بینی لە پەڕاندنەوەی پێشمەرگەو خێزانی پێشمەرگەدا، لێرە بە دوا هێزی پێشمەرگە هاتنە کونە کۆتر.

نـــەخۆشخانەی شـــۆڕش
لە (مـــــەلەکان)

جگە لە نـاردنی یـاریـدەدەری پزیشکی بۆ تیپەکان کە دکتـۆری (تیپ) یان پێدەووت چەند نەخۆشخانەیەکیش دروووستکران نەخۆشخانەی مەلەکان یەکێک لەو نەخۆشخانەیە بوو کە لە ناو ئەشکەوتێکدا دامەزرابوو.

نەخۆشخانەکە لە ژووریێکی (١٠) سەرینی پێکهاتبوو ژووری تیشک، ژووری تیمارکردن، لە نەخۆشخانەکەدا هەبوو، بێجیاوازی پێشمەرگەی تێکڕای لایەنە سیاسییەکانیان تیمار دەکرد.

نەخۆشخانەی مەلەکان لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) ڕۆڵـی گرنگی بینی لە چارەسەرکردنی بریندارەکان لە شـەڕی سێ مانگەی مەڵبەندی (٣)دا، دەیـان بریندارییان تیمار کرد چەندین پێشمەرگە لە بەر چاویاندا شەهید بوون لە بەر سەختی برینەکانیان گیانیان سپارد.

ژمارەیەک دکتۆرو یاریدەدەری پزیشکی لە نەخۆشخانەی مەلەکان کاریاندەکرد، دکتۆر زریـان، دکتۆر هەڤاڵ، دکتۆر عەبدولقادر، دکتۆر حسێن، دکتۆر فەرهاد، دکتۆر خدر، دکتۆر هونەر، دکتۆر نەوزاد عەباس، دکتۆر محەمەد حاجی، دکتۆر هەژار، دکتۆر کاروخ، دکتۆر ڕێبوار، دکتۆر فایق گوڵپی، دکتۆر جەلال، دکتۆری تیپەکانیش هاوکار بوون نەخۆشخانەی مەلەکان بە سەرپەرشتی دکتۆر زریان و پشتیوانی کاک کۆسرەت دروووستکرا.

شـــەڕی سەری جـــوانەگا
تـــیپی 91ی ســـــەفین، 85ی بـــەڕانەتی

شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) دەستیپێکردبوو هێزەکانی داگیرکەر لە چیای کوڕەک و دارەئیشک لەوێشەوە بە نیازی دەستبە سەرداگرتنی کێڵ کێڵ، ڕەشکی لە سەر، سەری جوانەگا، سەرە سێو پەلامارەکانی چڕ کردەوە چوونکە بەدەستبە سەرداگرتنی ئەو زنجیرە چیاو لوتکە بەرزانە ناوچەکە دەکەوتە دەست دوژمن.

تـــیپی ســـــەفین

تیپی ۹۱ی سەفین لە دۆڵی ئالانە بوون لەوێ ئەرکیان پێسپێردرا بوو، کاتێک شەڕەکانی کێل کێل و زنجیرە لوتکە و شاخەکانی دەستیپێکرد، هەر بۆیە تیپی ۹۱ی سەفین کە سەفینی مەلا قەرە فەرماندەی بوو ئاگادار کرانەوە بچنە کێل کێل.

تیپی ۹۱ی سەفین لە دۆڵی ئالانەوە بە ناو دێیەکانی بلەی خوارو سەروو، تارینانی خواروو سەروو ڕۆیشتن تا بگەنە کێل کێل بەڵام بە هۆی سەختی ڕێگاو نەشارەزا بوون درەنگ کەوتن، گەیشتنە سەر ئاوی هەواری سەرەسێو.

کەرتی (٥)ی تیپی ۹۱ی سەفین بە فەرماندەیی جەلال سووركانی لە نووسەک بوون، دوای دوو ڕۆژ مانەوە لە نووسەک بروسکەیان بۆکردن چوونە لای حەسەن کوێستانی لەوێوە ناردیانن بناوی لە سەری ئیرۆن تا جادەی بناوی سەنگەریان لێدا.

دوای چەند ڕۆژێک بروسکەیان بۆ کرا بچنە سەری جوانەگا، کەرتی (٥) ی تیپی ۹۱ی سەفین ئیرۆنیان جێهێشت لە گەڵ مەولود مام قلنجی لە بلە یەکیانگرتەوەو بەڕێکەوتن سەعیدی حەمە زیاد لە سەرە سێو چاوەڕێی تیپی ۹۱ی سەفینی دەکرد.

ئەو هێزەی سەرەتا گەیشتە سەرە سێو کەرتەکەی جەلال سووركانی بوو لە گەڵ مەولود مام قلنجی جێگری فەرماندەی تیپ و وەستا عەلی فەرماندەی کەرت.

هەشت پێشمەرگەی تیپی سەفین سەرکەوتنە سەر شاخ، دواتر دابەزینە خوارەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٩ کەرتی (٥)ی سەفین بە فەرماندەیی جەلال سورکانی سەرکەوتنە سەر لوتکەی بەرزی جوانەگا تۆپبارانێکی سەخت دەستیپێکرد بەڵام لە بەر کەمی هێزەکە هاتنە خوارەوە، دوژمن پەلاماری سەری جوانەگایاندا و بەشێکیان دەستبە سەردا گرت.

هـــێرش بۆ ســـەری جـــوانەگا

پێشمەرگەکانی بە ئاڕاستەی سەرەسێوو بەرزاییەکانی پشتی سەرەسێو ڕۆیشتن تا لەوێ سەنگەر بگرن و بەرگریبکەن لە ڕێگا تووشی پۆلێک پێشمەرگە بوون سەفینی مەلا قەرە فەرماندەی تیپی (۹۱ی سەفین) یان لە گەڵدا بوو، سەفین پرسی بۆ

کوێ دەچن ووتیان سەری جوانە گا گیراوە سەنگەرێکی بەرگری درووستدەکەین، سەفینی مەلا قەرە ووتی ئەگەر هەموومان شەهید بین نابێت سەری جوانە گا بگیرێ، دەبێت بچین بیگرینەوە.

پێشمەرگە بە وردیەکی بەرزەوە گەڕانەوە بۆ گرتنەوەی سەری جوانەگا، ڕێگەی سەرکەوتن بۆ جوانەگاو گرتنی سەخت بوو، دژوار بوو، هەڵەت بوو، چەند تولە ڕێ و شوانە ڕێیەک هەبوون ترس هەبوو دوژمن گرتبنی بەڵام ئەوانەش نەبوونە ڕێگر لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا.

تۆپبارانی سەختی دوژمن بەندەن و بنارو لوتکەی جوانەگای دەهەژاند لە گەڵ کەوتنی هەر تۆپێک دەیان پارچە تۆپ و پارچە بەردی جوانەگا بە هەر چوار لادا وەکو با دەهاتن و خۆیان بەلاپاڵ و قەدپاڵی جوانەگادا دەدا، لە گەڵ ئەوەشدا بە ناو نااڵەو بۆڵەی تۆپخانەکانی دوژمندا پێشمەرگە سەردەکەوتن، ڕیز ڕیز، یەک یەک بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن.

لە شەوێکی تاریک و ئەنگوستە چاودا پێشمەرگەکانی سەفین هەڵمەتیان بردە سەر دوژمن لە جوانەگاو نیوەی ئەو شاخەیان لە دوژمن سەندەوە.

پێشمەرگەکان لە بن ڕکە بەردو داری قۆپی جوانەگادا پاڵ کەوتن بۆ پشوویەک بەڵام دوژمن پەلاماری دانەوە، پێشمەرگەکانی سەفین هێرشیان بردە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن و تێکیان شکاندن.

ئـــاوی بـــێرمە

پێشمەرگە تینوویان بوو بە دوای ئاودا دەگەڕان ئاوی بەفری تواوەی بەهاران و باران لە ناو گۆمی بێرمەدا کۆببووەوە قەوزە لێی دابوو ئاوەکە پیس ببوو بەڵام بە ناچاری لەو ئاوەیان دەکردە مەتارەوە بە سەری مەتارەکان ئاویان دەخواردەوە تاوەکو بەشیان بکات.

مەتارەکانیان لە ژێر سێبەرێک دانابوو بۆ کاتی تینوویەتی بەڵام تۆپ لێیداو وردو خاش بوو.

یـــەکەم شـــەهید

بەختیار پێشمەرگەی تیپی سەفین بریندار بوو بردیانە خوارەوە بۆ نەخۆشخانەی مەلەکان، بەڵام لە بەر سەختی برینەکەی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٧ شەهید بوو.

تـــیپی بـــەڕانەتی

بۆ هاوکاری تیپی سەفین و بەرگری لە قۆپی جوانەگا هێزێکی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بە فەرماندەیی عوسمان بانیمارانی گەیشتنە لای پێشمەرگەکانی سەفین، ئەوەش هێندەیتر ورەی پێشمەرگەکانی بەرزتر کرد.

پەلامارەکانی دوژمن بەردەوام بوون تۆپباران و بۆردووومانی کۆپتەر ، شەڕی دەستەو یەخەی نێوان پێشمەرگەو جاش و قوات خاسە بە جۆرێک بوو تەنها نێوانیان داڕێک، بەردێک، ڕکە شاخێک بوو.

کەرتە بەشدار بووەکانی تیپی سەفین لە شەڕی قۆپی جوانەگا پێنج کەرت بوون:

١/ کەرتی جەلال سوورکانی
٢/ کەرتی لادێ شەقلاوەیی
٣/ کەرتی وەستا عەلی
٤/ کەرتی ڕێباز بێرکۆتی
٥/ کەرتی «سیراج»

لە گەڵ دەستەی سەفین مەلا قەرە بـــۆسەیەک

شەڕ لە قۆپی جوانەگا گەرم بوو شەڕی دەستەو یەخە بوو سەعیدی حەمە زیاد بۆ پشتیوانی لە تیپەکانی سەفین و بەڕانەتی گەیشتە سەری جوانەگا، کانییەک لە پێشیانەوە بوو قوات خاسە دەهاتنە سەر کانییەکە بۆ ئاو خواردنەوە، سەعیدی حەمە زیاد بۆسەیەکی لە سەر کانییەکە بۆ دانان ژمارەیەک قوات خاسەی لێکوشتن.

ســـەنگەرو مـــار

پێشمەرگە بە قەمە سەنگەریان هەڵکەند بوو هەتا قایمبێ و بەرگەی تۆپ و لێدانی بەهێز بگرێت.

جەلال سورکانی و ڕەشۆ پونگینەیی لە سەنگەرێکدا بوون ڕەشۆ گوێی لە دەنگێک بوو بە عەرەبی قسەی دەکرد ووتی جەلال کەمێک سەرت نەوی بکە بزانە ئەو دەنگە چییە، جەلال سەیرێکردوو تەقەیلێکردن سەربازێک و ئەفسەرێک کوژران، ناسنامەکانیان دەرهێنا سەر بە لیوای قوات خاسە بوون تۆپێک لە نزیک جەلال و ڕەشۆ دایبە زەویدا بە پەلە چوونە ناو سەنگەرەکەیان، ڕەشۆ تەماشایکرد ماڕێکی گەورە لە ناو سەنگەرەکەدایە، ڕەشۆ هاواریکرد جەلال تەقەی لە مارەکە کردو کوشتی.

شـــەهید بوونی چـــوار پـــێشمەرگە

جەلال سورکانی و ڕەشۆ پونگینەیی کەسووکاریان هاتبوون بۆ لایان چوونە خوارەوە بۆ لای کەسووکاریان چوار پێشمەرگەیتر هاتنە سەنگەرەکەیان.

سەنگەرەکە لە سەرە سوێی تیژە شاخێک بوو لایەکی بە سەر فەقیاندا دەڕوانی لایەکیتر فەوجی جاشی لێبوو بەڵام تەقەیان لە یەکتر نەدەکرد جۆرێک ڕێکەوتنی ڕانەگەیەندراویان هەبوو، کاتێک ئەو چوار پێشمەرگەیە هاتنە سەنگەرەکە جەلال سورکانی و ڕەشۆ ئاگاداریانکردنەوە تەقە لەو فەوجە نەکەن چوونکە هەراسانتان دەکات.

پێشمەرگەکان بە بیکەیسی تەقەیان لە فەوجەکە کرد فەوجەکەش تۆپبارانیانکردن تۆپێک لە سەنگەرەکەیدان و هەر چوار پێشمەرگەکە شەهید بوون، کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید ئازاد هیرانی
٢/ شەهید شاکر بیرکۆتی
٣/ شەهید شێخ جەواد
٤/ شەهید ئاری شەقلاوەیی

بۆ بەیانی قاسم گەروەتەیی بە دوو وولاّخەوە چووە خوارەوە تەرمی چوار شەهید بە سەر وولاّخەکانەوە شەتەک درابوون.

دوای شەهید بوونی ئەو چوار پێشمەرگەیە جەلال سورکانی و ڕەشۆ پونگینەیی سەرکەوتنەوە قۆپی جوانەگا سەنگەرەکەیان پڕ بوو لە خوێن بۆیە سەنگەری تازەیان لێدا.

کـــوشتنی ئـــەفسەرێك و ســـەربازێك

دەنگە دەنگێک دەهاتە گوێ جەلال سوورکانی چووە خوار سەنگەرەکەیانەوە دوو تارمایی لە بەر چاوی دەچوولاّن تەماشایکرد سەرباز بوون پەلاماری جەلالیاندا، حەمە سدیق، سەرکەوت، ڕەشۆ، عەزیز ، عەبۆ لە سەرەوە لە سەربازەکانیاندا ئەفسەرو سەربازێک بوون کوژران، جەلال سورکانی چەکەکانی هێناو سەرکەوتەوە سەرەوە.

جارێکیتر دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی جوانە گایدا پێشمەرگەکانی سەفین تەقەیان لێکردن و شەش سەربازیان کوشت، سەفینی مەلا قەرە، عوسمان بانیمارانی، جەلال سورکانی، وەستا عەلی و هێزەکەی تیپی ٩١ی سەفین لە قۆپی جوانەگا شەڕێکی خوێناوییانکرد بە جۆرێک دوژمن فسفۆرو تێزابی بە سەردا ڕشتن شەهیدێکی زۆریان بەخشی.

سەفینی مەلا قەرە جیهازی بۆ کاک کۆسرەت کرد داوای هێزیکرد، کاک کۆسرەت پەیوەندی بە سەعیدی حەمە زیادەوە کرد یان خۆی یان عوزێر فەقیانی بچن بۆ سەری جوانە گا، عوزێر فەقیانی لە گەڵ ٢٠ پێشمەرگەدا چوونە قۆپی جوانەگا شەڕێکی دلێرانەیان کرد لە گەڵ تیپی ٩١ی سەفین نەیانهێشت سەری قۆپی جوانەگا بگیرێت.

تیپی ١٢ی سۆران لە قۆپی مەڕەکێویان بوون تیپی ٩١ی سەفین لە سەری جوانەگا بوون، ڕەشکی لە سەر حکومەتی عێراقی لێبوو.

تۆپبارانێکی سەخت لە سەر تیپی سەفین بوو، کەرتی حاجی زرار تیپی ١٢ی سۆران چوونە قۆپی جوانەگا، دوژمن دۆشکای ١٤,٥و ١٢,٥ بە کۆپتەر لە ڕەشکی لە سەر دابەزاند بوو، پێشمەرگەکانی سۆران تەقەیان لە هێزەکەی دوژمنکرد.

کـــوشتنی قـــوات خـــاسەیەك

ڕۆژی پێشووتر ئەفسەرێکی دوژمن کوژرابوو، جەلال و ڕەشۆ لە سەنگەردا بوون گوێیان لێبوو قوات خاسەیەک بە هێواشی بانگ دەکات سەیدی ملازم، ڕەشۆ بە عەرەبی ووتی وەرە ملازم لێرەیە، قوات خاسەکە زانی پێشمەرگەن ڕایکرد، بەڵام نەیانهێشت دەرچێت کوشتیان.

لە شەڕی قۆپی جوانەگادا هەزاران گوللە ڕاجیمە و ساروخ و چەکی بەکارنەهێنراو بە سەر جوانەگادا باریندران، دوژمن چەکی کیمیایی لە قۆپی جوانەگا بە کارهێنا، ئەو تۆپانەی کە دەکەوتن دووکەڵی سپییان لێهەڵدەستا دواتر پێشمەرگە زانییان چەکی کیمیاییە.

برسیەتی خەمی بەردەوامی پێشمەرگە بوو، برنجی سووریان لە تەنەکەدا بۆ دەهێنانە سەر شاخ ئەویش چەند ڕۆژێک دەمایەوە لە بەردەم گەرمای هاویندا نەدەخورا.

ڕۆژێک بزنێک لە بەرغەل دابڕابوو ڕێگەی قۆپی جوانەگای گرتبوو پێشمەرگەکانی سەفین گرتیان و سەربانبڕی و خواردیان دواتر زۆربەیان تووشی سکچوون و ڕشانەوە بوون بەوەدا زانییان بزنەکەش کیمیایی بەرکەوتووە یان گژوگیای بەرکەوتووی کیمیایی خواردووە بۆیە تووشی ڕشانەوەو سکچوون بوون.

پەلامارەکانی دوژمن لە ماوەی چل ڕۆژو شەوی شەڕی قۆپی جوانەگادا سەدان پەلامار بوون کەلاکی دوژمن هێندە کەوتبوون قۆپی جوانەگای داپۆشیبوو هێندە سەربازو جاش و قوات خاسە کوژرابوون دۆزەخێک بۆ دوژمن داخرا بوو.

هێزە پەلاماردەرەکانی دوژمن هێندە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک دەبوونەوە تێکەڵ بە یەکتری دەبوون.

پێشمەرگەکان لە ڕێگەی بێتەلەوە گوێیان لێبوو سەربازو جاشەکان بە سەرووی خۆیان دەووت تۆپباران ڕاگرن ئەوەندە لە یەکتری نزیکین ئێمە بەردەکەوین بەڵام تۆپخانەکانی دوژمن تۆپبارانی ڕانەگرت، چەندین جاش و سەربازو قوات خاسە بە تۆپی تۆپخانەکانی خۆیان کوژران.

لە شەڕی چل ڕۆژەی قۆپی جوانەگادا جگە لە تیپی ٩١ی سەفین کە بەردەوام لە شەڕدا بوون تیپەکانی ٨٥ی بەڕانەتی و ١٢ی سۆران و ١٩ی کوڕەک دەهاتن بۆ هاوکارییان، لەو شەڕی چل ڕۆژەدا دەیان پەلامار تێکشکا، دەیان پارچە چەک دەستکەوت بوون ٢٠٠ سەربازو جاش و قوات خاسە کوژران، ١١ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید تەها عەبدوڵڵا یونس (عەریف تەها)
٢/ شەهید جەواد ئەحمەد مەولود (شێخ جەواد)
٣/ شەهید سەمەد وسو ڕەحمان (مامۆستا هەژار)
٤/ شەهید دلێر عەزیز خدر (ڕێناسی موهەندیس)
٥/ شەهید سەلاح مستەفا (سەلاح خوشکانی)
٦/ شەهید عەبدولخالق حەسەن (بەختیار)
٧/ شەهید کەریم عەزیز ڕەسوڵ (هەڤاڵ)
٨/ شەهید محەمەد سالح محەمەد (شاخەوان)
٩/ شەهید شاکر حەمەد ئەمین (شاکر قادیانەیی)
١٠/ شەهید شێرزاد سالح حەسەن (ئازاد هیرانی)
١١/ شەهید هۆشەنگ ئەحمەد (ئاری شەقلاوەیی)

دوای داستانی چل ڕۆژەی قۆپی جوانەگا ئیزگەکە قۆپی جوانەگای ناونا قۆپی شەهیدان.

تـــیپی 86ی دەشـــتی هـــەولێر
کـــلاوقاسم-کلکەی شـــەکرۆک

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە شەڕوو ڕووداوەکانی ئەنفالدا دابەشببوون بەشێکیان لە کلکەی شەکرۆک کلاوقاسم بوون بارەگایان لە بەرەکە دانا.

لە نێوان سیساوا، شێخ مەموودیان، گەرەوان بوون دەیانڕوانییە سەر سیساوا- شەقلاوە، لە ماوەی مانەوەیاندا لە کلکەی شەکرۆک- کلاو قاسم دوو جار هێرشیانکرایە سەر هەر دوو هێرشەکەیان تێکشکاند.

کەرتی ٢، ٣، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هێرش و پەلامارەکانی دوژمنیان تێکشکاند کە هەر پەلاماره ٣٢ کاتژمێری دەخایاند.

هێزێکی پێشمەرگەی دەشتی هەولێر چوو بوونە بادینان لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە گەڵ پێشمەرگەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە کلکەی شەکرۆک کلاو قاسم یەکیانگرتەوە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر ماوەی سێ مانگ لە کلکەی شەکرۆک کلاو قاسم بوون دواتر چوونە دێی ئەشکەوتە، لە گەڵ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا تیپی ٨٦ کشانەوە قەندیل، لە شەڕەکانی قەندیل بەشداریانکردوو دوژمن هێرشیکردە سەریان، شەڕی کەموێنەو دلێرانەیانکرد.

تیپی ٨٦ی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ لە قەندیل و کونە کۆتر بەیەکەوە هاوسەنگەر بوون، لە شەڕەکانی کونە کۆتر تیپی ٨٧ی قەرەچوخ ١٢ شەهیدی قارەمانی بەخشییە کوردستان .

تـــیپی 99ی بـــیتوێن
کـــەپکی حـــەمەداغا

دوای گەڕانەوەی لە خولێکی شەش مانگی لە تارانی پایتەختی ئێران لە سەر بڕیاری کاک کۆسرەت ڕزگار هاودیانی کرایە جێگری تیپی ٩٩ی بیتوێن کە بارەگاکەی لە سکتان بوو.

کـــەپکی حـــەمەداغا

حەفتا پێشمەرگەی تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی ڕزگار هاودیانی چوونە جێگەی تیپی ٩٣ی کۆیە لە کەپکی حەمەداغا شوێنەکانیان لە تیپی کۆیە وەرگرت.

ڕزگار هاودیانی نامەیەکی بۆ برادەرێک نارد خواردن و پێداویستییان بۆ بهێنن، دوای سێ ڕۆژ برادەرەکە بە پشتی دوو وولاخ دوو بار پێداویستی بۆ هێنان کە پێکهاتبوو لە مریشک، تەماتە، باینجان، سەمونێکی زۆر کونە شاخێکی لێبوو تەماتە و باینجانیان تیادا دانا تەماتەو باینجانەکە خوناوی دەکرد هێندە سارد دەبوو کونە شاخەکە ئاوی تیانەبوو بەڵام شێی هەبوو لە بەر ئاژەڵی کێوی نەیاندەوێرا مریشکەکان لە کونە شاخەکە دابنێن.

ئەو بـرادەرەی خواردنەکەی بۆ هێنابوون بە ڕزگار هاودیانی ووت لە مێژە دەزانم تۆ لێرەیت دەمویست بێم بۆ لات، ژمارەیەک سەرباز لێرە کۆژراون ڕژێم داوایان دەکاتەوە ئەگەر ڕێگە بدەن ئێسک و پرووسکەکانیان بۆ دەبەمەوە ڕزگار هاودیانی ووتی بچۆ بیانبەرەوە چی لە ئێسک و پرووسک بکەین.

برادەرەکە هەندێک ئێسکە تەرمی لە گەڵ خۆیدا بردەوە بۆ ڕژێم، تیپی ٩٩ی بیتوێن ماوەی مانگ و نیوێک لە کەپکی حەمەداغا مانەوە.

کۆتایی مانگی ١٩٨٨/٨ بروسکەیەک کرا سبەی بچنە بارەگای ڕێکخراو کۆبوونەوەیە ڕۆژی دوایی چوونە کۆبوونەوەکە کاک کۆسرەت، ملازم عومەر، فەرەیدون عەبدولقادر حەسەن کوێستانی لە کۆبوونەوەکە بوون دوای وەرگرتنی بیروڕای فەرماندە پێشمەرگەکان بڕیاریاندا بەشێک لە هێزەکە بە پارتیزانی بمێننەوەو بەشە زۆرەکەی بچنە سنوورەکان، خول بکەنەوە هێز ئامادە بکەن بۆ گۆڕینی ئەو پێشمەرگانەی بە پارتیزانی ماونەتەوە.

کۆبوونەوەکە کۆتاییهات، بەشێک لە هێزەکە بە پارتیزانی مانەوەو باقی هێزەکە لە قەندیل ئاوا بوون.

چـــالاکی فـــەقیان
پـــشتی فـــەقیان
1988/6/20

لە ناو ڕەزەکانی پشتی فەقیان دوژمن ژمارەیەک سەنگەری لێدابوو ڕۆژانە دەهاتنە ناوی، ئێواران بەر لە تاریکبوون دەگەڕانەوە، دووبارە بەیانی سەردەکەوتنەوە سەنگەرەکان، سەعیدی حەمە زیاد بەرنامەیەکی بۆ لێدانی ئەو جاشانە دانا کە بەیانیان دەچوونە ناو سەنگەرەکان.

مەفرەزەیەک پێکهاتبوو لە:

١/ سەعیدی حەمە زیاد
٢/ عوزێر فەقیانی
٣/ سەردار شەڕکانی
٤/ ئەنوەر ئاکۆیی

٥/ خالید حاجی سەرانەیی
٦/ ئەیوب حسێن حاجی مستەفا
٧/ مام خالید فەقیانەیی
٨/ ئیبراهیم حاجی ڕەشید

مەفرەزەکە شەو چوونە گۆڕ ئاکۆ مالّی سەعیدی حەمە زیاد هەندێک کەلووپەلیان شاردبووەوە، سەعیدی حەمە زیاد شتەکانی دۆزیەوەو ووتی ئینجا وەرن سەرکەوینە سەنگەرەکان، کە هاتن ئێمە لێیان دەدەین و دەکشێینەوە بۆ چەقەری بێرمێ هەشت پێشمەرگەی سەردەمی ئەنفال، هەشت بەور، هەشت بروسکەی سەنگەر، هەشت بەوری چاو تیژی کۆڕەک و دۆلّاکۆ، هەنگاو هەنگاو، شەقاو شەقاو بەڕێکەوتن کاتژمێر دووی شەو چوونە ناو سەنگەرەکان.

هەشت پێشمەرگە بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشبوون،

+ سەعید حەمە زیاد و سەردار شەڕکانی پێکەوە لە سەنگەرێکدا بوون سەعید (BKC) پێبوو.

+ عوزێر فەقیانی و ئیبراهیم حاجی ڕەشید بە یەکەوە بوون، نزیک سەنگەرەکەی سەعیدی حەمە زیاد بوون.

+ خالید سەرانەیی، فەیسەڵ حاجی سالّح، خالید فەقیانی، ئەنوەر ئاکۆیی، لە سەنگەرەکاندا دامەزران، هەر سەنگەرێک (٣٠-٤٠) مەتر نێوانیان بوو.

ئەو شەوە پێشمەرگەکان دەست لە سەر لوولەی تفەنگ بوون چاوەڕێبوون هەتاکو دوژمن سەرکەوێ بە سەرە دەخەوتن و هەڵدەستانەوە، گورگە خەوێک چاوەکانی دەبردنەوە خەو لە ناکاو ڕادەبوونەوە دەبوونە تروسکەی نیوە شەو، ئەو شەوە سەردار هیلاک بوو سەعید حەمە زیاد ووتی تۆ بخەوە من ئێشکگر دەبم دواتر من دەخەوم تۆ ئێشکگربە، سەردار خەوی لێکەوت، سەردار هەستاو سەعید خەوت، سەردار خەوی لێکەوتەوە کاتێک بە ئاگا هاتەوە بەردێکی بەرکەوت، عوزێر فەقیانی و ئیبراهیمی حاجی ڕەشید لە تەنیشتییەوە بوون بەردیان دەگرتە سەردار، ووتیان جاشەکان هاتن، سەردار، سەعیدی حەمە زیادی خەبەر کردەوە،

تەماشایکرد لە خوارەوە چوار کەس سەر دەکەون ئەوەی پێشەوە مزەللییەکی جەیشی شەعبی پێیە، مەخزەنێکی چل خۆری لە سەرە، تاقمێکی لە پشتە هەموو مەخزەنەکانی پلاسکۆن، هێندە نزیکببوونەوە سەردار چڕنوکێکی لە سەعیدی حەمە زیاد گرت ووتی هەستە جاشەکان هاتن.

ئەم دیمەنە هەمان شێوە بە بەرچاوی عوزێرو ئیبراهیم و ئەنوەرو ئەیوب و خالید و مام خالید فەقیانەیشدا گوزەری دەکرد، دیمەنی سەرکەوتنی جاشەکان بێئاگا لەوەی ئێستا نا کەمێکیتر دەکەونە دۆزەخی پێشمەرگەوە.

هەشت پێشمەرگە، هەشت بەلەپیتکەی تفەنگ دابارین بە سەر جاشەکاندا، لە گەڵ نزیک بوونەوەی جاشەکان لە تێکڕای سەنگەرەکانەوە تەقەیانلێکردن، جاشەکان کەوتن تێکڕای جاشەکان کوژران.

بارەگای فەوجی جاشەکان لە بەردەپان بوو، سەعیدی حەمە زیادو سەردار هێرشیانکردە سەریان، سەعیدی حەمە زیاد دوو جار بیکەیسییەکەی وەستا، سەردار بە کلاشینکۆف تەقەیدەکرد هەتا بیکەیسیەکە چاک دەبووەوە، سەعید بە سەردار ووتی کەڵکی نییە با بکشێینەوە بیکەیسییەکە کار ناکات.

پێشمەرگەکان پاشەکشەیانکرد جاشەکان پەلاماریاندان، هەتا گەیشتنە بن چەقەری بێرمێ لە دووری (٥٠) مەترەوە شەڕیان لە گەڵ جاشەکاندا دەکرد.

پێشمەرگەکان بوونە دوو بەش، بەشێک شەڕیاندەکرد بەشێک پاشەکشەیاندەکرد، ئەو قۆڵەی دەگەیشتە شوێنی خۆی تەقەی لە سەر ئەوانیتر دەکرد تا گەیشتنە چەقەری بێرمێ.

سەعیدی حەمە زیاد چووە سەر چەقەری بێرمێ بە بیکەیسی تەقەی لە جاشەکان دەکرد ئەو پێشمەرگانەی لە سەرە سێو بوون کە زانیان شەڕە هاتن بە پیریانەوە لە گەڵ سەعیدی حەمە زیاد تەقەیان لە جاشەکان کردوو لە شوێنی خۆیان وەستاندیانن هەتا پێشمەرگەکانیتر پاشەکشەیانکردوو گەیشتنە سەر چەقەری بێرمێ پێشمەرگەکان شەڕێکی سەختیان لە گەڵ جاشەکاندا کرد، سەرکەوتووانە و بێزیان گەیشتنە چەقەری بێرمێ لەو شەڕەدا (١٥-٢٠) جاش کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

تـــۆڵەی فاروق شـــەڕکانی
نـــێوان کێل کێل و ڕەشـــکێ لە ســـەر
1986/6/20

سەردار شەڕکانی فەرماندەی مەفرەزەی دەستەی سەعیدی حەمە زیاد داوایکرد لە تۆڵەی شەهید فاروق شەڕکانی چالاکییەک ئەنجام بدەن، سەعیدی حەمە زیاد ووتی چەند پێشمەرگەت دەوێت سەردار ووتی سێ:

+ سەردار شەڕکانی فەرماندەی مەفرەزە
+ ئیبراهیم حاجی ڕەشید
+ فەیسەڵ حاجی سالّح ئاکۆیان
+ شەهاب بەردووکی

ڕۆژێک پێش چالاکییەکە مەفرەزەکە چوونە بن ڕەشکی لە سەر بە دووربین تەماشای کانییەکەیانکرد کە بە نیاز بوون چالاکیەکەی لێئەنجامبدەن، بە ووردی جێپێی سەربازەکانیان هەڵگرت چۆن دێنە سەر کانییەکە و چۆن دەڕۆنەوە ڕەشکی لە سەر و کێل کێل.

هەر لەو ڕۆژەدا هەواڵیاندانێ جاشەکان تەرمی شەهید نەجات هەروتەییان لە ژێر دارمێوێکدا خستووەتە ژێر گڵ تا کەسووکاری بێن بیبەنەوە، جەمال هەرووتی و سەعید حەمە زیاد و پێشمەرگەکانیتر بە دوای تەرمەکەدا گەڕان نەیاندۆزیەوە سەعید ووتی ئێوە بمێننەوە کاری خۆتان بکەن منیش دەچمەوە بۆ بەیانی تاکو ئێوە دێن گیسکێک سەر دەبڕم، لە سەر کانی و ئاوو فێنکاوی دێی (بیش) چاوەڕێتان دەکەم.

مەفرەزەکە کاتژمێر (١٢)ی شەو چوونە سەر کانییەکە لە دەوری کانییەکە (دەوەن – تەراش)[٩] ی لێبوو چوونە ناو دەوەنەکانەوە بەرنامەیان دانا، فەیسەڵ و شەهاب بەردووکی لە پاسەوانەکە بدەن ئیبراهیمی حاجی ڕەشید و سەردار لەو سەربازانە بدەن کە دێنە سەر کانییەکە.

[٩] لەو ناوچەیە بە دەوەن دەڵێن تەراش.

سـەربـازەکـان کـە دەهاتنە سـەر کانییەکە پاسەوانیان دادەنـا ئەوانیتریش دەبەکانیان پڕ دەکرد لە ئاو پێشمەرگەکان نۆ کاتژمێرو چارەکێک لە ناو دەوەنەکاندا چاوەڕێیانکرد تا سەربازەکان دێن، کاتژمێر ٩:٣٠ دەقیقەی بەیانی سەربازەکان هاتن دوو پاسەوانیان لە سەر کانییەکە دانا.

سەربازەکان گەیشتنە سەر کانییەکە ئاویان دەخواردەوەو دەموچاویان دەشت پێشمەرگەکان ئامادەبوون هەر چواریان مەخزەنی (حەفتاو پێنجی) یان پێبوو، مەخزەنەکانیان گوللەیەک گڕدار (هەریت)!

گوللەیەک تانک بڕ، گوللەیەک کوێرەیان دانابوو سەردارو ئیبراهیم لە سەربازەکانی سەر کانییەکەیاندا هەر پێنج سەربازەکەیان کوشت.

فەیسەڵ و شەهاب تەقەیان لە دوو پاسەوانەکە کرد یەکێکیان ڕایکرد ئەویتر کوژرا، هەر چوار پێشمەرگەکە تەقەیان لە سەربازە ڕاکردووەکە کرد تا لە چاو وون بوو.

پێشمەرگەکان وێستیان بچنە سەر تەرمی سەربازە کوژراوەکـان، لە کێڵ کێڵ، واروەر، ڕەشکی لە سەر، تەقەیان لە دەوروبـەری کانییەکە کرد نەهێنی مەفرەزەکە بۆ پاشەکشە کردن ڕۆژهەڵات بوو، سەردار ووتی ڕۆژهەڵات بەرەو خوار پاشەکشەیانکرد.

شەهاب بەردووکی کاتی خۆی دوو گوللە بەر هەر دوو قاچی کەوتبوو لە پێشی ئەوانیترەوە دەڕۆیشت کەچی دەیووت سەگبابانە جێم مەهێڵن، دەیزانی ئەگەر خێرا بڕۆن پێشی دەکەون.

پێشمەرگەکان گەیشتنە زارگەلی هێزی دوژمن گەیشتنە سەر کۆسیە، سەردار مەخزەنێکی بە سەردا تەقاندن، چوونە لای سەعیدی حەمە زیاد، سەعید ووتی چیتانکرد، ووتیان تەختمانکردن، سەعیدی حەمە زیاد هەواڵەکەی دایە بێتەلەکانیتر، لە سەرکانی و فێنکاوی (بیش) گیسکێکیان سەربڕیبوو خەریکی نانخواردن بوون، دوای نانخواردن زۆری نەبرد لە دێی بلە بوو بە تەقە، دوژمن تۆپبارانی بلەی خـواروی دەستپێکرد، پێشمەرگەکان خۆیان کۆکردەوەو بەرەو بلەی خواروو ڕۆیشتن.

بەشێک لە پێشمەرگەکان لە (گەری شەڵی)وە گەیشتنە بلەی خواروو، بەشێک

لە ناوەڕاستی بلەوە ڕۆیشتن.

نوری بلەیی و مەلا برایم خەڵکی ئاوایی بلەی خواروو بوون، چوو بوونە پشتی کانی سپیندارەکەو تەقەیان لە هێزەکانی دوژمن دەکرد نەیانهێشت هێزەکانی دوژمن پێشڕەوی بکەن.

سەردار شەڕکانی و مەفرەزەیەک لە بلەی خواروو بوون دووژمن هاتبووە ناو بلە خەریکی سووتاندنی خانووەکان بوو.

سەردار شەڕکانی و حەوت پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن، سەعید حەمە زیاد و عوزێر فەقیانی و ئەنوەر ئاکۆیی بە ناوەڕاستی بلەدا گەیشتنە شەڕەکە، هێزەکانی دوژمن لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا خۆیان ڕانەگرت و هەڵاتن، چەندین سەربازی دووژمن کوژران و بریندار بوون، خوێنی سەربازەکانی دوژمن بە کۆڵانەکانی بلەدا ڕژا بوو، چەندین خودەی سەربازی جێمابوو فیشەکیان بەرکەوتبوو، دوژمن پاشەکشەیانکرد بۆ حەوشی خەندۆرانێ و کێڵ کێڵ.

لە شەڕی بلەی خواروودا چەند خانوویەک سووتان بەڵام خانووەکانیتر لە سووتان ڕزگار کران، مەفرەزەی یەکەم کە گەیشتنە شەڕەکە، ئەم پێشمەرگانە بوون:

١/ سەردار شەڕکانی
٢/ ئیبراهیم حاجی ڕەشید
٣/ کەنعان خرواتانی
٤/ خولە بلەیی
٥/ خالید سەرانەیی
٦/ فەیسەڵ ئاکۆیی
٧/ ئەیوب حاجی مستەفا
٨/ شەهاب بەردووکی

چـــەقەری بـــێرمێ
شـــەهید بوونی ســـەلاح خـــوشکانی
مانگی 1988/6

هەواڵ گەیشت دوژمن پەلاماری (چەقەری بێرمێی) داوە، قارەمانەکانی کۆڕەک بارەگایان لە سەرە سێو بوو، سەعیدی حەمە زیاد ئاگاداری کردنەوە خۆیان ئامادە بکەن تا بچنە شەڕەکە.

سەلاح خوشکانی و مەفرەزەیەک پێشمەرگە لە چەقەری بێرمە بوون دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی دابوون سەلاح خوشکانی شەهید بوو.

پێشمەرگەکانی تیپی کۆڕەک بە فەرماندەیی سەعیدی حەمە زیاد هێرشیانکردە سەر هێزەکانی دوژمن لە چەقەری بێرمێ لە گەرمەی هێرشدا دوژمن تۆپبارانی گۆڕی بێرمێی دەکرد تا ڕێگە لە هەڵمەتی پێشمەرگە بگرێت.

پێشمەرگە بـەردەوام بـوون لە هەڵمەت چوونە چەقەری بێرمێ بە جۆرێک نزیکبوون لە دوژمن ئەمدیواو دیوی گابەردەکان لایەکی پێشمەرگەو لایەکی دوژمن بوو، شەڕی دەستەو یەخە لە نێوان پێشمەرگەو دوژمن دروستبوو، هیچ ڕێگرییەک پێشمەرگەی نەوەستان، دوژمن ڕایکرد وو پێشمەرگە سەرکەوت هێزەکانی دوژمن ڕایانکردە گۆڕ ئاکۆی فەقیان لە ناو فەقیان چەندین کەلاکی دوژمن لە بەردەم پێی پێشمەرگەدا کەوتبوون.

لەم داستانەدا:

١/ سەلاح خوشکانی شەهید بوو

٢/ ئیبراهیم حاجی ڕەشید و شاسوار بریندار بوون

چەقەری بێرمێ دەڕوانێتە سەر دێیەکانی فەقیان و بنمێردە لە گەڵ سەری جوانەگا هاوشانن، هاوینە هەواری سەری سێوو دۆڵی مەلەکان بەیەکەوە گرێدەدات.

ســـەری جـــوانـەگا – ڕەشـــکی لەســـەر

تیپی تایبەتی مەڵبەندی سێ بە فەرماندەیی سمایل وەرتێ و تیپی مەڵبەندی دوو بە فەرماندەیی مستەفا سەرگەڵوویی و تیپی ٤٩ی ساراچوونە جێگەی عەبدوڵڵا

بۆر لە گاوێ ساریێ و کۆلکی داوەری ، بۆ ئەوەی تیپی ١٢ی سۆران بچنە سەری جوانەگا . تیپەکانی مەڵبەندی دوو و سێ داوایانکرد کاک ڕێبین ئەو شەوە لایان بمێنێتەوە تا زانیاریان لەسەر شەڕگەکە بداتی چونکە ئەوان شارەزای ناوچەکە نەبوون. ئەو شەوە ڕێبین سۆفی مایەوە عەبدوڵڵا بۆر و هێزەکەی هاتنە خوارەوە بۆ بارەگایەکی تیپ کەلە ئەشکەوتی بەرگێرێ بوو بە دەم ڕێگاوە هاتنە گەڕەوانی سەرو و عەبدوڵڵا بۆر هەندێک هەڵوژە و سێوی لە درەختەکان کردەوە و خواردی، میوەکان کاریگەری کیمیاویی لەسەر مابوو بۆیە عەبدوڵڵا بۆر بە خواردنی هەڵوژە و سێوەکان تەندروستی تێکچوو دەبوو بۆ بەیانی بچێتە سەری جوانە گا ، جەمال یاریدەدەری پزیشک بوو ووتی تایەکی بەرزت هەیە پێویستت بە پشوو هەیە ، ڕێبین سۆفی بۆ بەیانییەکەی هاتە گەڕەوان ووتی تۆ تەندروستیت باش نییە من لە جێگەی تۆ دەچم بەڵام عەبدوڵڵا بۆر رازی نەبوو. بەیانی ڕۆژی دووەم وولاخێکیان بۆ عەبدوڵڵا بۆر هێناو بەڕێکەوتن ڕێگەیەکی هەوراز بوو هەر دوو سەد مەترێک دوورکەوتنەوە وولاخەکە کورتانەکەی شل بوەوە بە پشتەوەدا دەخزییە خوارەوە ، عەبدوڵڵا بۆر لە وولاخەکە دابەزی قەناسەکەی خستە سەر شانی تا سەر ئاوی(گوێزرینگ) نەوەستا لەوێ خۆیدایە بەر ئاوی ساردو سازگاری گوێزرینگ فێنک بوەوە و تاکەی نەما ، دوای ئەوەی تاکەی دابەزی بە کۆڵانە سورکەیدا سەرکەوتن چوونە سەرە سێو لەوێ خواردنێکی باشیاندانێ دوای نان خواردن بەرەو سەری جوانەگا بەڕێکەوتن گەیشتنە ئەوێ و تیپی (٩١) سەفینیان بەدلکرد. سەرەتا تۆفیق عەزیز (شوانۆ)سەرکەوتە سەری جوانە گا تا هێزەکەی سەفین بەدل بکات و خاڵەکانی بەرگری دیاری بکات . کە عەبدوڵڵا بۆر گەیشتە سەری جوانە گا کاک سەفین دابەزیبوو بەڵام هێزێکی کەم لەگەڵ جەلال سوورکانی مابوونەوە تا تیپی سۆران دەچنە ئەوێ. جەلال سۆرکانی بە عەبدوڵڵا بۆری ووت سەنگەرەکانم نیشانی شوانۆ داوە پێویست دەکات نیشانی تۆی بدەمەوە عەبدڵڵا بۆر ووتی ئەگەر بتوانیت باشترە، جەلال سوورکانی دووبارە شوێن و سەنگەرەکانی نیشانی عەبدوڵڵا بۆر دایەوە تیپی ٩١ سەفین شەڕی گەورەو قارەمانانەیان لە سەری

جوانە گا کردبوو ژمارەیەک شەهیدیان بەخشیبوو ڕۆژی دواتر جەمال بۆ زانینی تەندروستی عەبدوڵڵا بۆر هاتە سەری جوانە گا بەڵام عەبدوڵڵا بۆر تەندروستی زۆر باش بوو دوای مانەوەی چەند ڕۆژێک لە سەری جوانە گا و جێگیر کردنی هێزەکەی تیپی سۆران بارەگایەکی خەلفی تیپەکەیان لە گەرەقەتراو دانا هێزەکەیان کردە سێ بەشەوە هەر بەشەی ١٠ ڕۆژ دەمانەوەو یەکتریان دەگۆڕی، ڕۆژێک عەبدوڵڵا بۆر بۆ ئیشی پێویست دابەزییە بارەگای تیپ ئەو هێزەی لە سەری جوانە گا بوو لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندیان بە عەبدوڵڵا بۆرەوە کرد ووتیان لە ڕەشکی لەسەر جموجۆڵ کەم بووە بۆچی هێرش نەکەینە سەری و بیگرین عەبدوڵڵا بۆر ووتی ئەگەر دەزانن بۆتان دەگێڕێتەوە بیگرن شوێنێکی ستراتیجییە و سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت.

ژن

ڕۆژێک پێشمەرگەیەک لە خوارەوە سەردەکەوتەوە ڕەشکی لەسەر پێدەکەنی ووتیان بەچی پێدەکەنی ووتی ژنم دیتن ژن، ژمارەیەک جاش کوژرابوون کەسووکاریان هاتبوون تەرمەکەنیان بەرنەوە ئەو پێشمەرگەیە بینیبوونی ژنیان لەگەڵدایە پێدەکەنی و دەیووت ژنم دیت ژن.

ڕێبین سۆفی

دوای ئەوەی لەشەڕەکانی تیپی ئاکۆیان بەشداریکردوو مایەوە تا لە پەلاماریکی دوژمندا گەمارۆدران کاک کۆسرەت هاتە سەرە سێو لەڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندیکرد بە ڕێبین سۆفییەوە و ووتی پاشەکشە بکە چوار دەورتان گیراوە بۆچی پاشەکشەتان نەکردوە ڕێبین ووتی ئەمرم پێنەبوو بکشێمەوە ، ڕێبین هاتە فەقیان دوژمن دووجار پەلاماری فەقیانیداو شکاندیان. پێشمەرگە ڕووی لە کزی بوو ڕێبین سوفی و هەڵمەتە ڕەش بە تەنها مانەوە کشانەوە نێوان فەقیان و بنمێردە دواتر هاتنە سەری جوانە گا بۆ لای عەبدوڵڵا بۆر تیپی ١٢ سۆران لەو ماوەیە دا شەهید و بریندارى زۆری بەخشی تیپەکە (١١٨) پێشمەرگە مابوونەوە

گـــرتنی ڕەشـــکی لە ســـەر
1988/7/13

کەرتێکی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حاجی زرار گەرەوەیی چوونە شوێنی تیپی ٩١ی سەفین لە سەری جوانەگا، بەڵام دوژمن زۆر لێیان نزیکبوو، ئەو ماوەیە تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حاجی زرار لە سەری جوانە گا بوون لە دەرفەتێک دەگەڕان لە دوژمن بدەن هێزەکەی دوژمن لە ڕەشکی لە سەر هەڵکەنن.

گـــرتنی ڕەشـــکی لە ســـەر

ڕۆژێک هێزەکەی دوژمـن لە ڕەشکی لە سـەر دەگـۆڕدران هێزیتر دەهاتنە شوێنیان لەو ئاڵوگۆڕەدا کەرتەکەی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حاجی زرار بە هەلیانزانی هەڵمەتیانبردە سەر ڕەشکی لە سەرو لە دەست دوژمن دەریانهێنا لە ماوەی نیوکاتژمێردا ڕەشکی لە سەر ئازاد کرا دوژمن کوژراوو بریندارى زۆری هەبوو.

ئەو پێشمەرگانەی ڕەشکی لە سەریان ئازاد کرد:

١/ حاجی زرار فەرماندەی کەرت
٢/ ئەیوب خالید
٣/ حەسەن موخلیس
٤/ مام زرار
٥/ عزەت فەقیانەیی
٦/ جەبار سلیمان
٧/ ئیبراهیم یەزیدی
٨/ ئازاد ئاکۆیی

ڕەشکی لە سەر گڕوو دووکەڵی لێهەڵدەستا بە گوللەی تۆپ سوور دەبووەوە خـاک و خۆڵی گڕگرتووی لوتکەو بنارو زنـاری جێگە تـۆپ و جێ سەنگەری پێشمەرگە بوو.

دوژمن پەلامار دوای پەلامار دەیویست ڕەشکی لە سەر بگرێت، نیوەڕۆیەک

هێزەکانی دوژمـن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە ڕەشکی لە سەر پێشمەرگەکان دابەشبوون، حاجی زرارو چەند پێشمەرگەیەک لە لوتکەی ڕەشکی لە سەر بوون.

عەبدوڵڵا بۆرو هێزێک لە ناوەڕاستی لوتکەکە بوون حاجی حارس و حەسەن عەولا لە خوارتر بوون کاتژمێر (١٠)ی شەو دوژمن پەلاماری دەستپێکرد پێشمەرگە لێیاندان و تارومارياں کردن، کەلاکی زۆریان پێجێهێڵان، هێزەکانی دوژمن هەمان شەو چەند جارێک پەلاماری سەنگەرەکانی ڕەشکی لە سەریاندا.

ئەو هەشت پێشمەرگەیە بە شێوەیەکی ووردو ژیرانە بە پێی (غەشی عەسکەری) گەڵای داریان لە خۆیان بەست و لە ڕەشکی لە سەر نزیکبوونەوە، هێزەکانی دوژمن کە پەلاماریان هێنابووە سەر ڕەشکی لە سەر ڕایانکرد، ڕەشکی لە سەر لە ژێر پەلاماری دوژمن دەرهێندراو ئازاد کرا.

لە گەڵ تێکشکاندنی پەلاماری دوژمن و ئازاد کردنەوەی ڕەشکی لە سەر لە ڕێگەی بێتەلەوە (عەبدوڵڵا بۆر) یان ئاگادار کردەوە لە تێکشکاندنی پەلاماری دوژمـن، عەبدوڵڵا بۆر بە هێزێکەوە هاتە لایان دەست خۆشیلێکردن لە هەمان کاتدا کاک کۆسرەت پەیوەندی پێوەکردن و دەستخۆشیلێکردن لەو شەڕەدا حاجی حارس، مام فەتاح، باپیر گەزنەیی بریندار بوون.

لەگەڵ ئازادکردنی ڕەشکی لە سەر پێشمەرگەکانی سەری جوانەگا هاتنە لای پێشمەرگەکانی ڕەشکی لە سەر کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١/ مستەفا ئەحمەد گەرەوەیی
٢/ خالیدە بۆر
٣/ کەریم عەبدوڵڵا سەر ڕەش
٤/ مامۆستا هاوکار
٥/ دکتۆر جەمال
٦/ کاکە ڕەش ڕەواندزی
٧/ قادر خالید لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەیتر

پێشمەرگەکانی سۆران لە ڕەشکی لە سەر مانەوە سەنگەرەکانیان قایمکرد دوژمن چەندین جار پەلاماری ڕەشکی لە سەری دایەوە بەڵام تێکڕای پەلامارەکان تێکشکان.

لە گەڵ پەلامارەکانی دوژمن بۆ ڕەشکی لە سەر عەبدوڵڵا بۆر فەرماندەی تیپی ١٢ی سۆران لە گەڵ هێزێک گەڕایەوە ڕەشکی لە سەر چەندین پەلاماری دیکەی دوژمنیان تێکشکاند، تۆپخانەکانی دوژمن لە شەقڵاوە، دەشتی هەریر، کۆڕەک، ڕەواندز تۆپبارانی ڕەشکی لە سەریان دەکرد.

هەڵوێستی کاک کۆسرەت سەبارەت ڕەشکی لە سەر

دوژمن باوک و برای دوو شەهیدی ناردبوو بۆ لای کاک کۆسرەت هەتا ڕەشکی لە سەر چۆڵ بکەن و بیدەنە دەست ئەوان لە بەرانبەردا خواردن و تەقەمەنییان بۆ بنێرن.

کاک ئیبراهیم باوکی شەهید فاروق شەڕکانی، کاک هەمزە برای شەهید تەلعەت شەڕکانی هاتبوونە لای کاک کۆسرەت تا پەیامەکەی دوژمنی پێبگەیەنن.

کاک کۆسرەت ڕوویکردە کاک برایم ووتی تۆ چیت پێباشە، برایم ووتی من بەردێکی ئەم نیشتمانە بە هەموو سەروەتی بەعس ناگۆڕمەوە کاک کۆسرەت پێیووتن کەواتە برۆن بە دوژمن بڵێن ئێمە ئامادەی شەڕین ڕەشکی لە سەر تەسلیم ناکەین.

پەلاماری بەردەوام

دوای تۆپبارانی قورس و بەردەوام دوژمن پەلاماری یەک لە دواییەکی دەکردە سەر ڕەشکی لە سەر جاش و سەرباز لە چیای کوڕەک و گەروی بیجان و کێڵکێڵەوە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندەدا بەڵام تیپی قارەمانی سۆران بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر پەلامارەکانیان تێکشکاند.

شـــەهید بوونی حـــاجی زرار
1988/7/31

لە گەرمەی تۆپبارانی دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە (حاجی زرار) فەرماندەی زەبر قورسی سۆران و دۆلاکۆ هەڵۆی لوتکە بەرزەکانی نیشتمان شەهید بوو بردیانەوە زێدی لە دایک بوونی.

تۆپبارانێکی سەخت بوو خالیدە بۆرو ئەیوب خالید بەیەکەوە گەیشتنە ئەو سەنگەرەی حاجی زراری تیا دامەزرابوو، حاجی زرار بە پارچەی تۆپ شەهید بوو.

تۆپی دەبابە لە حاجی زراری دابوو شەهیدی کردبوو خالید چووە سەرتەرمەکەی هەناسەی تیا نەمابوو تەرمەکەیان خستە ناو بەتانییەکە بردیانە ناو ئەشکەوتێک، ناردیان وولاخیان بۆ هات سەعیدی حەمە زیاد دوو شارەزای لە گەڵ ناردن تەرمەکەیان هێنایە گەرەوانی سەروو، گەرەوان چۆڵبوو، خالید ئەیوب و حەسەن موخلیس، خالیدو ڕەشیدی ئامۆزای حاجی زرار لە گەڵ تەرمەکە بوون، گەرەوانی سەروو ڕووخا بوو چۆڵبوو تەرمەکەیان شت و لە گۆڕستانی (داک ئایشێ) لە گەرەوان بە خاک سپێردرا.

شەڕی ڕەشکی لە سەر بەردەوام بوو تا کۆتایی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە ڕەشکی لە سەر لە دەستی پێشمەرگەدا مایەوە.

بـــروسکە و پـــاشەکشە

ئێوارەیەک بروسکەیان بۆ عەبدوڵڵا بۆر کرد بەیانی لەگەڵ ڕێبین بچن بۆ کۆبوونەوە ، عەبدوڵڵا بۆر وەڵامیدایەوە هەر یەکێکمان دێین ووتیان نەخێر دەبێت هەردووکتان بێن کۆبوونەوەیەکی چارەنووسسازە ناکرێت هەریەکێکتان بێن. کاتژمێر چواری بەیانی عەبدوڵڵا بۆر بە ئازاد ئاکۆیی ووت بە کەس نەڵێی ڕۆیشتوون من و کاک ڕێبین بە نهێنی دەڕۆین با پێشمەرگە نەزانن ڕۆیشتووین عەبدوڵڵا بۆر و ڕێبین سۆفی ڕویشتن بۆ کۆبوونەوەکە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری پاشەکشە درا .

دوو ویـــــــنە

دوای ئەوەی عەبدوڵڵا بۆر و ڕێبین سۆفی بەرەو کۆبوونەوە ڕۆیشتن .

*کەلێنە بەردێک زۆر فێنک بوو ڕۆژانە پێشمەرگە دەچوونە ناو کەلێنە بەردەکە پشوویاندەدا تۆپی دەبابە لەناوەندی کەلێنە بەردەکەیدابوو ئەگەر پێشمەرگەی تێدابوویا پارچە پارچەی دەکرد.

*لەپێش ئەشکەوتی ڕەشکی لەسەر بەردێکی گەورەی لێبوو نیوەی ڕۆژان عەبدوڵڵا بۆر لەسەر ئەو بەردە جیهازی دەکرد تۆپێک لە ناوەراستی بەردەکەیدابوو لەناو ئەشکەوتەکە حەوت کەسی بریندار کردبوو.

عەبدوڵڵا بۆر و ڕێبین سۆفی لە کۆبوونەوەکەدا گەرانەوە لەڕێگا زانیان تۆپ لە ئەشکەوتەکەی داوە بریندار هەیە لە دوای دانانی ئەو هێڵە بەرگرییەی لە خانۆ تا ڕەشکی لەسەر درێژدەبوەوە لەگەڵ ئەوەی رژێمی عێراق بۆ ماوەی سێ مانگ بە تۆپبارانی چڕ و بۆردوومانی فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر هێزی زەمینی و هەموو جۆرە چەکێک پەلاماری ناوچەکەیدا بەڵام نەیتوانی لەوە زیاتر بێتە پێشەوە ئەوەش بە ئازایەتی و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگە و پشتگیری بەدیهات کەلەو پێناوەدا چەندین شەهید و بریندارییان بەخشی , بۆیە جیاواز لەهەموونەو ناوچانە ڕووبەڕووی شالاوی ئەنفال بوونەوە رژێم نەیتوانی ئەو سنوورە بە شەڕ داگیر بکات تا ئەو کاتەی سەرکردایەتی بڕیاری پاشەکشەی هێزەکانیدا لە ماوەی شەڕەکانی ناوچەکەدا سەرچاوەی یەکەمی دابینکردنی پێداویستی و خواردەمەنی خەڵکی دێهاتەکانی ناوچەکە بوون ڕێکخستن و تێکۆشەرانی (ی.ن.ک) بوون کە هاوشانی ئیدارەی شەڕگەکانی پێشمەرگە کۆمەکیان بە پێشمەرگە دەکردوو نان و ئاویان بۆ دابیندەکردن.

لەگەڵ پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەدا بەشێک لە خەڵکی ناوچەکە ڕوویان لە ئێران کرد بەشێک تەسلیم بە رژێم بوون و ئەنفال کران هێزی پێشمەرگەش بەرەو سنوورەکان بەڕێکەوتن .فەتاح قادر ناسراو بە خاڵ فەتاح پێشمەرگەی قارەمانی ناوچەکە لە زینی گەڕەوان ماڵەکەی خۆی سوتاندوو ووتی با دوای ئێمە نەکەوێتە

دەست ئەنفالچییەکانی بەعس دوای ئەوەی بڕیاری پاشەکشە درا هێزی پێشمەرگە بەرەو قەندیل بەڕێکەوتن و تیپی ١٢ی سۆران بەپێی پلانێکی داڕێژراو لە رەشکی لەسەرەوە بۆ زینی گرەوان و ساوسێوەکان، گەرووی مەنجەڵ پاشەکشەیان کرد، تا گەیشتنە گەرووی مەنجەڵ دوژمن بەردەوام تۆپبارانی هێزەکەیدەکرد لە گەرووی مەنجەڵەوە داگەڕانە وەرتێ ملازم عومەرو کاک کۆسرەت کۆبوونەوەیان پێکردن ووتیان ئەم شەو حسابی پێشمەرگەتان بۆ ناکەین حسابی عەسکەرتان بۆ دەکەین یەک کەس نابێت بڵێ ئەوە دەکەم ئەوە ناکەم ڕێگە گیراوە دەبێت بیکەینەوە ئەمشەو دەبێت بپەڕێینەوە دۆڵی باڵەیان، لەوەرتێ بەرەو گرتکە و دیلمان و چومساک بە ڕێکەوتن ڕێگە نەگیرابوو هێزەکان بەرەو زەنگەڵێن جووڵان لەوێوە گەیشتنە سەر شێخان لەسەر شێخان کاک کۆسرەت ناردی بە دوای عەبدوڵڵا بۆر دا داوای لێکرد، هێزێک ئامادە بکات عوزێر فەقیانی لەگەڵ هێزەکە بنێرێت بۆ سەر شاخی کونە کۆتر ، عەبدوڵڵا بۆر ووتی من دەچم کاک کۆسرەت ووتی تۆ مەچۆ لەو کاتەدا فرۆکەکانی دوژمن بارەگاکانی پێشمەرگەیان لەسەر شێخان بۆردوومانکرد زۆرێک لە سەرکردەکانی یەکێتی لەوێ بوون. عەبدوڵڵا بۆر هێزەکەی ئامادە کردوو بە فەرماندەیی عوزێر فەقیانی بەرەو کونە کوتر بەرێکەوتن دوای ئەوە جارێکیتر فرۆکەکانی دوژمن هاتنەوە و بۆردومانی بارەگاکانی پێشمەرگەیانکرد لەسەر شێخان بەمجۆرە تیپی ١٢ی سۆران بەفەرماندەیی عەبدوڵڵا بۆر لە ماوەی سێ مانگ شەڕو بەرگری و هێرشدا لە شاڵاوەکانی ئەنفالی (٥-٦-٧) ە شەڕەکانی کونە کۆتر و دواتر چەکوش و سادر لە ساڵی ١٩٨٩ رۆڵی گەورەیان بینی.لەسەرەتای شەڕەکانەوە تا کۆتایی لە سنوورەکەدا تیپی ١٢ی سۆران ١١ شەهید و ٤٥ بریندارییان هەبوو یەکەم شەهید خدر حسێن ئاکۆیی بوو کەلە ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٨٨ لە پشتی کەڕەک شەهید بوو ، دوا شەهیدیش کەریم عبدوڵڵا سەر ڕەش بوو کە لە شاخی کونە کۆتر شەهید بوو.

ناوی شەهیدکان

١-هاڕێ پۆلا: لە شەڕی کێل کێل شەهید بوو.

٢-حاجی زرار : لە ڕەشکی لەسەرشەهید بوو.

٣-عەلی حسێن : لە شاخی پێبۆ شەهیدبوو.

٤- خدر حەسەن ئاکۆیی: لەگەلی کەڕەک شەهید بوو.

٥-جەلال حەسەنە لاو : لەقۆپی مەڕەکێویان شەهید بوو.

٦-سلاح حاجی عەلی(هێزی پشتگیری):لە چیای هەندرێن شەهید بوو.

٧-عەزیز شێخ محمد عزیز ناسراو بە عەزیز شێخۆ : لە چیای هەندرێن شەهید بوو.

٨- سلێمان وەستا ئەحمەد: لە گەرە نار شەهید بوو.

٩-فاروق ئیبراهیم شەڕکانی : لەدێی فەقیان شەهید بوو.

١٠-جەرجیس محمد غفور ناسراو بە زریان: لە چیای هەندرێن شەهید بوو.

١١- کەریم عبدوڵڵا سە ڕەش : لە چیای کونە کۆتر - بناری قەندیل شەهید بوو.

شـــــەڕەکانی مەڵبەندی سێ تیپی 21ی کـــەرکوك شـــەڕی کەژۆست- بـــێرمکە

کاک کۆسرەت، کاک فەرەیدون، ملازم عومەر، لە گەڵ فەرماندە تیپ و کەرتەکان کۆبوونـەوە، دوای گفتوگۆکردن لە سـەر هەلوومەرجی کوردستان و هێزی پێشمەرگە و دۆخی شەڕگەکان، داوایان لە تیپەکان کرد کێ لە گەڵیان دەمێنێتەوە، کێ نامێنێتەوە.

تیپی ٢١ی کەرکوک وتیان ئێمە دەمێنینەوە، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا وەحـدات، دروووسـت بکەن، مام ڕۆستەم، سیروان کوێخا نەجم، وەستا سابیر ئامادەبوون بچنە خوارەوە و وەحدە و مەفرەزەی پێشمەرگانە دروووستبکەن، ئەوان ڕۆیشتنە خوارەوە بۆ سنووری کەرکوک، ڕەوەند مەلا مەحموود مایەوە.

ڕەوەنـد مەلا مەحموود لێپرسراوی شەڕگەی بێرمکە- کەژۆست بـوو، کاک کۆسرەت بروووسکەیەکی بۆ کرد بچێتە مەڵبەند.

ڕەوەند چووە مەڵبەند، کاک کۆسرەت باسی شەڕگەکەی بۆ کردن کە دەبێت وریا بن ئەو شەڕگەیە نەشکێ ڕەوەند ووتی ئێمە بەرگەی ئەو شەڕە ناگرین.

کاک کۆسرەت ووتی ئەگەر زانیمان بەرگە ناگرین خەڵکی بە کوشت نادەین با وەحداتەکان دروووست بکەین.

دوای کۆبوونەوە لە گەڵ کاک کۆسرەت ڕەوەند گەڕایەوە کەژۆست پەلاماری دوژمن بۆ سەر گەرەوان دەستپێکرد، کەرتەکەی ڕەوەند ٤٥ پێشمەرگەی مابوو، سابیر خلە گەڕی شەهید ببوو دوای گەڕانەوەی ڕەوەند لە دەوری تاران کرایەوە فەرماندەی کەرتەکە.

شەڕ لە گەڕەوان گەرم بوو کاک کۆسرەت بروووسکەیەکی بۆ ڕەوەند کرد(فریای گەڕەوان بکەون).

ڕەوەند مەلا مەحموود لە گەڵ ٤٥ پێشمەرگە چوونە گەرەوان لە سەر جادەکە دامەزران، هێزەکانی دوژمن پەلاماریاندان، پێشمەرگەکانی کەرکوک بەرگرییەکی کەم وێنەیانکرد.

دوو فڕۆکە هاتنە سەر گەرەوان بە بۆمبی کیمیایی لە پێشمەرگەیاندا، لە پەنا هێزەکەی کەرکوک دۆڵێکی قوڵ هەبوو دەچووەوە ڕەواندز کیمیاییەکە دادەبەزیە ناو دۆڵەکەو دەنیشت چەند پێشمەرگەیەک بە گازی کیمیایی بریندار بوون.

ڕەوەند مەلا مەحموود بروسکەیەکی بۆ کاک کۆسرەت کرد (ئەم شەڕگەیە بەرەو شکست دەچێت بە من ناپارێزرێت هۆکارەکەشی ئەوەیە شارەزای ناوچەکە نیم) کاک کۆسرەت وەڵامی بروسکەکەی دایەوە (هێزێکت بۆ دەنێرم تۆ بگەڕێرەوە شوێنی خۆت) هێزەکەی کەرکوک گەڕانەوە کەژۆست.

بەیانییەک دوژمن هێرشیکردە سەر کەژۆست تەقەیان لێکردن و گەڕانەوە، هێرشەکە هەر بۆ مەشغوڵ کردن بوو، بەردەمی سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کەژۆست مین ڕێژ کراو بوو بەڵام دوژمن نەگەیشتە مینەکان[١٠]

مەڵبەندی (٣) بڕیاری پاشەکشەی دابوو بەڵام هێزەکەی کەرکوک لە کەژۆست ئاگادار نەبوون ئەو ڕۆژەی مەڵبەندی (٣) بڕیاری پاشەکشەیدا هێزەکەی کەرکوک لە کەژۆست هێرش کرایە سەریان، هێزەکانی دوژمن دەیانویست کەژۆست بگرن تا ڕێگە لە پاشەکشەی هێزەکەی مەڵبەندی (٣) بگرن.

مەڵبەندی (٣) هاتبوونە مەلەکان کاک کۆسرەت پرسیاری کردبوو کێ لە شەڕگەکەیە ووتبوویان ڕەوەند، ڕەوەندیان ئاگادار کردەوە بچێتە دۆڵە ڕەقە لەوێ عوسمان بچکۆل چاوەڕێی دەکات، بە بێرمکەدا سەرکەوێت و بڕوات.

بروسکەیەک بۆ ڕەوەند کرا بە زووترین کات پاشەکشە بکات تۆپبارانێکی سەختیان لە سەر بوو، تا بە ناو گڕو دووکەڵی تۆپباراندا هێزەکانیان کۆکردەوە کاتژمێر بووە (٥)ی ئێوارە، هێزەکەی کەرکوک هاتنە دۆڵە ڕەقە وتیان کاک کۆسرەت وتوویەتی بچێتە گوڵان عوسمان بچکۆل چاوەڕێتان دەکات.

عوسمان بچکۆل دیار نەبوو، بەرە بەیان بە نەشارەزایی بە بێرمکەدا سەرکەوتن گەیشتنە سەر شاخ تۆپبارانێکی سەخت کران (٥) پێشمەرگە بریندار بوون، لە سەر

١٠ ڕەوەند مەلا مەحموود لە تاران خولی بینیبوو شارەزای دانانی (مین) بوو پێش سەنگەرەکانی کەژۆستی مین ڕێژ کردبوو تا دوژمن نەتوانێ سەرکەوێت.

شاخ هاواری مام عەبدوڵڵایان بینی لە گەڵ خێزانەکەیدا بوو ڕەوەند ووتی هاوار چیدەکەیت لێرە، هاوار ووتی پێشەوەتان پڕە لە جاش من لە ترسا گەڕاومەتەوە، جارێکیتر گەڕانەوە دۆڵە ڕەقە، جاشەکانی هەباساغا پشتەوەیان لێگرتن.

ڕەوەند نامەیەکی بۆ سواراغا نووسی دۆخەکەی بۆ شی کردبووەوە داوایلێکردبوو هیمەتێکی کوردانە بکات و دەربازیان بکات، هەژار کانیمارانی، مامۆستا باپیر، کاک شۆڕش بە هەمان شێوە لە هەولّدا بوون لە گەڵ سواراغادا.

ماوەی شەوو ڕۆژێک مانەوە زۆر برسییان بوو سواراغا خەڵکی بۆ ناردن، محەمەد چاوشین، دلێر، براکانی دلێرو محەمەد چاوشین، عبدالڕەحمان خەڵکی نۆرە بوون کەسووکاری یەک بوون بردیانن ناو ئەشکەوتێک لە بناری چیای ماکۆک، بریندارەکانیان تەسلیمی حیزبی دیموکرات کرد، هەموو ڕۆژێک خواردنیان بۆ زیاتر لە (١٠٠) کەس لە پێشمەرگە و خێزان و کەسووکاری پێشمەرگە دەهێنایە ماکۆک و دەیانپاراستن، ماوەی (٩) ڕۆژ لە بناری ماکۆک مانەوە دواتر ڕێگەیان بۆ کردنەوەو هاتنە بناری کۆسرەت.

لە گەڵ پەڕینەوەیان بۆ بناری کۆسرەت هاتنە قەمتەران، لە قەمتەران ڕۆژ بووەوە، لە پشتی قەمتەران دێیەکی لێبوو ڕووخابوو، چوونە ناو دێ ڕووخاوەکەوە لە ناو پاشماوەو کەلاوەی خانووە ڕووخاوەکاندا خۆیان پەنا دابوو لە ناکاو پیاوێکی بە تەمەن و دوو ژن هاتن خەرمانیان بە با دەکرد، کاتژمێر گەیشتە (٥)ی ئێوارە کاک ڕەوەند بانگی پیاوەکەیکرد، کاتێک چاویان بە پێشمەرگەکان کەوت سەریان سووڕما ووتیان ئێوە چیدەکەن لێرە، ئێوارەکەی بەرەو بناری کۆسرەت ڕۆیشتن.

شـــەهید بوونی چـــوار پـــێشمەرگە- حزبی شـــیوعی

ڕەوەند مەلا مەحموود و هێزەکەی لە گەڵیدا بوون چوونە بناری کۆسرەت لەوێ ڕۆژیان لێهەڵهات لە بناری کۆسرەت خۆیان پەنادا تا دەمەو ئێوارە.

هێشتا دوانیوەڕۆ بوو بینیان کۆپتەر لە خدران دەسووڕێتەوە، دەمەو ئێوارە بناری کۆسرەتیان جێهێشت و گەیشتنە خدران بە سەر لاشەی بە خوێن سووربووی

چوار پێشمەرگەی حزبی شیوعیدا کەوتن، کۆپتەرەکانی دوژمن ئەو ڕۆژە لە خدران چوار پێشمەرگەی حزبی شیوعیان شەهید کردبوو.

کاتێک پێشمەرگەکانی یەکێتی گەیشتنە سەریان لە ناو خوێنی خۆیاندا کەوتبوون تاقم و تفەنگیان کەوتبوو هەر لەوێ کردیانن بە ژێر خۆڵەوە و جێیانهێشتن.

هێزەکەی یەکێتی کرایە دوو بەش، بەشێکی لە بناری کۆسرەت مانەوەو بەشەکەیتریش گەڕانەوە ناوچەکانی کەرکوک.

شـــەڕی هەڵەموند، گـــەرووی مـــەنجەڵ
زنـــجیرە چـــیای کـــاروخ
1988/8/8-1988/5/23

دوای پەلامارێکی گەورەو بەرفراوان لە ژێر ناوی ئەنفال کە سەرەتاکەی لە دۆڵی جافەتی سەرگەڵوو بەرگەڵوو، دووکان و شارستێن دەستپێکرد تێکڕای ناوچەکانی کوردستانی بە گەرمیان و کوێستانەوە گرتەوە تا شەڕ گەیشتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەڵبەندی «٣» هەر لە زنجیرەی (کاروخ) و کێل کێل تا کۆتا شەڕەکانی کونە کۆترو قەندیل.

کاروخ چیایەکی بڵندو سەر بە تەم و ڕووتەنە سەدان لووتکەی گەورەو بچووک، گەروو ئەشکەوت، هەورازو نشێو، گەروو شاخی یاخی و سەختی لە خۆگرتووە، ئەو چیا سەرکەشە دڵگیرو سەر بە تەمە هەمیشە پشت و پەنای تێکۆشەران و جوامێرانی کورد بووە لە بنارەکانی چیای کاروخ دا کوێستانی مەکێ و وەرتێی دڵگیر ڕاکشاون، چیای سەرکەشی قەندیل و زنجیرە بڵندەکانی هاوشانی لە بەر چاوی بینینی کاروخدا لوتکەی سەر بە تەم و لە هەورگیر بوون.

هێزەکانی دوژمن خۆیان ئامادەکردبوو بۆ پەلاماردانی چیای کاروخ، هێزێکی زۆری سەربازییان بە پشتیوانی دەبابەو کۆپتەرو تۆپی دوورهاوێژ ئامادەکردبوو، تیپی ٧٨ی کاروخ پێشمەرگەکانیان بە سەر سەنگەرەکاندا دابەشکرد بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمن.

شەڕگەی وەرتێ، هەڵەموند، گەروی مەنجەڵ بە سەر کەرتەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ و دوو مەفرەزەی سۆسیالیست پارتی دابەشکرا.

- کەرتی یەکی تیپی ٧٨ی کـاروخ بـە فەرماندەیی ڕەسـوڵ قەندە لـە گەڵ مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست و هێزی بەرگری بە سەر دیزیلە، سەری باڵەک، سەری زاوەلێدا دابەشکران.
- کەرتی چوار بە فەرماندەیی مەلا مەحموود لە گەڵ مەفرەزەیەکی پارتی لە زنجیرە چیای دڕەبی بوون.
- کەرتی (٥) بە فەرماندەیی سەلاح دیلمانی لە زنجیرە چیای دڕەبی بوون.

- کەرتی ٣، ٧ لە زینی وەرتێ ، سەرگەڵی، دۆڵە ڕەقە دابەشبوون.
- کەرتی (٦) بە فەرماندەیی عەبدوڵڵا تەها لە قۆپی کەشکێ، زینی وەرتێ، دەرەداسن، هەڵەموند بوون.
- ڕەحمانی حاجی خدر لە هەڵەموندی سەرێ بوو.
- سەری گۆڕە بۆتی و نواڵی ساوا هێزێکی سۆسیالیستی لێبوو بە فەرماندەیی حسێن وەرتی.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٣ پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە دەستیپێکرد دەیان تۆپ و دەبابە بە ئاڕاستەی زینی وەرتێ و هەڵەموند دامەزرا بوون جاش و سەرباز لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیکبوونەوە ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٢٤ تەقە دەستیپێکرد لە کۆسپۆی کەوەتی کەوتنە بەر هەڵمەتی پێشمەرگەو گەڕانە دواوە.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا بەردەوام بوو دڕەیی کەوتە دەست دوژمن هێزەکەی کەرتی ٤ی تیپی کاروخ و پارتی پاشەکشەیانکرد لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی پارتی شەهید بوو.

کەرتی یەک و مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست لە سەری دیزیلە بوون دوژمن هێرشی هێنایە سەر سەنگەرەکانیان، پێشمەرگەکان دەنگیان نەکرد تا نزیکبوونەوە لە گەڵ نزیک بوونەوەدا لێیاندان و شەش جاش کوژران.

لە قۆڵی کەڵێتەوە دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدا، قارەمانەکانی کەرتی (٥) بە فەرماندەیی سەلاح دیلمانی لێیاندان و تێکیانشکاندن.

شەڕ لە زینی وەرتێ و هەموو لایەکەوە بەردەوام بوو ڕۆژی دووەمی شەڕەکە فڕۆکەکانی دوژمن بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی پەلاماری وەرتێیاندا.

دوای ئەو زنجیرە پەلامارانە سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هەڵەموند دامەزران، کەرتی ١ بە فەرماندەیی ڕەسوڵ قەندە و حەقدە پێشمەرگە هاتنە گەرووی مەنجەڵ، ڕەحمان سەیدە فەرماندەی تیپ بروسکەی بۆ عەبدوڵڵا تەها کرد لە بروسکەکەدا داوایکردبوو پاشەکشە بکەن بێنە هەڵەموندی یەکەم چوونکە گەمارۆدراون.

کەرتی ٦ی تیپی ٧٨ی کاروخ لە ١٩٨٨/٥/٢٦ زینی وەرتێیان بەجێهێشت هاتنە

هەڵەموند، بەردەوام کۆپتەر بە سەر ئاسمانی هەڵەموندەوە بوون ئاگریان دەباراند، پەلاماری دوژمن بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە هەڵەموند بەردەوام بوو، پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ دەیان پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند.

شـەهید بوونی عـــەبدوڵڵا تەها- حـــسێن وەرتـــی

لە درێژەی شـەڕو پێکادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمـن لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦ سێیەم ڕۆژی شەڕەکە هەر دوو فەرماندەی قارەمانی (ی ن ک) و حزبی سۆسیالیستی کوردستان لە چیای سەربەرزی هەڵەموند شەهید بوون، تەرمی هەر دوو شەهید عەبدوڵڵا تەها و حسێن وەرتـی لە هەڵەموند جێمان و نەتوانرا دەرباز بکرێن.

کـــەوتنی کـــۆپتەرێك
1988/5/27

بـەردەوام کۆپتەرەکانی هێزی ئاسمانی عێراق لە سەر شەڕگەی هەڵەموند زنجیرەی کاروخ دەسوڕانەوە ڕق و کینەیان دەباراند بە سەر پێشمەرگەو دارو درەخت و کانیاوو لوتکە بڵندەکانی ناوچەکەدا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٧ وەکو ڕۆژانی تر کۆپتەر لە سەر ئاسمانی هەڵەموند بوو پێشمەرگە دلێرەکانی تیپی کاروخ بە چەکی دژە ئاسمانی کۆپتەرێکیان پێکاو کەوتە خوارەوە.

هێزی پێشمەرگە لە هەڵەموند بەرگری دلێرانەیانکرد کەرتی سەیدەکان لە هەڵەموند، زینی وەرتێ بێترخێ چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

تیپی پێنج بە فەرماندەیی سەلاح دیلمانی لە سەر پونگینەی ناو قەدی چیای کاروخ بوون، دوای زنجیرەیەک پەلاماری دوژمـن بۆ سەر چیای هەڵەموند لە زنجیرەی کـاروخ، پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ هەڵەموندیان چۆڵکردوو چوونە گەرووی مەنجەڵ، هێزەکانی دوژمن پەلاماری گەرووی مەنجەڵیاندا تیپی کاروخ پەلامارەکانیان یەک لە دوای یەک تێکشکاند.

شـــەهید بوونی ڕەســـوڵ مـــەولود- هـــیوا ڕەزانی 1988/5/31

تۆپخانەکانی دوژمن بـەردەوام بۆڵەیان دەهـات سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکێڵا، ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣١ بە تۆپبارانی ڕەبییەکەی هەڵەموند ڕەسـوڵ مەولود فەرماندەی دێرینی پێشمەرگەو جێگری تیپی ٧٨ی کاروخ و هیوا ڕەزانی شەهید بوون و سەریان بە ئەستێرەی سەروەری گەیشت.

ڕەسوڵ مەولود برای شەهیدی فەرماندە ئەحمەد مەولود هەڵۆی باڵ خوێناوی قەندیل، قارەمانی دەیان داستان و نەبەردی و پێکادانە، هەتا ڕۆژی شەهید بوونی سەر بەرزو مل کەڵ ژیا- کەم ژیا بەڵام کەڵ ژیا.

هەر لە گەرووی مەنجەڵ پێشمەرگەی دلێری کەرتی یەکی تیپی کاروخ محەمەد ئیسماعیل سەرنەوسی شەهید بوو.

تیپی ٧٨ی کاروخ بەردەوام لە شەڕو بەرگریدا بوون هیلاک و ماندوو بوون هەر بۆیە لە سەر بڕیاری حەسەن کوێستانی چوونە قۆپی کرۆسکێ بەری بێترخێ و تیپی مەڵبەند بە فەرماندەیی سمایل وەرتی هاتنە شوێنیان، دوای ماوەیەک تیپی ٧٨ی کاروخ گەڕانەوە گەرووی مەنجەڵ.

خەڵکی کوردستان پەرۆشی هێزی پێشمەرگە بوون بـەردەوام هاوکارییان دەگەیاندە سەنگەرەکانی پێشمەرگە، لە ڕانیە و چوارقورنەوە نانی گەرم دەهات.

ڕۆڵـــــی ژن

ژنانی کورد هەمیشە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە، براو هاوسەرو کەسووکاریان بوون، لە شەڕەکانی گەرووی مەنجەڵ بەردەوام خواردن و پێداویستییان دەگەیاندە سەنگەرەکان.

- گوڵەی ڕەسوڵ شوانە کەڵێتەیی، خواردنی دەگەیاندە سەنگەرەکانی پێشمەرگە تفەنگێکی پێبوو بۆ بەرگریکردن لە خۆی.
- ئامینەی خێزانی ڕەحمان حاجی خدر وەرتی خواردنی دەهێنا بۆ هاوسەرەکەیی و پێشمەرگەکانی کاروخ.

لە ناو (وەرتـێ) وە دۆڵمەی گەرمی بە ڕکە شاخەکانی کاروخدا دەگەیاندە گەرووی مەنجەڵ.

تـــیپەکانیتـــر

سەنگەر لە گەرووی مەنجەڵ دامەزرا تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگە هاوشانی تیپی کاروخ دەهاتنە گـەرووی مەنجەڵ تا کۆتایی شەڕی سێ مانگەی گەرووی مەنجەڵ- کاروخ- لە زنجیرەی کاروخ مانەوە.

گـــەرووی مـــەنجەڵ-بـــێترخێ
تـــیپی کـــوڕە کـــاژاو

لە دڕێژەی شەڕو پێکادانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی داگیرکەر لە گەرووی مەنجەڵ- تیپی ٣٥ی کوڕکاژاو بەشداری شەڕی گەرووی مەنجەڵ و بەرگری لە زنجیرەی کاروخیان کردوو ماوەی مانگ و نیوێک لە گەرووی مەنجەڵ و بێترخێ مانەوە.

سێ کەرتی تیپی ٣٥ی کوڕەکاژاو بەشداری شەڕەکانی گەرووی مەنجەڵ و بێترخێیانکرد:

- مامە غەریب چووچانی فەرماندەی کەرت
- بورهان مەسەکانی فەرماندەی کەرت
- فەرهادە دڕێژ فەرماندەی کەرت

لەو شەڕانەدا فەرهادە دڕێژ فەرماندەی کەرت شەهید بوو دوو پێشمەرگەش بریندار بوون، لە گەرووی مەنجەڵ ئامر سریەیەکی جاش کوژرا بوو تەرمەکەی لە بەردەم سەنگەرەکانی تیپی ٣٥ی کوڕە کاژاو کەوتبوو، جاشەکان شەوانە دەهاتن تەرمی ئامر سریەکە بەرنەوە بەڵام تیپی کوڕەکاژاو نەیاندەهێشت بیبەن، هەر کە دەنگی پێ دەهات و بەرد گل دەبووەوە بە بیکەیسی تەقەیان لە نزیک تەرمەکە دەکرد نەیاندەهێشت بیبەنەوە، عومەری قالە گوڵباخ وەکو جێگری تیپ لە گەڵ تیپەکەدا بوو.

گـــەرووی مـــەنجەڵ- تـــیپی قـــەرەچوخ

دوای بەشداریکردنیان لە شەڕەکانی ئەنفالی یەکدا لە دابان و خورخورە تیپی ٨٧ی قەرەچوخ هاوشانی هێزی پێشمەرگە کشانەوە سنوورەکان و لە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە، دواتر هاتنە قاسمە ڕەش لەوێشەوە هاتنە دۆڵی خانەقا ئاوی چەم و ڕووبارەکان هەستا بوون هەتا پشتێن دەهات ئاوێکی سارد بوو.

تیپی ٨٧ی قەرەچوخ لە ئاوەکە پەڕینەوە بەرەبەیان گەیشتنە وەرتێ بە سەر ماڵەکاندا دابەش بوون و نانیان خواردوو خەوتن، دەمەو ئێوارە لە مزگەوتی وەرتێ بانگیان کردن کۆببنەوە.

ئێوارە لە وەرتێ دەرچوون بەرەو گەرەوان بڕۆن بەفرو زریان هەڵیکرد چاو چاوی نەدەبینی چوار کاتژمێر لە ناو بەفردا سووڕانەوە، پێشمەرگەکان پشتێنی یەکتریان گرتبوو، بە دوای یەکدا دەڕۆیشتن، چاو ساخیان لە گەڵدا بوو ئەویش ڕێگەی هەڵە کردبوو، چاو ساخەکە شۆڕبووەوە پێشمەرگەکان بەدوایدا ڕۆیشتن ، بەفر بە جۆرێک بوو فیشەکیان دەتەقاند ترپەی دەهات.

بۆ بەیانییەکەی چوونە بێترخێ کۆپتەر هاتە سەریان، تەقەیان لە کۆپتەرەکە کرد پێکرا بەڵام توانی بنیشێتەوە، دوو شەو لە بێترخێ مانەوە دوای دوو شەوەکە چوونە گەرووی مەنجەڵ، لە مانەوەیاندا لە گەرووی مەنجەڵ دوو پێشمەرگەی کەرتی پێنج شەهید بوون.

شەڕ لە گەرووی مەنجەڵ بەردەوام بوو شانزە فەوجی جاش و مغاویر پەلاماری سەنگەرەکانی قەرەچوخیاندا و تێکشکان پێشمەرگەکانی قەرەچوخ گوێیان لە دەنگی جاشێک بوو دەیووت خودێ کەسی تێدا نەمانە، دەنگی وان نینە، تەقە نینە، جاش و مغاویر هاتنە پێش، دووبارە کوڕانی قەرەچوخ لێیاندان و تێکیانشکاندن دەیان کەلاکی جاش و مغاویر لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا کەوتبوون، بەردەوام تۆپباران لە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە بوو.

کاروخ چیایەکی کوێستان و سەختە، پێشمەرگەکان بەفرو لێڕاویان دەخواردەوە، دیوێکی ڕێواس پێگەیشتبوو پیر ببوو دیوەکەیتری تازە چزورەی دابوو، نێوان

ئەمدیوو ئەو دیو هەر چەند مەتریک بوو.

دوای ماوەیەک مانەوە لە گەرووی مەنجەڵ تیپی قەرەچوخ دابەزین و هاتنە چیوە، لە چیوەی سەروو بارەگایان دانا ماوەی پانزە ڕۆژ مانەوە دواتر بردیانن قۆپی جوانەگا، دوای ماوەیەک گەڕانەوە قەرەچوخ.

کـــشانەوە، مـــانەوە

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ هەر دوو ڕژێمی عێراق ئێران ڕێکەوتنی ئاشتی و شەڕ وەستاندنیان ئیمزا کرد.

دوای کۆبوونەوەی فەرماندەکانی مەڵبەندی سێ بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت و ملازم عومەر، بڕیاردرا هێزەکە بکرێت بە دوو بەش، بەشێک بکشێتەوە سنووورەکان، بەشێک بە پارتیزانی لە ناوچەکان بمێننەوە.

بەشی زۆری هێزەکە پەڕینەوە بەری قەندیل- کونە کۆتر، بەشێکیش بە پارتیزانی مانەوە.

کەرتی ٦ بە فەرماندەیی مستەفا عەبدوڵڵا تەها کە دوای شەهید بوونی باوکی کرایە فەرماندەی کەرتی ٦ کەرتی ٥ بە فەرماندەیی سەڵاح دیلمانی، کەرتی کاکە شێخ، ڕەحمانی حاجی خدرو ژمارەیەک پێشمەرگە بە پارتیزانی مانەوە، کەرت و مەفرەزەکان هەر یەکە چوونە ئەشکەوتێک، گەرووپەک، پەنایەک، نوایەک.

ڕەحمانی حاجی خدر کرایە فەرماندەی پارتیزانەکانی کاروخ

حەسەن کوێستانی سەرپەرشتی تێکڕای مەفرەزەکانی دەکرد

دوای چل ڕۆژ مانەوە لە زنجیرەی کاروخ بەشێک لە هێزەکە گەڕانەوە ناو شارەکان، بەشەکەیتر بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن.

ڕێکخستنەوەی هێزەکان
پاشەکشە و مانەوە
مانگی 1988/8

دوای کۆتایهاتنی شەڕەکانی مەڵبەندی سێ هەموو پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ی سەفین یەکیانگرتەوە، ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٢ تیپی ٩١ی سەفین لە گەروەتە بوون، دوای ڕاگرتنی شەڕی عێراق ئێران و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، سەرکردایەتی (ی ن ک) بڕیاریدا هێزەکان بکات بە دوو بەشەوە.

کارزان شەقڵاوەیی تازە لە خولێکی شەش مانگی لە تاران گەڕابووەوە ژمارەیەک پێشمەرگەی بەڕانەتی لە گەڵدا بوو هاتە گەروەتە و کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ پێشمەرگەکانی تیپی ٩١ی سەفین ئەنجامدا، پێشمەرگەکانی سەرپشککرد لەوەی کێ دەیەوێت بچێتە قەندیل، کێ بە پارتیزانی دەمێنێتەوە.

دوای یەکلابوونەوەی پێشمەرگەکان لە نێوان مانەوەو قەندیلدا، شینەی کردە فەرماندەی هێزێکی ٢٣ پێشمەرگەیی تێکەڵ لە تیپی بەڕانەتی و سەفین.

دوای پێکهێنانی هێزەکە کارزان شەقڵاوەیی داوایلێکردن بچنە خەتێ بۆ لای کاک کۆسرەت و حەسەن کوێستانی لەوێ ئەرکیان پێ بسپێرن.

هێزەکە گەیشتە لای کاک کۆسرەت لە خەتێ کاک کۆسرەت ناردنی بۆ گەڕەوان کە گەیشتنە سەر گەڕەوان سەیری دەشتی دیانەیانکرد هێزی دوژمن مۆڵیبوو ئەو دەشتە ڕەش دەچووەوە هەزاران خێمە هەڵدرابوو.

هێزەکە چوونە گەڕەوان بۆ لای عوسمان بانیمارانی، کە سەرپەرشتی ئەو هێزەی دەکرد لە سەر گەڕەوان بوون.

پێ بۆ

جگە لە گەڕەوان ئەرکی پێشمەرگەکان لە چیای (پێ بۆ) بوو، عوسمان بانیمارانی شاخی (پێ بۆ) ی نیشاندان و پێیووتن دەبێت بە حەبل سەرکەوینە سەر شاخ.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٢ هێزەکەی سەفین چوونە سەر شاخی (پێ بۆ) عوسمان بانیمارانی و شینە و هێزەکە سەرکەوتنە سەر شاخ هێزەکەی سەفین لەوێ مانەوە

جاش و سووپای عێراق نزیکەی کیلۆمەترێک لە (پێ بۆ) دوور بوون دەیانوویست بۆ بەیانی پەلاماری (پێ بۆ) بدەن.

عوسمان بانیمارانی و شینە نانیان دەخوارد پارچە هاوەنێک لە تەنیشتی دان شینە پارچە هاوەنەکەی هەڵگرت و بە عوسمان بانیمارانی ووت بۆ یادگاری ئەو پارچە هاوەنە بخەرە ناو نانەکەوە، تۆپبارانی دوژمن بۆ سەر چیای (پێ بۆ) چڕو سەخت و بەردەوام بوو.

عوسمان بانیمارانی لە (پێ بۆ) چووە خـوارەوەو بەهێزەکەی سەفینی ووت ئاگادار بن دوژمن پەلامارتان دەدات من دەچمە خوارەوە هێزێک ئامادە دەکەم ئێوەش تا بەیانی نەخەون.

تیپی سەفین لە چوار لاوە دامەزران پێشمەرگەکانی سەفین تا بەیانی نەخەوتن ماوەی دوو شەو لە (پێ بۆ) مانەوە.

کاتژمێر ١٢ی شەوی دووەم عوسمان بانیمارانی داوایکرد بە پەلە بێنە خوارەوە بڕیاری سەرکردایەتییە پاشەکشە دەکەن.

هێزەکەی سەفین شەوی ١٩٨٨/٨/٢٨\٢٧ لە شاخی (پێ بۆ) هاتنە خوارەوە بەرەو ساوسێوەکە ڕۆیشتن هەموو هێزەکە لەوێ کۆبوونەوە کاک کۆسرەت و ملازم عومەرو بەشێک لە فەرماندەکان لەوێ بوون.

تیپی ٩١ی سەفین سەرکەوتنە سەر چیای کاروخ بە سەر کوێستانی (مەکێ) دا شۆڕ بوونەوە بۆ وەرتێ شەو لە وەرتێ مانەوە تا هێزەکە گەیشتە وەرتێ سێ پێشمەرگە شەهیدو دوانزە پێشمەرگە بریندار بوون.

تیپەکانی گەرمیان و کوێستان بەیەکەوە بە دۆڵی خانەقادا پەڕینەوە بەرەو دۆڵی باڵەیان گەیشتنە دیلمان و ڕۆژیان بە سەرداهات.

پێشمەرگەکانی تیپی سەفین و تیپەکانیتر (کەمین)یان دەرکرد تا چاودێری ڕێگاکان بکەن بۆ ئەوەی لە هاتنی جاش و سووپا ئاگادار بن.

پێشمەرگەکانی سلێمانی ئەسپێکیان سەر بڕی و خواردیان، جاشەکان هاتنە خوارەوە تا پردی دیلمان بگرن، پێشمەرگەکان نەتوانن بپەڕنەوە بەڵام پێشمەرگە تەقەیان لێکردن و ڕاویاننان.

دنیا تاریکداهات پێشمەرگەکانی سەفین کەمین بوون لە پێش دیلمان، کاتژمێر ٨:٣٠ دەقیقەی شەو بوو چاوەڕێ بوون هێزەکە بەڕێکەوێت و بڕۆن بەڵام دەنگ نەبوو پێشمەرگەیەکیان نارد تا بزانن کەی دەڕۆن پێشمەرگەکە گەڕایەوە ووتی کەسی لێنەماوە هەموو هێزەکە ڕۆیشتوون.

هێزەکەی سەفین بەو شەوە ملی ڕێگەیانگرت دووڕیانێک بوو نەیاندەزانی بە کاملادا بڕۆن سەرگەرمی قسە کردن بوون تا بەلایەکدا بڕۆن گوێیان لە دەنگێک بوو بانگی شینەی دەکرد، شینە وەڵامی دایەوە پێشمەرگەیەک بوو ووتی کاک عوسمان منی ناردووەتەوە بە دوای ئێوەدا وایزانیبوو لە گەڵ هێزەکەن.

هێزەکەی سەفین ملی ڕێگەو شەوگاریان شکاند تا گەیشتنە زەنگەڵان لە دۆڵی باڵەیان بناری قەندیل، هێزەکە لە ناو ئەشکەوتێکدا مانەوەو نانیانخوارد.

هێزەکەیتری تیپی سەفین هاتنە زەنگەڵان هێزەکەیان لێکدایەوەو خۆیان ڕێکخستەوە کارزان شەقڵاوەیی کرایە فەرماندەی تیپەکە.

بـــەرەو مـــەڵبەندی ســـێ – تیپی 37 شارباژێڕ

کاتژمێر چـواری سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١ تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە (شاناخسێ) وە بەڕێکەوتن بۆ بانە، لەوێشەوە بۆ سەردەشت، لەوێشەوە بۆ خانە و نەغەدە، و گوندی «بادیناوێ« شەوو ڕۆژێک مانەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر تیپی ٣٧ و تیپی مەڵبەندکە ژمارەیان نزیک بە ١٥٠ پێشمەرگە بوو بەڕێکەوتن کاتژمێر ٨ی شەو گەیشتنە شێخ ئایش و شەو لەوێ مانەوە.

تاریکو ڕوونی بەیانی بە بناری قەندیلدا بەڕێکەوتن بۆ دۆڵی باڵەیان، لە دۆڵی خانەقا و دۆڵی شەهیدان پەڕینەوە بۆ شاخی گـەرووی مەنجەڵ لەوێشەوە بۆ زنجیرە شاخی گەڕەوانی سەرووخواروو، کەرتی یەک بە فەرماندەیی وەستا فاروق و کەرتی سێ بە فەرماندەیی مەجیدی حاجی عەلی لە زنجیرە شاخی گەڕەوانی خواروو سەروو دامەزران، کاک حەمە هەژاریش سەرپەرشتی تیپی ٣٧ی دەکرد.

حمە هـەژار پێشمەرگەی سالّی ١٩٧٨ و بەشدار لە کارەساتی هەکاری و فەرماندەی دلێرو ناسراوی (ی ن ک) و سەرپەرشتیاری تیپی ٣٧ بوو.

زنجیرە شاخی گەرەوانی خواروو سەروو بەدەست تیپی (٣٧) هوە بوو، لە نێوان گەرەوان و بنمێردە قوتەی «مەڕە کێوی» جاشی لێبوو تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە مانگی ٦ تا مانگی ٨ لە زنجیرە شاخی گەرەوانی سەرووخواروو مانەوە.

لە ماوەی دوو مانگی مانەوە لە گەرەوان دەیان هێرشی ڕاستەوخۆ کرایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و هێرشەکان لە سەر دەستی کوڕانی تیپی ٣٧ تێکشکان و وردو خاش کران، دەیان کەلاکی دوژمن لە بەردەستی پێشمەرگەدا بوو سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەردەوام لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپخانەکانی ڕژێمەوە بۆردومان دەکرا، چوار دەبابە لە بەرانبەر گەرەوان بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا.

تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ لە ماوەی دوو مانگ شەڕی بەرەیی گەرەوان دوو شەهیدی بە کوردستان بەخشی، شەهید مسعود خەڵکی کەرکوک بوو، شەهید تەها شاناخسێی لە کاتی بەدل بووندا بە پارچەی تۆپ شەهید بوو، مستەفا میراوایی و حاجی سەراوی و حەمە قەڵاچوالانی بریندار بوون، خاڵە سەراوی و شەماڵ سۆڵەیی و خەلیل تەهایان بردە نەخۆشخانەی مەلەکان، نەگەیشتە نەخۆشخانەی مەلەکان و شەهید بوو لە پەنا شەهید مسعودا بە خاکیان سپارد، تا ئەمان گەڕانەوە ، تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان، تیپی ٣٧ ی بەدل کردبوو.

بـــــەرەو گـــــەرەوان – تیپی مەڵبەند

دوای ماوەیەک مانەوە لە گوندی شاناخسێ، بە فەرمانی سەرکردایەتی تیپی مەڵبەندی ٢ بەرەو گەرەوان ڕۆیشتن تا بەشداری لە چالاکی و بەرگریەکانی مەڵبەندی سێدا بکەن.

تیپی مەڵبەندی ٢ بە فەرماندەیی مستەفا سەرگەڵویی، کەرتێک بە فەرماندەیی خالید کرژەیی، کەرتێک بە فەرماندەیی عوسمانە ڕەش، کەرتێکیش بە سەرپەرشتی کاک مغدید، کە تێکڕایان ٦٠ پێشمەرگە بون بە بناری قەندیلدا بەرەو گەرەوان بەڕێکەوتن، دواتر بەکر خرەلوکی لە گەڵ ١١ پێشمەرگەی دیکە تێکەڵی هێزەکە بون و لە شاخی «پێ بۆ» لێی دامەزران.

شاخی «پێ بۆ» سەخت و یاخی و کەم دەست بو بە سەر ناوچەی سۆران-دا ئەیڕوانی، هەڵکەوتەی شاخەکە وابو ڕێگاکان کەوتبوونە دیوی دوژمن، بە گوریس، خواردن و بە سەتڵ ئاویان سەردەخست، حکومەت چەندین هێرشی کردو تێکشکا.

جگە لە تیپی مەڵبەند، تیپی ٤٩ی سارا، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، تیپی پارێزگاری لەو زنجیرە چیایە بوون، تیپی ١٢ی سۆران لە سەری جوانەگا بوون، سەرپەرشتی گشتی شەڕگەکە کاک شێخ جەعفەر بوو.

تیپی مەڵبەند نزیک بە مانگێک لە «پێ بۆ» مانەوەو دواتر گەڕانەوە بەرەو بناری قەندیل و شێخ ئایش، لەو شەڕانەدا جارێکیتر خالید کرژەیی بریندار بوو، مام بەکر چۆخماخی لە تیپی پارێزگاری شەهید بوو، دوای گەڕانەوە لە مەڵبەندی سێ، تیپی مەڵبەند لە شێخ ئایش شەڕی قارەمانانەیانکرد.

دوای ئەوەی چونە ئێرانەوە تەشکیلەی نوێی تیپەکان کرا تیپی ٢٣ی سورداش و تیپی مەڵبەند تێکەڵکران و تیپی ٧٢ی لێ پێکهات، ماوەیەک عەزیز قەڵەم پاشا کرایە فەرماندەی تیپ دواتریش مولازم محمود فەرماندەی تیپەکە بوو.

تـــیپی مـــەڵبەندی دوو
تـــیپی 49ی ســـارا

شـەوی ١٩٨٨/٦/٢١١ هەر سێ تیپی مەڵبەندی دوو، ٤٩ی سـارا، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بـەرەو گـەڕەوان بەڕێکەوتن، چوونە ناو خاکی ئێرانەوە شەوێک لە مزگەوتی نەڵاس مانەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢ چوونە بادیناوێ و ملنجە لە ڕۆژهەڵاتی قەندیل سنووری شاری خانە، لە بادیناوێ بەڕێکەوتن بە بناری چیای قەندیلدا هەوار بە هەوارو دەوار بە دەوار و دۆڵ بە دۆڵ ماوەی دە شەوو ڕۆژ بەڕێگەوە بوون، شەوی ١٩٨٨/٦/٤١٣ گەیشتنە شێخ ئایش لە بناری چیای قەندیل.

شێخ ئایش هەوارو دەواری مەڕدارو کۆچەرەکان بوو، کوێستانێکی سارد بوو هێشتا بەفر لە بنارو زناری کەوتبوو هێندە کوێستانێکی ساردبوو شەوان ئاوەکەی دەیبەست.

بەیانییەکەی بە حەساری قەندیلدا سەرکەوتن زنجیرەیەک بوو بەفری زۆری لێکەوتبوو ماوەی ٤٠٠ مەتر ڕێگا نەبوو پێشمەرگەکان تفەنگەکانیان کردە ملیان و لێنیشتن بە خلیسکێنە هاتنە خوارەوە بۆ بن شاخەکە تاوەکو بەرزاییەکە تەواو بوو لەوێوە بەڕێکەوتن چوونە هەوارگەی خێڵاپ هەوارو کوێستانێکی تەڕ بوو دەوارنشینی لێبوو.

بـــەزمی پـــیرەژن

لە هەوارگەی خێڵاپ پێشمەرگەکان بە سەر ماڵە دەوارنشینەکاندا دابەش بوون بۆ نانخواردن و پشوودان، بەشێک لە پێشمەرگەکان دەواریان بەرنەکەوت، دەواریک خاڵی بوو پیرەژنێکی تێدا بوو جێگەی (٢٠) کەس دەبووەوە زۆر تکایان لێکرد شەو جێگەیان بکاتەوە پیرەژن ڕازینەبوو.

ئەو پێشمەرگانەی جێگەیان نەبوو ئەو شەوە لە سەرمادا نەنووستن لە دەرەوەی دەوارەکە مانەوەو ئاگریان کردەوە چیلکەو گوێنی دەوارنشینەکانیان سووتاند.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٥ ڕۆژی یەکشەممە لە خێڵاپەوە بەڕێکەوتن بۆ نیوەڕۆو

شەوەکەی لە هەوارەکانی سەر شێخ لە دۆڵی باڵەیان مانەوە شوێنێکی زۆر دڵگیر بوو خەڵکی دۆڵی باڵەیان بۆ خۆپاراستن لە بۆردومانی تۆپ و فڕۆکە لە بن شاخ و ڕەوەزەکاندا کەپریان دروست کردبوو.

هاژەی ئاوی ئەو کوێستانە مرۆڤی مەست دەکرد بەفر دەتوایەوەو لە دۆڵی باڵەییاندا دەبووە هاژەو شڵپە، تیپی مەڵبەندو سارا شەوێک لەو هەواڕە دڵڕفێنە مانەوە.

کاتژمێر ١:٣٠ دەقیقەی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٦ لە سەر شێخەوە بەڕێکەوتن بە هەوڕازێکی کووڕو سەختدا سەرکەوتن دوای چوار کاتژمێر ڕێکردن گەیشتنە سەر شاخی کونە کۆتر بە ئێزێدا تێپەڕین کاتژمێر (١)ی شەو گەیشتنە ئێنجێ پیران.

ڕێـــگەی ســـەرمانگ

هەورازی کونە کۆتر هێندە کووڕو سەخت بوو پێشمەرگە دەیانووت ئەم ڕێگەیە بەرەو سەر مانگمان دەبات، پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندو سارا بەڕێگەوە بوون ملی هەورازێکی سەختیان دەشکاند سەردەکەوتن و لووتی هەورازەکە دیار بوو دەیانووت ئەوە دەگەینە ئەو ملەیە، ئەو قوتەیە ئەو پلەیە و هەوراز کۆتایی دێت، دەگەیشتنە سەر ملەکەو قوتە و ملەیەکیتر دەردەکەوت ئەویشیان دەبڕی هەورازو ملەیەکیتر دەهاتە پێش.

سەرکەوتن بە هەورازی سەخت و کووڕی کونە کۆتردا تاقەت پڕوکێن بوو، پێشمەرگەیەک شەکەت و ماندوو گەڕایەوە دواوە ووتی من ناگەمە سەر مانگ ژمارەیەک پێشمەرگەیتر پەکیانکەوت توانای ڕۆیشتنیان نەماو گەڕانەوە.

کاتژمێر یەکی شەوی ١٦\١٩٨٨/٦/٧ گەیشتنە هەوارو دەوارنشینەکانی ئێنجێی پیران لە دۆڵی خانەقا ئەو شەوە لەوێ مانەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٧ لە ئینجێی پیران چەند پێشمەرگەیەک گیسکێکیان کڕی بە ٣٥ دینارو لە ناو ڕەشمالێکدا خواردیان کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ بەڕێکەوتن، کاتژمێر ٣:٣٠ دەقیقەی شەو گەیشتنە هەوارەکانی وێچ پیران.

لە هەوارەکانی وێچ پیرانەوە بۆ گوڵان چواردە کاتژمێر بەڕێگاوە بوون لە ڕێگا سەعیدی حەمە سپات بورایەوە هێڵنجی دەهێنا ئاویانکرد بە دەموچاویدا، دواتر هێرشە بچکۆل بورایەوە، هێرش کە دەبورایەوە لەشی ڕەق دەبوو دەموچاوی خۆی بریندار دەکرد، چەند جارێک لەو ڕێگە بورابووەوە بۆیە داوایانلێکرد بگەڕێتەوە لە گوڵان ووڵاخیان بۆ بەکرێگرت و گەڕایەوە بۆ ئێران، هێرش لە زیندانەکانی بەعس و لە ژێر ئەشکەنجەدا تووشی بوورانەوە ببوو.

پـــێنج دیـــنارەکە

کە لە ئێنجی پیران گیسکیان کڕی پێنج کەس بوون هەر پێشمەرگەیەی حەوت دینارو نیوی بەردەکەوت پێشمەرگەیەک دوو دیناری پێبوو عارف حەمە وەیس پێنج دیناری لە گیرفانی خۆی بۆدا.

کە گەیشتنە مەڵبەندی (٣) لە ئەشکەوتی بەرگێڕی گەڕەوان بارەگایان دانا ڕۆژێک عارف حەمە وەیس بەلای ئەشکەوتەکەدا ڕۆیشت سڵاوی لێکردن و دەستیهەڵبڕی ئەو پێشمەرگەیەی عارف پارەکەی بۆدابوو ووتی کاک عارف ئەو دەست هەڵبڕینە مەبەستت پێنج دینارەکەیە کە بۆت دام بەگیسکەکە.

شـــاخی پێ بـــۆ

تیپی مەڵبەندی دوو تیپی ٤٩ی سارا بەیەکەوە بوون شاخی (پێ بۆ) یان لە عەبدوڵڵا بۆر وەرگرت و چوونە شوێنیان.

ڕۆژی دووشەممە ١٩٨٨/٦/١٣ تیپی مەڵبەند و سارا لە کۆڵانی گادەرانەوە بەرەو شاخی (پێ بۆ) بەڕێکەوتن، شاخەکە هێندە سەخت بوو بە گوریس بۆی سەردەکەوتن.

تۆپ و هاوەن بەردەوام شاخەکەیان دەکوتا پەلاماری ڕاستەوخۆ بۆ سەر شاخەکە نەبوو بەڵام بەردەوام تۆپبارانی لە سەر بوو.

تیپی مەڵبەندو سارا چەند جارێک لە گەڵ تیپەکانیتردا یەکتریان دەگۆڕی و دەچوونە شوێنی یەکتری و بۆ پشوودان دەهاتنە گەڕەوان.

تیپی پارێزگاری بە فەرماندەیی غەریب هەڵەدنی لە یەکێک لە جارەکاندا هاتنە سەر شاخی (پێ بۆ) مام بەکر مالومەیی پێشمەرگەی تیپی پارێزگاری بە تۆپباران شەهید بوو.

تیپی ساراو مەڵبەند ماوەی سێ مانگ لە سەر شاخی (پێ بۆ) مانەوە، لەو ماوەیەدا خالید کرژەیی فەرماندەی کەرت لە تیپی مەڵبەند بریندار بوو، شاخی (پێ بۆ) سارد بوو لە مانگی حوزەیران و تەممووزو ئابدا هەشت جار بارانی بە خوڕی لێباری، (پێ بۆ) شاخێکی بێ ئاو بوو پێشمەرگەکان بە هەفتەش نەیاندەتوانی دەمووچاویان بشۆن، خواردنیان کەم بوو زۆربەی کات هەر نان و چا بوو پێشمەرگەیەک چووە گوڵان ساوەری بۆ هێنان ساوەرەکە پڕ بوو لە گومشک، کە ساوەرەکەیان لێنا مستەفا سەرگەڵویی بە قابلەمەکەوە فڕێیدا، پێشمەرگەکە زووير بوو گەڕایەوە ئێران.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٨ حەمە ڕەشید یاخسەمەری و عارف حەمە وەیس چوونە خوارەوە بۆ گوڵان خۆیان شت و سەرو بەتانییان لە گەڵ خۆیاندا سەرخست، پێشمەرگە ئاوی خواردنەوەیان بەدەبە سەردەخست مستەفا سەرگەڵوویی دەبە ئاوەکانی لای خۆی دانابوو زۆر پێویست نەبوایە نەیدەهێشت بیخۆنەوە، داینابوو ئەگەر دوژمن پەلاماریان بدات لە کاتی شەڕدا بیداتە پێشمەرگەکان چوونکە لە شەڕدا پێشمەرگە تینووی دەبوو.

دەبەی ئاوی خواردنیان بە گوریس هەڵدەکێشایە سەرەوە، پێشمەرگە لە خوارەوە خواردنیان دروستدەکرد لە بن کاوێکدا دایاندەنا دەبووایە پێشمەرگەی خەفەر بە گوریس خواردن و دەبە ئاوەکان هەڵکێشێ.

سەعیدی حەمە سپات بن گابەردێکی کۆڵیبوو خۆڵەکەی دەردابوو کە باران دەباری سەعید خۆیدەکرد بە بن بەردەکەدا، پێشمەرگەکان ناویان نابوو ژێرزەمینەکەی سەعید یان لانکەی سەعید.

عارف حەمە وەیس هۆنراوەیەکی بۆ سەعید نووسیبوو لە سەر ئاوازی سروودی دوانزە سوارەکەی قازان بۆی دەوت هۆنراوەکە بەمجۆرە بوو:

سەعیدی حەمە سپات

بۆ کوردی کردووە ئیسپات
پێشمەرگەو شۆڕشگێڕە
دوژمنی فڕوفێڵە
بەڵام ئەوەی جێی داخە
دوور لە سەیران و باخە
عاجز پەست و خەمبارە
بارانی بێ بەهارە
لە داخ بارانی هاوین
خوڵقاندویەتی ژێرزەمین
بەم بارانی هاوینە
دایم لە ژێر زەمینە
دەڵێ خوایە نەبارێ
چونکە باش سەرمام دەبێ
کەس نییە کۆڵنجم بگرێ

مـــانگاشـــین

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٥ لە سەر شاخ هاتنە خوارەوە بە دیوی فەقیاندا مانگایەکیان بەدیکرد حەمە یاخیانی و ئاری ڕەزا سنگی مانگاکەیان هەڵکەندو هێنایان.

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٢٦ مانگاکەیان سەر بڕی بەڵام پرسیان بە مەڵبەند کرد شێخ جەعفەر پێیووتن سەربڕن ئەگەر خاوەنی بۆ پەیدا بوو بۆی دەبژێرین.

پێشمەرگەکانی مەڵبەندو سارا مانگاکەیان سەربڕی چوونە ناودێی گەرەوان مەکینەیەکی قیمەیان دۆزییەوە، گۆشتیان پێ قیمە کردوو شفتەیان دروستکرد، سەوزەو کوزەڵەی دەم کانییان هێناو سفرەیان ڕازاندەوەو گۆشت بە برژاوی، بەکوڵاوی، بە شفتە تا سێ ڕۆژ گۆشتی مانگا شینیان خوارد هەتا گوانی مانگاکەشیان برژاند.

دوای ماوەیەک هەندێک خەڵکی ناسیاویان بینی هەواڵیان نارد بۆ کەسووکاریان ١٩٨٨/٧/٢٤ جەژنی قوربان هاتن بۆلایان بۆ گوڵان ماوەی شەوو ڕۆژێک لایان مانەوە.

تیپی مەڵبەندی دوو تیپی ٤٩ی سارا ماوەی ٦٤ ڕۆژ لە شاخی پێ بۆ و ئەشکەوتی بەرگێڕ لە ڕۆژئاوای گەرەوان مانەوە.

پەلاماری دوژمن بۆ سەر ناوچەکە بەردەوام بوو سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە بەرتەسک دەبووەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٨ لە ڕادیۆ گوێبیستی وەستانی شەڕی عێراق ئێران بوون هەر ئەو ڕۆژە بە تیپی مەڵبەندو سارا ڕاگەیەندرا دەیانگۆڕن، چاوەڕوان بوون تا لە ١٩٨٨/٨/١٦ لە شاخی پێ بۆ هاتنە خوارەوە.

هەندێک لە پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەندو سارا بۆ گەڕانەوە بە چیای کونە کۆتردا وولاخیان کڕی تا بە سواری بە سەر ئەو چیا سەختەدا سەرکەون.

مستەفا سەرگەڵوویی ماینێکی بە ٢٦٠ دینار کڕی، هەندێک بە ١٠٠ دینارو هەندێک بە ٦٠ و ٣٠ دینار.

حەمە ڕەشید گوێدرێژێکی بە ٣٠ دینار کڕی بەتانییەک و لەتە بەڕەیەکی خستبووە سەر پشتی گوێدرێژەکە ئەگەر لە شوێنێک لایاندایە بەڕەکەی ڕادەخست و بەتانییەکەی دەدا بەخۆیدا.

کاتژمێر نۆی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٦ دوای ٦٤ ڕۆژ مانەوە شاخی (پێ بۆ)یان بەجێهێشت تا کاتژمێر حەوتی بەیانی ٨/١٧ بەڕێوە بوون.

ئەو ڕۆژەی لە گەرەوان دەرچوون گەیشتنە پردێک بەدار دروستکرابوو بە سەر پردەکەدا پەڕینەوە گوێدرێژەکەی حەمە ڕەشید کەوتە ناو چەمەکەوە حەمە ڕەشید چووە ناو چەمەکە و گوێدرێژەکەی دەرهێنایەوە هەتا گەیشتنە قەندیل گوێدرێژەکە ئاوی لێدەچۆڕا.

لە پێ بۆ تا بناری کێوەڕەش بێوەستان بە ڕێگەوە بوون، حەمەدەمین پێشمەرگەی تیپی سارا بوو، لە ڕێگا بورایەوەو لە هۆش خۆی چوو خستیانە سەر پشتی

وولاخێک، لە گوڵان سێ پێشمەرگە لە هێزەکە دابڕان.

دوای پەڕینەوە لە دۆڵی پڵنگان و دۆڵە ڕەقە گەیشتنە بناری کێوەڕەش لە هەوارەکانی پەسوێڵ لایانداو نیوەڕۆ لەوێ مانەوەو نانیانخوارد دواتر هاتنە هەوارەکانی تەورێ.

شەوی ١٧\١٩٨٨/٨/١٨ کەسێکیان بەکرێگرت تا لە هەوارەکانی تەورێ بیانپەڕێنێتەوە ئینزێ، دوای گەیشتنیان بە ئینزێ عارف حەمە وەیس گوێدرێژەکەی لە چاو ساخەکە کڕی بە ١٠٠ دینار.

جاشەکانی ناوچەکە لە پەڕینەوەدا زۆر هاوکاری پێشمەرگە بوون ڕۆڵی دیارو گەورەیان بینی لە ڕزگار کردنی خەڵک و پەڕینەوەی پێشمەرگەدا.

شەوی ١٩٨٨/٨/١٩ لە دامێنی چیای قەندیل لە هەوارەکانی مالێخ مانەوە ئاژەڵێکیان کڕی و لە ماڵی نەبی دوو گۆمانی خواردیان لە مالێخەوە چوونە ئاشقوڵکە و بەستە مەلەو سوورەدێ لەوێوە بەدۆڵە کۆگە و هەوارەکانی دۆڵە ڕێواسدا چوونە گوێزێ، لە گوێزێوە بە سواری ئۆتۆمبیل چوونە ئاڵوەتان و کانی زەرد.

ئەو پێشمەرگانەی لە گەرەوان وولاخیان کڕی لە گوێزێ بەرەڵڵایانکرد یان فرۆشتیانەوە، مستەفا سەرگەڵوویی ماینەکەی فرۆشتەوە بە ٦٠ دینار، عارف حەمە وەیس گوێدرێژەکەی فرۆشت بە ٥٠ دینار.

١٩٨٨/٨/٢٤ ڕۆژی چوارشەممە لە قاسمە ڕەش و کانی زەردەوە چوونە سەردەشت و حوشتر مل.

تیپی 37ی شارباژێڕ لە شەڕەکانی بەرگریدا

تیپی ٣٧ی شارباژێرلە گەرووی مەنجەڵەوە کشانەوە بۆ قەرنا قاو پشت ئاشان لەوێشەوە بۆ ڕەزگە و مارەدو قەڵاتوکان ، لەوێش تا ١٩٨٨/٨/٢٠ مانەوە.

شەڕی سورەدێ

وەستا فاروق و کەرتەکەی ماوەیەکی زۆر بوو لە شەڕدا بوون بۆیە وەستا فاروق چەند ڕۆژێک پشووی وەرگرت و هاتە قەڕناقاو پشت ئاشان هێشتا پشووی

نەدابوو مەڵبەندی یەک جیهازیان بۆ کرد بچێتە لای قادری حاجی عەلی لەوێشەوە داوایان لێکرد بچێتە سەنگەرەکانی تیپی (٣١) ی سلێمانی، لە ڕێگەی مەڵبەندەوە کەرتەکەی وەستا فاروقیان بانگکرد بوو هاتبوونە مەڵبەند.

وەستا فاروق ، حەماغا ، خالیدە بچکۆل و هەژار و گۆران و چەند پێشمەرگە یەکیتر نێردرانە سەنگەرەکانی تیپی ٣١ کە جەلال سیرەمێرگی و مامە سەعەی لێبوو تیپی ٣١ لە خوار ڕەبییەکەی سورەدێ سەنگەریان لێدابوو ، جێگە سەنگەرەکان چەوە سور بوون بۆ تۆپباران قایم نەبوون ، وەستا فاروق ووتی لە سەنگەرەکان وەرنە دەرەوە بۆ ناو ڕەبییەکە چونکە لەکاتی هەستان و پاشەکشە بۆ ناو ڕەبییەکە زیانی گەورەمان لێدەکەوێت.

لەناو ڕەبییەکە بەردێکی گەورە هەبوو ژێرەکەی وەک ئەشکەوت وابوو بەئیسراحەت شوێنی دوو کەس دەبوو تیایدا بخەوێت ، بەڵام کە دەبوو بە تۆپباران هەر حەڤدە پێشمەرگەکە جێگەیان دەبووەوە لە ژێریدا.

شەوێکی سەخت و تۆپبارانێکی کەم وێنە شاخ و کێو و بەندەنی ناوچەکەی دەکوتا وەک تاوە بارانی بە خوڕ بە شانو ملی دار و بەردوو سەنگەری ناوچەکەدا دادەبارى ، دەیان تۆپ بە ئاسمانەوە لووڕەی بوو دەیانیتریش دەیدا لە زەوی کەتۆپەکان لە لووڕە دەکەوتن و بێدەنگ دەبوون دەیانزانی پەلامار دەدرێن دەچوونە سەنگەرەکان ، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە دەیان پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند ، لەو شەڕەقورسە تەنها گۆران سەراوی بە سووکی بریندار بوو ، لە مەڵبەند پێیان وابوو کەس دەرنەچووە قادری حاجی عەلی بە جیهاز بە وەستا فاروقی وت چەند شەهیدتان هەیە ، وەستا فاروق وەڵامیدایەوە شەهیدمان نییە تەنها بریندارێکی سووکمان هەیە، پێشمەرگەکان لە سەنگەرەکانی سورەدێ پاشەکشەیانکرد لە ڕێگا مامە سەعە و سەردار لە تیپی ٣١ بریندار بوون.

مەڵبەندی یەک و دوو بە سەرپەرشتی قادری حاجی عەلی و شێخ دارا لە ئەشکەوتێکدا کۆببوونەوە دوو گیسک بەسترابوونەوە ، وەستا فاروق ووتی ئەو گیسکانە هی کێن قادری حاجی عەلی ووتی هی منن ، وەستا فاروق ووتی

هەردووکیان دەبەم سەریاندەبڕم ، قادری حاجی عەلی ووتی یەکێکیان بەرە ، وەستا فاروق هەردووکیانی بردو دایە دەستی حەمەغا، حەمەغاش گیسکەکانی بردە بن ئەشکەوتێک و سەریبڕین و ئاگریان کردەوە ئەوان زۆر دوور نەکەوتبوونەوە تۆپێک لە دەمی ئەشکەوتەکەی قادری حاجی عەلی و شێخ دارایدا لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەر و بە شاخەکە هەڵگەڕان وەستا فاروق چاوی بە شێخ دارا کەوت دەستیگرت و هێنایە ژێر ئەشکەوتەکەی خۆیان دەستیانکرد بە گۆشت برژاندن ، شێخ دارا میوانی ئەوان بوو.

بەرەو قەندیل

پێشمەرگە پاشەکشەی کرد بەرەو قەندیل وەستا فاروق ماندوو بوو بە جۆرێک توانای ڕۆیشتنی نەما بووبە هاوڕێکانی ووت ئێوە بڕۆن من دەخەوم کەڕۆژ بووەوە ئەو کاتە دێم ، لە خوار وەستا فاروق خشەیەک دەهات دەنگیدا جەمال سیرینی بوو ئەویش پەکیکەوتبوو ، شەو لەو بنارە مانەوە و کە ڕۆژ هەڵات سەرکەوتن بەرەو قەندیل .

قەڵاتووکان – دیواری مەرگ

تیپی ٣٧ شارباژێڕ ماوەیەک لە قەڵاتووکان بوون لە سێ لاوە شەڕ بوو لە هەر سێ لاکەوە پەلاماری پێشمەرگە دەدرا، نان و خواردن و پێداویستیش زۆر کەمبوو بەجۆرێک کەس تێر نەدەبوو ، لە ئەنجامی شەڕو بارودۆخی سەخت ناویان لێنابو دیواری مەرگ .

شەوێک لە قەڵاتووکان بەختیاری حەمە کوردستانی ئەم دیواودیوی دەکرد خەوی لێنەدەکەوت وەستا فاروق ووتی بەختیار بۆ ناخەویت بەختیار ووتی خەوم لێناکەوێت لە برسا یەکتۆز خواردنیان داومێ وەستا فاروق ووتی لەمڕۆ بەدواوە خواردنی دوو کەس وەرگرە بیخۆ بەختیار ووتی ئاخر دەبێت وەستا فاروق ووتی من بۆت دەکەم خەمت نەبێت.

شەڕی قەڕناقاو پشت ئاشان

بەشێک لە تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ لە سنووری شانەخشێ مابوونەوە دوای تێکچوونی بارودۆخی ناوچەکە بە بڕیاری سەرکردایەتی بەرەو چەمی شلێر بەڕێکەوتبوون لەوێشەوە بەرەو شێخ ئایش و قەڕناقاو پشت ئاشان لەگەڵ بەشەکەیتر تیپی ٣٧ یەکیانگرتەوە.

ڕژێم هێرش و پەلاماری فراوانی بەرەو قەڕناقاو پشت ئاشان و بناری قەندیل دەستپێکرد تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ شەڕی گەورەو بەرگری گەورەیانکرد لەو شەڕانەدا بەختیاری حەمە کوردستانی شەهید بوو جەزای حەبێ و عوسمان بریندار بوون ،وەستا محەمەد فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣١ سلێمانی شەهید بوو لە تێکڕای ئەو شەڕانەدا تیپی ٣٧ ی شارباژێڕ چوار شەهیدی بەخشی .

١-تەها شانەخسێیی

٢-مەسعود کەرکوکی

٣- ڕێبوار شیوەکەلێ

٤-بەختیار حەمە کوردستانی

مەجیدی حاجی عەلی یەکێک بوو لە فەرماندەکەرتەکانی تیپی شارباژێڕ لەگەڵ کەرتەکەیدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی بینی لەو شەڕانەدا، تیپی ٣٧ شارباژێر کشانەوە بۆ گۆڕتیسوێ و تاتی دوێ لەودیوی شێخ ئاسایش، سەرکەوتنە سەر شاخی شێخ ئایش چوار شەو لەوێ مانەوە لەوێ شۆڕش عوسمان بریندار بوو تیپی ٣٧ ی شارباژێر گەڕانەوە بەرەو زەڵێ و بلەکێ و چیوەرۆ.

ئـــــەنفال – لـــێواری گـــۆڕ

ڕژێمی عێراق لە گەرمەی شالاوەکانی ئانفالی (٥-٦) دۆڵی مەلەکان و بڵەی کیمیابارانکرد ژمارەیەکی لێ شەهید و بریندارکردن،ژمارەیەکیش لەو پێشمەرگە و هاوواڵتییانەی لەڕێگەی مستە شارەکانەوە تەسلیم بەڕژێم بوونەوە چونکە بەڵێنی ئەوەیان پێدابوون بیانپارێزن بەڵام مەستەشارەکان ڕادەستی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتیانکردن و ئەنفالکران.

*ستار کەریم فەرەج ناسراو بەکردار خەڵکی گەرەوان بوو پێشمەرگەی تیپی (١٢) سۆران بوو لەڕێگەی مستەشارێک خۆی تەسلیم کردو ئەنفالکرا.

*ڕەزاق سالح خەلیل و فارس ئەحمەد خەڵکی گەراوانی سەروو بوون لەدوای شەڕەکان لە (١٩٨٨/١١/١٠) لە ساو سێوەکان گیران و ئەنفالکران.

*محمەد قادر حەمەدەمین خەڵکی ئاکۆیان لەگەڵ خەڵکی دۆڵی بلە و مەلەکان خۆیان ڕادەستکردوو ئەنفالکران.

*ئەنوەر وسو گیراو ئەنفال کرا، مستەفا حاجی ئەبابەکر مەلەکی و حەمەد تاهیر عومەر شیرەیی دوو پێشمەرگەی تیپی (١٢) سۆران لەڕێی مستەشارێکەوە لە چوارقورنە خۆیان ڕادەستی فیرقەی (٢٤) ڕژێم کردو بێسەروشوێنکران . بەوجۆرە چواردەکەسی دۆڵی ئاکۆیان و گەرەوان کەژنیشیان لەگەڵدا بوو یان دەستگیرکران یان خۆیان ڕادەستکردوو ئەنفالکران کە ئەمانە بوون

١- ئەنوەر وسوو عەلی خەڵکی بنمێردە لە ١٩٨٨/٦/٣ دەستگیر کرا.
٢- محمەد قادر محەمەد ئەمین خەڵکی ئاکۆیان لە ١٩٨٨/٨/٣ دەستگیرکرا.
٣- جەلال عەبدوڵڵا مەحمەد خەڵکی فەقیان لە ١٩٨٨/٩/٢ دەستگیرکرا.
٤- عەبدوڵڵا ڕەسوڵ تەها خەڵکی گەرەوان لە ١٩٨٨/١١/١٠ دەستکیرکرا.
٥- باپیر ڕەسوڵ تەها لە ١٩٨٨/١١/١٠ دەستکیرکرا.
٦- فارس عەلی ئەحمەد لە ١٩٨٨/١١/١٠ دەستگیرکرا.
٧- ڕازاق سالح خەلیل لە ١٩٨٨/١١/١٠ دەسگیرکرا.
٨- گەلاوێژ عەزیز محەمەد لە ١٩٨٨/١١/١٠ دەستگیرکرا.

٩- مستەفا قادر مستەفا لە ١٩٨٨/٧/١ دەستگیرکرا.
١٠- عەلی مستەفا قادر لە ١٩٨٨/٧/١ دەستگیرکرا.
١١- وەلید ئەحمەد حەمەدەمین لە ١٩٨٨/٩/٩ دەستگیرکرا.
١٢- ستارکەریم فەرەج ناسراو بە کردار.
١٣- مستەفا حاجی ئەبابەکر مەلەکی.
١٤- حەمەد تاهیر عومەر شیرەیی .

ڕژێمی عێراق بەردەوام پرۆپاگەندەی ئەوەیاندەکرد کە شالاوەکانی ئەنفال تەنها دژی هێزی پێشمەرگەیە بەعەس وتەنی دژی تێکدەران و بەکرێگیراوانە ئەگەر خەڵکی ئەو ناوچەیە خۆیان تەسلیم بکەن خەڵکی ئەو دێهاتانە خۆیان تەسلیم بکەن دەیانپاڕێزن بەڵام درۆیانکرد لەگەڵ خەڵکدا بەشێکی زۆری خەڵکیان هەلخەڵەتاندووو خۆیان تەسلیم کردەوە و بێسەروشوێنکران. خەڵکی دێیەکانی دۆڵی بلە و مەلەکان لە دێیەکانیان هاتنە خوارەوە شەورۆژێک لە گردی کوێرشک نزیک کارگەی قیری خەلیفان کۆکرانەوە، نۆ کەسی خەڵکی دێی کەندۆر کە پێشمەرگەی هێزی پشتگیرییان تێدابوو، حاجی مام خدر کە لەشەڕی کێل کێل بریندار بوو، عەبدوڵڵا هەمزە لە ڕێکخستەنەکانی کۆمەڵە بوو هێزێکی دوژمن لەگردی کێروشک مام قاسم بلەییان بینیبوو لەگەڵ ئاودەل قادر و ڕازاق مەغدید لە خەڵکەکە جیایانکردنەوە و بەرەو هەولێر بردیانن، بەڵام لەبەر ئەوەی مام قاسم بەتەمەن بوو لەڕێگەی چەند کەسێکەوە ئازادکرا.

هەموو ئەمانە لە گردی کێروشک کۆکرابوونەوە بەچەند ئیڤایەکی سەربازی گۆاستراندەوە و برانە سەربازگەی سپیلک ماوەی (٨) ڕۆژ لەوێ مانەوە، شەوێک تاهیر عەبدوڵڵا و ئەحمەد حاجی قارد و چەند خێزانێکیتر بەرەو دێیەکانی سەچیا ڕایانکرد و ڕزگاریانبوو ئەوانیتر بەرەو ئەمنی هەولێر گواستراندەوە دوای (٢٤) کاتژمێر بەسورای کۆستەر گواستراندەوە بۆ نوگرەسەلمان لەبەر خراپی بارودۆخی زیندان، ژمارەیەک لەوانەی بەتەمەن بوون ئازادکران، پاشان ژن وپیاویان لەیەکتر جیاکردەوە پیاوەکان ئەنفالکران و ژن و منداڵیش دوای شەش مانگ ئازادکران .

ئەوانەی لە دێی کەندۆر ئەنفاکران:-

١- سەڵاح حەسەن

٢- فەیزوڵڵا وسوو

٣- محمەد وسوو

٤- جبرائیل وسوو

٥- عەبدوڵڵا هەمزە

٦- محمەد هەمزە – حەمەد ئاغا

٧- ئیبراهیم جەلال

٨- شەریف قادر

٩- حاجی مام خدری

ئەنفارکراوانی بلەی خوارو

١- فەتحوڵڵا حەمید

٢- مەجید حەمید

٣- زاهیر عەبدوڵڵا

٤- سەڵاح مستەفا

٥- سەعید ئەباباکر

٦- مەغدید هەمزە

٧- ئەنوەر مەغدید

٨- نەجیم محەمەد

٩- جەبار زرار

١٠-مەولود زرار

١١-بەهرام خدر

١٢- عومەر حەمەد

١٣- حەسەن هەمزە

١٤- قادر عەزیز

ئەوانەی بەتەمەن بوون ئازادکران

*مام عەزیز
*مستەفا ئەبابەکر
*مام خدر
*حەسەن مستەفا
*حاجی وسوو
*مام سمایل
*حاجی عەبدوڵڵا
*مستەفا ڕەسول
*حاجی جەلال

ئەوانەی لە زیندانی نوگرە سەلمان مردن (حاجی مەغدید، حاجی مەریەم، حاجی سابیر) . ئەوانەی لە دێی جۆلەمێرگ گیران ئەگەر چی بەناوچەی قەدەغەکراو ئەژمارنەکراوە لەبەر ئەوەی لەتەنیشت شارۆچکەی خەلیفان بوو هەموویان بردنە سۆران، قایمقام پێیوتبوون مادام ناوتان لە ئاماری (١٩٨٧) هەیە نابێت بگیرێن بەڵام چیبکەین خەبەریان لێداون لەدوای ئەوەی ژن و منالّەکانیان ئازادکرد پیاوەکانیان بردە تۆپزاوەی باشووری کەرکوک و ئەنفالیانکرن کە ئەمانە بوون:-

١- هەینی سەلیم خەڵکی بلەی خوارو
٢- ئیبراهیم حەسەن خەڵکی بلەی خوارو
٣- ئیسماعیل حەسەن بلەی خوارو
٤- مستەفا شێخە خەڵکی ئالانە
٥- مستەفا قادر خەڵکی ئالانە
٦- حسێن محەمەد خەڵکی شەڕکان
٧- جەلال محەمەد خەڵکی شەڕکان
٨- خدر محمەد خەڵکی شەڕکان
٩- مستەفا شێخ ئۆمەر خەڵکی شەڕکان

١٠-حەمید حەمەد حارس خەڵکی شەڕکان
جگە لە سنوری تیپی (١٢) سۆران و لە دۆڵی هەڕووتانی سەربەناحیەی خەلیفان.
*لەدێی شارسێنە عەلی حاجی مەلا ئەنفالکرا.
*لەدێی توتمەرە مەحموود حەمەد و ڕەسوڵ حاجی محەمەد ئەمین ئەنفالکران .
*لەهەرووتە کۆن ئیسماعیل حسێن ئیسماعیل ئەنفالکرا.
*حەسەنە گەورە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی (١٢) سۆران لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خزمی خۆی لەڕێگەی مستەشارێکەوە خۆی تەسلیم کردەوە لە ئەمنی هەولێر بێسەرو شۆڕێن بوون.
*ڕەسول مەجید ناسراو بە ئاوارە پێشمەرگەی تیپی (١٢) سۆران و خەڵکی دێی بلە هەفتەیەک بەپارتیزانی لە دەشتی هەریر لەگەڵ مەفرەزەکەی دکتۆر ڕبیین بوو لەڕێی مستەشارێکەوە تەسلیم بووەوو ئەنفاکرا.

ڕەوانـــدوز - ئـــــەنفال

١٩٨٨/٦/١٥ (١٣) کەس لەخەڵکی ڕەواندز دەستگیرکران و بە بڕیاری عەلی حەسەن مەجید ئەنفالکران، ئەو (١٣) کەسە لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٨٧) ی ڕەواندز چالاک و پێشەنگی خەڵک بوون ناویان لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم تۆمارکرابوو بۆیە لە دەمی ئەنفالی (٥-٦) حزبی بەعس بەفەرمانی عەلی حەسەن مەجید ئەنفالکران کە ئەم تێکۆشەرانە بوون

١- عەبدوڵڵا خدر جۆڵا
٢- حەسەن عەلی گاور
٣- سەردار تەها بەکر
٤- ئەمین ناوخۆش
٥- شێرزاد جەبار مام شێخ
٦- عبدالرزاق خدر مام شێخ
٧- ئیسماعیل حاجی سەدر
٨- عیسا حەمەد عەلی

٩- وریا سەعید ڕەزاق
١٠-مەلا خدر وەرتی
١١-سەلیم ئەحمەد مەلا شێخ
١٢- فازیل وەستا شاخی
١٣- ڕێبوار حەسەن یوسف

ئـــــەنفالکراوانی گـــەڕەوان مـــانگی 1988/10

دوای ئەوەی خەڵکی گەڕەوان ناوچەکەیان چۆڵکرد ژمارەیەک هاوواڵاتی گەڕەوان گەڕانەوە بۆ هێنانی کەلوپەلەکانیان بەڵام لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ژمارەیەکیان دەستگیرکران و دواتر ئەنفالکران کە ئەم هاوواڵاتیانە بوون:

١- سلێمان ئەحمەد سەعید
٢- مستەفا قارد مستەفا
٣- عەلی مستەفا قادر
٤- عەبدوڵڵا ڕەسوڵ تەها
٥- باپیر ڕسوڵ تەها
٦- گەلاوێژ عەزیز محەمەد
٧- وەلید ئەحمەد حەمەدەمین
منداڵێکیان لەگەڵدا بوو ناوی تەحسین بوو لە هەولێر ئازادیانکرد

لـــێواری گـــۆڕ

شەوێکی تاریکی مانگی ١٩٨٨/٩ بوو لە دێی تۆپزاوای باشوری کەرکوک ئەو دەمەی جەلادەکانی بەعس خەریکی بەزیندویی خستنە چاڵی ژمارەیەک کوردی ئەنفالکراوو بەندکرابوون، خەلیل لەلێواری گۆڕ گەڕایەوەو ڕزگاریبوو. خەلیل لە ساڵی (١٩٨٧) و لە تەمەنی(١٨) ساڵیدا بووە پێشمەرگە، لەشەڕەکانی بەرگری لە شاڵاوەکانی ئەنفال و لەڕەشکی بانەشان خەلیل و چەند پێشمەرگەیەک بریندابوون نێردرانە نەخۆشخانەی شۆڕش لەمەلەکان تا چارەسەر وەرگرن. سەرکردایەتی (

ی.ن.ک) لە مانگی (١٩٨٨/٧) بڕیاریدا ئەو پێشمەرگانەی لەشەڕەکاندا بریندابوون دەتوانن بچنە ئێران یان هەر جێگەیەکیتر کە پارێزراوبن خەلیل لە (١٩٨٨/١٠/٢٠) لە ڕێی مەلا ئەحمەدی خزمی کە لەخەلیفان بوو دایکو باوکی ئاگادارکردەوە دەتوانن لە جێگەیەکی پارێزراو پەنای بدەن یان بچێتە ئێران.

دایکو باوکی خەلیل قسەیان لەگەڵ سەرۆک جاشێکی ناسیاویان کردبوو سەرۆک جاشەکە بەڵێنپێدابوون لای خۆی بیپارێزێت، خەلیل گەڕایەوە ناو شار بەڵام سەرۆک جاشەکە هەر وەکو پیشەی جاشایەتی بەڵێن شکێنبوو خەلیلی تەسلیمی ئەمنی چۆمانکرد، دوای لێکۆڵینەوە ڕەوانەی ئەمنی هەولێریانکردوو زیندانیکرا لەوێ چەند هاوولاتیەک و پێشمەرگەی تیپی سۆرانی بینی.

کۆتایی مانگی (١٩٨٨/٨) ڕژێمی عێراق بە ئۆتۆمبێلێکی مونشەئەی گەورە زیندانییەکانی بۆ مونەزەمەی شئونی شیمالی کەرکوک گواستەوە خەلیل لەناو زیندانداا ژمارەیەک لەو پێشمەرگە و هاوولاتییانەی بینی کە لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٨٨) کەوتبوونە داوی دووژمن، چاوی کەوت بەو پێشمەرگانەی لەوەرتێ گیرابوون (٣١) کەسیتریش لە پێشمەرگە و هاوولاتی کە لەلایەن جاشێکەوە تەسلیمی ڕژێم کرابوون هێنرابوونە ئەوێ.

ڕۆژی (١٩٨٨/٩/٦) ڕژێمی عێراق لێبوردنی گشتی دەرکرد زیندانییەکان دڵخۆشبوون بەولێبوردنە بەڵام ئەمنە دڕندەو ڕەگەزپەرستەکان لەجیاتی ئازادکردن بەرەو چاڵی مەرگیانبردن.

ڕۆژی (١٩٨٨/٩/١٤) سەرژمێری زیندانەکانیانکرد (١٨٠) کەس بوون هەرچی پێیانبوو لێیانسەندن ئێوارە کە تاریکداهات بەزیندانیەکانیان ووت ئێوە بەرلێبورنی گشتی کەوتوون سید الرئیس ئازادتان دەکات، ئەمنەکان دەست و چاوی زیندانیەکانیان بەست و ووتیان دەتانبەینەوە دادگای شۆڕش لەبەغدا لەوێ ئازادتان دەکەین . خەلیل لەهاوڕێکانی پرسی ئەگەر ئازادمان دەکەن بۆ دەست و چاومان دەبەستن، خەڵکەکەیترش گومانیان لا دروست بوو بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو، کاتژمێر هەشتی شەو هەموو زیندانییەکانیان بەشەش ئۆتۆمبێلی سەرداخراوی کوێتی تایبەت بە

گواستنەوەی زیندانیان کە تەنها کونێکی لەسەرەوە هەبوو گواستەوە گوایە دەیانبەنە بەغدا، ئۆتۆمبێلەکان بەڕێکەوتن دوای ماوەیەک ڕۆیشتن لەجادەی قیر لایاندا چوونە سەرجادەی خۆڵ خەلیل گومانەکەی چەند هێندە بوو بەهاوڕێکانی ووت چۆن دەبێت لەڕێگەی خۆڵەوە بمانبەنە بەغدا. خەلیل بێهیوابوو بەهاوڕێکانی ووت ئەوە دواین شەوی ژیانمانە، کەشێکی کپ و مات باڵی کێشا بەسەر زیندانیەکاندا هەمووان بێدەنگ چاوەڕێی چارەنووسی نادیاربوون، خەلیل هەوڵیدا دەستی بەستراوی خۆی کردەوە بەسەباحی هاوڕێی ووت ئەوانە بۆ گوللەبارنکردنمان دەبەن کە ئۆتۆمبێلەکەیان ڕاگرت و دەرگاکانیان کردەوە با پەلاماریان بدەین هەر دەمانکوژن بابمانکوژن دوا هەلە با بەمەردی بمرین ئەگەر چەکیشمان دەست کەوت شەڕ دەکەین بەڵام وەڵامێک نەبوو.

دوای ماوەیەک ئۆتۆمبێلەکان لەشوێنێک ڕاگیران ئەو ئۆتۆمبێلەی خەلیلی تیا بوو پێش ئەوانیتر برانە خوارەوە، کە جەللادەکان بینییان خەلیل دەستی کراوەتەوە بەلێدان بردیانە خوارەوە، خەلیل کەمێک پەڕۆکەی سەرچاوی لادابوو پێشدەمی خۆی دەبینی، چاڵێکی درێژی بینی (٢٠-٢٥) مەتر دەبوو پانیەکەی هێندەی دەمی حەفارەیەک و قوڵییەکەشی دوو مەتر دەبوو، جەللادەکان داریکی کارەباییان لەپشتی سەری خەلیل دا و فڕێیاندایە ناو چاڵەکەوە، دەستی بەر دەموچاوی کەسێک کەوت و لەهۆش خۆی چوو پاش کاتێک هۆشی هاتەوە نیوەی لەشی لەناوخۆڵدا بوو شۆفڵ بەردەوام خۆڵیدەکرد بەسەریاندا، تۆز و خۆڵی شۆفڵەکە هێندەیتر شەوی تاریککرد و چاو چاوی نەدەبینی، خەلیل لەژێر خۆڵەکە هاتە دەرەوە و خویدا بەدیواری چاڵەکەدا تا خۆڵی دەمی شۆفڵەکە نەڕژێتە سەری جارێکیتر ژێر خۆڵەکە نەکەوێتەوە هەنگاو هەنگاو خۆیگەیاندە ئەوسەری چاڵەکە، لەکاتی چونەدەرەوە لە چاڵەکەدا پێڵاوەکانی جێما، خەلیل ئەمنەکانی بینی دەیزانی ئاگایان لە ئەوندیە، بەدانیشتنەوە خۆی بەو دیوی چاڵەکەدا گل کردەوە لەوکاتەدا دەستڕێژێک گوللە کرا خەلیل وایزانی تەقەیان لەو کردووە، بەڵام کەسێکیتر هەوڵی هەڵاتنیدابوو لەگەڵ دەسڕێژەکەدا هاواری لێهەستا.

خەلیل توانای ڕۆشتنی کەمبوو پڕ چاوی خۆڵو تەپوتۆز بوو زۆریشی تینوو بوو پێڵاوی لەپێدانەبوو ڕۆیشت و لەچاڵەکە دوور کەوتەوە، خەلیل بەدەم ڕۆشتنەوە گوێی لەهاژەهاژێک بوو لە کەندێکی قوڵ خۆی شاردەوە بینی بۆریەکەو شکاوە، بۆریەکی ئاو بوو گوللەی بەرکەوتبوو شکابوو خەلیل دەمی بە بۆریە ئاوەکەوە ناو وزەیەکی هاتەوە بەر، خەلیل دەستیکردەوە بەڕۆیشتن دوای نیو کاتژمێر گەیشتە سەرجادەی دوز، لەنزیک جادەکە جێگەی تایەی تراکتۆرێک بوو لەناو چاڵی تایەکەدا پاڵکەوت تا لەبەر لایتی ئۆتۆمبێل دەرنەکەوێت، سێ ئۆتۆمبێل بەسەر جادەکەدا پێپەڕین ئۆتۆمبێلی یەکەم و دووەم سەربازی بوون ئۆتۆمبێلی سێیەم لەسەربازی نەدەچوو، خەلیل چووە ناوەڕاستی جادەکەو وەستا، ئۆتۆمبێلەکە ناچار وەستا شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە جلی جەیشی شەعبی لەبەردابوو.

شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە کە خەلیلی بینی جلی کوردی لەبەردایە بە کوردی قسەی لەگەڵداکرد فەرمووی لەخەلیل کرد سەرکەوێت، خەلیل سەرکەوت، مەلایەک لەتەنیشتی شۆفێرەکە دانیشتبوو لە خەلیلی پرسی بەمشەوە چیدەکەیت لێرە خەلیل سەربوردەی بەزیندوویی لەچاڵکردنی زیندانییە کوردەکانی بۆ گێڕانەوە، لەگەڵ گێڕانەوی کارەساتی زیندوو بەچاڵکردنی زیندانیە کوردەکان لەلایەن جەلادەکانی بەعسەوە مەلاکە دای لەپرمەی گریان.

ئەو شەوە خەلیل چووە ماڵی شۆفێرەکە لە دوز کە ناوی مەجید فەتاح ڕەسول بوو، بۆبەیانی مەجید خەلیلی بردە پردێ و پێنج دیناری دایە و ڕاوانەی هەولێری کرد. خەلیل گەیشتە هەولێر چووە ماڵی پوری لەگەرەکی کوران بەڵام پوری نەیناسییەوە دوای خۆناساندن پوری هەڵیدایە گریان و لەئامێزیگرت.

دوای پشودان لەماڵی پوری و ئاگادارکردنەوەی باوکی خەلیل چووە سۆران لەوێشەوە لەڕێگەی حزبی دیموکراتی ئێرانەوە گەیەنرایەوە بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ک)

تـــیپی 47ی پـــیرەمەگرون
گـــەروی مـــەنجەڵ- کـــاروخ

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە شـەڕی سێ مانگەی مەڵبەندی سێ لە گـەروی مەنجەڵ، زنجیرە چیای کاروخ بوون، دوژمن دووجـار پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی پیرەمەگرونیدا لە گـەروی مەنجەڵ، هـەر دوو پەلامارەکە لە سـەر دەستی پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون تێکشکان.

جگە لە ئەو بەشەی تیپی پیرەمەگرون لە چیای کـاروخ بەشێکیش لە تیپی پیرەمەگرون لە ناو گەرەوان بوون.

دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی کاروخ و گەروی مەنجەڵ و گەرەوان تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون کشانەوە قەندیل.

بەشێک لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە پشتی سورەدێ لە کانی ساوێن بوون دوژمن بەردەوام تۆپبارانی ناوچەکەیدەکرد گوللە هاوەنێک کەوتە ناو پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون و ژمارەیەک پێشمەرگە بریندار بوون.

بەشێک لە بریندارەکان:

١/ سەڵاحی لیوا عشرین
٢/ هەڤاڵی جیهاز
٣/ بەهادین عەبدوڵڵا
٤/ وەستا سالّح
٥/ ئاکۆ مەلا عەبدول
٦/ هاوڕێ ڕاستی
٧/ دکتۆر عەلی
٨/ زانا
٩/ سۆران

تـــیپی 90ی بـــاواجی شـــەڕەکانی مـــەڵبەندی سێ

تیپی ٩٠ی باواجی لە شەڕەکانی بەرگری لە سنووری مەڵبەندی (٣) لە سەنگەرەکانی چیای بێترخە بوون.

چیای بێترخێ تیپی ٨٦ی هەولێری لێبوو پێشمەرگەیەکیان بە ناوی فواد شەهید بوو تیپی ٩٠ی باواجی چوونە جێگەی تیپی هەولێرو ئەوانیان گۆڕی.

تیپی ٩٠ی باواجی ماوەی مانگێک لە چیای بێترخە مانەوە لەو ماوەیەدا دووجار هێرشیانکرایە سەر ، پێشمەرگەکانی باواجی هەر دوو هێرشەکەیان شکاندو زیانی زۆریان بە دوژمن گەیاند.

لەو ماوەیەدا پێشمەرگەی قارەمانی تیپی باواجی ئەحمەد حاجی قەڵایی بە تۆپباران شەهید بوو.

تـــیپی مـــەڵبەندی سێ چـــیرۆکێکی غـــەمگین

کەرتی جبەخانە لە ناو خەتێ بوو، کاک کۆسرەت نامەیەکی نارد خەتێ چۆڵبکەن، جبەخانەکان بتەقێننەوە بچنە دۆڵی مەلەکان لەوێوە بەرەو وەرتێ بڕۆن.

کاتژمێر یەکی دوا نیوەڕۆ (خەتێ) یان جێهێشت و بەڕێکەوتن چوونە مەلەکان، لەوێوە بەرەو وەرتێ ملی ڕێگەیانگرت کاتژمێر دوانزەی شەو بە زەحمەت گەیشتنە وەرتێ.

مەلەکان پێشمەرگەی لێنەمابوو، یانزە پێشمەرگە ملی ڕێگەیانگرت، ڕێگەی مەلەکان هەتا وەرتێ دوورو درێژ بوو، پڕ لە هـەورازو نشێو بوو کە گەیشتنە وەرتێ کەسی لێنەما بوو لە تاقە ماڵێکدا چرایەک دەهایسا هاوڕێ قازی یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە بەرەو ماڵەکە چوو پیاوێکی پیر لە ماڵەکەدا بوو کای دادەگرت، هاوڕێ قازی پرسی چۆن لێرە ماویت مامە پیرە ووتی خەریکی کا داگرتنم لە گوێنیەی دەکەم، هاوڕێ قازی پرسی پێشمەرگەکانی ئێرە بەرەو کوێ چوون ، پیاوە پیرەکە ووتی تا دوانیوەڕۆ لێرە بوون لە جادەی خانەقا پەڕینەوە بەرەو قەندیل.

ئەو شەوە مەفرەزەکە لە ناو وەرتێ مانەوە، بەیانییەکەی زوو چوونە دەرەوەی وەرتـێ لە ئەشکەوتێکی نزیک وەرتـێ مانەوە، چاویان لێبوو جاش دەهاتنە ناو وەرتێ هێستریێکی پێشمەرگە جێمابوو بە بارەوە بردیان.

پێشمەرگەکان شارەزا نەبوون نەیاندەزانی چۆن و لە کوێوە بڕۆن ناچار ئێوارە هاتنەوە ناو وەرتێ کەسێک لە وەرتێ هاتە لای پێشمەرگەکان خەڵکی گەڕەوان بوو لە ترسی جاش هەڵاتبوو لە گەڵ پێشمەرگەکان مایەوە، بەو کەسەوە بوونە دوانزە .

ڕۆژ بـەرەو تاقی ئاسمان هەڵکشا ڕێگەیەک هەبوو پێیان دەووت سوڵتەی وەرتێ، هاوڕێ قازی بە مام هێمنی ووت ئەگەر بە کۆسپێ وەرتێ تێپەر بین بەرەو جادەی خانەقا دەپەڕینەوە.

لە گەڵ دنیا تاریک بوون بەرەو سوڵتەی وەرتێ بەڕێکەوتن هاوڕێ قازی و خاڵە هێرش پێشکەوتن مانگە شەو بوو بینیان دوو کەس بەرەو ڕوویان دەهاتن

دەنگیاندان کێن ووتیان پێشمەرگەی پارتین لە سولّتەی وەرتێ بووین دەنگە دەنگ دەهات بە عەرەبی قسەیان دەکرد دیار بوو کەمین بوو ئەو دوو پێشمەرگەیەش لە گەڵ مەفرەزەکە مانەوەو بوونە چواردە کەس چوونە ناو ڕووباری وەرتێ.

کاتژمێر (٨)ی بەیانی بوو لە بن گەوەڕە شاخێک بوون بنی گەوەڕەکە ڕووبار بوو چاوەڕێیان دەکرد ڕۆژیان لێئاوا بێت بگەنە جادەی خانەقا، هاوڕێ قازی لە بن شاخەکەوە سەری هەڵبڕی تەماشایکرد سێ سەرباز بە ناو ڕووبارەکەدا بۆ لای ئەوان دێن، هاوڕێ قازی مام هێمنی لە هاتنی سەربازەکان ئاگادار کردەوە سەربازەکان نزیکبوونەوەو یەکێکیان ئەفسەر بوو گۆچانێکی بەدەستەوە بوو دوو سەربازەکە چەکیان لە شان بوو هاوڕێ قازی تفەنگی ڕاکێشاو ووتی دەیانکوژم مام هێمن دەستیگرت ووتی نەکەیت بەڵکو تێپەڕن.

ئەفسەرو دوو سەربازەکە پێشمەرگەکانیان بینی ، بەڵام هیچیان نەوت گەڕانەوە دوای نیو کاتژمێر سافیرەی سەربازی لێیدا هێزێکی سەربازی هاتبووە سەر سەری پێشمەرگەکان هێندەینەبرد نارنجۆکێکیان فڕێدایە بەردەمی پێشمەرگەکان شەڕ دەستیپێکرد، لە نێوان مانەوەو تەسلیم بوون و شەهید بووندا هاوڕێ قازی و شێرکۆ و عەبدوڵڕەحمان بە تەقەکردنەوە لە شاخەکە هاتنە دەرەوە ماوەیەک دووبارەوتنەوە بەردێکی گەورە لە نزیکیان بوو هەوڵیاندەدا بگەنە پەنا بەردەکە لە کاتی ڕۆیشتن بۆ پەنا بەردەکە شێرکۆ بریندار بوو عەبدوڵڕەحمان و هاوڕێ قازی مانەوە تەقەیان لە سەربازەکان دەکرد بە دەم تەقە گەیشتنە بن بەردەکە لە گەڵ گەیشتندا عەبدوڵڕەحمان شەهید بوو هاوڕێ قازی تەنیا مایەوە، سوودی لە فیشەکی مەخزەنەکانی بینی بۆ بەرگریکردن.

لە سەرەتای دروستبوونی شەڕەکەوە هاوڕێ قازی چاوی لێبوو هاوڕێ پێشمەرگەکانی تەسلیم بوون تا گیانیان پارێزراو بێت.

کات درەنگ بوو دەمەو ئێوارە بوو شوێنەکە سێبەر بوو هاوڕێ قازی لە ناو سێبەرەکە وون بوو چووە ناو تەڕاشە داریکەوە ناوەکەی بۆشبوو لە ناو کلۆرە دارەکەدا مایەوە تەنها مەخزەنێک فیشەکی پێمابوو.

هاوڕێ قازی لە ناو کلۆرە دارەکە هاتە دەرەوە هەتا ڕێگەی دەرباز بوون بدۆزێتەوە، چووە شوێنێک چڕو سەخت و یاخی بوو تەنها شوانە ڕێ، بزنە ڕێی هەبوو، هاوڕێ قازی لە پەنای شوانە ڕێکەدا خۆی پەنا دابوو هێزێکی سەربازی بەلایدا تێپەڕین بەڵام نەیانبینی.

وەرتێ چۆڵ بوو هەتا باڵندەش لێی نەدەخوێند نە جریوەی مەلێک نە قاسپەی کەوی نسارانی کاروخ نەدەهاتە گوێ، تۆپ و فڕۆکە و کیمیایی هەمووانی تەرە کردبوون نە ڕووناکی چرایەک، نە هەناسەیەک، نە چرپەیەک نە نەرمە غاری وولاخێک، نە دەنگی پێی ڕێبوارو کاروانچییەک، تەنها و تەنها مۆڵگەو ڕەبییەی داگیرکەر بوو.

هاوڕێ قازی لە تەنیایی تەنیاتر بوو ڕووخساری یەکە یەکەی هاوڕێکانی لە بەرچاویدا گوزەریدەکرد، دەهاتن و دەچوون، هاوڕێ قازی گەڕایەوە وەرتێ چووە یەکەم خانووی ڕووباری وەرتێ بە بەردەم خانووەکەدا دەهات ئاوی خواردەوەو مەتارەکەی پڕ کرد.

ڕێگەی وەرتێ بەرەو دۆڵی خانەقا گیرابوو دەرفەتی دەرچوون بەو ڕێیەدا نەمابوو ئەستەم و دژوار بوو، بە دەستە ڕاستی وەرتێدا دۆڵێکی نەوی هەبوو بە دۆڵەکەدا سەرکەوت، بەیانییەکەی تەماشایکرد جادەی خانەقا پڕ بوو لە هێزی سەربازی و جاش.

هاوڕێ قازی لە بیری خۆڕزگار کردندا بوو چەندین ڕێگەی دەرباز بوون بە مێشکیدا دەهات و گوزەریدەکرد، لە بەر خۆیەوە دەیووت ئاخر بچمە سەر جادە دەست لە ئۆتۆمبێل ڕاگرم ئەگەر ئەو ئۆتۆمبێلە چوار کەسی تێدا بوو کێ دەڵێ بۆچوونیان وەکو یەک دەبێت سەبارەت بە من، ئاخر دەزانن من پێشمەرگەم یان قاچاخم ئەوە سنووری قەدەغە کراوە.

دوو ڕەبییەی گەورەو بچووک بەرانبەر هاوڕێ قازی بوون تا ئێوارە بەرانبەر ڕەبییە بچوکەکە دانیشت چاودێری دەکرد تا کەسێک بێتە خوارەوەو بچێتە لایان، ڕەبییەکە بۆ دەستاو دەهاتنە ناو کەندێک بۆ بن ڕەبییەکە.

ڕێگایەک لە نێوان هاوڕێ قازی و ڕەبیبەکەدا بوو کونە پردێکی تیدا بوو لە کونە پردەکەدا چەکەکەی داناو چاوەڕێی کەسێکی دەکرد بێتە خوارەوە.

ڕۆژ هەڵاتن جاشێک هاتە خـوارەوە بۆ دەسـتاو مەسینەیەکی بەدەستەوە بوو قاتێکی ڕەشی لە بەردا بوو قۆڵی هەموو کوترا بوو دەستی بە ئاو گەیاندو سەرکەوتەوە ڕەبیبەکە قازی دەنگی نەکرد بە ڕووخساری جاشەکەدا دیار بوو باش نەبوو.

ئەو دەمـەی پێشمەرگەکان خۆیان تەسلیم کرد هێزەکەی دوژمـن زانیبووی پێشمەرگەیەک بە ناوی قازی ڕزگاری بووەو بەردەست نەکەوتووە هەواڵی ڕزگار بوونی قازی بە ناوی غازی درابوو بە ڕەبیبەکانی ناوچەکە.

هاوڕێ قازی چاو لە ڕێبوو جاشێک لە ڕەبیبەکە دەسووڕایەوە هێندەی نەبرد هاتە خوارەوە بۆ دەست بە ئاو گەیاندن، هاوڕێ قازی بانگیکرد جاشەکە ئاوڕیدایەوە ووتی تۆ چیدەکەیت لێرە هاوڕێ قازی ووتی سەربازی هەڵاتووم.

جاشەکە ووتی لێرە دانیشە ئێستە دێمەوە زۆری نەبرد بە کڵاشینکۆفێکەوە هاتە خوارەوە دوای گفتوگۆ لە گەڵ هاوڕێ قازی گەڕایەوەو ووتی چەند کەسێکم لە ڕەبیبەکە مۆڵەتدا بڕۆنەوە هەر خزمەکانی خۆمم هێشتووەتەوە من معاون سریەم پێم بڵێ تۆ کێیت ئەگەر ئەو غازییەی لەو شەڕە ڕزگارت بووە یارمەتیت دەدەم ئەگەر فیراریت هەقم نییە بە سەرتەوە، هاوڕێ قازی ووتی ئەو نیم.

معاون سریەکە ووتی بە گۆڕی شەهید سەید کەریم ئەگەر ئەو بیت ڕزگارت دەکەم، هاوڕێ قازی ووتی بەڵێ من ئەو کەسەم.

معاون سریەکە قازی ڕزگارکرد بە دۆڵی خانەقادا چووە قەندیل و چووە لای کاک کۆسرەت هاوڕێ قازی پێش ڕۆیشتنی موزەلییەکەی شانی خۆی دایە معاون سریەکە ووتی ئەوە دیاری (ی ن ک)ە بۆ تۆ معاون سریەکە ناوی عەبدولڕەحمان بوو خەڵکی سرێشمە بوو، هەڵوێستێکی جوان و مەردانەی بەرانبەر هاوڕێ قازی نواند کە جێگەی ڕێزە.

جێگەی داخە دوای تەسلیم بوونی پێشمەرگەکان بە هێزە سەربازییەکەی ڕژێم سەرجەمیان گوللەبارانکران.

ناوی شەهیدەکان:

١/ مام هێمن

٢/ خاڵە هێرش

٣/ مامۆستا هوشیار چاوشین

٤/ چالاک مەسیفی

٥/ کارزان مەسیفی

٦/ مام سەبرۆکە

٧/ شێرکۆ

٨/ عەبدولڕەحمان

دوو پێشمەرگەی پارتی

کەسێکی خەڵکی گەرەوان

مـــەڵبەندی سێ
ئـــەو نامانەی بـــۆنی دوکـــەڵیان گـــرتووە
ئـــەحمەدی هەمین، قـــەڵای شـــۆڕش

ئەحمەد قادر ڕەسوڵ ناسراو بە ئەحمەدی هەمین، ئەندامی کۆمەڵە و کادیری پێشکەوتووی (ی ن ک)، ئەحمەدی هەمین خەڵکی (گوڵان)ی بناری چیای بێترخێیە لە دۆڵی شاورێ، سەر بە ڕێکخستنەکانی (ی ن ک) و کادیری هەڵسوڕاوو چالاکی سەردەمی شاخ مااڵکەی بارەگای پێشمەرگەو قەڵای پتەوی بەرگری بووە، بنکەی سەرەکی گەیاندنی خواردن و پێداویستی و تەقەمەنی بووە بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ بە تایبەت لە کاتی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣)دا، ڕێڕەوی پەڕینەوەو ڕەوانەکردنی بریندارەکانی پێشمەرگە بووە.

ئەحمەد قادر ڕەسوڵ (ئەحمەدی هەمین) هەفتەی جارێک دەچووە بارەگای تیپی ٧٨ی کارۆخ لە وەرتێ و بۆ سەردانی بارەگای مەڵبەندی (٣).

لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) لە کۆتایی مانگی ٥ی ١٩٨٨ تا کۆتایی مانگی ٨ مااڵی ئەحمەدی هەمین لە گوڵان بارەگاو بنکەی پەیداکردن و ڕەوانەکردنی خواردن و فیشەک و دەرمان و بەنزین و پێداویستیەکانی شەڕگەکە بووە.

سەرکردە و فەرماندە و ڕێکخستنەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی نامەوە داخوازی و پێداویستیەکانیان ئاڕاستەی کاک ئەحمەد دەکرد، ئەویش بە پێی ناوەڕۆکی نامەکان پێداویستیەکانی بۆ دابیندەکردن.

داواکاریەکان بریتیبوون لە پەیداکردنی نان، برنج، ئارد، دۆشاوی تەماتە، فیشەک، گوللەی ئاربیجی، B.K.C ، بەنزین، پەڕاندنەوەی بریندارەکان و کادیرو ماڵ و منااڵی پێشمەرگە بۆ ئێران و سەر سنوور، بریندارەکان دەنێردرانە گوڵان، کاک ئەحمەد وڵاغی بۆ پەیدا دەکردن، شارەزای لە گەڵ دەناردن بە ڕێی (بێرمکە) دا بە ناو جاش و سووپای عێراقدا دەیگەیاندنە سنوور، هەموو ڕێگەکان گەمارۆ درابوون تەنها مەڵبەندی (٣)و ئەو شوێنانەی پێشمەرگەی لێبوون دەتواندرا بە ئازادی پیایاندا تێپەڕێت، تێکڕای ڕێگاکانیتر هەڵقەو تەلبەندی دوژمن بوون.

خواردن، تەقەمەنی، دەرمان، ئاردو پێداویستیەکان لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەنێردرانە گوڵان، یان کاک ئەحمەد دەیکڕین.

قادری عەولا، بەختیار حەمە مەجید، مامۆستا محەمەدی سەرکەپکان، نەبی ئەحمەڵ، ئەوڵای مەحموودە لاوی، برایمە سوور، کاوەی مام قادر، محەمەد شامەروان، حەسەن مەحموود، ئەسعەد حەمە عەلی، جەمال مەرگەیی، قادری عەولا سەوزەو خەڵکی دیکەش لەو تێکۆشەرانە بوون هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان دەکرد، ئەو پێداویستیانەی کۆیان دەکردەوە دەیانهێنایە (گوڵان) بۆ ماڵی کاک ئەحمەد، لەوێشەوە ڕەوانەی مەڵبەندی سێ و شەڕگەکان دەکران، بە تایبەت دەنێردرانە مەلەکان.

هاوکاریەکان هەمە جۆر بوون، ئارد، شەکر، چا، ڕۆن، تەماتە، دۆشاوی تەماتە، تا دەگەیشتە فیشەک و تەقەمەنی، جگە لەوەش بەشێکی زۆر لە پێداویستیەکان لە لایەن کاک ئەحمەدەوە دەکڕدران و بە بار ڕەوانەی مەڵبەند دەکران.

گـــــوڵان

گوڵان لە بن چیای بێترخێیە، سەردەمی شۆڕش (٧٠) ماڵی لێنیشتەجێبوو، سەر بە عەشیرەتی ئاکۆن، لە ناو عەشیرەتی ئاکۆ سەر بە تیرەی شاورین، بە ناوچەکەش دەڵێن دۆڵی شاورێ.

مانگی (٧) ساڵی ١٩٨٩ بە هەفتەیەک دوای ڕاگواستنی قەڵادزێ، گوڵان ڕاگوێزراو بردیانننە ئۆردوگای حاجیاوا.

پـــــاراستنی نـــــامەکان

لە ڕاگواستنی (گـوڵان) کاک ئەحمەد ئەو نامانەی کە لە لایـەن لێپرسراوانی مەڵبەندی (٣) و تیپەکانەوە بۆی نێردرابوون لە کونە داریکدا شاردەوە ناو دارەکە هەڵکۆڵدرا بوو، نامەکانی لە نایلۆن پێچاو خستیە ناو دارەکەوە، هەڵکەوتەی دارەکە بە شێوەیەک بوو باران نەیدەگرتەوە، نامەکانی بەو دارە سپارد، لە گەڵ چەخماخەی ڕاپەڕیندا کاک ئەحمەد گەڕایەوە گوڵان و نامەکانی دەرهێنایەوە.

٣٥ ساڵ بە سەر ئەو نامانە تێدەپەڕێ بەڵام هەر دەڵێی ئەمڕۆیە، نە کاڵ دەبنەوە، نە بیر دەچن، بەڵکو ساڵ دوای ساڵ گرنگترو پڕتین و تاوتر دەبن.

نامەکان، بەشێکی زۆری بە خەتی حەسەن کوێستانی شەهیدن، ئەوانیتریش، دەستخەتی سامان گەرمیانی، مامۆستا ڕێبوار، شاسوار، ڕەحمان سەیدەو خەڵکانیترن.

دەچینە لای نامەکان با خۆیان بدوێن، تەنها نامەکان دەتوانن ئەو ڕۆژانە وەکو خۆیان بگێڕنەوە، پریاسکەی ئەو ڕۆژانە بکەنەوە.

نامەی یەك (1)

بۆ برای بەڕێزم کاک عومەر ئاغا

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە بە هیوای شادی و سەرکەوتنتانین برای بەڕێزم هەڵگری نامە کاک ئەحمەد هاوڕێیەکی ئێمەیەو نەهێنیمان لە نێواندا هەیە هەر کاتێک هاتە لاتان و بروسکەی هەبوو بۆ ئێمە زۆر سووپاستان دەکەین یارمەتی بدەن.

هەر بژین...

تکایە سڵاوم بگەیەنە گشت برادەرانی تیپی کارۆخ بە تایبەتیش کاک ڕەحمان سەیدەو مەلای مەحموودو عەلی سەیدەو کاک باپیرو کاک مەولان.

براتان

حاکم شۆڕش

١٩٨٧/٥/٨

نامەی دوو (2)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم بە هیوای سەرکەوتنتانین

ڕێزمان هەیە بۆ گشت لایەک، کاک حەسەن و کاک عەبدولڕەزاق سڵاویان هەیە بۆتان.

کاکە زۆر سووپاستان دەکەین و نامەکەتان گەیشت، بۆ ئازوقەکان دیارە کاتی خۆی پێمانوتن کەوا بیدەن بە کاک ڕێبوارو ئەوان و پارەشیان لێوەربگرن، جا تکایە لەم ڕۆژانەدا بـرادەران هەموو لەوێ دەبن و ڕێگاوبان بەشی ئەوەندە بکەنەوەو شتومەکەکان بەرن بۆ لای خۆیان چوونکە زۆر دەمێکە لە سەر حسابی ئێمە نەماوە لای ئێوە، هەروەها هەندێک شتوومەک لای فەتحوڵڵا بوو کڕابوو وەرگیرابوو نازانین چۆنە پارەکەمان بۆ نارد لە ڕێگەی دکتۆر هەڤاڵ.

دیارە لەم ڕۆژانەدا هەواڵێکم بۆ ناردن بە هۆی برادەرێک کە هەر چی بۆتان دەکرێ گوللە (R.B.G) پەیدا بکەن بەڵام پێشوەخت بزانن دوا سعری چییە و ژمارەشیان هەتا چەند هەزار هەر دەمانەوێت تکایە ئەوە بوو کاری ئێمە کاتی خۆشی وتت گوللە دەستە دەکەوێت بەڵام با ئەشخاس نەبێ گەر بووش با زۆر کەم بێ، هەر بژیت.

هەژار

١٩٨٨/٢/١١

نامەی سێ (3)

بۆ برای بەڕێز هاوڕێی خۆشەویست کاک ئەحمەد، سڵاوێکی گەرم ئاڕاستەی ئێوەی خۆشەویست ئەکەم ئاواتم سەرکەوتنتە.

برای بەڕێزم ئێستە بە کاروباری تیپ زۆر مەشغوڵین لەم ماوەی داهاتوو سەردانتان دەکەین بۆ ئازوقەکە هەر ئەمڕۆو زۆر بە پەلە بکڕین، هەرچی ئازوقە هەیە ئەوەی کە پاکەو خاوێنە بێکەڵک نەبووە بە سەیارە بیگوازنەوە بۆ (بۆتێ)، بۆ لای مام حسێن منیش لەوێ ئەیگوێزمەوە، وە ئاگاداری ئەم هاوڕێیە بکەرەوە با ئازوقەکەمان بۆ پەیدا بکات زیاتر ئێمە ئەمانەوێت، منیش کە هاتم قسەی لە گەڵ دەکەم.

من بەیانی وڵاخ ڕەوانەی بۆتێ دەکەم تۆش کاری خۆت جێبەجێبکە.

دووبارە سڵاوم هەیە بۆ هاوڕێیان..

هەر بژیت...

برات

م. ڕێبوار

نامەی چوار (4)

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد گوڵانی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

کاکە گیان داوات لێدەکەین ئەو شتومەکانەی لە لاتە بە زووترین کات و بە پەلە ڕەوانەی مەلەکانی بکەن تەسلیمی مەلا نەریمانی بکەن لە مەلەکان.

ئیتر بۆ پێشەوە...

ڕێکخراوی (٢)

١٩٨٨/٥/١١

نامەی پێنج (5)

کرێکاران و گەلانی زوڵملێکراوی دنیا یەکگرن

بۆ هاوڕێی بەڕێزم کاک ئەحمەد

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

سڵاوو ڕێزم بۆ کاک سلیمان و کاک عەبدوڵڵا و کاک قادر هەیە حەزم دەکرد یەکەو نامەیان بۆ بنووسم بەڵام لە بەر پەلە نەمتوانی .

هاوڕێ گیان ئەو شتانەی کە کڕیوتن بە پەلە بۆ مەلەکانی بنێرن بۆ لای کاک مەلا نەریمان کە لەوێیە، هەروەها دوو برادەری ڕانیەشم ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر تەقەمەنیان کڕی تەسلیمی تۆی بکەن تۆش لێیان وەربگرەو حەز دەکەی پارەشیان بدەرێ ئێمە لێرە دەتدەینەوە، تا زووە شتەکان بنێرە چوونکە پێویستمان پێیەتی هەوڵ بدەن یەک بار یان زیاتریش لەفاف و گۆزو شاشی گوبیمان بۆ پەیدا بکە.

لە گەڵ ڕێزماندا...

هاوڕێت شاسوار

١٩٨٨/٥/١٤

نامەی شەش (6)

بۆ برای بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم... بە هیوای شادیتانم

برام ئەو شتانەی ڕەوانـەت کردبوو بە دەستم گەیشت هی گوللە (R.B.G) یەکان ئاگاداری ڕێکخراوم کردەوە... بەڵام بۆ مەسەلەی کڕین هەوڵ بدە هیترمان بۆ بکڕە لە (R.B.G) و (B.K.C) کلاشینکۆف بەڵام با نرخیان کەم بێت.

مەسەلەی دەرمان چۆنیان ئاگادار کردووی وای بکڕە بەڵام من لەم مەسەلەیە ئاگادار نیم، ئەگەر (T.N.T) هەیە بیکڕە لە گەڵ ئەڵغام شەخسی.

ئیتر سووپاس...

برات

ئیسماعیل

٥/١٨

نامەی حەوت (7)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم

سڵاوو ڕێزمان هەیە و هیوام سەرکەوتنتانە

+ هەوڵبدە ئەو برادەرانەی لە گەڵ کاک مورادو کاکی شەهیدان، دەبێ زۆر بە ئەمانەتەوە بگەیەنرێنە شوێنی مەبەست.

+ دەنگ و باسەکانمان بۆ بنێرە.

+ ئەگەر ئازوقە و تەقەمەنیتان پەیدا کردووە بۆمان ڕەوانە بکە.

+ گەر کاک شەهید گەڕایەوە، یەک دۆلکەی گەورە بەنزینمان بۆ بنێرە.

بۆ پێشەوە...

برات

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٥/٣٠

نامەی هەشت (8)

بۆ برای بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم، بە هیوای سەرکەوتنتانین.

برای بەڕێز وەکو ئاگاداری ڕژێم هێرشێکی توندی دەست پێکردووە بۆ سەر ناوچەکانمان، بە گەلە جاشێکی خۆفرۆش دەیەوێت ناوچەکەمان بگرێت، بەڵام شکور تا ئێستا هەرچی ئامانجی فاشیستانەیانە بە دینەهاتووە، بۆیە لە ئێوەی بەڕێز داواکارین کە بە هەر چۆنێک بێت دەبێت هەرچی دەستدەکەوێت تەقەمەنیمان بۆ بکڕیت و بۆمان ڕەوانە بکەیت و لیستمان بۆ بکە بۆ مەسەلەی پارەکەی دەست بە جێ بۆت ڕەوانە دەکەین، ئەوەش جۆری تەقەمەنیەکانە:

١/ کلاشینکۆف چەندی دەست دەکەوێت.

٢/ B.K.C چەندی دەست دەکەوێت.

٣/ R.B.G چەندی دەست دەکەوێت.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن...

دارایی م٣

برات ئیسماعیل

١٩٨٨/٥/٣٠

نامەی نۆ (9)

بر ای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

خۆت دەزانی پێشمەرگەکان ئازایانە دەجەنگن و ماوەی دوانزە ڕۆژە و هەندێک بریندارمان هەیە گەر بۆتان دەکرێ هاوکاری پەڕاندنەوەیان بدەن، دەیان نێرین وەڵاممان لێبگێڕنەوە، چاوەڕێی هیممەتتانم.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/١

نامەی دەیەم (10)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

سڵاو و ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو برایان هەردەم ئومێدم سەرکەوتنتانە، شتەکانم بە دەست گەیشت زۆر سووپاستان دەکەم دەبێ هەوڵی ئەوە بدەن ئەوەندەی دەکرێ گوللەی R.B.G و فیشەکی B.K.C مان بۆ بنێرن هەروەها زانیاری زۆرو هەمە جۆر، وە پێشمەرگە وەی زۆر بەرزەو هەر هێرشێ بێت پێمان وایە بە لوتی شکاو دەگەڕێتەوە، ئنجا چاوەڕێی هیمەتتانم پەک لە پارە مەخەن ، پارەمان زۆرەو ئەمڕۆ بروسکەم بۆ مەڵبەند کرد بە پەلە پارە بنێرن.

بۆ پێشەوە...

برات

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/٢

نامەی یانزە (11)

برای بەڕێزم کاکە ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

تکایە ئەم بریندارە بپەڕێنەوە بۆ ئەو بەر کە برینداری کیمیاین.

چاوەڕێی هیممەتتانم...

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/٤

نامەی دوانزە (12)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

سڵاوێکی گەرم...

+ سڵاو ڕێزم بۆ برادەران هەیە و زۆر سووپاستان دەکەم کە زۆر هیلاکن.

+ هەموو کرێبارچیەکان ئێمە پارەکانیان سەرف دەکەین.

+ لە گەڵ هەر کرێبارچیەک نامەو ژمارەی فیشەک و جۆرەکەمان بۆ بنێرن.

+ئەوەندەی دەکرێ بۆمان بکڕن لە فیشەکی B.K.C و گوللەی R.B.G، بۆمان بنێرن.

+پەک لە پارە مەخەن وا هەزار دینارمان بۆ ناردی.

+ خۆشتان داوای کۆمەک بکەن لە پیاو چاکە چەکدارەکان با هاوکاری بکەن و کورد نەبێتە دوژمن هەر کوردە.

+ بەردەوام زانیاریمان بۆ ڕەوانە بکەن.

+ نامەکە لای خۆت هاتبوو ئەوەی شانەی شەهیدان هەندێ شتیان نارد بوو.

بۆ پێشەوە...

برات

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/٧

نامەی سیانزە (13)

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم...

برا گیان زۆر ماندووی ئەم ماوەیە هەر ئەمەیە پیشەی خەڵکی شۆڕشگێڕ لە کاتی پێویست ناکە بار ئەبێ هیممەت و جوامێرانە بەردەوام بێت لە هاوکاری کردن.

هاوڕێ گیان هەرچی ئەم شتانەی کە دێتە لات هەوڵ بدە ڕەوانەی لای ئێمەی بکەی.

ئەم نامانە:

١/ بۆ کاک نەبی

٢/ بۆ کاک خالید کە خۆی دێتە لات بە دەستی کەسی نەدەی.

٣/ بۆ کاک شکور دەرگەڵەیی لە سەرکەپکانە بۆی ڕەوانە بکە ئەگەر نەهاتە لات.

دووبارە سڵاوو ڕێزم هەیە...

ئێمە زۆر باشین وزەو توانای پێشمەرگە پۆڵاینە ڕژێم خەیاڵی خاوە بتوانێ ناوچەکان بگرێت.

هەر بژین...

نەمری بۆ شەهیدان

هاوڕێت

م. ڕێبوار

٦/٧

نامەی چواردە (14)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

سڵاوێکی گەرم...

برا گیان

ئەوا کۆمەڵێک بریندارمان نارد بۆتان هیممەتی چاوساغیان بۆ بکەن و شارەزایان دەوێت.

بۆ پێشەوە...

برات

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/٨

تێبینی:

ڕەنگە بریندارى زۆرمان بۆ لا ناردبن و سەرقاڵ بن زۆر ئازارتان دەدەین.

نامەی پانزە (15)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

کاک ئەحمەد هەمین

سڵاوێکی گەرم...

ڕێزی زۆرم هەیە بۆ هەموو لایەک و هـەردەم هیوام سەرکەوتنتانە، ئەوا کورێکی بریندار هات... تکایە هەوڵی چاوساغیان بۆ بخۆن و هاوکاریان بکەن لە ڕێگە پیشاندانی.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/١٣

نامەی شانزە (16)

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

برا گیان ئێمە وەزعمان زۆر باشە ئاواتە خوازین ئێوەش لەو پەڕی سەرکەوتندا بن، سڵاوم هەیە بۆ ماڵەوە.

هاوڕێی خۆشەویست ئەم پێشمەرگانە شارەزایەکیان بۆ پەیدا بکەن ڕەوانەیان بکەن.

سڵاوم هەیە بۆ کاکە حەمە.

بۆ پێشەوە...

هاوڕێت

م. ڕێبوار

٦/١٤

نامەی حەڤدە (17)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

سڵاوێکی گەرم...

+ کۆمەڵێک نامەم بە دەست گەیشت زۆر سووپاستان دەکەم، هەندێ نامەم وەڵام داوەتەوە نازانم گەیشتوون یا خود نە.

+ برایانی عەدەد جیهاز بەرەو لای خۆتان نارد دەبێ بە ئەمانەتەوە بەڕێیان بکەن.

+ بۆ هیچ کرێیی وڵاخ نادەن، ئەبێ خۆیان سەرفی بکەن، ئەوەی بۆ لای ئێمە دێ خۆمان سەرفی دەکەین.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/١٥

نامەی هەژدە (18)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

سڵاوێکی گەرم...

نامەکەت گەیشت زۆر سووپاستان دەکەم و شتەکان هەوڵبدەن لە ناردنی شتەکان سەرچاوەکان دیاری بکەن و لە گەڵ ژمارەو جۆرو نرخەکان و هەریەکەیان لێکجیابکەنەوە.

ئەم شەو ڕەنگە (٥٠) بار بێت بۆ لای ئێوە یا دارەبەن، تکایە زۆر بە پەلە بەڕێی بکەن بۆ سەرەوە واتە لای خۆمان یا مەلەکان، چاوەڕێی هیممەتتانم.

بۆ پێشەوە...

برات

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/١٦

نامەی نۆزدە (19)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

سڵاوو ڕێزی زۆرم بۆ هەموو لایەک هەیە و هەردەم ئومێدم سەرکەوتنتانە.

ئەوا برای کاک کۆسرەت و دوو برادەریتر لە گەڵ عدد جیهازی تیپی ٩١ بە جیهازەوە دێنە لاتان زۆر بە ئەمانەتەوە چاوساغیان دەکەن و دەیانپەڕێننەوە بۆ بەری ئەو بەر دەچنە سنوور دوێنێش نامەم بۆ ناردوی.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/١٨

نامەی بیست (20)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم...

ئومێدەوارم خەڵکی وەک ئێوەمان هەر زۆر بێت و هەمیشە داوای خۆشی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەین نامەکەت گەیشت بۆ کاک حەسەنت نووسیوە ئەمەش وەڵامی نامەکەیە.

١/ ئەشیا بە ناوی هێزی پێشمەرگەوە بنێرن نەک بە ناوی تاکە تیپ خۆم قسە لە گەڵ کاک ڕەحمان دەکەم، دیارە جەماوەرو دۆستەکانی شۆڕش هەموو هێزی پێشمەرگە بە هێزی خۆی دەزانێ بۆیە وا بە پەرۆشەوە بە دەنگمانەوە دێن زۆریشم پێخۆشبوو کە جەنابت بە جوانی ڕای خۆتانتان ڕوون کردووەتەوە زۆر سووپاسی هەستی بەرزتان دەکەین.

٢/ کرێ بار بۆ مەلەکان تەنها فیشەک و تەقەمەنی دەچێ بۆ ئەوێ پارەش هەر لەوێ سەرف دەکرێ موساعەدەیان دەکەین.

٣/ ئەشیاکە دێت بۆ جەبهەکە لێرە ئێمە لیژنەمان داناوە پارەی کرێ بار لای ئێمە نیە هی جەبهەکە سەرف دەکەین.

٤/ هیوادارم بە گوێرەی توانا خۆتان زیاتر ماندوو بکەن بۆ پێشمەرگە کارەکەی ئێوە زۆر گرنگە، پێمانوایە پارێزگاریکردنی سەنگەرەکان تەنها بە پێشمەرگەی جەبهەکان ناکرێ گەر ئێوەو ڕێکخستنەکان نەبێت.

ئیتر خۆشیتان هەر بژین...

براتان

سامان

١٩٨٨/٦/١٨

نامەی بیست و یەك (21)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ

سڵاوێکی گەرم...

ڕێزی زۆرم بۆ هەموو تێکۆشەران هەیە و هەروەک هیوامان سەرکەوتنتانە زۆر زۆر سووپاسی هەستی دڵسۆزیتان دەکەم کە تاکو ئێستە دریغیتان نەکردووە لە ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی کە پیشەی هەمیشەیی دڵسۆزە تێکۆشەرەکانی ڕیزی گەلەو دڵنیاین دریژەی پێدەدەن و چاوەڕوانی هیممەتی هەموو لایەکم.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٦/٢٣

نامەی بیست و دوو (22)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم...

برای بەڕێز وا (٥٥) دینارەکەم بۆ ناردی بە دەستی کاک سلێمان زۆریش مەمنون بوون، هەر کاتێک هەبێ ئاگادارم بکەرەوە.

هەر بژیت...

برات

ئیسماعیل مەحموود

١٩٨٨/٧/١٥

نامەی بیست و سێ (23)

برای خۆشەویست کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم...

هەر بژین و بەختەوەر بن سڵاوم بۆ ماڵ و منداڵ هەیە برا گیان ئەو برادەرە پێمان ڕاگەیاند هەندێ فاسۆلیا و نۆک و ئاوە تەماتە بکڕێ نامەی بۆ نووسیوم وتویە گرانە جا با بۆمان بکڕێ هەر چۆن بێت.

١/ دوو فەردە فاصۆلیا بکڕێ.

٢/ یەک فەردە نۆک.

٣/ چەند کارتۆن ئاوەتەماتە بێت قوتوی نیو کیلۆیی بێت باشە.

هەروەها کورتانی وڵاخ دوو دانە بۆ هێسترەکان زنجیرو سەر کەللەی هێستری قەولبو بیکڕێ بۆ سەرەوەی بنێرێ.

هەر بژین ...

برای دڵسۆزتان

١٩٨٨/٧/٢٤

خاوەنی نامەکە ناوی خۆی نەنووسیوە.

نامەی بیست و چوار (24)

برای بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم...

ڕێزی زۆرم بۆ هەموو برادەران هەیەو هەردەم هیوام سەرکەوتنتانە.

هەڵگرانی نامەکان دەچن بۆ ئەو دیو سنوور تکایە هاوکاریان بکەن لە شارەزایی و ڕێگە پیشاندان.

بۆ پێشەوە...

براتان

حەسەن کوێستانی

١٩٨٨/٧/٢٦

نامەی بیست و پێنج (25)

برای بەڕێزو خۆشەویستم کاک ئەحمەد

دوای سڵاوی گەرم...

سڵاوم بۆ هاوڕێیان سلێمان و عەبدوڵڵا هەیە هەروەها سڵاوم بۆ حەمە هەیە، مەجید سڵاوی بۆتان هەیە.

برا گیان هەڵگری نامە هاوڕێی خۆمانە، دەیانەوێ عایلەیان بنێرنە ئەو دیو، جا تا بۆتان دەکرێ کۆمەکیان بکەن، بە تایبەت گەر بۆتانکرا لە گەڵ کاک عەبدوڵڵا تەها هەوڵبدەن وابکەن عایلەکان و منالەکان بە ڕۆژ بەڕێ بکەون بۆ سەر شاخ و زەلامەکان شەو بڕۆن.

لە گەڵ ڕێزو سووپاسدا...

برات

شاسوار

١٩٨٨/٧/٢٧

ڕێکخراوی دوو

نامەی بیست و شەش (26)

(ی ن ک)

جەبهەی هەڵەموند

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

برای بەڕێز یارمەتیەکەت گەیشت کە بریتیە لە:

١/ یەک سندوق تەماتە

٢/ یەک فەردە نان

سووپاست دەکەین هیوادارین زیاتر هەوڵ بدەن بۆ ناردنی خواردەمەنی.

بۆ پێشەوە...

براتان

ئیسماعیل مەحموود

ڕێبەری سیاسی تیپی ٧٨ی کارۆخ

١٩٨٨/٧/٢٩

نامەی بیست و حەوت (27)

هاوڕێی بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

سڵاوو ڕێزم بۆ سلێمان و عەبدوڵڵا و حەمەو گشت برادەران هەیە، کاک عەبدولڕزاق و کاک مەجیدیش سڵاویان هەیە، کاک مەلا نەریمان وێڕای ڕێزو سڵاو دەڵێ ئایە قاتەکەی کردووە یان نا، دیارە لەم چەند ڕۆژەدا بە هۆی بەدلی قواتەکان سەرتان قاڵە.

برا گیان... هەڵگری نامە هاوڕێیەکی خۆمانەو بۆ ئەو بەر دەچێ بە ماڵەوە گەر کۆمەکی بکەن و وڵاغی کرێی بۆ دەست بخەن سووپاستان دەکەین.

لە گەڵ ڕێزماندا...

هاوڕێت شاسوار

یەکی ئاب/١٩٨٨

نامەی بیست و هەشت (28)

برای بەڕێزو خۆشەویست کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرمی شۆڕشگێڕانە...

برا گیان ئەوا منااڵەکانی کاک ئەنوەر دێتە الیتان تکایە یارمەتیبدەن و هاوکاریبکەن هاوڕێیەکی خۆمانە هەر چیت لە توانادایە بۆیان جێبەجێ بکە.

هەر بژیت...

برات

مامۆستا ڕێبوار

٨/٢

نامەی بیست و نۆ (29)

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد
سڵاو...

برا گیان ئەمڕۆ (٣) بارمان تەقەمەنی پێگەیشت کە ٦٠ گوللەی RBG و باقیەکەی فیشەکی BKC بووە.

هەر بژین سەرکەوتوو بن...

برات
ئیسماعیل
٨/٦

لە پەراوێزی نامەکاندا:

ئەوانەی لە کاک حەسەن وەرگیراوە تەسلیم بە کاک ئەحمەد قادر ڕەسوڵ گوڵانی کراوە.

٨٠٠٠ فیشەکی BKC.

١٨٦ گوللەی RBG شەوی ١٣\٨/٤/١٩٨٨ هاتووە لە گەڵ ٨٤ گوللەی پێشوو.

نامەی سی (30)

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوێکی گەرم بە هیوای شادیتانم...

برای بەڕێز ئەو قایمەیەی کە ڕەوانـەی مەڵبەندت کردووە دەربـارەی کڕینی ئازوقە بە دەستمان گەیشت برام ئێمە (٣) جار پارەمان بۆ ڕەوانە کردوون کە بەم جۆرەی خوارەوە بووە.

١/ ١١٢ دینار جارێک ٦ کیس برنج و ٢ کیس خوێ و ٢ سندوق ئاوی تەماتە بووە.

٢/ ١٧٠ دینار نرخی ٨ کیس برنج و ٤ کارتۆن ڕۆن و ٢ کیس خوێ.

٣/ ٩٤ دینار ٧ کیس ئارد و ٣ کیس خوێ و ٢ کارتۆن ڕۆن.

٤/ ٢٥٠ دینار جارێک ڕەوانەم کرد بۆ کاک حەمە کە نرخی ئازوقە کڕاوەکانی لێبدات.

ئەو قایمەیەی کە تۆش تەقدیمت کردووە بایی (٧٧٠) دیناره (٢٥٠) دینارمان بۆ ڕەوانە کردویت (٥٥٠) دینارت لای ئێمە ماوە لە ئەوەش ئاگادارمان بکەرەوە تاکو بۆت ڕەوانە بکەین.

لە گەڵ ڕێزو سڵاومان...

برات

ئیسماعیل

٨/٩

نامەی سی و یەك (31)

وردەکاری وەرگرتن و گەیشتنی فیشەک و گوللەی ئاربیجی

گوللەی	RBG
٨٤	
١٨٠	٨/١٠٧
٥٠	
٢١٤	کۆی گولە ئاربیجیەکان
٢٥٠	
٥١٤	کۆی گوللە ئاربیجیەکان کە گەیشتووە

بە پێی ئەو ژمارانەی سەرەوە بێت (٣١٤) دەکات نەک (٢١٤) کەواتە (٥١٤) دەبێتە (٥٦٤) «نووسەر».

گوللەی	BKC
٨٠٠٠	جاری پێشوو
٢٥٤٠٠	لە ٨/٤
٢٠٦٠٠	لە ٨/١٠
١٠٠٠	لە ٨/١٣
٥٥٠٠٠	کۆی گوللەی BKC

ئەو تەقەمەنیانەمان بە دەست گەیشت لە لای حەسەن مەحموود وەرمگرت، لە ڕۆژی ٨/١٢.

نامەی سی دوو (32)

بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە...

هیوام خۆشی و بەختەوەریتانە

هیوای ژیانێکی خۆشت بۆ دەخوازم، سڵاوو ڕێزم هەیە بۆ منداڵەکانت.

برای بەڕێز هەر باریک کە ڕەوانـە دەکەیت یەکسەر تەسلیم بە تیپی ٧٨ی کارۆخی دەکەیت تەسلیم بە هیچ کەسی ناکەن چوونکە دەورو تەسلیم عایدی تیپی کاروخە، ئێمە پارەیان بۆ سەرف دەکەین.

جا تکایە هەر کەسێک کە بە ناوی تیپی کارۆخیش داوا بکات تەسلیمی نەکەن، تەنیا تیپی کارۆخ نەبێ.

ئیتر خۆشیت...

برات ڕەحمان سەیدە
سەر تیپی (٧٨) ی کارۆخ

ئەم نامەیە ڕۆژو مانگی لە سەر نیە بەڵام ساڵی (١٩٨٨)ە.

نامەی سی و سێ (33)

برا گیان دوای سڵاو ...

ئەو دوو کرێ بارچیەی ئەمڕۆ هاتن بە هەر دووکیان (٢٠٠٠) فیشەکی (BKC) و (١٤٠٠) فیشەکی ڕووسی و (١٠) گوللەی (RBG) و فەردە خەیارێکیان پێبوو کە دەکاتە باڕێک نەک دووبار جا نازانم لای ئێوە وا ناردرابوو یا خود لە ڕێگا کەمیان کردووەتەوە.

بە هەر حاڵ لای ئێمە:

٧٠٠٠ فیشەکی ڕوسی باڕێکە

٥٠٠٠ فیشەکی BKC باڕێکە

٥٠ گوللەی RBG باڕێکە

ڕووەو سەرکەوتن...

برا گیان

ئەم شتانەمان ئەگەر دەست بکەوێت بۆمان ڕەوانە بکەن:

١/ (١) دۆلکە زەیت بۆ چەکەکان

٢/ هەندێک صۆدا بۆ نان

٣/ هەندێ پاکەتی سۆمەر

برات

ئەسعەد

ئەم نامەیەش ڕۆژی لە سەر نیە بەڵام ساڵی ١٩٨٨ شەڕەکانی مەڵبەندی (٣)یە.

نامەی سی و چوار (34)

برای بەڕێزم کاک ئەحمەد
سڵاوێکی گەرم...

هەر بژین و سەربەرز و سەرکەوتوو بن زۆر سووپاس بە ڕاستی ماندوو دەبن دیارە ئەرکی سەرشانی هەمووانەو چەند بتوانین خزمەت بکەین واجبی شۆڕشگێڕانەیە.

برا گیان هەر کەسێک بە ناوی منەوە هات تا نامەی منی پێ نەبێ هیچی بۆ ئەنجام مەدە بە ڕاستی من کەسم نەناردووە نازانم کێ بە ناوی منەوە هاتووە، بەڵام خۆ گەر لە خزمەتی جەبهەکەدا بێتە لات و داوای یارمەتیدان بکەن و خۆت بیاننناسی ئەوا چاکە، وەکو تر هەر کەس بنێرم نامەت بۆ ئەنوسم.

ئیتر خۆشیت و برای دڵسۆزتان سامان

ئەم نامەیەش ڕۆژی لە سەر نیە، بەڵام شەڕەکانی مەڵبەندی (٣)یە ساڵی ١٩٨٨ مانگەکانی (٦،٧،٨).

١/ ئەگەر تەقەمەنی دەکڕن بینێرنە مەلەکان و لەوێ پارەی دەدەن.
٢/ ئەوەی خەڵک بۆ جەبهەی دەنێرێ بینێرنە لای ئێمە ئەوەی تەبەڕوعە.
٣/ هاوکاری کاک ڕەحیم بکەیت ئەو بارانە لەو لاوە دێت هەمووی بنێرن بۆ مەڵبەند لە توتمە لەوێ کرێی بارەکە صرف دەکەن لای کاک کۆسرەت بە برادەران بڵێ هەموو بارەکان بنێرنە مەڵبەند ئەوەی لەو بەرەوە دێت و گوللەی ڕاجیمەیە.

ئەرشیفی نامەکانی ئەحمەدی هەمین







٤/١٢

بۆ برای بەڕێز هاوڕێ فۆشە وستێ

کاک ئەحمەد سڵاوتان گەرم کاڕاستەی فۆشە وستێ ئەکەم.

ئاواتەم سەرکەوتنە / بۆ بەڕێزم؛

ئێستا بە کاروباری تیپ زۆرم سەرقاڵین لەم ماوەیدا هاتو

سەردانتان نەکەین بۆئەوەی کە هەڵەیەکی زۆر بەڕێم بکرێت

هەرچی ئازووقەیە هەیە ئەوەندە کە پاکو خاوێنە بێ کەڵک نەبووە.

بە سیارە بیگوازەوە بۆ بۆتی بۆلای مالی عەلی حسێن.

حسێن لەوێ ئەیگوێزەوە وە ئاگاداری ئەم هاوڕێیە.

یەکەوە یا ئازووقە هەتا بۆیە هیاکان زیاتر بێتەبە کەمانەوێت

بێنن کە هاتم قسەی ئاگەن ئەکەم.

سڵاوی ولاخ بەوانی بۆتی ئەکەم.

تۆش کاری خۆت بێ بێ بکە.

دووبارە سڵاوی بەڕێزم

بۆ هاوڕێیان

برات

ئەحمەد بێخێن

ئەم پێتوار



بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد گوتانە

سڵاوێکی گەرمی لێ دەکەین و دەستەکانی

کاکەگیان داوات لێ دەکەین کە وەستەکانی

کەڵەکە بە نوێترین کانی و بە پەڵە

بۆ وانەی هەڵکانی بکەن وەک سەیلی

هەڵەدیان بکەن لە هەڵکان

سڵاوی برایانە

ڕێکەوت

٢٠٠٨/١٠/١١

























بۆ برێز کاک احمد قادر

سڵاوی تایبەتی گەرم

بەڕێزیان تێبینی وەهەمانا زۆر یارمەتی کارانی خوێندنی تیۆری لەوبارەی سەرکەوتنی دایەت سڵاوم هەیە بۆ بڵاوەی.

بڕوانیان هەر ئامادەی دەکاماوە ئازادم چیچ ناینێرن؟

هاوڕێتان فەرهاد دیناوە تەوا تەم بێتەوە گەڕانەوە هاوڕێیانی بۆ پەیا کەن وە وەڵامیان بکەن.

سڵاوم هەیە بۆ هاوڕێیان هەر

بۆ بێتەوە

هاوڕێت

ئ. بێتوێن

٦/١٤















برای بەڕێز کاک ئەحمەد

سڵاوێکی گەرم،

بڕاو بەڕێز وا (٥٥) پەیامێکی دیاری گەرم بۆ ناردی بۆ کەسی کاک (سلیمان) زۆر پێشتر ممنون بوم، هەر ئامادەیی هەبێ ئاگادارم بکەوە.

هێزیت

١١-٧-١٥



برای خوشەویستەکان سەحمد

سڵاوێکی گەرم

هەرێمی وەفادار سڵاوم بۆ ماڵوەمنداڵەت

بە ئاگایان کەوێتەوە پەیمانی ڕاگەیاندنەکەی فاصولیا

و نۆکڵ و کاوەتماتە بکەری نامەی بۆ نوسیوم وتووە

گرانە جارێ بۆمان بکەری هەرچیمان بێت

١- دوو خەردە فاصولیا بکەرێ.

٢- یەک خەردە نۆکڵ ئالی تۆکرێ

٣- چەند کارتۆن کاوەتماتە بێت قوتی نیوکیلۆی بێت باشە

هەروەها کۆرتای وشکی دوو دانە بۆ صیتەکان.

زنجیرە وسەرەڕای صیتەکانی تەرلیبو بیکەرێ بۆ سەرەکانیرێ.

هەرێمی

ئاری ڕێنەران

٢٠٠٨/٧/٢٤





ی . ن . ك

چ بیلەی هەڵەصوڵە

تۆ بە زیرەكی قادر امینا ئیبراهیم

سەردەكی شۆڕشگێڕانەكەم

ڕاڕا بە زیرەیارەمتیە كەمتاكەیشق

كە بریتیە لە

١- ١ بەرگی سندوقی تەختە

٢- یەكی هەردەنانی

سوپاسی وەكەیف هێزاری







برای بەڕێز و خۆشەویستم مامۆستا عەلی
دوای سڵاوی گەرم
سڵاوم بۆ هاوڕێیان سلێمان و عبدالله هەڵەبجە وەها
سڵاوم بۆ هەموو هەڵەبجە. هیوا سڵاوی بۆتان هەبێ.
بڕوانیان هەڵەبجەی نام هاوڕێی خۆشەوانە. دە یانەوێ عائیلەیان
بێنێرنە لای دیوم جا تا بۆتان دەگێڕمەوە کۆمەکیان بکەن بەو
تایبەتی گەڕێ بۆگەلان کراوەتە مامۆستا عبدالله هەڵەبجە
بیەوێ واکەن عائیلەکان و عیدالله کان بەرەو دەرەوەی بکەون
بۆسەر شاخ و دۆڵەکانی سەر پێوەن.
لە گەڵ ڕێزما سوپاسمانداد

برات
عەلی
٩٨٨/٧/٢٧
زیلکە ئاوی دوو









بەکهنی نیشتمانی کوردستان

بەڕێوەبەرایەتی
مالیەلی - ٢ -

ژمارە /
ڕۆژ /

بۆ بەڕێز کاک ئەحمەد قادر

سڵاوی گەرم بە هیوای شادیتان

پێویستە بەڕێز کە وەکایەیەکی کە ئەوانەی هەڵبژێرن
کردوە بۆ ئەو پارەیە کە ئێمە تازەمان بردە سەرکار
کە بڕیمە - بۆ ئەم کێشەیە ٣ جار پارەکان بۆ
ڕەوانە کردوون کە بۆ ئەم خوارەوە بووە.

١- ١١٧ دینار جار ئەڵ ٦ کیس بۆ ٢ کیس ئاو و ٢ هەندی
کاغەزی پێویست

٢- ١٧٠ دینار ئەڵ ٨ کیس بۆ ٤ کارتۆنا ورق ٤ کیس ئاو

٣- ٩٤ دینار ٧ کیس ئاو و ٢ کیس ئاو ٢ کارتۆن ورق

٤- ٥٠ دینار جار ئەڵ ڕەوانەم کرد بۆ کاک ئەحمەد کە
ئەڵ تازەمان کارەکانی بۆ بەڕێ

ئەوەیە کە ئێمە تەقدیر کردوە بۆ ٧٧٠ دینار
٥٠ دینار جار بۆ ڕەوانەکردن (٥٥٠) دینار بۆ ئەو
کێشەیە هاتوە کە وەکی کاغەزەکان بگەڕێنەوە تا ئێمە
ڕەوانە بکەین

بەڕێز

وەسڵام

٨/٩



گۆڵ
١٤
١١٠
٥٠
———
٢١٤
٣٥٠
———
٥١٤

R.b.G

٨/١٠٧

تۆپ گۆڵئار بە جیاکان .

تۆپ زیادەت گۆڵئار بە جیاکان لە گەیشتووە

گۆڵ

١٠٠٠
٥٤٠٠
٦٠٠٠
١٠٠٠
———
٥٥٠٠٠

چارێکبۆ
١/٤ لە ٥٤٠٠
١/١٠ لە ٦٠٠٠
١/١٣ لە ١٠٠٠
تۆپ گۆڵ

G.b.R

G.b.R

کەوتنەخەیاڵەکان بە دەست گەیشت لە لای
کاک حسن محمود وەرم گرت
لە ژمارە ١/١٤





بۆ ئیارە
بەڕێز مستەفا
ئەو دیوەکەی پاپیرچیی ئەمرۆ هاتن بەهۆی مۆڵیارەوە
c٠٠٠ شیشەی B.K.C. و ١٤٠٠ شیشەی روسی و ١٠ گوللەی
R.P.G. و هەردە هەڵیارێکیان پێ بوو کە دەکاتە پارێک
ئەگەر دووبارە هاتنیان لای کێوە وا ئاردرایوو
یاخود نەڕێگا کەیارە کردۆتەوە.
بەهۆیان لای کێشە
٧٠٠٠ شیشەی روسی پارێک
٥٠٠٠ شیشەی B.K.C. پارێک
٥٠ گوللەی R.P.G پارێک

رۆژی سەرکەوتن

بۆ ئیارە
ئەم چەند ڕۆژە ئەگەر دەستەڕێتە
بۆ ڕەوانەیکە
١- ١ بەرگ دۆشەکی زەیت بۆ هەڵگرتن
٢- هەندێ هێدا بۆ خۆی ئاو
٣- هەندێ پاکەتی سوەر



شـــەڕی کـــونە کـــۆتر
تـــیپی (55) قـــەرەداخ

لـوتکەی هـەورە ڕۆن، گەڕی هێلانە قەل، لـوتکەی کـــەرگوێ

پاشماوەی بەشێک لە تیپەکانی گەرمیان کە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا هەڵکشابوون بۆ کوێستان تێکەڵ بە تیپی ٥٥ قـەرەداخ کران و بەشداری شەڕی بەرگری لە کونە کۆتر و مەڵبەندی (٣) یانکرد.

لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) تیپی ٥٥ ی قەرەداخ بە سەرپەرشتی مامۆستا عەلی نێردرانە شاخی کونە کۆتر، لوتکەی هەورە ڕۆن و گەڕی هێلانە قەل و کەر گوێ.

دوو کەرتی قارەمانی تیپی ٥٥ ی قەرەداخ بە فەرماندەیی حەمە فەرەج هەورامی، ئیمام، ڕۆڵی دیارو گرنگیان بینی لە شەڕەکانی بەرگری لە کونە کۆتر.

کاتژمێر (٥)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٢ بەڕێکەوتن چوونە سووڕە دێ، دواتر چوونە ئاشقۆلکە و پشت ئاشان و قڕناقا نانی نیوەڕۆیان لەوێ خوارد، کاتژمێر (١٠)ی شەو گەیشتنە لوتکەی گەڕی هێلانە قەل، هەورە ڕۆن.

لوتکەی هەرە بەرزی کونە کۆتر شاخی بەرزو ڕکە بەردی بەیەکاچوو ڕووتەنە، هێندە ساردوو سەرمایە ئەو چیایە نە داری لێدەڕوێ نە درەخت، شاخێکی ڕووتەن و سنگ و گـەردن والایـە بۆ باو بـۆران و ڕەشەبا بـەڵام لە بەرانبەر سووپای داگیرکەردا ئەو چیا خۆ ڕاگرە بە نیشتماندا ڕۆچووە بۆ دوژمنان ڕەشەبایە، تیپی ٥٥ی قەرەداخ (١٢)ی مانگ بەڕێکەوتن (١٣) مانگ گەیشتن.

١٩٨٨/٦/١٤

ڕۆژی ١٩٨٨/٦/١٤ بەفرێکی زۆر باری، سێ چارەک لە سەر یەک بەفر شان و ملی ئەو چیایەی سپیکردو شۆردەوە شوێن نەبوو بچنە ناوی، تیپی ٥٥ی قەرەداخ دوو هەفتە لەوێ مانەوە.

کـــــەمپوت

ئەو چیایە هێندە شەڕی دوژمن و ناحەزانی کوردو یەکێتی بینیوە کەمپووت و خواردنی لە قتوو نراوی (٥) ساڵ لەمەوبەری لێبوو.

پێشمەرگەکان کەمپوتی شەڕی بەرەی جودیان دۆزیـەوە لێینووسرابوو لە ١٩٨٣/١٢/٣١ بە سەر دەچێت، فازیل ئەو کەمپوتەی خواردوو وتی ئەگەر منی کوشت ئێوە مەیخۆن.

لـــوتکەی کـــەرگوێ

لوتکەی کەرگوێ یەکێک لە لوتکە بەرزەکانی شاخی کونە کۆتر بوو، دوای دوو هەفتە مانەوە لە لوتکەکانی هەورە ڕۆن و کەپکی هێلانە قەل، تیپی ٥٥ی قەرەداخ نێردرانە لوتکەی کەرگوێ لە پشتی ئینزێ.

لوتکەی یەکەم ڕەبیەی جاشەکانی برادۆستی تیا بوو خەڵکی باش بوون، پێشمەرگەکان پەیوەندیان لە گەڵ جاشەکان دروستکردبوو لە لوتکەی کەرگوێ مانەوە هەتا شـەڕەکان دەستیپێکرد، سووپای عێراق (٨) دەبـابـەی هێنا بووە بەرانبەریان.

لوتکەی کەرگوێ ڕووتەن بوو دارو درەختی نەبوو بۆ سووتاندن تەنها گوێنی (گەوەن)[١١]ی هەبوو دەیانسووتاندو نانیان پێدروستدەکرد، کەرتی فەرەج هەورامی و ئیمام بە نۆرە یەکتریان بەدل دەکرد.

ڕێـــــکەوتن

فەوجێکی جاش نزیک پێشمەرگەکان بوو جەمال حاجی مامەندی جێگری کەرتی (٣) چوو برای مستەشارەکە ببینێ، پێش ڕۆیشتنی بۆ لای جاشەکان ڕزگاری عەبە هەورامی بە بیکەیسی و چەند پێشمەرگەیەکیتری داناو پێیوتن ئەگەر پەلاماری یەکماندا تەقە دروست بوو هەر دووکمان بکوژن.

جەمال حاجی مامەندی لە گەڵ برای مستەشارەکە کە ئامر سریەبوو قسەیکرد ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی هاوکاری پێشمەرگە بکەن، لە گەرمەی قسەکانیاندا ئامر

[١١] گوێنی (گەوەن) گیاکە هەڵیدەکەنیت بەیانی تا ئێوارە وشک دەبێتەوە دەسوتێندرێت و گڕ دەگرێت.

سریەکە پێیوت چۆن متمانە بە من دەکەیت هاتوویتە لام دەبووایە متمانە نەکەیت.

جەمال پێیوت دەڵێی چی خۆم و خۆت بتەقێنمەوە ئامر سریەکە ووتی بە چی، جەمال دەستی لە گیرفانیدا بوو ڕومانەیەکی بەدەستەوە بوو ئەڵقەی ڕوومانەکەشی دەرهێنابوو، ڕومانەکەی لە گیرفانی دەرهێنا ووتی دەستم بکەمەوە، ئامر سریەکە ووتی نەکەیت بیکە بە خاتری خوا من وتم ئەمانە منالّن حسابی ئەوەم نەکردبوو.

جەمال دەستی بۆ ڕزگار هەڵبڕی، ڕزگار هەستا بە (B.K.C) یەوە، جەمال ووتی ئەوەشم داناوە پێم وتووە ئەگەر هەر شتێک بوو هەر دووکمان بەیەکەوە بچنەوە، ئامر سریەکە ووتی وەڵڵا ئافەرم ئەمە یەک شتی وابینم لە کوردا.

جاشەکان زۆر هاوکاری پێشمەرگەکانیان دەکرد ئازوقەیان بۆ دەهێنان، جل و بەرگیان بۆ دەهێنان هەتا گۆڤارو ڕۆژنامەشیان بۆ دەهێنان تا بیخوێننەوە.

پـــەلاماری دوژمـــن
1988/6/26

پێشمەرگەکانی سەر لوتکەی کەرگوێ لە گەڵ جاشەکاندا ڕێکەوتبوون ئەگەر بە نیازی پەلامار بوون دوو ڕیز فیشەکی دۆشکە بتەقێنن و دوو بەتانی بسووتێنن.

بەیانی ڕۆژی هەینی بوو ڕەبیەی جاشەکان فیشەکی دۆشکەی تەقاندو دوو بەتانی سووتاند دڵنیا بوون لەوەی دوژمن پەلامار دەدات، ڕزگارو شوان پاسەوان بوون، شوان چووە دواوە برادەرانی کەرتی (٣)، ئیمام و جەمالی حاجی مامەندی ئاگادار کردەوە لە جموجوڵی دوژمن.

کەرتی (٣) ئامادە بوون، سەنگەرەکانیان گرت، دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ و چاویان لە سەر قەرەوڵ بوو تا دوژمن بجوڵێ و بەلەپیتکە بترازێ.

دوو جاش و سیانزە سەرباز هاتن بەرەو لوتکەی کەرگوێ بۆ پەلامارو پشکنینی ناوچەکە، ئەفسەرێکیان لە گەڵبوو دووربینێک و دەمانچەیەکی پێبوو، بێتەلێکی ڕاکاڵ بە پشتی سەربازێکەوە بوو دوو جاشەکە خۆیان دەرنەخست.

ئازاد هەورامی سەرپەرشتی شەڕگەکەی دەکرد پەیوەندیان پێوەکرد کاک ئازاد وتی تا حوکمی (١٠) مەتری تەقەیان لێمەکەن.

هێزەکەی دوژمن نزیکبوونەوە هاتنە بەر لولەی تفەنگەکانی پێشمەرگە، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە لێیاندان، تەقەیان لە هەر دوو جاشەکە کرد نەکوژران تا خوارەوە ڕایانکرد، کە شەو داهات چوونە سەر تەرمەکان یەکێک ووتی من تەسلیم دەبم، کوڕێکی گەنج تەمەنی (٢٣) ساڵ بوو تورکمان بوو خەڵکی تەلەعفەر بوو، دەرچووی پەیمانگای تەکنەلۆجی جەعفەرانیە بوو.

جگە لەو سەربازە دیلە:

+ (٥) ڕەشاشی دکتارۆف
+ یەک ئاربیجی
+ یەک بیکەیسی
+ جیهازێکی ڕاکاڵ
+ ڕادیۆیەک
+ یەک دەمانچە دەستکەوت بوون.

سەربازە دیلەکەیان نارده لای ئازاد هەورامی ئەو شەوە پێشمەرگەکان نەخەوتن، دوژمن بە هاوەن و تۆپی دورهاوێژ کەوتە بۆردومانی سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەو شاخە بە تەواوی سووتا بە گڕو تەقینەوەی تۆپ و ڕاجیمەی دوژمن، جگە لە تۆپی دوور هاوێژ (٨) دەبابەش تۆپی دەنا بە سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە، تا کاتژمێر (٩) ی بەیانی ڕۆژی شەممە تۆپخانەکانی دوژمن دەمیان لێک نەنا.

فڕۆکەی پیلاتۆز هاوشانی تۆپخانەی دوژمن ئەو شاخ و لوتکەو سەنگەرانەی پێشمەرگەی سوور دەکردەوە، لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدایەوە.

دیسان پەلامار

ئەو گەنجەی کە دەستگیر کرا بە پێشمەرگەکانی وت تا یەک مانگ هێرش دەکرێت دواتر بە کیمیایی لێتان دەدەن.

کاتژمێر (٩)ی بەیانی هێزەکانی دوژمن کە پێکهاتبوون لە سەدان جاش و قوات

خاسە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، هاوشانی پەلاماری جاش و قوات خاسە تۆپخانەی دوژمن کەوتە کار.

ئەو قوات خاسانەی کە دەهاتنە نزیک سەنگەرەکانی پێشمەرگە تفەنگیان پێنەبوو تەنها ڕووماڵەو هاوەنی (٦٠) ملم یان پێبوو، دوای تەقاندنی هاوەنەکان بە نارنجۆکی دەستی پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، هێزی پێشمەرگە، کەرتی (٣)ی تیپی (٥٥) دابەشبوون.

ئیمام، جەمال حاجی مامەندی، ڕزگار مستەفا، ڕزگاری عەبە هەورامی، پشتیوان فەتاح، مامۆستا دارا، برایمە ڕەش (شوانە)، هەڵکەوت، بەرزان قامیش پاشایی، عەلی زەردی، ئەحمەد ڕەشی کەلاری، نامیق مستەفا، مەجید عەلیانی، ئازاد قەرەلوسی، مامۆستا تەیب، فازیل شێخ عەلی سەرکۆیی، بە سەر دوو قۆڵی نزیک لە یەکتردا دابەشبوون کە هەر ١٠٠ مەتریان نێوان بوو.

قارەمانەکانی کەرتی (٣)ی تیپی ٥٥ ی قەرەداخ کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شکاندیانن.

پەلامارەکانی دوژمن بەردەوام بوون، شەڕی دەستەو یەخە و شەڕە قەمە دەستپێکرد، هەموو سەری کاتژمێرێک دوژمن پەلاماری دەداو تێکدەشکا، هەر کەلاکی دوژمن بوو بەو ڕکە شاخانەوە شەڵاڵ ببوون لە خوێندا، بەردو ڕکە شاخی ئەو چیایە سوور دەچووەوە لە خوێنی قوات خاسەدا.

کـــەرتی یـــەک

کەرتی یەکی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە دووەم ڕۆژی شەڕەکەدا هاتن بە هانای پێشمەرگەکانی کەرتی (٣) و ڕۆڵی دیاریان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمن.

کەرتی (١) بە فەرماندەیی حەمە فەرەج هەورامی بەشداریان لە شەڕەکەدا کرد، حەمە سەید سادقی و دلێر دەرەویانی، عومەر مارکس، جەلال شەمساوایی و چەند پێشمەرگەیەکیتر هەڵۆی هەڵمەتی سەر چیای کونە کۆتر بوون.

لە گەرمەی شەڕو پێکاداندا مامۆستا دارا بریندار بوو، پشتیوان بریندار بوو، هاوار هەستا سەنگەری پێشەوە گیرا، مەجید پشتیوانی دابوو بە کۆڵیدا، لە تاو ئازار

پشتیوان گازی لە مەجید دەگرت، لە پەنا بەردێکدا پشتیوانیان دانا، ڕزگار مستەفا بریندار بوو پارچەیەک بەر سەریکەوت بردیانە خوارەوە، ڕزگار عەبە هەورامی بریندار بوو پارچەیەک بەر لوتی کەوت، جاری دووەم پارچەیەک بەر قۆڵی کەوت ئەویشیان بردە خوارەوە.

پشتیوان بەدەم ئازاری بریندەکەیەوە شەهید بوو عومەر مارکس جێگری حەمە فەرەج هەورامی شەهید بوو.

شـــوێنی کـــەمینەکە

شوێن کەمینی پێشمەرگەکان گیرابوو چوار سەرباز هاتبوونە ناوی، لە شەڕی ڕۆژی پێشوودا کەرتی (٣) هەندێک ڕوومانەی بچوکیان گرتبوو، جەمال حاجی مامەندی ڕوومانەکانی هەڵگرت تفەنگەکەی کردە ملی، جامانەکەی کردە لەچکە، چاوەڕێ بوو تۆبباران بکرێت و تەپوتۆز هەستێ لە گەڵ تۆپباراندا ڕایکرد بەرەو شوێن کەمینەکە ڕوومانەکانی هاویشت دواتر بە کلاشینکۆف تەقەیلێکردن، لە چوار سەربازەکە یەکێکیان ئەفسەر بوو، سیانیان کوژرا یەکێکیان ڕایکرد، جەمال حاجی مامەندی دوو ڕومانەی بۆ هاویشت مەخزەنێکی کلاشینکۆفی پێوەنا دەکەوت و هەڵدەستایەوە بەڵام دەرچوو بەرنەکەوت.

ئازاد قەرەلوسی چووە سەر سەربازەکان بە قەمە لێیدان هاواریکرد کاک جەمال ئەمە زیندووە، جەمال حاجی مامەندی ئەویشی ڕەوانەی دۆزەخ کرد.

ســـووتانی ســـەربازێك

کاتێک جەمال حاجی مامەندی چووە سەر چوار سەربازەکە لە شوێن کەمینەکە، سەربازێک ئاربیجی پێبوو کۆڵەپشتی لە پشت بوو گوللەی خستبووە سەر ئاربیجیەکەو لە سەر ئەژنۆ دانیشتبوو تا گوللەیەک بە جەمال حاجی مامەندیەوە بنێ.

مامۆستا تەیب پێشمەرگەی قارەمانی کەرتی (٣) ئاگای لێبوو سەربازەکە دەیەوێت گوللەکە بە جەمالەوە بنێ تەقەی لە سەربازەکە کردو گوللەیەکی گڕداری پێوەنا، سەربازەکە فریانەکەوت گوللە ئاربیجیەکە بتەقێنێ گوللەیەک لە سەر سنگیداو لە

کۆڵە پشتەکە دەرچوو حەشوەی گوللە ئاربیجیەکان گڕیگرت گڕچوو بە ئاسماندا سەربازەکە هاواریکرد، سەربازەکانی دەوروپشتی هەڵسان و ڕایانکرد.

پـــەیکەری خـــەڵوز

دوای کوشتنی سەربازەکە چوونە سەر لاشەکەی ببوو بە خەڵوز، دەتووت پەیکەری خەڵوزەو داتاشراوە، هەر لە سەر ئەژنۆ سووتا بوو.

شـــەهید بوونی بـــرایم (شـــوان)

برایم یەکێک لە پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی (٣) بوو تۆپێک لێیداو بردی بە ئاسماندا بەرزی کردەوەو دای بە زەویدا، برایم هەر لە جێدا شەهید بوو.

ئـــیمام شـــەهید بوو

ڕکە شاخێک جاشی پێوە بوو، ئیمام فەرماندەی کەرتی (٣) و چەند پێشمەرگەیەک هێرشیان بۆ ڕکە شاخەکە کرد، لەو هێرشەدا ئیمام فەرماندەی کەرتی (٣) تیپی ٥٥ی قەرەداخ شەهید بوو.

یاسین کاکە باش بەرزنجی، ئاکۆ ڕەش، کەرەم سەنگاوی، لە خوارەوە گەیشتنە شوێنی شەڕەکە، بریندارو شەهیدەکانیان بردە خوارەوە، لە گەڵ گەیشتنیان نامیق و جەمال بریندار بوون.

شـــەهید بوونی فـــازیل ســـەرکۆیی

هەر لەو داستانە کەم وێنەو بەرگریە قارەمانانەیەی تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە چیای کونە کۆتر و لوتکەی کەرگوێ فازیل شێخ عەلی سەرکۆیی بە پارچەی تۆپ بریندار بوو، دوای بردنە خوارەوەی بۆ چارەسەر لە ناو خێمەیەکدا تۆپی دوورهاوێژ لێیدان و فازیل و چەند پێشمەرگەیەکی بریندار شەهید بوون.

لە ١٩٨٨/٨/٨ شەڕی عێراق- ئێران وەستا تا ١٩٨٨/٨/٢٩ شەڕ لە کونە کۆتر بەردەوام بوو، دوای هاتنە خوارەوەی کەرتە کانی (١) و (٣) تیپی قەرەداخ تیپەکانی هەولێر چوونە جێگەیان ئەوانیش ١٢ شەهیدیان بەخشی.

شەهیدانی تیپی (55)ی قەرەداخ

لە شەڕی کونە کۆتر- لوتکەی کەرگوێ تیپی (٥٥)ی قەراخ ژمارەیەک شەهیدی بەخشی:

١/ شەهید ئەکرەم محەمەد ئەمین ناسراو بە ئیمام، فەرماندەی کەرتی (٣).

٢/ شەهید عومەر مارکس جێگری فەرماندەی کەرتی (١).

٣/ شەهید ئیبراهیم- شوان- پێشمەرگەی کەرتی (٣).

٤/ شەهید پشتیوان عبدالکریم فەتاح- کەرتی (٣).

٥/ شەهید فازیل شێخ عەلی سەرکۆیی ، کەرتی (٣).

بریندارەکان

١/ ڕزگار عەبدوڵڵا هەورامی

٢/ ڕزگار مستەفا

٣/ مامۆستا دارا

٤/ نامیق تلە زەیتی

٥/ جەماڵە خڕە

بریندارەکان نێردرانە خوارەوە، دکتۆر هێمن چارەسەری بۆ کردن، شەهیدەکانیش بە خاک سپێردران.

کـــۆتایی هـــاتنی شـــەڕی عـــێراق ئـــێران

هێشتا هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەرگری کەم وێنەدا بوو کە شەڕی عێراق ئێران وەستا، مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) بەو بۆنەیەوەو لە ١٩٨٨/٨/١٩ بەیاننامەیەکی دەرکردوو بەڵێنی درێژەدان بە خەبات و تێکۆشانی دووپات کردەوە ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە
بۆ جەماوەری کوردستان و هەموو لایەنەکان و برادەرانی دەرەوە
– دەربارەی ڕاگرتنی شەڕی عێراق و ئێران–

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کاتێکدا شۆڕشی دەست پێکردەوە کە اتفاقیەی جەزائیر کرابوو، هێزەکانی عێراق و ئێران هاوکاریان ئەکرد بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد و ڕاوکردنی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی، لە ماوەی چەند ساڵی خەباتی سەخت و خوێناویدا سەر لە نوێ شۆڕشەکەمان جێگیر بوو، ڕژێمی شا و شایەتی ڕووخا، لە ئێران و ڕژێمی تازە دامەزراو جوڵانەوەی کوردی پێ بە هێزتر بوو، پاشتریش شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرسا و ئەو هەلومەرجە نوێیە لە لایەک بوو بە بەهانە بە دەست عێراقەوە بۆ وێرانکردنی بەشێکی گەورەی شارو دێهاتەکانی کوردستان، لە لایەکیترەوە زەمینەی گەشەکردنی جوڵانەوەی کوردی سازتر کرد، ئێمە هەروەک پێشتر لامان وابووە لە ناوچەکەدا دوو شەڕ هەیە یەکێکیان شەڕی کوردستان و عێراق، ئەویتریان شەڕی عێراق و ئێران وە پێمانوابووە ڕاوەستاندنی شەڕێکیان و درێژەپێدانی شەڕەکەی تریان بەسنییە بۆ جێگیر کردنی ئاسایش لە ناوچەکەداو، هەر چارەیەک بێ لە بەرچاوگرتنی شەڕەکە لە ئەنجامدا سەر ناگرێ و هەڵئەوەشێتەوە، هەروەک اتفاقیەی جەزائیر سەلماندی، ئێستاش کە شەڕی عێراق و ئێران ڕاگیراوە بێئەوەی شەڕ لە کوردستاندا وەستێنرابێ، لامان وایە کارێکی ناتەواوو زوڵمێکی تازە لە کورد ئەکرێت، هیوادارین لایەنەکانی شەڕەکەو دەوڵەتە گەورە کاربەدەستەکان کە قازانجیان لە جێگیر کردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکەدا

هەیە ئەم مەسەلەیە چارە بکەن، بۆیە داوا لە هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەرە قارەمانەکانی کورستان ئەکەین کە درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان بدەن تا بە دەست هێنانی مافەکانیان، داوا لە جەماوەری زۆرلێکراوی گەلەکەمان دەکەین لە جاران زیاتر شۆڕشەکەیان لە باوەش بگرن و داوا لە ڕای گشتی جیهان ئەکەین کە لەم محنەتەدا بە دەنگ گەلەکەمانەوە بێت و لە جاران زیاتر پشتیوانی لە مەسەلە عادلەکەی بکات.

مەکتەبی سیاسی (ی ن ک)
١٩٨٨/٨/١٩

لە ١٩٨٨/٨/٣١ ئازاد هەورامی شەهید بوو لە ڕۆژی ٩/٢/ ١٩٨٨ چیای کونە کۆتر دەستی بە سەردا گیراو پێشمەرگە پاشەکشەیکرد.

تیپی ٨٧ی قەرەچۆخ لەشەڕەکانی بەرگری لەکونە کۆتر ١٢ شەهیدیان بەخشی کە ئەمە ناوەکانیانە

شـــەهیدانی کـــونە کـــۆتر
1988/8/31

١/ شەهید نەجات عەزیز کەریم ناسراو بە دارا
٢/ شەهید عیزەت عەزیز عەوێنە
٣/ شەهید فارس سالّح شەریف
٤/ شەهید سەعد حەسەن عەبدوڵڵا پیرداود
٥/ شەهید سەرحان موحسین تۆفیق سەعید
٦/ شەهید داوود محەمەد داوود فەقێ مەحموود
٧/ شەهید حەیدەر عەبدوڵڵا محەمەد عومەر
٨/ شەهید خالید ئیسماعیل خدر ئۆمەر
٩/ شەهید بورهان عەبدوڵڵا مستەفا
١٠/ شەهید جەرجیس قادر حەمەد مەلا
١١/ شەهید ئەکرەم عەلی عومەر عەباس
١٢/ شەهید چەتۆ

شـــەڕی کـــونە کـــۆتر
تـــیپی 12ی ســـۆران

مانگی ١٩٨٨/٨ عوزێر فەقیانی ، لە گەڵ هێزێکی (٧٠) پێشمەرگەیی نێردرانە کونە کۆتر خاڵ سێوو مام شوان فەرماندەی کەرت بوون لە کەرگوێ دامەزران، عوزێر فەقیانی و هێزێک چوونە ئینزێ لە سەر گردێک دامەزران.

شەوی یەکەم دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی سۆرانیدا و شکا، شەوی دووەم پەلامارییاندایەوەو شکان.

کەریم فەرماندەی مەفرەزە بوو لە سەر ڕێگای لێوژێ دامەزرا بوو شەوانە لە سەر شاخێک کەمینیان هەبوو، تۆپی ١٧٥ ملم بە سەر سەری کەوتبوو لاشەو چەک و تفەنگی نەمابوو هەمووی ووردو خاش بوون دەوروبەرەکەی تکەی خوێنی لێبوو، لە گەڵ پارچە گۆشتێکی بچووک.

کەریم (١٠٠) دینار (٥) دیناری لە گیرفاندا بوو (٥) دیناریەکان بڵاو ببوونەوە نەدڕابوون و خوێناوی نەببوون.

بەتانییەکەی ژێری و پشتێنەکەی پشتی دەتووت لە مەکینە دراوون وورد ببوون، کەریم نە لاشەی هەبوو نە شوێنەوار نە گڵکۆ لە دوای کەریم کونە کۆتر ناوی گۆڕا ناویاننا هێلانە هەڵۆ.

دوای شەهید بوونی کەریم مام غەفور هاتە جێگەکەیان، دوای گرتنی کونە کۆتر تیپی ١٢ی سۆران چوونە شێخ شەرۆو گۆمی کرمە سووران.

هـــێلانه قـــەل
تـــیپی ســـەفین

دوای ئەوەی هەموو هێزەکەی تیپی سەفین لە بناری قەندیل یەکیانگرتەوە کارزان شەقلاوەیی کرایە فەرماندەی تیپ، برایم مشاری و کاک لادێ بە فەرماندەی کەرت، لە گەڵ فەرماندە دێرینەکانیتردا بوونەوە تیپێکی پتەو.

تیپی سەفین لە زەنگڵانی بناری قەندیل بوون گیسکێک بە بناری قەندیلەوە بوو گرتیان و سەریانبڕی و خواردیان.

پۆلێک پێشمەرگەی قەرەچوخ لە زنجیرەی کونە کۆتر شەهید بوون هەواڵێکی بەسوێ و خەم ئامێز بوو.

تیپی ٩١ی سەفین بەڕێکەوتن بۆ هێلانە قەل ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١ گەیشتنە هێلانە قەل دوژمن لە خوار هێلانە قەل هێزێکی زۆری کۆکردبووەوە کارزان شەقلاوەیی فەرماندە کەرت و جێگر کەرت و فەرماندە مەفرەزەکانی کۆکردەوە لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە.

کارزان شەقلاوەیی هێزەکەی کردە چەند بەشێک و لە لوتکەو بنارەکانی هێلانە قەل دایمەزراندن.

هێزی دوژمن بەردەوام پەلاماری هێلانە قەلی دەدا، پێشمەرگەکانی سەفین پەلامارەکانیان تێکشکاندن.

پێشمەرگەکانی تیپی سەفین کەمین بوون گوێیان لە دەنگە دەنگی جاش بوو جاشێک دەیووت یەڵڵا سەرکەون ئەوەی سەر ناکەوێ ئەم گردەی بە قونی یەکێکیتر دەیووت بەرزەکە یان نزمەکە.

مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی کاک لادێ لە سەرووتر کەمین بوون شینە پێشمەرگەیەکی ناردە لای لادێ پێیان بڵێ تەقە نەکەن تا هێزەکەی دوژمن لە ئێمە تێپەڕ دەبێت کە تێپەڕین لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێدەکەین.

هێزەکەی دوژمن بە بەردەمی کەمینی مەفرەزەکەی شینەدا تێپەڕی گەیشتنە ڕاستی مەفرەزەی لادێ و لێیاندان، لە کاتی لێدانیاندا جاشەکان گەڕانەوە خوارەوە کەمینەکەی خوارەوەش لێیاندان و کۆژراوی زۆریان پێجێهێشتن کارزان شەقلاوەیی هاتە لای پێشمەرگەکان و دەستخۆشی لێکردن.

تـــەسلیم بوونی هـــەباس ئـــاغا

ڕۆژی ١٩٨٨/٩/٣ کەسێک هاتە لای پێشمەرگەکانی سەفین و ووتی نامەیەکم پێیە بۆ سەرکردایەتی نابێت کەس بیخوێنێتەوە لێپرسراوەکەتان نەبێت نامەکەیان برد بۆ کارزان شەقلاوەیی دوای خوێندنەوەی نامەکە ووتی کەی دێن، هەباس ئاغا لە گەڵ هێزەکەی خۆی تەسلیم دەکات.

کارزان شەقلاوەیی، شینەو هەڵوو وشیاری لە گەڵ خۆیدا بردو شۆڕبوونەوەو چوونە سەر ڕێگاکە.

ئەو کەسەی نامەکەی هێنابوو دیسان گەڕایەوە لای کارزان شەقلاوەیی ووتی بێن، کارزان ووتی بابێن.

هەباس ئاغا و حەوت کەسیتر هاتن عەریفێکی موخابری عەرەبیان لە گەڵدا بوو، کارزان شەقلاوەیی و پێشمەرگەکان لە گەڵ هەباس ئاغادا ڕۆیشتن بۆ سەرکردایەتی هەباس ئاغا دوو ملیۆن دیناری سویسری پێبوو لە ناو دوو گوینەدا بوو بە ئەملاو لای ئەسپەکەیدا شۆڕی کردبووەوە، دوو بێتەلی پێبوو بێتەلێک لە گەڵ جاشەکان قسەی دەکرد بێتەلێکیش لە گەڵ قائید فیرقە.

لە شەڕی شەوی پێشوو جەنازەیان لێجێمابوو عەریف موخابرەکە بە قائید فیرقەی دەوت نزیکین لە جەنازەکان دیار بوو بەو بیانووە هاتبوون جەنازەی کوژراوەکان بەرنەوە.

پێشمەرگەکان ویستیان عەریفە عەرەبەکە بکوژن هەباس ئاغا ووتی بیکەن بە خاتری من مەیکوژن ئەوسا وازیان لێهێنا.

پێشمەرگە برسی و تینوو بوون هەباس ئاغا مەنجەڵێک یاپراخی پێبوو لە سەر کۆشی داینابوو هەباس ئاغا لە مەنجەڵە یاپراخەکە بەشیدان.

هەباس ئاغا لەو کاتەی قسەی لە گەڵ قائید فیرقە دەکرد ووتی کونە کۆتر گیرا، مانای گیرا کارزان شەقلاوەیی و هەڤاڵەکانی بەو جۆرە زانییان کونە کۆتر گیراوە هەباس ئاغایان تەسلیم بە کاک کۆسرەت کرد، شەو لە گۆمی کرمە سووران مانەوە بەیانییەکەی چوونە سورێنگ.

سوریێنگ شاخێکی سەخت بوو تیپی سەفینی پێوە بوو دوژمن تۆپبارانی سەختی شاخی سوریێنگی دەستپێکرد لە هەر مەتر چوارگۆشەیەک تۆپێکی لێدەدا.

پێشمەرگەکانی سەفین لە ئەشکەوتێکدا بوون پێشمەرگەیەک لە کونە شاخێکدا ئێشککگر بوو لە بەر سەختی تۆپباران نەیدەتوانی بچێتەوە ئەشکەوتەکە، تۆپ لە سەر ئەشکەوتەکەی دەدا دوای کۆتایی هاتنی تۆپبارانەکە پێشمەرگەکان بەڕاکردن چوونەوە سەنگەرەکان زانییان دوای تۆپبارانی سەخت دوژمن هێرش دەکات.

دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی سەفینیدا لە چیای سورینگ دەیانوویست ئەو بەریان لێبگرن و بێنە پشتیان بەڵام پێشمەرگەکانی سەفین پێیانزانی و لێیاندان نەیانهێشت لە سورینگ نزیک ببنەوە.

شەڕ تەواو بوو پەلاماری دوژمن شکا، پێشمەرگەیەکی تیپی سەفین دیار نەمابوو بۆ بەیانی بە سەر سەنگەرەکاندا گەڕان لە ناو شاخێکدا دۆزییانەوە هەر کراسەکەی دیار بوو شەهید ببوو.

شەهیدەکە تۆپی دەبابە لێیدابوو گڵ و خۆڵی کردبوو بە سەریدا هەر لەوێ شاردیانەوە.

هێزەکەی سەفین لە سوریێنگ دابەزین و چوونە گۆمی کرمە سووران، بۆ ڕۆژی دوایی چوونە شێخ شەرۆو تاتی دۆ.

لە شێخ شەرۆو تاتی دۆوە ئاوی دەریاچەی دووکان و شاری شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیار بوو هەستێکی سەیری بە مرۆڤ دەبەخشی، هەستێک لە نیشتمانێکی جوان و گەلێکی بێ دەوڵەت و ئالا تێکەڵ بە دوا هەناسەی شەهیدێک بە دوا قوڵپی گریانی دایکی شەهید .

بـــەرەو گـــوێزێ

ئێوارە سوریێنگیان چۆڵکردو چوونە خوارەوە بۆ گوێزێ، لە ١٦ تا ١٩٨٨/٩/٢٢ لە گوێزێ بوون، لە ٢٣ی مانگ چوونە توژەڵە.

شـــەهید بوونی ئـــازاد هـــەورامی

یەکێک لە خەسڵەتەکانی شۆڕشی نوێ کە (ی ن ک)ی پێدەناسرێتەوەو جیادەکرێتەوە لە حزبەکانیتر شەهید بوونی سەرکردەو فەرماندەکانیەتی لە ڕیزی پێشەوەی سەنگەری خەبات و بەرگریدا.

ئازاد هەورامی سەرکردەی ژیرو تێکۆشەری (ی ن ک) لە سەرپەرشتیکردنی شەڕەکانی کونە کۆتر و تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمن و بەرگری لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە ڕۆڵی دیاری بینی هەر لەو ڕێگەیەشدا و لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ بە بۆردوومانی فڕۆکە شەهید بوو.

بەو بۆنە خەمناکەوەو لە ڕۆژی ١٩٨٨/٩/١ مەکتەبی سیاسی (ی ن ک) بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەیاننامەی
مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
بە بۆنەی شەهید بوونی هەڤاڵ ئازاد هەورامی

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣١ سەرکردەیەکیتری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، کاک ئازاد هەورامی شەهید بوو، گیانی خۆی کرد بە قوربانی لە خەباتی بێ ووچان و خوێناوی گەلە چەوساوەکەماندا ، وە خۆی گەیاندە کاروانی شەهیدانی نەمرو کەڵە پیاوانی ڕزگاری کوردو کوردستان.

کاکە ئازاد هەورامی لەم ڕۆژە سەخت و دژوارەی شۆڕش و کوردا شەهید بوو، نموونە و بەڵگەیەکی نەبەزی و کۆڵنەدان و درێژە کێشانی بەرجەستە کرد.

شەهیدی نەمر لە بناری قەندیل لە سێبەری لوتکەی گەردن کەشی کونە کۆترردا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی نەبەردەکانی ناوچەی باڵەیان و زنجیرە شاخی (بیە)ی ئەکرد، فەرماندەی پێشمەرگە ئازاکانی تیپی ٥٥ی قەرەداخ و تیپی ١٧ی زمناکۆ و تیپی ٥١ی گەرمیان و تیپی ٧٤ی باڵەک بوو لەو نەبەردە سەختانەدا شەهید بوو کە بۆ بەرگری لەو زنجیرە شاخەو لە ناوچەی سەر شێخان بەرپا بوو بوو لە سێبەری جەنگی نا بەرامبەری ڕژێمی فاشی ڕەگەزپەرستانەی عێراق دژی کوردو کوردستان.

پاش وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێران و بوژانەوەی مەترسییە دێرینەکانی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە سەر جوڵانەوەی گەلەکەمان، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ڕاوێژ لە گەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانیدا بڕیاری درێژە پێدانی شۆڕش، درێژە پێدانی خەباتی سیاسی، عەسکەری، اعلامی، جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمانی دووپـات کـردەوە، بۆ ئـەو مەبەستەش هەڤاڵانی سەرکردایەتی خۆی تەرخانکرد بۆ گەرمکردنی خەبات و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەو بڕیارە و بە سەر ناوچە جیاجیاکاندا دابەشیکردن تا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی بەرگری و نەبەردەکانی بکەن.

کاک ئازاد هەورامی نەمر یەکێک بوو لەو هەڤاڵە سەرکردایەتیانەی ئەرکی سەرپەرشتی کردنی هێزەکان و چالاکییەکانی شۆڕشی لە دۆڵی باڵەیان و زنجیرە

شاخی (بیە)ی کەوتە ئەستۆ.

ئەگەرچی حوکمی خوێنڕێژی بەغدا بە وەستاندنی جەنگی عێراق- ئێران دەست بە تاڵبوو وە هەموو هێزەکانی خۆی بۆ لە ناو بردنی شۆڕش و کوردو کوردستان خڕ کـردەوە، هەرچی هێزو ڕق و کینەی شۆڤێنیستی ڕژێمی ڕەگـەز پەرستی عێراق هەیە، ئاڕاستەی کوردستان و گەلەکەمانیکرد، دەیـان فرقەی سەربازی، دەیان کەتیبەی تۆپ و کاتیۆشا، سەدان تانک و زرێپۆش و دەیان فڕۆکەی جەنگی بۆردومان و دەیان تەن چەکی کیمیاوی بۆ ناوچەکانی خواکورک و بادینان و دەشتی هەولێرو ناوچەی شەقلاوەو هیران و نازەنین و دۆڵی سماقوڵی و دۆڵی باڵیسان و ناوچەی ڕەواندز « دۆڵی مەلەکان و ئاکۆیان و گـەرەوان»، و بناری قەندیل و باڵەیان بەڕێکرد، لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک و کەرکوک ڕەشبگیر دەستیپێکردو تیرۆر چاوی لە هەموو کوردێ زەق کردەوە، لە گوندەکان و شاخەکانیشدا بۆردومان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پەرەیسەند، ئینجا بۆ گەمارۆدان و لەناو بردنی هێزەکانی شۆڕشی کورد هێرشی دڕندانەی عەسکەری لە سەرانسەری ئەو ناوچانەدا دەستیپێکرد، جەنگی نابەرانبەر ئاگریسەند، هەزاران پێشمەرگەی گیان لە سەر دەست بە چەکی سادەو توانای کەم لە تەک شاخەکاندا بوون بە کێو بە سەر سەری سەدان هەزار سەربازو باڵاترین و گەورەترین ژمارەی چەکی نوێ چەشنی هەمە جۆری دوژمنی فاشستەوە.

ئـا لـەو هـەلـومـەرجـە سـەخـت و دژوارەدا هـاوڕێ ئـازادی نـەمـر ئـەرکی سەرپەرشتیکردنی بەرگری ئەو ناوچانەی کەوتە ئەستۆ، شێرانە لە دامێنی کونە کۆتر و لە باوەشی سەر شێخاندا بارەگای فەرماندەیی خۆی لە تەک پێشمەرگەو لە پەنا جەبهەکانیدا دامەزراند و گورج و گۆڵ و بە وردی گەنج و بەزانی شۆڕشگێڕەوە ئەرکەکانی ئەنجام ئەداو بە پێشمەرگەکانی ئەووت:

ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێ
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگر بێ
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین
ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین

تا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٣٠ دا سەعات ٦,٥ ی ئێوار فڕۆکەی دوژمن بۆردومانی بارەگاکەی کرد کە چەندین ئەندامی سەرکردایەتی لە گەڵدا بوو، وە لەوێ و لە نزیک پێشمەرگەکانی جەبهەکەوە پاش بریندار بوون و شەهید بوونی چەندین ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان بە خەستی بریندار بوو، بە پەلە گوێزرایەوە بۆ پشتی جەبهە، بۆ نەخۆشخانەو لە ڕێگە عەسری ٨/٣١ گیانی پاکی بە مقاومتی خالد، بە شۆڕش و کوردو کوردستان و بە زەحمەتکێشانی سپارد، لە ئاخرین ساتی ژیان و خەباتدا تەنها وەسیەتی بە دەم سروودی « ڕێی خەباتمان»ەوە ئەوە بوو « کە دریژە بە شۆڕش بدرێ و نائومێدی گۆڕ بکرێ«.

جارێکیتر شەهید ئازاد ئەو ڕاستیە گەشەی خستەوە بەرچاو کە سەرکردە و فەرماندەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرمەشقی خەبات و گیانبازین و لە ڕیزی پێشەوە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا سەنگەر لێئەدەن و گیان ئەبەخشن.

شەهیدی نەمر تێکۆشەرێکی لاو بوو بەڵام دەمێ ساڵ بوو لە کۆڕی تێکۆشان و پێشمەرگایەتیدا قاڵ ببوو، ساڵەکانی حەفتاکان تێکۆشەرێکی پێشکەوتووی قوتابیانی کوردستان بوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە هاتە ڕیزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، تێکۆشەرو پێشمەرگەیەکی ژیرو دلێری شۆڕشی ئەیلول بوو، سالانی خەباتی نهێنی و زیندان و بوون و پێشمەرگایەتی وەکو سەرکردەیەکی لێهاتوو خستبوویە مەیدانی خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی کوردستانەوە، ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بۆ ئازادی و ڕزگاری ژیا و شەهید بوو، تێکۆشەرو سەرکردەیەکی بلیمەت و هەست ناسک و هونەرمەند بوو زۆربەی ئاوازی سروودە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە دەنگ و بەهرەی کاکە ئازادی نەمر کەوتنە بەر گوێی خەڵکی کوردستان.

شەهید ئازاد بە هەق تێکۆشەرو هونەرمەندو ژیرو قارەمان بوو، خەسارەتێکی گەورە بوو لە گەلەکەمان و لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستان و لە زەحمەتکێشانی کوردستان کەوت، بەڵام بەڵگەی نەکوژاوەی بڵێسەی شۆڕش و درێژە پێدانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانە، نەسرەوتنە تا مردن لە پێناوی ئازادی و ڕزگاری گەلی کورددا، بۆیە لەو کاتەدا کە بە سەد داخ و مەخابن سەرەخۆشی لە گەلی کوردو بنەماڵەو هەڤاڵانی شەهید ئازادی نەمر ئەکەین دڵنیاتر ئەڵێین جوڵانەوەی گەلەکەمان، بەرگری لە کوردو کوردستان، خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی کورد نەک بەو هێزە زەبەندەی دوژمن کپ ناکرێ بەڵکە تا هەل و مەرج سەختتر بێ گیانی بەرگری قایم ترو بەزاتتر ئەبێ و ئێمەش لە سەر تەواو کردنی ئەرکەکانی ئەو هەڤاڵە شەهیدانە سوورتر و بەگوڕتر ئەبین.

نەمری بۆ شەهید ئازادی ژیرو قارەمان
نەمری بۆ هەموو شەهیدانی گەلەکەمان
بژی بەرگری و شۆڕش
بمرێ دوژمنی فاشیست

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩٨٨/٩/١

ئـــــەنفالی هـــــەشت
بـــــادینان
هەشت

ئـــــەنفالی (8) و کـــــۆتایی (بـــادینان)
8/25تا 1988/9/6

پرۆسەی قڕکردنی ئەنفال ناوچەیەکی گەورەو فراوان لە ڕووی دانیشتوان و خاک و زەوی کردە ئامانج، لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا سەدان دێی کوردستان کاولکران و یەکسانی خاککران، سەدان هەزار کەس لە هاووڵاتی سڤیل و بێدیفاع ڕاپێچی نوگرەسەلمان و چاڵەکانی مەرگ کران.

ڕژێمی داگیرکەری بەعس لە ئەنفالی (١-٧) بەشێکی گەورەی لە خاکی کوردستان سووتماک کردوو کردیە ناوچەی قەدەغەکراو، بە شێوەیەک هەر جموجۆڵێک لەو ناوچانەدا بەدیبکردایە دەبووە ئامانجی گەلە جاش و سوپای دڕندەی بەعس، لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناودا بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بووە چۆڵەوانی و ناوچەی قەدەغە کراو.

ڕژێمی بەعس پێیوابوو پرۆسەکانی ئەنفال ئامانجی خۆیان پێکاوە، تەنها ناوچەیەک کە تا ئەوسا بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتبوو دەڤەری بادینان بوو، هەر بۆیە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالی دۆڵی جافەتی و گەرمیان و قەراخ و گۆپتەپەو کۆیە و خۆشناوەتی و بناری قەندیل، ڕوویکردە دەڤەری بادینان و لە ژێر سەردێڕی ئەنفالی هەشت، کە بە ئەنفالی کۆتایی ناو دەبرێت، پرۆسەیەکی سەربازی قڕکردنی دەستپێکرد.

لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ زۆربەی دێیەکانی دەڤەری بادینان سوتێنرابوون، بەشێکی کەم لە دێیەکان مابوونەوە کە دااڵدەو شوێن مانەوەی پێشمەرگە بوون.

بە ماوەیەکی کەم پێش دەستپێکردنی ئەنفالی کۆتایی لە سنووری پارێزگای دهۆک جموجۆڵی سەربازی دەستیپێکردبوو، ڕۆژانە بە فڕۆکەو بۆمبی هێشوویی دێیەکانی دەڤەری بادینان بۆمباران دەکران.

لە ١٩٨٨/٨/٢٤ سپێنداڕە کەوتە بەر هێرشی بۆمبی هێشوویی و دوو مێر منداڵی سپێنداڕە کە سەرقاڵی شوانی و بەخێوکردنی مەڕومااڵت بوون، شەهید کران.

سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ ١٩٨٨/٨/٢٤ بارەگایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دێی (زێوەشکانی) نزیک سنوورەکانی تورکیا کەوتە بەر هێرشی

چەکی کیمیایی و (١٠) پێشمەرگە شەهید بوون.

سپێدەی ڕۆژی دوایی ١٩٨٨/٨/٢٥ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر فڕۆکە مەرگچێنەکانی بەعس، بە ڕۆکێت و بۆمبی هێشووبی و کیمیایی بۆردومانی ناوچەکەیکرد، لە ئەنجامی ئەو بۆمبارانەدا زیاتر لە ٤٠ کەس شەهید بوون، کە بەشێکیان خەڵکی بێ چەک و سڤیل بوون، سەدانیش بریندار بوون.

لە ناحیەی زاویتە دێیەکانی (برجێنێ و تویکا و گەلناسکێ) لە گەڵ شەبەقی بەیاندا کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری چەکی کیمیایی (تەکرو پیندارۆک و وەرمێلێ) بە گازی کیمیایی خنکێنران و نوزەیان لێبڕا.

سەرەڕای بۆمبارانی خەڵکی ناوچەکە، ڕژێمی دڕندەی عێراق ڕێگە سەرەکیەکانی بەرەو تورکیا لە دێیەکانی (ڕویسێ و نردۆریدای) گرت و کۆنترۆڵکرد، بەشێک لە دێنشینەکان بەرەو تورکیا دەرباز بوون و گیانی خۆیان ڕزگار کرد بەڵام بەشێکی زۆریش لە خەڵکی دەڤەرەکە دەستگیرکران.

لە درێژەی هێرشەکانیدا سوپای دڕندەی عێراق پەلاماری چیای گارەی داو زیاتر لە ٣٠ دێی ناوچەی گارە کەوتنە بەر شاڵاوی چەکی کیمیایی.

لە دەوروبەری چیای گارەش دێیەکانی (باوەرکا، کەڤری و مێرگە نوێ- سارکێ و گوێزێ) کیمیاباران کران.

ئەنفالی بادینان کە ئەنفالی کۆتایی بوو، وەک تێکڕای ناوچەکانیتر ڕووبەڕووی تاڵانی و وێرانی بووەوە.

ڕژێمی عێراق بەیانی کۆتایی پرۆسەکانی ئەنفالی ڕاگەیاند کە بە بەیانی بەیانەکان ناوی برد، بەیانی کۆتایی، خاتیمەی ئەنفال.

بەمجۆرە کۆتایی بە پرۆسەکانی ئەنفال هات کە خۆی لە (٨) قۆناغدا دەبینیەوە، لە پرۆسەی ئەنفالدا زەرەرو زیانێکی زۆر بەر خەڵکی کوردستان کەوت، زامێکی هێندە قوڵی کردە جەستەی خەڵکی کوردستان کە ساریژ بوونی ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە بوترێت ئەنفال و کیمیایی تەنها شکستێکی کاتی بوون بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کۆڵنەدەری کوردستان، بەڵکو سەرەتای خۆڕێکخستنەوەو

جۆشدانەوەی خەبات بوو بۆ ڕاپەڕین و ڕاماڵینی یەکجارەکی سوپای داگیرکەر لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان.

هەر لە سەرەتاوە (ی ن ک) ئەو ڕاستییەی لا ڕوونبوو، کە لەشکرکێشیەکانی بەعس لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و سەرەتای ڕاماڵینی یەکجارەکی داگیرکەر لە کوردستاندا.

شـــەڕی سادر- چـــــەکوچ
1989/9/18
چل و یەك ڕۆژ بەرگری و نەبەزین
نۆ

شـــەڕی سادر- چـــــەکوچ
1989/9/18

چل و یەک شەو شەڕو پەلاماری بەردەوام بۆ سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

شاخی سادر دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی دەشتی پشدەر، بە سەر دەشتی پشدەرو (مارەدوێ) دا دەڕوانێ.

لەودیو سادر دۆڵێکی تەسک، چەند کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی کەمە پێیدەڵێن دۆڵە کۆگە، دوای پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنوور، (ی ن ک) مەبەستی بوو پارێزگاری لە دۆڵە کۆگە بکات، چوونکە یەکێک لەو شوێنە گرنگانە بوو لە خاکی کوردستانی (عێراق)دا بە دەست هێزی پێشمەرگەوە مابوو (ی ن ک) نەیدەویست هەموو هێزەکانی بباتە ناو خاکی ئێرانەوە، بۆیە پارێزگاریکردن لە دۆڵە کۆگە پێویست بوو.

دۆڵە (کۆگە) لە خوار دەراوی (گوێزێ)یە، شوێنێکی سەخت و تەنگەبەرو بچووکە، لە مانگی (١١)ەوە هیچ پێداویستیەکی پێناگات چوونکە بەفرو شەختە بەفرو زریان ڕێگاکان دەگرێت و تەم دایدەپۆشێ.

هێزی پێشمەرگە کە لە دوای ئەنفال لە دۆڵە کۆگە گیرسانەوە دەبوایە لە مانگی (١١) بە دواوە خواردن و پێداویستی زیاتر لە (٥) مانگ دابینبکەن تا دەگەنە وەرزی بەهار، هەتا بەفری سەختی ساڵ دەتوێتەوە ڕێگاکان دەبنە ڕەشایی و ڕێگەی هامووشۆ دەکرێتەوە.

دۆڵە کۆگە و دەراوی گوێزێ هێندە سەخت بوون لە نێو تەموو مژی ئەو کوێستانەدا کەس سەری سەلامەتی نەدەبردەوە، قادر شەقڵاوەیی پێشمەرگەی دلێری (ی ن ک) لە هەڵدێری دۆڵە کۆگە هەڵدێراو لە نێو ڕنووی باڵا گەزی بەفری باریوی زستاندا گیانی تەزی، ڕووحی سپاردوو شەهید بوو.

شاخی سادر دەکەوێتە ڕۆژئاوای دۆڵە کۆگە، ئەگەر سادر دەستیبە سەردا بگیرایە دۆڵە کۆگەش لە ڕووی سەربازییەوە شکستی دەهێناو گەمارۆ دەدراو دەکەوتە ناو لەپی دوژمنەوە، هەر بۆیە پارێزگاریکردن لە سادر ئەرکی پێشمەرگەکانی (ی ن ک) بوو، شەوێکی ساردی ١٩٨٩/٩/١٨ هێزەکانی دوژمن پەلاماری شاخی (سادر)یاندا.

شاخی سادر تەنها حەوت پێشمەرگەی لێبوو، چاوەڕێ نەدەکرا دوژمن پەلاماری بدات، دوژمن زانیبووی شاخی سادر پێشمەرگەی کەم لێیە بە هەلیزانی پەلاماری سادر بدات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

شەوێکی ساردوو تەڕوو تووش، هێزەکانی عێراق پەلاماری چیای سادریاندا، حەوت پێشمەرگە لە چیای سادر بەرگری کەم وێنەیانکرد، لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕدا تیپی (١٢)ی سۆران بە هانای حەوت پێشمەرگەی تیپی (٨٣)ی (هەورێ)وە چوون.

لقی چواری پارتی بە سەرپەرشتی حەمیدە فەندی، حزبی شیوعی بە سەرپەرشتی حەمە ڕەشید قەرەداخی لە زنجیرەی سادر- چەکوچ بوون فەرماندەکانی (ی ن ک) کۆبوونەوەیەکیان لە گەڵدا کردن تا بە یەکەوە پارێزگاری لە چیای سادر- چەکوچ بکەن.

کۆبوونەوە لە نێوان، یەکێتی، حزبی شیوعی، پارتی سازدرا، حەمە ڕەشید قەرەداخی لە حزبی شیوعی، شێخ تاهیر کارگێڕی لقی چواری پارتی ئامادە بوون.

لقی چوار هەندێک بیانوویان هەبوو وتیان ئێمە ئازوقەمان نییە حەمە ڕەشید قەراخی ووتی ئێمە ئازوقەتان بۆ دابین دەکەین، لقی چوار وتیان باشە، دواتر وتیان تەقەمەنیشمان نییە یەکێتی وتیان ئێمە تەقەمەنیتان بۆ دابیندەکەین ئیتر بیانوو نەما، هەر ئەو ئێوارەیە حزبی شیوعی ئازوقەیان بۆ هێنان یەکێتیش تەقەمەنی[١٢].

هێزەکانی پارتی لوتکەی (کەشک) یان پێسپێردرا، لوتکەیەکی سەختە لە تەنیشت چەکوچ، شەوی یەکەم هێزەکەی پارتی چوونە ئەوێ بەیانییەکەی لە (کەشک) بووە تەقە، هێزەکەی یەکێتی و حزبی شیوعی وایانزانی شەڕە، دواتر دەرکەوت شەڕ نەبووە، هەرچی تەقەمەنی یەکێتی دایبوونێ هەموویان تەقاندوو بە (گوێزێ)دا پاشەکشەیانکردو وتیان ئێمە فەرمانمان پێکراوە ناتوانین شەڕ بکەین.

١٢ لە ڕاستیدا یەکێتی، پارتی، لە لایەن ئێرانەوە هاوکاری دەکران، بەڵام حزبی شیوعی هاوکاری نەدەکران و بەرگەشیان بۆ نەدەکرا تا بچنە ناو ئێران دەبووایە بە بەرگەی یەکێتی و پارتی بچنە ئێرانەوە و ئازوقە بکڕن یان یەکێتی هاوکاریان بکات لە پێدانی خواردن، بەو حاڵەشەوە ئەوان ئازوقەیان دایە پارتی تا بەشداری شەڕەکە بکەن.

ئەو شەوە هیچ پەلامارێکی دوژمن لە سەر لوتکەی (کەشک) نەبوو کە هێزەکەی پارتی لێجێگیر کرابوو تەنها تیپی ١٩ی کۆڕەک و حزبی شیوعی هێرشیان لە سەر بوو.

سەرەتای دروستبوونی شەڕی سادر تیپەکانی ٨٣ی هەورێ، ١٢ی سۆران، ١٩ی کۆڕەک لە گەڵ مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لەوێ بوون، دوای دریژەکێشانی شەڕەکە تیپەکانی ٥٣ی شێروانە، ٥١ی گەرمیان هاتنە سادر بۆ بەشداری شەڕەکە، وەرزەکە بەرەو ساردتر دەڕۆیشت، زستانی سادر، چەکوچ، کەشک، زنجیرەکانی قەندیل سەخت و ساردو دەست و پەنجە و سەرو گوێلاک و قول و قاچ تەزێنە، سەرمایەکە بە ئەستەم مرۆڤ دەتوانێ بەرگەی بگرێت.

لەگەڵ هاتنی مانگی (٩) خێڵ و دەوار نشینەکانی قەندیل دادەگەڕێنە گەرمیان و بەرگە ناگرن سەرمای قەندیل بارگەو بنەیان پێدەپێچێتەوە خێڵ بەرەو خوار دەبنەوە، هەتا قازو قورینگ لە ئاسماندا دەبیندرێن سەر بەرەو خوار دەبنەوەو کوێستانی ساردو تەزیو جێدەهێڵن .

هەر وەکو ماملێ دەڵێ (دەنگی قورینگان دێ لە هەوای دەڵێن کوێستان نشین دێنەوە) واتە ئێل و ئێلان، دەوارنشین، کۆچەری، دەپێچنەوەو کوێستانان جێدێڵن.

هەر سەبارەت بە ساردو سەرمای قەندیل شاعیری شەهید مەلا عەلی دەڵێ (قەندیل کوێستانی دڵگیری وواڵات، هەر هەتاکو ئاب دادەتان دەدات) واتە تا مانگی (٨) مرۆڤ دەتوانێت لە قەندیل بژی لێرە بە دواوە سەرماو بەفرو بەستەڵەک و زریان دەرفەت بە مرۆڤ نادەن بۆ ژیان.

شەوانی سادر ساردیکردبوو، پێشمەرگە هەر چەند شەوێک دەیتوانی لە سەر شاخ بمێنێتەوە دەبووایە هێزیتر بێتە جێگەیان چوونکە سەرماو بەفر دەرفەتی مانەویان لە دەست پێشمەرگە دەسەندەوە.

کاک کۆسرەت، ملازم عومەر، نازم عومەر، حەسەن کوێستانی، حامیدی حاجی غالی، عەبدولڕەزاق هاتبوونە قەندیل سەرپەرشتی شەڕەکەیاندەکرد.

شـەڕی سـادر (٤١) شـەوی خایاند، هەموو شەوێک هێرشێک دوو هێرش

دەکرایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، بەڵام لە تێکڕای ئەو هێرش و پەلامارانەدا دوژمن نەیتوانی یەک هەنگاو بێتە پێشەوە، چوونکە هێزەکانی (ی ن ک) شەڕی یەکلاکەرەوەیانکرد.

لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە گرنگی زۆر بە شەڕەکە درا ئیزگەکە بەردەوام سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەو تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمنی دەخوێندەوە، هێرۆ خان لە گەڵ کامێراکەی هاتە شەڕگەکە و وێنەی شەڕەکانی تۆمارکرد، چەند ڕۆژنامەنووسێکی فەڕەنسی هاتنە شەڕگەکە و ڕاپۆرتیان لە سەر شەڕی سادر بۆ ڕۆژنامەکانیان ئامادەکرد.

پـــــەردەی گـــــوێ

شەوێک هەزیز هەبۆو محەمەد حەسەن لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەک پێکەوە لە ناو سەنگەرەکانی چیای سادر بوون، محەمەد حەسەن بە هەزیزی وت ئەگەر هێرشکرا من ئاربیجی دەتەقێنم چوونکە هەرگیز ئاربیجیم نەوەشاندووە کاتژمێر (٨)ی شەو تەقە دەستیپێکرد، بیکەیسیەک ڕووی لە سەنگەری پێشمەرگەکان بوو محەمەد حەسەن گوللەی (ئار بی جی) یەکی بەرەو (بی کەی سی) یەکە تەقاند، پەردەی گوێی ئازاری پێگەیشت تا دوو ڕۆژ گوێی لەهیچ نەبوو تا ئێستا کاریگەری لەسەر گوێی ماوە.

عـــــەبدوڵڵا بـــــۆر

هاوشانی هێزەکانتر عەبدوڵڵا بۆر و هێزێک بەشداری کاریگەریان لە شەری چل ڕۆژەی چەکوش و ساردا کرد عەبدوڵڵا بۆر سەرپەرشتی هێزەکەی خۆی دەکرد ڕێبین سۆفی لەگەڵدابوو جار هەبوو شەڕگەکەیان بە عەبدوڵڵا بۆر دەسپارد

جیهاز

جیهازەکەی عەبدوڵڵا بۆر پاتری نەمابوو داوایانکرد پاتریان بۆ بێنن ، شالاو بە ناو تۆپباراندا پاتری بۆ هێنان.

کەباب

عەبدوڵڵا بۆرو هێزەکەی بۆ پشوویەک لەسەر شاخ چوونە خوارەوە گوشتێکی جوانیان هێنا بوو ئاگرێکی خۆشیان بۆ کردەوە، تۆپ بارانێکی گەرم بوو کەباب و گۆشت لەسەر ئاگر بوو زۆرجار تۆپەکان نزیکدەکەوتن ئەوەی ڕایدەکرد بەشەکەی دەفەوتا، هەبوو لەگەڵ ڕاکردندا شیشە کەباب و گۆشتەکەی دەبردە بن بەردێک و دەیخوارد هەبوو بەجێیدەهێشت بەشەکەی پێشمەرگەیەکیتر دەیخوارد.

پارتی چۆڵیکرد

هێزێکی پاتری لە کەشک بوون ووتیان فیشەکمان پێنییە چۆڵیدەکەین ،فیشەکیان پێدان بەڵام هەر چۆڵیان کرد عەبدوڵڵا بۆر ووتی بۆ کوێ دەچن ووتیان دەڕۆین ، عەبدوڵڵا بۆر بە قەناس دایگرتن ووتی نەڕۆنەوە شوێنی خۆتان هەموتان دەکوژم- دواتر هەر چۆڵیانکرد

وەســـــتانی شـــــەڕ

دوای ٤١ شەو شەڕو پێکادان شەڕ ڕاوەستا بەڵام سەنگەرەکانی پێشمەرگە هەر لە شوێنی خۆیان بوون، تیپەکانی گەرمیان گەڕانەوە تیپەکانی ١٢ی سۆران ١٩ی کۆڕەک، ٨٣ی هەورێ، ٧٩ی سادر، لە سەر شاخ مانەوە.

دوا پـــــەلاماری دوژمـــــن

شەڕ وەستا بوو بەڵام لە ئەگەری پەلاماری دوژمن پێشمەرگە لە سەنگەرەکاندا بوون بۆ وەڵامدانەوەی هەر پەلامارێک.

دوا پەلاماری دوژمن شەوی ١٩٨٩/١٢/٥ بوو بەفرێکی ئەستوور باریبوو (٩) پێشمەرگە لە سەر شاخ بوون هەر سێ پێشمەرگە لە تیپەکانی کارۆخ، سۆران، کۆڕەک بوون.

مەلا هیوا کادیری کۆمەڵە بوو، هەستی ڕاگرتبوو هەستیکرد جمووجۆڵ هەیە، شەوێکی ساماڵ بوو لە سەر بەفر هەموو جووڵەیەک دەبیندرا بریسکەی ئاگر

دەهات، کاکە شێخ فەرماندەی کەرت بوو مەلا هیوا پێیوت جمووجۆڵ هەیە کاکە شێخ ووتی هیچ نییە کاروانچییە، مەلا هیوا ووتی کاروانچی بە ناو ڕەبییەی دوژمندا تێپەڕێت ناتوانێ هەناسە بدات نەک بریسکەی ئاگر بێت، کاکە شێخ ووتی ڕەنگە کەمینی عەسکەری بێت مەترسە چ نییە، بنکەی پێشمەرگەکان لە خوار سادر بوو کۆڵێتێکی بچووک بوو بە نایلۆن دایانپۆشیبوو زۆپای داریان تیا دانابوو، لە ناو کیسە خەو دەنووستن.

بەیانی گرمەیەک هات دوور بوو، گرمەی دووەم نزیکتر بوو، گرمەی سێهەم لە بن دیواری کۆلێتی پێشمەرگەکانیدا.

گرمەی یەکەم دوژمن گوللە ئاربیجیەکی بە سادرەوە نابوو تا بزانن هێزی لێیە.

گرمەی دووەم گوللە ئاربیجیەکیان گرتبووە چەکوچ

گرمەی سێهەم گوللە ئاربیجیەکیان لە بنکەی پێشمەرگەکاندا.

کاکە شێخ وتی هەستە کاک مەلا هیوا قەوما، مەلا هیوا قسەکەی شەوی لە دڵدا بوو ویستی تۆڵەی خۆی بکاتەوە بە کاکە شێخی وت هیچ نییە مەترسێ.

لە ناو کیسە خەوەکاندا هاتنە دەرەوەو سەنگەریانگرت، پێشمەرگەکان لە هەوایەکی گەرمەوە لە ناو کیسە خەوو لە پەنا زۆپای داردا هاتبوونە دەرەوە بۆ ناو گەزێک بەفر لە سەرمادا هەڵدەلەرزین.

هێزەکانی دوژمن بەرەو لوتکەی سادر هێرشیان دەستپێکرد بەڵام پێشمەرگە لێیاندان و وەستاندیانن، ئەگەر سادر بگیرایە ئەمانیش لە خوارەوە گەمارۆ دەدران دەبووایە هەموویان شەهید بن.

کاکە شێخ بە مەلا هیوای وت دوو پێشمەرگە بچنە سەری سادر ئێمە سەرکەوتوو دەبین، هێزەکانی دوژمن لە بن لوتکەی سادردا بوون مەلا هیوا، سدیق سلێمان، حەمە خان، بە گەروی دۆڵە کۆگەدا بەرەو لوتکەی سادر بەڕێکەوتن، بە (کاکە شێخ) یان ووت تا دەگەینە سەری سادر نەگیرابێ ناهێڵین بگیرێت ئەگەر گیرا بێت ئەوا گیراوە.

سێ پێشمەرگەی گورجوگۆڵ، مەلا هیوا، سدیق سلێمان، حەمە خان، بە گەروی دۆڵە کۆگەدا بەرەو لوتکەی سادر ڕۆیشتن تا لە پشتەوە بچنە سادرو ڕێگە لە پێشڕەوی دوژمن بگرن.

حەمە خان بەرەو لوتکەی سادر ڕۆیشت تا بزانێت هێزی دوژمن هاتووەتە ناوی، مەلا هیواو سدیق سلێمان لە خوار لوتکەی سادر چاوەڕێ بوون حەمە خان بانگیکردن سەرکەون لوتکەکە نەگیراوە دوای کاتژمێرێک حەمەدەمین خەزایی، خاڵ حەمید، ئامانج ڕۆستایی سەرکەوتنە لایان، هێزەکانی دوژمن لوتکەیەکیان لە خوار سادر گرتبوو.

ئێوارەکەی حزبی شیوعی هاتن، هێرشکرایە سەر لوتکە گیراوەکە و تەرمی چەند جاشێک بە جێما.

لە شەڕی (سادر چەکوچ)دا هێزەکانی (ی ن ک) ڕۆڵی دیاریان بینی لە تێکشکاندنی پەلامارەکانی دوژمندا پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی بە فەرماندەیی حەمە ڕەشید قەرەداغی بە ژمارەیەکی کەم بەڵام بە پێشمەرگەی پۆڵاین و وردە بەرزەوە ڕۆڵی جوامێرانەیان بینی لە شەڕی ٤١ ڕۆژەی (سادر چەکوچ)دا.

ئەو کەس و سەرچاوانەی بۆ ئەم بەرگە سودم لێوەرگرتوون

ئەنفالی یەک

١- عوسمان سێدەری
٢- زاهیر سێدەری
٣- عوسمان شارستێنی
٤- وەستا سابیر
٥- عەلی بچکۆل
٦- شێخ محەمەد لۆتەری
٧- ڕەهبەر سەید برایم
٨- عوزێر فەقیانی
٩-
١٠- سەعدەدین
١١- سەردار شەڕکانی
١٢- مەلا هێوا
١٣- سدیق ڕازانی
١٤- بەرزان ئاغا
١٥- جەنگیز قادراغا
١٦- بێستون سابوراوایی
١٧- نوری قادر باریکە
١٨- ڕێبین شەمامکی
١٩- سالّح گەورەدێیی
٢٠- پارتیزانیک لەناو گروکلپەدا – حەمە ڕەشید توکنی
٢١- سالار عەبدوڵڵا
٢٢- وەستا غەفور

٢٣- جەلال مەسۆیی
٢٤- ڕێبین حاجی سەعید
٢٥- بەکر کەڵکە سماقی
٢٦- عەلی بۆسکێنی
٢٧- کاکە شێخ
٢٨- ئەحمەد هەرتەلی
٢٩- حەمە چەوری
٣٠- ئەنوەر دۆڵانی
٣١- بەهادین عەبدوڵڵا
٣٢- حەمە قاشتی
٣٣- عەلی حەمە سالّح
٣٤- ڕێبازی نوێ
٣٥- ئەرشیفەکەم

ئەنفالی دوو

١- جەمال حاجی مامەندی
٢- عەدالەت سێوسێنانی
٣- شکور قەرەبلّاخی
٤- شێخ کەریم
٥- بەختیار مەلا عیزەت
٦- سەرکەوت لالە سەرحەد
٧- حەمە قاشتی
٨- سەلام کوێخا عەزیز
٩- ڕزگار مستەفا
١٠- ڕێبازی نوێ

ئەنفالی سێ

١- حمە ڕەشید توکنی
٢- مەلا سەعید
٣- حەمە چەوری
٤- جەلال مەسۆیی
٥- شێخ کەریم
٦- جوامێر
٧- حەمە قاشتی
٨- سالار عەبدوڵڵا
٩- ڕزگار مستەفا
١٠- سوهاد خانەقینی
١١- مام سالّح گۆڕیئەسپی
١٢- وەستا غەفور
١٣- حەمە تەپەدێیی
١٤- برایمە سوور
١٥- عەلی حەمە سالّح
١٦- ڕێبازی نوێ

ئەنفالی چوار

١- وەستا غەفور
٢- عەدالەت سێوسێنانی
٣- حەمە ڕەشید توکنی
٤- مەلا شاخی
٥- هەڵۆ پێنجوێنی
٦- جەمال ئەبو شوارب
٧- سالار عەبدوڵڵا

٨- ئەنوەر دولّانی
٩- ڕێبازی نوێ

ئەنفالی پێنج، شەش، حەوت

١- عەبدوڵڵا بۆر
٢- عوزێر فەقیانی
٣- ڕەحمان کەزیان
٤- سەردار شەڕکانی
٥- سەعدەدین
٦- حەسەن ئەحمەد گەرەوانی
٧- جەمال هەروتی
٨- ڕێبین محەمەد سۆفی
٩- مامۆستا ستار
١٠- عارف سوسێیی
١١- حەمە هەژار
١٢- مامۆستا سەیفەدین
١٣- ئەحمەد هەرتەلی
١٤- هاوڕی کاوە
١٥- مامۆستا سەیفەدین
١٦- کاک عەبدە
١٧- حەمە وەرتی
١٨- هاوڕێ قازی
١٩- خالید کرژەیی
٢٠- دکتۆر کەمال شاکر
٢١- سالّح هەولێری
٢٢- مەلا هیوا

٢٣- محەمەد حەسەن
٢٤- مستەفا سەرگەڵویی
٢٥- دکتۆر برایم
٢٦- وەستا فاروق
٢٧- عوسمان سێدەری
٢٨- خاڵە سەراوی
٢٩- ڕزگار هاودیانی
٣٠- ڕبێبین سەعید
٣١- ئەحمەدی هەمین
٣٢- ئەبو خالید
٣٣- جەلال سۆرکانی
٣٤- مستەفا عەولا
٣٥- بورهان مەسەکانی
٣٦- ڕێبین شەمامکی
٣٧- عوسمان سێدەری

وێنەکان